# ڕامان

یەکەم ژمارەی لە ١٩٩٦/٦/١١ لە پیرمام دەرچووە

مەنگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی بیست و دوو/ خەرمانانی ٢٧١٧/ تەمموزی ٢٠١٧

٢٤٢

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (چەتۆ حەسەن)
ئا: ئازاد عەبدولواحید
- دەروازەکانی دەق لە چیرۆکی (من و شادی)دا
پ. ی. د. نەجیم ئەڵوەنی
- شێرکۆ بێکەس و ڕێگەی بۆ بەجیهانی کردنی شوناسی ئەدەبی کوردی
یوونس ڕەزایی
- ئەحمەدی خانی و نەتەوەسازی لە (مێر)ەوە بۆ منداڵ
سەلام ناوخۆش
- بەیانی شیعریی شاعیرانی پێشڕەو
دلشاد عەبدوڵڵا
- ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ڕۆشنبیری مەهاباد و مزگەوت و مەدرەسەی بداغ سوڵتان
محەمەد ئەحمەدیان

ڕامان
٢٤٢
مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم / ساڵی بیست و یەک / تەمموزی ٢٠١٧

- خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی
- مۆتیف و پۆرتریت
قەرەنی جەمیل
- بەرگ
باسم ڕەسام

ناوونیشان / هەولێر ـ میدیا سەنتەر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 2228506 - 07504494662
(دەرەوە) / 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی / دهۆک
نرخ / ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان

● **دەق**


- جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕ، عاشقە ترسنۆکەکانی ئێمەن/ تەرزە جاف/ 3
- ڕۆژێک پێش ڤالانتاین جێم بێڵە/ چنوور نامیق/ 4
- ئەبەدییەتی گوڵ/ هاوار تەیب/ 5
- تێهنا ڕەشەیا چاڤێن تە/ لەوەند دالینی/ 6
- فولکەی ڤانیتاس/ لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی/ 7
- ماڵەکەمان/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل/ 10
- سەماوەر/ فەرامەرز ئاغابەیگی/ 13
- زیندە خەو/ ک.د. ئازاد/ 17
- ژ ڕۆژەڤێن ئاردۆدا/ میران ژانبار/ 19
- وشت، وشت...!/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 21
- داوەڵەکانی شەڕ/ لە فارسییەوە: محەمەد عەلی موکری/ 24


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند و تێکست نووس (چەتۆ حەسەن)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 40


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- دەروازەکانی دەق لە چیرۆکی (من و شادی)دا/ پ.ی.د. نەجم ئەڵوەنی/ 61


● **دەق و ڕەخنە**


- دەقی: (سازی ناساز)ی هێمن/ ڕەخنەی: شەهلا دەباغی/ 71


● **وتار**


- شێرکۆ بێکەس و پێگەی بۆ بەجیهانی کردنی شوناسی ئەدەبی کوردی/ یوونس ڕەزایی/ 83
- ئەحمەدی خانی و نەتەوەسازی لە (میر)ەوە بۆ منداڵ/ سەلام ناوخۆش/ 88
- وەرزی گرانەتا لەنێوان دوو چیرۆکنووسدا/ جەلیل کاکەوەیس/ 92
- لیۆنی ئەفریقی کێ بوو؟/ هیوا شەمسی بورهان/ 96


● **هزر و فەلسەفە**


- تیوری گشتی ڕێژەیی/ د. حەمید عەزیز/ 99
- ئەلبێر کامو و پووچیی ژیان/ ئەحمەد. ع. غەریب/ 105


● **ئەزموون**


- بەیانی شیعریی شاعیرانی پێشڕەو/ دڵشاد عەبدوڵلا/ 110


● **زمانزانی**


- گیروگرفت و دیاردە جیاوازەکانی ڕێنووس لە نووسینی کوردیدا/ کازم عەباس عەلی(زەندی)/ 115


● **مێژوو**


- ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ڕۆشنبیریی مەهاباد و مزگەوت و مەدرەسەی بداغ سوڵتان/ محەمەد ئەحمەدیان/ 127


● **هونەر**


- حەسەن زیرەک؛ لەنێوان عەشق و نیشتماندا/ سەلاح نیساری/ 136
- ڕۆژگار لە چاپخانەی شەعب دا/ گارا/ 141


● **خوێندنەوەی کتێب**


- نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی و خولیاکانی خوێندنەوە/ هاشم سەڕاج/ 144


● **بەسەرکردنەوە**


- دکتۆر حەمید عەزیز تاکە پرۆفیسۆری فەلسەفە لە کوردستانی ئازاددا/ عەبدولقادر عەزیز سەعید/ 151


● **نامە**


- نامەیەک لە (جەلال بەرزنجی)یەوە بۆ نەوزاد ڕەفعەت/ ئا: ڕامان/ 156


● **بە باڵابڕین**


- ڕامان کوردستانی لە کۆڵ گرتووە/ حەکیم مەلا ساڵح/ 158


● **سووکە لەنگەر**


- یەکتر نەخوێندنەوە لە پێناوی یەکتر نەخوێندنەوە/ حەمە عەباس/ 160

# جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕ
# عاشقە ترسنۆکەکانی ئێمەن

**تەرزە جاف**

ئەوان وەک قۆخ دەستمان دەدەنێ و وەکو پیاز سەرمان
دەبڕن
هەر بۆیەش کە جێیان دەهێڵین
هۆن هۆن دەگرین.


کە پێی دەوتم پشیلە
نەمدەزانی
حەوت جار دەستی دەچێتە ڕۆحم.

تێکشکانەکان شایەدن
کە ئێمە درەنگ زانیمان:
تاقە پیاوێک کە بە ئاسماندا هەڵماندەدات و بە دەم
قریوەی پێکەنینەوە دەمانگرێتەوە باوەش تەنها باوکمانە.

وەک ئینجانەیەکی شووشەی تەنک
لە دەستە بێباکەکانی کەوتمە خوارەوە و وردوخاش بووم.


ئەوان نازانن:
خیانەت وەکو ماست وایە
بە سمێڵیانەوە، ئەگەر نەمابێت
هەر دیارە!

جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕ
عاشقە ترسنۆکەکانی ئێمەن
هەر بۆیەش
سنوورەکانی نیشتمان پارێزراون
دڵمان وێران.



# ڕۆژێک پێش ڤالانتاین جێم بێڵە

**چنوور نامیق**



جێم بێڵە بەم خۆرئاوایە دڵ تاقەتی چوون و نەچوونی کوا ماوە؟
بێ ئاڵا لە باسی عەشقی چی؟
سێبەر سوکنایی نییە بۆ ماڵی دڵ
بمهێڵە کوا دڵ تاقەتی ئەم هەموو هاتونەهاتەی هەس؟
دڵ جامێکی بەتاڵی مەستە و
چاو کامیرایەکی کوێرە..
کوا ڕژانی نیگا و بینایی پێکەوە هەڵئەکەن؟

بمهێڵە بەم خۆراوایە دڵ تاقەتی ڕۆیین و نەڕۆیینی کوا؟
جێمبێڵە با دوایین نیگام بڕژێنمە سەر ژوورەکەم و
سەرینەکەم پڕکەم لە خۆزگەی یەکسان بەهیچ..
بەم زەردەپەڕە دڵ تاقەتی پێکەوەبوونی کوا ماوە؟
پەنجەکانم بەرەڵڵاکە
دەستم کۆترێکی تۆراوە حەز بە ئەڵقە و بازنگ ناکا..
لەم ماڵە تەماوییەی نەبوو بەماڵ
تاڵی قژم مەیلی بۆنی سیگار ناکا..
قۆڵم قەت نابێ بەسەرین مۆری پەنجەی ئادەمەکانیان پێوەیە
...
عاقڵبوون لە سایەی عورفەکان
زیندانە هاوڕێی ئەزیزم
کامڵبوونی پێشوەختە
تینووبوونی بەردەوامی داهاتووە ئازیز
کپکردنی حەزەکانی هەرزەکاری
چاری نییە دە لە من گەڕێ گەوجە گیان
تازە پەنجەم مەیلی ئەڵقەو قۆڵەکانم مەیلی بازنگ ناکەن..
ملم حەز بە ملوانکە ڕاڕاکان ناکا
جێم بێڵە بەم زەردەپەڕە
دڵ داڵغەی  چوون و نەچوونی کوا ماوە ؟
هاوڕێ کوا عەشق و ئازادی و بیر و دڵ پێکەوە هەڵئەکەن؟
کوێ ڕایگرتی ئەوێ بکە عەشقستان و
ئاڵای پێکەوەبوون هەڵکە!

۱۳-۲-۲۰۱۷

# ئەبەدییەتی گوڵ

**هاوار تەیب**
**(ڕانیە)**

مەترسە،
ئەگەر مانگ تاریک بوو مەترسە
ئەگەر خۆریش ڕەش بوو
مەترسە.
ئەگەر ڕوومەتی گوڵێک دڕکی گرت
مەپرسە بۆ.

نامەوێ دەستم بگاتە
دڵی ئاو..

لە لێڵ بوونی کانییەکەی شارت مەپرسە و
لەهەڵوەرینی پەڕەی گوڵ مەترسە.

ئەوەی ئەبەدی نییە،
دڵی من بوو.

لە تەقینی مینەکان مەترسە
سبەینێیەکی گەش بینا بکە.

مەپرسە بۆ هاتوویت
لەهاتنت پەشیمان مەبە،
قەدەری ئاو ئاوایە گوڵم
قەدەری گوڵ شکانە
قەدەری مانگ
لەگۆڕنانی
خەونە ئەرخەوانییەکانت بوو،
ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە بخوێنەوە
تا فێری خۆڕاگری و
ڕەتکردنەوەی دوێنێ بی و
ئێستایەکی ڕووناک ببینی.

گوێ لە ئەوەڵ سەحەرە بگرە،
تا ئارام بی.

هەرکاتێک ویستت بێی بۆ لام وەرە،
بەڵام دوای ئاوابوونی مانگ وەرە،
ماڵم!
شاری شیعر
شەقامی بەفر
لە نهۆمی چوارەمی هەور،
ژووری سیانزە،
ئا ئەوە ئەدرەسی
ماڵی پڕ لە خەونی من بوو.



# تێهنا رەشایا چاڤێن تە

**لەوەند دالینی**
**(عامووداa)**

دەما رەشایا چاڤێن تە پێلێن خوە،
ل من دان!؟
برینا دل قەمووشک گرت، و
سۆنسن د ئاسیمانێ من دە
پشکڤین!؟ و
دوو دەمین دبوونن!؟
د ناڤەڕۆکا چاڤێن تە دە،
هێڤیێن دلێ من
سپی شین دبوون، و
بۆزێ رەهوان،
د نەوالا دو رەش مارێن تە دە،
دەست ب جریدا دکر!
تێهنا رەشایا چاڤێن تە
تیر دبوو، و
زیز بوونێ دچرساند؟.
کەلەک بێ سەری،
د تارستانێ دە وەردبوو!؟
سیمر زۆزان سینۆر ب سینۆر دڕەست، و
ب داوی دکر
بزاڤا ناڤتێدانێن تە
د جەنگا یەکەمین دە،
سێ جاران ئەز ژ دەستهلانین
دخستم!؟ و
وەکە خوشک و برا
دامار ب سەر دامماڕن دە،
سست رادزانن!؟
سیمر دیسا ژ ئاسیمانێ هەفتا بەرژێردبوو!؟ و
جەنگا دووەمین
سەڕاست دکڕ!.
رووبارێێن تە ژی،
هن ب هن د وەستیان، و
نەما دەست هلانینن!
ژ بن قولپا گوهارێ تە،
تانی خلخالێن لنگێ تە
رامووسان د جەمدین، و
زوادبوون
تێهنا رەشایا چاڤان، سڤک دبوو!
گەمی سەر راست دبوو... و
ئەز دبوومە
گەمیڤانن!؟.....



**ئەڤ هەلبەستە ژ مالپەڕا (وەلاتێ مە هاتیە) وەرگرتن، کو ب ڕێنڤیسا لاتینی هاتبوو بەلاڤکرن و ژ ئالیێ مە ژبۆ ڕێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە هاتیە ڤەگواستن.** **«ڕامان»**

# فولکەی ڤانیتاس


**مەگنووس ویلیەم- ئولسۆن**
**Magnus William-Olsson**
**لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی**
**(سوێد)**

ئەو کەسەی تاسەی مردن دەکا، ئەو کەسەی تاسەی ڕۆژگارێک دەکا
ئەو کەسەی باوەڕ بە ڕۆژگارێک دەکا، ئەو کەسەی تۆوێک دەچێنێ
ئەو کەسەی تۆوێک ئاو دەدا، ئەو کەسەی تاوێک چاوەڕێ دەکا
ئەو کەسەی هەوڵی نوێ دەدا، ئەو کەسەی قەرسیلی خۆی دروێنە دەکا
ئەو کەسەی قەرسیلی خۆی دەهاڕێ، ئەو کەسەی ناڕۆشنە خەیاڵی خۆی
ئەو کەسەی کرداری ڕوون نییە، ئەو کەسەی وەک بەفر دەخولێتەوە
ئەو کەسەی وەک بەفر دەتوێتەوە، ئەو کەسەی هەست بەبێ هێزی دەکا
ئەو کەسەی بڕی لە بەر بڕاوە، ئەو کەسەی دەترسێ بمرێ
ئەو کەسەی تاسەی مردن دەکا، ئەو کەسەی تاسەی ڕۆژگارێک دەکا

ئەوسا ڕۆژگارێک دێ، لە دواییدا ئەو ڕۆژە دێ
لە ئاکامدا گوڵێکی گۆڕان بپشکوێ
ئێمە سەیری یەکدی دەکەین، ئێمە خۆمان شکۆفە دەکەین
لە ئاکامدا یەکترمان خۆش دەوێ، دەبەخشین و تێدەگەین
شارێک دروست دەکرێ، وڵاتێک دروست دەکرێ
بیرەکانی ڕقی دوژمن وشک دەبن
ئاڵامان، تاسە و ڕقمان کاڵ دەبن
بەزم دەگێڕین و هاوڕێ هاوڕێی خۆش دەوێ
پشوو دەدەین، کار دەکەین و لێوبەخەندە پێدەکەنین
بەیەکەوە دەگرین، نابینا دەبین و دەبینین
بەهەڤڕا ئازار دەکێشین، بنیاد دەنێین و دەبینین
هەمووومان بەیەکەوە لەززەت لە بنیادنراوەکە دەبینین

ئەو کەسەی تاسەی مردن دەکا، ئەو کەسەی تاسەی ڕۆژگارێک دەکا
ئەو کەسەی باوەڕ بە ڕۆژگارێک دەکا، ئەو کەسەی تۆوێک دەچێنێ
ئەو کەسەی تۆوێک ئاو دەدا، ئەو کەسەی تاوێک چاوەڕێ دەکا
ئەو کەسەی هەوڵی نوێ دەدا، ئەو کەسەی قەرسیلی خۆی دروێنە دەکا
ئەو کەسەی دەهاڕێ قەرسیلی خۆی، ئەو کەسەی ناڕۆشنە خەیاڵی خۆی
ئەو کەسەی کرداری ڕوون نییە، ئەو کەسەی وەک بەفر دەخولێتەوە
ئەو کەسەی وەک بەفر دەتوێتەوە، ئەو کەسەی هەست بەبێ هێزی دەکا
ئەو کەسەی بڕی لە بەر بڕاوە، ئەو کەسەی دەترسێ بمرێ
ئەو کەسەی تاسەی مردن دەکا، ئەو کەسەی تاسەی ڕۆژگارێک دەکا

ئەوسا ڕۆژگارێک دێ، لە دواییدا ئەو ڕۆژە دێ
...تاد



## ئیستەنبوڵ
## O'nun eli

ئەو دەستی بەناو قژە پڕە زۆر سوورەکەی خۆیدا هێنا
لەژێرماندا تەپڵەسەری تەنک لەناو قەڵەباڵغیدا لەگەڵ مۆسیقا کە لە
ساڵانی هەشتاکانیشدا کۆن بوو، سەمایان دەکرد. لەمێژ بوو شەو بەیانی بوو

من بیرم لە جەستەیان دەکردەوە، ئارەقاوی و توند لەژێر
چاکەت و پانتۆڵی بە ڕەونەقدا
دەستی ئەو بە سووکی کەوتە سەر ڕانم
((She’s got a wonderful voice))
((Yeah, she’s great that girl))، بەڵام دەستی تۆ
کە هەرگیز مەمکی ژێر کراسم و ماسوولکەی درێژ و
توندی ڕانی ژێر قوماش نادۆزێتەوە و
بەم شکستەوە دەسووتێ کە هەرگیز ئەو ژیانەی ماڵی
منە لە جیهان و لەناو زماندا، ناژی،

ئێمە بەردەوام دەیدۆڕێنین

ئیستەنبوڵ، ئاوازی خاوی ناو گۆرانی. ڕوخسارەکانی ناو
قەڵەباڵغی، خەڵک کرۆکن لەناو ژیانی ئاڵۆزیاندا وەک
من لە هی خۆمدا، بەڵام بەبێ ناو. گڕی گرتووە نیگای
خوڵام لە ڕق و ترسی کۆیلایەتی. کێ حەز دەکا تریێی ناو
مشتی تۆ بێ؟ زۆر جار وام لێ دەکەی هەناسەم ببڕێ.

بێ دەنگی حیکمەتی پیرۆز، لەناکاو
بیری کزم دەکەوێتە سەر دیواری کۆڵانێک ئێستایش
لەوێ ئاسەواری دەستێک ڕەش دەچێتەوە
یادەوەری شیعرێک، دیوانێک، یان ڕێگەی بەرەو ئێرە ئەو
دەمەی من بە مەستی تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە دەست
لە ئێکەکانت بخشێنم

ئاسوودەیی چییە
نائاسوودەیی چییە، بەڵام شوێنی نزیک، هەموو شتێک
تۆ هەرگیز لێی نەبوویت چییە؟

لێرە گاڵتە و جەفەنگەکە وا دەکرێ:
ڕاوچییەکە لە ڕاوکردن لە ئەفریقاوە دەگەڕێتەوە گوندە
کوردییەکەی، دەڵێ:
((زەڕافەیەکم کوشت))
((زەڕافە چییە؟))
((کەرێک بهێنە بەر چاوت، بەڵام بە ملی سێ مەترەوە))
((چیتر؟))
((زێبرایەک))
((زێبرا چییە؟))
((کەرێک بهێنە بەر چاوت، کەرێکی خەتخەت))
((چیتر؟))
(( پایسۆنێک))
((پایسۆن چییە؟))
((شتەکەی کەرت بینیوە؟))
((بینیومە))
((ئەم بهێنە بەر چاوت، بەڵام هەشت مەتر درێژ و بە بێ
کەر))

هەمووومان دەمانەوێ ونبوو بین، وانییە؟ ئەوانەی وا لە
خوارەوە سەما دەکەن و بە ئارەقە تەڕ دەبن.
هەموو ڕوخسارەکان، هەموو قەدەرەکان و هەموو
ئەوانەی لە دایک نەبوون، بەڵی، منیش دەمویست
لەگەڵ سێبەرم خۆم بگۆڕمەوە.

بەڵام کاتێک خۆم دەنووشتێنمەوە بۆ ئەوەی پێڵاو گرێ
بدەم، دەست بە بەلەکی تۆ و گفتی هەڵاتنیدا بهێنم،
دەمەوێ تەنیا
ئەو جەستە فانییە و ئەو دەستە بم لە پەشێواویدا
دەلەرزێ.

**بایوغلو، شووباتی ٢٠١٠**

## هیرێنیمۆس و ئاوگوستینۆس

لەبارەی درۆوە وەک هیرێنیمۆس بیر دەکەمەوە کە
سنوورە، سنووریش شوێنێکە، بەڵام لە هەموو
شوێنێکی وادا مرۆڤ دەتوانێ هێڵێک بکێشێ، کە
هەمیشە لەم بەر، یان ئەو بەریدا ڕاوەستاوە، یان لە
هەردوو بەریدا.

ئاوگوستینۆس دەڵێ، نا! درۆکە ئەم هێڵەیە!

من باوەڕ
بە درۆبێژەکان، بە بێ ڕێساکان دەکەم
تەنیا بەو گوتەیەی کە لە ناوەوەی خۆیدا هێڵی درۆ
ڕادەکێشی، کە پێچاوپێچ لەنێوان دەنگەکاندا دەبزوێ و
ئیشارەت دەدا باوەڕ دەکەم

من باوەڕ بە تەرجەمەکراوەکان، بە سەوداکان، بە
لێکدانەوەکان دەکەم
باوەڕ بە ڕاستییە کاتییەکان، بە تەوقە دەکەم، نەک بە
ئیمزا!

لە کاتی وێرانبووندا
تۆ دەتوانی تەنیا باوەڕ بەوانەی درۆت لەگەڵ کردن و
ئەوانەی درۆیان لەگەڵ کردی، بکەی

لە شەوی وێرانبووندا چرای ئاوگوستینۆس خامۆشە
کاتێکیش تۆ ڕووت بەرز دەکەیتەوە بۆئەوەی ڕاستیی ئەو
ماچت بکات
دەمامکەکە بەتاڵە و زمانیش لەناو عەدەمدا دەژەنێ.

“ὢ μοι ἐγώ, τί πάθω;

دەزانم،
بێجگە لە جەستەی من هی تر هەیە، ئاشقی تر و لەزەتی تر هەیە،
بەڵام کاتێک توند لێوم خستە سەر لێوت ددانەکانم بەر ددانەکانت

کەوتن و هەموو مارمێلکە بچووکە نارنجییەکان بێ پەروا
وەک گڕی فتیلە ڕێک بۆ ناو چاوە گڕگرتووەکانی تۆ
پێیان هەڵگرت، ئەدی هەتا کرا لە یەکێکیان نزیک نەبوومەوە؟

دەزانم کە کۆتایی بەردەسابوونی بچووکی ئاگردانیش لە سینەمدا لەسەرخۆ سارد دەبێتەوە
دەزانم کە هیچ کاتێک چارۆکەی بەلەم هەموو باکەی بەر ناکەوێ
دەزانم، بەڵام ڕووناکبیرەکان، ئەوانەی هەتا ئێستا سپی پۆش گوڵی ئاشتییان دەجوی،
لەم وڵاتەدا کە گەنجەکانی خۆیان دەکوژن و لێیان دەگەڕێ
وەک سەگی تۆپیو لەدەم ڕێگەکان بکەون،
چییان لێ هات؟

من شەرم دەکەم

– نا شەرم مەکە، تۆ لە جیهاندا زۆر بچووکیت، بەڵام شیرینی و سمتێکی جوانت هەیە
– هاها! هەموو تۆنەکانی مۆسیقا، ئەوانەی لە هەمووانیش عاشقترن
هەڵە لە ئەندازەی شتەکانیان دەکەن

– ڕەنگە وا بێت، بەڵام مۆنتێڤیدیۆ چەند دوور دەبێ، ناتوانین هەر بە تانگۆیەک بگەینە ئەوێ؟

پێدەکەنیت؟
بەڵێ، ئەگەرچی نزیکەی هەموو شتێک لێرە لەم شارەدا
کە وا پێدەچێ خەون بە مەیامی، بێنیدۆرم و
ئەبووزەبییەوە ببینێ، گرینگۆکان خاوەنیانن، دەریا لە هی هەر کەسێک گەورەترە و

کاتێک بە مەلە ڕاست لەناو شەپۆلان دێمە دەرەوە،
هەست دەکەم چۆن هەموو دەمامکەکان، هی ئاشق، هی میوان، هی شاعیر، بەڵێ هی مرۆڤیش لێم دادەماڵدرێن

کە دەگەمە سەر کەنار، دیسان من هیچکەسم،
ئەم جەستە بەراورد نەکراوەم کە هەر تەنیا مەرگ خۆی
لەناو هەموو مرۆڤاندا، خوداکاندا، ئاوێنە و ئاژەڵدا، تەنیا یەک تاکە جار

سەیری ناو چاوی دەکات

**پوێرتۆ ڤالارتا – مێکسیکۆ سیتی – ستۆکهۆلم، نیسانی ٢٠١١**

**پەراوێز و ڕوونکردنەوە:**
**شیعری یەکەم:**
**ڤانیتاس: Vanitas: وشەیەکی لاتینییە، واتە (بەتاڵیی، یان بێ مانیی). لە ئەدەب و هونەردا ئاماژەیە بۆ بیرهێنانەوە، کە ژیان کاتییە.**
**شیعری دووەم:**
**ژێرناوی شیعرەکە، O’nun eli، تورکییە و وەرگێڕانەکەی وا دەبێ: (دەستی).**
**شیعری چوارەم:**

“ὢ μοι ἐγώ, τί πάθω;

**شاعیر ناوی شیعرەکەی بە گریکی نووسیوە، کە گوتەی (ئۆدیسۆس)ە، کاتێک بەلەمی تێکدەشکێ و بەناو شەپۆلاندا مەلە دەکات، شاعیر گوتەکەی وا تەرجەمە کردووە: (ئۆی، چیم بەسەردێ؟)**
**مۆنتێڤیدیۆ: پایتەختی ئوروگوایە**
**گرینگۆکان: Gringos: لە – بێگانە – ی ئیسپانییەوە هاتووە. لە مەکسیک و زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، دەربڕینێکی نێگەتیڤە و ئاماژەیە بۆ ئەمریکاییەکان.**
**هیچکەس: ناوە، ئاماژەیە بۆ (ئۆدیسۆس)ی هۆمێرۆس.**

**سەرچاوە:**

**HOMULLUS ABSCONDITUS**
**Magnus William-Olsson**
**WAHLSTRÖM & WIDSTRAND 2013**



# ماڵەکەمان

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

**سالآنێکی زۆر لەو گەرمیانە دوورکەوتبوومەوە، سەردەمانێک ئەوێ بووبووە دۆزەخ، ماوەیەکیش پێم نەدەکرا بڕۆم سەردانێکی بکەم، زۆریش تاسەیم دەکرد، هەمیشە لەبیرم بوو خەونم پێوە دەبینی، ئاخیرییەکەی ڕۆیشتم، خۆزی نەدەڕۆییم و بەو جۆرەم نەدەدی کە بینیم، بەڵام قەیناکە، ئەو سەردانەم یەک دوو وڕێنەی لێکەوتەوە، ئەمەیان یەکێکیانە.**

هێشتا زۆر مابوو بیگەمێ، ڕێک دوو سەعات ڕێیە، ئەوە سەعاتێکە هەیپێی لێ دەکەم و بە ڕێگاوەم، ڕێگا! ئەی ئەم ڕێگایە بۆ وا کوێر بۆتەوە؟ هەر خۆم وەڵامی ختوورەکانی خۆم دەدەمەوە؛ ئەوە سالآنێکە بە ڕاگوزاریش کەسێ ڕێی نەکەوتۆتە ئێرەکانە، هاتوچۆی بەسەرەوە نەماوە، ڕێگەوبان، ژیان و مرۆ جوانیان دەکەن، لە خەونەکانیشمدا ڕێگاکەم ئاوا نەدەدیت، هەر ڕێگاکەی جارانی بوو.

ئەم گردە نا، ئا ئەوەی وا تاقەدارەکەی لەسەر ڕواوە لەوێدا سەرەوخوار دەبیتەوە، ئەوجا بەدەستە ڕاستدا پێچێ بکەرەوە ماڵەکەمان دەردەکەوێت.

لە دەرەوە و لەبەر دەرگاکە ڕاوەستاوم، سەیرە! لە خەونەکانیشمدا هەر لێرەدا ڕادەوەستام، بەڵام بەم جۆرەم نەدەدیت! دیواری حەوشە لەیەک دوو جێوە کەلی تێکەوتبوو، لە هەندێ شوێنەوە زگی دابوو، پەڵە پەڵەش کەفماڵەکەی بەری داوە و خشتە کاڵەکان بەدەرەوەن.

دەڵێم: لە دەمێکەوە نیازم کردبوو بێم و سەردانییەکت بکەم، دەڵێت؛ ئەی بۆ درەنگت خستووە؟

هەستم کرد دەنگەکەی بۆنی گلەیی و گازاندەی لێ دێت، ڕاستەکەی ئەبوایە زووتر بهاتبام، ناڵێم کاتم نەبوو، کاتم هەبوو، بەڵام هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە بۆ ئەنجامدانی.

دیسان بەلالووتێکەوە وتی: یانی دیدەنی منت ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبووە؟

نەخێر، نەخێر، تۆ خراپم لێ تێمەگە، ڕاستییەکەی دەترسام بە بینینی تۆ کارەساتی ئەو ڕۆژەم بیربکەوێتەوە کە تۆمان بەجێ هێشت و لە یەک دابڕاین.

«لە ژوورەوە زرمەی پێوەدانی دەرگایەک دایچەڵەکاندم..» زرمەی دەرگاکەی ژوورەوە، سەرنجمی بۆ دەرگای حەوشە ڕاکێشا، کە لە بەرانبەری ڕاوەستابووم. دەرگای حەوشە بە دیوارەکەوە نەمابوو، لەو دوورە فڕێدرابوو، وەک زامێکی گەورەی لە دیوارەکە بەجێ هێشتبێت بیرم کەوتەوە، هەرچەند ڕۆژێک بەر لەوەی ئێرە بەجێ بهێڵین، بە بۆیەکی سەوزی قەرسیلی بۆیەم کرد، هەر دوای بۆیەکردنی باوکم بە خەتێکی گێڕو گەوار بە بۆیەی سپی لەسەر دەرگاکە نووسیبووی «یاالله» تەماشای دەرگاکەم کرد ژەنگی گرتووە و بۆیەکەی کاڵ بووبووەوە، «الله»کەی باوکیشم دیار نەمابوو. ڕەنگە کەوتبێتە ژێر ئەو خشت و خۆڵەوە، هەروەها تۆ لەلای من هەیبەتێک و خۆشەویستییەکی تایبەتت هەیە، لە هیچ خۆشەویستییەکی دیکە ناچێت، ترسام بەشێوەیەک بتبینم حەزی پێ نەکەم، وتم چۆنم بەجێ هێشتووە هەر نەبێت لە خەیاڵ و زەینمدا وەک خۆی بمێنێتەوە من تاسەم دەکردی، خەونم بەتۆوە دەبینی.

دیسانەوە دەڵێت؛ ئەی بۆ نەدەهاتی؟ ئەم جارەیان دەنگەکەی بۆنی گازاندەی لێ نەدەهات، کە لە تۆ دابڕاین، قسەکەم پێ دەبڕێت.

دەڵێ؛ ئەوە چەند ساڵە، لەوەتی ئێوە ڕۆیشتوون عەیامێکە وا گەورە بووی، منداڵە هاروهاجەکە نەماویت، پیاوێکی سەنگین و لەسەرخۆی، بەڵام لەبیرت نەچێت، تۆ لە باوەشی مندا گەورە بوویت، هەرگیز من تۆم لەبیر نەچووە، هەموو ئەوانەش کە لێرە بوون و ڕۆیشتن، ئای ئەو پیاوە چاکانە چییان لێ هات تۆم لەبیر نەدەچوو، دەمگوت خۆزی جارێکی کە دەمبینییەوە، دەمگوت تۆ بڵێی مابێت، ئەی ئەگەر ماوە بۆ نایەت بیبینم.

هەمدیس بە تووڕەییەوە دەڵێ؛ بۆ دواکەوتی؟

دەڵێم؛ منیش گەلێ شوێن و جێگام کرد، بەڵام هیچیانم لە زەین نەدەمان، تەنها بیرم لای تۆ بوو، هەمیشە خەونم بە تۆوە دەبینی ئێستا چۆن لەبەردەرگاکە وەستاوم، ئاوا دەهاتم و دەوەستام، هەر بانگم دەکرد، کەس وەڵامی نەدەدامەوە لە خەونێکی دیکەمدا، وتم با لەسەر دیوارەکەوە تەماشایەکی حەوشەکە بکەم، لە خەونەکەمدا ئەم دەرگایە دەرنەکرابوو، ئای خودایە چی دەبینم، مار، پێنج شەش ئەژدیها پەپکەیان دابوو، ئەژدیهای ڕەش و سپی! تۆ دەزانی من لە مار دەترسم بە ئاگا هاتم، هەناسەم بۆ نەدەدرا.

دەڵێت؛ ئا لەبیرمە، چۆن جارێکیان توولەمارێکت بینی میزت بە خۆتا کرد، بەردەوام دەبێت لە قسەکانی: ئەوە سەردەمانێک غەریب و غورەبایەکی زۆر ڕوویان لەم ناوانە کردبوو، ئێرەش چۆڵ بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو غەریبانە لێرە مانەوە، هەرچییان دەست بکەوتبا بۆ قاوە گەرم کردنەوە دەیانسووتاند.

دەڵێم دە تۆ ئێستا واز لەمانە بهێنە، لای خۆتیان تۆمار بکە و دەردم کەم نییە گرانتری مەکە، من تاسەی تۆ، بۆ ئێرەی هێناوم دەمەوێت، وەک زۆری لە دڵدا بێت و کەسی دەست نەکەوتبێت دەردی خۆی بۆ هەڵڕێژێ، دەڵێت:

نەک هەر تۆ پشتت لێم کرد، ئەی ئەوانەی دەهاتن ماندوویەتی خۆیان لێرە دەردەکرد، بە سەرمای زستان پێخەفی نەرمی ئێرە گەرمی دەکردنەوە و هاوینان تینوویەتیان بەدۆی ساردی ئێرە دەشکان، لە کوێن؟

دەڵێم؛ ئەوانەی تۆ مەبەستتە، هەر بێزیشیان نایەت بەلای خانوویەکی گڵێندا بڕۆن، ئەوانە تەنها سکی خۆیان و... لەبیرە، تۆ چی ئێژیت..!

دەڵێت؛ ئەرێ من تووشی تەنگەنەفەسی بوومە، هەمیشە دووکەڵێکی چڕ لێرەوە دیارە، بایەکە بەسەر مندا دەیهێنێ.

دەڵێم: ئەوە دووکەڵ و گڕی نەوتە، نازانیت؟

دەڵێ: بۆچی نەوت، هەر گڕ و دووکەڵی هەیە؟

دەڵێم: بۆ ئێرە هەر ئەو دووەی هەیە؟

«لوورەی سەگێک دێت.. لەسەریەک دەیلوراند» ئەو دەڵێت: لەوەتی ئێوە ڕۆیشتوون ئەو سەگە بە تەنیا لە حەوشێکی چۆڵ ماوەتەوە، بەجێی ناهێڵێت!! «لەبەر خۆمەوە دەڵێم؛ خۆزی هەندێ مرۆڤ بە قەد سەگێک وەفای هەبوایە و نمەکی لەبەرچاو دەبوو» دەڵێم؛ ئەی گەماڵەکانی ئێمە چییان لێهات؟ دەڵێت؛ ئەو غەریبانە، هەرچییان دەست بکەوتایە دەیانبرد، هیچ نەمابوو گەماڵەکانیان ڕس کرد و بردیانن. «لەسەریەکە باڵی پەنجەرەیەک بایەکە دەیکاتەوە و پێوەی دەداتەوە...»

دەڵێ: من ئەوەی هاتۆتە ئێرە، بە غەریبەکانەوە، بەو میوانە ئازیزانەی ئەوکاتانە، ئەوانەی لێرە ژیان و بۆ یەکجاری ڕۆیشتن یەکەیەکەیانم لەبیرە، بەڵام لەناویاندا لە هەموویان زیاتر بیری تۆم دەکرد و تۆم خۆش دەویست.

دەڵێم؛ منیش هەروا.

دەڵێت؛ ئەی بۆ نەدەهاتی؟

دەڵێم؛ حەز ناکەم لەمە زیاتر دڵگران بیت، دەمەوێت ئەوەت بۆ باس بکەم، کە لەتۆ جیابووینەوە، من ئیتر ئاگام لە خێزانەکەمان نەما، لە شوێنێکی دوور لێرە مامەوە فریاد ڕەسێکم بۆ پەیدا بوو منی قوتارکرد، بەڵام تۆم هەمیشە لە یاد بووە خەونم بێرەوە دەدی. دەهاتم یەکە یەکە ژوورەکان دەگەڕام وەکو جاران دەچوومە کادینەکە، هەروەکو ئەو کاتانەی زووم، لە هێلکەکان دەگەڕام، بەڵام نە هێلکە هەبوو نە «کا»، دەچوومە سەربانەکە لەوێدا لەگەڵ ئەسپە دارینەکەم یاریم دەکرد، ئەرێ ئەسپە دارینەکەم ماوە؟

دەڵێت: ئەو زستانەی غەریبەکان لێرە بوون، سووتەمەنی نەبوو، هەرچییان دەدی، بۆ قاوە گەرم کردنەوەکەیان دەیانسوتاند، ئەسپکەشیان هەڵا هەڵا کرد و سووتاندیان.. دەفتەر و کتێبەکانت، دەلەی قاوەیان پێ گەرم دەکردەوە.

دەڵێم؛ ئەی پەیژە دارینەکە ماوە وا پێی دەچووینە سەربانەکە؟

دەڵێت: ئەویشیان سووتاند.

دەڵێم: ئەی دار قەیسییەکەو دارهەنجیر و دارتووەکە؟

لەبەر بێ ئاوی وشک بونەوە، ئەوانەشیان لەبن دەرهێنا و سووتاندیان، دەڵێت.

دەڵێم: بۆ گەڕانەوەم درەنگە و ڕێگایەکی دوورم لەبەرە، دەڕۆم.

دەڵێ: بۆ نایەیت، بۆ ئەوەی ئەرکی هاتنەوەت لەسەر شان لاچێت، ئاگرم تێپەردە و بمسووتینە، بێزار بووم کەس نەهات بەهانامەوە.

دەڵێم: چۆن ئاگر لە ماڵی خۆم بەردەدەم، ئەوەی وادەکات خۆیشی دەسووتێت.



# سەماوەر

**فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**

ڕەنگی هەر وا زەرد مابوو؛ زەردێکی ئاڵتوونی. ڕواڵەتی زۆر جوان پارێزرا بوو. دەتکوت قەت کاری نەکردووە و لە توێی کەژاوەدا هەڵتگرتووە. جێگای لە سووچی ژوورەکەمان هەڵکەوتبوو، درگای ژوورەکەش بە شانی لای ئەودا لە شوێنێکی بازنەیی کە بۆی هەڵکەندرابوو، دەکرایەوە. توندیشت پێوەدابا زیاتر بواری چوونە پێشێی نەبوو، خڕەبەردێکی لە تەنیشت دانرابوو کە لە کاتی پێویستدا دەخرایە بەری. درگا لەسەر گازی پشتیش کرابایەوە، بەرچاوی ئەوی هەر نەدەگرت. لە هەر لا دانیشتبایەی وەک کەسێکی غەریب بۆی دەڕوانی و مەتەقی نەدەکرد، لەسەر قاڵبێکی خشت بڕین دانرابوو.

لە دوو سێ جێی جەستەی وێنەی گوڵی لەسەر هەڵکەنرابوو، بەڵام قنجی ئەم وێنانە هێند کەم بوو تا چاک لێی وردنەبایەوە، نەتدەدی. بە دوو گوپی دەرپەڕیوەوە، وەک منداڵی ساوا دەچوو کە خەریکی شتێکە و جارجار لیکی بەدەمدا دێتەخوار. هەمیشە زەقایی ئەم دوو گوپە لە لام سەیر بوو، چونکە بەڕاستی زیاد لە حەد هاتبوونە دەر.

سەبر دەهاتە کوڵ؛ بێ ئەوەی بیکاتە گیزەگیز. لەگوێن کەسێکم دەهاتە بەرچاو کە دەردێکی نیهانی دەروونی داگیر کردبێ. جاری وا کە زۆر داییسا کەمێک جووڵەی زیاتر دەکرد، دەتکوت چیرۆکێکی خەمگینی گوێ داوەتێ و هێدی لە دەروونەوە بۆ بەسەرهاتی قارەمانەکەی دەگری. بڵێی چەند جار چای ئەم سەماوەرە ڕەنگ ئاڵتوونییەم خواردبێتەوە؟ نازانم... بەڵام لەوەدا گومانم نییە کە چایەکی تایبەتی تایبەت بوو.

دانیشتن لەو ژوورە دوازدە گەزییەدا، سەڵتەنەتێک بوو کە تامی هەر لە توێی ڕوحمدا ماوەتەوە، دایە گەورە لە لای شانی چەپی سەماوەرە گوپ دەرپەڕیوەکە بە قژی خەنەلێدراو و دەسماڵی سپییەوە دادەنیشت. بابەگەورە دوو گەز

دوورتر لە سەماوەر، پشت بە دیوار و ڕوو لە درگا دادەنیشت. لەبەر چەقەدووکەڵی جگەرە، چاوەکانی بەحاڵ برووقێکیان دەهات، لە تاریک و ڕوونی بەیانییەوە، دەستی دەکرد بە جگەرەکێشان، تا دەیتوانی جگەرەی دادەگیرساند و دووکەڵەکەی بە سەر ئێمەدا ڕەوانە دەکرد. دایەگەورە جگەرەکێش بوو، بەڵام زۆر خانمانە و بە دەرفەت لە جێی خۆیدا جگەرەی هەڵدەبەست. جگەرەکێشانی دایە گەورە بە مۆدنەی ڕەنگ بەلاڵووک، ئەونده جوان بوو پیاو حەزی دەکرد لێی وەرگرێ و مژێکی لێ دا. تۆ داینێ ئەگەر هەر دوو، لاسار بایەن و بیانکردایەتە ڕقەبەرایەتی دەبوو بە چی؟ پێم وایە دەرگا و پەنجەرەش دەرەقەتی دووکەڵیان نەدەهات!

ئاوی زۆر دەبرد و زوو دەهاتە کوڵ، دایەگەورە زۆر جار دەیکوت: مەگەر هەر ئەوە دەرەقەتی بێ، چونکە جگەرەکێش هەمیشە لە نەخورێنی ئیشتیای لە چایە. سەماوەری چاکە، کاری ڕاست بێ، ئەوەندەی یەک و دوو، هاژەی دێ و دەکوڵێ. جارێک لێم پرسی تۆ لە دوورەوە چۆن دەزانی هاتووەتە کوڵ. بەسەبرێک دەیبردمە سەر پۆلەکونێکی چکۆڵەی نزیک یەک کە لە هەر دوو لای سەری سەماوەرەکە بە ئەندازەی دوو قرانییەک سمابوون. دەیکوت هەر وەخت لەم کونانەوە هەڵم بە باقە و توند بێتەدەر، یانی ئاوەکە کوڵاوە، هەڵمی هێدی و خاویش، مانای ئەوەیە کە ئاو نزیک لە کوڵینە.

ناوەوەی بەئەندازەی دەرەوە جوان نەمابوو، کاتێک دایە گەورە دەیشۆرد، زۆر تامەزرۆ بووم بزانم چی لە ناو زگدایە. بێ دەنگ بەلایەوە ڕادەوەستام و بەوردی سەرنجم دەدایە، ناو مەخزەنی ئاوەکەی دەتکوت کافوورە، توێژاڵێک لە شێوەی ئاهەک هەناوی داتەنیبوو، دایەگەورە زۆر بەسەختی دەیکڕاند و لێی دەکردەوە. ئەو هەر کات هەستی کردبایە درەنگ دێتە کوڵ، دەستی دەکرد بە خاوێن کردنەوەی، دەیکوت: وەختێتی، قسڵی گرتووە. دوای نان و چای بەیانی لەبەر یەکی دەبرد و تا نیوەڕۆ ساغی دەکردەوە.

ڕیزێک ژێرپیاڵەی پەل کە بە قەبرغەی ژوورەوەیان شەش وێنەی کەللەقەند نەخش کرابوو، لەگەڵ چەند ئیستیکانی چکۆڵەی دەسکدار و چادانێکی چینیی گوڵداری ڕەنگ وەنەوشەیی، تامی نان و چای بەیانانی چەند بەرانبەر دەکرد. چادانەکە توزێک لە چادانی بابەتی زلتری دەنواند، دایەگەورە هەمیشە چاوی بە سەرێوەبوو، لە وەختی چا تێکردن دەستی دەنا بە تۆقی سەرەوەی کە نەکا لە پڕدا بخزێ. زۆری لە لا خۆشەویست بوو، بەباشی دەیپاراست، بەتایبەت لەو دەمەی وا داکەوتبووە عەرز و تەڵەزمێک لە لوولەکەی لێ بووبووەوە. بە زەمق، بە جۆرێکی ناحەز و ناشارەزا لەتە شکاوەکەی پێوە لێکنرابوو، دایەگەورە نەبایە بەو زامەوە دەوامی نەدێنا. چادان لەبەر خاتر دەست و ڕێزی ئەو، لەتە شکاوەکەی توند بەخۆوە نووساندبوو، قەتیش لێی وەڕز نەدەبوو؛ چونکە دەستی دایە گەورە هەموو وادەیەک مەرهەمی دەنا سەر کۆنە برینی. ئەویش دڵی نەدەهات خۆشەویستی دایەگەورە لە خۆی بتۆرێنێ.

گڕەکەی، گڕێکی شین باو بوو. لەرەیەکی بەحاستەمی لێ بەدی دەکرا، قەت بێ نەوتی نەدەکرد. هەر کات گڕەکەی زەرد بسووتایە، دایەگەورە دەیکوت پڵیتەی نەماوە، خێرا بابەگەورەی دەنارد بە شوێن پڵیتەدا. ئەویش لەبەر ئەوەی بێ چا نەبێ، سەعاتەن دەچوو هەر جۆر بایە پڵیتەی پەیدا دەکرد، ئیتر لەمەودوا کەس نەیدەتوانی جگە لە بابەگەورە دەم تێوەدا. خۆی هەمە کارە بوو. بەشی سەرەوەی سەماوەرەکەی دادەگرت و بەشی خوارەوەی - کە پڵیتەی لەسەر دەبەسترا - دەبرد بۆ بەر هەیوانی وەتاغ و ملی لێدەنا. عادەتێکی سەیری بوو، بێ جگەرە بەڕێ نەدەچوو، بەدەم کارەوە بێ وچان مژی لە جگەرە دەدا و ماوەیەکی زۆر بە لێو ڕایدەگرت، بێ ئەوەی مۆدنەکەی دابنێ.

بابەگەورە پڵیتە دوو ڕەنگەکەی بە ئەسپایی بە مقەست لەبەشی سوورەوە تا ڕەنگی سپی هەڵدەبڕی کە نەدەبوو زیاتری ببڕێ. وەک ڕاوچییەک دەنیشتە سەر نێچیرەکەی، دنیاش ئاو بردبای ئاگای لێ نەبوو. ڕیشۆڵی پێچەکەی وەختێ دەیڕوانی بۆ ئاسنی ناو لەپی دەستی کە پڵیتەکەی دەخرا نێوەوە، جووڵەیەکی تەکووزی بوو، دوای وەسەرخستنی پڵیتە و تاقیکردنەوەی هەڵکێش داکێشی پڵیتە، هەرای دایەگەورەی دەکرد دەیکوت وەرە بزانە دەسووتێ، کە هەڵبەت زۆرجار دوای بەستنەوەی سەر و ژێری سەماوەر و گڕتێخستن، کار کۆتایی نەدەهات، بەڵکو دەمەتەقەی دواتریشی لێ دەکەوتەوە. دوای هەڵکردن، ئەگەر سەماوەر گڕەکەی زەرد

بایە، دایەگەورە بە سەر بابەگەورەدا دەیکردە بۆڵەبۆڵ و دەیکوت چاک ناسووتێ، پلێتەکەی باش نەچووەتە جێ و...تاد ئەویش تا نەیخستایە سەر گڕی شین لە کوڵی نەدەبووەوە.

وەک دایە گەورە کەس دەستی ڕانەهاتبوو بەم جۆرە بە خێرایی سەماوەرەکەمان بخاتە سەر گڕی خۆی. سەری شۆڕدەکردەوە بۆ نزیک دەربیجە بچووکی سەماوەر کە دڵقێکی نەسووزی تێگیرابوو، بەهێواشی لای دەدا و بە چڵە شقارتەیەک کە هەمیشە لە خوارەوە بەرەو سەر دەیکێشا بە شانی زبری قاپۆتی شقارتەکەدا، ئاوری دەخستە سەر پلێتەکە، بە فوویەک چڵە شقارتەکەی دەکوژاندەوە و دەربیجەکەی دادەخست. لە دڵقی دەربیجەوە چاوی لە گڕەکە دەکرد، ئەوەندەی چاوترووکانێک بە بادانی لەسەرخۆی پلێتەهەڵکێشەکە، گڕی زەرد و ڕەنگ پەڕیوی دێنا سەر ڕەنگی شین.

لە سەرەوە کە چاوت لە ئاتەشخانەکەی دەکرد، ڕەش داگیرسابوو. مەرارەتی خۆی کێشابوو. بەڕای من دڵخۆشی تەنیا هاونشینی لەگەڵ دایەگەورە بوو، بە سەری خێزان وەختی بۆ دادەنا و ئاگاداری دەکرد. هەرگیز ئەو جۆرەی دایەگەورە بە لایەوە دادەنیشت کەس نەیدەتوانی هاونشینی بێ. بابەگەورە هەر لەسەر حازری چایەکەی بوو، تەنیا دایەگەورە بوو کە ئەگەر درەنگیش وەکوڵ هاتایە، لاگیری لێ دەکرد و تاوانی دەخستە سەر درەنگ هەڵکردنی سەماوەرەکە.

هەوەڵ کاری دایەگەورە دوای لە خەو هەستان، هەڵکردنی سەماوەرە زەرد بوو. ئاسایی بوو جارناجارێ لە بیری بچێت و درەنگ هەڵی بکا، جا ئەو دەم وەڕەزیی بابەگەورە دەستی پێ دەکرد. بەتووڕەیی چاوی دەبڕییە سەماوەرە بەستەزمانەکە و خوێن پێش چاوی دەگرت. حەجمینی نەدەما لێی دەهاتە پێشێ و ئەگەر دایەگەورەی لێ نەبایە بەدزییەوە تۆزێک گڕەکەی هەڵدەدا، لەبەر خۆوە دەیکوت: نەخێر، وادیارە سەماوەرە زەرد ئەمڕۆ خەیاڵی کوڵینی نییە. دەگەڕاوە سەر دۆشەگچکەی و چاوی لە بن کەپرەی برۆوە دەبڕییە دەرگای ژوور و سەماوەرەکە، دەستی دەکردەوە بە جگەرەکێشان.

درەنگ وەکوڵ هاتنی سەماوەرەکەی دایەگەورە زۆر بەدەگمەن بوو، هۆکارەکەشی خەتای خۆی نەبوو، بەڵام بابەگەورە لەسەر بەڕاستی خۆی بوو. دەبوو لە وەختی خۆیدا چا حازر و بزر بێ. هەر لە گرینگی ئەم بابەتدا دەیگوت: **«تاڵ و شیرن پێکەوە نەمدیوە چابێ، "چا" نەبێ/ هەر کەسێکی هاونشینی چانەبێ، پێت چانەبێ».**

بەیانییەک بابەگەورە بە جاڕزی لە خەو هەستا پەلەی بوو، زوو زوو دەیکوت: چا حازرە، دایەگەورەش سەرقاڵی تێڕوانینی گڕی سەماوەرەکە بوو کە بۆچی شین ناسووتێ. دەیویست بیهێنێتە سەر گڕی خۆی، بەڵام هەرچی خەریکی بوو نەیتوانی چارەی بدۆزێتەوە. دایەگەورە بۆ نەیتوانی وەک جاران بیهێنێتە سەر گڕی شین؟ لە بیری چووبوو؟ سەماوەرەکە تەمەنی چووبووە سەر، یان دەستی دایەگەورە برگەی جارانی نەمابوو؟ نازانم... هەرچی بوو ئارەقی سەر لاجانگی، کاتێ لەسەر دەربیجەی سەماوەر سەری هەڵێنا، تەواو نیگەرانی پێوە دیار بوو، ساڵگارێک توانیبووی، ئێستا نەیتوانی، هۆیەکەی نەدەزانی متەقی نەکرد. چاوی هەڵبڕی و بۆ جاڕزی بابەگەورەی ڕوانی، ئەم ڕوانینە چەند گران بوو. تەمەنێک بتوانی و ئێستا نەتوانی. دانیشتە سەر دۆشگچەکەی و پشتی کۆمی بە دیوارەکەوە ڕاست کردەوە. کوتی نازانم چییەتی، تێکچووە، دەبێ بیبەیتە سەر وەستا. دەستی دا پڕێسکە تووتنەکەی و بە نیگەرانییەوە جگەرەیەکی هەڵبەست، هەناسەی غەمگینی تێکەڵی جگەرە دەکرد و لە پەنجەرەی بەرانبەرەوە سەیری دەرێی دەکرد، دایە گەورە بیری لە چ دەکردەوە، بۆ وا بە هەستەوە مژی لە جگەرەکەی دەدا، بێدەنگی بۆ ئاوا تاڵ و پڕ مانا بوو...

بابەگەورە خۆی بۆ ڕانەوەستا، هەستا و هێندێک خەریکی بوو. زەینی ناو ئاتەشخانەکەی دا، سەرودەری نەکرد. ژمارەی ئامپێری نەوتەکەی چاو لێ کرد لەسەر دەرەجەی پڕ بوو. پلێتەکەشی تازە بوو، واقوڕمابوو. نەیدەزانی چی بکا. قەت ئەوەندە درەنگ چای نەخواردبوو. دەیبوڵاند و پیشی دەخواردەوە لەحەیبەتان سوکنایی لێ هەڵگیرابوو، چەقۆت لێ دابا خوێنی لێ نەدەهات. دوای ماوەیەک لێی نزیک بووەوە، دەستی بۆ خرە بەردەکەی بەر دەرگا کێشا، تا هێزی بوو هاویشتی و دای لە یەکێک لە گوپە دەرپەڕیوەکانی سەماوەرە زەرد. ئاو و نەوت پرژوبڵاو بوو، گوپە زەقەکەی تێک قوپا. بێدەنگییەک بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بوو، لەگەڵ ئەوەش زایەڵەی زەربەکەی لەگوێمدا بۆ ماوەیەکی زۆر

دەزرینگایەوە، هەستم کرد تەواوی حەزی دایەگەورە وەک تەبەقی شووشە تێکخرما. دایەگەورە حەپەسابوو، هەر باوەڕی نەدەکرد. لە جێی خۆی بێ جووڵە دانیشتبوو. کاروانێک بیرەوەری بەمێشکیدا هات و ڕۆیی، تەواو هەست پێ دەکرا چەندەی بیرەوەری لەگەڵ ئەو سەماوەرە بوو. هەر ئەوەندەی کوت: بەڕاست شکاندت!

دایەگەورە توانایی هەستانی نەمابوو، هەر چۆنێک بوو بە دیوارەوە هەستـــا. چوو بۆ بەر هەیوان و پاڵی بەکۆڵەکەکەوە دا. بە دەم بیرکردنەوەوە جگەرەی دەکێشا. ئەو هەرگیز ئاوا لەسەر یەک جگەرەی نەدەکێشا هەمیشە بە دەرفەت و لە جێی خۆیدا جگەرەی دەکێشا، بەڵام ئێستا غەمی سەماوەرە زەرد ڕایەڵ و پۆی کاری لێ تێکدابوو.

بابەگەورە گەڕاوە سەر دۆشەگچەکەی و پاڵی بە دیوارەوە دا و سەیری کەلاکی سەماوەرە شکاوەکەی دەکرد. خۆشی پێی سەیر بوو، دەتکوت تازە برینەکەی ساردبووەتەوە، لە داخان دەستی بۆ جگەرەش نەدەچوو. بەڕاستی جۆری پەلاماردان و هاویشتنی خرەبەردەکە، زۆر پێکەنیناوی بوو. دەتکوت کارەکتەرێکی تازەکارە ڕۆڵ دەگێڕێ، بەڵام مەخابن لەو خەسارە و لە ئێشی بێدەنگی دایەگەورە کە دەموچاوی وەک شووشە چرژا. حەقی بوو هەر نەبێ تەمەنێک لە شایی و شیندا شان بە شانی یەک هاتبوون. گەلێک میوانی بەرێزی پێ بەڕێ کرابوو.

دوای ماوەیەک بێدەنگی و بیرکردنەوە، بابەگەورە بەرگەکانی لەبەر کرد و بە دەنگێکی نزم بە دایەگەورەی کوت دەچم سەماوەرێکی چاتر دەکڕم. ئیتر دەرفەتی وەڵامی بە دایەگەورە نەدا و ڕۆیی.

ئەو هەرگیز نەیزانی چ شتێکی بایەخداری لە دایەگەورە شکاند. پەلەی بۆ سەماوەر کڕین، لەبەر ئەوە بوو نیوەڕۆ پەکی چا خواردنەوەی نەکەوێ، بە من دەبوو تێر لەگەڵ دایەگەورە دانیشێت و دڵخۆشی بداتەوە. لە دڵەوە داوای لێبووردنی لێ بکات.

نزیک نیوەڕۆ بابەگەورە بە سەماوەرێکی ڕەنگ زیوینەوە پەیدا بوو. ڕاستت بوێ تا بڵێی بریقەی جوان بوو، هەستت بە بۆنی تازەیی دەکرد، هەرچەند بابەگەورە بەسەریدا هەڵدا و کوتی ئەوەندەم پێ داوە و بە سەماوەری وەڕەق ئەسڵ پێیان فرۆشتووم، دایەگەورە لای لێ نەکردەوە.

هەر چۆنێک بوو دایەگەورە بەنابەدڵی دەستی لە دڵی کردەوە و بە ناچاری سەماوەرە تازەکەی لەسەر جێگای سەماوەرە زەرد دانا. لە لای ئەو سەماوەری تازە وەک کەسێک دەچوو کە بەناحەق تەختێکی داگیر کردبێ. سەماوەرە کۆنەکەی لە ناو قوماشێک پێچا و ڕایگوێستە ناو عەمبار. ئەمەگناسی خۆی وەک سەربازێک کە هاوەڵەکەی بە زامداری تا شوێنێکی بەمتمانە ڕادەگوێزێ، سەلماند.

بەیانی هەموو شتێک لە سەرجێی خۆی بوو، تەنیا ڕەزایەتمەندی دایەگەورە و پەیکەری سەماوەرە زەرد هەست پێنەدەکران، بابەگەورە دەتکوت مێشێکی میوان نییە. دایەگەورە لەبەر خۆیەوە بەناقایلی دەیکوت: ئەوە کوا دەبێ بە سەماوەر. ئەوە کوا دەرەقەتی ئەو زگە مەشکەیەی تۆ دێ، پەناباتێک نایەنێت. کەلاکی سەماوەرە زەرد سەدی وەک ئەوە دێنێ. هەر تەماشاکردنی ئەوە چاو لێ بکە لەگەڵ ئەو. داخی گرانم لە دەست تۆ لە خۆڕا بۆ شکاندت، شتی قەدیم و تازە بۆ دەبێتە یەک. بابەگەورە مژێک لە جگەرەکەی دەدا و دەڵێ: چەند جار وەکوڵ بێ و بکەوێتە کار لە کۆنەکە نامێنێتەوە. دایەگەورە دەڵێ: باشە، بەو هیوایە بە. قەت چایەکەی تامی ئەو نادا. دوو گۆزەی ئاو دەبرد، ئەوندەی قەننەیەک دەهاتە کوڵ. ئەوە هەر گۆزەیەک ئاو دەبا و ئاواش وەکوڵ دێ!

بۆ دایەگەورە، سەماوەری زیوین هەرگیز جێی سەماوەری ڕەنگ ئاڵتوونی نەگرتەوە. دایەگەورە قەت نەیتوانی وەک سەماوەری پێشوو، بیکاتە هاودەم و بە قوربانی بێ. ڕاستییەکەی دەتکوت تەمەنیان یەکتر ناگرێتەوە و چاک لێک حاڵی نابن. هەر کات دەچووە ناو عەمبار سەرنجی قوماشی سەماوەرە زەردەکەی دەدا کە چۆن بێ ئاو و چادان هەڵکورماوە و بەسەریدا تۆز دەبارێ. دایەگەورە قەت فەرامۆشی نەکرد، لە تویێی دڵیدا جێگایەکی بۆ ڕاگرت. من دڵنیام ئەگەر ئێستا زیندوو بێتەوە و لێی بپرسی، ناڵێ کامە؟! لە نووکەوە بە وردی بۆت وەسف دەکا...



# زینده خەو

**ک. د. ئازاد**
**(بانە)**

هەستا ، لە جێگاکەی دانیشت. دیسانەوە خەونی دیبوو! خەونی دنیای سپی، دنیای سەوز، شین، قاوەیی، پاشان سوور! ئارەقی کردبۆوە!

لە ژنەکەی ڕوانی. لەبەر تیشکی چراکەی کۆلانەکەدا دەموچاوی ژنەکەی زۆر بێ گوناح و سادە بوو!

(نابێ!... هەر سەرینەکە لەسەر دەمی دادەنێم و خۆی سەر دەدەم... یەک دوو دەقیقە جوولەی لێ دەبڕم...)!

هاتە بەر پەنجەرەکە، پەنجەرەکەی هێواش کردەوە، کەس لە کووچە نەبوو. دووبارە ڕوانییە ژنەکەی!

(پشیلەی بێ سفەت)!

کەوتە بیری ڕابوردووی؛

ڕۆژێک لە ئیش دەهاتەوە لە سەر ڕێگە (سووری) و هاوڕێکانی دی کە لە مەکتەب دەگەڕانەوە. هەر کە چاوی بە سووری کەوت ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما!

سووری و هاوڕێکانی تێی گەیشتن، بەڵام سووریش دەستەکەمێکی لەو نەبوو! هاوڕێکانی سووری وێکڕا دایان لە قاقای پێکەنین!

(بە نیگایەک عاشق دەبن)!

دوو مانگی تر (ئەمیر) و (سووری) بوونە ژن و مێرد!

(دەڵێم بە پرخەی ئەو وەخەبەر هاتم. ویستم بیبەم بۆ خەستەخانە، بەڵام بێ جووڵە بوو و هەستی لێ نەهات! تازە زانیم مردووە)!

ژیانێکی بەختەوەرانەیان بوو، هیوا دۆستی ئەمیر جار جار سەردانی دەکردن، کوڕێکی ڕووخۆش بوو.

ئەم هاتوچوونە بوو بەهۆی ئەوەی کـە ئەمـیـــر وەشک کەوێ! زۆر جاران سووری دەگەڵ هیوا دا بە دەنگی بەرز پێدەکەنی. (ئەم تریقە تریقە!)

ئەمـیـر لەم هەڵسـوکـەوتەی ئەو دووانە ناڕاحـەت بوو. لای کـەس نەیدەدرکـاند کـە بەم هاتو چووە ناڕاحـەتە. بە سووریشی نەدەگوت!

وردە وردە تۆوی بەدگومانی لە دڵیا چەکەرەی دەکرد!

(بە هیـوا چی من دەگـەڵ سـووری چۆنم! ژنی خـۆمـە! هەرپێم خۆش بوو، لێی دەدەم!)

هەر دوێنێ بوو هیـوا لە بازاڕ تووشی ئەمیر بوو، دوای قـسـە و باسـان، هیـوا وتبووی: (تۆ پیـاوێـکی زانای، لە نـاو کـۆمــەڵدا دەژی! بۆ دەبێ ســووری بڵـێ گــۆڕاوە و هەمیشە بیانووم پێ دەگرێ)!؟

لە لای هیـوا هیچی نەگوت، بەڵام هەر هیوا ڕۆی لەبەر خـۆیەوە ناڵاندی: (... کـەس نیـیـە بڵـێ تۆ چ کـارەی؟ ئاخر بە تۆ چی؟ هەی هاوار لەم حاڵە)

بەڵام هەموو شتەکان پێوەندیان بە هیواوە هەبوو.

(ناشکرێ بڵێم ڕێی ماڵی منت نییە)!

ئەمە وڕێنەی هەموو ڕۆژێکی ئەمیر بوو!

دیسان چاوی لە ژنەکەی کردەوە! (قەحبە! دەڵێ نە بای دیوە نە بۆران)!

ڕاکشایەوە!، بەڵام ڕقەکەی نەخەوت!

تۆزێک چاوی لە سـەریەک دانا؛ دنیـای سـپی، پاشـان بوو بە ســـەوز، بوو بە شین، بوو بـە قـــاوەیی، بوو بە سوور....

* * *

سەرینەکەی هەڵگرت، هێواش خستییە سەر دەموچاوی سووری! تۆزێک خۆی سەردا!

سووری کەوتە پەلەقاژە!

زیاتر خـۆی ســەر ســەرینەکـە دا! ســووری کـەوتبـۆ لینگەفڕە! هەر وەکو مریشکێک کە سەری دەبڕن!

ئارەق لە سەرتاپای دەچۆڕا! سووری لەشی نەدەبزاوت. لە پەلەقاژە کەوتبوو!

(ئاوات دەکوژم)!

هەستا، لە پەنجەرەکە نیزیک بۆوە! بایەکی فێنک لە لەشی درا، فێنک بۆوە، ئارام بۆوە. ڕقەکەشی نیشتەوە!

هاتە سەر تەرمەکەی سووری!

(سووری... سووری..) نەء ناجووڵێ!

بۆ ساتێک پەشیمان بۆوە! (بۆ کوشتم؟)

دوایە دڵی خــۆی دایەوە (با بـخـــوا! پشـــیلەی بێ سفەت)!؟

بەڵام سـوپای پەشـیـمـانی بە هێزتر بوو! تا دەهات پتـر پەشیمان دەبۆوە!

(باشـە خـۆ قـەت بە چاوی خـۆم نەمـدیوە خـیـانەتم لێ بکا...)!

(دایکم دەڵێ: ژنەکەی تۆ فریشتەیە)!؟

(بڵێی دایکم ڕاست بکا؟)

بۆ سـاتێک ژیانی بێ سووری هێنایە بەر چاو! دڵی پڕ بوو! هەناسەی کەوتە ژمارە!

نەیدەزانی چ بکا. بۆ هەر لایەک دەچوو، دەمــوچاوی سووری دەهاتە بەر چاو!

هاواری کـرد: (سـووری سووری... سـووری گـیـان بم بەخشە..)


دەستێک هێواش یەخەی گرتبوو و ڕای دەژاند؛ (ئەمیر گیان! ئەمیر! بیسمیللا...)

ئەمیر لە خەو ڕاچڵەکی!

هەر کـە چاوی بە سووری کـەوت، زانی خـەونی دیوە! باوەشی بە ســووری دا کـرد و دەســتی کـرد بە گـریان: (سووری گیان بمبوورە... بمبوورە سووری گیان...)

ســووری خـێـرا خـێـرا دەیپـرسی: (باشـە بۆ؟ بۆچی بتبەخشم؟ چ بووە؟ کوڕە خەونت دیوە!

(ڕاوەستە چۆڕێ ئاوت بۆ بێنم...)!




# ژ ڕۆژەڤێن ئاردۆدا

**میران ژانبار**
**(مێردین)**

– ئاردۆدااااااا
– خانما تیندا هشیار بن!
– .........
– هشیار بن مەترسن!
– چ بوو؟ ئەز ل کو مە؟
– مەترسە ئەڤ دەر نەخوەشخانەیا ناڤەندێ یە. ژ دۆ ئێڤارێ ڤە یە تو ل ڤرى. خەم ناکە، تشتەکی تە یی موهم تونەیە. پیچەکی ئیستراحەت بکە.
– تو کی یی؟
– ئەز؟ خویا یە تە ژ بیرا کریە. ئەز ژ هێزێ پاراستنا فەدەراسیۆنێ مە.
– ئۆیبیى! سەرێ من دئێشە!
– گەر هوین بخوازن تەنا سەرێ خوە بمینن ئەز دکارم دەرکەڤم. دوو را گاڤا هوین بخوازن ئەم دکارن بئاخڤن.
– ........
– وەختا عیلاجان هات، ژ کەرەما خوە را هوون دەرکەڤن.
– بەلێ ئەزێ دەرکەڤم هەمشیرە خانم. ئە–ە–ە! دوو را یانی سبێ ئەزێ وەرم، ئەز باوەڕم تو یێ باش ببی تیندا خانم، ب خاترێ تە.
– ...
– ئە–ە–ە؟ نەخوەشا مە چاوایە نها؟

-!
- ڤان عیلاجان دڤێ تو بخوی. ده هایدێ.
- چ قـاس سـپی یه جلێ ته..... ئەڤ عـیـلاج پڕ تەحله.
- نا لێ، تو حـەنەکێ خـوه ب من دکی. ها ژ ته را هنەک ئاڤێ ڤەخوه.
- سپاس! ناڤێ ته چیه؟
- تو یێ ناڤێ من چ بکی لێـیێ! ئەز ڕەبەنا خـوەدێ، عەمرێ من گەهشت پێنجی. ئەهۆۆۆۆ! تو وەری مه بێخی پەیڤێ وەلاه ئەزێ ژ کـار بێم ئاڤـێتن. ده هەیدێ ب خاترێ ته. ئەز چووم.
- ئۆففففف سەرێ من! ده هەڕە، ئۆغر بە، ئەز ژی تێم، هەڕە، هەڕە، هەڕ، هە، هـ...........
- ڕەزا؟
- بەلێ پرۆفەسۆر.
- بەلێ ژ کەرەما خوه را ئالی من بکه، دا کو ئەز وێ ببم.
- بەلێ!
- لێ داخـوازا من ژ ته، بەحـسـا وێ ژ تو کـەسی ڕە نەکه، بلا کەس نزانبه کو ل با منه.
- بەلێ پرۆفەسۆر، لێ سبێ موفەتیش دێ پرس بکه، ئەزێ چ بێژم؟
- قەت تشتەکی نەبێژه.
- پرۆفەسۆر ئەوێ گەلەک ئیسراڕێ بکه. ئەوێ ببێژه " چاوا تو نزانی؟" ئەزێ ژێ را چ ببێژم؟
- بێـژه هن کـەس هاتن ئەو برن زانینگەها کـو لێ دخەبته، وێ خواستی یه کو ل ور ئیستراحەت بکه، وها ببێژه، تەمام؟
- تەمام پرۆفەسۆر!
- ده هەیدێ ئەم چوون! ژبۆ ئالیکاریا ته گـەلەک سپاس!
- سـپاس خـوەش، پرۆفەسۆر! مـا مه چ کـر؟ ته ژی د وەختـا خوه ده گـەلەک ئالیکاری ب من کـربوو. ئەز ب خێرا ته ل ڤر دخەبتم، ئۆغر بە!
- ها؟ ئەرێ، سپاس، گەلەک سپاس!

**مـیـران ژانبـار ل سـالا (١٩٧٤)ێ ل قـۆسـەرێ ژدایکبـوویه و خـوەندنا خـوه ل زانینگەها دیجلەیێ - کـۆلیـژا ئادابێ/ پشـکا ماتماتیکێ تەمامکریه.**



# وشت، وشت...!

سەعید فایەق
لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

ڕێم دەکرد، بەدەمیشییەوە هێور دەبوومەوە، بە تووڕەیی لە ماڵەوە هاتبوومە دەرەوە، لەوانەیە لە نەشتەری تراشبوون تووڕە بووبم، دەبێ، دەبێ! بێ گومان لە نەشتەری تراش تووڕە بووم.

سەوزبوونی گیایەکان، شین بوونی دەریاکان، بێ هەوربوونی ڕووی ئاسمان، زۆر باشە.. ئەمە دۆزێکە. گوایە کێ گوتوویەتی ئەمە دۆز نییە؟ بوودەڵەییە! ئەی ئەگەر باران دایبکردبا... یان سەوزێتیی گیایەکان مۆر، یان شینێتیی دەریا سوور بایە... ئەگەر بووایە ئیدی ئەوسا دەبووە دۆزێک.

گەڵایەک لە ڕەنگی شکۆلاتە، بزنێکی ڕەنگ چوالەییم بینی. یەکێک لە دوامەوە گوتی:

- وشت.

ئاوڕم دایەوە ڕوانیم. ئەوی تەنیشت ڕێگاکە هێشتا باڵای خۆیان نەکردبوو.. دڕکەزییەکان لەگەڵ گوڵە گەنمە ڕەشکۆکەکان بە تامێکی قەیسینە لێیان ڕوانیم. دانەکانم ئاڵ بوونەوە، کەس لە ڕێیەکەدا نەبوو. سەربانی ماڵێک و یەک دوو مەل کە دوور دەفڕین، لە نێوانی گەڵاکانەوە دەریام بینی، کە لە ڕێمدا بەردەوام بووم، گوتی:

- هشت هشت.

ویستم ئاوڕ بدەمەوە و بڕوانم، بەڵکو لەبەر حەزی زۆرم، نەمتوانی ئاوڕ بدەمەوە و بڕوانم، لەوانەیە لە ئاسمانەوە مەلێک بەدەم هشت هشت گوتنەوە ڕەت بووبێت! لە پشتمەوە مار، کیسەڵ، ژیژکێک ڕەت بووبن، بەڵکو مێروویەک هەبوو هشت هشتی دەکرد، دیسانەوە گوتی: هشت!

ئەم جارەیان، بەڵکو لە ئارەزوو نەکردنەوە بوو ئاوڕم دایەوە و ڕوانیم، هەستم کرد وەک کەسێک لەناو دەوەنەکاندا

خۆی شاردبێتەوە وابوو.

لەلای ڕێیەکەدا دانیشتم. هەندێک بەولامەوە گوێدرێژێک دەلەوەڕی. ڕەنگی ئەویش چوالەیی بوو، دەمی، دانەکانی، گوێیەکان و ملی چەند جوان بوون. دەلەوەڕی. گیایەکانی خشپەخشپ دەخوارد. لەوانەشە دەنگی ئەم خشپەخشپەم بە هشت هشت هاتبێتە بەرگوێ. دەنگێکی زۆر جودا لەو دەنگەی گوێدرێژەکە گیایەکانی لێ دەکردەوە گوتی:

– هشت هشت هشت.

هەندێک دەنگی زۆر ئاشنا هەیە لە بن گوێتاندا ناوتان دەهێنن، دەبێ وا نییە؟ زۆر دەگمەنە. لەوانەشە لەناو کاسەسەری خۆتانەوە دەنگێک کە ئێوە خۆشتان دەوێ، دەنگێک کە یادی دەکەنەوە، بێ ئەوەی دەنگ هەبێ بانگتان دەکا. دەبێ. تەمێکی شکۆمەندی نامۆ کە لە هەور ناچێ لەپڕ خۆری داپۆشی. دەستێکی چلکن، کالآیەکی لەسەر شانی کەرە ڕەنگ چوالەیی ڕاکێشا و برد. پالتۆ کۆنە ئافرەتانە جێ جێ کولک هەلوەریوە ڕەنگە خۆلەمێشییەکەی جارانی کردە بەر گوێدرێژەکە. بە ڕێ کەوتمەوە، با ئەوەندەی حەز دەکا هشت هشت بکا، حەزدەکا بەڕاستی برادەرێک بێ حەزی لە گالتەی نابەجێ بێ، حەز دەکا هەر.. هیچ کەسێک نەبێ. با ببمە دێوانەیەک خۆم هشت هشت بە گوێی خۆمدا بدەم، ئیدی گوێی نادەمێ.

لەوانەیە مەلێک بێ، لەوانەیە کیسەل بێ، لەوانەیە ژیژک بێ، لەوانەشە ماسییەک بێ لە دەریا نزیکەکەوە دەنگ هەلبڕێ، دەعبایەکە، ماسیگرەیەکە، جۆرە مەلێکە.

چاکتر ئەوەیە من خۆم هشت هشت بکەم. وام دانا ئەوساکە، ئەو مرەمرەی خەریکی دەبم بە تەواوی.. تەواوێک لە دەنگی هشت هشت جودا بێ.

دەمەودەست، پیاوێک و ژنێکم لەبەردەمدا بینی، پرسیاری ڕێی " کەلپەزانکایە " یان لێ کردم. گوتم، لەسەر ڕێیەکەدان، وەک بلێی ڕێیەکە کەوتبێتە جوولە، ڕێیان نەکرد، بە دوو شەقاو لەمن دوور کەوتنەوە، لە ناو مەڕەکاندا کوڕە قەشەکەم بینی لەسەر زگ پال کەوتبوو. ئافرەتێکی ڕاست بووەوە دەموچاو بوودەلە، لە کەلەشێرێکی کێوی دەچوو، لیکاوی دەمی سڕییەوە، بەرخەکەی لە لاقەوە گرت، لەگەل بەرخەکەدا کەوتە سەر زەوی، بەرخەکەی لە لووتەوە ماچ کرد، کوڕی قەشە، ناشیرین، بوودەلە، بە دەموچاوێکی سی و یەک سالەوە ڕوانی، ئەو دەمە لە کێلگەیەکی گولدا بووم، هەبێ و نەبێ ئەوەی هشت هشتی لەمن دەکرد پەلەوەرێک بووە، مەلی وا هەن، لە جیاتی جیکە جیک دەلێن هشت هشت، مەلە مەل.

پیاوێک زەویی بێلتەپ دەکرد، پێی بەسەر ئاسنی بێلەکەوە دەنا، گلێکی سووربای سەرەوژێر دەکرد. گوتی:

– مەرحەبا هاوشار.

گوتم:

ئۆۆۆۆ! مەرحەبا!

دیسان خۆی خەریکی کارەکەی کردەوە. گوتم، هشت هشت، گوێی نەدایێ. جارێکی دی گوتم هشت. دیسان گوێی نەدایێ. بەگوڕ و تینەوە هشت هشت هشت! گوتی:

– فەرموو گەورەم.

گوتم:

– هیچم نەگوتووە.

پەنجە گچکەکەی کردە ناو گوێچکەی، خوراندییەوە، پەنجەی دەرهێنا و سەیری کرد، وەک بیسڕێتەوە پشتی وەرگێڕا. گوتم:

– هشت هشت.

ڕووی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، سەیری مەلگەلی کرد، سەیری دەریای کرد، وەرچەرخا بە گومانەوە سەیری منی کرد. گوتم:

– ئەمسال بەروبوو چۆنە؟

گوتی:

– باش نییە.

کەی پاقلە کۆ دەکەنەوە؟

گوتی:

– هێشتا ماویەتی.

وەک هەناسە بدەمەوە گوتم " هشت ".

دیسان بە گومانەوە سەیری دەریای کرد و بە گومانەوە سەیری ئاسمانی کرد و بە گومانەوە سەیری منی کردەوە. گوتم:

– دەبێ مەلەکان بن.

گوتی:

– منیش هشت هشتێکم بەگوێدا دێ، بەلام لە چ

لایەکەوە دێ؟ ئەم گوێیەم بە خۆی لەم دواییانەدا گران بووە.
گوتم:
– شۆردنەوەیەک.. ئەوەی منیش لەو چەندانەدا گران بوو بوو.
– بە شۆردنت دا؟
– بە شۆردنم نەدا، پێویست نەما، چوومە لای پزیشک. لێ گەڕا، پیسایی بووە..
لێم پرسییەوە:
– منداڵەکان چۆنن؟
گوتی:
– باشن. نۆ بوون، مانەوە هەشت. دەزانی بەسەرهاتی نۆیەمیان چۆن بوو.. ها...
گوتم:
– وس، وس، خەمی دڵان. دەی سا بە خودام سپاردی!
– دەی بەخۆشی.
کەمێک دوور کەوتمەوە:
– هشت هشت
ئەم جارەیان یەخەم گرت. باخەوان بوو. ئەو بوو ئەو بوو. گوتم:
– دەی دەی ئەم جارەیان یەخەم گرتی.
گوتی:
– نە بەخودا، بە خودا هێشتا پاقلەم کۆ نەکردووەتەوە، بۆچی لەتۆی بشارمەوە، بەپارەی خۆی نییە؟
– ئەوەی هشت هشت دەکا تۆ نیت؟
– منیش دەنگێک دەبیەم، بەڵام نایدۆزمەوە لە کوێوە دێ؟ لە کوێوە دێ بابێ، لە چیاکانەوە، لە مەلەکانەوە، لە دەریاوە، لە مرۆڤەوە، لە ئاژەڵەوە، لە گیاوە، لە مێرووەوە، لە گولیلکەوە، لە کوێوە دێ بابێ!... دەنگی هشت هشت نەیێ خراپە، کە هاتیش، بژی گولیلکەکان، بژی مێرووەکان، بژی ئادەمزادەکان...
– هشت هشت.
– هشت هشت.
– هشت هشت.

**سەرچاوە: کۆمەڵە چیرۆکی:**

**Alemdagda var Bir Yilan - Sait Faik- yayin Kitaplik - Istanbul - Agustos 2002 - S.39 - 40.**

# داوەڵەکانی شەڕ

**ئەفشین ناسری**
**له فارسییەوە: محەمەد عەلی موکری**
**(بۆکان)**



**شوێن:** دوو سەنگەر لەمبەر و ئەوبەری تەختەی شانۆکەن، نێوەڕاستی ئەم دوو سەنگەرە، خەتی سنوورە و لە کۆتایی ئەم خەتەدا ئاودەست، یان تەوالێتە.

سەرلەبەیانی سەرباز تووتا لە خەو هەڵدەستێ و دەستێک بە سەر و ڕیشیدا دەهێنێت. دەنگی مارشی سەربازی لە جیهازەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەست دەکا بە گسک لێدان و سەنگەر خاوێن کردنەوە، لە کۆتاییدا دەچێتەوە ناو سەنگەرەکەی خۆی. ئەم جارەیان مینگوو لە خەو هەڵدەستێ و هەروەک سەرباز تووتا دەکات، بەڵام مینگوو جلە شۆراوەکانی هەڵدەگرێت کە وشک بوونەتەوە. هەردووکیان بە وردی جموجووڵەکانی یەکیان لە ژێر چاوەدێریدایە.

تووتا هەندێ وەرزش دەکات، لە لای مینگوو خۆی دەنوێنێت. مینگووش بە چاوی بەستراو، چەکەکەی هەڵدەوەشێنێ، بەڵام ناتوانێ بیبەستێتەوە و هەروا بە کراوەیی کۆی دەکاتەوە و چەکێکی تر بە دەستییەوە دەگرێ.

**تووتا:** هۆی! بەیانیت باش

**مینگوو:** سڵاو لە دوژمن تووتا

**تووتا:** دەڵێم بە ڕاستی بەیانییەکی زۆر خۆشە... هۆی مینگوو! دەتوانم لێت بپرسم لە کولتووری ئێوەدا بەیانی چ مانایەکی هەیە؟

**مینگوو:** کولتووری ئێمە زۆر پڕ بایەختر و گەورەترە لەم قسانە کە ئەو شتە بچووکانەی تێدا جێبێتەوە ... دەی باشە، دەکرێ تۆ پێم بڵێی لە کولتووری ئێوەدا بەیانی چ مانایەکی هەیە؟

**تووتا:** هەربۆیە دەڵێن لە هەر شوێنێک کەمیت هێنا، سەرێک بە لە کولتووری ئێمە، لە کولتووری ئێمەدا بەیانی نیشانەی نانی بەیانی خواردنە.

**مینگوو:** بەڕاستی کولتوورێکی زۆر بەقووەتتان هەیە.

**تووتا:** کولتوور و هونەری ئێمە لێوڕێژە لە هەوای پاکی نان خواردنی بەیانیان، هەربۆیە یەکێک لە نووسەرە هەرە

بەناوبانگەکانی ئانتی مۆدێرنیزمی ئێمە دەڵێ کە بەیانی، بەیانی دەهێنێ.

**مینگوو:** ئاوا!! ... هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە کولتوور و مێژووی ئێمە سەبارەت بە بەیانیان کەمتەرخەم نەبووە، لەبەر ئەوەی کە لە سەدا نەوەدی تەواوی تێکشکانەکانی ئێمە لە شەڕدا ڕێک لە کاتی بەیانیان بووە و یەکێک لە مێژووناسە بەناوبانگەکانی ئێمە کە لە جیهاندا ناسراوە و دوانیمەڕوانی کەشف کردووە و دەڵێ کە پاش هەر بەیانییەک دوانیوەڕۆیەک هەیە.

**تووتا:** هەڵبەت من دڵنیام لەوەی کە پاش مردنی من، تۆ بە فراوان بوون و گەورە بوونی کولتووری ئێمە دەگەی و ئەو کاتەیە کە دەڵێی قوڕ بە سەری منی بێ کولتوور.

**مینگوو:** من تەنیا لە بەرانبەر ئەو ڕستەیەی کە بەکارت هێنا، دەتوانم بڵێم برۆ خۆت بکوژە و تەواو!

**تووتا:** (دەڕوات بۆ لای تەوالێت) ئەوە دەچمە ناوەوە. ئاگادار بە، ئەگەر دەنگی خۆکوژییەکەم بەرز بوو، هەوڵ بە لەسەرەخۆ بیت.

**مینگوو:** سەد بریا بمتوانیایە هەر لەوێدا بتکوژم، بەڵام بە داخەوە لە عەقدی ٤١٠٠ کوشتنی هەر سەربازێک لە شوێنێکی ئاوادا دەبێتە هۆی شانازی و تۆش دەبێ ئەم شانازییە لەگەڵ خۆت ببەیتە ناو گۆڕەوە.

**تووتا:** (دێتە دەرێ) تۆ دانارزێی گوێ ڕادەگری؟ هەموو قسەکانتم گوێ لێ بوو ، ئەوەنە دەبۆڵێنی ناهێڵی بنیادەم بە ئارامی و دڵخۆشی ئیشەکەی بکات.

**مینگوو:** (بە تووڕەییەوە دەچێتە تەوالێتەوە)

**تووتا:** هەر بەڕاست مینگوو، لێمگەڕێ با بەم بەیانییە زووە ڕاستی شتێک ئاشکرا بکەم . زۆر جاران کە لە خۆم و لە ژیانی خۆم وەڕەز دەبم و بە کاتێک دەگەم کە خۆم بکوژم، لە ناکاو تۆم بەبیر دێتەوە کە چەنێک ماڵوێران و بێ چارەی، حەسوودی بە خۆشبەختی خۆم دەبەم. دەڵێم تا ئێستا جارێک بووە کە دانیشتی و لەگەڵ خۆتدا بڵێی کە چەنێ مرۆڤێکی زیادی؟

**مینگوو:** (لە تەوالێت دێتە دەرێ) دەڵێم بەڕاستی زۆر سەیرە، هەرکات بنیادەم دەچێتە ئەم شوێنەوە، هەست بە لەخۆباییەکی زۆر دەکات، هەر بە یەکجاری شەحن دەبێتەوە، بەهێز دەبێ وەک باترییەکی تازەی تانک . تۆ خەریکی سەیری چی دەکەی؟

**تووتا:** مینگوو، تۆ بۆچی دەمت دەجووڵێتەوە؟

**مینگوو:** چونکە بنێشت لە زارمایە.

**تووتا:** دەزانی ئەمە بوختانە؟

**مینگوو:** بوختانی چی؟

**تووتا:** ئەم کردەوەیە لە وڵاتی ئێمەدا، یانی دەمەوێ سەرت پان کەمەوە، یان ئاماژەیەکی ژنانەیە بۆ ڕاکێشانی پیاوان بۆ لای خۆیان.

**مینگوو:** لێمانگەڕێ!

**تووتا:** ئیتر خەریکە قینم هەڵدەستێنی.

**مینگوو:** دەی کە چی؟

**تووتا:** ئەوەی کە من و تۆ ببینە دوژمنی یەک.

**مینگوو:** دوژمن؟! تازە بەبیرم هاتەوە کە تۆ دوژمنی منی!

**تووتا:** دەی کەوایە سەرباز تێ بکۆشە وەک دوژمنێک بجووڵێیتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەم جووڵانەوەیە من بەهێزتر دەکات.

**مینگوو:** هێواشتر (نەڕەنەڕ)

**تووتا:** بۆچی؟!

**مینگوو:** لەبەر ئەوەی دەنگی تۆ ڕێگەی نییە بێتە ناو سنووری منەوە.

**تووتا:** ئەهۆی سەرباز! تۆ ئێستاش نازانی ئەو قەدەغە و قۆرغەی سنوور، بۆ دەنگ و هەرا نییە؛ گۆرانیبێژی گەورەی ئێمە شانفیکس بە دەنگی بەرز دەڵێ [گۆرانییەکی بێ مانا دەڵێ] ، یانی سنوور بێ سنوور!

**مینگوو:** پێم وابێ ئەمرۆ هیچ چاکی ناڵێم، ئەگەر ئیجازەت لەسەر بێ، دەمەوێ دیسان بچمەوە بۆ ئاودەست.

**تووتا:** هیچ ڕێیەکی نییە.

**مینگوو:** ئاخر من . (زۆر تاوی داوە)

**تووتا:** ئەوە بڕیارێکی نێونەتەوەییە، لە هەر بارودۆخێکدا ئەگەر من ڕۆژی جارێک ڕێگەی ئەو کارەت پێ بدەم،خیانەتم بە خەڵکی وڵاتەکەم کردووە.

**مینگوو:** لە کەیەوە ئاودەست چوون بۆتە خیانەت؟

**تووتا:** لەو کاتەوە کە تۆ تەنگەتاو بووی.

**مینگوو:** من دەبێ بچم (تەنگەتاو بووە)

**تووتا:** هەر ببزوویەوە، دەتکوژم.

**مینگوو:** بەڵام لە شەڕدا هەندێ جار دەکرێ یاساش بەرێوەنەبەی. من ئیتر ناتوانم خۆم ڕاگرم.

**تووتا:** هۆی، تۆی سەرباز نوێنەری نەتەوەیەکی، کەوابێ زۆر هاتن بۆ تۆ زۆر هاتن بۆ نەتەوەیەکە، ئەگەر

ئەوانیشت خۆشدەوێ، دەبێ خۆڕاگر بی.

**مینگوو:** تووتا، تۆ باسەکەت زۆر سیاسی کرد.

**تووتا:** هەر شوێنێ جێی بیرکردنەوە بێ، شوێنێکی سیاسیشە.

**مینگوو:** من ئیتر ناتوانم خۆم ڕاگرم.

**تووتا:** هەوڵ بدە خۆڕاگریت هەبێ. سەرباز لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ئەوە ئەزموونێکە بۆ تۆ کە لە ڕاستەقینەدا سەربازێکی تەواو عەیاری.

**مینگوو:** لێمگەڕێ بچمە ژوورێ.

**تووتا:** ناکرێ؛ ئەگەر بچی، دەکوژرێی.

**مینگوو:** تۆ بۆ ئەوەندە بێ بەزەییت.

**تووتا:** ئەو شەڕە منی وا بار هێناوە.

**مینگوو:** وەی. (زۆر تەنگەتاو بووە)

**تووتا:** هیچ نییە، سەرباز! ناوت دەچێتە مێژووەوە و هەموو شانازی بە ئازایەتی تۆوە دەکەن.

**مینگوو:** وەی!

**تووتا:** ئازایەتی و گەورەیی تۆی سەرباز جێی شانازییە.

**مینگوو:** ئەی. تەواو بوو. من ڕزگار بووم. تۆ زۆر ناپیاوی تووتا؛ تۆ لە خومپارییەکی کە گوللەی تێدا نییە بێ بەزەییتری. ئەوەی کە دەڵێن دوژمن هیچکات نابێتە بنیادەم و دەبێ بە گوللە بیکەیە بنیادەم، بەڕاستی ڕستەیەکی دروست و بەجێیە.

**تووتا:** منیش لام وایە، ئەزقەزا ئێمەش نوکتەیەکی وامان هەیە کە دەڵێ دوژمن بگرە و سواری بە، بەڵام مەهێڵە جووتە بهاوێ.

**مینگوو:** ئەسڵەن تووتا، تۆ بۆ بە خوێنی من تینووی، بۆ پێت وایە من سێبەری مەرگم!؟

**تووتا:** ئەی دەتەوێ سەمات بۆ بکەم. من و تۆ دوژمنی یەکین، وەک نوێنەری دوو وڵات، دوو نەتەوە. دەبێ حەز بە یەکتر نەکەین.

**مینگوو:** بۆ حەز بە یەک نەکەین؟

**تووتا:** چونکە ناچارین.

**مینگوو:** ئەوە دروست نییە، من و تۆ دەتوانین لێک نزیک بین.

**تووتا:** چی؟! (هاوار دەکات) بە هیچ جۆرێ. ئەسڵەن من مووی پیاوم لێ هاتووە.

**مینگوو:** ئەهـ، نا نا، مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم ئەوەیە پێ بکەنین، دەنگمان بەرز بکەینەوە، خۆ نابێ بە خاتری خەڵکی، یەکترمان خۆش نەوێ.

**تووتا:** جا چۆن وا دەبێ؟ ئەو کارە نابێتە خیانەت؟

**مینگوو:** کامە خیانەت؟ ئەگەر خیانەتیش بێ، خیانەتە بە من و تۆ.

**تووتا:** دەتەوێ بەو قسانە بمخافڵێنی هەتا سنوور ببەزێنی و سەنگەرەکەم داگیر بکەی.

**مینگوو:** بەڕاستی زۆر گەوجی! چەند ساڵە من و تۆ لێرە لە لێواری ئەم سنوورە کێشک دەگرین و شەو و ڕۆژمان لەگەڵ ئەو ئاسنەوالانە تێپەڕ دەکەین. هێندە لێرە ماوینەتەوە، بۆگەنی پۆتینەکانمان دەتوانێ تا فەرسەخێ ئەولاتر هەموو سەربازێ قڕ کات، بۆگەنمان گرتووە. مانگی جارێ بتوانین ئاوێ بە خۆماندا بکەین شاکارمان کردووە. تا ئێستا لەو ماوەیەدا ژەمێکمان چێشتی گەرم نەخواردووە، بەڵام ئەو نەتەوەیەی کە تۆ لێیان دەدوێی و لایەنگریانی، بە بیستنی ئەو قسانەی ئێمە قاقا پێمان پێ دەکەنن. دەزانی بۆچی؟ چونکە مافی خۆیانە، من و تۆی چارەڕەش دەبێ لەو سەنگەرەدا برزێین، بەڵام ئەوان بەناوی شەڕ بە ئۆتۆمبێلی ئاخر مۆدێل و کۆشکی ڕازاوە بگەن. من و تۆ تێداچووین بەدبەخت! ئەوانەی بە بیانووی شەڕی نێوان من و تۆ خۆیان گیف دا و سەروەت و سامانیان وەسەر یەک نا، بوونە کوڕی بابی خۆیان، خیانەتیان لە ئێمە کرد. ئێمە چین تا خیانەتمان لەوان کردبێ. ئێمە لەو چۆڵگە و بیابانە کێشک دەگرین، بەڵام ئەوان لە گازینۆ خۆشی ڕادەبوێرن. چ دەبوو ئێمە لە جێی ئەوان بوایەین؟ چ بەڵگەیەکت هەیە بۆ ئەو کارە؟ لەگەڵ تۆمە؟ من و تۆ کرمی ئەو باغچەیەش نین، من و تۆ نەوەی بێ ناوونیشانین و کەس بە هیچمان نازانێ. بوون و نەبوونمان بۆ ئەوان وەک یەک وایە، هیوادارم وتەکانم بسەلمێنی.

**تووتا:** ڕاست دەکەی... ڕەحمەت لە مردووت بۆ قسەت، من قسەکانت دەسەلمێنم (ئەدای خاوەن بیروڕاکان دەردێنێ) بە قەولی شکسپیر بوون، یان نەبوون، کێشەکە ئەوەیە.

**مینگوو:** ئەی هاوار لە دەست تۆی گەوج! خەریکم شێت دەبم. من لە کەیەکەوە لەگەڵت دەڵێم. لەوە بەدواوە وات لێ دەکەم لە دوژمن بوونی خۆت پەشیمان بیەوە. سەعاتێکە من لێی دەرێسم، بەڵام ...

**تووتا:** زۆر خۆت ناڕەحەت مەکە.

**مینگوو:** کوڕە بەختی چاکت هەیە کە تا ئێستا

هێشتوومە نانی زیندوویی بخۆی.

**تووتا:** دەزانم بەو قسانەت دەتەوێ دڵم نەرم کەی تا بێی بۆ ئەمبەری سنوور.

**مینگوو:** تێنەگەیشتی. من سەربازم. کێشکچی ئەو سنوور و وڵاتە. ناهێڵم پێی ژنانیلەیەک بێتە ئەوبەری سنوور.

**تووتا:** تۆ چووزانی من ژنانیلەم؟ بەڵگەیەکت هەیە؟ شتێکت دیتووە؟

**مینگوو:** لە بادانی کەمەرت تەواو ئاشکرایە، چون زۆر نەرم و جوان هەڵدەخولێ.

**تووتا:** من پیاوم و ئەگەر دڵنیا نی، دەتوانم پێت بسەلمێنم.

**مینگوو:** (چەکەکەی ئامادە بەدەست دەکا، تووتاش دەچێتە ناو سەنگەرەکەی خۆی) مەترسە وەرە پێشێ، هەوڵ دەدەم ئەم جارە چاوپۆشیت لێ بکەم.

**تووتا:** کورە خۆ من ناترسم، بەڵکو ئەوە فێر بووم کە سەرباز دەبێ هەمیشە لە حاڵی چالاکی سەربازیدا بێ، چونکە سەربازە و ئەگەر ...

**مینگوو:** ئەسڵەن تووتا، دەتوانم لێت بپرسم بۆ چی و بۆ کێ بە شەڕ دێی؟

**تووتا:** دەی ئاشکرایە، بۆ پاشاکەم.

**مینگوو:** کام پاشا؟

**تووتا:** پاشای وڵاتەکەم.

**مینگوو:** ، یانی ئەو پێی گوتووی بە شەڕ بێی؟

**تووتا:** ئەی چی

**مینگوو:** نەیگوت لەبەر چی بە شەڕ بێی؟

**تووتا:** تا ئێستا نەمدیوە تا لێی بپرسم.

**مینگوو:** تۆ سەرۆکی وڵاتەکەتت نەدیوە؟

**تووتا:** ئەسڵەن.

**مینگوو:** ئەی چۆن شەڕی بۆ دەکەی؟

**تووتا:** تەنیا دەنگەکەییم لە ڕادیۆوە بیستووە کە دەینەڕاند بڕۆن بە شەڕ بێن، بۆیە منیش دەستم بە شەڕ کرد.

**مینگوو:** نەیگوت لەسەر چی بە شەڕ بێن؟

**تووتا:** بەرێوەڵڵا، گوتی بۆ شەڕ بە شەڕ بێن.

**مینگوو:** دەی شەڕ بکەین کە چ ببێ؟

**تووتا:** کە بێتە شەڕ.

**مینگوو:** پاشاکەتان ژنە، یان پیاوە؟

**تووتا:** لێم ڕوون نییە، چونکە نەمدیوە.

**مینگوو:** بەڵام لە ڕووی دەنگەکەیەوە دەکرێ بیناسیتەوە.

**تووتا:** کاتێ هێواش قسە دەکات، دەنگی وەک پیاوە، بەڵام کاتێ کە دەنەڕێنێ، وەک ئافرەتە، منیش تێدا ماوم کە چلۆن دەبێ لێم ڕوون بێتەوە.

**مینگوو:** دەڵێم تووتای دوژمن ، لەو چەند ساڵەدا تۆ کەسێکت لە شەڕدا کوشتووە؟

**تووتا:** بە داخەوە تا ئێستا نە بۆم کراوە، نە دەرفەتێک هاتۆتە پێش.

**مینگوو:** بەو حاڵە ئەگەر من لە جێی تۆ بوایەم، هەر ئێستا چەکەکەم دادەنایە سەر ئەرز و خۆم ڕادەست دەکرد. ئاخر نەفام! تۆ پێت وایە مانەوە و شەڕکردنی ئێمە لە بیری کەسدا دەمێنێتەوە.

**تووتا:** نازانم، بەڵام بەرەبەرە هیوادار دەبم.

**مینگوو:** بە چی؟

**تووتا:** هیوادار بەوەی کە ڕەنگە دڕندە بین و بتوانین هەموو شتەکان لە بیر بەرینەوە.

**مینگوو:** دەزانی چەند ساڵ دەست بە چەک بوون و گوللە نەهاویشتن، یانی چی؟

**تووتا:** بەڵێ، یانی ئەوەی کە غیرەتی گوللە هاویشتنمان نییە، لە پیاوەتی کەوتووین.

**مینگوو:** نازانم بۆچی ئێمە هەمیشە لە شەڕدا دەبێ بۆ کەسانێک لە ناو بچین کە نازانن خۆشیان بشۆنەوە.

**تووتا:** بەڵام من ئێستاش دڵەخورپەمە.

**مینگوو:** لەبەر چی؟

**تووتا:** بۆوەی کە ناتوانم بە لەسەرەخۆیی لەگەڵ دوژمنێک بدوێم.

**مینگوو:** تازە بەبیرم هاتەوە کە تۆ دوژمنی (تووتا و مینگوو بەپڕتاو دەچنە ناو سەنگەرەوە و سێرە لە یەک دەگرن)

**تووتا:** بەڕاستی پیرۆزباییت لێ دەکەم کە مێشکێکی ئاوات هەیە.

**مینگوو:** هەموو سەربازێک ناتوانێ هەست بە بۆنی دوژمن بکا.

**تووتا:** نەبزووی، نەجووڵێیەوە، دەنا لەتوپەتت دەکەم – ٣٠ چرکەت دەرفەت هەیە تا ناوی هاوسەنگەرەکەت ئاشکرا بکەی.

**مینگوو:** ئەدی کارت تەواوە چون ڕاست لە بەرانبەر تیراوێژی مندای.

**تووتا:** دەتەوێ بیتەقێنی؟
**مینگوو:** سەد لە سەد دەیتەقێنمەوە.
**تووتا:** ئاخر مەگەر ڕێگەی تیرهاویشتن دراوە؟
**مینگوو:** (کاغەزێ لە گیرفانی دەردێنێ) نا، بەڵام.. بەڵکو بتوانم کەڵک لە ڕێگەی تیراوێژی ساڵێ پێش وەرگرم.
**تووتا:** (هەڵدەستێ) بەڵام پێم وانییە بۆت جێ بەجێ بێ.
**مینگوو:** لەسەر عەرزی ڕاکشێ.
**تووتا:** (درێژ دەبێ) کەوایە هەوڵدە وەک سەربازێ بمری کورم.
**مینگوو:** من کێشکچی ئەو سنوور و وڵاتەم. نووکی تفەنگم بە سینگی دوژمنمەوە دەنێم.
**تووتا:** هەر بە ڕاستی دەتەوێ من بکوژی؟
**مینگوو:** بەڵێ، هەر لەو ساتەوە وا بزانە مردووی.
**تووتا:** تۆ ئەسڵەن ناتوانی ئەو کارە بکەی.
**مینگوو:** بۆچی؟
**تووتا:** چون کاتژمێر سێ و نیوە و کاتی دەوامی ئیداری بەسەر چووە.
**مینگوو:** (بە ناڕەحەتییەوە) نا – تەح لەو چارەڕەشییە، زۆر لەوە ناڕەحەتم کە نەمتوانی بتکوژم (هەردووکیان هەڵدەستن)
**تووتا:** ئەوەیە کە دەڵێن هێندێ جار یاساکانی ئیداریش بەکەڵک دێن.
**مینگوو:** زۆر بە داخەوەم لەوەی کە نەمتوانی بتکوژم.
**تووتا:** هەستی هاودەردی منت قبووڵ بێ. دەڵێم مینگوو تۆ کە ئەوەندە ئازای، دەبوو پلەی سەربازیت بەرنە سەرێ.
**مینگوو:** تێناگەم، هەندێ ئاسانتر قسە بکە، با بزانم دەڵێی چی!
**تووتا:**، یانی ئەوەی وەک سەربازێکی قارەمان تا ئێستا میدالی ئازایەتییان پێداوی، یان پلەیان بەرز کردوویەتەوە.
**مینگوو:** ئەها. لە وڵاتی ئێمە خۆ ئاوا نییە.
**تووتا:** ئەی چۆنە؟
**مینگوو:** ئاوایە کە تا گەوجتر و ترسنۆکتر بی، پلەوپایەت بەرزترە.
**تووتا:** نا!؟ (لە حاڵی خواردندا)
**مینگوو:** بڕوا بکە، لەبیرمە ساڵێک لە شەڕدا دوو سەرباز خەریک بوون لەگەڵ یەک بە شەڕ بێن، سەربازی یەکەمیان تا توانی لە هێزەکانی دوژمنی نابووت کرد، بەڵام سەربازی دووەمیان لە ترسی شەڕ قایشی شەڕواڵەکەی پسا و شەڕواڵەکەی داکەوت، بۆ ئەو کارەی میدالی ئازایەتییان پێدا. دەزانی بۆ؟ چونکە دەیانگوت ئەو کاتەی گوللەیەکی تۆپ بەرەوڕووی دەهات، بە تەواوی هێزیەوە خۆی بە لادا خستووە و کە بە سەر سەریدا ڕۆیشتووە، کەچی ئەو دانەوییبۆوە پانتۆڵەکەی هەڵکێشێتەوە و هیچ مەبەستی خۆلادان لە گوللە تۆپەکە نەبووە.
**تووتا:** (بە سەرسووڕمانەوە) ئەی باوکە! چ وڵاتێکی سەیرتان هەیە. دەڵێم مینگووی دوژمن ، ڕۆژێ دەرفەت بێ لە کاتی ئاشتیدا سەرێ لە وڵاتەکەتان بدەن.
**مینگوو:** (چەکەکەی لێ ڕاست دەکاتەوە) چیت گوت؟
**تووتا:** (بە ترسەوە) بۆچی؟
**مینگوو:** دە نابێ وا بڵێی، چونکە ڕقم لە ئاشتی و تەباییە.
**تووتا:** دەتوانم بپرسم بۆچی؟
**مینگوو:** چونکە کاتێک ئاشتی بکرێ، هەموو بێکار دەبن و ئەو کاتەیە کە لە برسان دەمرین. ڕۆژێک کە من لەو سەنگەرە وەدەر نێن، ڕۆژی مەرگی منە. (وێڕای ترساندنی تووتا)
**تووتا:** (لە ترسان) بەڵێ، بەڵێ. من سەنگەرم خۆش دەوێ. ئاخر منیش بیرەوەرییەکی خۆشم لە سەنگەر هەیە، چونکە ماوەیەک لە سەنگەر گیرم کردبوو.
**مینگوو:** دەی دوایی!
**تووتا:** ئیدی هیچ کات گیرم نەکردەوە.
**مینگوو:** ئەسڵەن سەربازی بێ سەنگەر وەک سەنگەری بێ سەربازە.
**تووتا:** بەڕاستی وایە، دەڵێم بریا بکرایە بۆ ڕێزلێنان لە سەنگەر، سەنگەرەکانمان لەگەڵ یەک دەگۆڕییەوە.
**مینگوو:** نابێ و ناکرێ، چونکە ئەوە هێڵی سنوورە بووەتە هۆی ئەوەی من و تۆ پێکەوە دوژمن بین.
**تووتا:** بریا بکرایە هەموو ئەو هێڵانە لە دنیادا پاک کرایەتەوە.
**مینگوو:** دەڵێم تووتا، ئێستا کە باسی دوژمن هاتە ئاراوە، دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم؟
**تووتا:** بەڵێ.
**مینگوو:** تۆ کە هەرسات ناوی دوژمنم بە چاودا

دەدەیەوە، دەتوانم بپرسم ئایا کەریش دوژمنە، یان نا؟
**تووتا:** کەر؟ لەبەر چی وا دەڵێی؟
**مینگوو:** ئاخر ڕۆژێ کەرێ قاچی نایە ئەوبەری سنوور.
**تووتا:** دەی دوایی.
**مینگوو:** منیش کتێبی یاسام دەرهێنا و هەرچی سەیرم کرد، دیم کە سەبارەت بە مل پێوەنانی گوێدرێژ بۆ بەشی سنوور هیچ یاسا و بڕیارنامەیەکی تێدا نییە.
**تووتا:** لە بەشی یاساکانی بنەڕەتی و خاڵە جیاوازییەکانی چی؟
**مینگوو:** لەوێشدا شتێ نەبوو.
**تووتا:** هەڵبەت مینگوو گیان، ئەوە زۆر ئاشکرایە، چونکە هەمیشە یاسا لەو بابەتانەوە کەموکورتی هەیە و ئەوە زۆر ئاساییە. دەی دوایی؟
**مینگوو:** تا ئەوەی کە پاش ٢٥ ڕۆژ لە نێو شاری ئەویان گرتبوو.
**تووتا:** پاش ٢٥ ڕۆژ! کەرێکی زیرەک بووە. ڕاستی چ ڕەنگی بوو.
**مینگوو:** لە بیرم نییە.
**تووتا:** بە قاچێ هاتە ژوورێ، یان بە دوو قاچ؟
**مینگوو:** بە هەر چوار قاچییەوە.
**تووتا:** گوتت بە هەر چوار قاچییەوە. ئەوە ئاوا کە بە ئاشکرایی تەواوەوە هاتووەتە ژوورێ! وێ دەچێ واستەیەکی زۆر باشی هەبووبێ
**مینگوو:** نەجووڵێیتەوە!
**تووتا:** دیسان چ قەوماوە؟
**مینگوو:** تازە وەبیرم هاتەوە کە تۆ دوژمنی!
**تووتا:** بەسە ئیتر. ئاخر من نازانم تۆ بۆ منت خۆشناوێ؟ بۆ بە ناڕەحەتییەوە سەیرم دەکەی؟ بۆ لە من دوورەپەرێزی؟ دەڵێی من تاعوونم گرتووە. بە جێی ئەو هەموو دوژمنایەتییەت، وەرە پێکەوە ببین بە دۆست! چەند ساڵە لە بەرانبەر یەکدا وەستاوین، بەڵام نەبووە جارێ فەرموویەکمان لێ بکەی.
**مینگوو:** ئەزقەزا هەر ئێستا لە بیری ئەوەدا بووم فەرمووی جگەرەیەکت بکەم.
**تووتا:** دەی چاوەڕێی چیت سەرباز؟ هیچ کاتێ کەسێ چاوەڕوان مەکە، چونکە گوناحێکی زۆر گەورەیە.
**مینگوو:** وەرە (دەیەوێ جگەرەیەکی پێ بدا) لە بابەت سنوور و گومرەکەوە گیروگرفتێکی نییە.
**تووتا:** نا، جگەرە شتێکی نێونەتەوەییە، ئەویش دەنک دەنک شتێک نییە، بەڵام ئەگەر بە پاکەت بێ، ئەوە نابێ.
**مینگوو:** بەڕاست، نەتگوت چۆن بوو لەسەر خواستی خۆت هاتی بۆ شەڕ؟
**تووتا:** ئەوەی کە بە مەیلی خۆم هاتبێتم، نەقڵی لە سەرە. شەوێ کە لەسەر جێی خۆم ڕاکشابووم و پەرداخێک ئاوی باینجانی ڕەشم نابووە بن سەرم. ئاخر ئاوی باینجانی ڕەش دوو قازانجی هەیە کە ئەنجامی ئەزموونگەل و چالاکی شەو و ڕۆژی خێزانم بوو، هەوەڵ بە قەولی خێزانم زیپکە و پەڵەی دەموچاوی دەفەوتاند، پاشان دەبووە هۆی ئەوەی کە شەوانە ئەوە فەرامۆش بکەی کە قەرزداری کێی و چەندە و بە خەیاڵی ئاسوودەوە بخەوی. هەر ئەوەندەی کە دەستم درێژ کرد تا پەرداخەکە هەڵگرم، دەستم لە داوێنی کەسێ کەوت. سەرم هەڵێنا کەشیشێکە کە لە لام ڕاوەستاوە. ویستم شتێ بڵێم، دەمی گرتم و گوتی ڕۆڵە بۆ وەی کە دەچی بۆ شەڕ، دوعات بۆ دەکەم. وامدەزانی خەون دەبینم تا ٢٠ - ٣٠ کەس ڕژانە سەرم و جلی سەربازییان کردە بەرم و گوتیان تۆ دەبێ سنوور بپارێزی، گوتم ئاخر ماڵی ئێمە لە ناوەڕاستی وڵاتەکەماندایە، لە سنوور زۆر دوورە. دەستیان گرتم و منیان هێنایە دەرەوەی ماڵەکە و دیتم کە دوژمن ڕاست لەسەر سنوورەوە تا ناوەڕاستی وڵاتەکەمانی تێکومەکان داوە و ماڵەکەمان کەوتۆتە لێواری سنوور. ئیدی ئاوا بوو کە شەپلاغەیەکیان لە پشت ملم دا و کاتێ هۆشم هاتەوە بەر خۆم، لێرە بووم، یانی نێو ئەم سەنگەرە... تۆ چی؟ حەتمەن تۆش بە خواستی خۆت هاتووی بۆ شەڕ؟
**مینگوو:** نەقڵی من تەواوی ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان بە باشی دەزانن... بڕوا پێ کردنەکەی برێک دژوارە. ئەو ڕۆژەی هێزەکانی دوژمن ڕژابوونە نێو شار، تانکێک بە تەنیایی تەواوی شەقامەکانی بەستبوو، هەرچەن هێزەکانی ویستیان ئێمە بکوتن، نەیاندەتوانی، منیش کە لە ژێرخان گیرم کردبوو، لەوانە بوو بۆ یەک جگەرە گیانم دەرچێ کە بە هەزار بەدبەختی هاتمە سەرێ، دیم لەبەر دەرگا لەسەر شەقامەکە پاکەتێک جگەرە لە پەنای قومقومەی سەربازێ کەوتووە، وەک بارانیش گوللە دەباری. بە کورتی لە عەشقی کێشانی جگەرە خۆم پێ گەیاند؛ هەر ئەوەندەی پاکەتە جگەرەکەم هەڵگرت، دیتم هەراوهۆریای شادیانە دەهات، منیان گرت و لە کۆڵیان

کردم و وێنەیان گرتم و بردیانم بۆ قائمقامیەت و وێڕای بژی بژی و هەرا و گوڕەی خەڵک، میدالی ئازایەتییان پێ دام.

**توتا:** ئاخر بۆچی؟

**مینگوو:** ئەوان دەیانگوت ئەو ساتەی من ویستم پاکەتە جگەرەکە هەڵگرمەوە، تانکەکە لوولەکەی بەرەو رووی من گرتبوو، وەک ئەوان دەیانگوت من بە ئازایەتییەکی تەواوەوە سەرم لێ شێواند و لەو ساتەی کە لوولەکەی روو بە من گرتبوو، ئەوان توانیبوویان بە نارنجۆک لێیدەن. هەر لەبەر ئەوە منیان بە میدالی ئازایەتییەوە بۆ جەنگەی شەڕەکە نارد ، چونکە دەیانگوت دوور بوون لە شەڕ بۆ سەربازێکی ئازای وەک تۆ جێی شەرمەزارییە.

**توتا:** کە ئاوا...

**مینگوو:** دەڵێم توتای دوژمن ، هیچی وات پێیە جگەرەکەی پێ هەڵکەم، بەڵام وریا بە قاچت نەهێنیە ئەمبەری سنوور.

**توتا:** وەرە (شقارتەیەکی بۆ دەردەهێنێ)

**مینگوو:** چ چەرخێکی جوانە! چوناوچۆن هەڵدەبێ؟

**توتا:** ئەتۆمییە، بە ئەتۆم کار دەکات.

**مینگوو:** (جگەرەکە لە دەمی دەکەوێتە خوارێ) چی ... ئەتۆم ناپیاوانە.... شەڕ ... شەڕی ئەتۆمی! تۆ دەتەوێ بە ئەتۆم لەگەڵ تاقە سەربازێک بە شەڕ بێی؟ خراپکار، پیاوکوژ، ناکازاکی و هێرۆشیما... دەڵێن دوژمن هەمیشە دوژمنە... بێ عەقڵی دوژمنکوژ، هەوڵ بدە پیاوانە بە شەڕ بێی، شەڕی ئەتۆمی، ئیشی منداڵانەیە.

**توتا:** ئەو قۆڕیاتە ئیدی چییە؟

**مینگوو:** کەی دەتەوێ بۆمبارانی ئەتۆمیم بکەی؟ تەنانەت پێم ڕاگەیەنە هەر لەبەر ئەوەیە سەعاتێکە منت بە قسەکانت سەرقاڵ کردووە، ئاخر ناپیاو ئەتۆم و سەرقاڵ کردن!؟

**توتا:** ئەو قسانە چییە؟ ئەوە چەرخێکی ئەتۆمییە، هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو ئەتۆمەی ترەوە نییە. بڕوا بکە. ئاخر دوژمنی نەخوێندەواری گێژ و وێژ، تەنانەت لە ناو لەشی ئێمەش لە پاڵ وردیلەکان (مولوکول و سلوولەکان) ئەتۆمی لێیە.

**مینگوو:** ئەویش کاری ئێوەیە. بۆ ئەوەیە هەمیشە هەست بەوە دەکەم خەریکم دەتەقێمەوە. بێ بەزەییانە! ئێوە دەتانەوێ بەو کارە دنیا بگرن، بەڵام تێ نەگەیشتوون!

**توتا:** (نارەحەت دەبێ و چەکی لێ ڕاست دەکاتەوە) بەسە ئیتر دەنگت بێنە خوارێ. ئەو قسە هەڵیت و پڵیت و ئەو جووڵەجووڵە بێ مانایانە چییە لە خۆتی دەنوێنی؟ سەعاتێکە دەمەوێ روونت کەمەوە نافامی ئاخر نەفام (دەنگێک دێت) دەنگی دێ مـــینگوو... تۆش دەیبیستی؟

**مینگوو:** بەڵێ، وێدەچێ نەفەرێ بێ بۆ ئێرە (هەردوو بەرەو لایەک بە پێچەوانەی دەنگەکە ئەمر بە ڕاوەستان دەکەن) بوەستە... بوەستە

**توتا:** بوەستە.... بوەستە

(ژنی پۆستەچی لەولاتری هەردووکیانەوە هاتە ژوور)

**پۆستەچی:** سەربازگەلی قارەمان، ڕۆژ باش. دیسان من هاتمەوە. دەزانم هێندە لە دیتنی من خۆشحاڵن کە لە ئاستی خۆتان وشک بوون. زۆرم پێ خۆشە کە دوای پێنج مانگ توانیومە ئێوە ببینم. هەڵبەت ئێوە هەرگیز قەدری منی پۆستەچی و ئیدارەی پۆست نازانن کە بەو هەموو زەحمەتە وەڕێ کەوتم بە جۆرێ کە هێندە نامەزڕۆی ئێوە بووم کە پاژنەی کەوشەکەم لێ بۆوە (بە هیچ جۆرێ ڕێگەی قسە کردن بە توتا و ڕاگەیاندنی ڕاوەستان لە لایەن مینگووەوە نادا) هەروا کە لەگەڵ ماری لە بابەت هارییەوە کە چلۆن ئەو نامەیەی ناردووە دەدوام، لەپڕدا چاوم بە نامەکەی تۆ کەوت بە خۆم گوت پۆستەچی دەبێ هەمیشە زوو زوو سەر لە ئیدارەی پۆست بدات تا بتوانێ نامەی سەربازەکان فەوری بگەیەنێ، چونکە ئەگەر نەتوانێ بچێتە پۆست، ئەوکات پۆستەچی بێ پۆست وەک پۆستی بێ پۆستەچییە. هەر لەبەر ئەوە منی پۆستەچی کە لە ئیدارەی پۆستەوە بەڕێ کەوتووم، لە ڕێدا دیم کە هەر سەربازێ لەسەر پۆستی خۆی ڕاوەستاوە و خەریکن کێشک دەگرن کە بەبیر ئیدارەی پۆستی خۆمان کەوتمەوە کە بۆ پۆست کردنی دایکی خانمی هاری لە ئیدارەی پۆست چەند تەمری دەویست کە ئەو نامەیە بنێرێ، هەربۆیە دەڵێن پۆستەچی دەبێ هەر ڕۆژ سەر لە ئیدارەی پۆست هەڵێنێ، هەروەک سەرکێشێ کە سەر لە پۆستەکان دەدات. هەر ئەوەندە کە فەرسەخێ بە ڕێدا هاتم دیتم کە هەرچی هەیە هەر پۆستە و منی پۆستەچی لەپڕدا لە نێوان ئەو هەموو پۆستی کێشک کێشان دیم لەولای منەوە سەربازێ خەریک بوو هەڵدەهات. گوتم:

ئەهۆی سەرباز! گوتی: چییە پۆستەچی؟ من کە لەسەر پۆستم و لەسەر پۆستی خۆم کێشک دەگرم (مینگوو هەروا هەوڵ دەدا ئیستی پێ بدات و ڕایگرێ، بەڵام پۆستەچی ڕێگەی پێ نادات) گوتم پۆستەچی کێشک دانی ئەو سەربازەت دی. دووبارە کەوتمە ئەو فیکرە کە هاری خەسووی پۆست کردووە بە پۆستی زۆر زوو (پیشتاز) دیم سەربازێ هەرا دەکات و دەڵێ پۆستی تۆ زۆر پەستی کە وەڵامی بەڵێنی دەسگیرانەکەی منت نەهێناوە، گوتم پەستی پۆستەچییە وەک ئەوە کە سەربازی لەسەر پۆستەکەی کێشک نەگرێ. ئێستە ئیزن بدەن لە بارەی هاوکارەکانم بۆتان بدوێم. ئەوان هەمیشە بەغیلییان بە من دێ کە من چەندە تامەزرۆی ئیشەکەمم، نازانم بۆ هەموو جارێکیش لەو ساتەدا گۆرانی بوویام وەبیر دێتەوە کە دەڵێ:

**دەڕۆم، دەڕۆم**
**بۆ لای دڵبەری خۆم، ڕادەکەم ڕادەکەم**
**برۆ، برۆ، ڕاکە، ڕاکە**

هەر لەبەر ئەو من حازرم نامەکان بەرم چون هەست دەکەم سەربازەکان پێویستییان بە نامەکانیان هەیە، ئەگەرچی دووریش بێ و کەوشەکانی منیش دڕابێ بە قەولی بوویا: من بە پێی پەتی دەڕۆم، دەڕۆم.

ئاخر سەربازە قارەمانەکان، من لە منداڵییەوە هەمیشە کاغەز و نامەم خۆشدەویست چون خووم پێ گرتبوو کە خەتخەتییان بکەم، بەڵام نازانم بۆ نامە نووسینی سەربازەکان کەم بووە و ئەوان لە تەمر کەڵک وەرناگرن. برێ جار نامەکان هێندە مەوداکەیان دوورە کە کەس ئامادە نییە بیانگەیەنێ، بەڵام من هەر ئەوساتە دیسان وەبیر گۆرانی بوویا دەکەومەوە کە دەڵێ

**من بە پێی پەتی ... ڕادەکەم**
**بۆ دڵدارەکەم ... وا دەکەم**
**دەی برۆ، دەی برۆ، دەی برۆ**
**واوە چۆ، واوە چۆ، واوە چۆ**

هەر لەبەر ئەوە من حازرم نامەکان بەرم، چونکە هەست دەکەم سەربازەکان پێویستییان بە نامەکانیان هەیە، ئەگەرچی دووریش بێ و کەوشەکانی منیش دڕابێ، بە قەولی بوویا:

**من بە پێی پەتی دەڕۆم، دەڕۆم**
**بۆ لای دڵبەری خۆم ڕادەکەم، ڕادەکەم**
**برۆ، برۆ، ڕاکە، ڕاکە**

بەڵام خۆشحاڵم سەرەنجام پاش پێنج مانگ دووبارە ئێوەم دیتەوە و نامەکانتانم (ناهێڵن قسەکەی بکات)

**تووتا:** (دەڵێی لەوانەیە لە داخان بتەقێ) ئێمەش خۆشحاڵین، نەک جارێک، بەڵکو دە جار، سەد جار، هەزار جار، هەزاران جار خۆشحاڵین، خۆشحاڵین و لەبەر خۆشحاڵی پێم خۆشە بنەڕێنم.

**مینگوو:** (بە تەواوی هێزییەوە) ڕاوەستە، منیش خۆشحاڵم کە سەرەنجام توانیم ئیستت پێ بدەم. تۆ ژنێکی زیرەکی، چونکە نە تەنیا نەتهێشت کەسێ قسەیەک بکات، بەڵکو دەرفەتی ئیستدانیشی پێ نەداین.

**تووتا:** بەڵام سەرەنجام چاوەڕوانی تەواو بوو و وەڵامی نامەکانمان گەیی.

**پۆستەچی:** سەرباز تووتا، بە داخەوە دەبێ بڵێم نەمتوانی وەڵامی نامەکەی تۆ بێنم.

**تووتا:**، یانی چی؟ کەوایە، کەوایە لەبەر چی هاتووی؟

**پۆستەچی:** هاتووم بڵێم، چونکە شوێنی سەرپاکەتی پۆستی نوختەیەکی کەم بوو و بە جێی شەقامی تاک نووسیبووت شەقامی ناک، نامەکەم گەڕاندییەوە کە هەڵەکەی ڕاست کەیەوە، چونکە من وەک پۆستەچی حکوومەت ناتوانم نامەی کەس دەسکاری بکەم، چونکە ئەوە دەبێتە دەست تێوەردان لە بەڵگە، بۆ ئەوەیە.

**تووتا:** هەر لەبەر ئەوەیە تۆ پاش پێنج مانگ دوای نامە نووسینی من گەڕاویتەوە کە بڵێی شوێنی سەر پاکەتی نامەکەت، نوختەیەکی کەمە. ئەی هاوار! خەریکم شێت دەبم. نازانم بڵێم چی؟ ئاخر پیاو تا ئەو ڕادەیە بێ مشوور و بێ عەقڵ دەبێ! ئاخر ژنە زۆربڵەی چەنەدرێژی کورتەباڵای پێ زلی برۆ مارمێلکی گووپ سووری لووت پانی شان شکاوی ئەژنۆ باریکی چاو بۆق! من چیت پێ بڵێم؟ جگە لەوەی بە گوللەیەک نێوچاوانت کون بکەم.

**مینگوو:** ئۆهۆی دوژمن تووتا، دەنگت بێنە خوارێ، ئاگات لە خۆت بێ! تۆ لەگەڵ خانمێک دەدوێی! ئەدەب دەبێ ببێتە هۆی ئەوەی کە تۆ بەئەدەب بی. ئەگەر ئەو خانمە پۆستەچییە پەیتا پەیتا وەک گوللە قسە دەکا و ڕێگەی قسە کردن بە کەس نادا و داب و لێدوان نازانێ، تۆ مافی ئەوەت نییە بە سەریدا بگوڕێنی. ئەگەر ئەو بە نەڕەنەڕی خۆی کە دەڵێی ورچی مێوە، هەرا دەکات، تۆ حەقی جنێودانت بەو خانمە بەڕێزە نییە. تێدەگەی؟ هەوڵ

بده سەبرت بێ و گوێ بدەرە قسەکانی، تێگەیشتی دوژمن تووتا؟!

**پۆستەچی:** سپاس سەرباز مینگوو. بە هەڵکەوت نامەیەکی دایکتم بۆ هێناوی.

**تووتا:** لە کەیەوە دوژمن تامەزرۆی خانمەکان بووە!

**مینگوو:** من تامەزرۆی کەس نیم. جگە لە خەڵک و وڵاتەکەم، هەڵبەت ئەگەر تامەزرۆییشم هەبێ، دوژاریی نییە چون خانمەکان وەک خەڵکی وڵاتەکەم دێنە ئەژمار، پاشان مەگەر دوژمن پیاو نییە کە نەزانێ عەشق و تامەزرۆیی یانی چی، خۆ پاتاڵ نییە و تێدەگا!

**پۆستەچی:** ئەوەش لە جیاتی دەست خۆشییەکەتە سەرباز تووتا کە بۆ نوختەیەک منت هێنایە ئێرە. من ئەو هەموو ڕێگایە تەنیا بە خاتری تۆ هاتووم کە کارەکەت جێبەجێ بێ، بەڵام ... بریا نەهاتایەم ئەو وەخت.

**تووتا:** یانی نەدەکرا بەو دەستە موبارەکەتان نوختەیەکتان دابنایە و ئەو هەموو ڕێگایەت نەبڕیبایە.

**پۆستەچی:** نەخێر، ڕەنگە بڕوا نەکەی جاری وا بووە کە لەبەر نوختەیەک نامەی کەسێکم دوو ساڵ ڕاگرتووە. بڕوات بێ چون هیچ شتێ بە قەرا یاسا و بڕیارەکان لە ئیشی ئێمەدا گرنگ نییە.

**تووتا:** چی نووسیوە مینگوو؟

**مینگوو:** هیچ شتێ تەنیا بە خەتێکی گەورە نووسیویەتی ڕۆڵەی خۆشەویستم، تۆ کە لە سەنگەردای، منیش لە پشت سەنگەرم، کەوایە زوو یاریدەم بدە پارەی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و گازەکە بدە، دەنا مەجبوورم پاشەکشێ بکەم دایکت .. ئاخر دایک .

**تووتا:** خۆت زۆر ناڕەحەت مەکە مینگوو. ئەگەر ئیجازەت پێ نادەن، لە وڵاتەکەی خۆم بۆت بدەم.

**مینگوو:** پێویستیم بە یارمەتی دوژمن نییە.

**پۆستەچی:** بەسە ئەدی ئێوە چەندەی لێ دەڵێن. بەڕاستی ئەوەندەی کە لێی دەڵێن ئەوەندەش کێشک دەگرن؟ پیاو وەختێ دەبینێ هی وەک ئێوە کێشکچی ئەو سنوور و وڵاتەن، بە هیچ جۆرێ ناتوانێ ئەرخەیان سەر بخاتە سەر سەرین. پارێزگەرانی سنوور کاتی خۆی هەموو جەستەیان بەهێز و کەڵەگەت و جوانچاک بوون، بەڵام ئێستا هەموو کورتەباڵا و خڕیلانە و نالەبار و کزن. بایەکی توند هەڵکا، هەمووتان لەگەڵ خۆی دەبا.

**مینگوو:** (مینگوو رووی لە سەرباز تووتایە) مەبەستی تۆفانە.

**تووتا:** خانمی پۆستەچی، ئێوە هاتوونە ئەو چۆڵگەیە نامە بێنن، یان لە دوای پیاو بگەڕێی؟ لە وڵاتی خۆتاندا نەتانتوانی پیاوێ پەیدا بکەن شووی پێ بکەن، هاتوونە ئەو چۆڵگە و بیابانە. زۆر بێ ویژدانی. دەتەوێ کام یەک لە ئێمە ڕاو بکەی، بێ ویژدان!

**مینگوو:** من پێم سەیرە، ئەزقەزا خانمی پۆستەچی کیف و کەوشەکانی زۆر تازە و جوانە. پێم سەیرە کە نەیتوانییوە کەسێ هەڵخەڵەتێنێ.

**تووتا:** تۆ مەگەر چەند ساڵە هەوڵ دەدەی توانیوتە من هەڵخەڵەتێنی؟

**پۆستەچی:** یانی چی؟ دەزانن کە لەگەڵ بنیادەمێ دەدوێن، هێندە لەگەڵ چوارپێ ژیاون کە قسە کردن لەگەڵ بنیادەمتان لە بیر چۆتەوە. بۆگەنیوانە، من تا ئێستا هەشت جار شووم کردووە، بەڵام بە داخەوە بە هۆی ڕەچاو کردنی هێمنایەتییەکی زۆر، نەمتوانیوە کە پێوەندییان لەگەڵ بگرم، چونکە هەر هەشت نەفەریان لە شەڕدا کوژراون. هەر لەبەر ئەوە لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەگەر ئەم جار دەسگیرانم بوو، بیخەمە کاتی هێمنی، چونکە ئەهۆنی پترە، روون بۆوە بۆتان... چا ... سەرباز تووتا کارتێکی بانگێشتنیشم بۆ تۆ پێیە.

**تووتا:** (بە سەرسووڕمانەوە تەماشایەکی کارتەکە دەکات) کارتی داوەت! کووپیک ئەدی کێیە؟

**پۆستەچی:** کووپیک هەر دۆستە کۆنەکەتە کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە مەتبەخ لە ژێر دەستی خۆتدا کاری دەکرد، هەر ئەو قژکاڵە، چاوقاوەییەیە.

**تووتا:** ئەها بەبیرم هاتەوە. کووپیک. وام دەزانی مردووە، دەی ئێستا لە کوێ کار دەکات؟

**پۆستەچی:** ژەنەراڵی بەشی هەنگە.

**تووتا:** چی؟

**پۆستەچی:** بڕوات بێ گاڵتە ناکەم! کاتێ دەنگی ژەنەراڵ کووپیک لە بنکە دەبیسرێ، هەموو تووکی سەریان قرژ دەبێتەوە.

**تووتا:** ئەی خوایە گیان خەریکم شێت دەبم. سەرباز مینگوو کووپیکێکی لە ژێر دەستی مندا لە مەتبەخ مەنجەڵی دەشووت و سەوزەی چاک دەکرد، ئێستا بۆتە ژەنەراڵی هەنگ. منی بەدبەختیش پاش ئەو هەموو ساڵە ، بۆیە ئەمن پێت دەڵێم ئێمە بۆ کێ بە شەڕ دێین! هەموو خەتای تۆیە مینگوو! چونکە ئەگەر لێمدەگەڕای بتکوژم، ئێستا نە تەنیا قارەمانی نەتەوەیی بووم، بەڵکو پلەی

ژەنەراڵیشم وەرگرتبوو.
**مینگوو:** کەوایە تۆ بۆ هێندە ناپیاوی، بۆ ئەوەی زیندوو بمێنییەوە پێش پێشکەوتی منت گرتووە!
**پۆستەچی:** من لەو بابەتەوە پێشنیارێکم هەیە، بۆ نایەی بە بەڕێوە بردنی دۆئێلێکدا کێشەکە تەواو بکەین و ئەرکی هەریەکمان دیار بێ.
**مینگوو:** من لەگەڵتم.
**تووتا:** بەڵام من دژ بە تۆ ئەوەستم، چونکە ژنان هەمیشە لە مێژوودا بوونەتە هۆی ڕیایی و دووبەرەکی، ئەسڵەن بە بڕوای من، ژن هەر خۆی نیشانەی شەڕە ئاخر.. ئاخر خانمی پۆستەچی تۆ هاتوویتە ئێرە نامە بێنی، یان شەڕ دروست کەی.
**پۆستەچی:** نا نا نا... بوون، یان نەبوون، بە قەولی شکسپیر وا بزانم بیناسی.
**مینگوو:** بەڵێ، ناوی بە گوێم ئاشنایە. تۆ چی دوژمن تووتا؟
**تووتا:** دەزانم کێ دەڵێ. هەر ئەو پیاوەی نووسەری کتێب بوو و بە قاچاغی سنووری دەبەزاند.
**مینگوو:** نا باوکە خوێندەواری من لە تۆ پترە ناوی ئەو داڤێنشی بوو.
**تووتا:** ئەها لیۆناردۆ داڤێنشی. ئەو فیلمسازە بەناوبانگە.
**مینگوو:** نا خانمی پۆستەچی، ئەو فیلمسازە هۆگۆ بوو، جەک هۆگۆ.
**تووتا:** تووتا بە هەڵەدا چووی، هۆگۆ هەر ئەو بۆکسبازە بەناوبانگەیە.
**پۆستەچی:** نا نا، ئەسڵەن ئەوەی کە تۆ دەڵێی نەخۆشی سیلی دۆزیوەتەوە.
**تووتا:** پێم خۆش نییە کەسێ خوێندەواری و کولتووری خۆیم بە چاودا داتەوە. هۆگۆ کێشوەری ئەفریقای دۆزییەوە.
**مینگوو:** تووتا ئەو ئۆلیڤەر تویست بوو.
**پۆستەچی:** ئاخر نەخوێندەوار! ئۆلیڤەر تویست هەر ئەو ڕەشکوژە بەناوبانگە بوو.
**تووتا:** دۆستان بەسە ئیدی! ئەسڵەن وای دانێین تەواوی ئەوانە لە سنوور تێپەڕ بووبێتن، جا بە ئێمە چی؟!
**مینگوو:** ئەزقەزا ئەرکی بەندە کێشکدان و چاوەدێری لەو سنوور و وڵاتەیە کە تەنانەت مێشوولەیەکیش نابێ لێرە تێپەڕێ، چونکە ئەوە خیانەت بە نەتەوەکەمە.
**تووتا:** کام نەتەوە! تۆش بوویتە کلکی ئەو خەڵکە. ئەو خەڵکە کارێکیان بە زیندوو مانەوەی تۆوە نییە، جەنازەی تۆ بۆ ئەوان بەکەڵکترە و ڕێزی لێ دەنێن. ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی ناوەڕاستی مەیدان و شەقام و ناو پارکەکەیان بە پەیکەری تۆ پڕ بکەنەوە.
**پۆستەچی:** (زۆر خەیاڵاوی) ئەوە زۆر بێ بەزەییانەیە، بەڕاستی شەڕ بەدبەختی کردین. هەموو شتێکی لێ سەندین، جحێڵییەکەمان، جوانییەکەمان، نەرمی پێست و لاوانەوەی دەستی دایکەکانمان و لێڕوانین و خۆشەویستی ئەو بزانەی ... و بیرەوەریگەلێکی زۆر بۆ بەجێ هێشتین، خواروخێچی چرچ و لۆچی سەر دەموچاوەکان، تێکشکان و کون بوونی ئێسکەکانمان.
**مینگوو:** (لاسایی پۆستەچی دەکاتەوە) بەڕاستی ئەو شەڕە بەدبەختی کردین و عەشق و ژیان و ئاواتەکانی ناو مێشکمان و ... فەوتاند.
**تووتا:** بەڕاستی ئەو شەڕە بەدبەختی کردین هەموو شتێکی لە بەین برد، بیرەکانمان و منداڵەکانمان و ...
**پۆستەچی:** مێردەکانمان و
**تووتا:** ڕاستی خانمی پۆستەچی دەزانن ئێوە بیر و هەستێکی زۆر باشتان هەیە!
**پۆستەچی:** مەبەستت چییە؟
**تووتا:** ئاخر من تەنیا جارێ پێوەندیم گرتووە، هەندێ جار باوەڕ کە ڕواڵەتی خێزانم لە بیر دەچێتەوە، بەڵام ئێوە چی قەڵافەت و ڕواڵەتی هەشت نەفەرەکەیانت لە بیرە، بۆ وێنە پێنجەمینیان چۆناوچۆن بووە، یان سێیەمینیان قورسایی چەندە بووە! بەڕاستی ئێوەش لە تێکشکانی ئاستی ژیان جۆرێ قارەمانی نەتەوەیین. هەشت نەفەر خۆڕاگری دەوێ!
**پۆستەچی:** من ئەدی خۆم بۆ ڕاناگیرێ (دەچێتە ئاودەست، مینگووش چەکی لێ ڕاست دەکاتەوە)
**تووتا:** بڕیارنامەی ٤١٠٠ ئەو ناگرێتەوە، چونکە هی وڵاتێکی بێ لایەنە، کەوابێ ئەو ئازادە و کێشەیەکی نییە.
**مینگوو:** بەڵام من وا بزانم ئەو شەڕە هێندەش خراپ نییە، قازانجیشی هەیە.
**تووتا:** بۆ وێنە (دەچێتە ناو سەنگەرەکەوە، مینگوو بە تەنیایی دەست دەکا بە قسە کردن) بۆ وێنە ئەگەر شەڕ نەبێ، کارخانەگەلی چەکسازی چارەڕەش دەبن، یان

ئەوانەی کە بۆمبی ئەتۆمی ساز دەکەن لە کوێ تاقی بکەنەوە، یان ئەسڵەن لە کاتی هێمنیدا هەموو خەڵکی شلوشەوێقن و کۆمەڵ دووچاری جۆرێک پشێوی و ئاڵۆزی تایبەتە، بەڵام لە کاتی شەڕدا هەموو خۆیان کۆ دەکەنەوە و شەڕ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێکوپێکییەکی تایبەت ساز بێ، بە کورتی شەڕ، یانی نەزم و ئەگەر شەڕ نەبێ، مرۆڤ زۆر ڕوودار دەبن هەمیشە ئامرازێکی بەهێز بۆ عاقڵ کردنی بنیادەمەکان دەبێ ببێ.

**پۆستەچی:** (دێتە دەرێ و بە حاڵەتێکی سەرسووڕمان سەیری هەر دوو لا دەکات) باوەڕ ناکەم شتی وا هەر نابێ.

**تووتا:** چی نابێ!

**پۆستەچی:** جێی بڕوا نییە (هەر دوو لە یەکتر دەڕوانن)

**تووتا:** بۆ ئاوا سەیر دەکەی! ناکا کلکمان لێ ڕوابێ، یان ئەوەی کەسێ قاچی خستبێتە ئەوبەری سنوور کە هەستم پێ نەکردبێ!

**پۆستەچی:** لەو مەودا کورتەی کە من لێرە نەبووم، ئێوە چەندە پیر بوون.

**مینگوو:** چی؟ پیر بووین!؟ لەو دوو سێ چرکەساتەدا؟!

**تووتا:** مەگەر سەرباز تۆ بۆ خانمی پۆستەچی کاتت ڕاگرتبوو.

**پۆستەچی:** بەڕاستی پیر بوون. ئێوە بۆخۆتان ناگەن، هەست ناکەن، دەزانن لە دوو سێ چرکەساتە چ زەمانێکتان لە دەست داوە، تێناگەن، بەو جۆرەی کە بێ بڕوایانە لە تەمەنی ئێمە تێدەپەڕێ، چرکەساتێ بووەستی، بەجێ دەمێنی. دەبێ بجووڵێیتەوە.... بە داخەوە زۆر کەس تێناگەن کات چۆن تیژ تێدەپەڕێ، بەڵام هێندێ چاک کەڵکی لێ وەردەگرن، بایەخی ئەو دوو سێ چرکەساتە بزانن. تاقمێک بەو دوو سێ چرکەساتە دنیا دەگۆڕن. تاقمێک بەو دوو سێ چرکەیە لە سێدارەدان ڕزگار دەبن و هەندێک لە دوو سێ چرکەدا پێوەندی دەگرن. ئەسڵەن ڕەنگە هەر ئەو سەرباز مینگووە دوو سێ چرکەسات پتر لە تۆ لەو دنیایەدا بژی.

**تووتا:** کێ ... ئەو دوژمنە دووسێ چرکەسات پتر لە من تەمەن بژیت؟! ئەسڵەن ئەگەر ساتێ پتر لەو نەژیم، بەشەریش نیم!

**مینگوو:** (مینگوو کە هەروا کرووشمەی کردووە و سەرسووڕماو وەستاوە) ئەوەیە کە دەڵێن هەر شوێنێ جێی بیر کردنەوە بێ، مەترسیدارە.

**پۆستەچی:** (هەروا سەرسووڕماو) ئەرێ قەت وا بووە بە وردی و بە جوانی بیرت لە خۆت کردبێتەوە!

**مینگوو:** دژوارە، (بێ دەنگی، هەر سێ لە یەک دەڕوانن)

**پۆستەچی:** ئاخ... ئاخ خودایە گیان، تازە بەبیرم هاتەوە کە بەری پێم زۆر دێشێ.

**تووتا:** چاوی پیسی دوژمن لە بەری پێی تۆش کاری کرد.

**مینگوو:** خانمی پۆستەچی، وەرە ئەوبەری سنوور، زەوی دوژمن پڕ لە بەرد و دڕک و خۆڵی سەر زەوینی من نەرمونۆڵەی بە پای پووتیش بە سەریدا بڕۆی، خودا نەکا بە حاڵ بقەڵەشێ.

**پۆستەچی:** بە خاتری گەیاندنی نامەیەک ئەوەندە بە ڕێدا هاتووم کە بەری پێم قەڵەشیوە.

**مینگوو:** (سەندەڵیی بۆ دێنێ) خانمی پۆستەچی، حەیف کە لە حاڵی بەڕێوە بردنی ئەرک و کێشانی ئەو سنوور و وڵاتەم، دەنا بەری ئەو قەڵەشتانەم دەگرت.

**تووتا:** تۆی چارەڕەش ئەگەر دەتوانی بەرگری لە قەڵەشتەکانی ژیانی خۆت بکە.

**مینگوو:** بۆ نموونە.

**تووتا:** بۆ وێنە هەر ئەو هێڵی سنوورە لە ئەو قەڵەشتانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی من و تۆی بێ سەوادی شێت چەند ساڵ هەروا لە خۆڕایی لە بەرانبەر یەکدا بووەستین، بۆ وێنە هەر ئەوەی کە نەتوانی پێوەندی بگری و خێزاندار بی، لەو قەڵەشتانەیە، چونکە بە بوونی منداڵی ئەویش کوڕ دەتتوانی بچییە ژێر باڵی ئەو و ئەویش لە بنەوپاڵی تۆ سەنگەرێکی چکۆلانەی بێ و یاریدەت بدات، بۆ وێنە دوو ساڵە پانتۆڵەکەت دڕاوە و نەتتوانیوە بیدوورییەوە. ئەو لەو قەڵەشتانەیە.

**مینگوو:** تۆ ئەسڵەن حەقت نییە سووکایەتی بە سەر بڕوا پیرۆزەکانی وڵاتی من بکەی. دەزانم لە چی ناڕەحەتی! هەر بە بوونی من بەغیلیت دێ. لەوەی عەیبەت زەماوەند کردن لەگەڵ دێوێ دووچاری سام و مەترسی بووی و سەربەستی منی سەڵت دەبینی خەریکی بتەقێی.

**تووتا:** گوتت دێو! لە نەبوونی ئەو دێوە دەتەقێی! ئەو

دێوەش ئامادە نییە لەگەڵ تۆ بژی!

**مینگوو:** تێنەگەیشتی دوژمن، ئەگەر پێم خۆش بێ هەرئێستا لەگەڵ ئەو دێوە (ئاماژە بە پۆستەچی) . پێوەندی دەگرم.

**پۆستەچی:** (بە نارەحەتییەوە) چیت گوت؟

**مینگوو:** مەبەستم ئەوەیە پێوەندی گرتن بناغە و بنەمای ژیانە و تەنیا شتێ کە دەتوانێ سەڵتەکان لە سەڵت بوون رزگار کات، هەر ئەوەیە . ئیدی نازانم بیروڕای ئێوە چییە.

**پۆستەچی:** بە بڕوای من عەشق وەک چەکێکە کە هەمیشە پێویستی بە گوللەیە.

**مینگوو:** بەڵێ دروست وایە، بە قەولی شاعیری گەورە پێوەندی وەک تووری فەرەنگییە کە ڕۆژێ دەبێ کڕیاری بێ.

**پۆستەچی:** تەح چ ڕستەیەکی ژیکەڵە و ماناداره. دەکرێ بپرسم ئەوە چ شاعیرێ گوتوویەتی.

**مینگوو:** کامە.

**پۆستەچی:** هەر ئەو ڕستەیە.

**مینگوو:** (پەشۆکاو) بەڵێ بەڵێ . ئەو شیعرە هی بووخواڵدە. نووکی هێرشی تیمی مانچستەر یوناتد.

**پۆستەچی:** بە داخەوە هیچ ئاسەوارێکم لێ نەخوێندۆتەوە.

**توتا:** لە کەیەوە نووکی حەملەکان هافبەگەکان و دیفاعەکانی تۆپی پێ، بوونەتە شاعیر و ئێمە نەمانزانیوە.

**پۆستەچی:** ڕاستی سەرباز مینگوو، هەر بە گشتی پێم خۆش بوو بزانم بیروڕات سەبارەت بە ژن چییە؟

**مینگوو:** هەڵبەت ئەگەر من خاوەن بیروڕا بم، لەو بابەتەوە دەبێ بڵێم کە ژن فریشتەیە، هەنگوینە، کەمپووتە، تۆنی ماسییە، قومقومەی ئاوە، کەمەربەندە، چەکە، خەشابە، نووکی مەگەسەکە، زامنە، ڕەگبارە و لە پێداویستییەکانە.

**پۆستەچی:** دەی کەوایە بۆ سەرەڕای ئەوەی تەمەنیشت چۆتە سەرێ، هەوڵ و تەقەللایەکت نەداوە؟

**مینگوو:** هەڵبەت من تازە هەوەڵی دەمە، بڕوا بکەن نەبوونی جگەرە و تیکەی خومپارە و پریشکەی تۆپ بۆتە هۆی ئەوەی تەمەنم برێ پتر نیشان بدات، دەنا ....

**توتا:** (دەپەڕێتە نێو قسەکەی) دەنا دوژمن مینگوو بەڕاحەتی دەتوانێ ژن بێنێ، خانمی پۆستەچی، تۆ دەڵێی چی؟ ئاخر کێ حازرە ببێتە ژنی ئەوە! پارەکە دوو ژنی دیلی یەخسیر کردبوو، چل و هەشت کاتژمێر ئەوانی ئەشکەنجەدا. هیچ کامیان ئامادە نەبوون چرکەساتێ لەگەڵی هەڵکەن، چ بگا بەوەی ...

**مینگوو:** (دەپەڕێتە نێو قسەکەی) درۆزن، ئەوەڵەن بە جێی ئەشکەنجە، چل و هەشت کاتژمێر پێکەوە خواردمان و خواردمانەوە، پاشان ئەوان گوتیان گەرمامانە، هاتنە دەرەوەی سەنگەر دوای دوو ڕۆژ تێگەیشتین کە دەر و ژووری سەنگەر یەکێکە دەرباز بوون و... هەڵاتن.

**پۆستەچی:** (بە نارەحەتییەوە) ئەئاوا، من بەڕاستی چاوەڕوانی ئەوەم لە تۆ نەبوو. سەرباز مینگوو وامدەزانی تۆ سەربازێکی سادە و باش و لە عەشقدا ئینسانێکی پاکی.

**مینگوو:** کێ؟ من... ئاوام

**پۆستەچی:** وامدەزانی حیسابت لەسەر دەکرێ تا تاوانی عەشقەکانی ڕابوردوو قەرەبوو بکرێ، وامدەزانی ئەویندارێکی ڕاستەقینەی.

**مینگوو:** هەم.

**پۆستەچی:** وامدەزانی کە دوای ئەو هەمموو ڕێپێوان و ماندوو بوونە، دەتوانم بە نیگایەکی چاوەکانی عاشق پیشەت فەرامۆش بکەم، تەماشا من چ خەونگەلێکم دیبوو، چ ڕۆژگەلێ کە لە دووری تۆ دوورتر کەوتمەوە. ئاواتەکانم ئاوێتەی تۆ بووبوو، کۆشکی عەشقی دەنگتم لە نێو گوێچکەکانم دەبیست کە دەتگوت، بوەستە، بوەستە، هەر ئیستدانێکی تۆ هەنگاوێ بۆ بەرەو ژیان، هەر بەو مەبەستەوە هەر ڕۆژ ئیستێکی پترم بە خۆم دەدا تا زۆرتر لە تۆ نزیک ببمەوە. وامدەزانی. وامدەزانی تۆ خێزانی نۆیەم عەشقی نۆیەم و ژینی نۆیەمی منی.

**مینگوو:** باوەڕ کە من نۆیەمم.

**پۆستەچی:** تۆ هەمموو ئومێدەکانی منت بە با دا، تۆ منت سست و بێ هەست کرد، لاوازت کردم.

**توتا:** (سەری ڕادەوەشێنێ) دە فەرموو ئەو هەمموو ڕێگایە بۆچی هاتووە.

**پۆستەچی:** وەرە ئەو دیارییە وەرگرە، بۆ تۆم هێنابوو. من ئیتر ناتوانم.

**مینگوو:** بەڵام منیش ناتوانم.

**پۆستەچی:** من ئیتر دەبێ بڕۆم. ئەم جاریش هیچ، دەڵێی یەکێ بە دوامەوەیە و نایەوێ و ناهێڵێ من لە

ژیاندا بەختەوەر بم، بریا بمزانیبا ئەو کەسە کێیە، دەمکوشت.

**تووتا:** ڕەنگە ڕوحی مێردەکانی پێشووت بێ.

**پۆستەچی:** بەڕاستی نائومێدت کردم . ئەو هەموو ڕێگایە لە خۆڕا هاتم . من ئیتر دەڕۆم.

**مینگوو:** منیش دێم.

**تووتا:** ئەهۆی نەفام!، یانی تەواوی سەرزەوین و نەتەوە و کێشک کێشانی ئەو سنوور و وڵاتەت بە نیگایەکی ئەویندارانە فرۆشت. نا، ناتوانی بڕۆی!

**مینگوو:** بۆچی. ئەسڵەن چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

**تووتا:** ئەزقەزا زۆر پێوەندی هەیە، چون ئەگەر تۆ نەبی، ئەدی من بۆ سەرقاڵ بوون هاندەرێکم نییە، دەبێ یەکێ هەبێ کە بوونی من لەو سەنگەرەدا هەست بکرێ.

**پۆستەچی:** من ئیدی دەبێ بڕۆم، درەنگمە، خوداحافیز سەنگەر! بیرەوەرییەکانی عەشقی من، لەو یەک ساڵەدا سێ جار بە هەر بیانوویەک بوو هاتم تا چاوم بە تۆ بکەوێ. وامدەزانی نۆبەمی، بەڵام من ئیدی ڕۆیشتم.

**مینگوو:** خانمی پۆستەچی، من . من کێشکچی ئەو سنوور و وڵاتەم، دەنا دەهاتم، هەڵبەت ئەگەر بتەوێ دەتوانم بێم.

**پۆستەچی:** نامەوێ بێی. تەنیا بم، پێم خۆشترە. من ئەدی بە پێخاوسی و بەری پێ قەڵەشیو دەگەڕێمەوە. ئەدی نامەوێ هەست بکەی بەڕاستی کەسێ هاتووە، یان کەسێ تامەزرۆت بووە. (پۆستەچی لە سەحنە دەچێتە دەرێ)

**مینگوو:** (زۆر ئەویندارانە) هەستی پێ دەکەم، هەستی پێ دەکەم، هەستی پێ دەکەم

**تووتا:** هەست بە چی دەکەی سەرباز مینگوو؟

**مینگوو:** (چەکی لێ ڕاست دەکاتەوە) بۆنی کوشتنی تۆ، دوژمنی بێ عورزە، ئەدی بەزەییم پێتدا نایەت.

**تووتا:** جا من بۆ؟

**مینگوو:** تۆ بووی بە هۆی دووروویی و جیابوونەوە، تۆ ژیانی منت پەرشو بڵاو کردەوە، دوژمنی بێ غیرەت، من تۆڵەت لێ دەستێنم. کەوایە هەوڵ دە هەرچی زووتر خۆت تەسلیم کەی.

**تووتا:** منیش ئیتر وەڕەز بووم، چەندە لێی دەڵێی، ڕاست دەکەی تەکانێ لە خۆت بدە.

**مینگوو:** (چاوێ لە هێڵی سنوور دەکات) هەستی پێ دەکەم لە مەودای عەشقی من و پۆستەچی، هێڵی سنوور تێکدراوە و کەمێ هاتۆتە ئەملا.

**تووتا:** تۆ شێت بووی سەرباز مینگوو.

**مینگوو:** ئەسڵەن ئێمە بۆ کێ بە شەڕ دێین! ... من بۆچی لێرەم ... من دەبا لە جێیەکی دیکە بام... ئاخ ئەی عەشقی من پۆستەچی!

**تووتا:** دەی چەند ساڵە منیش هەر ئەوە دەڵێم.

**مینگوو:** ئاورم تێ بەر بوو. ئاورت تێبەر دەدەم. تازە وەبیرم هاتەوە کە تۆ دوژمنی. نەجووڵێیتەوە.

**تووتا:** تۆ بە هۆی شەڕەوە شێت بووی. دوژمن مینگوو مێشکت جووڵاوە.

**مینگوو:** (دەڵێی شێت بووە) زەڕڕەیەک نیگای خۆشەویستانەی پڕ لە عەشق کە جەرگتی پێ کون بێ، بایەخی ئەو هەموو ئاسنەواڵە و سەنگەر و کەشوهەوا ناحەزەی هەیە.

**تووتا:** ئافەریم سەرباز! زۆرم پێ خۆشە، وردە وردە خەریکی دەبی بە بنیادەم، ئێمە دەبێ بۆ کەسێ بە شەڕ بێین کە بایەخی ئێمە بزانێ، نەک ئەوەی بۆ هەندێ عارەقخۆری خۆشگوزەرانی گێژ و شێت.

**مینگوو:** بەڵام لە کۆنەوە گوتوویانە دوژمن دوژمنە، نابێتە بنیادەم. لەتوکوتت دەکەم دوژمن تووتا، ئەم جارە دوژمنی عەشقی منی، دەتکوژم.

**تووتا:** بە جێی شەڕ کردن، وا باشە خۆت بە نەخۆشخانەیەکی سەربازی بناسێنی.

**مینگوو:** دە منیش هەر ئەوە دەڵێم، کە بۆچی ئەو چەکە لەسەر شانی منە، ئەو جلوبەرگە بۆ لەبەر مندایە. خۆزگەم بەو جلکانەی ژێرەوەت کە کاتژمێری یەکی نیوەشەو لە بەرتدایە. بریا من خاولی دەموچاوت بوایەم پۆستەچی (ئۆقرە ناگرێ) من ئیتر ناتوانم.

**تووتا:** سەد ڕەحمەت لە سەربازی تێگەیشتوو، منیش ئەدی ناتوانم و لەو شەڕە وەڕەز بووم، کەوابێ تۆش سەرەنجام هاتییە سەر قسەی من کە دوژمنایەتی وەلانێین و پێکەوە ئاشت بینەوە و لە ژێر کەپری ئاشتی پشوو بدەین. هەر بژی ئاشتی و هێمنی؛ مەرگ و نەمان بۆ ئەو شەڕە نەگبەتە، کەوابێ وەرە با پێکەوە سروودی ئاشتی و ئاشتی بخوێنین. دۆستی من (تووتا سروودی ئاشتی دەخوێنێ و مینگوو بە خێسەوە تەماشا دەکات کە تووتا پێ نەخاتە ئەوبەری سنووری ئەو) بەڕاستی من چێژی پشوودان لە ئاشتی و هێمنی هەر ئێستا هەست دەکەم،

تۆ چی میگوو گیان!

**مینگوو:** منیش یەکجار پێم خۆشە پتر لەوەی بیری لێ دەکەیەوە. چون خەریکم شێت دەبم و ئەو هێزە پەیدا دەکەم کە لەتوپەتت بکەم و بتخەمە بەردەمی ئەو چوارپێیانەی کە لەو سنوورەوە تێپەڕ دەبن (بە هاوارەوە) من ناتوانم لەگەڵ دوژمن بچمە نێو ئەو ئاودەستەوە، چ بگا بەوەی لەگەڵی ببم بە دۆست.

**تووتا:** تۆ لە حەیبەت عەشقی پۆستەچی عەقڵت لە دەست داوە.

**مینگوو:** چون تۆ بووی بە باعیس.

**تووتا:** من ... جا ئاخر من بۆ؟ مەگەر بۆخۆت نەتگوت من کێشکچی ئەو سنوور و وڵاتە و پارێزگاری سنووری ئەو نەتەوەیەم.

**مینگوو:** تەواوی نیگاکانی ئەو نەتەوەیە چاوەڕێیە لە لایەک و نیگای پۆستەچی لە لایەکی دی.

**تووتا:** خایەنی چەلاوخۆر! نەتەوەیەکت بە هەموو ئومێد و ئاواتیانەوە بە نیگایەکی ئەویندارانە فرۆشت، کەوابێ ئەو هەموو دروشم و لایەنگری و نیشتمانپەروەرییە چ بوو!؟

**مینگوو:** هەوڵ نەدەی لە دەلاندنی هەستی ئەویندارانەی من کەڵک وەرگری و بێی بۆ ئەمبەری سنوور.

**تووتا:** ئەوەڵەن هیچ کاتێ نایەم بۆ ئەمبەری سنوور، ئەگەریش بێم، دڵنیا بە تەنیا ٢٠ چرکەسات پێی تێدەنێم و زوو دەگەڕێمەوە، ئەویش تەنیا لەبەر ڕێزلێنان لەوەی کە هاوسنوورین وەک دوو دراوسێ کە لەگەڵ یەک دیوار بە دیوارن و لە ڕێکەوتگەلی جۆربەجۆری نەتەوەیی پێ دەنێنە ناو ماڵی یەک.

**مینگوو:** من دەبێ هەرچۆنێ بێ، بگەڕێمەوە بۆ ئەوبەری سنوورەکانی شەڕ. تا بتوانم بگەڕێمەوە ناو شار.

**تووتا:** دەتەوێ ژمارەیەکت بۆ پەیدا کەم کە پێوەندی لەگەڵ بگری؟!

**مینگوو:** دیسان خەریکی بێ ڕێزی بە بڕوا پیرۆزەکانی من دەکەی. کارێکی وا مەکە لەو بارودۆخەدا دابێژدابێژت کەم و هەتا هەتایە لە خۆم خۆش نەبم.

**تووتا:** دەتەوێ بێمە ئەوبەرەوە تا چاکتر لە یەک بگەین.

**مینگوو:** ئەسڵەن، چون نامەوێ نەفامتر بم. من لەو کاتە بەدواوە بە هۆی کێشەگەلی هێمنی نەهێنی لە ناوچەی سنووری خۆم دەستەڵاتداری سەربازی ڕادەگەینم. هاتوچۆ و بزووتنەوەی هەر زیندەوەرێک دەبێ بچێتە ژێر زەرەبینەوە، سەرەڕای ئەوە کۆبوونەوەی پتر لە یەک کەس بەتەواوی قەدەغەیە.

**تووتا:** ئاخر تۆ تا کەی دەتەوێ لەو چۆڵگەیە لەو کەشوهەوا مردووەدا بژی، مەگەر تۆ بنیادەم نی!

**مینگوو:** بۆچی بنیادەمم، بەڵام هی وەک ئێمە جێگایان هەر ئێرەیە.

**تووتا:** لەبەر چی؟ ئاخر مەگەر تا ئێستا لەو ماوەیەدا کەسێ سەری لێ هەڵهێناوین، لێی پرسیوین، ماندوو نەبییەکیی لێ کردووین؟ وەرە ئەو دیواری سنوورە لانی کەم بۆخۆمان، بێ ئەوەی کەسێ بزانێ لە بەینی بەرین.

**مینگوو:** شتی وا نابێ، تۆ ئەو هێڵی سنوورەت زۆر پێ کەمە. بە بوونی ئەو هێڵە جیاوازی نێوان من و تۆ دیاری دەکرێ. مێشکمان لێک جیا دەبێتەوە، تەنانەت شێوەی قسە کردنمان ئەو هێڵی سنوورە دیاری دەکات. شێوەی پۆشاک لەبەر کردنمان، تەنانەت ڕێگا ڕۆیشتنمان . دروستە ئەوە هێڵێکی ئاساییە، بەڵام پشت ئەو هێڵە . (بێ دەنگی)

**تووتا:** فەیلەسووفی بێ کەڵک، کەوایە ئامادە بە دەمەوێ هەر لێرە بتنێژم بزانم تا چل ساڵی دیش کەسێ دێت بۆ لات.

**مینگوو:** ئەم جارە ئیتر ئامادەم، چون دەمەوێ تەواوی نارەحەتییەکانم لەو گوللەیەدا کورت کەمەوە، کەوابێ دوایین پشووەکانت لە پێناوی ئەو تاقە گوللەیە دابنێی کە ماوەتەوە.

**تووتا:** (گوللە دەخاتە بەر چەکەکەی) دەمزانی وەک من تەنیا گوللەیەکت پێ ماوە. ئەو تاقە گوللەیە ئەرکی ئەو هەموو ساڵە ڕوون دەکاتەوە.

**مینگوو:** (بە دەنگێکی بەرز بە خۆی دەڵێ) ئامادەی سەرباز بۆ بەرگری لە نەتەوە، کەوابێ بەرەو دوژمن ڕاکە (بە چەک خەریکی جوولەی سەربازییە) ئەهۆی تووتا، هەر لە ئێستاوە هەست دەکەم میداڵگەلی ئازایەتی لەسەر سنگمە.

**تووتا:** (پێدەکەنی) دیسان بوویەوە پارێزگاری سنوور و کێشکچی نەتەوە. ئەی نیگاکانی پۆستەچی بوو بە چی؟

**مینگوو:** ئەم جار بۆ هەرکیان بە شەڕ دێم، وردەوردە

چێژی کوشتنت بۆم شیرینتر دەبێ. باوەڕ کە هەست بە بۆنی میدالّگەلی ئازایەتی لەسەر سنگم دەکەم.
**تووتا:** چارەڕەش بە کوشتنی من تەنانەت شوێنێکیشت پێ نیشان نادەن. وا دەزانی من ژەنەراڵێکم! من یەک ژمارەم. تەنیا یەک ژمارەی لەبیرچوو. من و تۆ نەوەی بێ ژمارەین گەوجە! (هەرکیان لە ناو سەنگەردا سێرە لە یەکتر دەگرن)
**مینگوو:** تەنیا چەند چرکەسات لە تەمەنی بابردووت ماوەتەوە.
**تووتا:** دەزانی لەبەرچی دەکوژرێ؟ لەسەر هێڵێک، لەسەر هێڵێکی سنوور کە من و تۆ گرینگمان کردووە، دەنا جێی شتی وا ئەو ئاودەستانەیە.
**مینگوو:** نووکی چەکەکەت ژێر چەنەی دوژمن!
**تووتا:** چەک لەسەر ڕەگبارە، بۆ کوشتنی دوژمن مینگوو
**مینگوو:** (لە سەنگەر دێتە دەرێ) دەترسم گوللەکەم نەیئەنگێوێ، ئاخر من بێ دەورەی فێرکاری هاتووم بۆ شەڕ. دەبێ بێمە پێشتر.
**تووتا:** من دەتوانم لە دوو مایلییەوە بتئەنگێوم، بەڵام دەمەوێ بێمە نزیکترەوە کە مێشکی بە تەواوی بڵاو کەمەوە. (هەردووک سێرەیان لە یەکتر گرتووە، بێ دەنگی)
**مینگوو:** بوەستە بزانم! چەکەکەت بهێنە خوارێ!
**تووتا:** بۆچی؟
**مینگوو:** ئەو چەکەی تۆ بۆ نووکی نییە؟
**تووتا:** پێوەندی بە تۆوە نییە!
**مینگوو:** بەڵام ئەو دژ بە یاساگەلی چەکسازی و شەڕە.
**تووتا:** ئەو قسە قۆڕانە چییە، دیسان شێت بووی؟!
**مینگوو:** من وەک سەربازێ، دەبێ بزانم بە چ چەکێ دەکوژرێم.
**تووتا:** (جار لەگەڵ جار لە یەکتر نزیک دەبنەوە) ئەو چەکە بە دە دەوڵەت ساز کراوە، بە ئاماژەی چاو کار دەکات.
**مینگوو:** تۆ حەقت نییە بەو چەکە تیر بهاوێژی، چون نووکی مەگەسەکی نییە و ئەو ئیشە بۆ منی سەرباز، جوێنێکی سەربازییە.
**تووتا:** ئەسڵەن تۆ چکارەی لە بابەت ئەو چەکەوە قسە بکەی.
**مینگوو:** لە شەڕدا، یاسای چەکسازی دەڵێ کە هەر چەکێ دەبێ نووکی مەگەسەکی هەبێ، ئەوە یەک یاسایە.
**تووتا:** (جار لەگەڵ جار لێک نزیک دەبنەوە) بۆ کوشتنی تۆ هەر یاسایەکی بێ، بۆ من جیاوازی نییە.
**مینگوو:** بەڵام یاسا و بڕیارەکان لە شەڕدا زۆر گرینگن.
**تووتا:** بە قەرا کوژرانی یەک سەربازیش گرینگە.
**مینگوو:** گرینگ ئەوەیە کە بە چەکێ بکوژرێی، کە چەکە، نەک یاری منداڵان.
**تووتا:** (لەوپەڕی نارەحەتیدا) دەی باشە، ئێستا کە وای لێ هات، ئەدی ئەم جار ناتوانی هیچ بیانوویەک بگری.
**مینگوو:** (بە هەراهەرا) منیش شەڕی دەستەوئێخە و چەکی ساردم پێ خۆشە. (هەرکیان لەوپەڕی هەراوهۆریا تێدەگەن کە لاقیان دروست لەسەر هێڵی سنوور، ئەو جێیەی کە مینڕێژ کراوە، داناوە. بێ دەنگی، هەرکیان بە ترس و لەرزەوە سەیری قاچیان دەکەن، بێ دەنگی، مینگوو و تووتا بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە لە یەک دەڕوانن و بۆ یەک سات دەنەڕێنن)
**تووتا:** ئەم جار ئەدی نابێ تەکان بخۆین.
**مینگوو:** بەڕاستی گیرمان کرد، ڕاستی کاتژمێر چەندە؟
**تووتا:** کاتی دەوام زۆر دەمێکە تەواو بووە.
**مینگوو:** دەزانی لە کوێ ڕاوەستاوین؟
**تووتا:** بەڵێ
**مینگوو:** قاچمان کەوتۆتە سەر مین.
**تووتا:** هەوڵ بدە قورسایی خۆت ڕاگری.
**مینگوو:** لەوانەیە تەقە بکات
**تووتا:** چووزانی مینە!
**مینگوو:** ئەی چییە؟
**تووتا:** ڕەنگە قوتوو بێ!
**مینگوو:** می . دەتوانی سەیرێکی بکەی؟
**تووتا:** من ملم گیراوە.
**مینگوو:** پێیکەنە.
**تووتا:** ئاخر پێکەنینم نایە.
**مینگوو:** لێ گەڕێ با ئەو کاتەی ئاخر دەم بەپێکەنین بمرین. (هەردوو لە ترسانا پێدەکەنن) من ئیتر کارم تەواوە.
**تووتا:** (بە حاڵەتی گریانەوە) دەتەوێ یارمەتیت بدەم؟
**مینگوو:** (بە حاڵەتی گریانەوە) بەڵام تۆ ئێستاش هەر

دوژمنی.
**تووتا:** هەوڵ بدە بەقووەت بی، سەرباز.
**مینگوو:** نامەوێ بێ زەماوەند کردن لەو دنیایە بڕۆم.
**تووتا:** ڕەنگە بتوانم وتەکانت بە پۆستەچی ڕابگەیەنم.
**مینگوو:** دەتەوێ سەرم قاڵ کەی و بێی بۆ ئەمبەری سنوور!
**تووتا:** ئاخر ئێمە بۆ کێ بە شەڕ دێین؟
**مینگوو:** نازانم. (بە هەرا و گریانەوە) من ئیدی کارم تەواوە.
**تووتا:** دەتەوێ یاریدەت بدەم.
**مینگوو:** بەڵام تۆ ئێستاش هەر دوژمنی.
**تووتا:** هەوڵ بدە بەقووەت بی، سەرباز!
**مینگوو:** نامەوێ بێ زەماوەند کردن لە دنیا بڕۆم.
**تووتا:** ڕەنگە بتوانم وتەکانت بە پۆستەچی ڕابگەیەنم.
**مینگوو:** دەتەوێ سەرم قاڵ کەی و بێی بۆ ئەمبەری سنوور؟
**تووتا:** ئاخر ئێمە بۆ کێ بە شەڕ دێین؟
**مینگوو:** نازانم . من ئەدی کارم تەواوە! (بە تەواوی هێزیان پێدەکەنن و دەگرین و ئەو وتووێژە دووپاتە دەکەنەوە. دەنگی مۆسیقا دەبێتە هۆی ئەوەی هەردووکیان هەتا هێزیان تێدایە بنەڕێنن و لە ژێر نووری ئەو شوێنە بە حاڵەتی پەیکەرێک، هەر بە حاڵەتی شەڕ کردن بمێننەوە. دەنگی مۆسیقا سەحنەکە پڕ دەکات، مینگوو و تووتا بوونەتە پەیکەرێک.)
**دەنگێک:** دە ساڵ تێپەڕ دەبێ! (مینگوو و تووتا هەروا لە ژێر نووری ئەو شوێنە، دەنگەدەنگی خەڵک و شەقام و سەیارە، ڕووناکییەکە دەکوژێننەوە. لای چەپی سەحنەکە، ژن و پیاوێک بە خۆشحاڵی دێنە ژووری)
**پیاو:** بەڕاستی عەجەب هەوایەکە! عەجەب جەوێکە! ئێرەم زۆر پێ خۆشە، چونکە یەکەم جار هەر لێرە لە ژێر پەیکەرەی ئەو سەربازانەدا لەگەڵت ئاشنا بووم ئازیزم!
**ژن:** چون من هەموو بڕیارەکانم لەگەڵ مێردی هەوەڵم لە ژێر پەیکەرەی ئەو سەربازانە دادەنا و بۆ دوایین جاریش لە ژێر ئەو پەیکەرەیە لە یەک جیا بووینەوە ئازیزم!
**پیاو:** ئاخ بە داخەوە ئازیزم، وا چاکە بڕۆین ئازیزم!
(نوورەکە دەکوژێتەوە و دەنگی ڕێزلێنانی خەڵک سەحنەکە پڕ دەکات، لە لای ڕاستی سەحنە ژەنەراڵێک بە کۆڵێ میدالی ڕەنگاوڕەنگەوە دێتە ناو ڕووناکی سەحنەکە)
**ژەنەراڵ:** ئەمڕۆ، لەو ڕۆژە نەتەوەییەدا بێ شک هێمنی و ئاسایشی خۆمان لە سایەی سەری ئەو قارەمانە نەتەوەییانەدا دەزانین (ئاماژە بە پەیکەرەی تووتا و مینگوو؛ دەنگی هۆڕاکێشانی خەڵک) ئەو نەتەوەپەرستانەن کە لە مێژوودا ناوی ئێمە زەق دەکەنەوە (دەنگی هۆڕا)
**دەنگێک:** ببوورە ژەنەراڵ دەڵێن یەکێ لەو سەربازانە سەربازی هێزی دوژمن بووە، ئایا ...
**ژەنەراڵ:** (بە نارەحەتییەوە دەمکوتی دەکا) درۆیە، ئەوە نەخشە و پیلانی دوژمنانی ئێمەیە، من ژەنەراڵ کووپێک گەلێ ساڵ لەگەڵ ئەو دوو سەربازە لە مەیدانی شەڕدا شان بە شانی یەک لە مەودای گوللەی دوژمندا بە شەڕ هاتووین، ئازایەتی ئێمە لە بیرەوەری هەموو کەسدا ماوە. من لەگەڵ ئەو دوو سەربازە کێشکی ئەو سنوورەمان داوە کە شەو و ڕۆژ و زەمان بۆ ئێمە ڕستە و وشەگەلێکی نامۆ بوو (دەنگی هۆڕا). ئەو دوو سەربازە، قارەمانانی نەتەوەیی ئێمە بوون (دەنگی ڕێزلێنانی خەڵک، نوورەکە کوژاوە، مینگوو و تووتا هەر بەو جۆرە بە حاڵەتی پەیکەرێک لە ژێر نوورەکەدا وەستاون، مۆسیقا سەحنەکە پڕ دەکات).

**سەرنج:**
**ئەم دەقە شانۆییە ڕاستەوخۆ لە نووسەرەکەی وەرگیراوە، بۆیە سەرچاوەی وەرگێڕانی نییە.**



## هونەرمەند چەتۆ حەسەن:
## سەردەمی ئێمە هونەرمەند چاوی لە دەسکەوت و پارە نەبوو.. هەمووشمان کەمتەرخەمین کە نەمانتوانیوە ڕەونەق و جوانی بۆ هونەری ساڵانی ڕابوردوو بگێڕینەوە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٣ – ٣)**

* هونەرمەند چەتۆ حەسەن کەسێکی فرە بەهرەیە، ئەو خۆی لە قەرەی زۆر کایە و بواری هونەر و نووسین داوە، سەرەتا بە نووسینی تێکست دەستی پێ کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بواری نووسین لەوکاتەدا کەسێکی کەم ئەزموون بووە، ئەو تێکستەی کە ساڵی ١٩٥٩ نووسیبووی لەلای ماوەتەوە، بەڵام پاش سێ ساڵ پشتگوێی خستووە و نەگەڕاوەتەوە سەری، دواجار لێی ون بووە.

* دیارە هەر لە سەرەتاوە مامۆستاکانی، بەهرەکانی ئەویان دۆزیوەتەوە و پەیان پێ بردووە، بۆیە هەرچەندە خۆی حەزی بە وێنەکێشان و نواندن کردووە، بەڵام ئەوان بۆ دنیای مۆسیقا پەلکێش و ئاراستەیان کردووە، لەنێو دنیای موزیکیشدا پێیان ڕاگەیاندووە کە دەست و پەنجەی ئەو بە کەڵکی عوود و کەمانچە ژەنین نایەت، لەبەر ئەوە سەرەتا بە مەشق و ژەنینی ئامێری (ئۆکۆردیۆن) دەستی داوەتە فێربوونی مۆسیقا، دواتر وەک (ئۆکۆردیۆن) ژەنێک لە چەند تیپێکدا کاری کردووە، لەوانە (تیپی هونەری هەولێر) و (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)، لە چالاکی قوتابخانەکانیشدا وەک مامۆستای سروود و گۆرانی و مۆسیقا دەستبەکار بووە، هەر بەهۆی ئامێرەکەیەوە بەیانیان سروودی داوە بە گوێی قوتابییەکان و بە هەستی نیشتمانی و گیانی کوردایەتی گۆشی کردوون.

* ساڵانێکی زۆر کە مامۆستا بووە وانەی هونەری وتووەتەوە، لەپاڵ سروود و مۆسیقا خەریکی هونەری شێوەکاریش بووە و لەگەڵ قوتابییەکانی سەریان پێکدا گرتووە و حەز و ئارەزووی هونەریی لەلا جووڵاندوون، ساڵانەش هەوڵی داوە بەرهەمی هونەریی ئەو قوتابیانە لە پیشانگای هاوبەشدا بەشداری پێ بکات و وەک نەریتی ئەوساکەش بەرهەمەکانی خۆشی، وەک بەرهەمی مامۆستایانی ئەو ڕۆژگارە، شوێنی تایبەتیان پێدراوە و لەو پێشانگا هاوبەشانەدا، لەگەڵ بەرهەمی قوتابیان نمایش کراون.

* چەتۆ حەسەن لە بواری نووسینی تێکستی درامایی و شانۆییدا کەسێکە جێ دەستی دیارە، بەرهەمەکانی وەک: (هەور و سامالْ) و (نامە) و (مەرزی و کاکەمین) و (میوانی ناوەخت) و (تاپۆ هەقی چییە؟) و چەندان دەقی دیکەی نووسیوە و وەرگێڕاوە و ئامادەکردووە، بەمەش بەشداری لە چالاککردنی بزاڤی نووسین بۆ شانۆ و تەلەڤزیۆن کردووە، ئەوە بێجگە لەوەی خۆیشی وەک ئەکتەرێک لە ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی شانۆیی و تەلەڤزیۆنیدا لە بزاڤی درامایی و شانۆیی شاری هەولێردا بەشدارێکی کارا بووە. گۆڤاری (ڕامان) ئەم نووسەر و هونەرمەندەی بەسەر کردەوە و لەسەر وێستگەکانی ژیانی هونەریی و ئەزموونی نووسینی وەستا، وەرن با خوێنەری ئەو ئەزموون و بەسەرکردنەوەی ئەو وێستگانەی ژیانی بین.

**ڕامان:** تۆ وەک کەسێک کە لە کۆمەڵێک بواردا کارت کردووە، هونەری شێوەکاری، نواندن، نووسینی دەق بۆ تەلەڤزیۆن و ئامادەکردن بۆ شانۆ، هەروەها مۆسیقات ژەنیوە، کۆمەڵێک بوارت هەڵبژاردووە و خۆتت تێیاندا تاقی کردووەتەوە، ئێستا بە حەزی خۆت کام لەو هونەرانە زیاتر لە تۆوە نزیکە، یان حەزت کردووە ئەویان ببێتە پێناسەی سەرەکی تۆ؟

**چەتۆ حەسەن:** لە سەرەتاوە کە دەستم پێکرد، لە قۆناغی سەرەتایی بە شێوەکاری دەستم پێکرد، لە قوتابخانە لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کە ئەوکاتی وانەیان پێ دەگوتین لەوانە مامۆستا عەبدولباقی بەکر، دواتر بە حوکمی ئەوەی کە زۆر حەزم لە سینەما بوو، چوومە ناو دنیای نواندن و شانۆوە، بەڵام پێش ئەوە هەر وەک ئارەزوویەک حەزم دەکرد لە مۆسیقا بزانم، پاشان کە لە خانەی مامۆستایان دەرچووم، چوومە ناو چەند تیپێکی هونەری مۆسیقایی، کە پێشتر ئەوەم باس کرد، تیپی هونەری هەولێر، تیپی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، تیپی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان.

**ڕامان:** کەواتە هونەری شێوەکاری خۆشەویستی یەکەمت بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** هونەری شێوەکاری ڕێچکە و ڕێگا سەرەکییەکەم بوو کە بۆ خۆم هەڵبژارد، هەر ئەوکاتە لە هەموو پێشانگاکانی قوتابخانەدا لەگەڵ قوتابییەکان، ئینجا لەگەڵ مامۆستاکان بەشداریمان دەکرد، دوایی لە مامۆستایەتیدا لەپاڵ سروود و گۆرانی، هەر وانەی شێوەکاریم دەگوتەوە.

**ڕامان:** کەی بوو ڕووت کردە نواندن و شانۆ؟

**چەتۆ حەسەن:** پاش ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٠ لە خانەی مامۆستایان دەرچووم، هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان شانۆگەرییەکی هەبوو، دەوری دابوو بە کەمال حەمەدەمین، کە ژمێریاری تیپی هونەریی هەولێری ئەوکاتی بوو، دیار بوو دەرووستی دەورەکە نەهاتبوو، سەباح عەبدولڕەحمان هاتە قوتابخانەکەمان و گوتی نواندنێک هەیە، پێم باشە ئەو دەورە ببینی، هەروەها لە قوتابخانە پێشتر وردە نواندنمان دەکرد، لەگەڵ مامۆستا واحید مەرجان بۆ ڕۆژی باوکان نواندنی گچکە گچکەمان دەکرد.




**ئازاد عەبدولواحید - چەتۆ حەسەن**

**ڕامان:** پێکەوە لەگەڵ هونەرمەند واحید مەرجان لە یەک قوتابخانە مامۆستا بوون؟

**چەتۆ حەسەن:** نا، ئەو لە دەشتێ (دەرەوەی شار) مامۆستا بوو.

**ڕامان:** چۆن بە یەکەوە کۆ دەبوونەوە و کاری هونەریتان دەکرد؟

**چەتۆ حەسەن:** بە حوکمی برادەرایەتیمان، هەروەها ماڵمان لە گەڕەکی تەیراوا لێک نزیک بوو، ئەوان لەسەر شەستی بوون، ئێمەش نەختێک لە خوار ئەوانەوە بووین، لەوێ لە قوتابخانە کورتەنواندنی گچکە گچکەمان دەکرد. هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان هاتە قوتابخانە گوتی دەورێک لە شانۆیی "ئابرووی خێزان"دا هەیە، وابزانم ئەوە ناوی شانۆگەرییەکە بوو، گوتی وەرە دەورەکەی تۆ ببینە، بیرم کردەوە بچم، نەچم؟ پێشتر شانۆم تاقی نەکردبووەوە، بڕیارم دا و گوتم دێم. پرۆڤە کرا، هەموو شتێک ئامادە بوو، هاتینە سەر شانۆ، کاتێک کە پەردە هەڵدرایەوە، تەماشام کرد هۆڵەکە تا دوا کورسی پڕە لە بینەران، بڕوا دەکەی چۆکم (ئەژنۆم) دەستی بە لەرزین کرد، پێشتر شتی وام بەخۆمەوە نەدیتبوو، لە هۆڵ پرۆڤەمان دەکرد، بەڵام کەس لە هۆڵەکەدا نەبوو، ڕۆژی یەکەم تا دەورەکەم تەواو کرد، دەمگوت خوایە تەنیا دەقەکەی لەبیر نەکەم، ڕۆژی دووەم باشتر بووم، ئەو کاتی کە ئاهەنگێک دەکرا، مۆسیقا و شانۆشی لەگەڵ بوو، ئاهەنگ دەکرا و دواتر دەبووە شانۆگەری و هەڵپەڕکێ، ئیدی ئەوە بوو لەپاش ئەو کارە شتی تری بەدواداهات و وردە وردە لەگەڵی ڕاهاتم،

سواریش تا جارێک نەگلێ، نابێتە سوار.

**رامان:** هێنانی ئاهەنگی گۆرانی لەپاڵ پێشکەشکردنی شانۆنامە، ئەو نەریتەتان لە کوێوە هێنا؟ چونکە سلێمانییەکانیش هەر وایان کردووە.

**چەتۆ حەسەن:** ئەوەیان نازانم، کە هاتمە ناو جیهانی هونەرەوە بەم شێوەیە بوو.

**رامان:** وەک بەبیرت بێ ئەو نەریتە ساڵانی چەند باو بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** لە ساڵانی شەستەکان، ١٩٦٣-١٩٦٤ و ئەو دەوروبەرانە بوو، کە دەرچووم و بوومە ژەنیاری ئۆکۆردیۆن و فێر بووم، کاتێ چوومە چالاکیی قوتابخانەکان، لەوێوە کە ئاهەنگ دەکرا، هەمیشە یەکەم جار ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا پێشکەش دەکرا، پاشان شانۆگەرییەکە نمایش دەکرا.

**رامان:** ئەی لە حاڵی حازردا هیچ سۆزێکت بۆ هونەری شێوەکاری ماوە؟

**چەتۆ حەسەن:** لەوەتای خانەنشین بووم و کەوتوومەتە ماڵەوە ئیش ناکەم، دەبێ تۆ جێگایەک، ژوورێکت هەبێ بەتەواوی بیکەیتە شوێنی کاری خۆت، ئەو ژوورە لەو خانووەدا، کە تێیدا بووین، مومکین نەبوو کاری تێدا بکرێ، یان مومکینیش بوایە، منداڵەکانی ئەژی گچکە بوون، من ئیشم بە ڕەنگی ڕۆنی و ڕەنگی ئاوی دەکرد، ئەوەبوو وردە وردە لێی دوور کەوتمەوە. بەرنامەکەشم لە تەلەڤزیۆنی کوردستان (هەگبەی کوردەواری)، پاشان (خەرمانی نیگا) زیاتر کاتیان بردم و لە شێوەکاری دووریان خستمەوە، ئێستا جاربەجار بە قەڵەمی ڕۆترینگ هێڵکاری دەکەم، لە قوتابخانە کە داوا لە منداڵەکانی ئەژی دەکەن، وێنەیان بۆ دەکێشمەوە، بەڵام وەک ڕەنگی ڕۆن لەوەتای خانەنشین کراوم، دەستم لێ نەداوە.

**رامان:** ئێستا نیمچە پشوویەکی باشت هەیە، لە لایەک خانەنشینی، لەلایەکی دی کارکردنت وەک بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لە (هەگبەی کوردەواری) و (خەرمانی نیگا) نەماوە، بیرت لەوە نەکردۆتەوە دیسان دەست لەملانی خۆشەویستیی یەکەم جارت بیت کە لەڕێی هونەری شێوەکارییەوە ئەو دەرگایەت بۆ کرایەوە و هاتیتە ناو دنیای هونەرەوە؟

**چەتۆ حەسەن:** پێرێ کچەکەی ئەژی کوڕم گوتی بابە بۆ کاری شێوەکاری ناکەی، تا ئێمەش بێین لەلات دانیشین و لێتەوە فێر بین. گوتم خەریکە دەست پێ دەکەم، ئێستا هیچ ئیشم نییە، شێوەکاری بە ڕەنگی ئاوی، ئەوە زۆر جێگەی ناوێ و پیسیش نییە، چونکە هیچ جێیەکت پیس ناکات، ئەگەر لەگەڵیشم بەشداری بکەن، ئەوکاتی دەیاندەمێ، هەر نا فێریان دەکەم، چونکە شێوەکاری بە ڕەنگی ئاوی زۆر زەحمەتە، هەموو کەسێک ناوێرێ خۆی لێ بدات.

**هەمـــوو ئەندامـانی لیـــژنەی پشکنینی شانۆیی متمانەیان پێم بوو، بۆیە ئەرکە قورسەکە لەسەر شانی من بوو.**

**رامان:** سەبارەت بە کاری مۆسیقا کە گوتت بۆخۆم فێر بووم، ئۆکۆردیۆن لێدان فێر بووی، جارێ حەز دەکەم پرسیاری ئەوەت لێ بکەم، تەنیا لەسەر ئۆکۆردیۆن گیرسایتەوە، یان چوویتە سەر ئامێری تریش، وەک کەمانچە و عوود و ئامێری دی؟

**چەتۆ حەسەن:** کارم لەسەر نای کرد، بریا هێنابام بریکم بۆ لێدابای.

**رامان:** ئەوە بەهارەکەمان لەپێشە دەچینە دەشتودەر، جارێکی لەگەڵ تۆ دەچینە عەوێنە، ئەوەندەت وەسف کرد، بزانم عەوێنە چۆنە، لەوێ نایەمان بۆ لێ دە.

**چەتۆ حەسەن:** ئینجا ئەوە دەبێ بەهارێ بێ، ئێستاش لە ماڵێ ناوەناوە نای لێ دەدەم، زۆر حەزم لێیە، ئۆکۆردیۆنەکەم دانا، لەبەر ئەوەی ئێستا لەمێژە مەشق و ڕاهێنانم لەسەری نەکردووە، ئۆکۆردیۆنیش پەنجەی شل و خاوی دەوێ، منیش پەنجەکانم بەرەو ڕەق بوون دەڕۆن.

**رامان:** هەر خۆی ژەنینی مۆسیقا وایە، ڕۆژانە پرۆڤە نەکەی، ڕاهینان و مەشق نەکەی، پەنجەکانت ڕەق دەبن و بە کەڵکی ژەنین نامێنن.

**چەتۆ حەسەن:** ڕاستە، بەڵام نای، سێ چوار نایەم هەیە، جار بەجار دەریاندێنم و خاوێنیان دەکەمەوە و ڕۆنیان تێ دەکەم، بۆ ئەوەی وشک نەبن.

**رامان:** ئەویش هەر بە سەلیقەی خۆت فێری بوویت؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، بۆخۆم فێری بووم، کەس فێری نەکردووم، بەڵام یەک شت هەیە، کاتی خۆی لە بەشی ناوخۆیی، جۆرە بلویرێک هەبوو، هەر بۆخۆی پیک بوو،

درێژ بوو، بە دینارێک بوو، فوت تێ دەکرد، دەنگی لێوە دەردەهات، بەڵام وەک نایە نییە، نایە بۆ خۆت دەزانی وەک قامیش، چەند کونێکی تێدایە. لەوێ لە بەشی ناوخۆیی ئەوەم کڕی، وردە وردە لەگەڵ برادەران دادەنیشتین و لێمان دەدا، هەندێک ئاواز لەوێ فێر بووم، ئەوجا نای ئەسلی، پێی دەڵێن نای ئیزاعی، ئەوە زانینێکی تایبەتی پێ دەوێت، دەبێ فێر بیت و بزانیت چۆنی لێ بدەی.

**رامان:** تۆ هەر فێری نۆتە نەبووی؟ پێدەچێ کۆمەڵێک ئاوازت لەبەر کردبێ، بە نای و بە ئۆکۆردیۆن لێیان بدەی، یان ئەو قسەیەم وانییە و دەتوانی هەر ئاوازێکت بدەنێ و بڵێین وەرە لێی دە، تۆ دەریبێنی؟

**چەتۆ حەسەن:** نا نۆتە فێر نەبووم، ئەو هونەرمەندانەی کە لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا بەشدارییان لە تیپەکەدا دەکرد وەک هونەرمەندان: سەردار ئەحمەد، واحید مەرجان، مونعیم مەزهەر، دیارە ئێمە پرۆڤەمان لەگەڵ دەکردن، بە حوکمی ئەوە ئاوازەکەیان لێوە فێر دەبووم، بۆیە ئێستا بۆخۆشم دانیشم ئاوازێک بژەنم ئاساییە، دێی مەقاماتەکان وەک حیجاز و سەبا و ئەوانە لێ دەدەی.

**رامان:** وەک ئامێرژەنێک شارەزاییت لە مەقامات هەیە؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، بەڵام بە نۆتە نازانم بینووسم.

**رامان:** بە نۆتە نا، بە شارەزایی و بیستن (سماعی)؟

**چەتۆ حەسەن:** وەک بڵێین حیجازێکم بۆ لێدە، یان سەبایەکم بۆ لێدە، ئەوانە دەزانم.

**رامان:** ئەوە لە کێ فێر بووی، هەر خۆت فێر بووی؟

**چەتۆ حەسەن:** نا، ئەوەش هەر لەو ئاهەنگانەی بەشداریمان تێدا دەکردن، لە گۆرانیبێژەکان بەیات و چوارگا و حیجاز و سەبا و نەهاوەند و هومایۆن و... فێر بووم.

**رامان:** ئێستا خۆت هەموو مەقامەکان دەناسیتەوە؟ کە گوێت لە گۆرانییەک گرت دەزانی سەر بە چ مەقامێکە؟

**چەتۆ حەسەن:** یەکەم جار دەیهێنمەوە سەر بەستەکە، کە بەستەکەی گوت ئەوجا دەزانم چییە.

**رامان:** باسی ئەوەمان کرد فێری ئەو دوو ئامێرە بووی، هیچ رێککەوتووە لەناو تیپی مۆسیقا، یان ئەو سێ تیپەی کارت لەگەڵیان کردووە، کاتێ ویستبێتتان مۆسیقا بۆ گۆرانیبێژێک لێبدەن، سۆڵۆیان دابێتە تۆ؟ وەک سۆڵۆی ئۆکۆردیۆن، یان نای؟

**چەتۆ حەسەن:** هونەرمەند تەحسین تەها، هەرچەند گۆرانییەکی نوێی خۆی بۆ پرۆڤە دەهێنا، جێیەکی تایبەتی بۆ من دادەنا، دەیگوت ئەوەیانم بۆ تۆ داناوە، تۆ ئەوە لێدە، دەمگوت سپاست دەکەم، بەڵام ئەوەی ئێستا شانازی پێوە دەکەم ئەوەیە کە لە داهاتوودا بۆتی لێدەدەم، سەدەی بیستەمی هونەرمەند (تاهیر تۆفیق)ـە، سۆڵۆیەکی ئۆکۆردیۆنم هەیە، هەموو جارێ کە لێی دەدەم، گەرووم پڕ دەبێت لە گریان، ئەوکاتی کە ژەنیارەکانمان مامۆستایان واحید مەرجان، مستەفا رەئووف، تەڵعەت عارف، جەودەت شاکر، سەردار ئەحمەد بوون، زۆر دۆخەکە خۆش بوو، ئەوەم ماوە، ئێستا مام تاهیر تۆفیق پێموایە تەنیا ئەو سەدەی بیستەمەی هەیە کە بە ئاهەنگ ئێمە هاوشانی ئەو کردوومانە، ئەویش پێموابێ لە یەکەم یادی رێککەوتننامەی یازدەی ئاداردا بوو، دواتر لەپاش ئەوە لە نەورۆز کردمان، لەناو پردان ئاهەنگێک کرا، لەوێ بەشداریمان کرد. بەشداریی هەموو بۆنەیەکم دەکرد، بەڵام بۆخۆم لە سەفرە و گەشت و سەیران لەگەڵ برادەران، یان کە بۆ بەرنامە دەچووین، وێڕای حیکایەتی یەکێک لە چیرۆکەکان، کابرا بۆ باگراوند نای لێداوە، لەوێ مۆسیقایەکم لێداوە، بەڵام نەک وەک ئەوەی پیشانی بدات.

**رامان:** ئەی لەو تەمەنەی کە لەناو ئەو تیپانەدا وەک مۆسیقاژەنێک کارت کردووە، هیچ ئیشت بۆ مشکۆ کردووە؟

**چەتۆ حەسەن:** بۆ مشکۆ بەشداریم نەکردووە و هیچم بۆ ئەو لێ نەداوە.

**رامان:** ئەی بۆ هابە؟

**چەتۆ حەسەن:** نا بۆ ئەویشم لێ نەداوە.

رامان؟: ئەی بۆ هونەرمەندەکانی دیکە کێت لەبیر ماوە مۆسیقات بۆ ژەنیبێ؟

**چەتۆ حەسەن:** لەوانەیە لە ئەک لەنجەکان بۆ مەشکۆم لێ دابێت، بەڵام ئەوکاتی نەمزانیبێ کامیان کامەیانە، لەبەر ئەوەی دەبووە هەرا، یان لەوانەیە بۆ محەمەد ئەربیلی م لێ دابێ.

**رامان:** ئەو ئەک لەنجانە حیساب ناکرێن، لە هەولێر

جاران ئەو نەریتە هەبوو، خۆشەکەی ئەوەبوو لە پاش مەولوود خوێندن، یەکسەر ئەک لەنجەیان دەست پێدەکرد.

**چەتۆ حەسەن:** وەستایەک لە تەیراوا هەبوو، ژنیان بۆ کوڕەکەی هێنا، ئێمە وەک تیپی خانەی مامۆستایان چووین، مامۆستا زیائەددین نووری قەساب کە ئێستا ماوە، ئەو مۆسیقای پێ دەگوتین، تەڵعەت عارف، جەودەت شاکر، بانگهێشتی مەولوود کراین، کە مەولوود دەخوێنرا، عوود و کەمانچە و ئامێرەکانیان دەشاردەوە، بەرماڵێکیان بەسەر عوود و ئامێرەکان دادەدا، بۆ ئەوەی کەس نەیانبینێ، ئێمەش لە هۆدەیەک دانیشتبووین، تا مەولوود تەواو بێ و ئاهەنگەکە دەست پێ بکەین، حەیدەرە کەچەڵ هات، ئەویش گۆرانبێژێکی چاک بوو، لەگەڵ مامە (تاهیر تۆفیق)یش شتی زۆر لە نێوانیان هەیە، ئەو دەیگوت وەرە لێرە دانیشە، ئەو دەیگوت وەرە لێرە دانیشە، حەیدەر بەقاڵ یەکسەر چوو لەلای دەرگاوە دانیشت، گوتی من لێرە دادەنیشم، لای دەرگا عوودەکە بەرماڵی بەسەر دادرابوو، مامۆستا زیائەددین قەساب لە مشەوەشیان برێک زمانی دەیگرت، لە قسەکەی درەنگ کەوت، تا ئەو گوتی دامەنیشە، مام حەیدەرە کەچەڵ ڕاست لەسەر عوودەکە دانیشت، تەنیا دەسکەکەی بە ساغی مابووەوە، ورد و هەلا بوو، گوتی ئەوە من چیم کرد؟ مامۆستا زیائەددین قەساب گوتی یاڵڵا دەی هیچ نییە، بەقوربانی تۆ بێ. گوتی پارەکەی چەندە دەتدەمێ. لەپاش ئەوەی ئەو دانیشت، یەکی دی هات، پێیان دەگوت کەڵەباب، ئەو گوتی کەڵەباب وەرە ئێرە، ئەو دەیگوت کەڵەباب وەرە ئێرە، مام حەیدەر بەقاڵ گوتی کەڵەباب! کەواتە ئێمە هەموو مریشکین، بوو بە پێکەنین، مەبەستم ئەوەیە ئەوکاتی مەولوود و ئەک لەنجە تێکەڵ دەکران و زۆر قسەی خۆشی تێدەکەوت.

**ڕامان:** باسی ئەو ژەنیارە بەناوبانگانەم بۆ بکە، کە تۆ مۆسیقات لەگەڵیان لێ داوە، ئەوانە کێ بوون؟

**چەتۆ حەسەن:** مامۆستایان سەردار ئەحمەد، جەمال هیدایەت، زیائەددین نووری قەساب، واحید مەرجان، مستەفا ڕەئووف، نوورەددین ئیبراهیم بوون.

**ڕامان:** ئەرێ بەڕاست، ئێستا نوورەددین ئیبراهیم لە دەرەوەی وڵاتە؟



**چەتۆ حەسەن، درامای ماڵی نوێ، بەغدا، ١٩٨٢، ناو ستۆدیۆی سینەما و شانۆ، لە دەوری حوسە چەلەبی.**

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، وابزانم لە دەرەوەیە، ئەوجا نوورەدین ئیبراهیم لە خانەی مامۆستایان عوودی لێ دەدا، ئەو پۆلی سێ بوو، من پۆلی یەک بووم، زۆر مەراقم (سەماعی موحەیەر) بوو، دەچوومە لای دەمگوت نوورەدین توو ئەو خودایە (سەماعی موحەیر)م بۆ لێدە! ئیتر جەودەت شاکر و تەڵعەت عارف و عەبدولمونعیم مەزهەر، کە لە مەلەوانیدا هەردوو لاقی (قاچی) تەشەنووجی کرد و نەیتوانی بێتە دەرێ و خنکا، جەردیس عیزەددین هەبوو، ئەویش ژەنیاری عوود بوو، مستەفا ڕەئووف بوو، کە ئەویش کۆچی دوایی کرد.

**ڕامان:** ئەی زابت ئیقاعەکان کێ بوون؟

**چەتۆ حەسەن:** زابت ئیقاعەکان یەکەم جار نوورەدین تاقی بوو، دوایی لە چالاکیی قوتابخانەکان عەدنان مەلا لە تیپی هونەری هەولێر بوو، نوورەددین تاقی دوایی هاتە تیپی هونەری هەولێر، پاشان شەریف جەرجیس هات، سەید تەڵعەت محەمەد سالح دەفی لێدەدا کە دوایی بوو بە ئەندام پەرلەمان.

**ڕامان:** ئێستا ئەو گۆرانبێژە بەناوبانگانە کە ناوی دوویانت برد، هونەرمەندان تەحسین تەها و تاهیر تۆفیق، بێجگە لەو دووانە، ئەوانی دیکە کێ بوون مۆسیقات بۆ ژەنیون؟ مامۆستا باکووری تێدا نەبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، مامۆستایان: مام تاهیر تۆفیق، باکووری، تەحسین تەها، عەبدوڵڵا دڵسۆز، فوئاد ئەحمەد، یەحیا مەرجان، عەبدولجەبار ئەربیلی، هەروەها بۆ (محەمەد قەدری)یش لێ داوە.

**رامان:** ئەی بۆ محەمەد ئەربیلی برای مۆسیقات ژەنیوە؟

**چەتۆ حەسەن:** بۆ (محەمەد ئەربیلی)م بەبیر نایە مۆسیقام لێ دابێ، بەڵام بۆ جەبار ئەربیلی برای زۆر مۆسیقام لێداوە.

**رامان:** بۆ محەمەد قەدری لە بەغدایە، یان لێرە مۆسیقات لێداوە؟

**چەتۆ حەسەن:** نا هاتبووە شەقڵاوە، تیپی هونەری هەولێر بۆخۆمان چووین ئاهەنگێکمان لەوێ ساز کرد، ئاهەنگەکە بە بلیت بوو، محەمەد قەدری هاتە ئەوێ، لەوێ مۆسیقام بۆ لێدا، واتە زۆربەی هونەرمەندەکان لەسەر شانۆ مۆسیقام بۆ لێداون.

**رامان:** جاران ئەوەندەی من لەبیرم بێ، شەستەکان کە من منداڵ بووم، زۆر باشم لەبیرە، بەڵام لە حەفتاکان باشتر ئەوەم لەبیرە، تیپی هونەری کوردی بۆ ناساندنی گۆرانی و گۆرانبێژەکانی کورد دەچوونە مەسیف و شەقڵاوە کە عەرەبێکی زۆر وەک گەشتیار دەهاتنە ئەوێ، گۆرانی و مۆسیقا پێشکەش دەکران، وەک هەڵپەڕکێ و هونەر و گۆرانیی کوردی بەو گەشتیارانە دەناسێنرا؟

**چەتۆ حەسەن:** وابوو.

**رامان:** تۆ لەوانە بەشدار دەبووی؟ چەند جار بەشدار بوویت؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، بەشدار دەبووم، ئەو ئاهەنگانەی لەوێ کرابن، لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر لە هەموویان بەشدار بووم.

**رامان:** ئەو ئاهەنگانە کە سازتان کردوون، ئەوانە هەمووی بە بلیت بوون، یان هەیانە بەبێ بلیت بووە؟ پارە لەو خەڵکەی دەهاتن وەردەگیرا؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەگەر شانۆگەری لەگەڵ بوایە، بە بلیت بوو.

**رامان:** ئەی بۆ ئاهەنگی گۆرانی بلیت نەبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** ئاهەنگی گۆرانی بلیتی نەبوو، ئەو ئاهەنگانە بۆ بۆنەکان ساز دەکران، وەک بۆنە نیشتیمانییەکان.

**رامان:** ئێوە کە وەک هونەرمەندان بەو کارانەوە ماندوو دەبوون، ڕەنگە چەند جار لە مانگێکدا پرۆڤەتان کردبێت، ئینجا کە چوونەتە ئەو شوێنانە، حەقی هاتوچۆ و هیلاکی و هێندێک جار مانەوەتان، کە نانتان خواردبێ و لەوێ نووستوون، بۆ ئەوانە کێ خەرجی کێشاون؟

**چەتۆ حەسەن:** تەنیا خەرجی نانخواردن دەدرا، ئەگەر بۆ نان خواردن پارەمان خەرج کردبێت، ئەگەر نا بڵێی پارەمان وەرگرتبێت، شتی وا نەبووە، ئەو سەردەمە هونەرمەند چاوی لە پارە نەبوو، تەنیا دەمانگوت شتێک بکەین، هونەرێک پیشان بدەین.

**رامان:** بۆ ئێوە زیاتر هونەرەکە ئامانجی سەرەکی بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** هونەرەکە گرنگتر بوو، تەنیا کە دەچووینە دەرێ برسی نەبووینایە.

**بە گشتی هونەر، نەک هەر لەلای ئێمە لە کوردستان و ئێراق، لە میسریش لە پاش حەفتاکانەوە ئەو ڕەونەق و بەهایەی جارانی نەما.**

**رامان:** ئەو قسەیەی تۆ دەیکەی، ئەگەر لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەراوردی بکەین زۆر جیاوازە، چونکە ئاگام لێیە ئەو هونەرمەندانەی کە پێشەنگ بوون، یان دوای ئەوان هاتوون، هەموویان کە قسەم لەگەڵیان کردووە، باسی ئەوە دەکەن کە بە خۆبەخش و بەبێ بەرانبەر کاریان کردووە و زۆر حەزیان لە کاری خۆیان بووە، کەچی ئێستا ئەو خەڵکانەی کار دەکەن، ناز و فیزیان زۆرە و بەبێ پارە وەرگرتن مۆسیقا لێنادەن، بەبێ پارە ئیش ناکەن، تەنانەت پێش ئەوەی بچنە ناو هەر پرۆژەیەکی هونەری، باسی ئەوە دەکەن کە چەند دەستکەوتی بۆ ئەوان تێدایە، ئەگەر بەدڵیان نەبێ نایکەن، ئینجا دەتوانم بڵێم ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی دواکەوتنی هونەرە، چونکە ئەو عیشق و ڕوحیەت و پەرۆشییە لەناو هونەردا دەکوژێ و نامێنێ.

**چەتۆ حەسەن:** ڕاست وایە، لایەنە ماددییەکەی لە لایەنی هونەرییەکەی زیاتر زاڵ دەبێت.

**رامان:** تۆ کەوتیتە ناو ئەو تیپانە و ژەنیاریش بووی، بە سەرنجراکێشانەوە مۆسیقات لێداوە، خەڵک چێژیان لێ وەرگرتووە، هیچ بیرت لەوە نەکردۆتەوە ئاواز دابنێیت؟

**چەتۆ حەسەن:** نەخێر.

**ڕامان:** ئەی ئامادەکردنی کارێکی فۆلکلۆری، کە تۆ میلۆدییەکی فۆلکلۆری بۆ گوتن ئامادەی بکەی؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەویشم نەکردووە، تەنیا وەک ژەنیارێک بەشداری ئاهەنگەکانم کردووە.

**ڕامان:** لە بواری کاری شانۆیی و مۆسیقادا، وەک دەزانی ئەوانە دوو کاری هەرەوەزین، ئەگەر یەکێک بیەوێ لە ماڵێ دابنیشێ دەتوانێ شیعر، چیرۆک، ڕۆمان بنووسێ، دەتوانێ بە تەنیا دابنیشێ و تێکست بنووسێ، ئەگەر بتەوێ دەقی شانۆیی بنووسی، ئەویش هەر دەتوانی بنووسی، بەڵام ئەو سێ هونەرە، بەتایبەتی هونەری سینەما و شانۆ و هونەری مۆسیقالێدان و تیپ بەڕێوەبردن، ئەوە بە کۆمەڵێک خەڵک دەکرێت.

**چەتۆ حەسەن:** هونەری هەڵپەڕکێ و شاییش.

**ڕامان:** بەڵێ، شاییش هونەرێکی هەرەوەزی گرینگە، هەڵپەڕکێ کە لای ئێمە تا ئێستا وەک هونەرێکی ڕەسەن باش گوێی نەدراوەتێ، ئەو هەموو شاییبیە، کە لە هەر ناوچەیەک شایی تایبەت بەخۆی هەیە، دەبوایە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بنووسرێ و قسەی لەبارەوە بکرێت، تۆ لەناو زۆر تیپی شانۆیی و مۆسیقایی و تیپی هەڵپەڕکێدا کارت کردووە، پێت خۆش بووە پتر لەگەڵ کێ ئیش بکەی؟

**چەتۆ حەسەن:** سەبارەت بە من هەموویان وەک یەک وابوون، چونکە زیاتر حەزم لە هونەرەکە بوو، کە هونەرەکە ئەدا بکەم، بەشداری لە شانۆگەرییەکە، یان مۆسیقاکەدا بکەم، نەک بزانم کێ لەگەڵم مۆسیقا لێدەدات.

**ڕامان:** ئەی تیپەکەت بەلاوە گرینگ نەبووە کە چ تیپێک بووە؟

**چەتۆ حەسەن:** هیچ یەک لەوانە بەلامەوە گرنگ نەبوون، بۆ من تەنیا گرینگ ئەوەبوو بەشدارییەکەم بەدی بێت، ئەوجا ژەنیارەکان هەموو برادەر بوون، مەبەست ئەوە نەبوو کە لە لای ئەوەیان دانیشم، یان لەوەیان دوور بم، لەگەڵ هونەرمەند سەردار ئەحمەد گەلێک جار سوعبەتمان دەکرد، دەمگوت لە کاتی ژەنیاریدا ئەوە بەشەرە و جاری وایە بیری دەڕوات و نەشازێک دەکا، ئیتر نوقرچکێکی لێدەدام، سەرەتاکان کە مۆسیقامان لێدەدا زۆر خۆش بوو، هەموو هەر خۆشەویست بوون،



**عەوێنە، ساڵی ١٩٥٥ - ١٩٥٦، لە ڕاستەوە: حەمەد عەلی کامەلا، زەنوون یووسف، قادر کامەلا. دانیشتوو: کەمال سەید محەممەد**

ژەنیارەکان هەموان برادەر بوون، کە شتێکمان دەکرد شانبەشانی یەکتر ئیشەکەمان دەکرد، ئیشەکەمان لەلا پیرۆزتر بوو، ئەوە لەلای من گرنگتر بوو لەوەی کە بزانم لەگەڵ کێ ئیش دەکەم، ئەو شتە نەبوو، ئێستا هێندێک هونەرمەند لەگەڵ کۆمەڵێک بوونەتە گرووپ گرووپ و پێکەوە ئیش دەکەن.

**ڕامان:** تێکەڵاوبوونەکەت لەگەڵ هەموو هونەرمەندان وەک یەک بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، لەگەڵ هەمووی وەک یەک بوو.

**ڕامان:** تۆ کە نە لەهونەری مۆسیقادا، نە لە بواری هونەری شانۆدا، نە لە بواری شێوەکاریدا ئەکادیمیانە نەتخوێندووە، بەڵام ئەوانەی کە لەگەڵیان ئیشت کردووە هێندێکیان وەک هونەرمەند سەردار ئەحمەد ئەکادیمی خوێندووە، تەنانەت ئەو لە بواری ژەنینی فلووتدا ڕوبعەتۆن کە پێوەندیی بە گۆرانیی ڕۆژهەڵاتی و مەقاماتەوە هەیە، داهێنانی تێدا کردووە، هەروەها توانیویەتی کلارنێت لەگەڵ مەقامات و گۆرانی ڕۆژهەڵاتی بگونجێنێت، لە کاتێکدا ئەوە ئامێرێکی ڕۆژئاواییە، تۆ تا چ ڕادەیەک سوودت لەو کەسانەی ئەکادیمی بوون و خوێندوویانە وەرگرتووە؟

**چەتۆ حەسەن:** ئامێرەکەی من ئۆکۆردیۆن بوو،

ئۆكۆرديۆن ئامێرێكی ڕۆژئاواییە، گرفتی من ئەوە بوو، كە بۆ نموونە مقامی بەیات دەبێ ڕوبعەتۆنی تێدا بێت، سەبا ڕوبعەتۆنی تێدایە، بۆیە لە ژەنین بێبەش دەبووم، چونكە نەشاز دەبوو، ئۆكۆرديۆن نیوتۆنی هەبوو، تۆنی تەواوی هەبوو، هونەرمەند عەبدولواحید مەرجان گوتی ئۆكۆرديۆنەكەت بێنە بۆت دەكەم بە ڕوبعەتۆن، گوتم بەڕاستە؟

**ڕامان:** لە كاتێكدا ئەو ئەكادیمی نەخوێندبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەو خانەی مامۆستایانی تەواو كردبوو، ئۆكۆرديۆنەكەم بۆ برد، گوتی سبەینێ وەرەوە بیبەوە، كە بەیاتم لێ دا، ڕوبعەتۆنی تێدا بوو، لەمن وابوو هەموو هەولێر هی منە، گوتم ئۆخەی خۆ كەس ناڵێ ئۆكۆرديۆنەكەت ڕوبعەتۆنی نییە، دەنگەكە نەشاز دەكەی، ئەوجا لەگەڵ سەردار ئەحمەد سۆلۆیان دەدامێ، لە هەموو ئاهەنگەكان و گۆرانی هەموو گۆرانیبێژەكان بەبێ ترس ئۆكۆرديۆنم لێ دەدا.

**ڕامان:** ئەوە شتێكی نایاب و جوانە، بەڵام دەمەوێ بزانم هونەرمەند عەبدولواحید مەرجان ئەو شارەزاییەی لە كوێوە هێنابوو و فێری بووبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** هەر خۆی بە سەلیقە فێر بووبوو، دەزانی چۆنە، ئەو پەنجەیەی كە دایدەگری، ئەو كەسە بۆ خۆی دەزانێ بارستایی پەنجەكە چەندە دایدەنێ تا تۆنەكە هەمووی دەرنەیەت، تۆنی تەواو بێ، یان نیو تۆنەكانی دەكردە ڕوبع تۆن و شەمێی لەسەر دادەنا، كە دایدەنا و لێی دەدا، بۆ خۆی ژەنیارە، دەیزانی كەی دەبێتە ڕوبع تۆن لێی دەگەڕا، ئەوجا چەند جاری خراپ دەبوو، دەیگوت بیهێنەوە بۆتی چاك دەكەمەوە، دەمبردە لای دیسان بۆی چاك دەكردمەوە، ئۆكۆرديۆنەكەی هەمووی دەكردەوە، شەمێی دادەنا و دوایی كارەكەی تەواو دەكرد و قەپاتی دەكردەوە و دەیگوت ئەوجا لێی دە، لێم دەدا و دەمگوت ئۆخەی، ماچم دەكرد و دەمگوت گەلێك گەلێك مەمنوونتم.

**ڕامان:** ئێستا بە بۆنەی ئەوەی كە زۆر نییە هونەرمەند عەبدولواحید مەرجان كۆچی دوایی كردووە، بێجگە لەو كورتە باسەی بەو بۆنەیەوە كردمان، با تۆزێكیش باسی ئەو هونەرمەندە بكەین، دیارە تۆ زۆر لێیەوە نزیك بووی، بەباشی دەزانم باسێكی بەهرەكانی ئەو پیاوەم بۆ بكەیت، یان چ بیرەوەرییەكت لەگەڵیدا هەیە؟

**چەتۆ حەسەن:** جارێ بەهرەكانی هونەرمەند واحید مەرجان زۆر بوون، ئەو موزیكژەن، شێوەكار و شانۆكار بوو، یەك دوو ئۆپەرێتی بۆ میهرەجانەكان نووسییەوە، لە گۆڕینی ئامێری ئۆكۆرديۆن، لە ڕۆژئاوایی بۆ ڕۆژهەڵاتی لێزان و دەستڕەنگین بوو، یادگاریم لەگەڵ ئەم هونەرمەندە گەلێك زۆرە، لە هەموویان خۆشتر ئەوەیە ڕۆژێكیان لە ئەمنیدارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان دانیشتبووم، ئەوكاتە من و ئەو هەردووكمان لەوێ فەرمانبەر بووین، نزیكەی دووسەد هونەرمەند و موزیكژەن و وەرزشكاریان گواستبووەوە بۆ سەر میلاكی وەزارەتی لاوانی بەغدا، دوایی لەوێوە بۆ ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان تەنسیبیان كردین، لەناویان هونەرمەندان: واحید مەرجان، یەحیا مەرجان، سەباح عەبدولڕەحمان، سابیر عەبدولڕەحمان و زۆری دیكە بووین. لەگەڵ واحید مەرجان لە ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بووین، ئێوارە دانیشتبووین دەوامی ئێوارانمان هەبوو، واحید مەرجان بڕێك نەخۆش بوو، عەبدولغەفار سائیغ دەبێ بۆ مێژوو ئەوە بڵێین، هونەرمەندی خۆش دەویست و هونەرمەندیشی هان دەدا، خۆیشی ڕۆژنامەنووس بوو، هاتە سەرێ، ئێمە لە ژووری سكرتێری جێگری ئەمینداری گشتی دانیشتبووین، دەستەیەك بووین.

**ڕامان:** بەڵام ببورە با ئەوەش بڵێین كە عەبدولغەفار سائیغ بۆیە هونەرمەندان و نووسەرانی خۆش دەویست، بۆ ئەوەی وردە وردە لێیان نزیك ببێتەوە و بیانكاتە بەعسی، بەرپرسی ئەو كەرتە بوو، ماوەیەك دەیویست دەستكاریی یەكێتیی نووسەرانیش بكات، بەڵام لە كۆنگرەی پێنجەمی یەكێتیی نووسەران ڕێی لێ گیرا.

**چەتۆ حەسەن:** بە هەرحاڵ هاتە سەرێ گوتی چەتۆ! گوتم بەڵێ مامۆستا. گوتی دەچیتە دەرەوە؟ ئەوە لەناو ئەو هەموو خەڵكەی لەوێ بوون، منیش كە هەستامە سەر پێ گوتم بچمە كوێ؟ لام وابوو دەرەوەی بیناكەی مەبەست بوو، گوتی مەبەستم دەرەوەی بینایە نییە! گوتم ئەی كوێت مەبەستە؟ دەرەوەی هەولێر؟ گوتی هەولێری چی؟ بڕێك تووڕەش بوو، گوتی دەرەوەی ئێراق. ئەوە لەناو ئەو خەڵكەدا شتێكی گەلێك عەنتیكە بوو، ئەمینداری گشتی بێتە سەرێ و بڵێ دەچیتە دەرەوەی ئێراق. گوتم

ئارەزووی خۆتە. گوتی خۆت ئامادە بکە دەتنێرمە بولغاریا. پێم وابێ ئەودەم نەیگوت چیکوسلۆڤاکیا، وابزانم گوتی بولغاریا و یۆگسلاڤیا، ئەو چووە دەرێ، دانیشتمەوە، سەردار میران گوتی ئەوە چ بوو؟ گوتم نازانم، بە قەستی بوو، یان بەڕاستی.

**ڕامان:** کەی زانیت بە ڕاستییە؟

**چەتۆ حەسەن:** هێندەی نەبرد سکرتێری ئەمینداری گشتی بانگی کردم و گوتی وەرە، عەریزەیەکی پێشان دام، هونەرمەند واحید مەرجان، عەریزەیەکی بۆ ئەمینداری گشتی نووسیبوو، داوای کردبوو بینێرنە دەرەوە، عەبدولغەفار سایغ لەسەری نووسیبوو لەگەڵ چەتۆ حەسەن ئیفاد بکرێن، من و ئەو دەبوو بچینە دەرەوە، ئەوجا ماموستا واحید مەرجان زۆر لە فڕۆکە دەترسا، زراوی لە فڕۆکە چووبوو، ئەوەبوو چووین لە بەغدا پەساپۆرتیان بۆ دەرهێناین، پەساپۆرت دەرهات، ڕۆژی جەژنی قوربانی مانگی ١١ی ساڵی **١٩٧٩** بوو، دەبوایە ئێمە دووەم ڕۆژی جەژن سەفەر بکەین، ڕۆژی پێش عارفە لە بەغدا پەساپۆرتیان بۆ دەرهێناین، لەگەڵ ماموستا واحید مەرجان، ئەوان هاتن و لەپڕ منیان بەجێهێشت، کەوتینە ڕۆژی عارفە، ئەوان ڕۆیشتن، بەڵام سبەینێ گوتیان ماموستا ئەوان ڕۆیشتن، تۆ وەرە ڕۆژی عارفە بێ و لە بەغدا بیت، نە ئۆتۆمبێل هەیە، هیچ لە گۆڕێ نییە، من مامەوە، چۆن بچمەوە، ئۆتۆمبێلی تایبەتیش نییە بڵێم بمباتەوە هەولێر، لەپڕ ماموستا سەعید یەحیام بەبیر هاتەوە، سەعید یەحیا ئێوارە لە هۆتێل لە ژووری خۆی بوو، چوومە لای قسەمان کرد، گوتم خوایە نەڕۆیشتبێت.

**ڕامان:** ئەویش بەهیوا بوو بێتەوە هەولێر؟ ئەو لەوێ چی دەکرد و ئیشی چ بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەو ڕۆژی پێش عارفە بە سەفەر هاتبوو، لە خوارێ پۆلیسێکی لێبوو پرسیم، ئەرێ وەک بزانی ماموستا سەعید خەتات ڕۆیشتووە؟ گوتی وابزانم نەڕۆیشتووە. دەی خودایە هاوار، دەی دەی تا گەیشتمە بەر دەرگای ژوورەکەی چۆکم دەلەرزی، لە دەرگام دا، کە گوێم لە دەنگی فەرموو بوو، گوتم ئۆخەیش ئەوە تۆ لێرە ماوی؟ چوومە ژوورێ پێم گوت تەنیا پێم بڵێ جێژنان لەلای کێ دەکەی؟ گوتی لەلای پیرەدایک. گوتم واتە سبەینێ دەچیتەوە هەولێر؟ گوتی ئا چۆن ناچمەوە؟ گوتم بەجێیان هێشتووم. گوتی هەر زۆر چاکیان کرد، ئەی من لێرە چیم، بە دڵنیایی نووستم، گوتی سبەینێ تا سەعات یەک لە جێیەک ئیشم هەیە، بێمەوە سەعات یەک دەڕۆین، ئەوەبوو من لە سەعات دوازدەوە خۆم ئامادە کرد، بووە ١٢ نەهاتەوە، بووە ١٢ و نیو نەهاتەوە، بووە یەک نەهات، بووە یەک و چارەگ نەهات، بووە یەک و نیو نەهات، بووە دوو نەهات. گوتم دیارە ماموستا سەعید یەحیا لەبیری کردووم، لە هۆتێلەکە هاتمە خوارێ، دیتم لە کۆڵانی سەید سوڵتان لەسەری شەقامی ئەولاوە بەخۆی و بە پۆلسکییە سەوزەکەی بە تەپەتەپ هاتە خوارێ، هات هات گوتی تەنگاو بووی؟ گوتم چۆن نا؟ بەغدام لەسەر وێک هاتووەتەوە. گوتی ڕاوەستە با بچم ئەو جانتایەم بێنمە خوارێ، هاتە خوارێ، ئیدی بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتین، کە ڕۆژی دووەمی جەژن سەفەرەکەمان لەگەڵ ماموستا واحید مەرجان کرد و چووینەوە بەغدا، ماموستا واحید مەرجان کاتی خۆی سواری هەلیکۆپتەر بووبوو.

**ڕامان:** بۆ سواری هەلیکۆپتەر بووبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** نازانم چووبوون وێنەی چییان گرتبوو، بە هەلیکۆپتەر بردووبوویان بۆ جێگایەک، بۆ ئاهەنگ چوو بوو، ئاهەنگەکە و میهرەجانەکە کرابوو، من بەبیرم نایە. لە فڕۆکەخانە واحید مەرجان زۆر تەنگاو بوو و بەوەش زۆرتر تەنگاو بوو لەبەر ئەوەی یاوەرێکیان بۆ دانابووین، کە بەتەئکید موخابەرات بوو، چونکە ئێمە کوردین و دەچووینە دەرەوە. برادەرێکی خۆی بە عەرەبی ڕووی لێکرد و گوتی جەمال بە چ هێڵێک سەفەر دەکەن؟ گوتی بە هێڵی بولغاریا. گوتی بۆ؟ گوتی ئەوێ ڕۆژێ فڕۆکەیەکیان لێ بەربووەوە. ماموستا واحید مەرجان هەر بە یەکجاری زراوی چوو، بڕوا بکە تا گەیشتینە فڕۆکەخانەی سۆفیا لە بولغاریا، واحید مەرجان سبەینێ کە تەراشی کرد بوو، لە ترسان لە فڕۆکە ڕدێنی (ڕیشی) ئەوەندە هاتبووەوە!

**ڕامان:** کەی گەیشتنە ئەوێ؟

**چەتۆ حەسەن:** شەو سەعات یازدە گەیشتینە ئەوێ، هاتینە خوارێ گوتم بۆ کوێ بچین؟ پێشتر عەبدولغەفار سایغ گوتی ژمێریارمان لە بولغاریا، لە سۆفیا ناوی

ئازاده و کورده، ئەگەر چوون بۆ لای ئەویش سلاوی منی پێ بگەیەنن، پارە لەوێ ورد مەکەنەوە، تەنیا ئەو بۆتان بکات، نەکا فێڵتان لێ بکەن، ویستم دڵی بدەمەوە، ئەو منیشی ترساند، گوتم مامۆستا ئێمە وەفدین، مەعقوولە کەسێک نەبێ پێشوازیمان بکات، سەیرم کرد دنیا تەم بوو، لەناو تەم دوو تارمایی دەرکەوتن، جەمەدانییان لەسەردابوو، سەرمایەکی بە تین بوو، هاتنە پێشێ، زانییان ئێمەین، گوتیان ئێوەن وەفدی ئۆتۆنۆمی؟ گوتم بەڵێ. گوتی من ئازادم، ئازاد قەرەداغی، ناوێکی وابوو، فەرمووی لێ کردین، سواری ئۆتۆمبێلەکەیان کردین، هاتبوونە ئەوێ، بە ئۆتۆمبێلی سەفارەت ڕاوەستابوون، چووینە هۆتێلی ڤیتۆشا لە سۆفیا.

**ڕامان:** ئەوسا هەرزانی بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ.

**ڕامان:** بەتایبەت ئەو دەوڵەتە سۆشیالیستییانە هەر زۆر هەرزانی بوون.

**چەتۆ حەسەن:** ئیتر چووینە ئەوێ، لەوێ لەگەڵ واحید مەرجان گەلێک خۆشمان بەسەر برد، جاری وابوو لە ئاهەنگی دانیشتنی خواردن و شتی وا دەعوەتیان دەکردین، کەمانەکەی لە ئامێرژەنی چێشتخانەکە وەردەگرت و کۆک کرانەکەی دەگۆڕی و دەستی پێدەکرد.

**ڕامان:** باشە هونەرمەند عەبدولواحید مەرجان بۆ وا کەمدوو بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** بۆخۆی ئەوهالە بوو.

**ڕامان:** تەنانەت خۆی لە چاوپێکەوتن و بیروڕا دەربڕین دەدزییەوە؟

**چەتۆ حەسەن:** ڕاستە بەو دواییە وابوو.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە پێشان وانەبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** جەڵدەیەکی ئارام لێی دا، زمان و جەستەی نەختێک لەنگ بووبوو، کە لە دەرەوە بووین دەیانبردین و دەعوەتیان دەکردین، لەوێ ئاهەنگیان دەکرد، جارێکیان واحید مەرجان کەمانەکەی لێ وەرگرتن، یەکسەر کردییە ئاوازی ڕۆژهەڵاتی، دەیکرد بە گۆرانی خۆمان، بە کوردی، بە عەرەبی ئێراقی، بە کوردی ست فاتیمەی گوت، ناوە ناوە بە عەرەبی مەقامی دەگوت، بڕوا بکە ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون هەموویان کەوتبوونە هەڵەکەسەماو لەگەڵ ئێمە چەپڵەیان لێدەدا، لەگەڵ گۆرانییەکانی ئێمە دەکەوتنە جۆشوخرۆش، زۆر خۆش بوو، یادی بەخێر بێ، بەڕاستی هونەرمەند بوو.

**ڕامان:** چەند جار ڕێککەوت تۆ وەک هونەری نواندن و کاری شانۆیی، یان کاری مۆسیقایی دەرفەتت بۆ ڕەخساوە، هونەرەکەتان ببەنە دەرەوەی وڵات؟

**چەتۆ حەسەن:** من بۆ کاری هونەری نەچوومەتە دەرەوە، هەر ئەوەی لەناو کوردستان کرابێ بەشداریم تێدا کردووە، ئەو جارە کە من چووم بۆ دەرەوە ئیفاد کراین، ئەوەبوو ئەمیندار گوتی بڕۆن بۆخۆتان دنیا ببین، لەوێ ئێمەیان برد بۆ چەندان شانۆ و پێشانگا و ئەکادیمیای هونەری چیکوسلۆڤاکیا.

**ڕامان:** گوێتان لە مۆسیقا گرت؟

**چەتۆ حەسەن:** ئێمەیان بردە هۆڵێک چوار ژەنیار دانیشتبوون، هونەر لەوێ ڕێزی هەیە، ئەو چوارە مۆسیقایان لێ دەدا، نەدەبوو تەنانەت دەنگی پێ بێت، نەدەبوو دەنگی خشپەیەک بێت، کە ئێمەیان برد مۆسیقاکە بەردەوام بوو، ئەوەی لەگەڵ ئێمە بوو گوتی لەسەر پەنجەی پێتان بڕۆن، گوتم بۆ؟ گوتی ئەوانە زۆر حەساسن، بە دەنگێکی کەمیش بێزار دەبن، نازانم چۆن دانیشتین، ئەو چوار ژەنیارە ڕووسی بوون، هاتبوون مۆسیقایان لێدەدا، کە تەواو بوون، گوڵباران کران، بیرم لەلای خۆمان کردەوە، گوتم محەممەد جەزای قوڕبەسەر بە هەموو هێزی خۆی گۆرانی و مەقامی دەگوت، چوار ڕیز کورسی بە تەواوی گوێیان لێ دەبوو، ئەویش لەبەر تەقە تەقی کورسی و گوڵەبەڕۆژەخواردن، ئەو بەستەزمانە کەس گوێی لە هونەرەکەی نییە.

**ڕامان:** لێرە بۆ هونەرمەند محەممەد جەزاش مۆسیقاتان لێداوە؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ بەڵێ، بۆ ئەو و بۆ قادر زیرەک.

**ڕامان:** گوتم با ئەو ناوانەش لەبیر نەکەین.

**چەتۆ حەسەن:** قادر زیرەک پێش ئەوەی بچێتە سەر شانۆ بە منی دەگوت چ گۆرانییەکت بۆ بڵێم.

**ڕامان:** ئاخر لە سەرەتاوە قادر زیرەک هەموو گۆرانییەکانی لاسایی کردنەوەی حەسەن زیرەک بوون.

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، ئەوجا دەیزانی حەزم لە چ گۆرانییەکە، دەمگوت ئەوە بڵێ، بە تایبەتی گۆرانیی (ئۆخەی ئۆخەی لەو باڵایە)ی حەسەن زیرەکی بۆ دەگوتم.

**رامـان:** هونەرمـەندی کـورد ئەوانەی پێشـەنگن و ئـەوانـەشی کـــە دوای ئـەوان هاتـوون، لـە زیـاتـر لـە چالاکـیـیـەکی هونەریدا بەشـدارییـان کـردووە، یـان نووسیـویانە، یەک لەوانە عەبدولواحید مەرجان، ئەوە خۆت، ئەوە یەحیا مەرجان، ئەو هونەرمەندانەی هەولێر، تەنانەت بەشێکی زۆری هونەرمـەندانی سلێمـانیش لە سێ - چوار بواری هونەریدا خۆیان تاقی کردووەتەوە.

**چەتۆ حەسەن:** ئەمە هەستێکە لەلای هونەرمەندانی ئێمە هەیە، ئێستا خۆیشم نازانم بۆ؟ بۆ خۆم کە دەچوومە سەر هونەری شێوەکاری، دەمگوت مۆسیقام لەکیس نەچێت، لە ناخەوە شتێک هەبوو دەیجوولاندمەوە، ئەوەی لەلا شیرین دەکردم و دەبووە خولیایەک لە دڵمدا، ئەوە سەبارەت بە خۆم ئەوها بوو، ئەوانی دیکەش هەر یەکەیان هۆکاری خۆیان هەبووە، یان هۆکارەکە سروشتی کوردستـان بووە، یان لەوانەیە شتێک کاری تێیـان کردبێت، یان پێویستییەکمان هەبووە، یان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەوا هونەرمەندی کورد دەتوانێ لە زۆر بواردا کار بکات، ئەگەر لێی بپێچینەوە هۆکار زۆرن.

**رامان:** شاعیری کلاسیکی کورد هەمیشە کە شیعری نووسیوە بە پیتی هیـچـا هێناویەتی بۆ ئەوەی بڵێن کەسێکی خاوەن دیوان و بە دەسەڵاتە بەسەر شیعردا، هەر لە ئەلفەوە شیعری گوتووە تا دەگاتە یا، ئەوەش بەلامەوە بۆ ئەوەیە کە ئەو شاعیرە بیسەلمێنێ کە لەو بوارەدا بەهرە و دەسەڵاتی هەیە.

**چەتۆ حەسەن:** ڕاست هەر ئەوەندەیە و هیچی دی نییە.

**رامان:** هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە وەک من تێیدەگەم خەڵکی ئەو سەردەمانە دڵسۆزییەکەیان تا ئەندازە و ئاستێکی ئەوەندە بەرز بووە، ئەوەندە حەزیان کردووە خزمەتی میللەتەکەیان بکەن، تەماشایان کردووە میللەتانی دی لە بواری هونەردا زۆر قۆناغیان بڕیوە، ئەمانە کە بینیویانە لای میللەتی ئێمە بۆشایی زۆر هەن، هەوڵیان داوە ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە تا جێ دەستیان دیار بێت و خزمەتێک بەو بوارانە بکەن.

**چەتۆ حەسەن:** بۆ ئەوەی بیسەلمێنن هونەرمەندی کورد، تاکی کورد لە زۆر بوارادا دەتوانێ خزمەت بکات.

**رامان:** پێش ڕاپەڕین سەندیکای هونەرمەندان هەبوو، لە دوای ڕاپەڕینیش بە هۆی بارودۆخی سیـاسییـەوە، هونەرمەندان دابەش بوون، هێندیکیان بەناوی (کۆمەڵەی هونەرمەندانی کـورد) و هەندێکی دیکەیان بەناوی (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان)، ئیدی چەندان ناو هاتنە پێشەوە، بەڵام لە کۆتاییدا باش بوو یەکیان گرتەوە و ناویان لە خۆیان نایەوە سەندیکای هونەرمـەندانی کـوردستـان، ئەو سەندیکایە بۆ خەڵکانێکی وەک ئێوەمانان، کە ساڵانێکی زۆری تەمەنتان بۆ هونەر تەرخان کرد، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی خزمەتتان بکات؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەوەی بۆ منیان کردووە، پێشانگەیان بۆ دەکردمەوە، دیارە پێشانگەی کەسی. ئەندامیشم لەوێ، هەر ئەوەندە بوو، چی دیم لێ نەدین، کە بڵێم ڕۆژێک ڕێزم لێ بگرن. یەک دووجاریش باجیان بەسەر هونەرمەندان دابەش کردووە، دیارە سەندیکای هونەرمەندانی بەغدا ناردبوویان و لێرە دابەشیان کردن، باجەکان داڕێژرابوون، مەدالیا بوو.

**رامان:** ناوەکانتان لەسەری نووسرابوو؟

**چەتۆ حەسەن:** نا بەبێ ناو بوو، ئەوە دووەم جار بوو، جارێک زیو، جارێک برۆنزی بوو. ئەو دوو مەدالیایە هەر بەناوی سەندیکای هونەرمەندان بە هێندێک لە هونەرمەندەکان درا، بەڵام بابەتی ماددی و شتی وای تێدا نەبوو، تەنیا کردنەوەی پێشانگە و تێچوون و بلیتەکان بۆ ئیشکردن بوو، هەر ئەوەندە بووە.

**رامان:** ئەی لە کاتی ئیشکردن لەسەر شانۆ، یان بڵێین درامایەکی تەلەڤزیۆنی، هونەرمەند جاری وایە تووشی کێشە دەبێت، ئینجا کێشەی کۆمەڵایەتی، یان ئایینی، یان سیاسی، ئێوە زیاتر لە کێ ڕادەبینن کە داکۆکیتان لێ بکات؟

**چەتۆ حەسەن:** لەو بوارەدا شتێکی وا ڕووی نەداوە تا بڵێم پێویستی بە هەڵوێستێکی وا بوویێت، یان تووشی شتی وابووبین کە پێویستمان بە جێگایەک هەبێ، یان دەزگایەک هەبێ داکۆکیمان لێ بکات، یان تووشی گیروگرفتێک بووبێتین، نەبووە و لەبیریشم نایە ڕووی دابێت.

**رامـان:** بەتایبەتی لەناو نەوەی نوێ، کە نەوەیەکە هێندێک سەرچڵ و یاخی بووە، جاری وایە ڕەنگە هێڵە سوورەکان ببەزێنن و لەناو نووسینێکدا لە خەت دەرچن، لە کارێکی هونەریدا، لە شانۆگەرییەکدا، جارێکیان

شتێکی لەو بابەتە رووی دابوو کێشەیەکی نایەوە، کێشەکە لەگەڵ پیاوانی ئایینی بوو، هەندێ جار کێشە لەگەڵ چینێکی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لەگەڵ سیاسییەکانیش دروست دەبێ، چونکە جاری وایە گرفتی سیاسییەکانیشی تێ دەکەوێت، خۆ دەبێ خەڵکانێک هەبن خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو هونەرمەندە، وەک پیشە داکۆکیی لێ بکەن، نەک لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و حزبایەتی؟

**چەتۆ حەسەن:** گرووپی سەندیکای هونەرمەندان کە بووەتە سەندیکا، سەندیکای هەموو هونەرمەندانە، بۆ هەموو چین و توێژەکان، دەبێ هونەرمەند کە لێی قەوما، پاڵپشتی بێت، ئەگەر بتوانێ دەسکەوتێک، شتێکیان بۆ بکات و پشتوانێکیان بۆ پەیدا بکات، هیچ نەبێ بڕێک بواری ئابووریییان خۆشتر بێت.

**رامان:** هەر هیچ نەبێ سپۆنسەریی کارەکانیان بکات، ئەگەر خۆشیان ئیمکانیەتیان نییە بۆیان پەیدا بکات، ئینجا لە وەزارەتی رۆشنبیری بێت، یان لە شوێنێکی دی.

**چەتۆ حەسەن:** سەندیکای هونەرمەندان عەردی دایە هەموو هونەرمەندەکان، لەگەڵ ئەوان منیش ناوم تێدا بوو.

**رامان:** ئەوەی کە پێشتر باست کرد؟

**چەتۆ حەسەن:** نا، ئەوە هیچ، جارێکی دی هی منیان دایە سەمیرە عەبدۆک و گوتیان لە لیستی دادێ دەتدەینێ، سەمیرە عەبدۆک لەبیر کراوە، تۆ خانووت هەیە، دواجار لە قەلیش و لە کۆتریش بووم، بەڵام باس هەر لەسەر من نییە، زۆربەی زۆری هونەرمەندەکان عەردیان وەرگرت، بە حوکمی ئەوەی بەرپرسەکانیان لە پارێزگا دەناسی.

**رامان:** شەهید شەوکەت شێخ یەزدین لەم رووەوە پاڵپشتێکی باشی هونەرمەندان بوو.

**چەتۆ حەسەن:** پێش ئەویش، لە زەمانی پێش راپەڕین، پارێزگا یارمەتیی هونەرمەندانیان دەدا.

**رامان:** ئەو کات کێ هەبوو پشتیوانی لە هونەرمەندان بکات؟

**چەتۆ حەسەن:** پارێزگاری هەولێر یەحیا جاف، ئاگام لێ بوو زۆر هاوکار بوو، ئێمە سێ کەس بووین، من و سەفوەت جەراح و شێرزاد سەر سپی بووین، رۆژێک چووینە لای، ئەوکاتی بەرپرسەکان دەناردران بۆ لایەکی دی ئیش بکەن، پرۆژەیەک هەبوو نازانم چییان پێ دەگوت، ئەو چووبووە مووسڵ، سەرپەرشتیی پرۆژەیەکی دەکرد، یەحیا جاف پێشتر بەڵێنیشی دابوو، بەڵام ئێستاش نازانم بۆچی ئیشەکەمان بۆ نەکرا، درێژەی کەوتێ و سەرەنجام ئەویشمان چوو و وەرمان نەگرت، واتە بەپێی توانایی هونەرمەند سوودی لە سەندیکای هونەرمەندان وەرگرتووە و توانیویانە لە گەرووی شێر شت دەربهێنن و بە هونەرمەندەکانی بدەن.

**رامان:** باسی هێندێک بیرەوەریی هونەرمەند (عەبدولواحید مەرجان)ت کرد، ئەی لەگەڵ تاهیر تۆفیق، شەماڵ سائیب، لەگەڵ ئەوانە بیرەوەریت هەیە؟

**چەتۆ حەسەن:** مام تاهیر تۆفیق بەو دواییانە بۆ ئەمینداریەتیی گشتی گوازرایەوە، پێشتر لە پارێزگا فەرمانبەر بوو، گوتیان تۆ هونەرمەندی نابێ لەوێ بیت، هێنایانە ئەمینداریەتی گشتیی رۆشنبیری و لاوان، لەوێ من و سەردار حەمید میران، پێکەوە بووین.

**رامان:** لە چ بەشێک بوون؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەو سەرۆکی بەشی بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان و دانان بوو، من سەرۆکی بەشی رۆشنبیری بووم، تاهیر تۆفیق دەهات لەلای ئێمە دادەنیشت و بە ئارەزووی خۆی دەوامی دەکرد، عەبدولغەفار سایغ پێی گوتبوو دێی، نایەی دایرە هی خۆتە، تۆ هیچ بەرپرسیارەتیت لەسەر نییە، تەنیا جار بەجار وەرە دانیشە، ئەوجا لەگەڵ خاڵە تاهیر تۆفیق زۆر بە زەوق رامان دەبوارد، ئەگەر بمویستبا گۆرانییەک بڵێ، دیارە یەکسەر نەمدەوێرا پێی بڵێم دەی خاڵە تاهیر شتێکمان بۆ بڵێ، جەماعەت دادەنیشتن و دەیانگوت دەی دەست پێبکە، منیش لەبەرخۆمەوە دەمگوت، "گوڵی سەربەستی، گوڵی سەربەستی"، دەیگوت چەتۆ حەز ناکەم گوێم لە گۆرانییەکانی خۆم بێت، باوەڕ بکە ئەوهای دەگوت، دەمگوت خاڵە تاهیر خۆ تۆ نایڵێی، منم وا دەیڵێم.

**رامان:** ئەگەر لە کاسێتیش بوایە حەزی لە دەنگی خۆی نەدەکرد؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەوهای دەگوت، دەیگوت هەر مەیڵێ،

من بێـــدەنگ نەدەبووم، کـــاتێک بۆخـــۆی دەهاتە نـاو بابەتەکە و دەستی پێ دەکرد، دەمگوت ئۆخەی، ئەوجا بێدەنگ دەبووم. دەیگوت ئەوجا گوێ بدەنێ کەس قسان نەکا، کاسێتێکم لە دەنگی ئەو تۆمار کرد، نازانم کێ هاتبوو لەچاوی مێزەکەم بردبووی. خاڵە تاهیر تۆفیق نەخۆش بوو، ڕۆژێکیان گوتی دەچمە ئەڵمانیا، چوو دوو مانگ، سێ مانگی پێچوو، هاتەوە جحێڵ بووبووەوە، تشێرتێکی موقەلەم و پانتۆڵێکی کابۆیی لەبەر بوو، گوتم خاڵە تاهیر، گوتی ها چەتۆ گیان چ دەڵێی؟ دەمگوت توو ئەو خودایە دەست لە مەشرووب هەڵگرە، کوڕە عومرت دە ساڵ گەڕاوەتەوە پاش، خاڵە تاهیر لێی دەگەڕێی؟ دەیگوت ئیشەڵڵا. ماوەیەک باشی هێنا، بەڵام کە خێزانەکەی دایەحەوا عەمری خودای کرد دۆخی ژیانی گۆڕا، مام تاهیر دنیای وەسەر گەڕا، هەیبوو نەیبوو ئەوەی هەبوو، هیچی نەبوو، لە ئەڵمانیا زڕکچێکی هەبوو، ڕۆژێکیان دانیشتبووین، (شەماڵ سائیب)یش لەوێ بوو.

**ڕامان:** ئەو زڕکچەی هی کامیان بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەوە هی دایەحەوا بوو. ڕۆژێکیان دانیشتبووین، بوو بە باسی هونەرمەند، دەی دەی هێنامان تا هاتە سەر مردنی هونەرمەند، گوتم باشە لە سلێمانی گردی مامەیارەیان هەیە، هونەرمەند و ڕۆشنبیر و پیاوە بەناوبانگەکان لەوێ دەشارنەوە.

**ڕامان:** پیرەمێرد لە مامەیارەیە، زۆری دیکەیان لە گۆڕستانی سەیوان نێژراون.

**چەتۆ حەسەن:** گوتم چی تێدایە ئەگەر ئێمەش لێرە جێگەیەکمان هەبێت، هونەرمەندی هەولێر، ئەوەی هونەرمەند بێت، ئەگەر خەڵکی ئێرەش نەبێ، لێرە بمرێ بیبەین لەوێ بیشارینەوە (بینێژین)، بیرمان کردەوە کوێ باشە، گوتم بە ڕای من خانزاد باشە، کە ئێستا هۆتێل خانزادی لێ دروست کراوە، ئەودیویشی لێ دیارە و ئەمدیویشی لێ دیارە، جێگەکی بڵندە، گوتم ئەوێ کە لەسەر بەستۆڕەیە بکەنە ئارامگای هونەرمەندان و ڕۆشنبیران، شەماڵ سائیب گوتی چەتۆ گیان، توو ئەو خودایە وەسیەت بێ ئەگەر من مردم یەکەم کەس لەوێ بمشارنەوە، بەڵام بەداخەوە کە ئەو مرد، ئەو هۆتێلەی لێ دروست کرا. بیرەوەریی خۆشمان لەگەڵ مام تاهیر تۆفیق هەبوو، کەسێکی مەجلیس خۆش بوو.

**ڕامان:** ئەی بیرەوەریت لەگەڵ مام ڕەسووڵ گەردی چییە؟

**چەتۆ حەسەن:** مۆسیقام بۆ (ڕەسووڵ گەردی)ش لێداوە، مام ڕەسووڵ گەردی ئینسانێکی زۆر پاک بوو، لە هەموو لایەنێکەوە، کە دەچوویە ماڵی هەستت دەکرد لە موزەخانەیەکدای، وێنەکانی خۆی، ئەوەی هەیبوو نەیبوو، هەمووی لە دیوار دابوو، تۆ تەنیا دەتتوانی تەماشای وێنەکانی بکەی، ئەوەندەش پاکوخاوێن بوو، لەگەڵی دادەنیشتی خواردنی بۆ دادەنای، چەرەزات و میوەی دادەنا، خۆ ئەگەر دەنکێ گوڵەبەڕۆژە کەوتبایە سەر عەردەکە، دەیگوت ئاخر کوڕم باوکی باوکم، ئەی من ئەو تەپڵەکەم بۆ لێرە داناوە، دە هەڵیگرەوە بیخەرە ناو تەپڵەکەکە.

**ڕامان:** وابوو پیاوێکی زۆر سەرڕاست و قسەلەڕوو بوو، منیش چەندان جار سەردانم کردووە، بۆیە ئەو وێنە و ئەرشیڤانەی خۆی پیشان دەدام، بە تایبەتی من کە ساڵی ١٩٧٦ چووبووم بۆ لای چاوپێکەوتنم لەگەڵ ساز کرد.

**چەتۆ حەسەن:** ڕۆژێکیان لە بەرنامەی "هەگبەی کوردەواری"، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ ڕەسووڵ گەردی کرد، قسەی وای دەکرد ئێستا ناگێڕدرێتەوە، چونکە بەناو دەکەوت، سوعبەتی وای لەگەڵ برادەرانی خۆی هەبوو، بە تایبەتی فوئاد ئەحمەد و ئەوانە، وەک گوتم زۆر پاکوخاوێن بوو، بە خاوێنیش مرد، وەنەبێ بڵێم نەخۆشی بگرێ، یان نەخۆشی وای هەبێ، چونکە بەداخەوە دەڵێم هونەرمەندەکانی ئێمە، وەک بیری لێ دەکەیتەوە، کامەیان دەگری کە بە نەخۆشی مردبێ، نەخۆشییەکەی بەهۆی مەشرووب خواردنەوەوە بووە، زۆربەی زۆریان وابوون، هەر کامەیان بڵێی.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ شەماڵ سائیب چ بیرەوەرییەکت هەیە؟

**چەتۆ حەسەن:** ڕۆژێک چوومە نەخۆشخانە، ئامۆزاکەم نەخۆش بوو، گوتی ئامۆزا شەماڵ سائیب نەخۆشە ئەوەتا لە تەنیشت من لەو هۆدەیەیە، ئەوەبوو چوومە لای، لەسەر عەرەبانەکەی دانیشتبوو، پێیەکانی هەردووک ئاوسابوو. گوتی چەتۆ گیان بەخێربێی، دە وەرە دانیشە، دانیشتم، تەماشام کرد چووبووە ئاودەست، کە هاتبووەوە

پیسایی لەگەڵ پێچکەی عەرەبانەکەی هاتبووە ژوورێ، ئاگرم تێبەربوو، چووم و لە هۆدەکان، لە قاوشەکەی چاوم گێڕا، یاریدەری پزیشک بوو، نازانم کێ بوو دۆزیمەوە، گوتم وەرە بابە، وەرە بۆ خاتری خودا، ئەوە شەماڵ سائیب لێرەیە، کێ هەیە بە گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب ئاشنا نەبێ و دڵداری نەکردبێ؟ یان گوێی لێ ڕانەگرتبێ و نەشەی پێ وەرنەگرتبێ، وەرە ئەو کارەساتەی ببینە. ئەلحەقی لەگەڵم هاتە ژوورێ، هەر زوو دوو خزمەتگوزاری هێنا، هەموو ژوورەکەیان شووشت، هەموویان خاوێن کردەوە، تەنانەت پێچکەی عەرەبانەکەیان سڕییەوە، زوو دانیشتەوە، ئینجا پێی گوتم دانیشە ئەو چەکمەجەیە بکێشەوە نوقڵی تێدایە، یەک دانە بۆ خۆت بخۆ و دانەیەکیش بدە بە من. ماوەیەک، نزیکەی نیو سەعات زیاتر لەلای دانیشتم، تەماشام دەکرد و دەمگوت حەیفە ئەو دەنگە تووشی نەخۆشیی تەشەموع کەبەد بێ.

**ڕامان:** وابزانم بەشێکی زۆری هونەرمەندان و ئەدیبان هەر بەو دەردەچوون؟

**چەتۆ حەسەن:** خاڵە (تاهیر تۆفیق)یش بەو دەردە چوو، تەحسین تەها هەر وا، فوئاد ئەحمەد بە سەرەتان مرد، قادر زیرەک بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل مرد، هەمووی بەهۆی مەشرووب خواردنەوە بوو، ئەوجا بۆیە وەک ئامۆژگارییەک، هەرکەس ئازادە، بەڵام کارێکی وا نەکرێ ئەو بەڵایە لەسەر جێگەت بخات، قەیناکا تۆ کە هونەرمەندی، لە بۆنەیەک دادەنیشی ئەوە بەینی خۆت و خودای خۆتە، خودا دەتوانی هەرچییەک بکەی عەفوت بکات، بەڵام نەخۆشییەکە عەفوت ناکات، هێشتا تۆ زۆر لە تەمەنت ماوە، مستەفا ڕەئووف بەستەزمانە هەروا چوو، هەموو تووش بوون و کاری لێ کردن، ئینجا کەی کاری لێ کردن، کە کەوتنە ناو ساڵان، تۆ بە جحێڵی هەستی پێ ناکەی، بەڵام کە کەوتیتە ناو ساڵان کارت لێ دەکات و دەتباتەوە.

**ڕامان:** جەمال هیدایەت لە هەولێر وەک یەکێک لە هونەرمەندە پێشەنگەکان دەوری لە شاری هەولێر و سەندیکای هونەرمەندان چ بوو؟

**چەتۆ حەسەن:** خزمەتێکی گەلێک زۆری کرد، وەک سەندیکای هونەرمەندان، وەک هونەرمەند، سوودی زۆری بۆ هەموو هونەرمەندەکان هەبوو، کام هونەرمەند دەبینی جەمال هیدایەت پاڵپشتی بووە و لە دامەزراندن و لە گواستنەوە و لە هێنانەوەی براگەورەی بووە، ئەو چاکانەی زۆر بووە و وەک هونەرمەندێکی لێهاتوو خەڵک زۆر سوودی لێ وەرگرتووە، ئەویش کە ئێشم لەگەڵ دەکرد زۆر چاکەم لێ بینی، ئێستاش هەر برادەرمە و ناوە ناوە سەری لێ دەدەم، لە چایخانەکەی لای هۆتێل ئاشتی لە هەولێر، سبەینان لەوێ دادەنیشێ.

**ڕامان:** ئەی سەبارەت بە هونەرمەند عەبدوڵڵا دڵسۆز چیت هەیە؟

**چەتۆ حەسەن:** هونەرمەند عەبدوڵڵا دڵسۆز مۆسیقام بۆ لێداوە، ئەوجا لە کاتی مۆسیقاکەدا سوعبەتیشم لەگەڵ دەکرد، گۆرانییەکی هەبوو بەناوی نەسرین، بۆ مێژوو دەڵێم عەبدوڵڵا دڵسۆز وەک گۆرانیبێژ دەنگی خۆش نەبوو، بەڵام وەک ئاوازدانەر، ئاوازی وەهای هەبوو شتی وا نییە، گۆرانی نەسرین یەکەم جار بە لاوانەوە دەستی پێ دەکرد، منیش لەگەڵ ئەوە بڕێک نووکە نووکم دەکرد، ڕووی دەکردە جەمال هیدایەت و دەیگوت پرۆڤە ئاوها ناکرێت، ئەوە چەتۆ کردوویەتی بە فشە، دەگری نازانم چی دەکات. دەمگوت دەمەوێ تۆ زیاتر بجووڵێنم، دەیگوت نا تۆ ئەوەی مەکە، دەزانم بە سوعبەت ئەوەی دەڵێی، دەبوو بە پێکەنین، پیاوێکی خۆش بوو، ئاوازدانەرێکی زۆر چاک بوو، دەنگیشی خەراپ نەبوو، بەڵام لەو دەنگانە نەبوو کە بڵێی وەک دەنگی تەحسین تەها، یان وەک دەنگی فوئاد ئەحمەد بێت.

**ڕامان:** ئەی یەحیا مەرجان وەک گۆرانیبێژ چۆن دەبینی؟

**چەتۆ حەسەن:** (یەحیا مەرجان)یش ئاوازدانەری چاکە، من دەنگی (یەحیا مەرجان)م پێ خۆش نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە خانەی مامۆستایان مامۆستام بووە، گوێی لێ دەگرم

**ڕامان:** یەک گۆرانی هەیە دەتوانم بڵێم نەمرە، "دایە دایەی شیرینم"، گۆرانییەکی بەسۆزە.

**چەتۆ حەسەن:** گۆرانیبێژە و ئاوازەکانیشی گەلێک خۆشن، ئاوازەکانی یەحیا مەرجان" تا نەمان تا نەمان گیانە تاکە یارم بی"، زۆر خۆشە، ئاوازەکانیشی گەلێک بەهێزن و ئەدائیشی عەیبی نەبوو، بەڵام ئەو دووە

ئاوازەکانیان لە دەنگیان بە هێزتر و خۆشتر بوو.

**ڕامان:** چ یەحیا مەرجان و چ عەبدوڵڵا دڵسۆز دەیانتوانی ئاوازەکانیان بدەنە هونەرمەندانی دی بیانڵێن، کە دەنگیان لە هی خۆیان خۆشتر بێت.

**چەتۆ حەسەن:** دیارە ئەگەر هونەرمەندان داوایان کردبایە، مومکینە ڕەتیان نەدەکردەوە.

**ڕامان:** ئەی ئێوە نێوانتان لەگەڵ ئەدیبان و نووسەران چۆن بوو، بە تایبەتی شاعیرەکانی هەولێر؟

**چەتۆ حەسەن:** وەک برادەر برادەر بووین، بەڵام تێکەڵی یەکدی نەدەبووین، بڵێین پێکەوە دانیشین.

**ڕامان:** هیچ ئەدیبێک لە هەولێر نەبوو برادەرایەتی بکەی؟

**چەتۆ حەسەن:** حەمەکەریم هەورامی مامۆستام بووە، واتە بە حوکمی ئەوەی مامۆستام بووە دۆستایەتیم لەگەڵی هەبوو، مەدحەت بێخەو، ئەویش هەر خەڵکی کەندێناوایە، هەر لەوێوە لێکدی نزیک بووین، کەواتە تێکەڵیمان لەگەڵ ئەدیبەکان هەبوو.

**ڕامان:** باشە ئێوە هیچ ئیشێکی ئۆپەرێتتان نەکرد؟

**چەتۆ حەسەن:** نەخێر، بەڵام ڕۆژێک لەگەڵ پەشێو دەچووینە تەیراوە، پارچە شیعرێکی بۆم خوێندەوە، دیار بوو نیو دێڕی بۆ نەدەهات، نیو دێڕەکەی خوێندەوە و ئەوی دی بۆ نەهات، من بۆم تەواو کرد و گوتم (بەقەت بەرزیی عەرز و ئاسمان من غەریبی تۆ دەکەم)، گوتی ئاه ڕەحمەت لە دایک و باوکت، کوڕە ئەوە ئەو ڕستەیەت لە کوێ هێنا؟ شیعرەکە دەبا ئەوها بێ بۆ ئەوەی تەواو بکرێت، گوتی ڕاست دەیکەمە (بەقەت بەرزیی عەرز و ئاسمان من غەریبی تۆ دەکەم)، بەبێ ئەوەی لەگەڵ دێڕەکەی دی لەنگیش بێ، یان بەبێ ئەوەی ماناکەشی بگۆڕێت، گوتی بڕیارم دا ئەوەی دادەنێم.

**ڕامان:** وابزانم ئەوە سەرەتای حەفتاکان بوو.. ئەی لەگەڵ گیو موکریانی کە لە هەولێر چاپخانەی هەبوو، پێوەندیتان نەبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** گیو موکریانی یادگارییەکی گەلێک خۆشم لەگەڵی هەیە، ئەو منی گەلێک خۆش دەویست، لە چاپخانەکەی دەچوومە لای، بە منی دەگوت کوڕەڵاو، بۆ دەرهێنانی حەرفەکان یارمەتیم دەدا تا کۆیان بکاتەوە، چاوی بڕێک کەم بینا بوو.

**ڕامان:** ئیشت لەلای نەکردووە؟

**چەتۆ حەسەن:** نا، بەڵام دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ هەفتانە دەچووم بۆ لای. لە پەنجاکان باوکم لەلای حەمە سووری حەقەی کلاوقوتی، ئینجا ئەوانە هەمووی برادەری باوکم بوون، ڕۆژێکیان باوکم هاتەوە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، گوتی ئەو شیعرە حەمە سووری مامت بۆی ناردووی، دەربهێنا تەماشام کرد، نەمزانی هی کێیە، بەڵام دوایی زانیم هی کێیە، دوو ڕۆژ سێ ڕۆژ هەر خوێندمەوە، تا لەبەرم کرد، ڕۆژێکی لەلای مامۆستا گیو موکریانی بووم بینیم سکرتێری موتەسەڕیف هاتە لای، گوتی مام گیو چیت کرد؟ پەیدات نەکرد؟ گوتی وەڵاهی گەڕام، ئەوەی لە ماڵێ هەمە هەمووی گەڕام، ئەو شیعرەی تێدا نییە، ئەو شیعرەم نەدیتەوە. منیش هەر لەخۆوە گوتم خاڵە گیو شیعری چی؟ گوتی کوڕەڵاو ئەوە بێکەس شیعرێکی هەیە دەڵێ بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم، هەر ئەوەی نەگوت هەمووویم بۆ خوێندەوە، خودا دەزانێ وەخت بوو لە تاوان گەشکە بکا، گوتی ئەوە تۆ لە کوێوە هاتووی بۆ ئێرە بەقوربانت بم، وەرە دانیشە، کاغەزێک بێنە و بۆمی بینووسەوە، ٨ کۆپلە، نازانم ١٠ کۆپلە، چەند بوو، هەمووویم بۆ نووسییەوە؛ دوایی دایە سکرتێری موتەسەڕیف و گوتی دەبڕۆ بۆ خاتری ئەو خودایە لە یەخەم ببەوە. ساڵێک قامووسی مهابادی چاپ کرد، پۆلی یەکی خانەی مامۆستایان بووم، کۆمەڵێکم بۆ بردە خانەی مامۆستایان و نوسخەیم بە دینارێک دایە قوتابییەکان، گوتم هەر دەیکڕین با بمانبێ، ئەوە هی مام گیوە. باوکیشم کە دەهاتەوە، وابزانم هەتاو ساڵی ١٩٥٦ دەردەچوو، هەموو جارێ کە باوکم دەهاتەوە نوسخەیەکی بۆ دەهێنام، بەڕاستی باوکم لەو بارەیەوە زۆر هانی دام، ئێستاش بەبیرم دێ ڕۆژێکیان دیوانێکی قانیعی بۆ هێنامەوە، ئەوجا زۆریش بە بەزەیییەوە دەیگوت، ئەوە دەڵێن گەلێک بە هەژاری ژیاوە، شیعرەکانی (قانیع)م بۆ دەخوێندەوە دەگریا، هەموو جارێ کە دەهاتەوە، دیوانی شاعیرێکی دەهێنایەوە، جارێکیان ئەحمەد موختار جافی بۆ هێنامەوە، ئەویش دەیگوت دانیشە بۆم بخوێنەوە.

**ڕامان:** ئەوانەی لە کوێ پەیدا دەکرد؟

**چەتۆ حەسەن:** دەیکڕین.

**ڕامان:** لەلای مامۆستا گیو موکریانی دەیکڕین؟

**چەتۆ حەسەن:** نەوەڵا، لە کتێبخانەکان دەیانی کڕین.

**ڕامان:** هیچ ڕێک نەکەوت تۆ لەو دیوانی شاعیرانە لە مامۆستا گیوی موکریانی بکڕی؟

**چەتۆ حەسەن:** نا، بەڵام گۆڤاری (هەتاو)ی دەدامێ، هەموو جارێ لێم وەردەگرت.

**ڕامان:** ڕاستەوخۆ لەوت وەردەگرت، بەخۆڕایی دەیدایەی؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ، بەخۆڕایی بوو.

**ڕامان:** ئەی سەرچاوەی ڕوحی و هزریتان سەبارەت بە هونەر و بەو کارانەی دەتانکردن زۆرتر لە کوێوە دەهاتن، وەک گوتم سەرچاوەی هونەری، جاری وایە کەسانێکە، جاری وایە خوێندنەوەی کتێبە؟

**چەتۆ حەسەن:** من بۆ نووسین زیاتر لە خوێندنەوەی بەرهەمی دەرەکی سوودم وەردەگرت، ئەوکات کتێبخانەی گشتی لە تەنیشت بەشی ناوخۆیی بوو، بەشی ناوخۆییمان لە پشت پارێزگا بوو، مزگەوتێکە ناوی مزگەوتی (مەحموود عەلاف)ە، ئێستاش ماوە، تەنیشتی بەشی ناوخۆیی بوو، لە خوارێ بەرانبەر دادگا کتێبخانەی گشتی بوو، دەچووم کتێبم لەوێ دەردەهێنا و دەمخوێندەوە، دوایی کتێبخانەی گشتی چووە بەرانبەر ئەنجوومەنی وەزیران، ئێستا لەوێ نەماوە، لەوێ دەچووم شاکارەکانی ئێرنست هیمنگوای و تۆلستۆی و سۆمەرست مۆم و ئیحسان عەبدولقدوس و ئەمیلی برۆنتی و شارل برۆنتی و ئەو نووسەرانەم دەخوێندەوە، "ذهب مع الريح"، "كوخ العم توم" و "الشيخ والبحر" و "مرتفعات ويذرينك" و ئەوانە هەموویان ڕۆمانی گەورە گەورە بوون، کازم عەبدوڵڵا یادی بەخێر کە ئێستا ماوە، جێگری بەڕێوەبەری کتێبخانە دەیگوت بیبەوە ماڵێ، ئەوجا ئەگەر بردبامەوە ماڵێ، لە ماڵێ دەمخوێندنەوە، ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە، ئەوجا بەرەبەرە بەهۆی ئەو کتێبانەوە کە کاریگەرییان هەبوو ئاستی ڕۆشنبیریت بەرز دەبێتەوە، سبەینێ کە نیازت بوو شتێک بنووسیت، فێری ئەوە دەبیت کەوا دەق چۆن دەنووسرێت و چۆن دادەڕێژرێت.

**ڕامان:** تۆ پێتوایە پاش ئەو هەموو ئیشکردنە، ئەو هەموو تەمەنە، لە ڕووی ڕەخنەییەوە، لەڕووی نووسین لەبارەی کارەکانتەوە ئاوڕێکی باشیان لێت دابێتەوە، ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی لەو بوارانەدا دەنووسن، مافی تۆیان داوە؟

**چەتۆ حەسەن:** لە کەسم نەبیستووە بڵێ دەستت خۆش بێت، کەسیش نەیگوتووە شتێکی خراپت نووسیوە، زۆر ئاسایی ئیشەکە ڕۆیشتووە و پێی ڕازی بوون، کە دەنگ نەکەن، دیارە ڕازین، یان ئەوەتا دڵیان نەهاتووە بەخراپ لەسەرم بنووسن.

**ڕامان:** ئەی خۆ دەبێ جاربەجار نووسینش هەبێ، سەبارەت بە کارە شانۆییەکانت، دراما تەلەڤزیۆنییەکانت ڕەخنە و بەدواداچوون نەبووە؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ ڕاستە و دەبێ هەبێ، حەسەن عانی لەسەر "پرسەی سیراجەددین" کە من نووسیبووم و شانۆگەرییەکی گاڵتەئامێز بوو، لەسەری نووسی.

**ڕامان:** تۆ کارەکانت هەمووی کوردین؟

**چەتۆ حەسەن:** بەڵێ هەمووی کوردین.

**ڕامان:** ئەو بە عەرەبی بابەتەکەی نووسیوە؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەو بە عەرەبی دەینووسی، دیارە "پرسەی سیراجەددین"، بیرۆکەکەیم لە پرسەیەک وەرگرت، محەمەد مەولوود مەم کە کۆچی دوایی کرد، لە پرسەکەی بووم، هەموو دەهاتن ستایشیان دەکرد، لە حەقیقەتیشدا هەندێکیان ڕقی دنیایان لێ دەبۆوە.

**ڕامان:** جوانە جوانە، ئەوە منیش وتارێکی وام بیست ساڵ پێش ئێستا، بە ناوی "با فرمێسکێکیش بۆ خۆیان بڕێژن" نووسیوە، واتە من فرمێسکەکەم بۆ نووسەرەکانە، بۆ کۆچکردووەکان نییە، نەک بۆ ئەوەی کە دەمرێت، زۆر نووسەر کە لە ژیاندا بووە تا سەر ئێسقان دژایەتی کراوە، تەگەرەی بۆ دروست دەکرا و گرفتی بۆ ساز دەکرا، کاتێک دەهاتە سەر ئەوەی نووسەرەکە دەمرد، لە چلەی ماتەمینییەکەی کە کۆڕیان بۆ دەگرت، دەبینم قسەکانی ئەوانەی گرفتیان دروست دەکرد هەمووی پێداهەڵدان و ستایش بوون، سەیر خۆیان تێهەڵکێشی کۆڕی ماتەمییەکەی دەکرد، دەهاتن خۆیان دەکردە خاوەنی چلەکە و وتاریشیان دەخوێندەوە و خۆیان دەکردە یەکێک لە ڕەفیقە نزیکەکانی کۆچکردووەکە، لە کاتێکدا من خۆم لەو کەسە کۆچکردووەم گوێ لێبووە، کە ئەوانە چەند ئازار و ئەزیەتیان داوە و گرفتیان بۆ دروست کردووە.

**چەتۆ حەسەن:** ئەوجا وەک نموونە بۆت دێنمەوە، کە نەخۆش بوو، پێویستی بە خوێن هەبوو، تەلەفۆنیان بۆ ئەدیبێکی برادەری کرد، گوتیان خوێنمان دەوێ، گوتی

کوڕە لێی گەڕێن با بمرێ، خوێنی من بەکاری ئەو نایەت، گوتی خوێنم هەمووی ئارەقە، ئینجا من شانۆییەکەم وا داڕشتبوو، کە ڕوحی سیراج دەگەڕێتەوە و دێ یەک یەک درۆکانیان سپی دەکاتەوە، ئەو دەڵێ سیراج دەبێ بێتەوە سەر شانۆ، وەک تارماییەک دەڵێ گوێتان لێ بوو، گوێتان لێ بوو ئەو درۆزنە چی گوت، فەرموو ئەوە یەک لە درۆکانیەتی، ئەوجا هەموو برادەرەکانی، خەیاتەکەی، ئەوەی خانووی بە کرێ داوەتێ، خێزانی خۆی، یەک لە شتەکان خێزانی هاتە سەر شانۆ دەگریا و دەیگوت کۆرە بم سیراج، ماڵەکەت لێ چۆڵ کردم، کاتێک سیراج کاری دەکرد، چما دەمهێشت کێشکەش (چۆلەکەش) لە باخچە بخوێنی، دەمگوت با بیرەکانی لێ تێک نەچێت، خزمەتی گەل و ئەدیب و ڕۆشنبیران دەکات.

**ڕامان:** من پێشنیار دەکەم، ئێستا ئەو بابەتە بکەیتە درامایەکی تەلەڤزیۆنی.

**چەتۆ حەسەن:** درامەکەم دایە سەلام کۆیی، گوتی بیهێنە بۆت تۆمار دەکەین.

**ڕامان:** پێویستە ئیشی لەسەر بکەن.

**چەتۆ حەسەن:** لەو دەمەدا دوو کەس دەڵێن با بچینە لای ئوستاد سیراج، ئیشیان پێیەتی، لەپێش دەرگە دەڵێن نەوەک بنووسێ با ئەفکاری لێ تێک نەدەین، یەکێیان دەڵێ لەوێرا هاتووین، دەڵێ ئەی ئەگەر نووستبێ، دواجار دەڵێن کوڕە دەبا لە دەرگا بدەین، خێزانەکەشی لە باخچە دانیشتووە و بلووس دەچنێ، لە دەرگا دەدەن، خێزانی دەڵێ کێیە، دەڵێن ئێمەین و هاتووین بۆ لای مامۆستا سیراج ئەگەر ئیمکانی هەیە و لە ماڵێیە ببینین؟ دەڵێ بەڵێ لە ماڵێیە، تارماییەکە دێتە دەرێ، هەر لە جێوە گوتی سیراج! گوتی بەڵێ. گوتی وەرە بزانە چ ئیشیان پێتە. سیراج هاتە دەرێ، بەروانکەی (سەرسنگی) لە ملە و قاپێک و لفکەکەی لە دەستدایە کە قاپی پێ دەشووشت، ئەوە گوایە نەیدەهێشت کێشکە بخوێنێ، چونکە لە ماڵێ سیراج دەنووسێ.

**ڕامان:** ئەوە دووڕوویی و نیفاقی کۆمەڵایەتییە، کە ئەلبێر کامو لە ڕۆمانی (بێگانە)دا باسی لێوە کردووە.

**چەتۆ حەسەن:** یەکێتیی نووسەران یەکێک گاز (بانگ) دەکەن و دەڵێن برۆ دوو کێلی جوان بۆ سیراج بکەن، دوو کێلی جوان و نایاب ئەو دەستە وشەیەی لەسەر بنووسرێ، دەچنە لای کێلفرۆش، دیارە ستایشی دەکەن، ئینجا سیراج دەڵێ تەماشای ئەو ساختەچییانە بکەن، ئەوە مردنەکەشیان ئیستیغلال کردووم، ئەوەی دەچنە لای، بەهەرەم شێلمانیان پێ دەگوت، دەڵێ ئەو کێلە بە چەندە؟ دەڵێ ئەوە بەوەندەیە، ئەوە مەرمەڕە، ئەوە کاشییە، ئەوەش حەجەرحەلانە، ئەوەش چیمەنتۆیە. دەڵێ لەوەیان جووتێک، لە چیمەنتۆکەش برێک دادەنێ! دەڵێ چی لەسەر بنووسین؟ کاغەزەکەی دەداتێ، نەیخوێندووەتەوە کاغەزەکە چییە، کابرا دەیخوێنێتەوە و دەڵێ ئەمە گۆڕی ڕۆشنبیر و هونەرمەندی لاوچاوک و وەها وەها... دڵسۆزی کورد سیراج، کوڕی فلان و فلان. دەڵێ بیدە بە من، ئەوە چییە؟ گوتی ئەی چ بنووسم؟ گوتی بنووسە، ئەوە گۆڕی سیراجی کوڕی فلان کەسە، لە فلانە ڕێکەوت کەوتۆتەوە و لە فلانە ڕێکەوت مرد، خودا بە کردەوەی خۆی لەگەڵی بکات. ئەم کارەی من دە تابلۆیە، یەک لە یەکی باشترە، تابلۆی گاڵتەئامێزن، بڕوا بکە بابەتە سەرەکییەکە، کە ئەوەی پێ نووسیم، ئەوەی کە تەلەفۆنی بۆ کرا بۆخۆیشی مرد، ئەوەی گوتی خوێنی من هەمووی ئارەقە بیدەنە سیراجی دەمرێ، هاتە سەر شانۆ چ بڵێ باشە؟ هاتە سەر شانۆ گوتی کوێر بم سیراج، تۆ پێویستت بە خوێن بێ، کە گوتیان تۆ پێویستت بە خوێنە، بڕوا بکە، بڕوا بکە، خۆم پێ نەگیرا، گوتم سیراج ئەوە بەکر ڕووخۆش هات، نەک شووشەیەک خوێن، هەرچی خوێن لە جەستەمە دەیکەمە دیاری بۆت، بەڵام چ بکەم بەداخەوە ترافیک نەیهێشت بیگەمێ! سیراج دێتە دەرێ و دەڵێ، ئەک ڕووت ڕەش بێ ئەرێوەڵڵا لەگەڵ ئیشی کردت! دەڵێ تەماشا بکەن و بزانن ئەوە ڕاستییەکەیە، کاتێ تەلەفۆنم کرد؛ دانیشتووە و کۆبوونەوەشی هەیە، ئافرەتێک لەلایەتی، تەلەفونەکەی بۆ دەکرێ، تۆ پێی دەڵێی ئەوە سیراج خوێنی دەوێ، دەڵێ کوڕە لێی گەڕێن با بمرێ، ئەوە مایەی شەرمەزارییە بۆ ڕۆشنبیری کورد، دەڵێ لێی گەڕێن با لەکۆڵمان بێتەوە، دوای ئەوە خوێنی من هەمووی ئارەقە، با بەسەر مندا ساغ نەبێتەوە، تەلەفۆنەکە قەپات دەکات. کچەکە دەڵێ ئەی لێی گەڕێن با بڕوات، بەڵێ چیت دەوێ، هەمووی لەو جۆرەیە، گەلێک خۆشە.

**ڕامان:** گرفتەکە ئەوەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرانبەر بە هونەرمەندان، بە ئەرکی خۆی ڕانەگەیشتووە، بەتایبەتی

لە بواری سینەما و شانۆ و تیپە مۆسیقییەکاندا دەستەو ئەژنۆ لێی دانیشتووە.

**چەتۆ حەسەن:** وەک لە دوورەوە ئاگام لێیە، ناوە ناوە تەخسیری نەکردووە، لە پارەدان، لە بودجەدانان، لە هەموو شتێک بۆ سینەما و بۆ شانۆ، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە کراون، بەقەت ئەو پارەیە نەبووە، دەنا تەخسیریان نەکردووە.

**رامان:** ئەی کەوایە بۆ بەردەوام هونەرمەندان لەناو تەلەڤزیۆنەکان، لەناو رادیۆکان، لەناو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، تەنانەت لەو شوێنانەی دیمانەیان لەگەڵ دەکەن، لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بەردەوام رووی گلەیی و گازندەیان لە وەزارەتە، کە هیچی بۆ هونەرمەندان نەکردووە؟

**چەتۆ حەسەن:** ئەوەی بۆ هونەرمەندان کراوە، رێزلێنانەکە بوو، ئەو رێزلێنانە کە خەڵکی لا بەلا هاتنە ناوییەوە، تێکی دا.

**رامان:** بابەتی رێزلێنانەکەمان باس کرد، ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە پشتیوانی لە کار و پرۆژەکانیان ناکەن؟

**چەتۆ حەسەن:** ئاگام لەوەزارەت نەماوە، نازانم.

**رامان:** ئێستا دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە، ئەوە سێ ساڵە بە تەواوی بودجەیان نییە.

**چەتۆ حەسەن:** با هونەرمەندان ئەوە نەکەنە بەڵگە کە هاوکاری ناکرێن، ئێستا بۆ هەموو کەس وەک یەکە، هیچ کەس ناتوانێ بەو بارودۆخە ئیش بکات. پێشتریش ئەوەندەی ئاگام لێبوو، کە لە وەزارەت نزیک بووم، بە حوکمی بوونی سەردار میران کە دەچوومە لای، ئاگام لێبوو وەک نووسین و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە، یارمەتیی زۆر ئەدیب و رۆشنبیر دراوە و هونەرمەندێک کە پێشانگەی دەکردەوە، یارمەتی دەدرا، بەڕاستی تەخسیریان نەکردووە، ئیدی ئەو دۆخە کە هات کاری لە هەموو لایەک کرد.

**رامان:** ئێوە چ وەک گرووپ لەناو تیپەکانی خۆتان، چ وەک تاکەکەس، چەند پشتیوانیتان لە لاوەکان کردووە بۆ ئەوەی پێبگەن و وردە وردە دەرکەون، لە بواری شانۆ و درامای تەلەڤزیۆنی و گۆرانی و مۆزیک چ هەوڵێک دراوە؟

**چەتۆ حەسەن:** من لە شار دەرفەتی ئەوەم نەبووە، بەڵام لەو بەرنامەیەی کە لە دەشتێ هەمبوو، کورتەدراماکان تا پێم کرابێت ئەوانەی گوندەکانم بەشداری پێ کردووە، بەشداریم بە گەنجەکانی ئەوێ کردووە، ئێمە سێ کەس بووین، یەک کورتەدراما پێنج شەش کەسی هەر دەوێ، زۆر کەس لێرە دەیگوت مامۆستا وەک هونەرمەند لەگەڵت بێین؟ دەمگوت نا، ئامانجەکەی من ئەوەیە کە دەچم خەڵکی ئەو گوندانە بەشداری بکەن، لەگەڵ کامێرا رایانبێنم، تا ترسیان لە کامێرا بشکێ، چونکە دوایی وەک یادگار لەلایان دەمێنێتەوە، رۆژێک لە رۆژان وەک هاندەرێک دەڵێ ئەرێ خۆ ئێمە شتێکمان بۆ خۆمان کردووە، ئەوەش زۆر رووی دا، لەپاش ئێمە هەوڵیان داوە کورتەشانۆ و نمایش لە گوندەکان دەکەن. دەمگوت کاکە وەرە دانیشە، پێویستمان پێتە بۆ ئەو دەورە. دەیگوت ئاخر مامۆستا؟ دەمگوت تۆ گوێ بدەرە من با پێت بڵێم، من دەڵێم ئەو ئاوە سوێرە ناخورێتەوە، نازانی وەک من بیلێی؟ تۆ بۆخۆت چۆنی دەزانی وەهای بڵێ، تۆ بڵێ ئەو ئاوە چەند سوێرە و ناخورێتەوە، ئەو ئاوە بۆ ئەوەندە سوێرە ناخورێتەوە، چۆنت بۆ دێ ئاوا بیڵێ، کارەکەم بۆ ئاسان دەکردن، ئەوجا لەو بەرنامەیەدا، لەنێوان بیست و قسور ساڵدا تەنیا دوو ساڵەکەی شەڕی براکوژی نەبێ، ئێمە لەگەڵ ئەنوەر شێخانی، تا ئەوم لەگەڵ بوو زۆر هەوڵمان دا، دوایی لەگەڵ ئەو ستافەی خۆم، تا پێمان کرابێت بەشداریمان بە لاوان کردووە.

**رامان:** هیچ کەسیان تێدا هەڵکەوت؟ ئەوانەی لەگەڵتان بەشدار بوون دواجار لە جێیەک خۆیان دۆزییەوە؟

**چەتۆ حەسەن:** بەداخەوە ئاگام لێیان نەما.

**رامان:** کۆمەڵێک هەبوون لە سەرەتای حەفتاکان کە دەرفەتێکی زێرین بەبۆنەی رێکەوتننامەی ١١ی ئادار بۆ بواری ئەدەبی و هونەری هەڵکەوت، ئەوکاتە چالاکییەکی زۆری رۆشنبیری و هونەریی دروست بوو، کەشێکی زۆر کراوە بۆ ئیشکردن هەبوو، خەڵکێکی زۆر بەدەرکەوتن و خەریکی کاری شانۆیی و درامایی بوون، بەڵام دوایی ئەو ناوانە نەمان، لەپڕ بزر بوون، ناویان نەهاتەوە بەرچاومان، لەوانە بۆ نموونە هۆشیار سەید ئەحمەد و قاسم عەزیز و رەسمی جەلال چییان لێهات؟

**چەتۆ حەسەن:** منیش لە هۆشیار سەید ئەحمەد دەپرسم، هەر حەز دەکەم ئێستا بیبینمەوە.

**رامان:** لەلای مزگەوتی مەحموود عەلاف لەو ناوە

دوکـانێکی هەیە، دیومـە، بەڵام هیچ کـارێکی هونەری نەماوە و بە تەواوی کشاوەتە دواوە.

**چەتۆ حەسەن:** دەنا هۆشیار سەید ئەحمەد ئەکتەرێکی باش بوو، بەڵام نواندنم لەگـەڵ نەکـردووە، لە نزیکەوە کـارەکـانیم دەدی، دەمـدی لەسـەر شـانۆ بەرهەمـەکـانیـان پێشکەش دەکـرد، بۆ یادگـار تیـپی هونەری هەولێـر ئاهەنگێکمان کرد، موفاجەئەشیـان بۆ خەڵک هەبوو، هۆشیـار سەید ئەحمـەد، مستـەفا ڕەئووف و واحـید مەرجان، شانۆگەرییەک کرا ئەوانە هەرسێکیان هاتنە سەر شانۆ، بۆ ئەوەی گۆرانییەک پێشکەش بە خەڵکەکە بکەن، چی بڵێن باشە! "ئێمـە منالی جوانین، ئاواتی کـوردسـتـانین"، ئیـدی بووە پێکەنین و بەزمـێـک، دەیانگوت دەبێ ئەو سێ شینەزەلامە چۆن گۆرانی بڵێن، کەچی ئەوەیان گوت، ئیتر بووە موفاجەئەیەکی گەلێک خۆش. بەڵێ، ئینجا زۆرکەس دوور کەوتنەوە، ئێستا پێمـوایە خـەریکی کـاری بازرگـانییـە، هەیە نەخـۆشی دووری خـەسـتـووەتەوە، هەیە هەژاری، هەیە باری کۆمەڵایەتی، دەنا هونەرمەند ناتوانێ واز لە هونەر بێنێ.

**رامان:** ئێسـتـا هۆشـیـار سـەید ئەحـمـەد ئۆفـیـسی نووسینگەی سەفەری هەیە.. ئەو هونەرمەندانە ناتوانن واز لە هونەر بێنن کـە چوونەتە ناو ڕوحی هونەر، بەڵام هێندێک هەن ڕەوتەنی دێنە ناو دنیای هونەرەوە.

**چەتۆ حەسەن:** ئەوە ماوەیەک دێ و دەڕوا، ئێستا زۆر کەس هاتووە بەرنامەیەکی وەک ئێمە پێشکەش بکات، زۆریان هەوڵیـان داوە، سـاڵێک، دوو سـاڵ مـاونەتەوە، دوایی کـە هیـچیـان پێ نەمـاوە، وازیان هێناوە و ڕۆیشـتوون، ئەوەش هەر هەمان شتە، کەچی ئێمـە هەر بـەردەوام بـووین، لـە ١٩٩٣وە تـا ٢٠٠٧، دواتـر تـا ٢٠١٥ ئێمـە هەر بەردەوام بووین، تەنیـا ئەو دوو سێ سـاڵە نەبێ، ئەوەش لەبەر ئازایەتی و زیرەکیی خۆمـان نەبووە، پتر خۆشەویستیی خەڵکەکە بووە بۆ بەرنامەکە، کە کاریگەریی گەلێک زۆر بووە، ئەگەر لەسەر شەقام خـەڵکی بڵێ بەقـوربانت دەبم ئەو شـتـە خـۆشـەتان پێشکەش کردووە، ئەوە وا دەکات تۆ زیاتر هەوڵ بدەی، کە شتی باشتر بنووسی، ئەوجا ئەوە وایکرد ڕوحێکی زیندوو بداتە بەرنامەکە و بەردەوام بین و نەکەوین، هەیە کەس دەست لە پشت نادا، کـارەکـانی سـەرنجی خـەڵک ڕاناکێشێ، ئەوە سوودیشی نابێت، خۆ هەر مەرج نییە تۆ بێیتە سەر شاشە، یان شانۆ، بەڵکو دەبێ شتێکی وا بکەی کـە سـوودی هەبێت، خـەڵکەکـە پەندێکی لێ وەربگرن، ئامانجێکی تێدا بێ، پەیامێک بگەیەنێ، ئەوە زۆر گرینگە.

**رامان:** ئێستا تۆ وەک بینەرێک، کە تەماشای دیمەنی هونەری کوردی دەکەی، دیمەنەکە چۆن دەبینی، بەتایبەتی ئەگـەر خـۆتی لێ دەربێنی، وەک بینەرێک تەمـاشـای بارودۆخـەکـە بکەیت، بزاڤی هونەری کـوردی لە بواری مۆسیقا و گۆرانی، شانۆ، سینەما چۆن دێتە بەرچاوت، لەو گەنجانە ڕادەبینی کە ئەو پەیامە گەورەیە بگەیەنن، یان بیگرنە ئەستۆی خۆیان، تۆ تێبینی چاک و خراپت لەسەریان چییە؟

**چەتۆ حەسەن:** بەگشتی هونەر، نەک هەر لەلای ئێمە، لە کوردستان و ئێراق، لە میسریش لەپاش حەفتاکانەوە ئەو ڕەونەق و بەهایەی جـارانـی نەمـا، بۆیە ئەو لایەنگرەشی نەما. با بێینە سەر ئەوەی خۆمـان، دیارە مـوزیکژەنی چاک، دەنگخـۆشی چاکمـان هەیە، بەڵام ئەوەی کە پێشکەشی دەکەن، یان بە کەڵکی ئەوە نایەن و شایانی ئەوە نین کە بینەران تەماشایان بکەن، واتە زیاتر بینا کردن بێ، بەتایبـەت سەبارەت بە گـەنجەکـان، ئەو شیـعرەی کە ئێسـتا دەنووسرێتەوە، لەگەڵ جاران زۆر جیـاوازە، ئێسـتـا شیـعر هەیە بۆ نموونە ئەوەی حەمـەی نێرگز، لە هەڵبژاردنی شیعر بۆ گۆرانییەکانی حەز دەکەی گوێی لێ بگریت و تەماشای بکەی، ئەوانەی مامۆستا عەلی مەردان، گۆرانیی "گیـانە بەسیـەتی"، "هەسـتە با بچین، باغـچەی پاشا"، وشەکـانیـان هەستت دەبزوێنن، ڕوحی نیـشـتمـانیـیان تێدایە، حەزداریی تێدایە، بەڵام حەزدارییەکی پاکوخاوێن.

**رامان:** هەرچەندە گـۆرانی هەر وشـە نییـە، کۆمـەڵێک ڕەگەز پێکەوە کۆ دەبنەوە، لە دەنگەوە بگرە تا ژەنیارەکان و وشـەکـان و شـێـوەی تۆمـارکـردنی بە پاکی، ئەوانە هەمـوویان دەوریان هەیە لەوەی گـۆرانییـەک نەمـر بێ و بگاتە ناو دڵ و دەروونی خەڵک، بەڵام ئێستا یەکێک لە عـەیبـەکـانی گـۆرانیی کـوردی، کـە دەتوانم بڵێم ئامـانج ناپێکێ، لەبەر ئەوەیە وشەی بێسەروبەر و شیعری لاواز و ئاست نزم هەڵدەبژێرن، کــە ئـاوازی بۆ دادەنێن، ئاوازەکەش ئەوە نییە بگاتە ڕوحی خەڵک.

**چەتۆ حەسەن:** گۆرانی وا هەیە لە ماڵێ شەرم دەکەی

لەلای میوانێک تەماشای بکەی، شتی وای تێدایە سووکایەتییە بە هونەری گۆرانی، هەڵبەستی وا بێ مانا و ئاست نزم دەهێنن کە لەگەڵ ئاکاری کورد ناگونجێت.

**رامان:** بچینە سەر بوارەکانی دی، بۆ نموونە شانۆ و سینەما، ئەو گەنجانە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵێ پەیمانگای هونەرە جوانەکانمان هەیە، ئەکادیمیامان هەیە، ساڵانە قوتابیان لەوانە دەردەچن، ئایا ئەوانەی لە بواری نواندن و دەرهێنان و شانۆ و شێوەکاری پێدەگەن، هیچ ئومێدیان لێ دەکرێ؟

**چەتۆ حەسەن:** بزاڤێکی باش هەیە، بەڵام نازانم بۆ شتێ ناکەن کە بمێنێتەوە، ئێستا من شانۆی کوردی وەک ئەوە دەبینم کە پاپۆڕێک بێ لێرە کون دەبێ و لەوێ پینەیەکی لێ دەدەن، لەوێ کون دەبێ، لێرە پینەیەکی لێ دەدەن، شتێکی وا ناکەن بە یەکجاری چاکی بکەنەوە و وەک جاران بڕوات، ئیش بە پینەکردن ناچێتە سەر. بارودۆخی شانۆمان وەک ئەو بەلەمەی باسم کرد، کە لە جێگەیەک کونێک دروست دەبێ، هەوڵ دەدەن کە بیگرن بۆ ئەوەی نوقم نەبێ، هەوڵی نەخنکانی هەیە، بەڵام ئێستا هەوڵی ئەوە نییە بگەڕێتەوە سەر دۆخی ساڵانی حەفتاکان، تا شتێکی وا بکەن هەستێتەوە سەرپێی خۆی و بینەر و لایەنگری خۆی و ڕەونەق و بەهای جوانییەکەی خۆی ببینێتەوە و ئەو شتەی کە لە دەستی داوە بیگەڕێننەوە.

**رامان:** ئێستا تۆ لێرەدا کێ بە کەمتەرخەم دەبینی؟

**چەتۆ حەسەن:** هەر هەموومان کەمتەرخەمین، ئەوەی کە دەنووسێت، ئێستا نابینم شتێکی وا بنووسێت وەک ئەوەی جاران بۆ شانۆ دەنووسرا، ئەو کارانەی دەکرێن زۆربەیان سەرپێین، کارەکە بۆ یەک شەوە، بەشداری پێ دەکەن و نمایش دەکرێت و نامێنێت، تەنانەت دەتوانم بڵێم ناچنە ناو ئەرشیڤی هونەریش، واتە نرخێکی هونەریی بەهێزی هەبێت و بمێنێتەوە، وەک هونەر بۆ ئەو میللەتە، ئەوانەیە هۆکارەکان، ئەگینا ئەکتەری چاکمان هەیە، ئێستا بارودۆخەکە ئاوایە، بەڵام خۆ هەر وەها نابێت، ڕۆژێک دێت باری داراییش باش دەبێتەوە و جێگەی لەباریشمان دەبێ، هەرچەندە ئەو هۆڵەی هەمانبوو هۆڵی گەل، لێمان تێک درا، بەڵام گەشبینم هۆڵی دیکەی واش دەبێتەوە و دەمێنێتەوە، ئەوکاتی هیممەتی گەنجەکانی دەوێ، کە شتێکی وا بکەن و هونەری کوردی تێیدا سەربەرز بێ و ڕەونەقەکەی جارانی بۆ بگەڕێتەوە، ئەو گوڕ و تینەی کە لەلای خەڵکەکە هەبوو کە بەردەوام دەهاتن بۆ شانۆ و لەسەر وەرگرتنی بلیتێک لە دەرگای هۆڵەکە پێشبڕکێ دەکرا.

**رامان:** ئێستا لەگەڵ تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکان ناتوانن ڕێککەوتن بکەن و هێندێک کاری درامی پێشکەش بکەن؟

**چەتۆ حەسەن:** بۆخۆم تازە تاقەتی ئەو کارانەم نەماوە، من تا توانیم بەرنامەکەم بەڕێوە برد، چونکە بەرنامەکەم بینەری گەلێک زۆری هەبوو، تەلەڤزیۆنی کوردستان، یان تەلەڤزیۆنی نیگا تا ئەو جێیەی پەخشی بگەیشتبایە. ڕاستییەکەی بکرێت باشە، بەڵام کە نایکەن، ئەوە باسێکە بۆ خۆی. من بۆخۆم یەک لەوانەم کە دوورم، زۆریش هاتن و داوایان لێ کردم، بەڵام پێم نەکرا، پێیانم گوت لەبەر بەرنامەکەی خۆم، من دەرفەتی ئەوەم نییە، چونکە دەبێ خەریکی ئەو بەرنامەیە بم، پرۆڤە و کارکردن کاتەکەم لێ دەبات.

**رامان:** ئێستا دەرهێنەرێکی باش پێت بڵێ وەرە کارمان لەگەڵ بکە مەیلت لێ نییە؟

**چەتۆ حەسەن:** نا، لێرەوە دەڵێم نا، لەبەر ئەوەی ئەو خولق و زەوقەی جارانم نەماوە.

**رامان:** لیژنەی پشکنینی دەقی شانۆیی (لجنة فحص النصوص المسرحية) کە سەر بە ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بوو، لە چ ساڵێک دامەزرا؟ ئەوەندەی من بزانم دوای ساڵی ١٩٧٥ بوو، وانییە؟

**چەتۆ حەسەن:** ساڵانی هەشتاکان ئەو لیژنەیە دامەزرا.

**رامان:** پێش ساڵانی هەشتاکان ئەو لیژنەیە نەبوو؟

**چەتۆ حەسەن:** لەوانەیە هەبووبێ، بەڵام من ئاگام لێ نییە.

**رامان:** ساڵی چەند تۆ بوویتە ئەندامی ئەو لیژنەیە؟

**چەتۆ حەسەن:** لە ساڵانی هەشتاکان بوو.

**رامان:** بێجگە لە تۆ، کێی دی ئەندامی ئەو لیژنەیە بوون؟

**چەتۆ حەسەن:** هەموو لیژنەکان محەمەد محیەددین کە جێگری ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بوو، سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو.

**رامان:** ئەی ئەوانی دی کێ بوون؟

**چەتۆ حەسەن:** لیژنەکە زۆرجار گۆڕاوە، بەڵام لە هەموو

جارەکاندا سەردار حەمید میران کە سەرۆکی بەشی دانان و وەرگێڕان بوو، منیش وەک سەرۆکی بەشی ڕۆشنبیری لەو لیژنەیەدا دەبووینە ئەندام. زۆرجار کە لیژنەکە دەگۆڕا، خەڵکی جۆراوجۆری تێدەکەوت و لێی دەردەچوون.

**ڕامان:** دەتوانی ناوی ئەندامانی لیژنەکەمان بە تەواوی پێ بڵێی؟

**چەتۆ حەسەن:** حەز ناکەم ناوی کەس بهێنم، چونکە هەندێ لە هونەرمەندان وا تێگەیشتبوون کە ئەو لیژنەیە کۆسپێکە لەبەردەم پێشکەش کردنی کارەکانیان، کەچی لە بنەڕەتەوە ئەم قسەیە وا نەبوو، چونکە زۆر تێکست کە بۆمان دەهاتن، من پێوەندیم بە خاوەنەکانیانەوە دەکرد تا هونەرمەندەکە بێتە لام و پێش ئەوەی دەقەکەی قەدەغە بکرێ، چارەسەری شتە زەقەکان بکرێن، بەشێوەیەک کە مۆڵەتی پێ بدرێ و کێشەی بۆ دروست نەبێت.

**ڕامان:** لەو کەسانەی پێوەندیت پێوەکردن، کێت لەبیرماوە؟

**چەتۆ حەسەن:** زۆربەیان پێوەندیم پێوە کردوون، هونەرمەند د. فازیل جاف ڕۆژێکیان لە هۆڵی میدیا چووە سەر شانۆ و قسەی کرد و ئەو شایەدییەی بۆ دام.

**ڕامان:** بە هەمووی چەند ساڵ لەو لیژنەیەدا مایتەوە؟

**چەتۆ حەسەن:** لەسەرەتای هەشتاکانەوە تا پێش ڕاپەڕین لەو لیژنەیەدا بووم.

**ڕامان:** ئەی چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوتت لەگەڵ هونەرمەندانی شاری سلێمانی دەکرد؟

**چەتۆ حەسەن:** تەلەفۆنم بۆ هونەرمەندانی سلێمانی دەکرد، خۆم لەگەڵیان ڕێک دەکەوتم و هەندێ لە دیالۆگەکانم دەگۆڕی تا کێشەیان بۆ دروست نەبێ، ئەوانیش زۆر متمانەیان پێ دەکردم و بە قسەیان دەکردم و سوپاسیشیان دەکردم.

**ڕامان:** لەم ڕووەوە ئەندامانی لیژنە چەند هاوکارییان دەکردی؟

**چەتۆ حەسەن:** هەندێ جار تەنیا خۆم لە لیژنەکە دەمامەوە، لەو دەقانەی کە لەبیرم ماوە و بە تەنیا من خوێندمەوە و بڕیارم لەسەری دا (القاعدة والاستثناء)ی برێخت بوو، کە هونەرمەند ئەحمەد سالار هێنابووی، بەڵام دواجار ئەمینداری گشتی (عەبدولغەفار سایغ) ڕەزامەندی لەسەر نەدا و ڕەت کرایەوە، هەرچەندە لە یادداشتەکەمدا زۆر باشم لەسەر نووسیبوو.

**ڕامان:** بۆچی وەک خۆت دەڵێی هەندێ جار بە تەنیا دەمایەوە و هەر خۆت دەقەکانت دەخوێندەوە؟

**چەتۆ حەسەن:** هەموو ئەندامانی لیژنەکە متمانەیان بە من هەبوو، بۆیە ئەرکە قورسەکە لەسەرشانی من بوو، یەک دوو کەس نەبێ کە هەندێ جار یارمەتییان دەدام.

**ڕامان:** وا بۆ چوار سەعات دەچێ ئێمە گفتوگۆیەکی فراوان و گەشتێکی باشمان بە ناو ئەزموون و وێستگەکانی ژیانت و قۆناغەکانی کاری هونەریی تۆدا کرد، چیترت ماوە بیڵێی، یانی قسەیەک لە دڵتدا مابێ و حەز بکەی بیڵێی؟

**چەتۆ حەسەن:** خۆت پرسیار باش دەوروژێنیت، هەر پرسیارێکت هەبێ ئامادەم بۆ وەڵامدانەوە.

**ڕامان:** لە ماوەی نزیکەی چوار سەعات کە پرسیارمان کرد و وێستگەکانی ژیانی هونەریتمان بەسەر کردەوە، هەست دەکەیت کە پرسیارەکانی من و وەڵامەکانی خۆت تێری کردووی؟

**چەتۆ حەسەن:** پێموایە هیچ شتێکی وا نەماوە، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی و ماڵ و منداڵ و ئەوانە ماوە، ئێمە نەچووینە ناو ئەو لایەنەوە.

**ڕامان:** ئێمە زیاتر بۆچوونمان ویست، لەگەڵ بەسەرکردنەوەی ئەزموونی تایبەتی تۆ، ئەوانە زیاتر لە گفتوگۆی تەلەڤزیۆنیدا باس دەکرێن، ئێمە زۆرتر بۆ گۆڤارێکی وەک ڕامان شێوازی ئیشکردنی ئێمە ئەوهایە، کە زیاتر بەسەرکردنەوەی ئەزموونەکەیە، بەسەرکردنەوەی ئەو قۆناغانەیە کە تێیدا بووی و پشت بە یادەوەری و ئەرشیڤی یادی تۆ دەبەستین، بە تایبەتی ئەو ساڵانەی کە ئیشت کردووە، هەندێک جار بیروڕاشت وەردەگرین، وەک کەسێک کە خاوەنی ئەزموونی، سەبارەت بە بارودۆخی هونەری. ئیتر ئێمەش زیاتر هیلاکت ناکەین، هەر شتێکی تریش هەبوو، کە نووسینەکەمان لەسەر کاغەز پیادە کرد و دامانڕشتەوە، پێوەندیت پێوە دەکەم.

**چەتۆ حەسەن:** ئامادەم هەر شتێک پێویست بوو، یان ئەگەر من شتێکم بەبیر هاتەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم، لێی زیاد بکە، هەر سلامەت بیت. مەمنوونم.

**ڕامان:** زۆر باشە، دەستت خۆش بێت.

# دەروازەکانی دەق لە چیرۆکی (من و شادی)دا

**پ.ی.د نەجم ئەڵوەنی**
**(کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین)**

### پێشەکی

نووسینی چیرۆک پرۆسەیەکی هێندە ئاسان نییە، هەموو کەسێک بتوانێت خۆی لێ بدات و بەختی خۆی لەگەڵیدا تاقی بکاتەوە، بەڵکو ڕۆشنبیرییەکی بەرفراوان و زمانێکی شایستە و شارەزاییەکی گونجاوی دەوێت لەبارەی تەکنیکە سەرەکییەکانی چیرۆکەوە، هەروەها زۆر پێویستە ئەوەی بیەوێت لەم هونەرەدا سەرکەوتووبێت ئاشنایەتییەکی زۆر باشی لەگەڵ ئەزموونی چیرۆکی ناوخۆیی و جیهانیشدا هەبێت، بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی نووسەرانی پێش خۆی، تەنانەت سەردەمی خۆی وەربگرێت و بیکاتە ڕێپیشاندەری لەم هەوڵەیدا. مەرجیش نییە هەموو ئەزموونێکی سەرەتا لەلایەن خوێنەرانەوە پەسەند بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەوڵەمەندی هزری نووسەر و خوێندنەوەی بەردەوامی بەرهەمی چیرۆکنووسە گەورەکان زەمینەسازن بۆ ئەوەی یەکەمین بەرهەمی نووسەرێکی دیاریکراو پەسەند بکرێت و ببێتە مایەی ڕەزامەندی ڕەخنەگران و پسپۆڕانی ئەم بوارە، هەروەها دەکرێت خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقی چیرۆکێک ڕاڤەی جیاواز هەڵبگرێت. ئەمەش بۆ دیدگا و فیکری جیاوازی ئەو ڕەخنەگرانە دەگەڕێتەوە، کە باسی چیرۆکێکی دیاریکراو دەکەن. بە کورتی ئەوەی دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم تایبەتە بە چیرۆکی (من و شادی)ی (دەشتی سلێمان بەرزەواری)، کە لە ژمارەی (٢٣٦)ی گۆڤاری (ڕامان)ی ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٥دا بڵاوبووەتەوە، دەکرێت بۆچوونەکانی من لەبارەی ئەم چیرۆکەوە لەگەڵ نووسەر و ڕەخنەگرێکی دیکەدا یەک نەگرێتەوە، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر ئاسایی و سروشتییە، چونکە بواری ئەدەب، بە تایبەتی چیرۆک ڕێ دەدات لێکدانەوەی جیاواز، تەنانەت ناکۆکیش لەم بارەیەوە بخرێتە ڕوو.

### تەوەری یەکەم: ناوونیشان لە چیرۆکی (من و شادی)دا

یەکێک لە توخمە زۆر گرنگ و هونەرییەکانی چیرۆک (ناوونیشان)ە، بۆیە دەبێت نووسەری چیرۆک بایەخێکی تایبەتی پێ بدات. یەکەم شت کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای چیرۆک ڕادەکێشێت ئەم توخمەیە، بۆیە دەبێت ناوونیشانێکی نوێ و ئاوازدار و فرە واتا بێت و لە هەمان کاتدا پرسیار لای خوێنەر دروست بکات.

ناوونیشان فرە جۆرە، لەوانەیە ناوی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بێت، کە ئەمەش لە هەندێک حاڵەتدا بە جورێکی لاواز دادەنرێت، کەچی لە هەندێک حاڵەتی



**دەشتی بەرزەواری**

تردا وەک ئەوەی لەم چیرۆکەی (دەشتی سلێمان)دا بەرچاو دەکەوێت دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، چونکە خۆی بە ناوی یەک کارەکتەرەوە پابەند نەکردووە، کە ئەویش (شادی)یە، بەڵکو جێناوی (من) پێش ناوی ئەم کارەکتەرە کەوتووە، بەمەش لە ناونیشانێکی سادەوە گواستوویەتییەوە بۆ ناونیشانێکی لێکدراو، کە بە ئامرازی پێوەندی (و) پێکەوە بەستراون. لەلایەکی دیکەوە شادی سیفەتە و دۆخی (کەس) پیشان دەدات و لە خۆشی و بەختەوەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە ڕاستەوخۆ خوێنەر درک بەوە ناکات کە وشەی (شادی) ناوی کارەکتەرێکی ئەم چیرۆکە بێت هەتا نەچێتە ناو دەقی چیرۆکەکەوە، بەڵکو ئەگەری ئەوە دێتە پێشەوە کە وا بزانێت مەبەستی نووسەر لە (من و خۆش بەختییە)، یان لە (من و خۆش گوزەرانییە)، لەبەر ئەوە ئەم ناونیشانە جۆرە ئاڵۆزی و نادیارییەکی تێدایە و داوا لە خوێنەر دەکات بیری لێ بکاتەوە، یان لە ڕێی خوێندنەوەی دەقەکەوە لە پێوەندی نێوان ئەم (من) و (شادی)یە تێبگات.

یەکێک لە خاسیەتە گرنگەکانی ناونیشان ئەوەیە کە وەک «تیشکۆ- البؤرة-ی لە دایکبوونی واتا لە دەقدا کار دەکات و ئەم کارەیشی تا دوا وێستگەی دەقەکە تەواو نابێت، کاتێکیش قوڵپی قسە تەواو دەبێت و دەروازەی کۆتایی نیشانەی داخستن دادەنێت کە لەوێدا وزەی لەدایکبوون لەدەروازەی ناونیشاندا نامێنێت، ئەو کاتە بۆ پێگەی ڕابەرایەتی لە پێشەوەی دەقەکە دەگەڕێتەوە» (١). بەپێی ئەم بۆچوونەش ئەگەر لە ناونیشانی ئەم چیرۆکە وردبینەوە، دەبینین لە پێشەوەی دەقەکەوە بەرەو سەرەتا و دەستپێکی گێڕانەوەو لەوێشەوە بەرەو کۆتایی دەچێت و کاتێک ئیتر دەقەکە لە بەرهەمهێنانی واتا ڕادەوەستێت، ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ پێشەوەی دەقەکە و لەسەرەوە دووبارە خۆی جێگیر دەکاتەوە، جووڵەی ئەم ناونیشانە، جووڵەیەکی بازنەییە، لە سەرەتاوە دەست پێ دەکات و بە ناو جەستەی دەقەکەدا شۆڕ دەبێتەوە و ڕایەڵە جیاوازەکانی پێکەوە دەبەستێت و پێوەندی لەگەڵ جووڵەی هەموو توخمەکاندا پەیدا دەکات، تا دەگاتە سەرجەم توخمە پێکهێنەرەکانی چیرۆکەکە وەک (شوێن، کات، ڕووداو، زەمەن)، هەروەها دەبێتە ئاماژەیەکی سیمیۆلۆجی بۆ خودی دوو کارەکتەری سەرەکی کە یەکێکیان (من - وەردە)یەو ئەوی دیکەیان (شادی)یە. لە کۆتایی چیرۆکەکەیشدا (من - وەردە) بە (شادی) دەگات و هەست بە خۆشییەکی بێ کۆتایی دەکەن و بە ماچ سنوورێک بۆ زیاتر لە بیست ساڵی دابڕان دادەنێن لە ناو چەپڵەڕێزانی ئاپۆرای خەڵکێکی زۆردا کە لە شاری کۆبانێ ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیان سازکردووە.

ناونیشان وەک بەشێک لە دەروازەکانی دەق بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، گەلێک نووسەری بواری گێڕانەوە لەوانەیش (ژیرار ژینیت)(٢) لە باسی دەروازەکانی دەقدا ڕووبەرێکی فراوانی بۆ ئەم توخمە تەرخان کردووە و بە یەکێک لە شوورەکانی دەقی دادەنێت کە لە دەقێکی تری جیا دەکاتەوە و پێگەی دیاری دەکات و هانی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە، هەروەها توێژەرێکی ئەکادیمی کورد (د. شاکر سابیر) لە نامەی دکتۆراکەیدا باسی گرنگی ناونیشانی کردووە و دەڵێت: «کۆدی زمانیی گێڕانەوە لە خودی ناونیشانەوە دەست پێ دەکات، گرنگییەکەیشی لەوەدا دەردەکەوێت کە سەرەکی ترین ئەدگارەکانی دەق و نهێنییەکانی ئاشکرا دەکات....» (٣)، لەم چیرۆکەیشدا، (ناونیشان) کۆمەڵێک لە ئەدگارە سەرەکییەکانی دەقەکە ئاشکرا

دەکات وەک پێوەندی نێوان کارەکتەرەکان و جوگرافیای سیاسی هەندێک لە شوێنەکان و کاریگەری ئەو دۆخە لەسەر بیرکردنەوە و هزری ئەوان، وەک فەرەنسا و لبنان بە نیسبەت (وەردە) و کوردستان و لبنان بە نیسبەت (شادی)یەوە. شوێنی یەکەم واتە فەرەنسا کە خاوەنی سروشتێکی جوان و ژیانێکی هێمنە و (وەردە) لەوێ قوتابی پۆلی یەکەمی قوتابخانەیە، شوێنی دووەمیش لبنانە کە جوگرافیایەکی پڕ لە ئاشووب و شەڕی ناوخۆیە و بۆ (وەردە و شادی) بووەتە شوێنێکی نا ئارام، پاشان لە یەکیان جیا دەکاتەوە و ماوەی (٢٠ ساڵ) چاویان بە یەک ناکەوێت، هەروەها کوردستان کە بە جوانی لە خەیاڵی (شادی)دا وێنەیەکی بۆ کێشراوە و لە ڕێی جوانی و بۆنخۆشی گوڵە نێرگزەوە هێمای بۆ کراوە، لە هەمان کاتدا، شوێنێکی داگیرکراو و دابەشکراوە و بە هۆی ئەمەیشەوە دانیشتوانەکەی ستەمیان لێ دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە ناوونیشانی چیرۆکەکە کۆمەڵێک نهێنی ژیانی کارەکتەرەکانی ئاشکرا دەکات، وەک خۆشەویستی نێوان (وەردە) و (شادی)، یان کەسایەتی باوکی (وەردە) کە مرۆڤێکی هزر ئازادە و ڕکی لە ڕەگەزپەرستییەو داکۆکی لە ناسنامەی جیاوازی نەتەوەکانی ناو لبنان دەکات وەک کورد و درووزەکان، یان پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبە جۆراو جۆرەکانی ئەو وڵاتە وەک (کریستیان، موسڵمان، شیعە، سوننە) ئامادەیش نییە لە ژێر گوشاری خزمەکانیدا دەست لە ئازادیی هزری خۆی هەڵبگرێت.

## تەوەری دووەم: دەستپێک لە چیرۆکی (من و شادی)دا

ناوونیشان کە بازنەیەکی ستراتیجی دەقی چیرۆکە، لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی پتەوی بە دەستپێکی چیرۆکەوە هەیە و لەوێشەوە پێوەندی لەگەڵ هەموو جومگە پێکهێنەرەکانی دەقی چیرۆکەکەدا پەیدا دەکات، ئەم پێوەندییە پەرە دەسێنێت هەتا دەگاتە کۆتایی ڕووداوەکان.

لە بارەی پێوندی نێوان ناوونیشان و دەستپێکی چیرۆکەوە باسی ئەوە کراوە کە ناوونیشان لە ڕووی پێگەوە دیارترین جۆرەکانی دەروازەیە، ئەمەیش یەکەم پێوەندی نێوان نووسەر و دەق، خوێنەر و دەق دروست دەکات و پێوەندی نیوان دەق و واتا دەسازێنێت، بۆیە لە هەموو جۆرەکانی دیکەی دەروازە پێوەندی زیاتری بە دەستپێکەوە هەیە (٤). ڕستەی دەسپێک تایبەت نییە بە سەرەتای چیرۆکەوە، بەڵکو دەبێت لە ڕووی بنیاد و واتاوە لە هەموو بەشەکانی چیرۆکەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەیش نووسەرێکی وەک (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ) ڕستەی یەکەمی ڕۆمانی (ئانا کارنینا)ی بە باشترین نموونەی ڕستەی سەرەتا داناوە و دەڵێت: «ڕستەی یەکەم لە ئانا کارنینا بە شێوەیەکی چڕ بەشەکانی دیکەی پەرتووکەکەی لەخۆگرتووە»(٥)، کەواتە دەستپێک نابێت تەنیا لە سەرەتای چیرۆکدا وەک ڕستەیەک، یان چەند ڕستەیەکی دابڕاو بمێنێتەوە، پاشان لە بەشەکانی دیکەی دەقەکەدا خۆی دەنوێنێت، هەروەها دەبێت ئەم دەستپێکە لە بەرهەمهێنانی واتا و دامەزراندنی تەونی چیرۆکەکەدا ڕۆڵی هەبێت. بێجگە لەمانەش دەستپێک ڕۆڵێکی گرنگی لە دیاریکردنی جۆری ژانرە ئەدەبییەکاندا هەیە، چونکە دەستپێکی شیعرێک، یان ڕۆمانێک نابێت بە هەمان شێوەی دەستپێکی چیرۆک بێت، «دەسپێکی باشیش ئەوەیە کە خۆی تێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەک دەقەکە و بنەماکانی لەسەر دابمەزرێت. لەبەر ئەوەی ژانرە ئەدەبییەکان بە پێی تایبەتمەندی جۆرەکانیان لە یەک جیا دەکرێنەوە، بۆیە هەندێک جیاوازی پاژەیی، خەسڵەتەکانی دەستپێک لە هەریەک لەوانەدا دیاری دەکات» (٦).

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەسپێکی باش ئەوەیە کە کارەکتەری سەرەکی و ئەدگارەکانی شوێن و هەندێک لایەنی واتایی دەقی چیرۆک ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەوەی زەمینە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر سازبکات و هانی بدات ئەو دەقە بخوێنێتەوە.

خوێندنەوەی دەستپێکی چیرۆکی (من و شادی) زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی لە خۆگرتووە، جوگرافیای دوو شوێن وەسف دەکات و کارەکتەری سەرەکی ئەم دەقەشمان پێ دەناسێنێت و ئەوەیش بۆ خوێنەر باس دەکات کە بۆچی ئەم کارەکتەرە (واتە وەردە) حەزی لە میوزیک کردووە، پاشانیش لە کۆتایی چیرۆکەکەدا وەک میوزیک زانێکی بە توان و گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆز لە شاری (کۆبانێ) دەکات



تۆدۆرۆڤ

و هەر لەوێش بە باشترین هاوڕێی سەردەمی منداڵی خۆی شاد دەبێتەوە و پاش ئەوەی شەڕی ناخۆی لبنان بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن جیای کردبوونەوە، هەروەها لەم دەستپێکەدا سەرەتای ئەو گەڕانەوەیە بۆ شوێنی یەکەم (واتە فەڕەنسا) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خۆی نوواندووە، چونکە شوێنێکی ئارامە و دیمەنە جوانەکانی سەرەتای چەکەرەکردنی بەهرەی میوزیک لە ناخی ئەودا دەچێنن، هەر ئەمەش لە تەواوی دەقەکەدا بووەتە مایەی بەراوردکردنێکی نائاشکرای نێوان (فەڕەنسا)ی هێمنی و جوانی و (لبنان)ی پڕ لە دووبەرەکی و خوێن ڕشتن و شەڕی ناوخۆیی. تا لە ئەنجامدا پاش مردنی باوکی و دیار نەمانی (شادی) کە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی (وەردە) پاش سێ ساڵ لە گواستنەوەیان بۆ لبنان هۆگری ئەم وڵاتە ببێت و لە دڵتەنگی و گریان و نامۆیی ڕزگاری ببێت. لەدەستدانی ئەمانەیش جارێکی دیکە ناخی دەهەژێنن و دڵەڕاوکێی لا دروست دەکەن و ناچاری دەکەن جارێکی تر خۆی و دایکی بەرەو فەڕەنسا بگەڕێنەوە.

کورتی دەسپێکی ئەم چیرۆکە کە لە بڕگەی یەکەمدا خۆی چڕکردووەتەوە و سنوور و جۆری ژانری دەقەکەی دیاری کردووە، بووەتە مایەی ئەوەی چیرۆکەکە ناسنامەی خۆی بپارێزێت و وەک چیرۆکێک خۆی بە خوێنەر بناسێنێت.

جۆرەکانی دەستپێک بەپێی نووسەرانی چیرۆک لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە جیاوازن، هەندێک چیرۆک بە ڕووداو دەست پێ دەکات و هەندێک بە دیالۆگ و هەندێکی دیکەیش بە مۆنۆلۆگ، لەپاڵ ئەمانەیشدا چیرۆکی واش هەیە کە چیرۆکنووس بە وەسفێکی جوان سەرەتای بۆ دروست دەکات، پاشانیش جووڵە بە کارەکتەر و ڕووداوەکان دەکات، ئەم جۆرە دەستپێکە بە دەسپێکێکی شیعری ناوبراوە، (ئارام سدیق) لە پەرتووکی (دەسپێک لە چیرۆکی کوردیدا) ئاماژەی بەم جۆرە کردووە و دەڵێت: «جۆرێکی تری دەستپێک کە من هەر لە خانەی دەستپێکی سادەدا پۆلێنم کردووە، دەستپێکی ئەو چیرۆکانەیە کە بە شێوازێکی شیعری دەست پێ دەکەن و زیاتر لە ڕستەی شیعرەوە نزیکن، یان بەهای شیعرییان هێندە زۆرە زاڵ بووە بەسەر گێڕانەوەکەدا» (٧)، ئێمە لەگەڵ بەشێکی ئەم بۆچوونانە هاوڕاین، بە تایبەتی ئەوەی کە دەڵێت (لە ڕستەی شیعرەوە نزیکن)، بەڵام ناکرێت هەموو سەرەتایەکی شیعری، یان دەستپێکێکی شیعری بە سادە دابنێین، چونکە ڕستەی شیعری سەرباری ئەوەی ڕستەیەکی چڕ و خاوەن وێنەی جوانە، لە هەمان کاتدا لە هەندێک چیرۆکدا جووڵە و گواستنەوە لەخۆ دەگرن، بەمەیش دەبنە دەستپێکێکی ئاڵۆز و هەمان ئەم خاسیەتەیش لە چیرۆکی (من و شادی)دا پەیڕەو کراوە.

لە میانی وەسفی شیعرییانەی ئاو و هەوای لبنان و پاریسەوە جۆرە لێکچوونێک لەناو بازنەی بەراورددا خۆی نواندووە، هەروەها لە ڕێی وەسفی ئاو و هەوای پاریسەوە، جووڵەی کارەکتەرەکان (وەردە و باوکی)، تەمەنی منداڵی (وەردە) کە ئەو کاتە قوتابی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووە، سەرهەڵدانی بەهرەی میوزیکزانی لای ئەم کارەکتەرە خراوەتە ڕوو، جگە لەو وێنە جوانانەی کە تایبەتن بە (پاریس) و لە زەینی ئەمدا بوونەتە کۆمەڵێک وێنەی زیندوو و پاش هاتنیان بۆ لبنان بوونەتە ڕێگرێکی دەروونی لەبەردەم خۆسازانی ئەم کارەکتەرە لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا.

نووسەری ئەم دەقە لە دەستپێکی چیرۆکەکەیدا، بەجێناوی (من) لە زاری کارەکتەری سەرەکی (وەردە)وە دەڵێت:

«تازە هەتاوی پاییز سەری دەردەهێنا، تیشکە زەرد و زێڕینەکەی بەسەر تەواوی دەشت و دۆڵ و شاخ و شاردا پەرشوبڵاو دەکردەوە، بەگەرمی ئەگریجەی زوڵفی خاوی،

هەڵمی لەدارە مل ڕووت و خوناو لەسەر کەوتووەکان هەڵدەستاند، ئەو دیمەنە دڵڕفێنە، ڕۆژانی هەتاوی شاری پاریسی جوان و دڵگیری بە بیر دەهێنامەوە، ئەوسا هێشتا زۆر منداڵ بووم، لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، هەموو بەیانییەک کە لەگەڵ باوکم لە ماڵ دەهاتینە دەرەوە، دەچووین لە وێستگەی پاسەکە دەوەستاین و چاوەڕێی هاتنی پاسمان دەکرد، قاز و قوڵینگی مل درێژ لە کەناری ڕووباری سین لە چاوەڕەوانی ڕۆژدا ڕیزیان دەبەست، کە ڕۆژ چاوی نێرگزی هەڵدەهێنا، تیشکە زێرینەکانی لە کەلێنی برژانگەکانییەوە بەسەر تەواوی (پاریس)دا بڵاو دەبووەوە، گەرمی تیشکی ڕۆژ وردە وردە هەڵمی لە ڕووبارەکە هەڵدەستاند، هەڵمەکان لە ناو کزەبایەکی سارد پێچیان دەخوارد و کلیلی سۆڵیان لە ئاسمانی پاریس دروست دەکرد، وەک پارچە میوزیکێکی بە هەڵم نووسراو بەرەو ئاسمان بەرز و بەرزتر دەبوونەوە، تا لە چاوان ون دەبوون. مەلەکانیش وەک میوزیکژەنێکی بە ئەزموون نۆتەکانیان دەکردە خۆشترین ئاواز، نەرم نەرم بە گوێی شاریاندا دەچرپاند، ئەو بەهرەیەی کە ئێستا هەمە لەسەر گۆرانی و میوزیک بۆ ئەو دووساڵە دەگەڕێتەوە کە بە بەردەوامی گوێم بۆ ئاوازی ئەو مەلە دەنگ خۆشانە گرتبوو!!» (٨).

خوێندنەوەی ئەم دەستپێکە بێجگە لە باسکردنی جوانییەکانی پاریس و سەردەمی منداڵی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە، خۆی لە خۆیدا تابلۆیەکی ڕازاوەیە و وەسف و جووڵەی گێڕانەوەی لە خۆگرتووە و ناتوانین وەسف و گێڕانەوەکە لە یەک جیا بکەینەوە بێ ئەوەی هارمۆنیەتی دەقەکە بشێوێت. لەپاڵ ئەمەشدا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە کۆی چرکەکە بە تەکنیکی فلاشباک نووسراوە، چونکە تەوژمی گێڕانەوەکە لە ئێستاوە بۆ ڕابوردوو دەگەڕێتەوە و دەیەوێت باسی سەرەتاکانی یەکتر ناسینی (وەردە) و (شادی) بکات کە ئەو کاتە قوتابی قۆناغی سەرەتایی بوونە، ئەمەیش لە هەندێک شوێنی چیرۆکەکەدا بە گۆڕینی زەمەنی گێڕانەوەکە ڕوون دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا، پەیوەندی نێوان سەرەتا و کۆتایی دەقەکە ڕوون دەکاتەوە و تیشکی خۆی دەهاوێتە سەر کۆی هەڵوێستە هزرییەکان و شێوازی گێڕانەوەی دەقەکە، بۆیە دەستپێک لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ئاراستەکردنی دەقەکە و پاکانە بۆ هێنانەوەی و دیاریکردنی هەڵوێست و پێشکەشکردنی نیشانەکانی شێواز، هەروەها دەستنیشانکردنی ژانرەکەیدا(٩).

لەبەر ئەوەی دەستپێک سنووری کۆتایی دەق دادەمەزرێنێت و ڕایەڵەکانی ناوەوەی چیرۆک پێکەوە گرێ دەدات و بەریەککەوتنی کارەکتەرەکان و سازانی هەندێک لەوان لە ناو ڕووداوەکاندا بەرهەم دەهێنێت، بۆیە دەستپێکی سەرکەوتوو نابێتە سەرەتایەکی دابڕاو و بەناو جەستەی دەقەکەدا شۆڕدەبێتەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەبێت کۆتایی بێتە پێشەوە و گرێکان بکرێنەوە و دوا مەبەستی نووسەر ڕوون ببێتەوە.

## تەوەری سێیەم: کۆتایی لە چیرۆکی (من و شادی) دا

کۆتایی چیرۆک لە خۆڕا دیاری ناکرێت و پێوەندییەکی ستراتیجی بە دەستپێک و سەرەتای جووڵەی کارەکتەر و هزری نووسەرەوە هەیە، ئەو کۆتاییەی بە زۆر بەسەر دەقی چیرۆکدا سەپێنراو بێت دەبێتە مایەی لەبارچوونی ئەزموونەکە لە ڕووی بنیادی هونەری و بنیادی واتاییەوە، تەنانەت هەندێک توێژەری ئەکادیمی بڕوایان وایە کە (سەرەتا و کۆتایی لە دەقی ڕۆمان (هەروەها چیرۆک)دا دوو توخمی سەرەکین و گرنگییان لە تەونی ناوەکی ڕووداوەکان کەمتر نییە)(١٠).

پەرەسەندنی ڕووداوەکان، شێوازی بنیادی گێڕانەوە و هەڵوێستی فیکری نووسەر، ڕۆڵێکی گرنگ لە دامەزراندنی کۆتاییدا دەگێڕن، ئەمانەیش جۆری کۆتایی و گرنگترین سیماکانی دیاری دەکەن. بەگوێرەی ئەمەش دەکرێت بڵێین کۆتایی چیرۆک لە ڕووی جۆرەوە دابەش دەبێت بۆ:

**١- کۆتایی کراوە:** ئەو جۆرە کۆتاییەیە کە دوا ئەنجامی ڕووداوەکان و بەسەرهاتی کارەکتەرەکان بێ چارەسەر بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، بۆ ئەوەی بە پێی خوێندنەوەی ڕووداوەکان و لێکدانەوەی خۆی بیر لە ئەنجامێک بکاتەوە، هەندێک جار چیرۆک بە پرسیارێک کۆتایی دێت و داوا لە خوێنەر دەکات بەپێی تێگەیشتنی لە ڕووداوەکان و هزری کارەکتەرەکان، وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە، بە هۆی ئەمەوە خوێنەر لەگەڵ دەقی چیرۆکەکەدا تەفاعول دەکات و تا ماوەیەکی زیاتر هۆشی

لای دەقەکە دەمێنێت و بە دانانی دوا وشە لێی نابێتەوە و دەستی لێ هەڵناگرێت، زۆر جار ئەم شێوە کۆتاییە دیالۆگ لە نێوان خوێنەر و دەقدا سازد دەکات و هانی خوێنەر دەدات بە خۆی وەڵامێکی گونجاو بۆ پرسیاری دەقەکە بدۆزێتەوە، ئەم شێوە کۆتاییە لەگەڵ هەڵوێستی خوێنەری تەقلیدیدا یەک ناگرێتەوە، یان ئەو خوێنەرەی چاوەڕێ دەکات هەموو چیرۆکێک کۆتاییەکی لۆژیکی و ئامادەی هەبێت، بەپێچەوانەشەوە کۆتایی کراوە کە هزری خـوێنەر دەجـووڵێنێت و داوای لێ دەکـات ئەوە تەواو بکات کە نووسەر نەیگوتووە، یان دەقەکە نەیدرکاندووە، زیاتر حەزی لەم جـۆرە کـۆتاییـانەیە و دەزانێت نووسـەر تێگەیشتنی خوێنەری فەرامۆش نەکردووە و کۆتاییەکی دیاریکراوی بەسـەردا نەسـەپاندووە، کـۆتایی کـراوە پێشبینی خوێنەری ئاسایی دەشڵەژێنێت و لەگەڵیدا وێک نایەتەوە.

**٢- کۆتایی داخراو:** ئەم جۆرە کۆتاییە لە چیرۆکی کۆن و ئەو جـۆرە چیـرۆکـانەدا زیاتر دەردەکـەوێت، کـە نووسـەرەکـانیـان بۆ کـۆتایی چیـرۆکـەکـانیـان ئاشنای شـێـوازێکی دیکە نەبوونە، یان لەو نووسـەرانەن کـە بڕیاریان داوە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە هزر و بۆچوونێک بکەنە پەیام و بەسەر خوێنەریدا بسەپێنن و بەوەی قایل بکەن کە ئەمە تاکە ڕوانگەیەکی ڕاستـە کـە دەکـرێت ڕووداو و بەسـەرهاتەکـانی پێ لێک بدەنەوە و لە ڕێی ئەمـەشەوە هەڵسـەنگاندن بۆ بەسـەرهات و چارەنووسی هاوجۆر لە ژیانی واقیعیدا بکەن.

کۆتایی داخراو دەرفەت بە خوێنەر نادات بە بۆچوونی خـۆی بەشـداری لە هەڵسـەنگاندنی واتایی و هونەری دەقـەکـەدا بکات و ڕێی لێ گیـراوە ڕاڤـەیەکی دیکە بۆ دەقەکە بدۆزێتەوە، بەم شێوەیە خوێنەر تەنیا ڕۆڵی وەرگر دەبینێت و نووسـەریش دەبێـتـە بڕیاردەری چارەنووسی هەمـوو کـارەکـتـەرەکـانی ناو چیـرۆکـەکـە و بە جـۆرێک ئاراستـەیان دەکات کە خۆی دەیخوازێت، واتە نووسـەر کار بۆ جڵەوکردنی هزری خوێنەر دەکات و هەوڵ دەدات ئایدیۆلۆژیا و جـیـهـانـبـینی خـۆی بکاتە مـایەی پەسەندکردنی خوێنەر.

چیرۆکی کۆتایی داخراو ڕێ لە خەیاڵی خوێنەر دەگرێت و ناهێڵێت بە شێوەیەکی جیاواز بیر بکاتەوە و سەبارەت بە واقـیـع گـومـان لە بۆچوونەکـانی نووسـەر بکات، ئایدیۆلۆژیای نووسـەر کـاردەکـات بۆ ئەوەی کـۆتایی چیـرۆکـەکـە بەو جـۆرە بێت کـە خـۆی دەیخـوازێت، بە واتایەکی دیکە نووسـەر بۆ گـوزارشت کـردن لە واقـیع (تەنانەت واقـیـعی سـەر کـاغـەز) دەیەوێت گۆمـان لای خوێنەر نەمـێنێت و تەسلیـمی ئەو دیدگـایە بێت کـە ئەم داکـۆکی لێ دەکـات. زۆر پێـویسـتـە نووسـەری چیـرۆک خـــەیاڵی خـــوێنەر ئازاد بکات لە ڕێی بنیـــادنانی جیهـانێکەوە کە دەکرێت وێنابکرێت و نەبێتە کۆپییەکی وێنەکانی واقیع، کەچی ئەو چیرۆکنووسانەی دەیانەوێت تەنیا لە دیدگای خۆیانەوە واقیع پێشان بدەن بێ ئەوەی فرە دیدگایی لەبەرچاو بگرن، یان دەیانەوێت ئەوەی تەنیا خۆیان بە واقیعی دەزانن، بیکەنە بناغەی دامەزراندنی جیهـانی ناو چیرۆکەکـانیان، بەمە ڕێگری دەکەن کە بە خـەیاڵ وێنای واقـیـعـێکی جیـاواز لەلایەن خوێنەرەوە بەرهەم بهێنرێت.

ئەمـەش بەرەو بیرۆکەی ئەو جیـاوازییـەمـان دەبات کـە دەڵێت: «ئایدیۆلۆژیا - بە مـانایە ڕەهەندییـەکـەی - واقیع دەپارێزێت و وەک خۆی دەیهێڵێتەوە، بەڵام یۆتۆپیا - بە مـانا سۆسیـۆلۆجییـەکەی - واقـیع دەخـاتە بەردەم گـومـان و پرسـیـارکـردنەوە، وەک پۆل ڕیکۆر دەڵێت: (یۆتۆپیا مومارەسەکردنی خەیاڵە لەپێناو بیرکردنەوە بە شێوەیەکی پێچەوانە، واتە پێچەوانەی ئاراستەی واقیعی کـۆمـەڵایەتی، کـەواتە ئەو (دەرەوە)یە، یان ئەو (بوونە جیـاوازە)ی یۆتۆپیا ڕووبەڕووی ئەو (بوونە واقـیـعـیـیـە) دەبێتەوە کە ئایدیۆلۆژیا ڕایدەگەیەنێت» (١١).

ئەگـەر لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کـە لەوەوپێش باسـمـان کـرد، بڕوانینە کـۆتایی چیـرۆکی (من و شـادی) دەگـەینە ئەو ئەنجـامـەی کـە نووسـەری ئەم چیـرۆکـە لە سـەرەتاوە بڕیاری داوە هەردوو کـارەکـتـەرەکـە (وەردە) و (شـادی) بەیەک بگەن، بۆ ئەمـەش (وەردە) لە پاریسەوە دەهێنێت بۆ ڕۆژاوای کـوردسـتـان بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی نەورۆز لە شـــاری کـــۆبانێ بەشـــداری بکات و لەوێش بەدەم گـۆرانییـەکی فـەیرووزەوە، گـۆرانی بۆ ئەو بڵـێت، دەقی گۆرانییەکەیش کە بووەتە هەوێنی نووسینی ئەم چیرۆکە ناوی (شـادی) تێـدایە و ئامـاژەیەکی ڕاسـتـەوخـۆی بۆ سەردەمی منداڵی (وەردە) و (شـادی) لە خۆگرتووە، کە کـاتێک ئەوان منداڵ بوونەو پێکەوە گـەمـەیان کـردووە، ئیـدی لەوێ چاوی بە شـادی دەکـەوێت و لەناو ئاپۆرای

خەڵکەکەدا ئامێز لەیەک دەنێن و بەیەکتر شاد دەبنەوە. لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا، نووسەر لە زاری وەردەوە لە لاپەڕە (٢٢)دا دەڵێت: «ئیتر بە شادی شاد بوومەوە، ئێستا لەگەڵ شادی و مرۆڤە ئازادیخوازەکانی سەر ئەم زەمینە لە کۆبانێ پارێزگاری لە ئازادی تەواوی جیهان دەکەین، هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێمەوە پاریس». بەم قسانەیش کە قسەی خودی نووسەرن و لە زاری (وەردە)وە کراون، قفڵی کۆتایی بۆ چیرۆکەکە دانراوە و ئەوەیشمان پێ ڕادەگەیەنێت کە تەواوی ئەم چیرۆکە بۆ دەربڕینی ئەم هزر و بۆچوونە نووسراوە. ئەم کۆتاییە لە ناوونیشان و دێڕ بە دێڕی چیرۆکەکەوە بەرهەم هاتووە و کاری بۆ کراوە. نووسەر بەوپەڕی هۆشیارییەوە کاری لەسەر کردووە. بە گەڕانەوەیەک بۆ کۆپلەی دووەمی چیرۆکەکە ئەمەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کاتێک لە لاپەڕە (١٤)دا (وەردە) دەڵێت: «نازانم بۆچی باوکم بڕیاری دا بگەڕێینەوە لبنان؟ ئێمەی ناچارکرد لەگەڵی بگەڕێینەوە، سێ ساڵ دوای گەڕانەوەشمان، هەر بۆ شاری پاریس دەگریام، تا شادیم نەناسی خۆم لە لبنان بە بێگانە دەهاتە بەرچاو، هەستم بە نامۆیی دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی بوومە هاوڕێی شادی وردە وردە خەمەکانم ڕەوینەوە».

کۆتایی چیرۆک پێوەندی بە بنیادی کارەکتەرەکانەوە هەیە و ڕۆڵ و سیفەتی ئەوان و هزر و بیرکردنەوەی ڕۆژانەیان دەبنە بناغە بۆ ئەوەی هەموو چیرۆکەکە بەم ڕێڕەوەدا بڕوات، کە کۆتاییەکە دەیخوازێت. لە هەمان کاتدا کۆتاییش تا ڕادەیەکی زۆر لە بنیادنانی کەسایەتی هزری و ئاکاری و بیرکردنەوەی ئەو کارەکتەرانەدا ڕۆڵی دەبێت، کەواتە سەرەتای جووڵەی کارەکتەرەکان و دوا هەڵوێستیان لە ناو کۆتاییدا ڕەنگ دەداتەوە، کەسایەتی (وەردە) کە لە سایەی باوکێکی خاوەن هزری ئازاد و مرۆڤدۆستدا پەروەردە بوو بوو، ئەوەی لێ دەوەشێتەوە وەک کچە عەرەبێکی لبنانی هاوڕێیەتی (شادی) بکات کە کوڕە کوردێک بوو بە بنەماڵەوە لە وڵاتی لبنان نیشتەجێ بوون، ئەگەرچی شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە هۆکار بوو ساڵانێکی دوورودرێژ لێک دابڕین، بەڵام دواتر لە شاری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان بە یەک دەگەنەوە و بەیەک شاد دەبنەوە.

وەردە لە لاپەڕە (١٦)دا لە بارەی باوکییەوە دەڵێت: «باوکم زۆر خۆشی دەویستم و بێ دڵی نەدەکردم، هەرگیز ڕێگری لێ نەدەکردم بچم بۆ ماڵی شادی و هاوڕێیەتی بکەم، چونکە دەیزانی چەند شادیم خۆشدەوێ، ئەو مرۆڤێکی ئازاد بوو، بە قەد ئازادی خۆی بڕوای بە ئازادی مرۆڤەکانی تر هەبوو»، بۆ ئەوەی نووسەر زیاتر قەناعەتمان پێ بکات کە باوکی (وەردە) مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و ئازادە و گوێ بە هزری ڕەگەزپەرستانە نادات، باسی هەڵوێستێکی ئەومان لە زاری (وەردە)وە بۆ دەکات و لە لاپەڕە (١٧)دا دەڵێت: «ڕۆژێکیان ئامۆزایەکی باوکم هاتە ماڵمان پاش بەخێرهاتن، وەک نەریتی عەرەبی قاوەیەکمان پێشکەش کرد، ئەویش پێش ئەوەی قاوەکە بخواتەوە، ڕووی کردە باوکم و وتی: قاوەکە ناخۆمەوە، تا ڕێگری لە هاتوچۆی کچەکەت بۆ ماڵە یەهوودییەکان نەکەیت، باوکم زۆر تووڕە بوو کە پێشتر باوکم بەو شێوەیە نەدیبوو، چاوەکانی بۆ لای من سووراند و دواتر ڕووی لە ئامۆزاکەی کرد و وتی: کام یەهوود؟ ئامۆزاکەم وتی: بنەماڵەی دورووز و کرمانجەکان هەمووی یەهوودین. باوکم زیاتر هەڵچوو وتی: ئەوە درۆی عەرەبە، هەر کەسێکیان بە دڵ نەبوو، دەڵێن یەهوودییە، هەر کارێکیان پێ نەکرا و بۆیان نەچووە سەر، دەڵێن بە هۆی یەهوودییەکانەوە ئەم کارە سەری نەگرت، بەسە واز لەو درۆ و دەلەسانە بێنن، لە جیاتی ئەوەی بە دوای شکانەوەی خەڵکەوە بن، بڕۆن خۆتان ڕاست بکەنەوە. ئامۆزاکەی باوکم تووڕە بوو، قاوەکەی نەخواردەوە و ڕۆیشت، جارێکی تر نەگەڕایەوە».

هزری ئەم جۆرە کەسایەتییە وای کردووە (وەردە) نەبێتە کەسێکی ڕەگەزپەرست و بەوپەڕی بڕواوە (شادی) خۆش بوێت و دواتر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا بڕوات بۆ کۆبانێ بۆ ئەوەی بەشداری ئاهەنگی جەژنی نەورۆز بکات و وەک ئافرەتێکی ئازادیخواز پشتگیری لە خەباتی ڕەوای خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بکات. عەشقی شادی هاندەرێکی گەورە بووە بۆ ئەوەی (وەردە) هەوڵی ئەوە بدات لە ڕێی کوردەکانی پاریسەوە خۆی فێری زمانی کوردی بکات و بە ناو وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە دوایدا بگەڕێت، گەیشتنی پرسەنامەیەکی شادی (کە لە دەقەکەدا نەزانراوە چۆن گەیشتووەتە دەستی وەردە و کەلێنێکی هونەری لە دەقەکەدا دروست کردووە و دواتریش چارەسەر نەکراوە). پاش حەوت ڕۆژ لە مردنی باوکی وا لەم کچە دەکات هیوای دۆزینەوەی ئەم کوڕە

لای سەر هەڵبداتەوە. نامەکە بە ناوی (شادی - ڕۆژاوا) واژۆکرابوو، وشەی ڕۆژئاڤا لای (وەردە) دەبێتە کلیلێک بۆ دۆزینەوەی (شـــادی) و ســـەرەتا وا دەزانێت بەرەو ئەورووپا کـۆچیـان کـردووە، لە فـەرهەنگی (کـوردی - عـەرەبی) بە دوای واتای ئەم وشەیەدا دەگەڕێت، دایکی ناچار دەکـــات پێکەوە بەرەو پاریس بگەڕێنەوە، لە کوردەکانی ئەوێ لە مانای وشەکە دەپرسێت، بەڵام هیچ سەرەداوێکی دەربارەی شوێنی (شادی) دەست ناکەوێت تا دوا جار لە کۆتایی چیرۆکەکەدا (بێ ئەوەی دیار بێت کێ وەردەی دەعـــوەتی ئاهەنگی نەورۆزی کـــۆبانێ لە ڕۆژئاڤـا کـردووە، ئەمـەش بووەتە کـەلێنێکی هونەری دیکەی دەقـەکـە)، بۆی دەردەکـەوێت کـە مـەبەست لە (شـادی - ڕۆژئاڤـا) ئەوەیە کـە شـادی گـەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژئاوای کـوردسـتـان و لەوێش یەکـتـر دەبیننەوە. لەم نموونانەوە بۆمان دەردەکەوێت چۆن بەشەکانی چیرۆکەکە لەگـەڵ کـۆتاییـدا یەک دەگـرنەوە و ڕایەڵی ڕووداوەکـان بەرەو ئەو شـوێنەمـان دەبەن، کـە نووسـەر ویسـتـوویەتی هەردوو کـارەکـتـەرەکـە (وەردە، شـادی) لەوێ بە یەک بگەن.

کـارەکـتـەرەکـانی ئەم چیـرۆکـە بوونەتە ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە ئایدیۆلۆژیای نووسەر، نووسەریش بیری بۆ ئەوە نەچووە کــە نابێت دوو منداڵی قــوتابخــانەی سەرەتایی کە تەمەنیان بە پێی دەقەکە لە دەوروبەری نۆ ساڵیـدایە ببنە هەڵگری بیر و بۆچوونێک لەگەڵ ئاستی تەمەن و هۆشیاری ئەواندا ناگونجێت، ئەمەش کەلێنێکی گـەورەی لە دەقـەکـەدا دروست کـردووە، دەبوایە نووسـەر خۆی لێ بپارێزێت، بەڵام بۆ خاتری ئەوەی هزری خۆی لە دەقەکەدا دەربڕێت و کارەکتەرەکان بە جۆرێک لە ڕووی هزرییـەوە بنیـاد بنێت کە لە خزمـەتی هزری خـۆیدا بن، بۆیە ئاوڕی لەم مـەسـەلەیە نەداوەتەوە و ئەوەندە بایەخی پێ نەداوە، بۆ نموونە کـاتێـک (شادی) گـوڵە نێـرگـزێک پێشکەش بە (وەردە) دەکـات ئەویش لێی دەپرسێت لەم پاییـزەدا ئەم گوڵە بەهارییەت لە کوێ هێنا؟ لە وەڵامدا شادی بە دیالێکتی کرمانجی سەروو وەڵامی دەداتەوە و (وەردە)ش هیچی لێ تێناگات، بۆیە پێی دەڵێت: من لە زمـانی ئێـوە تێناگـەم، بە لبنانی وەڵامم بدەوە، ئەویش بە زمـانی عـەرەبی، دیالێکتی لبنانی داوای لێبـوردنی لێ دەکات و پێی دەڵێت وامزانی لەگەڵ خوشکەکەمدا قسە دەکـەم، پاشـان شـادی درێژە بە قـسـەکـانی دەدات و دەکەوێتـە باسی خۆی و نەتەوەکەی و چۆن ئەمـان لەسەر خـاکی خـۆیان وەک بێگانە تەمـاشـا دەکـرێن، چونکە دەوڵەتیـان نییە. وەردە لە لاپەڕە (١٦)دا دەڵێت ئەوسا منداڵ بووم هیچ لە قـسـەکـانی شادی تێ نەدەگـەیشـتم، بۆیە پێم وت: دە پێم بڵێ ئەو گـوڵە جـوانەت لە کـوێ بوو؟.

دەسـتـێکی بەسـەر قـژە زەرد و سپـییـەکـانیـدا هێنا و بەسەر دەموچاوی خۆیدا هێنایە خوارەوە و وتی:

- ئەو گوڵە لای ئێمەی کورد زۆر پیرۆزە، چونکە وەک سیمبۆلی بەرخۆدان و خۆڕاگری سەیری دەکەین...ئەگەر کەسێکیش پرسیاری ئەو گوڵەی لێ کردین (مەبەستی لەو کەسەیە کە گوڵەکەی پێشکەش دەکەن)، ئەوە ئێمەش لە ڕێگای ئەو گوڵەوە بەسەرهاتی نەتەوەکەی خۆمانی بۆ باس دەکەین و ئەو گوڵەیش کە سیمبۆلی نەتەوەکەمانە، وەک گـرێدانی هاوڕێیـەتی هەمـیـشـەیی پێـشکەشی دەکەین..... ئێستا تۆ ئەو گوڵەت پی جوانە پێشکەشی تۆی دەکەم....بۆ ئەوەی هەمیشە نەتەوەکەی منت لە بیر بێت، ئەگەر ڕۆژێک لە شوێنێکی ئەم دنیـایە توانیت بە وشـەیەکی جـوان پشـتگیـری لە گـەلە سـتـەم دیدەکـەم بکەیت. زۆر سوپاسی شادیم کرد و وتم: کورە تۆ چیت؟! چەند زرنگی؟، قسەکانت مرۆڤ سەرسام دەکەن! دەزانی تۆ لە تەمەنی خۆت گەورەتری؟!...».

خـوێندنەوەی ئەم دیالۆگـە، شـیـکردنەوەی قـسـەکـانی شـادی، بێـجگە لە باڵادەسـتی هزری نووسـەر و لەبەر چاونەگـرتنی ئاسـتی تێگەیشـتنی منداڵێک، دوو خاڵی گەوهەری لە خۆ گرتووە و هەردووکیـان دوایی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، بەدی هاتوون. یەکەمیان گوڵی نیرگزە کە لە چیـرۆکـەکـەدا لە زاری (وەردە)وە وەک گـوڵێکی بەهاری ناسـێنراوە، دووەمـیـشـیـان داواکـردنی (شـادی)یە لە (وەردە) بۆ ئەوەی وەک هاوڕێیەک پشتیوانی لە نەتەوەی کـورد بکات. لەبەر ئەم دوو خـاڵە دەبینین لە بەهاردا، لە جـــەژنی نەورۆزدا، لە شـــاری کـــۆبانێ لە ڕۆژاوای کـوردسـتـان، وەردە وەک پشـتـیـوانێک لە نەتەوەی کورد بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزدا دەکات کە خۆی لە خۆیدا هێـمـایە بۆ سـەرکـەوتنی ئەم نەتەوەیە، ئەم کـۆتاییـەش ئەنجـامـێکی یەکـلاکـەرەوەیە بەلای نووسـەرەوە، چونکە پێشـتر ئەم ئەنجامەی مەبەست بووە و ڕووداوەکانیشی بە

چەشنێک دامەزراندووە بۆ ئەوەی ئەم ئەنجامە بێتە دی. واتە بە گوێرەی بەسەرهات و زنجیرەی ڕووداوەکان، خوێنەر تێ دەگات کۆتایی ئەم چیرۆکە چۆن دەبێت، کۆتاییەکەش داخراوە و دەرفەتی ئەوەی تێدا نیە ببێتە کۆتاییەک لەگەڵ پێشبینی خوێنەردا یەک نەگرێتەوە، ئەم جۆرە کۆتاییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە نووسەر پێشتر ویستوویەتی لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای خۆیەوە ڕەنگ ڕێژی بکات و بە دوا وشەی خۆی قفڵی لێ بدات، لەبەر ئەمەیش دەقەکە بووەتە دەقێکی مۆنۆفۆنی (یەک دەنگی) و ڕێ نەدراوە کارەکتەرەکان ئازادانە و بە گوێرەی تەمەنی خۆیان باسی ژیان و ژینگە و خەونەکانیان بکەن. مەبەستی سەرەکی نووسەریش لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە دەکرێت پەروەردەی دروست و مرۆڤ دۆستانە ببێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ ئەوەی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا بێتە ئاراوە و زمان و ئایینی جیاواز نەبنە هۆی فاکتەری شەڕ و خوێن ڕشتن و توندڕۆیی.

بە گشتی ئەم چیرۆکە دەچێتە خانەی ئەدەبێکی ڕیالیزمی تێکەڵ بە ڕۆمانسییەتێکی شۆڕشگێڕانە و بە دەقێکی خاوەن پەیام دادەنرێت، نابێت لێرەشدا ئەوە فەرامۆش بکەین کە دەقەکە هەڵەی زمانی و خاڵبەندی تێدا هەیە و نووسەر لە ڕووی ئاستی دەربڕینەوە جیاوازی لە نێوان ئاستی زمانی و ڕۆشنبیری کارەکتەرەکاندا نەکردووە، تەنانەت پەی بەوە نەبردووە کە (وەردە) کچێکی عەرەبە و (شادی) کوڕێکی کوردە و نابێت ئەم دوو کارەکتەرە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا هەمان ئاستی ئاخاوتن و دەربڕینیان هەبێت، بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵیدا.

**ئەنجام**

خوێندنەوەی ئەم چیرکە و وردبوونەوە لە هەندێک لە دەروازەکانی، بە تایبەتی ناونیشان و دەستپێک و کۆتایی، کۆمەڵێ ئەنجامی لا گەڵاڵە کردین کە ئەمانە گرنگترینیانن:

١- ناونیشانی ئەم دەقە، ناونیشانێکی نوێ و سەرنجڕاکێشە و لە جێناوێک و وشەیەکی وەسفی پێکهاتووە کە ئەویش مانای شادی و بەختەوەری دەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا ناوی یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە.

٢- ناونیشانەکە بۆ ناو جەستەی دەقەکە شۆڕبووەتەوە و لە زۆربەی بەشەکانی چیرۆکەکەدا خۆی نواندووە و لە کۆتاییشدا بەیەک گەیشتنی (من، وەردە) و (شادی) گەورەترین ماناکانی بەختەوەری ئەم دوو کارەکتەرەی ڕوون کردووەتەوە.

٣- دەسپێکی دەقەکە، پێوەندییەکی تەواوی بە ناونیشان و زۆربەی پاژەکانی چیرۆکەکەوە هەیە و کارەکتەری سەرەکی و شوێن و ڕووداوەکانی لە خۆگرتووە و نەبووەتە توخمێکی دابڕاو و لە سەرەتای دەقەکەدا بەجێ نەماوە، هەروەها بووەتە هۆکاری بەرهەمهێنانی نیشانە و واتاکانی ئەم چیرۆکە.

٤- ناونیشان و دەستپێک و جووڵەی کارەکتەرەکان و هزر و هۆشی ئەوان و زنجیرەی ڕووداوەکان، بوونەتە فاکتەری سەرەکی بۆ ئەوەی کۆی دەقەکە بەرەو کۆتاییەکی داخراوی پێشبینی کراو بەرن، کە پێشتر نووسەر لەبەر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیای خۆیدا بڕیاری لە سەر داوە.

٥- نووسەری ئەم دەقە لە پێناو باڵادەستی هزری خۆیدا، کارەکتەرەکانی کردووەتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامێک کە ویستوویەتی لە ڕێی ئەمانەوە بە خوێنەری بگەیەنێت، لەبەر ئەوە دەقی چیرۆکەکە بووەتە دەقێکی یەک دەنگی و دەرفەتی فرە دەنگی، فرە زمانی، لەدەست داوە.

**پەراوێزەکان:**

١- محمد صابر عبيد: شعرية الحجب في خطاب الجسد، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط١، (سوريا، اللاذقية) ٢٠١١، ص٢٤ - ٢٥.

٢- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە:

جيرا رجنيت: خطاب الحكاية، بحث في المنهج، ترجمة محمد معتصم وآخرون، الهيئة العامة للمطابع الأميريه، ط٢، دمشق، ٢٠٠٠، ص١٥ ومابعدها.

٣- د. شاكر سابير: الفضاء الروائي عند سليم بركات، قراءة في (ثلاثية الفلكيون في ثلاثاء الموت)، مطبعة رۆژهەلات، ط١، من منشورات إتحاد الأدباد الكرد، المركز العام (٢٤)، أربيل، ٢٠١٢، ص٦١.

٤- بڕوانە: د. احمد العدواني: بداية النص الروائي، منشورات النادي الأدبي، المركز الثقافي العربي، الرياض، الدار البيضاء،

بیروت (مشروع نشر مشترک)، ط١، ٢٠١١، ص٤٥.

٥- یاسین النصیر: الإستهلال، دار الشؤون الثقافیة العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٣، ص٢٧.

٦- د. احمد العدواني: بدایة النص الروائي، ص١٥-١٦.

٧- ئارام صدیق: دەستپێک لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی یاد، چ١، سلێمانی، ٢١٠٢، ل٥٢، بەهەندێک دەستکاری کەمەوە وەرمگرتووە.

٨- دەشتی سلێمان بەرزەواری: من و شادی (چیرۆک) گۆڤاری رامان، ژمارە ٢٣٦، رێکەوتی ٢٠١٧/١/٥، ل١٤ لەمەولا بەپێی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لە ناو توێژینەوەکەدا ئاماژە بە ئەو کۆپلانە دەکەین کە لە دەقی چیرۆکەکەوە بەپێی پێویست وەک نموونە وەریان دەگرین.

٩- بروانە: ئەندری دی لنجو: في انشائیة الفواتح النصیة، ترجمة، سعاد بن إدریس نبیغ، مجلة نوافذ، جدة، العدد (١٥)، (شعبان، ١٤٢٠هـ) ص٢٠ وما بعدها. لە: د. احمد العدواني: بدایة النص الروائي، النادي الأدبي، المرکز الثقافي العربي، مشروع نشر مشترک: الریاض، الدار البیضاء، بیروت، ٢٠١١، ص١٦ وەرگیراوە.

١٠- د. عفاف عبدالمعطي: السرد بین الروایة المصریة والروایة الأمریکیة. رؤیة للنشر والتوزیع، ط١، القاهرة، ٢٠٠٧ ص٢٨٩.

لە: د. احمد العدواني: بدایە النص الروائي، ص٥٧. وەرگیراوە.

١١- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: شیعریبیەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠١، ل٣٥.

**سەرچاوەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی**

**١- ئارام سدیق: دەستپێک لە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی یاد، چ١، سلێمانی ٢٠١٢.**

**٢- دەشتی سلێمان بەرزەواری: من و شادی (چیرۆک) گۆڤاری رامان، ژمارە ٦٣٢ لە رێکەوتی ٢٠١٧/١/٥.**

**٣- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: شیعریبیەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠١.**

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

**١- احمد العدواني: (د.): بدایة النص الروائي، منشورات النادي الأدبي و المرکز الثقافي العربي (مشروع نشر مشترک)، ط١، الریاض، الدار البیضاء، بیروت، ٢٠١١.**

**٢- اندري دي لینجو: في انشائیة الفواتح النصیة، ترجمة سعاد بن ادریس نبیغ، مجلة نوافذ، جدة، العدد ١٥، شعبان، ١٤٢٠هـ.**

**٣- جیرار جنیت: خطاب الحکایة، بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم وآخرون، الهیئة العامة للمطابع الأمیریة، ص٢، دمشق، ٢٠٠٠.**

**٤- شاکر سابیر: (د.): الفضاء الروائي عند سلیم برکات، قراءه في (ثلاثیة الفلکیون في ثلاثاء الموت)، مطبعة رۆژهەلات، ط١، من منشورات إتحاد الأدباء الکرد، المرکز العام، أربیل، ٢٠١٢.**

**٥- عفاف عبدالمعطي (د.): السرد بین الروایة المصریة والروایة الامریکیة، رؤیة للنشر والتوزیع، ط١، القاهرة ٢٠٠٧.**

**٦- محمد صابر عبید: شعریة الحجب في خطاب الجسد، دار الحوار للنشر والتوزیع، ط١، سوریا، اللاذقیة، ٢٠١١.**

**٧- یاسین النصیر: الإستهلال، دار الشؤون الثقافیة العامة، ط١، بغداد، ١٩٩٣.**

# خوێندنەوەیەکی نێوان دەقی شیعری سازی ناساز

**شەهلا دەباغی**
**(سوید)**

**سازی ناساز**
**بولبولی باڵشکاوی وەختی گوڵم**
**هەر شەپۆلان دەدا دڵی لەکوڵم**
**کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم**
**گڕی گرتووە دەروونی پڕ سۆزم**
**موغی بێ ئاگری شەوی یەلدام**
**چاوڕێی چارەنووسی ناپەیدام**
**کەوی بێ دەنگی نەوبەهارانم**
**گوڵی بێڕەنگی چاو لە بارانم**
**کونجی جێ ژوانی چۆڵ و خامۆشم**
**سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم**
**دەستی بەربووی کچی گەڕی شاییم**
**هەستی خنکاوی لاوی سەودابیم**
**کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم**
**تاکە داری کرووزی بێ ئاوم**
**دەفتەری شیعری شاعیری ڕووتم**
**شەمی سەر گۆڕ و داری تابووتم**
**کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم**
**خەونی ئاڵۆز و خاتیرەی تاڵم**
**ژیلەمۆی ئاگری بەیانانم**
**باوکی فرمێسک و کوڕی ژانم**
**باڵە سووتاوەکانی پەروانەم**
**شووشە بادەی بەتاڵی مەیخانەم**
**چڵە ڕێحانی دوورە دێراوم**
**سازی ناسازی هەڵپەسێراوم**
**تکە ئاونگی سەر گەڵای زەردم**
**خەستە و دەردەداری چی دەردم**
**ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم**
**شاعیری پیری توورە و زیزم**
**چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟!**
**خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم؟!**

## پێشەکی

چەند ساڵێک لە هەولێر لە کاتی خەڵات کردنی شاعیری پایەبەرز مامۆستا هێدی، شاعیر دەچێتە پشت بڵندگۆ و دەفەرموێ: دەڵێن مردوو کە مرد لینگی درێژ دەبێ، هێمن کۆچی کرد و لینگی هەر درێژ نەبوو. ئەو خەڵاتە دەبا بە هێمن درابا، هێمن دەبا چی دیکەی بۆ نەتەوەکەی کردبا تا قەدری گیرابا؟ (نەقڵ بە ناوەرۆک)

بە ڕاست هێدی گوتەنی هێمن دەبا چی دیکەی بۆ نەتەوەکەی کردبا زیاتر لە پاراستنی زمانی کوردی، ئاوارەیی و دەربەدەری لە پێناو سەربەرزی نیشتماندا،

جێخستنی بیرۆکەی ئینسانگەرایی، ئازادیخوازی و داد، خەملاندنی هەستی نەتەوەیی، نرخدانان بۆ ژن و کەرامەتی و پاراستنی مافی ئینسانی ئەو؟ ئایا ئەمانە بەس نەبوون بۆ گەورەیی هێمن؟

سەرەڕای ئەو پرسیارە دڵم بەوە خۆشە کە هێمن لەو شاعیرانەیە ئەگەرچی نەریتی سیاسی ئەو جۆرەی کە دەبا، قەدریان نەگرت و تا زیندانی حزبیش ڕۆیشت، بەڵام لەناو کۆمەڵانی بەربنی خەڵکدا، هەمیشە خۆشەویست بوو، ڕازی ئەو خۆشەویستییەی لە لای ژن و پیاو، گەنج و پیری کورد چییە؟ ئەو پرسیارە دەکرێ زۆری لەسەر بوترێ، بەڵام ئەم نووسراوەیە جێگای ئەم باسە نییە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە هەر ئەو خۆشەویستییە بۆتە هۆی ئەوەی زۆر شیعر و هەڵبەستی هێمن سینە بە سینە لەبەردەکرێن و لە خۆشی و ناخۆشیدا، بە بزە و فرمێسک دەگوترێنەوە، هەموو نیشتمانپەروەرێک، هەر نەبێ هەر تاراوگەنشینێک کە بیر لە خاک دەکاتەوە، بەدڵنیاییەوە "ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر وەبیرە"ی دێتەوە یاد.

ئەگەر هێمن هیچ شیعری دیکەی بێجگە لە تۆم هەر لەبیرە، ناڵەی جودایی، عیشق و ئازادی، ئێوارەی پاییز، فرمێسکی ڕنوو و سازی ناسازی نەگوتبا، بەڕای من دیسانەکە دەیتوانی بەو چەند شیعرە لە ڕیزی شاعیرانی گەورەی کورددا جێی خۆی بکاتەوە. کەم نین ئەوانەی کە تەنیا بە چەند گۆرانی، چەند شیعر، چەند وێنە ناوی خۆیان بۆ هەمیشە لە ناو کولتووری نەتەوەکەیان تۆمار کردووە.

بابەتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، شیعری سازی ناسازە. شیعرێکی کورت، بە کەمترین ئارایش و تیفتیفەی ئەدەبی. شیعرێکی کورت، بەڵام هەڵگری زیاترین پەیام لە ڕێگای نیشانە و وێکچوون.

ساڵی ٢٠٠٧، لە لێکۆڵینەوەکەی خۆم لە کاتی دەرس خوێندن بۆ ماجستێر لە زانکۆ لەسەر شیعری ناڵەی جودایی هێندێک بابەتم لە ناڵەی جوداییدا ورووژاند، بەڵام هەمیسان پێموایە کە لەناو شیعرەکانی هێمن دا سازی ناساز (١٩٧٥)، هەشتەمین شیعر لە دیوانی ناڵەی جودایی، (١٩٧٩، بەغدا، لاپەڕەی ٤٠ تا ٤١)، بە بەراورد لەگەڵ شیعرەکانی دیکەی شاعیردا دەکرێ بگوترێ کە سەرەڕای کورت بوونی، کامڵترین شیعری



هێمن

شاعیرە. دیارە بە ڕای تاکەکەسی خۆم جوانترین شیعری شاعیریشە. لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەم زیاترین باسم لەسەر "تەواو/ کامڵ بوون"ی سازی ناساز بێ و زیاتر لەگەڵ خوێنەرانی ئەم بابەتە دیالۆگ بکەم.

بۆ هەڵسەنگاندنی شیعری (سازی ناساز) بیرم لە زۆر میتود کردەوە تا بە باشترین شێوە پەیام و ناوەرۆکی ئەو شیعرە بناسین. سەرئەنجام شیاوترین میتودی خوێندنەوە بۆ ئەم شیعرە، خوێندنەوەیەکی نێوان دەقی/ بینامتنی- فەلسەفی- فێمینیستی بە شیاو دەبینم.

ساغبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوەیی لەسەر چەمکی جوانی نییە و ئەو چەمکە لە ئیستێتیک/جوانناسیدا زیاترین مشتومڕی لە سەردەمی کۆنەوە تا ئێستا لەسەرە. ئەگەر لای فەیلەسووفەکانی ئانتیک شیعر دەبا نمایشێکی موزیکاڵی با، ئەوە لە دنیای فەلسەفی ئەفلاتوون بەرەو "اعلا" ڕۆیشتن گرینگ بوو. ئەفلاتوون پێیوابوو بۆ هەر شتێک کە لە جیهانی زەمینیدا دەیبینین، ئیدەیەک لەوبەری جیهان هەیە. ڕەنگە ئەوە بۆ شیعر بە جۆرێک ڕاست بێ کە شیعر لەوبەری ژیانی ڕۆژانەی شاعیرەوە، واتە لە خەیاڵەوە دێ و دواتر لە ڕێگای زمانەوە فۆرمولە دەکرێ، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە بە پێی دەروونشیکاری و پسیکۆئانالیتیکێرەکان ئەزموونەکانی ژیان بەشێکی

هەرە گرینگی دەقەکانن. دەق ڕەوانی شاعیرە، یان ڕەوان دەبێتە دەق.

**١- جوانی چییە؟ شیعری جوان چییە؟**

ئەو پرسیارانە تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامەکەیان ڕێژەییە. ئەو دەقەی لای خوێنەرێک/ کەسانێک جوانە، ڕەنگە لای تاک/ گرووپێکی دیکە بە بەراورد لەگەڵ دەقێکی تر، یان هەڵسەنگاندنی هەمان دەق جوان نەبێ. ڕەنگە هەر کەس چەند شیعرێکی شاعیرێکی پێ جوان/ جوانترین بێ، لە کاتێکدا کەسانی دیکە شیعریکی تریان پێ باشترین شیعری شاعیر بێ. زەوق و سەلیقە، باکگراوندی ئەدەبی، توانایی هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، خوێندەواری و...تاد دەتوانن لە هەڵسەنگاندنی خوێنەر وەک سۆبجێکتی چالاک ڕۆڵ بگێڕن. ئیدی لەوە گەڕێ کە هێندێک خوێنەر و ڕەخنەگر بە پێی "با" و نرخی ڕۆژ دەق/ شاعیریان خۆش دەوێ، یان خۆش ناوێ و بەو پێیە بڕیار لەسەر دەق دەدەن. دیارە ئەو جۆرە بڕیاردانە، ناتوانێ تا سەر بژی، چونکە هەمیشە کەسانێکی دیکە پەیدا دەبن تا دووبارە دەقەکان بخوێننەوە و دووبارە مانایان بکەنەوە.

سەرەڕای ئەمانە، ئەوی ئەمڕۆ جوانە، ڕەنگە دوێنێ جوان نەبووبێ هەر چۆن ژنانی سەدەی١٧ بە هۆی لەشولاری قەڵەوەوە جوان پێناسە دەکران، ئەمڕۆ کەمەری ناسکی شل باوە. ئەگەر تا دوێنێ "سینگی دەڵێی بەفری کوێستانە" بە جوان دەدیترا، ئەمڕۆ خەڵک پارە دەدەن کە پێستیان برۆنزی بکەن، بەڵام یەک شت لە ڕەوتی مێژوودا بەردەوام گرینگ بووە: ئێمە بۆ ناسینی زۆر چەمک دەگەڕێینەوە سەردەمی کۆن، بۆ جوانییەکەی ئەدۆنیس کە ئەو کات خودایان بەردەوام دەستەویەخە بوون تا دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن، کەواتە ئێمە بەردەوام ئاوڕ لە ڕابوردوو دەدینەوە، بەدوای جوانیدا دەگەڕێین تا هەستی پێ بکەین، دووبارە فۆرمی پێ بدەین و دووبارە مانای بکەینەوە.

**٢. تیوری و میتود:**

جولیا کریستیڤای پاش بنیادگەریخواز، لە ساڵی ١٩٦٦ چەمکی "نێوان دەقی" هێنا ناو زانستی ئەدەب و زمانناسی/ زمانەوانی بۆ خوێندنەوەی دەق/ ڕەوان. بە ڕای کریستیڤا هیچ دەقێک بە تەنیا بوونی نییە و هەموو دەقەکان لە پەنای یەکتر، لەناو یەکتر، بەدوای یەکتردا لە پێوەندیدان. دەق لە هەلومەرج/ بەریەک کەوتندا دەنووسرێ و هەمیشە دەکرێ لەگەڵ دەقەکانی دیکە بەراورد بکرێ. لە ڕوانگەی جولیا کریستیڤاوە دروست بوونی سۆبجێکت و خودی شاعیرانە لە دیالۆگ لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا دەخوڵقێت و کاریگەری دەقەکانی پێشتر و سەردەمی لەسەرە.

ئەگەر ئەو تیورییەی کریستیڤا بۆ خوێندنەوەی دەقەکان بەقەرز وەرگرین، بەمانای ئەوەیە کە هەر دەقێک کارتێکەری دەقەکانی تری لەباری ڕوحی، ڕەوانی و کولتووری لەسەرە، واتە لە نێوان دەقەکاندا، دەقی تازە شکڵ دەگرێ. هەموو دەقێک وەک پۆلیفۆنییەک لە دەقی جۆراوجۆر، ئەو توانایییە بە دەنگی شاعیرانە دەدا کە ببێتە شاهێدی مێژوویی.

هەروەها بەڕای کریستیڤا زمان هێتڕۆژینە و هەڵگری تایبەتمەندی هەر دوو جنس، واتە خود نەک لە ناو نەزمی زمانی و کولتووردا، بەڵکو زووتر لە پێوەندی سیمیۆتیکی نێوان دایک و منداڵدا دروست دەبێ. ئەو کاتەی کە منداڵ لە زگی دایکیدا گوێی لە ڕیتم و دەنگی دڵی دایکە. خودی شاعیرانە خودێکی ئاڵۆز و لە گۆڕاندایە و زمان بۆ شاعیر تەنیا سیستم و هێما نییە، بەڵکو هەڵگری جەستەی دایکانە، سیمیۆتیک/ ڕەمزیشە کە بەرانبەرە لەگەڵ سیستم. زمان تەنیا "زانین" نییە، بەڵکو هەست، ڕیتم، ئاهەنگ و گەرمییە. هەموو دەقێک وەرگێڕانی ئەزموونەکانی سۆبجێکتە و بنیادی زمان و ڕەوان دەگۆڕێ. هەست، زایەڵە و ڕەمزی نێو دەق لە توخمی دایکانەیە و مانا دەدەنە دەق. شاعیر لە سیستمی زماندا دێتە دەر و دەچێتە ناو دنیای ڕەمز.

**٣- هێرمینۆتیک وەک میتودی خوێندنەوەی دەق:**

هێرمینۆتیک باس لە کردنەوەی تێکست/ دیاردە دەکات بۆ دۆزینەوەی پەیام، نیشانە و مانای تازە. ئاندێش ئوولسۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وەڵامێکی تەیارمان بۆ دەق نییە. ئوولسۆن (Den Okända tex-ten, Olsson. 1998) وەک گادامێر خوێندنەوەی دەق بە دیالۆگ دەبینێ. خوێندنەوەی دەق ئەگەرچی وەک بازنەیەکە، بەڵام ئێمە تەنیا گومانێک دەکەین، ئێمە پێوەندی و دژایەتی "گشت" و "پاژ/ جزء" لە دەق دێنینە بەر ڕۆشنایی و لە دێڕ و بەشەکان/ پاژ، بەرەو مانای گشتی/ کل، دەڕۆین. کاتێک ئێمە دەقێک

دەخوێنینەوە، هەوڵ دەدەین کە لێکدانەوەیەک هەڵێنجین کە ئەو خوێندنەوەیە بە مانای خوێندنەوەی کۆتایی و تاکە خوێندنەوە نییە. هەمیشە توانایی ئەوە هەیە کە مانای تازە بدۆزینەوە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە دەق دەخوێننەوە، جیاوازن و پێشینەی جیاوازیان هەیە و بە توانایی کولتووری و پێش زیهنییەتێک کە هەیانە لە خوێندنەوەی دەقدا بەشدارن.

هێرمینۆتیک وەک میتودی لێکۆڵینەوەی دەق هەوڵ نادا بە حەقیقەتی ڕەها بگات، بەڵکو تەنیا مەودای تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەق فراوانتر دەکات، چونکە بواری تێگەیشتنی جیاواز لە دەق هەمیشە هەیە. بەڕای ئوولسۆن، خوێنەر دەبێ کاتی خوێندنەوەی دەق کۆنتێکست/ دۆخی نووسەر ڕەچاو بکات. ئێمە هەرچەند لە لێکۆڵینەوەدا بمانەوێ بێ لایەن بین، بەڵام دیسان وەک سۆبجێکت دەق دەخوێنینەوە و شی دەکەینەوە. (ئەو بەشە لە لێکۆڵینەوەکەی خۆم لەسەر ناڵەی جودایی ۲۰۰۷ ، وەرگیراوە.)

**٤- شیعر لە ڕوانگەی ئیلیەتەوە:**

ئیلیەت (١٨٨٨-١٩٦٥) لە "دەربارەی شیعر، ۱۹۵۸" دا دەنووسێ لە شیعرێکدا دەکرێ پەیامی زۆر زیاتر لەوە هەبێ کە شاعیر ویستوویەتی باسی بکات. شیعر کارکردی کۆمەڵایەتی هەیە و کاتێک باس لە کارکردی شتێک دەکەین، بیر لەوە دەکەینەوە کە دەبا چ کارکردێکی هەبا، نەک ئێستا چ کارکردێکی هەیە. دەتوانین بڵێین ئەگەر شیعرێک لە ڕابوردوودا کارکردێکی نەبووبێ، لە داهاتووشدا ناتوانێ هەیبێ.

ئیلیەت بەردەوام دەبێ و لە نێوان کارکردی گشتی و کارکردی تایبەتی شیعر جیاوازی دادەنێ. بەڕای ئیلیەت، شیعر دەتوانێ ئامانجی ئاگایانە و بە بەرنامەی هەبێ. لە فۆرمی سەرەتایی/ پریمیتیڤدا ئامانجەکە ڕوون بوو، بۆ وێنە نمایشەکانی ئایینی زەمانەکانی دوور، یان سێرمۆنییەکانی یۆنانی کۆن کە لەباری پراکتیکییەوە کارکردیان هەبوو. لە سەردەمی مودێرنی شیعردا ئەو کارکردانە بە شێوەیەک هەر ماون، بەڵام فۆرمی دیکەی نووسین بۆ هێندێک بوار زیاتر بەکاردێن. ئێمە دەتوانین بەردەوام باسی کارکردە جیاوازەکانی هەر کام لە شیعری فەلسەفی، سیاسی، پەروەردەیی، ئایینی، درامایی بکەین، بەڵام باسی کارکردی شیعرمان دەورلێدابێ و باسمان نەکردبێ، هێندێک جار خەڵک شکیان لە شیعرێکە کە ئامانجێکی تایبەتی هەیە و دەڵێن ئەمە شیعر نییە، ڕەنگە دیرێکی زۆر خراپ بۆ ماوەیەک بتوانێ لەلای خەڵک گرینگ بێ، بەڵام شیعری ڕاستەقینە، تەنیا بۆ ماوەیەک لە لای خەڵک زیندوو نییە، بەڵکو دواتریش هەر دەمێنێتەوە.

بەڕای ئیلیەت هەموو گەلێک دەبێ شیعری خۆی هەبێ، چونکە شیعر مانایەکی تایبەتی بۆ کۆمەڵگا هەیە، تەنانەت بۆ ئەوانەی کە شیعریشیان خۆش ناوێ. ئەگەر لە قوتابخانە ناچاربێ بە زمانێکی تر دەرس بخوێنی، بەڵام فێر نەبی بەو زمانە هەستەکانت باس بکەی، ئەوە زمانەکەی تر فەرامۆش نەکراوە و لە ڕێگای شیعرەوە دەگەڕێتەوە، چونکە شیعر زمانی هەستە. دەکرێ بیرێک بە زمانێکی دیکە وەک خۆی بنووسرێتەوە، بەڵام نەک هەست.

هەست لە ڕێگای زمانی خەڵکەوە بە باشترین شێوە دەردەبڕدرێ، واتە زمانێکی هاوبەش، ڕیتم، پێکهاتە، ئاهەنگ لە زمانی هاوبەشی خەڵکدا خۆیان دەنوێنن، کاتێک باسی هەست لە شیعردا دەکرێ، مەبەست ئەوە نییە کە شیعر نیاز و پێوەندی بە هزر، بیر و ئینتێلێکت نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دەربڕینی ئاگایی ئینسانەکان بۆ قووڵترین هەستەکان لە ڕێگای شیعر و زمانی خۆیانە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە شیعر تەنیا لە چوارچێوەی هەستدا دەمێنێتەوە.

ئەگەر شاعیرێک چەند خوێنەری جددی لە سەردەمی خۆیدا هەبێ، ئەوە لە داهاتووشدا هەر خوێنەری دەبێ. شیعر لە درێژخایەندا بۆ زمان، هەستەکان، تاکەکەس، هەموو هاوولاتییەک، نەتەوەیەک، چ ئەوانەی شیعر دەخوێننەوە و شیعریان خۆش دەوێ، چ ئەوانەی شیعر ناخوێننەوە، گرینگە و کاریگەری هەیە.

کاریگەری شیعر لەسەر خەڵک ناڕوون و ناڕاستەوخۆیە و نیشاندانی سەختە، وەک فڕینی باڵندەیەک بە ئاسمانی شیندا کە دوورتر و دوورتر دەبێتەوە. شیعر کاریگەری لەسەر نەتەوە و زمان و هەست هەیە. ئەو زمانەی ئێمە قسەی پێدەکەین لە ئاخریدا شاعیران بڕیاری لەسەر دەدەن، بەڵام ئەو قسەیە هەروا سادە نییە، چونکە کولتوور زۆر پێچوپلۆچترە لەوە و شیعر پێوەندی بە زمانی خەڵکەوە هەیە.

یەکەمین ئەرکی شاعیر ڕاگرتنی زمانە. شاعیر شتێکی نییـە جگە لە زمـانی خـۆی کـە لە دەوروبەری قـسـەی پێدەکرێ ، ئەگەر زمـانەکە لە پێشکەوتندا بێ، ئەوە بە قـازانجی شـاعـیـرە، ئەگـەر نا شـاعـیـر دەبێ هەوڵ بدا باشترین کەڵک لە زمان وەربگرێ. شیعر دەتوانێ جوانی زمان ڕابگرێ، زمان وەپێش بخات و ببێتە کەرەستەیەکی ورد بۆ ئامانج.

بەڵام زمـانی خـەڵک دوور لە نەتەوەکانی دیکە نییـە. ئیلیـەت پێیـوایە کـە ئەدەبیـات لە کـۆنەوە تا ئێـسـتـا و کولتووری جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر یەک داناوە، تەنانەت یۆنانی کـۆن کـاریگەری لە مـیـسـر و ئاسـیـا وەرگـرتووە. کـولتـوور بە تەنیـایی بوونی نیـیـە. بە پێـچـەوانەوە لە ڕەوتی مـێـژوودا ئەدەبیـاتی گـەلان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە و کەڵکیان لە یەکتر وەرگـرتووە و فـرەچەشنی ئەدەبیـان دروست کـردووە. (Om Poesi. Stockholm, 1958)

**٥- شیکردنەوە:**

بۆ ئانالیـز/ شـیـکردنەوەی شـیـعـری (سـازی ناسـاز) کەڵک لە میـتـودی هێرمینۆتیک وەردەگرم. شیکردنەوە دێر بە دێر، واتە لە "جـزء/پاژ" بـۆ "گـشت/کل" دەبێ و پەیام و مـانا شـاراوەکـانی ناو دێرەکـان دێنە بەر باس. دیارە ئەم خوێندنەوەیە حەقیقەتێکی ڕەها نییە و دەکرێ کـەسـانی دیکە خـوێندنەوەی دیکە، تەنانەت دژ بە خـوێندنەوەی منیـان هەبێ. لێکدانەوە/ خـوێندنەوەی (سـازی ناسـاز) بەدەر لە دۆخ/ کـۆنتـێکسـتی ژیانی شـاعـیـر نابێ و منی خوێنەر هەوڵ دەدەم خـۆم بخـەمـە هەمان دۆخ/ کۆنتێکست کە شاعـیر شیعرەکەی تێدا نووسیوە.

کـــە باس لە دەق دەکــــرێ، مـــەبەست هەم دەقی نووسراوەیی خودی مامۆستا هێمن و شاعیر/ نووسەرانی دیکەیە و هەم مێژوو وەک دەق. تێکهەڵکێشی دەقەکان، کـاریگەرییـان لەسـەر یەک، واتە خوێندنەوەیەکی نێـوان دەقی، یەک لە ئامـانجـەکـانی ئەو نووسـینەیە، ئینجـا بەراوردێک لەگەڵ شیعرێکی پێشتری شاعـیر (ناڵەی جـودایی) ١٩٧٤ دووەمین شـیــعـر لە دیوانی ناڵەی جودایی ١٩٧٩ دەکرێت.

هەر ئەو جۆرەی لە پێشەکیدا باسم کرد، سازی ناساز لە ڕوانگەی منەوە شیـعـرێکی"تەواو"ـە. بۆ تەواوە؟ ئەو پرسیـارەش لە چەند ڕوانگەیەکی فەلسەفی، نەتەوەیی، دڵەکوتەکانی تاک و جێندێری وەڵام دەدرێتەوە.

**خوێندنەوەیەکی هێرمینۆتیکی**

لە خـوێندنەوەیەکی ئاسـایی شـیـعـری سـازی ناسـاز دا دەتوانین بێژین کە شاعیر خەمۆک و تەنیا لە بەغدایەکی گەرم، دوور لە یاران، لە ژێر دەسەڵاتی بەعس و دوور لە زێد دانیشـتووە و هەسـتەکـانی دێنێتە سەر کاغەز.(١) دیارە هەر ئەم هۆیانە بۆخـۆیان بە تەنیـایی دەتوانن ببنە هەوێنی شیعرێک کە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر خوێنەر دابنێ، بەڵام کـاتێک ئێـمـە هەڵبـەسـتـەکـانی زۆربەی شاعیرانی کورد بخەینە ناو دەقی مێژوویی و بارودۆخی کورد و بە قووڵایی مێژووی کورددا قووڵ بینەوە، دەبینین شیعری زۆربەیان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە ڕووداوەکانی سیاسی- کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. هەر بەو پێیە، ئەگەر ئێـمە سـازی ناساز بخـەینە کـۆنتێکستی کـوردسـتـان لە ساڵی ١٩٧٥، دەبینین ڕاستـە کـە سازی ناساز هەڵگری توخمەکانی ژیانی واقیعی شاعیرە، واتە دووری لە زێد و شـاعـیـر دوور لە یارانە و هەوڵ دەدا لە ڕێگای دەقـێکی ڕۆمـانتـیک و وێنەی شـیـعـرییەوە وێنەیەکی "تایبـەت و تاقانە" لە "خود"ی دەروونی نمایش بکات، بەڵام پێمـوایە کە ئەو خوێندنەوەیە بە تەنیـایی حەقی خۆی بە یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی هێمن، واتە (سازی ناساز) نادا.

سازی ناساز هەشتـەمین شیـعری (ناڵەی جودایی)یە، سـاڵی ١٩٧٥ نووسـراوە. لەو شـیـعـرەدا بیـر، هەست و سروشت وا تێکدەهاڵێن کە شاعیر بە "گێڕانەوە"ی دۆخی دەروونی خۆی، خوێنەر ناچاردەکات هەنگاوێکی دیکە بۆ تێگەیشتن لە ئازارەکـانی تاک و نەتەوە بهـاوێ. لێـرەوە دەق بازنەیەک دروست دەکـات کـە خـوێنەر و شـاعـیـر بەدوای یەکدا دەڕۆن و هەسـتەکـانی شاعـیـر دەڕژێنە ناو دەمارەکانی خوێنەر. شاعیر بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**بولبولی باڵشکاوی وەختی گوڵم**
**هەر شەپۆلان دەدا دڵی لەکوڵم**
**کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم**
**گڕی گرتووە دەروونی پڕ سۆزم**

بۆ شاعیر/بولبول(٢) باڵی شکاوە؟ بولبول کە دەبا لە

کاتی بەهار و گوڵاندا بە دەنگە خۆشەکەی خوێنەر/گوێگری سەرمەست کردبا بۆ هەر لە سەرەتاوە دەست بە وێکچواندنی دەروونی خۆی بە بوونەوەر و سروشتێکی خەمۆک دەکات؟ بۆ "خود"ی دەروونی شاعیر لە بەرەبەیانی نەورۆزدا بە جێگای ئازادبوون، بەندییە؟

هەروەک گوترا ئەم شیعرە ساڵی ١٩٧٥ نووسراوە و زۆربەی خوێنەران دەزانن لە مانگی ئازار/ مارسی ١٩٧٥ شۆڕشی باشوور و بارزانی تووشی نسکۆ و نەهاتی دەبێت و پەیمانی نێوان ئێران و ئێراق دەبەسترێ. بەس هەر ئەوە نا، لە دوای کۆماری کوردستان، دیسان لە سەرەتای مانگی خاکەلێوە، پێشەوای کوردان لە ڕۆژهەڵات لە سێدارە دەدرێ.

ئەوەندەی ئێمەی کورد وەبیرمان بێ، نەورۆز و بەهاران کە دەبا تاکی کورد بە جلوبەرگی گەشەوە بە دەشتودەردا بڵاوببنەوە و هەڵپەڕکێ بکەن بە گشتی وەرزی خێرنەدیوی بۆ کورد و بۆ شۆڕشگێڕان بە تایبەتی وەرزی باڵ شکاوی بووە. شاعیر/ بولبول لە نەست/ ناخودئاگای خۆیدا ئەوە دەزانێ کە دوژمنان هەمیشە نەورۆزی کوردیان تێکەڵاوی فرمێسک و گریان کردووە، لە بەهار و نەورۆز دا بەردەوام کورد بۆتە نێچیری داگیرکەران و پەیامی دڵتەزێنیان بۆ کورد پێ بووە.

ئەو دەقە/ سازی ناساز بە گوتەی ئیلیەت، تەنانەت لە دوای ساڵانی ١٩٧٥ موعتەبەرە، بۆ؟ مەگەر هەڵەبجە ١٩٨٨ و کۆڕەوی ١٩٩١ یش هەر لە بەهاردا ڕوویان نەدا؟ کەوایە لە سەد ساڵی ڕابوردوودا گەلێک جار مانگی نەوروز بۆ کورد تێکەڵاوی کارەسات بووە و کاریگەری کارەساتەکان لەناو ڕوح و ڕەوانی شاعیراندا پەنگی خواردووەتەوە. خوێنەری کوردیش لە ساڵانی پێش و دوای ١٩٧٥ بگرە تا ئێستاش بەردەوام وێکچوون لەنێوان ئازاری خۆیان و شاعیراندا دەبینن. تا ئێستاش ئەوانەی پێیانوایە کە ڕۆژێک کورد دەبێ لە ژێردەستەیی ڕزگاری بێ، بە تێکشکانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەست بە باڵ شکاوی دەکەنەوە، شاعیر/بولبول دەنگی هەمووانە. لە سەردەمی نەورۆز و گوڵاندا، بولبول کە دەبا لەم چڵ بۆ ئەو چڵ فڕیبا و دەنگی خۆی بۆ گوڵان چڕیبا لە شکستی کورد تەنیا و پەککەوتە لە بەغدا دڵی لە شەپۆلی خەمدا دەکوڵێ.

لەناو نەتەوەکانی دیکەش کەم نەبووە کە دیکتاتۆرەکان ڕاست کاتی شادی و خۆشی بەهاران ماڵی خەڵکیان وێران کردووە. هەروەک بڵێی دیکتاتۆر و داگیرکەران زۆر هۆشیارانە هەرچی شادییە، ڕاست لە بەهاردا لە خەڵکی دەستێننەوە. ئەوەتا چەند ساڵ دواتر ١٩٨٤ "هوشنگ ابتهاج" یەک لە گەورەترین شاعیرانی غەزەلنووسی فارس لە زیندانی ئێراندا دەنووسێ:

**ارغوان**
**این چه رازیست که هر بار بهار با عزای دل ما می اید؟**
**که زمین هر سال از خون پرستوها رنگین است**
**این چنین بر جگر سوختگان**
**داغ بر داغ می افزاید**
**ارغوان پنجەی خونین زمین**
**دامن صبح بگیر**
**وز سواران خرامندەی خورشید بپرس**
**کی برین درە غم می گذرند؟**

لە خوێندنەوەیەکی ئاساییدا دەکرێ بڵێین شاعیر/ هێمن بۆ یارانی ناو زیندان دڵتەنگە، بەڵام دیسانەکە هەستی نەتەوەیی شاعیر و ڕەوانی بۆ سەردەمانی دوورتر دەگەڕێتەوە. ئەوکات کە شاعیر یاری وەفاداری پێشەوای کۆمار بوو. پێشەوا و یارانی لە ڕۆژانی نەورۆزدا بەندیین و ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە سێدارە دەدرێن، ئەگەرچی ئەو شیعرە ١٩٧٥ نووسراوە، بەڵام بۆ ئێمەی خوێنەر لە ساڵی ٢٠١٦ کە شاهێدی دووپات بوونەوەی مێژووی دڵتەزێن بووین و دیتمان لە بەرەبەری نەورۆزی ١٩٧٩دا سەدان کەس لە شارەکانی ڕۆژهەڵات لە سێدارەدران، هەر موعتەبەرە! شاعیر بەردەوام دەبێ:

**موغی بێ ئاگری شەوی یەڵدام**
**چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام**

بۆ شاعیر خۆی بە موغ ناوزەد دەکات؟ بۆ باخەوان، یان سۆفی یان هەر شتێکی تر نییە؟ شاعیر لێرەدا خۆی بە موغ، پارێزەری ئاتەشکەدەکانی ئایینەکانی میترایی و زەردەشتی دەچوێنێ. موغێک/ پێشەوایەک کە خۆشەویستەکەی، واتە ئاگرەکەی بڵێسەی نایە و کوژاوەتەوە. کام ئاگر؟ ئاگری ئایینەکانی میترایی کە لەدوای ئیسلام کوژاوەتەوە، ئاگری نەورۆز کە داگیرکەرانی کوردستان ناهێڵن بەهاران جێژنی کوردان

پیـرۆز بکات، ئاگـری شـۆڕش کـە بە پیـلانی دوژمنان بەردەوام لە بەهاراندا دەکوژێتـەوە. شاعـیـر وەک مـوغی ئاتەشکەدە ڕووخاوەکان کە ئیتر ئاگریان تێدا هەڵناکرێ، هیچ ئومـێـدێکی نەمـاوە و دەبینێ ئاگـری شــۆڕش لە باشـوور و لە ڕۆژهەڵات کـوژاوەتەوە. دوای پەیمانی نێـوان دوو داگیـرکـەر! شاعـیر نازانێ ئەو شەوی یەڵدایەی کـە بەسەر کوردستـاندا کشاوە کەی تەواو دەبێ و کـورد چی بەسەر دێ، هەربۆیە چاوەڕێی چارەنووسی نادیارە.

با هەر لێرەوە ئەوە بڵێم کە ڕاستە هێمن وەک هەژار لە پارتی و بارزانی نەمـــر نزیک نەبووە، بەڵام بۆ هێـــمن هەمـوو کوردستان و هەمـوو شۆڕشێک بەشێکی دانەبڕاو لە ڕوح، هیوا و ئومێدی شاعیر بوون. شاعیری "خەستە و دەردەداری هەرچی دەرد" لە هەر کـوێ شـایی و شـینی کـــــوردان بـووبێ بـە ڕوح لەوێ بـووە و کـــــاریـگەری ڕاستـەوخۆی لە کارەسـات و سەرکەوتنەکـان وەرگرتووە. هەر دوو دیوانی (تاریک و ڕوون و نـاڵەی جـــودایی) شاهێدی بۆ ئەم حوکمە دەدەن.

لە بەیتی چوارەمــدا، شـاعـیـر کـەوێکی بێ دەنـگە، پێشـمـەرگەیەکی شاخ لە خوێندن کەوتووە و نـاتوانێ لە نەوبەهاراندا بخوێنێ. شاعیر هەر چۆن لەسەرەتادا خۆی بە بولبـول ناوزەد کـردبوو، هەمـیـسـان باسی کپ کـردنی دەنگی ڕزگاریخوازی کورد دەکات. شاعیر گوڵێکی بێ ڕەنگە و چاوی لە شۆڕشـێکی تر/ بـارانە تا جـارێکی تر ئاوپڕژێنی بکاتەوە.

**کونجی جێ ژوانی چۆڵ و خامۆشم**
**سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم**

...

**کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم**
**تاکە داری کرووزی بێ ناوم**

بۆ ئەو هەموو ئینسانە شۆڕشگێڕەی کە لە شۆڕشەکاندا شـەهیـد بوون، دوای شـۆڕشی٤٦-٤٧ و شـەهیـدبوونی سمـایل شـەریفزادە، سولێـمـان موعـینی و مـەلا ئاوارە، شـاعـیر مـات و دڵ بریندارە، هەر بۆیە خۆی وەک "کـێلی گـۆڕی شــەهیــدی گــومناو" و "ســێـبــەری نازەنـینی ڕەشپـۆش"ی دوای شەهیدان دەناسێنێ. ئەو شـەهیـدانەی "پەشـێـو" گـوتەنی لە ژێر هەر گـەزێکی ئاسـمـان و لە کەناری هەر جۆگەیەک، بێ نـاو و بێ نیشـان خەوتوون.

ئەو شەهیـدانەی بە ڕەسمی ڕۆژگار، ڕەنگە کێلیان هەبێ، بەڵام کـەس نازانێ کـێن و لە کـوێ لەدایک بوون. ئەوەی دوێنێ لە سنە و مەهاباد لە دایک بووە، ڕەنگە سبەی لە کۆبانی و شنگال شەهید بێ و کەس نەزانێ کێیە.

شاعـیر تاکـە داری کرووزی بێ ئاوە، کـوردستـان تاکـە نەتەوەیەکە لەسەر گۆی زەوی کە بێ دەوڵەتە. کوردستـان تاکە دارێکە کـە کـەس ئاو/ سـەروەری پێ ڕەوا نابینێ، تاکــە دارێک کــە بەردەوام وەبەر بۆمــبــاران و ســووتمان دەکەوێ.

**کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم**
**خەونی ئاڵۆز و خاتیرەی تاڵم**

کوردستان وەک یەکێک لە کۆنترین شارستانییەتەکانی جـیـهـان هێـشــتـا نەبۆتە دەوڵەت تا سروودی نەتەوەیی کـوردسـتـان لە بۆنە و یادەکـان بە شـمـشـاڵ بژەنن. بۆ شمشـاڵ؟ شمشاڵ/ نەی ئامێرێکە کە بە نەفەس/ دەم و هەوا دەژەنرێ، واتە دەم و هەوا نەبێ، ئایا ئینســـــان دەتوانێ بژی؟ شاعیر کونی گیراوی کۆنە شمشاڵەکەی تەنگە نەفـەسە، هەوای پێ ناگات و ناتوانێ ئەو جۆرەی دەیەوێ سەربەخۆ مۆسیقاکەی بە جیهاندا بڵاوبێتەوە. لە دەقی (ناڵەی جودایی)شدا هەمان نەی مەولانا ئامادەیی هەیە:

**بشنو از نی چون حکایت میکند**
**از جدائیها شکایت میکند**
**تا مرا از نیستان ببریده‌اند**
**از نفیرم مرد و زن نالیده‌اند**

پەژارەی شـاعـیـر کـە لە وڵاتی خـۆی دابڕاوە لە ڕێگای شمشـاڵ/نەی ڕەوایەت دەکرێ. شاعیر دەیەوێ بە نەفەس و ڕوحی خۆی شمشـاڵ لێ بدا، بەڵام شمشاڵەکەی ڕێگای لێ گیـراوە. شمـشاڵ، ئامێرێکی سروشتی، بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتە تاڵەکانی نەتەوەیەک باشترین ئامێرە ،چونکە نەی زامی جـودایی لە نەیسـتـان چێشـتـووە و ئەو زامـە دەناسێ.

پێشـتـر ئاماژە کرا کە شیعـر پێوەندی ڕاستـەوخۆی بە خەون و خەیاڵی شاعیـرانەوە هەیە، ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ شیعرە، دەزانن کە بیر و وێنەی شیعری زۆر جار لە زیندەخەودا دەخولقێن. هێـمن ساڵی ١٩٧٥ لە دۆخێکی

تا بلێیی ناخۆشدا ژیاوە. دوور لە زێدەکەی، پێشەواکەی چەندان ساڵ پێشتر لە سێدارە دراوە، هاوڕێیەکانی دوای کۆمار پەرتەوازە بوون و ئەوانەش کە چوونەتە گەرمێن، یان لە دەرەوەی وڵاتن، یان لێی دوورن. ئاخۆ خەیاڵدانی هێمن لە دۆخێکی وەها لە زیندەخەودا دەتوانێ ئاسوودە بێ و خەونی ئارام و شیرینی لێ بتکێ؟ شاعیرێکی "دڵناسک" لەو دۆخ و فەزایەدا، کوا دەتوانێ بێ خەیاڵ و بێ خەم بژی؟

**خوێندنەوەیەکی فەلسەفی**

بەڵام بۆ شاعیر "سازێکی ناساز"ـە؟ سازی ناساز هەم لە کۆنتێکست/ دۆخی تاکەکەسی و هەم لە دۆخی نەتەوەیی شاعیردا دەکرێ بەم جۆرە مانا بکرێتەوە:

لە دۆخی تاکەکەسیدا شاعیر وەک تاک دوور لە یارە، حزبەکەی لە بارودۆخی سەختدایە و شاعیر زۆر جار وەک هاوڕێیانی حزبی بیر ناکاتەوە و سازێکی ناساز و نەگونجاوە، هەربۆیە گەلێ جار تەریک و تەنیا دەمێنێتەوە، لێیان توورە و زیز دەبێ و ئەوانیش هێمن پشتگوێ دەخەن. لە دۆخی نەتەوەییدا شاعیر دەبینێ کورد تاکە نەتەوەی جیهانە کە سازەکەی لێ نادا و لە نێوان داگیرکەراندا هەڵپەسێردراوە و دابەش کراوە. کەواتە شاعیر هەموو بەهانەیەکی هەیە کە خۆی وەک سازێکی ناساز پێناسە بکا. ئیتر لەمەودوا شاعیر ژینی خۆی وەک زەردەپەڕ و خۆر دەبینێ کە بەرەو ئاوابوون و نەمان دەڕوا. ژینێکی وەها کە تەنانەت نازانێ هەیە، یان نییە.

لێرەدا دەکرێ ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ: ئایا هێمن لەگەڵ پرسیارە گرینگەکەی هاملێت "بوون، یان نەبوون" ئاشنایی بووە، یان نا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین لێکدانەوەیەکی وەهامان هەبێ:

دەقەکانی شکسپیر تا ئەو کات لە وڵاتانی عەرەبی وەرگێڕدرابوون، کەواتە هاملێت لەسەر شانۆکان نمایش کرابوو. هاوکات هێمن لەگەڵ ڕووناکبیری کورد ئەحلام مەنسوور دۆستایەتی هەبووە و ناکرێ ئەحلام مەنسوور ئاشنایی بە دەقی هاملێت نەبووبێ و لەگەڵ هێمن پێکەوە باسیان نەکردبێ، بێجگە لەمانە هێمن فارسی بە باشی زانیوە و ئەو کات نووسینەکانی شکسپیر هەر نەبێ هێندێکیان کرابوونە فارسی. بەڵگەی دیکەمان ئەوەیە کە هێمن زۆر پێشتر لە شیعری خاوەنی زێڕ(٣) لە دیوانی (تاریک و ڕوون) ساڵی ١٩٤١ دا بەم جۆرە ناوی شکسپیر دەهێنێ:

**لەبار و قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ**
**ئەگەر کووڕە و وەگەر گۆجە و شەل و گێڕ**
**بەژن باریک و شووش و شۆڕەلاوە**
**ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە و ورگ تێڕ**
**دەڵێن زانا و ئەدیب و خوێندەوارە**
**ئەگەر نەیخوێندبێ شەش پیت و دوو دێڕ**
**بەڵام زێرت نەبێ سووکی ئەگەر تۆ**
**بدەی دەرسی هەزاری وەک شکسپیر**

کەواتە حەتمەن ساڵی ١٩٧٥ هێمن زۆر زیاتری دەربارەی شکسپیر زانیوە(٤) و هەر نەبێ بە پرسیارەکەی "بوون و نەبوون"ی هاملێت ئاشنا بووە،(٥) بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە هێمن پرسیاری بوون، یان نەبوون ناکات، بەڵکو "شک لە خودی بوون" دەکات:

**چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم ئەمن چیم**
**خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم**

لە دەقی هاملێت دا گرینگی پرسیاری پاڵەوان ئەوەیە کە بڕیار بدا هەبێ، یان نەبێ. لە دەقی سازی ناسازدا لە بناغەوە خودی بوون و نەبوونەکە لەژێر پرسیارە: ئایا خودی تاک/شاعیر هەیە، یان نییە؟ واتە ئێمە لەگەڵ پرسیارێکی گەردوونی و هەستی ناسانە ڕووبەڕوو دەبینەوە. ئەم بوون و نەبوونە، لە دوو پانتایی فەلسەفی و هەست و نەستی نەتەوەییدا هاوتەراز دێن: تاک/شاعیر شکی لە بوون و نەبوونی خۆی هەیە و هاوکات دیار نییە نەتەوەیەک بوونی هەیە، یان نییە؟

ئەگەر لێرەدا بمانەوێ بەراوردێک لەگەڵ شیعری ناڵەی جودایی بکەین، دەبینین کە لە ناڵەی جودایی دا شاعیر لە "دگەردیسی"یەکدا لە تاکی شکاو و تەفروتوونا ڕا دەبێتە ئاونگاردێکی باڵندە. شاعیر سەرەتا لەبەر ساقی دەپاڕێتەوە، بەڵام دواتر لە ڕێگای شیعرەوە دەبێتە شۆڕشگێڕێک کە بە سەر شاخ و هەرد دا دەفڕێ و بەرەو نیشتمان باڵ دەگرێ. فڕینێکی هێندە بەرز کە ئیتر مەرگ مانای نامێنێ و ئەگەر شاعیر بشمرێ، نیشتمان خۆش

بێ، ناڵەی جــودایی جــۆرە وەڵامــێکە بە مــەولانا و بە شــادی کــۆتایی دێ، بەڵام لە دەقی ســازی ناســازدا بە پێچەوانە شاعیــر لە تەنگژەیەکی شاعیــرانەدا، بەدوای پەیمانی نێـوان داگیـرکـەران، لە دۆخێکی هێندە ساردداخۆی دەبینێـتەوە کە لە بنەڕەتدا بـوون و نەبوونی خۆی و نەتەوەکەی دێنێتـە ژێر پرسیـار و ناتـوانێ وەڵامێکی بۆ خوێنەر/ پرسیار هەبێ.

لە کـاتێکدا لە ناڵەی جـودایی "خـود" لە بۆشـایی ، تەنیـایی و وێرانی ڕا دەگـاتە یەککگرتن و کـۆ، لە سـازی ناسـازدا بە پێـچەوانەوە "خـود" بەرەو شـک و گـومـان لە بوون و نەبوون دەڕوات، واتە جــۆرێک لە نیـــهـــیلزم و بۆشـایی. کـریسـتـیـڤا ئامـاژە بەوە دەکـات کـە "خـودی شـاعیــرانە" لەناو دەقـدا دەخـولقێ. لە سازی ناســازدا شاعیر وەک تاکێکی تاقانە کە لە کەسانی دیکە ناچێ و بە درۆ دڵ خـۆش ناکـات، ئەگـەرچی بەردەوام بۆ خـەمی کۆ/ نەتەوە دەتلێتەوە، بەڵام وەک هەستی تاکەکەسی بە "هیچ" دەگات و ناتوانێ "بوون"ی خۆی لەوەها دۆخێکدا مانا کاتەوە. شاعیر لە گێڕانەوەی بێ دەسەڵاتی خۆی بۆ خـوێنەر و دوای دیتنی ئەو هەمـوو ئازارەی نەتەوەکـەی پێیدا ڕۆیشتووە، دەگاتە ئەو خاڵەیە کە شک لە هەموو شتێک دەکات و لە دەقێکی ڕۆمانتیکیدا ژیان و شیعر لێک گـرێ دەدا و دەقـــێکی "شــەکـاک گـومـــاناوی" دەخولقێنێ، شیعرێک کە تێیدا تاک و نەتەوە، پرسیاری هەستی ناسانە و نیهیلزمی شاعیرانە لێک دەبەسترێنەوە و شاعیر لەوپەڕی نائومێدیدا تەنیا لە ڕێگای هونەرەوە ناتەواوییەکان تەواو دەکات و دەخوازێ "خود" لە ڕێگای شیعرەوە لە ڕەنج و دەرد ڕزگاربکات.

## خوێندنەوەیەکی جێندێری

هەروەک لە پێشەکیدا ئاماژەم پێ کرد، شیعری (سازی ناســاز) شـیـعـرێکی تەواو/ کـامـڵــە. کـامڵ بـوون لە ڕوانگەی منەوە چییە؟ ئەگەر بۆ (لاکان) زمـان هێـما و سیستمە بۆ (کریستیڤا) زمان هەم پێکهاتە و هەم ڕەمز و نیشانەیە. دەق خولقاوی هەم نیشانەکانی باوک و هەم ڕەمــزەکــانی دایکە. بە ڕای کــریســتـــیـــڤـا زمــان و پێکهـاتەکـەی هاوکـات هەڵگری سیسـتم، ڕەمـز، ڕیتم، ئاهەنگ و گەرمایە.

با دیسان دێڕ بە دێڕ بە شیعرەکەدا بڕۆینە خوار و بزانین بۆ وێنە چ وشەگەلێک لە شیعرەکەدا دێنە سەر شانۆ:

بولبـول، دڵی لەکوڵ، کوردی بەندی، مـوغی بێ ئاگـر، کـەوی بێ دەنگ، گـوڵی بێ ڕەنگ، کـونجی جێ ژوان، سێبەری نازەنینی ڕەشپـۆش، دەستی بەربووی کچی گەڕی شـایی، هەسـتی خنکاوی لاوی سەودایی، کـێلی گـۆڕی شەهیـدی گومناو، شـەمی سەر گـۆڕ، باوکی فرمـێسک، کوڕی ژان، باڵی سووتاوی پەروانە، شووشـەی بادە، چڵـە ڕێحــان، ســازی ناســاز، تکە ئاوەنگ، گــەڵای زەرد، شـاعیـری پیـر، ئینجـا ئەو وشـانە بە سێ دەسـتـە دابەش دەکەین:

دەستەیەک کە هەڵگری تایبەتمەندی پیاوانەن

دەستەیەک کە هەڵگری تایبەتمەندی ژنانەن

دەسـتـەیەک کـە دەکرێ نیـوّتراڵ/ بێ ڕەگـەز بن، یان بۆ هەر دوو جنس/ ڕەگەز بەکار بێن.

چەند وشـەیەکی هەڵگری تایبـەتمەندی پیـاوانە: مـوغ، لاوی سەودایی، باوکی فرمێسک، کوڕی ژان، شاعیری پیر.

چەند وشـەیەکی هەڵگری تایبەتمەندی ژنانە: گـوڵی بێ ڕەنگ، کـونجی ژوان، سـێبـەری نازەنینی ڕەشـپـۆش، دەسـتی بەربووی کـچی شـایی، شـەمی سـەر گـۆڕ، چڵـە ڕێحان، تکە ئاوەنگ، گەڵای زەرد.

چەند وشـەیەکی بێ لایەن ، یان هەڵگری تایبـەتمەندی هەر دوو ڕەگـەز: بولبـول، دڵی لە کـوڵ، کـوردی بەندی، کەوی بێ دەنگ، شووشە بادە، ساز.

ئەگەر سەرنج بدەین، لە بەیتی یەکەمەوە شاعیر نە ژنە نە پیـاو، یان هەر دووکیـانە. لێرەدا دەبیـنین شـاعیـر بە نوێنەرایەتی هەم ژن و هەم پیاو دەتوانێ بولبولێک بێ کە دڵی لە تەوژمی خەم و ئازاران وەشەپۆلدان کەوتووە. لەم دەقـەدا تایبـەتمەندی ئینسـانی شـاعیـر بەردەوام لە نێـوان دوو جنسی ژن و پیاودا لە هاتوچوو دایە، جارێک شاعیر ژنە، جارێک پیاو و جارێک هەر دووکیان. لە هێندێک بەیت و دێڕدا شــاعیــر تایبـەتمەندی ژنانە دەگـرێ، یان تایبەتمەندی ژنانە و پیاوانەی شاعیر هاوکات و هاوتەراز دەبن، بەڵام هێندێک جار تایبەتمەندی ژنانە دەستی باڵای هەیە. بنوارە: سـێـبـەری نازەنینی ڕەشـپـۆش و دەسـتی بەربووی کــچی گــەڕی شــایی، دەبنە نوێنەری ئەو ژن و کچانەی کە بە درێژایی مێژوو شاردراونەتەوە و باسیـان نەکراوە.

شاعیر خۆی بە "سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش"، "کچی شایی"، "شەمی سەر گۆڕ" و "چڵە ڕێحانی دووره دیّراو" کە هەڵگری تایبەتمەندی ژنانەن دەشوبهێنێ و هەست و ڕوحی ژنانە دێنێتە ناو دەق. شاعیر بێ دڵەڕاوکێیەکی پیاوانە خۆی بە تایبەتمەندی ژنانەوە دەبەستێتەوە و هەستی ژنانە لەناو دێڕ بە دێڕی سازی ناسازدا شەپۆلان دەدا، ڕاست وەک ئازار و خەمەکانی ژنانی کورد.

لە جیهانی شیعری کوردیدا زۆر کەم شاعیر هەن خۆیان بە گوڵ، یان دەستی بەربووی کچی گەڕی شایی، نازەنینی ڕەشپۆش، چڵە ڕێحان، تکەی ئاوەنگ کە هەڵگری تایبەتمەندی ژنانەن بشوبهێنن. هەروەک دەزانین لە ئەدەبی کوردیدا گوڵ، ڕێحانە، ئاوەنگ بە ژن نیسبەت دەدرێن، واتە گوڵ و ئاوەنگی نیشتووی سەر پەلکی گەڵا، ڕەمزی ژنانەن.

سازی ناساز دەقێکی تەواوە بە تایبەتمەندییەکانی هەر دوو ژن و پیاو، لە کاتێکدا موغ، هەستی خنکاوی لاوی سەودایی، باوکی فرمێسک، کوڕی ژان، شاعیری پیری تووڕە و زیز بیرمان بۆ لای هەستی پیاوانە دەبەن، گوڵ، سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش، چڵە ڕێحان، تکەی ئاوەنگی سەر گەڵا، نیگامان بۆ لای نەستی ژنانە ڕادەکێشن.

وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد هێندێک لە وشەکانیش دەتوانن "بێ ڕەگەز"، واتە نە ژنانە و نە پیاوانە/ هەم ژنانە و هەم پیاوانە بن کە هەمدیسان ئەوەش لە خاڵە بەهێزەکانی دەقی شاعیرانەی سازی ناسازە. تۆ چاو لە "کوردی بەندی" بکە، ئەگەرچی زۆربەی کات پیاوان لە زیندانن، بەڵام ژنانی زیندانیش کەم نەبوون. تاکە داری کرۆز، دەفتەری شیعر، خەونی ئاڵۆز، ژیلەمۆ و گرینگتر لە هەمووان، سەردێڕی شیعرەکە، واتە سازی ناساز هەڵگری تایبەتمەندی هەر دوو ڕەگەزن. سەردێڕی شیعرەکە لە دوو وشە دروست بووە، ناو و ئاوەڵناو، یان ناو و ئاوەڵکردار. هەر چۆن ئینسان لە دوو نیوە پێکدێ. لە جیهانی مۆسیقیدا سازی ناساز بە سازێک دەوترێ کە لە دەرەوەی ڕیتم/ نامەوزوون لێ دەدا. لێرەدا سازی ناساز هاوکات هەڵگری حاڵەتی ڕوحی هەر دووک ڕەگەزە، واتە هەم ژن و هەم پیاوە. هەم ژن و هەم پیاو دەتوانن وەک سازێکی ناساز، دەنگی ناسازگار، دەنگی ناڕازی، دڵتەنگ بن و وا هەست بکەن لە گۆشەیەک هەڵپەسێردراون و لە گرووپ و ئۆرکێسترایەکدا لێ نادرێن و توانایییەکانیان بەکار نایە و هەست بەبێ کەڵکی و هەرەس هێنان بکەن.

ئەگەر بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی جێندێری چاو لە کۆمەڵگا بکەین، تەنانەت ئەم سازی ناسازە زۆرتر ژنان لەخۆ دەگرێ کە هەڵدەپەسێردرێن و بەکار ناهێنرێن و تەریک دەکرێن. لێرەدا نەک هەر دووک ڕەگەز شان بە شان دەڕۆن، بەڵکو گرینگی تایبەت بە هەستی ژنانە دەدرێ. جیا لەوانە دەشێ هەم ژن و هەم پیاو ساز لێ بدەن. لێرەشدا دیسان جیاوازی نێوان دوو جنس پاک دەبێتەوە.

کەواتە لە ڕوانگەیەکی جێندێرییەوە لە شیعری سازی ناساز دا تایبەتمەندییەکانی پیاوانەی شاعیر دەستی باڵایان نییە، بگرە نەک هەر ڕیتم و هەست، بەڵکو وشە و زمانیش تایبەتمەندی ژنانە، یان تایبەتمەندی هەر دوو ڕەگەز بە خۆوە دەگرن و شیعرێکی کامڵ بە بوون و ئامادەیی هەم ژن و هەم پیاو دەخوڵقێ. لە سازی ناساز دا زمانی شاعیر لە سیستمی زبر و ئەبستراکتی پیاوانە دێتە دەر و کۆنکرێت و نەرم وەک مۆسیقا لەسەر دڵی خوێنەر دەنیشێ. ئیدی شاعیر نەک هەر لە ڕەخنە ناترسێ، بگرە باس لە شک و گومانی خۆی دەکات و ئەزموونەکانی ژیان بەکاردێنێ. بەم جۆرە دەقی سازی ناساز لەو دەقە دەگمەنانەیە کە شاعیری تێدا ئینسانێکی کامڵە و دەق هەڵگری تایبەتمەندییەکانی هەر دوو جنس/ ڕەگەزە.

## ٦- ئاکام

سازی ناساز ساڵی **١٩٧٥** دوای ڕێکەوتننامەی نێوان ئێران و ئێراق نووسراوە. ئەم دەقە یەکاویەک دوای ڕێکەوتنەکە نەنووسراوە، بەڵام وەک زۆربەی شیعرەکانی دیکەی شاعیر کاریگەری دەقی مێژوویی لە خەیاڵدانی شاعیر و لە نەستی/ ناخودئاگایدا ماوەتەوە و هاتووەتە سەر کاغەز. (٦)

ئەگەر بچینە سەر باری فەلسەفی و "هەستی شناسی" دەقی سازی ناساز شیعرێکی کامڵە، چونکە شاعیر تەنیا بە مەبەستی جوانناسی و هونەری شیعرەکەی نەنووسیوە، بەڵکو شیعر لەلای هێمن کارکردی هەیە، شاعیر لە دەقەکەدا پرسیاری گەردوونی دەخوڵقێنێ و

هەمان کات کە ئەرکی ئینسانی و هونەری خۆی بەرانبەر بە ئازارەکانی نەتەوە بەجێ دەگەیەنێ و جێگا بۆ شک و دڵەکوتەکانی خۆی دەهێڵێتەوە و ئەو مافە بە خۆی دەدا کە بە تەواوی لە ناو کۆ/ نەتەوەدا ون نەبێ و دەنگی سەربەخۆی خۆی هەبێ.

کامڵ بوون لە سازی ناسازدا وەک دەق/ ڕەوان بەم شێوەیە نەشونما دەکا:

١- شاعیر جیهانبینی هەیە و ڕووی گەردوونی شیعر بیرمەندانە نیشان دەدا.

٢- شاعیر خۆی بە کۆیەکی گەورەتر، نەتەوە گرێ دەدا.

٣- شاعیر تایبەتمەندی تاکەکەسی خۆی ڕادەگرێ و خاوەنی هزر، بیر و نەترسی تایبەتی خۆیەتی و شک و گومان دەخوڵقێنێ.

٤- ژن و پیاو هاوتەریب و هاوتەراز لە دەقدا دەڕۆنە پێش.

٥- چەندان دەق تێکەڵ بەیەک دەبن.

بۆ من وەک خوێنەرێکی دەقی ئەکادیمی و فێمینیستەکانی ڕۆژئاوایی کە زیاتر لە ژێر کاریگەری جولیا کریستیڤادام، لایەنێکی دیکەی کامڵ بوونی دەق جیا لە پێکهاتە، بریتییە لە ڕیتم و زایەڵەی ناو دەق کە خوێنەر، چ ژن و چ پیاو، هەر دووک خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەو شاعیرە لە لای من وێنەیەکی تەواو دەداتە دەست و دەق/ ڕەوانێک لە لای من کامڵە کە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی هەم ژن و هەم پیاو بێ. ئینسانێک کامڵە کە خوێندنەوەی بۆ کێشە و ڕووداوەکان ئینسانی بێ و هەستەکانی هەردوو لا بە گرینگ بزانێ. شاعیرێک کە ڕووبەری ژن بوون، یان پیاو بوونی خۆی لە دەقدا نەشارێتەوە و هەر دوو لایەنی ئینسانی لەخۆیدا کۆبکاتەوە. بەو پێیە (سازی ناساز) لەو دەقە دەگمەنانەیە کە وەک باڵندەیەک "بە هەر دوو باڵ" دەفڕێ و خوێنەر، چ ژن و چ پیاو، خۆیانی تێدا دەبیننەوە.

ئەوە ماوەتەوە کە بپرسین کارکردی شیعر لەلای شاعیر چییە؟ ئەگەر شیعری شاعیرانێکی وەک هێمن، هێدی، هەژار، مەحوی، ئاغایی، پەشێو، بێکەس و...تاد، نەبا کورد لە ئەنفال و جینۆسایدی داگیرکەراندا کە هەوڵ ئامانجیان لەناوبردنی زمانە، چۆن خۆی ڕزگار دەکرد؟ ئەگەر شاعیرانمان زمانی کوردییان لە ڕێگای ئەفراندن و نووسین لە هێرشی داگیرکەران ڕزگار نەکردبا، کێ باری قورسی ئازاری نەتەوەیی بەردەوام بە کوڵ کێشابا؟ کوردی بێ ماڵ، بێ بیرمەند و بێ فەیلەسووف، ئەگەر شیعر کۆی نەکردبایەوە، ئێستا لەمێژ بوو هەرنەبێ بەشێکی زۆری زمانەکەی فەوتابوو.

لە خوێندنەوەیەکی زمانەوانیدا دەکرێ کاری شاعیران بە گوتەی ئیلیەت بەو جۆرە هەڵسەنگێنین کە شاعیر لە ڕێگای دەقی شیعرییەوە گەل و هەست کۆ دەکاتەوە و زمانی خەڵکیش لەسەر دەقی شاعیر کاریگەری دادەنێ. ئیلیەت گوتەنی شاعیران کاریگەرییان لەسەر خەڵکە و زمان لە ڕێگای شاعیرانەوە پەرە دەستێنێ.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین خوێنەرانی شیعر، وشە و زمان لە دەقەکان فێر دەبن، هەستی نەتەوەیی لە لایان قایمتر دەبێ و بیر و هزر لەلایان دەخوڵقێ، بێ ئەوە بیریان لە ڕۆڵی شیعر و شاعیر کردبێتەوە، شاعیر بە دەق و ئەفراندنی هەستی ون و شاراوەی تاک، مێژوو، خەون و خەیاڵەکانی نەتەوە بەردەوام بەڕۆژ دەکاتەوە تا لەبیرنەچنەوە و نەمرن، هەر بۆیە هێمن خۆی دەفەرموێ: "مان و نەمانی من موهیم نییە، ئێوە بمێنن، زمانی کوردی بمێنێ، من دەبێ ڕۆژێک هەر بمرم، بەڵام نە کورد دەمرێ و نە زمانەکەی."(٧)

**پەراوێز:**

١- بەڕێز گوڵاڵە پێشنەماز یەک لەوانە بووە کە لە منداڵییەوە مامۆستا هێمنی ناسیوە و لە باشوور، لە نزیکەوە ئاشنایی لەگەڵ بارودۆخی نالەباری ژیانی مامۆستا هەبووە. پێشتر پێشنەماز لە کۆمێنتێکدا لەسەر ماڵپەڕی من باسی بارودۆخی ژیانی مامۆستای لە بەغدا بەم شێوەیە نووسیوە:

"بە بڕوای من دەگەڕێتەوە سەر وەزعی ئەو کاتی کە مام هێمنی تێدا بووە کە ئەویش دەورانی چەند ساڵێک پێش شۆڕشی ئێران ئەوەندەی من لەبیرم بێ و بەگوێرەی نامەکانی، یان هەر گێڕانەوەی ئەوکاتانە کە ئەودەم مامۆستا هێمن لە گەڵ ئەندامانی حزب ماڵێک، یان بڵێین مەقەڕێک هەبوو لە بەغدا لەوێ دەژیان لەژێر سایەی حزبی بەعس کە زۆر گوشاری بۆ دێنان. حزب لە وەزعێکی نالەباردا بوو. ئەندامان ناکۆکیان پێکەوە زۆر هەبوو. بنەماڵە حزبییەکان هەموو باری ژیانیان زۆر سەخت بوو، بەعس زۆر بیانووی پێ دەگرتن بۆ نموونە ئێمە شەش- حەوت بنەماڵەی حزبی لە کۆیە دەژیاین. لەپڕ ڕۆژێک هەموومانیان تێکەوە پێچا دووریان

خستینەوە بۆ ڕومادی ئەوسەری ئێراق. تا چەند ڕۆژ بێ سەروشوێن ماین تا دوایە بنکەی حزب ئاگادار کرا. ئەوە نموونەیەکی چکۆلە بوو، بێجگە لەوەی کە چەند پێشمەرگە و ئەندامی حزبی ،یان گیران و بێ سەروشوێن دەکران ،یان زەمانی پێشتر ڕادەستی ئێران دەکرانەوە... جا ئەو کاتە کە مام هێمن لە گەرمای ٤٠ و ٥٠ پلەی بەغدا دەژیا و ئەوکات ئەندامانی حزب بۆ کاری سیاسی سەفەری ئەوروپایان دەکرد. زۆر جاران ئەو بەتەنیا دەمایەوە جا هەر ئەو وەزعە نالەبارە و گەرما و تەنیایی و دوور لە وڵات و خۆشەویستانی، دەتوانێ ببێتە هەوێنی ئەو شیعرە لەسەرووی هەمووان دوورە پەرێزی و دوایەش ناهەمواری ناو حزب و بێ ڕێزییەکانی حزبی بەعس."

کۆمێنتی گوڵاڵە پێشنەماز، ٢١ی سەرماوەزی ٢٠١٦ لەسەر ماڵپەڕی نووسەر.

٢- لە دیوانیناڵەی جودایی ١٩٧٩ دا وشەی "بولبول" بە "بلبل" نووسراوە، بەڵام لەسەر ئینتەرنێت ئەو وشەیە بە دروستی لە زۆر سایت و ماڵپەردا "بولبول" هاتووە، منیش وشەکە هەر بە بولبول دەنووسم کە لە باری ڕێنووسەوە دروستە.

٣- لە ڕا و بۆچوونێک لەگەڵ بەڕێز شاعیر و وەرگێڕ کامیل بۆکانی لە بەشی پەیام دا هێندێک لینکی کتێبی وەرگێڕدراوی شکسپیری بە فارسی بۆ ناردووم کە نیشان دەدا ئەو کات زۆربەی دەقەکانی شکسپیر وەرگێڕ درابوونە سەر فارسی، هەروەها کاک کامیل دەقی شیعری خاوەنی زێڕی بۆ ناردم. من خۆم تاریک و ڕوون-م لە لا نییە.

٤- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نەرگیز. مەهاباد ١٣٧٨، وتووێژی مامۆستا هێمن لەگەڵ فەرهاد شاکەلی، ساڵی ١٩٨٥.

بەڕێز فارووق فەرهاد وێنەیەکی لە دەقی ئەو وتووێژە لە کتێبەکەدا بۆ ناردم. لەو دەقەدا مامۆستا هێمن باسی ئاشنایی خۆی لەگەڵ هێندێک دەقی شکسپیر لە ڕێگای زمانی فارسییەوە دەکات.

٥- هاملێت بۆ یەکەم جار ساڵی ١٣٣٦(کە مامۆستا هێمن لە ڕۆژهەڵات دەبێ) لە لایەن مەسعوود فەرزادەوە کراوە بە فارسی و چاپ و بڵاوبۆتەوە، هەروەها ساڵانی دواتر چەند کەسی دیکە وەک مەحموود ئیعتمادزادە(بە ئازین) ، داریوش ئاشووری و دوای شۆڕش چەند کەسی دیکە کردوویانە بە فارسی، بۆیە بە دڵنیاییەوە مامۆستا هێمن کاتی خوڵقاندنی "سازی ناساز"، ئاشنایی تەواوی لەگەڵ شکسپیر و دەقەکانی و لەوانە هاملێت هەبووە." ئەوە کۆمێنتی بەڕێز خەلیل غەزەلی، بەرپرسی ماڵپەڕی هەڵوێست لەسەر ماڵپەڕی نووسەرە.

٦- بۆ وەڵامی ئەوەی کە ئایا هێمن ئاگاداری لە دەقی هاملێت بووە، یان نا، من لەسەر ماڵپەڕی خۆم داوام لە خەڵک کرد کە ئەگەر زانیاریان هەیە و سەرچاوەیان لایە ئاگادارم بکەنەوە. دیارە چەند دۆستی بەڕێز لەوانە کاک خەلیل و کاک کامیل باسی ئەوەیان کرد کە کامە کتێبی شکسپیر ئەو کات بە فارسی چاپ کرابوون. من خۆم ئەو زانیاریانەم نەبوو.

٧- مامۆستا هێمن خۆی لە نامەیەکدا بۆ دۆستێکی دەنووسێ کە هەوا زۆر گەرمە و لە بەغدایە و شیعری سازی ناسازی نووسیوە. مامۆستا هێمن و نامە و دوکیۆمێنتەکانی. کۆکەرەوە و ئامادەکار: فارووق فەرهاد، ٢٠١٦.

٨- مامۆستا هێمن و نامە و دوکیۆمێنتەکانی. کۆکەرەوە و ئامادەکار: فارووق فەرهاد، ٢٠١٦. ئەو ڕستەیە بە گوتەی خودی کاک فەرهاد لە گۆڤاری گزینگ ژمارە ٢٣ وەرگیراوە. کۆمێنتی کاک فەرهاد لەسەر ماڵپەڕی نووسەر:

"ئەو ڕستەیە وتووێژی مامۆستا هێمن لەگەڵ سەید سمایل حوسێنی لە شاری کرمانشا کە گۆڤاری گزینگ ژمارە ٢٣ بەهاری ساڵی ١٩٩٩ بڵاوی کردۆتەوە."

**سەرچاوە و کتێبەکان:**

**١- ناڵەی جودایی. بەغدا، ١٩٧٩**

**٢- لێکۆڵینەوە لەسەر ناڵەی جودایی، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی. شەهلا دەباغی، ٢٠٠٧، زانکۆی سۆدێرتۆرن.**

**٣- مامۆستا هێمن و نامە و دوکیۆمێنتەکانی. کۆکەرەوە و ئامادەکار: فارووق فەرهاد، ٢٠١٦**

**٤- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نەرگیز. مەهاباد ١٣٧٨. وتووێژی مامۆستا هێمن لەگەڵ فەرهاد شاکەلی ساڵی ١٩٨٥.**

**5- Den Okända texten.Olsson, 1998.**

**6. Fasans makt. Julia Kristeva, 1990.**

**7. Stabat mater. Julia Kristeva, 1992.**


**8. Om poesi. Eliot, 1958.**

# شێرکۆ بێکەس و پێگەی بۆ بە جیهانی کردنی شوناسی ئەدەبی کوردی

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

جیهانی بوونی پێوەندییەکان و وەگەڕ کەوتنی ڕاگەیەنە و پتەوتربوونی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەندێک دەرفەتی خستە خزمەت نووسەر و شاعیرانی کورد، تا لەو ڕێیەوە دەنگی خۆیان و گەلەکەیان، لە دەلاقەی ئەدەبیاتەوە بگەیەننە دوورترین شوێنەکانی جیهان. هەر بەو پێیە "شێرکۆ بێکەس" دەڵێ: لە سەردەمی بە جیهانی بووندا، کوردەکان بە پێوەندییە سیاسی، کولتووری و ئەدەبییەکان، دەیان پردی تازەیان بۆ پەڕینەوە بەرەو جیهانی بەربڵاوی دەرەوە و دوور لە سنوورەکانی خۆیان دامەزراند. (بێکەس، ٢٠٠٢:٩٢) ئەو پێی وایە گۆڕانکاری لە پێوەندییەکاندا، هەروەها ئاڵوگۆڕی بواری ڕاگەیاندنەکان، بووەتە هۆی ئەوەی دەستەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرانی کورد، لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە لەگەڵ هاوشان و هاوڕێیانی خۆیان لە سەرانسەری جیهان پێوەندی ببەستن، کاریگەرییان لێ وەرگرن و کاریگەرییان لەسەر دانێن، هەروەها دەیان تۆڕی پێوەندی و زانیاری لە بەرژەوەندی ئەدەبی کوردی لە هەموو دنیادا ساز بکەن. (هەمان)

لە سەرەتاکانی ئەو ڕەوتەدا، کوردەکان هەوڵیان دا بە ڕاگوازتنی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی خۆیان لە ڕێگای ئەدەبیاتەوە، شوناس و کولتووری ناوچەیی خۆیان بۆ پانتایی جیهان و لە دەرەوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ڕابگوێزن کە تێیدا حاوابوونەوە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەرنجی کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکانی جیهان بەرەو ئەدەبیاتی کورد ڕابکێشرێ. یەکەم برووسکەی ئەو کاریگەری و کارتێکەرییە بە وەرگرتنی خەڵاتی جیهانی "تۆخۆلیسکی" لە لایەن (شێرکۆ بێکەس)ـەوە دەرکەوت. (رضایی، ١٣٨٣:١٥) ئەو خەڵاتەساڵی ١٩٨٨ لە لایەن "بنکەی ئەدەبیاتی جیهانی سوێد"ـەوە پێشکەش بەو شاعیرە کرا. ساڵی ١٩٨٩ "ئەنجوومەن و کۆمیتەی



**شێرکۆ بێکەس**

مافی مرۆڤی ئیتالیا" نازناوی "هاوشاری شانازیی شاری فلۆرانس"ی پێ بەخشی. (صالحی، سیدعلی، ۱۳۷۰: ۵۳) پاش ئەوە ڕەوتی وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ زمانە ئەوروپاییەکان دەستی پێ کرد. شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بۆ زمانەکانی ئەڵمانی، فەرەنسایی، ئیتالیایی، سوێدی، نۆروێژی، عەرەبی و فارسی وەرگێڕدران. (هەمان) لە ڕێگای ئەو شیعرانەوە کە نیشاندەر و دەرخەری داب و ڕەسم و مێژوو و ژانە کۆمەڵایەتی و شێوەی جوانیناسی و مرۆڤناسی و شوناسی کوردە، وێنەیەکی نوێ لە زەینی خەڵکی جیهان لەمەڕ کوردەکانەوە ساز بوو. وێنەی نەتەوەیەک بە ئەدەبیات و زمان و ڕاوێژ و جوانیناسی تایبەتی خۆیەوە. هەر بەو هۆیەوە کۆمەڵگای ئەدەبی ڕۆژئاوایی بە شێوەیەکی نافەرمی، واتە نەک بە پێی ڕێکەوتن و گرێبەستێکی کولتووری، بەڵکو لە ڕێگای کاریگەری وەرگرتن و کارتێکەرییەوە ئاراستەیەکی جوداوازیان لەمەڕ ئەدەبیاتی کوردی و شێوەی جووڵانەوەی لە تۆڕی کولتووری جیهانیدا گرتە بەر. وەرگێڕە ڕۆژئاواییەکان، یان ئەو وەرگێڕانەی شارەزای زمانە ڕۆژئاواییەکان بوون، ڕوویان کردە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی کورد. لەوە بەدوا ئەدەبیاتی کوردی نەتەنیا نوێنەری هەست و ویستی مرۆڤی کورد و ئاوێنەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دەربڕی فەلسەفەی ئەو مرۆڤانە بۆ ژیان و مەرگ بوو، بەڵکو وەک نوێنەری ئەدەبیاتی بەشێک لە جیهان ناسێنرا و کەوتە بەرچاو. هەر لەو پێوەندییەدایە کە لە کتێبی "فەرهەنگی ئەدەبیاتی جیهان" لەمەڕ "دەربەندی پەپوولە"ی شێرکۆ بێکەسەوە ئاوا نووسراوە: "مەنزوومەی دەربەندی پەپوولە، پلان دارێژی بۆ کێشانەوەی نەخشەی کاتە پڕ لە تێکشان و پڕ لە کێشەکانی هەموو کۆچەرە ڕۆژهەڵاتییەکانە." (خزائل، ۱۳۸٤:۹٤۵)

پاش وەرگێڕانی بەرهەمەکانی نووسەرێکی دیکە، واتە "شێرزاد حەسەن" ئەدەبی کوردی لە لای کۆمەڵگای ئەدەبی ڕۆژئاواییەوە، قورسایی زیاتر بوو. نووسەرانی جیهان بیریان لە بەشداری پێکردن و کردنەوەی دەلاقەی کۆڕە ئەدەبییە جیهانییەکان بە ڕووی ئەو بەشە لە ئەدەبی جیهانیدا کردەوە. لە ساڵی ۱۹۹۷ دا دوو نووسەری کورد، واتە "عەبدوڵڵا سەڕاج" و "شێرزاد حەسەن" بۆ بەشداری کردن لە "کۆنفرانسی نووسەرانی جیهان لە مۆکۆلای فێنلاند بانگهێشت کران. وتاری شێرزاد حەسەن لەو کۆنفرانسەدا، لە ژێر ناوی "وەڵامێکی کورت بۆ پرسیارێکی کۆن" سەرنجی زۆر لە نووسەرانی بە توانستی جیهانی بەرەو خۆی ڕاکێشا (حەسەن، ۱۳۸٤:۸) و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو ڕەنگدانەوەیە لەسەر بەرەیەک لە نووسەرانی لاوی کورد کە لەناوەخۆ خەریکی نووسین بوون، متمانە بەخۆییەکی زۆری بە دوا داهات کە ئەدەبیاتی کەمینەش دەتوانێ لە نێوان ئەدەبیاتە زۆرینە و قەبەکاندا، بە مەرجی خاوەن شوناس بوون، دەرکەوتنی بە هێز و جودای بێ. شێرزاد حەسەن لەو کۆنفرانسەدا بە پێک گرتن و هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکارانەی نێوان دوو کولتووری کوردی و بە گشتی کولتووری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ کولتوور و فەلسەفەی مرۆڤی ڕۆژئاوایی، هەروەها بە خستنە بەرباسی ناوەرۆک و تێمی بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی و نووسەرانی هاوزمانی و... سیمایەکی ڕوون و بێ وێنە، بەڵام پڕ لە ژان و مەرگەساتی لە مرۆڤی کورد و ئەدەبی کوردی کێشایەوە و خستییە بازنەی بیرکردنەوە و لێ وردبوونەوەی مرۆڤی داهێنەری ڕۆژئاوایی. ئەو بە هێنانە بەر باسی ژانی کارەکتەری چیرۆکەکانی خۆی و هەڵقوڵانی ئەو کارەکتەرانە لە ناخی کۆمەڵگاوە و سازبوون و پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگایە لە ژێر نسێی سیاسەتی سەرکوتدا و شوناسی پارچە پارچە و بریکوولەی ئەو مرۆڤانە، دیمەنێکی دیکەی لە مرۆڤی سەر بە نەتەوەی کوردی خستە ڕوو. شێرزاد حەسەن بە گوتنی "نووسراوەکانی من داد و هاوار و شیوەنێکە لە

ماتەمی دڕندانەترین کوشتارە بە کۆمەڵەکان (هەمان سەرچاوە، ٢١) پێداگری لەسەر دوو بابەتە. یەکەم بە کەڵک وەرگرتن لە زەمینەی گێڕانەوەبییەکانی چیرۆک، خەریکی خستنە ڕووی بابەتێکی ئەدەبییە کە ناوەرۆکەکەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، واتە زیرەکانە سنووری مابەین بوارە جوداکانی زانستە مرۆییەکان دەسڕێتەوە و بابەتێکی نێوان ڕیشتەیی دەخاتە ڕوو و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بابەتەکەی پێشکەش دەکات، ئەوەش تاکتیکێکە بۆ ئەوەی ئەگەر تا ئێستا مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بە ڕەخنەپارێز ناسراوە، ئەو بە ناسیاری سڕینەوە لەو گوتارە، ڕەخنە هەڵگر بوونی بەشێک لە مرۆڤی سەردەمی نوێی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کورد بە تایبەتی دەکاتە پرسی شاراوەی باسەکەی. لە لایەکی دیکەوە ڕووی ڕەخنە هەم لە خودە هەم لەوی تر، ئەوەش سیمایەکی دیکەی لە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بە خوێنەر و بەردەنگی ڕۆژئاوا ناساند. ئەگەر تا ئێستا ئەو مرۆڤانە زیاتر کولتوور و دەستەڵاتی سەردەست دەدەنە بەر تیری ڕەخنە و پێ لەسەر ڕەسەنایەتی دادەگرن، ئەو زۆر لایەنی کولتووری ڕەگاژۆ کردووی خۆماڵی و ئەو لایەنانەی دەستەڵاتە ڕەهاکانیش کە سەودای سڕینەوەی وردە گوتار و کەمە نەتەوەکانیان هەیە، بە یەکەوە دەداتە بەر تیری ڕەخنە.

لە لایەکی دیکەوە شاعیر و نووسەرانی ئەو نەوەیە و یەک لەوانە شێرکۆ بێکەس، بە تێگەیشتن لە دۆخی نوێی نووسین و مەعریفەی جیهانی، هەنگاوی وریایانەیان هەڵگرتووە. نموونەی ئەو دنیا ناسییە نوێیە لە دەقەکانی وەک "ئافات" و زۆر دەقی دیکەی شێرکۆ بێکەس دەبینینەوە. لەو دەقانەدا هەم نیگایەکی لە سامانی ئەدەبی جیهانییە و دەکرێ شوێن پێی کەسانی وەک "سان ژۆن پێرس" لە نووسین و نیگایدا ببینییەوە، هەم لە باری ئەندێشەوە بە تایبەت لە "پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنیدا" جودا لەوەی مێژووی ژان و برین و دیرۆکی خەفەتی دەنووسێتەوە و جوگرافیای دژوازییەکانی مرۆڤی کورد لە دەقی شیعردا دەنەخشێنێ، ڕۆژئاوا و فەلسەفەی ئەوان بە ڕووە ماددی و فیکرییەکەیەوە لەگەڵ بیر و هزری نەتەوەیی بەراورد دەکات و لە زۆر جێدا لە ئاستی بەراوردی دوو کولتوور تێدەپەڕێ، تەنانەت بە شێوەیەکی بایەخدانەرانە دەڕوانێتە کولتووری ڕۆژئاوا و بە ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە لە ڕوانین و دنیابینی خۆی کە نموونەیەکی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و تاکێکی کورد و هونەرمەندێکی ئەو بەشە لە دنیایە، مرۆڤ و دنیا لە شیعریدا دەگونجێنێ، ئەوەش واتە فراوانترکردنی بازنەی زمان و ڕوانین و بەردەنگی دەقی شیعری کوردی. شێرکۆ بێکەس بە پێی دەقەکانی ئەو بابەتە گرینگەی لەبەرچاو بووە کە دەلاقەی چوونە نێو پانتایی هزر و بیری جیهانی هونەر و ئەدەبیاتە.

**پەریزادم! پەریزادی تاق و تەنیا، جارێکی دیش لە کۆچدا بوو**

**لەوێ لە فێنتیسیا، لە فێنتیسیای عاشقی مانگەشەو و ئاودا**

**لە شاری شیعردا، لە شەوێکی زیویندا، لە نێو باڕی بەلەمێکی پەمەییدا**

**چڕ و چاوی خەوم نا، شیعرەکانم کچێکیان کرد بە هاوڕێم.**

**...**

**کە لێم پرسی تۆ خەڵکی کوێی؟ پرشنگی دایەوە و وتی:**

**من خەڵکی نیشتمانی هونەرم، باوکم ناوی شیعرە و دایکم ناوی مۆسیقایە و**

**هەرئەوەندە لە ڕەچەڵەکی خۆم دەزانم....**

(بێکەس: ١٩٩٣:٢٠)

لەو شیعرە و زۆر بەرهەمی دیکەدا، شێرکۆ بێکەس بە هەڵسەنگاندنی دوو کولتووری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و سەرەتای دانان بە ڕوانگەی هونەری ڕۆژئاوایی، لە ئاکامدا زمانی هونەر و ئەدەبیات بە زمانی جیهانی نوێ دەزانێ. جودا لە شیعر لە نووسینی ئاساییدا ئاوڕی لەو وارە داوەتەوە و ئەو کەشە نوێیەی بە باشی درک کردووە و لەو بارەیەوە دەڵێ "جیهانی بوون دنیابینییەکی نوێی بە ڕووی ئەدەبیاتی کوردیدا کردووەتەوە. ڕوانینێکی بەرین و بەربڵاوی بە شاعیران و نووسەرانی کورد بەخشیوە. نیگای ئەوانی بۆ جیهان و بابەتە گشتییەکانی وەک مرۆڤ و ئازادی ژن و... گۆڕیوە. (بێکەس، ٢٠٠٢:٩٥) بە گشتی ئەزموونەکانی بەجیهانی بوون، ئەزموونی نوێتری لەبەردەم نووسەرانی کورد دانا کە گرینگترینیان ڕوانینی فرەڕەهەند و چەند لایەنە و بیری پلۆراڵ و ئاسانگیری و تولێرانسە. (هەمان)

لەو سەردەمەدا شاعیران و نووسەرانی کورد لە چوارچێوەی ژانر و فۆرمەکانی ئەدەبی جیهانی و بە تەکنیکە مۆدێرنە ئەدەبییەکان، هەم شوناسی نەتەوەیی خۆیان لە شیعر و ڕۆمانەکانیاندا نەخشاند و هەم بیرە جیهانگیرییەکانیان لە بەرهەمی خۆیاندا جێ کردەوە.

ڕاستییەکەی فۆرم و پێکهاتە و ئەندێشەی جیهانییان لەگەڵ شوناسی خۆیان ئاوێتە کرد و بەرهەمێکی نوێیان خولّقاند کە هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهاندا ئاوڕی لێدرایەوە و خوێندرایەوە. بەرهەمەکانی "بەختیار عەلی" ڕۆماننووس بە پێی ئەو بنەمایە ئیعتبارێکی جیهانییان وەدەست هێناوە. کتێبی "دواهەمین هەناری دنیا" نووسراوەی بەختیار عەلی فرمێسکی تەمەنێک ژان و خەم و سەرگەردانی نەتەوەی کورد و ڕاستییەکەی هەموو ئێراق، تەنانەت هەموو خەڵکانی خەفەتباری زەمینە. (عەلی، ١٣٨٨:٥) ئەو ڕۆمانە لەسەر بنەمای ئەو کارەساتانە بەرهەم هاتووە کە خەڵکی ئێراق چەشتوویانە و دیتوویانە و ڕەنگدانەوەی کولتوور و نەریتەکانی گەلی کوردە. لە لایەکیشەوە پڕە لە ئەندێشەی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە و هەڵکردن و پێکەوە سازان و...تاد ئەو چەند تایبەتمەندییانە بووەتە هۆی پێشوازی ناوچەیی-جیهانی لەو بەرهەمە. ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا) بەرهەمێکی جیهانییە و تا ئێستا بۆ چەند زمانی وەک ئەڵمانی، ڕووسی، عەرەبی، تورکی و فارسی وەرگێڕدراوە. (هەمان سەرچاوە) بەو پێیەیە کە "دیڤید لینچ" دواهەمین هەناری دنیا» بە بەرهەمێکی شیاو دەزانێ و باسی دەکا. (هەمان)

لە دنیای ئێستا و بە یارمەتی بارودۆخی نوێی پێوەندییەکان و ئامادەیی شاعیرانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان، دەرفەتێک ڕەخساوە تا زۆر لە ڕۆشنبیر و وەرگێڕانی جیهان، ڕوو بکەنە ئەدەبیاتی کوردی. بەشێک لەو سەرنجە جیهانییە لە چەند نموونەی هەڵبژاردەدا دەتوانین ئاوا بخەینە ڕوو:

لە ڕێکەوتی ٥- ١٢/ ١٠/١٩٩٩. حکوومەتی "سویسرا" لە شاری "زوریخ" حەفتەیەکی کولتووری بۆ ناسینی کولتوور و ئەدەبیاتی کورد تەرخان کرد، لەو حەفتە کولتوورییەدا، خەڵکی سویسرا لە گەڵ وێنەکێشان، مۆسیقا، سەما و شیعری کوردی ئاشنا بوون. پاش شیعر خوێندنەوەی شاعیری کورد شیرکۆ بێکەس، نووسەری سویسرایی "پێترا کرۆسێل" لە نووسراوەیەکدا لە ژێر ناوی "ئێمە لە ڕابوردوودا خاکی کوردامان دزیوە، بۆ خاکەکەیان نەدەینەوە؟" باسی کاریگەری وەرگرتنی خۆی و هاووڵاتییانی سویسرایی لە شیعری کوردی دەخاتە ڕوو. (سەردەم، ٢٠٠٠:٢٦١). ساڵی ٢٠٠٢ش "ڕێکخراوەی ئەدەبیاتی هولەندی" لە فیستیڤاڵێکی شیعر بۆ شاعیرانی ناو بەدەرەوەی جیهاندا، شاعیرانی کورد بانگێشت دەکات و کوردەکانیش وێڕای زۆر لە ناودارانی شیعری جیهان، بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەشی ئامادەبووان دەکەن. لەو فیستیڤاڵەدا شاعیرانی وەک "بریاتین بریاتین باخ"، "رومیکۆ کامپێرت"، ئیوا خارلاخ"، "تونکای"، "عیسا ئەلیاسری" و دەیان شاعیری دیکەی وڵاتانی جیهان بەشدار بوون. شاعیرانی کورد بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش کرد کە ڕەنگی ناوچەیی و دەنگی جیهانییان پێوە دیار بوو. (ئاینده، ٢٠٠٢:٣٣)

زۆر جاریش سیاسەتوانانی کوردی ئێراق لە پلەی باڵوێزەکانی کولتوور و ئەدەبدا ڕۆڵی بەرچاویان بۆ برەو پێدان و بڵاو کردنەوەی ئەدەبیات هەبووە. ئاوێتەی کاری هاوبەشی نوێنەرانی سیاسی کورد لە ڕۆژئاوا و ئامادەیی شاعیر و نووسەرانی کورد لە بوارە جیهانییەکان، ئاکامی ئەرێنی بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە دواوە بووە، بۆ وێنە ئامادەیی شێرکۆ بێکەس لە "فیستیڤاڵی شیعری ئیستەنبوڵ" لە ساڵی ٢٠٠٨ و شیعر خوێندنەوەی ئەو، سەرنجی وەرگێڕ و شاعیری گەورەی ڕۆمانیایی "نیکۆلینا ئۆپێڕا" ڕادەکێشێ. (ئاینده، ٢٠١٠:١٦٠)، پاشان بە پێشنیاری باڵوێزی ئێراق لە ڕۆمانیا کە کورد بووە، ئەو وەرگێڕە دەست بە وەرگێڕانی شیعرەکانی شاعیرانی کورد بۆ سەر زمانی ڕۆمانیایی دەکات. ئەو ڕەوتە ڕوو لە گەشەیە، بووەتە هۆی ئەوەی زەین و زمانی شاعیرانی کورد کار بکاتە سەر بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی گەورەی دنیا و گەلانی دیکەی ناوچەش. نموونەشی بەرهەمە شیعرییەکانی "لوتفی ئۆزکۆک" شاعیری جیهانی تورکیایە کە سێبەری زەینییەتی شیعری شیرکۆ بێکەس لەسەر وێنە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەردەنگان هەستی پێ دەکەن. (صالحی، سید علی، ١٣٧٠: ٥٢ و٥٣) هەر ئەو توانایییە زمانییەی شاعیرانی کورد بووەتە هۆی سەرسوڕمان و تەنانەت پێداهەڵگوتن و ستایشی شاعیرانی گەورەی ئێرانیش. "سەیدعەلی ساڵحی" بنیادنەری "بزووتنەوەی شیعری گووتێ" لە ئێران، بە پێی توانایی زمانی و فۆرمیک لە لایەک و تایبەتمەندی ناوچەیی ئەو بەرهەمانە لە لایەکی دیکەوە دەنووسێ، "ڕەفیق سابیر" بە جۆرێک دەتوانێ لە ڕیزی "ئارتۆر ڕامبۆ" بنیادنەری سیمبۆلیزم لە فەڕەنسا بێ. ئەو بە بەدیهێنانی گۆڕانێکی نوێ مزگێنی دەرکەوتن و خۆیابوونێکی جیاواز بە خوێنەران دەدات. گۆڕانێک کە بە سوریالیزمی سەرکێش نێودێر دەکرێ. (هەمان سەرچاوە، ٥٥)، هەروەها لە مەڕ دوو شاعیری دیکەی کوردەوە دەنووسێ: جاری وایە هەست دەکەم "عەبدوڵڵا

پەشێو" و "لەتیف هەڵمەت" هاووڵاتیانی "ئەمە سەزەر" و "دیڤید هیوپ" یان "لانگستوون هیوس"ن. (هەمان سەرچاوە، ٥٣) لە سەلماندنی ئەو کاریگەرێتییەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی وەک یەکێک لە سازدەرەکانی شوناسساز بۆ کوردەکان، "مەنوچیهر ئاتەشی" لە پێشەنگانی شیعری هاوچەرخی فارسی دەنووسێ : لە گەرمەی سەرلێشێواوییەکاندا، ئەو گەلە هانەیەکی گرینگی بۆ بەرهەمهێنانی شیعر هەبووە تا دەنگی خۆی لە ژێر ئاسمانەکانی جیهاندا هەڵبڕێ، ئەو دەنگەش لە گوێی جیهاندا بزرینگێتەوە. بەو شێوەیەیە کە شیعری کوردی توانیویەتی سیمای درەوشاوەی بێ. سیمای هێندە درەوشاوە کە دەتوانین بە پاڵپشتی بەرهەمی ئەوان بێ ترسی تانەوتەشەری بەرچاوتەنگ و پاوانخوازان بڵێین: شیعری فارسی هاوچەرخ بەو پلەیە لە ناسران و کەوتنە بەر سەرنج لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەگەیشتووە. شایەت و سەلمێنەری ئەو قسەیەش شیعرەکانی شاعیرانی وەک شیرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێو و ڕەفیق سابیرە. (اتشی، ٨:١٣٨٦) ڕەخنەگری ئەدەبی ناوداری ئێرانی "تەقی پورنامداریان"یش لە مەڕ شیعری بەرز و بڵندی (دەربەندی پەپوولە)وە دەنووسێ: ئەو مەنزوومەیە شاکارێکی بێ وێنەی جیهانییە و حەماسەی زیندوو و بەردەوامی گەلی کوردە. (پور نامداریان، ١٣٨٠: ٤٠)، کەواتە دەتوانین بڵێین جیهانیبوون پانتاییەکی ڕەخساندووە کە شاعیران و نووسەرانی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان ئامادە بن، هەر ئەوانیش بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە هەوڵ دەدەن ئەدەبیات و زمانی نەتەوەی خۆیان بناسێنن و بۆ زەنگین و ڕەنگین کردنی تێدەکۆشن. لە لایەکی دیکەوە جیهانیبوون بە هێنانە ئارای واتاگەلی تایبەت و جوداوازی وەک مافی مرۆڤ، دیموکراسی، مافی ژن، ژینگەپارێزی، سڕینەوەی سنوورەکان و...تاد وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێ دنیابینی ئەدیبانی کوردی گۆڕیوە، ڕوانینی تاک ڕەهەندی ئەوان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بە چاوێکی کراوە و ڕوانینێکی بەرینترەوە دەستیان بە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی کردووە. بەرهەمی ئەدەبی کوردی ئێستاکە بە تایبەتمەندی و تێم و ناواخنی ناوچەیی کە هەڵگری خەون و خولیا و داب و ڕەسم و جوانیناسی تایبەتە و پێکهاتە و تەکنیکی جیهانییەوە، بۆ کۆمەڵگای ئەدەبی جیهان ناسراوە، کەواتە ئەدەبیاتی کوردی هەم زمانی کوردی دەوڵەمەند کردووە و هەم شوناسی کولتووری کوردەکانی بە جیهان ناساندووە. ئەو دووانەش هەردووکیان لە سازدەرە گرینگەکانی شوناسی نەتەوەیین و دەتوانین بڵێین جیهانی بوونی پێوەندییەکان و لێکگرێدراوی سەردەمی نوێ و واتا جیهانداگرەکان، کە لەو سەردەمەدا بڵاو بوونەتەوە، لە دەوڵەمەندکردنی ئەو سازدەرانەی شوناسی نەتەوەیی کورددا کاریگەر بوون. هەرچی ئەو ڕەوتە گورج و خێراتر بێ، بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە تۆڕی کولتووری جیهاندا زیاتر بەبرەو دەکەوێ. بەخشینی نازناوی "ئیمپراتۆری شیعری جیهان" بە شێرکۆ بێکەس پاش مەرگی، لە لایەن شاعیران و نووسەرانی غەیرە کوردەوە، بە تایبەت لە ئێراندا ئەو ڕاستییەی دەرخست کە لە لایەک زمانی هونەر کە شێرکۆ بێکەس لە پەریزاد و گوڵەکەی دوژمنیدا ستایشی دەکات، شانوشەوکەتێکی بێ وێنە بە نەتەوەیەک دەبەخشێ و لە لایەکی دیکەوە شێرکۆ بێکەس ئەوەندەی لە ژیانیدا هەوڵی دەوڵەمەند کردن و ناساندنی شوناسی نەتەوەیی و کولتووری خۆیدا، مەرگیشی ناوبانگ و دەرکەوتنێکی دیکە بوو.

**سەرچاوە:**
**- اتشی، منوچهر (١٣٨٦) شعر کردی بخشی از پیکرەی فرهنگ ایرانی و جهانی، فصلنامەی تخصصی شعر گوهران.**
**- ئۆپێرا، نیکوولینا (٢٠١٠) نامەیەک بۆ شێرکۆ بێکەس، سلێمانی؛ گۆڤاری ئاینده، ژمارە ٨٩.**
**- بێکەس، شێرکۆ (١٩٩٣) ئافات، بێ نا.**
**- پورنامداریان، محمد تقی (١٣٨٠) درە پروانە و حلبچە، مجله انجمن زبان، فرهنگ و هنر کرد، شمارە ٧، تهران: دانشگاه شهید بهشتی.**
**- حسن، شێرزاد (١٣٨٤) حصار و سگ های پدرم، ترجمه مریوان حلبچە ای، تهران: نشر چشمه.**
**- خانی، ئەحمەد، (١٣٦٧) مەم و زین، ارومیه: انتشارات صلاح الدین ایوبی.**
**- خزائل، حسن (١٣٨٤) فرهنگ ادبیات جهان، تهران: معاونت امور فرهنگی وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.**
**- ڕضایی، یونس (١٣٨٣) شیرکو بی کس اندوه سرای ڕنج دیدگان، ارومیه:نشریه تا خورشید، شماره چهارم سال سوم.**
**- صالحی، سید علی (١٣٧٠) جهان و مویه های ازلی، تهران: مجله دنیای سخن شماره ٤٤.**
**- شێرکۆ بێکەس لە فیستیڤاڵی شیعری دنیا لە هوڵەندا - (٢٠٠٢)، سلێمانی:گۆڤاری ئاینده، ژمارە ٤٣.**
**- کرۆسێل، پیترا (٢٠٠٠) ئێمە پێشتر خاکی کوردانمان دزیوە (نامەیەک بۆ شێرکۆ بێکەس) سلێمانی: گۆڤاری سەردەم، ژمارە٨.**

# ئەحمەدی خانی و نەتەوەسازی لە (میر)ــەوە بۆ (منداڵ)

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

**پوختە**

پرسی نەتەوەسازی، پرسێک-ە زیاتر پێوەندی بە چەمکی (شار) و قۆناغی کۆمەڵایەتی (سەرمایەداری)یەوە هەیە، چونکە هەریەک لە نەتەوە- دروستکردنی مەعریفی و وشیاریی نەتەوەیی بەرهەمی شارن.

ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٦ جیا لە دیتنی ڕۆژئاوا بۆ ئەو چەمکانە لە کۆنتێکستێکی دەرەبەگی کاری لە سەر دوو شت کرد:

١- بڵاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی لای میرانی کورد تا بینە خودانی شوناسی جیا.

٢- نەتەوەسازیی گۆشکراو بە مەعریفەی ئایینی لای منداڵی کورد.

**دەسپێک**

ئەحمەدی خانی و مەلا عەلی تەرەماخی دوو ڕووناکبیری کۆمەڵگای کوردی بوون، هەردووک بە کارەکانیان وەپێش ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا کەوتبوون لە بڵاوکردنەوەی پرسی نەتەوەسازی -دروستکردنی نەتەوە و فیلۆلۆژی بەراورد.

لەم کورتە نووسینەدا دەمانەوێت ڕۆڵی ئەحمەدی خانی لە نەتەوەسازی و پەروەردەی منداڵانی کورد بە مەعریفەی ئیسلامی دیاری بکەین، ئەمەش بەرایی "کورداندنی" ئیسلام بوو، ئەمەش زۆر پێش دوو تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی بوو لە نێو کورددا.

**بەشی یەکەم**

**وشیارکردنەوەی میرانی کورد بۆ شوناس دروستکردن**

لەم بەشەدا قسە لە سەر دوو شتی پێکەوە گرێدراو



ئەحمەدی خانی

دەکەین، بۆیە هەر یەکەی سەرباسێک دەگرێت.

**سەرباسی یەکەم:**

-نەتەوەسازی (نەتەوە- دروستکردن) -Nation building لە ڕۆژئاوا گریمانی ئەوە دەکرێت کە هەریەک لە (نەتەوەسازی) و (نیشتمانسازی) بەرهەمی سەرمایەدارین، چونکە لە (شار) دەردەکەون. وشەی نەیشن بیلّدینگ لە ئینگلیزیدا هەردوو واتای (نەتەوەسازی) و (نیشتیمانسازی) لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە وشەکە لە ل١٠١٧ی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بە دوو واتا هاتووە:

1- a country considered as a group of people with the same language, culture and history who live in a particular area under one government

2- all the people in a country synonym population

3- derived from nation-hood : citizenship- p.1017"

بە واتای:١- نیشتیمانێک بە کۆمەڵێک خەڵک دادەنرێن، کە هەمان زمان و کولتوور و مێژوویان هەبێت. ٢- گەل: دانیشتوان. ٣- لە نەتەوایەتی داڕێژراوە بە واتای هاوولاتی دێت."وێڕای ئۆکسفۆرد لە فەرهەنگێکی دیدا هاتووە: نەتەوە بریتییە ١- لە بەشی سەرەکی خەڵک کە سیاسی ڕێکخراون لەژێر سایەی یەک حکوومەت. ٢-ئەو خەڵکانەی لە نیشتیمانێک دەژین. ٣- فیدراسیۆنی خێڵەکان.

ئەو دوو واتایە لە کوردیدا لێک جیان، هەر یەکەیان واتایەک دەدات، واتای یەکەم، چەمکی نەتەوە پێکهێنەری نەتەوەسازییە.

وشەی (نەتەوە) جەختی لە سەر دەکرێت. لە چەمکی نەتەوەسازیدا دەفامرێتەوە کە بریتییە لە " خولّقاندنی پارەفێرنالیای نیشتمانی وەک ئالا، سروودی نیشتیمانی، ڕۆژی نیشتیمانی، زمانی نەتەوەیی... لە یەک نەتەوەدا."

هەروەها حارس سلێمان لە فەرهەنگی المعجم القانونی لاپەڕە (٤٧١) دەربارەی ئەم واتایە دەنووسێت: "أمة، مجموعة شعوب تتكلم ذات اللغة وترجع الى ارومة واحدة و تشترک في التاريخ والعادات والتقاليد والطابع الخلقي العام وان فصلت بينها حدود جغرافية او سياسية او تباينت انواع الحكم فيها".

واتای دووەمی نەیشن بیلدینگ، کار لە سەر (نیشتیمان -قەوارەی سیاسی) دەکات.

ئەم واتایەش لە نێو ڕوناکبیرانی کورد هەیە، بۆ نموونە:

دکتۆر دلاوەر عەلائەددین لە ل١٤ی کتێبی (نیشتیمانسازی) ئەوها لە واتای نەیشن بیلّدینگ دەدوێت::"نێیشن وشەیەکە (کە لە بلاوکراوە جیهانییەکاندا زۆربەکاردێت) لە ڕووی زمانەوانییەوە کوتومت مانای نیشتیمان-وطن- دەگرێتەوە...".

.چ نەتەوەسازی بێت، یان نیشتیمانسازی بێت هۆشیاریی نەتەوەیی دروست نابێ، چونکە هۆشیاریی نەتەوەیی پرسی (گوندبوونی کۆمەڵگا) و (ئامادەگی ئاغا و دەرەبەگ) لە کۆمەڵگا دەسڕێتەوە، بۆ نموونە:

چنار سەعد ٢٠١٠ لە ل٢٩ی کتێبی (پەروەردە و نەتەوایەتی) دەنووسێت: "هۆشیاریی نەتەوەیی ئەو کاتە دەست بە گەشەکردن و سەرهەڵدان دەکات کە تاکەکانی نێو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی بتوانن لە کۆتوبەندی خێڵ و بنەماڵەیی و ئایینی ڕزگاریان بێت و خۆشەویستییان سنووری ناوچە و پێکهاتە لۆکاڵییەکان ببەزێنێ و هەموو نەتەوە بگرێتەوە."

دکتۆر ڕەشاد میران لە ل٢٤٣ی مەعریفەی هۆشیاریی

کـۆمـەڵایەتی و هۆشـیـاریی نەتەوەییـدا دەنووسـێت:" هۆشیـاریی نەتەوەیی بریـتیـیـە لە زانیـاری تاکـەکـان لە بارەی زمـان، مـێـژوو، کـولتـوور و تایبـەتمەندییـەکـانی نەتەوەیی خۆیان."

**سەرباسی دووەم: ئەحمەدی خانی و میرانی کورد**

کە لە دەقەکانی خانی ورد دەبینەوە، هەردوو واتاکەی نێیشن بیلدینگ ئامادەیی هەیە.

ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٦ وەک زانایەکی ئایینی مـەعـریفـەدار، پرسی (پادشـا هەبوون) و (دەوڵەت هەبوون) و (جـیـابوون لە نەتەوەی تر) بە (ئایین: ئیسلام)ـەوە گرێ دەدات و لە (مەم و زین)دا دەبێژیت:

**گەر دێ هەبوا مە پادشاهەک**
**لایق بدیا خودێ کولاهەک**
**تەعیین بە بوویا ژ بۆ وی تاجەک**
**ئەلبەتە دبوو مە ژی ڕەواجەک**
یان
**"گەر دی هەبوویا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک**
**ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیان ژ مەرا دکر غولامی**
**تەکمیل دکر مە ئایین و دەولەت**
**تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت-ل١١٣-١١٤"**

"پاش نا ئامادەگی (پرسی نەتەوە) و (پرسی ئایین) لە گوتاری مـیـری کـوردی، خانی بوێرانە بڕیار دەدا بەوەی شەرمە بیێتە شاعیری دیوەخان و بە شان و باڵی ئاغای کورددا هەڵبلـێت، بۆیە تەنانەت ئامادە نییـە هەتا لە دیوەخانیشیان دابنیشێت:

**"ئەز ناچمە حەزرەتا چو میران**
**ئەز نابمە بەندەیی ئەسیران**
**ئەڤ میر و وەزیریا مەجازی**
**ئەڤ شەعبەدە و خەیاڵ و بازی**
**بیلجوملە بەتاڵ و بێ بەقانە**
**بێ عاقیبەتن هەمی فەنانە-ل١٦٤"**

لەمـەش زیاتر لە نەزەر خـانی مـیـرانی کـورد ڕێزی (ئەهلی قەڵەم و هزر) ناگرن.

خـانی ئەو دووە(نەتەوە و ئایین) نـەک هەر لای مـیـری کـورد نابینێ، بەڵکو باوەڕی وایە هەمـوو لە ڕەگـەزی مارن، ناتەبان، وەک دەڵێت:

**"حوکام هەموو ژ جنسی مارن**
**ئەسحابی سمووم و میهرەدارن-ل١٥٢"**

ئەو خەونەی خانی، نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی، لە مـیـرانی کورد بە دەست نایەت. ئەو پشـتگوێ خسـتنەی خانی وای کـرد، جۆرە لاسـەنگییـەک لە خەباتی کـورد دروسـت ببـێت: بـەوەی پـرسی نـەتـەوەسـازی و نیـشـتـیـمـانسـازی بە ئاییندارى نەبەستنەوە، هەروەها بەشـێکی کـەمـیش لە ڕووناکـبـیـری ئایینی پشت لە خـەمـەکـانی نەتەوە بکات و تەنیـا خـۆی و غـەزەل و سۆفیگەری ببینێت.

ئەو ڕووناکـبـیـرانەی وەک خـانی پرسی نەتەوە و ئایین پێکەوە گرێ دەدەن بۆ ئەوەی لە (لاسەنگی) دەرچن، زۆر کەمن و لە پەنجەکانی دوو دەست تێپەڕ ناکەن، بۆ نموونە هەر تەنیـا ڕووناکـبـیـری وەک (نالی) و (حاجی قـادری کـۆیی) و (مـەلای گـەورە) و (ئەسـیـری) و (خـدر کۆساری)...تاد مان هەیە، بەڵام دەیان شاعیرمان هەیە، کـە تـەنیـا لایەکی گـرتووە: نەتەوە دوور لە ئایین، ئایین دوور لە نـەتەوە، پرسی نـەتەوە لەگـەڵ غـەزەل و چاوی بە خاڵ!

## بەشی دووەم
## نەتەوەسازی لە منداڵ

(منداڵ) وەک (مـیـر) لە کـۆشـک نیـیـە، بەڵکو (لە سەردەمی خانی) لە مزگەوت بوو، بە واتای مزگەوت لە پێشـوو هەر شوێنی عیـبادەت (پەرستش) نەبوو، بەڵکو شـوێنی (فـێـربوون) و گـەیاندنی (فـەرمـایشت) بوو. فـێـربوون و فـێرکـردن و فـەرمـایشت پێـدان لە ئەورووپا مێژوویەکی کۆنتری لە کورد نییە. مەلا عەلی تەرەماخی لە کـۆتایی سـەدەی شـازدە ١٥٩٢، خـەریکی وتنەوەی (دەسـتـووری زمـانی عـەرەبی) بوو بە کـوردی. ئەو کـارە فـیـلۆلۆژییـەی تەرەمـاخی چەند سـەدەیەک لە پێش فیلۆلۆژیانی ئەورووپا بوو. ڕەشید فندی لە کتێبی (عەلی تەرەمـاخی ڕێزمـاننووس) تەرەمـاخی بە یەکـەم پەخـشـان نووس و ڕێزمانووسی کورد دادەنێت."

مێژووی دەرکەوتنی نوسینی دیداکتیکی (تەعلیمی) دەگێڕنەوە بۆ وتاری ئەلێکزەندەر پۆپ بە ناوی " وتارێک

له سەر کریتیسیزم –ڕەخنەگری- ١٧١١"

هەرچی بیرۆکەی فێرکردنە لە ڕێگای شیعرەوە زۆر نوێیە، کوردون ١٩٩٨ لە ل٢٢٤ی فەرهەنگە ئەدەبییەکەیدا دەنووسێت: "فەرهەنگی دیداکتیکی لە ڕۆژئاوا لە سەدەی هەژدەم زیندوو بوونەوە، یان ڕێنیسانسی بە خۆوە بینیوە."

## فەرهەنگی دیداکتیکی لای ئەحمەدی خانی

پاش بێ ئومێدبوونی خانی لە (میرانی کوردی)، ئەو هەر کۆڵ نادات، ئەم جارە دەیەوێ دووانەی (نەتەوە) و (ئایین) لای منداڵی کورد تاقی بکاتەوە. فەرهەنگۆکێک بەناوی " فەرهەنگا نۆبەهار " یان " نۆبەهارا بچویکا " بۆ منداڵانی کورد ئامادە دەکات و دوالیزمەکەی لە نەتەوە و ئایین دەکاتە سیانە، پەروەردەی مەعریفیشی دەخاتە سەر وەک دەڵێت:

**" ڤێک ئێخستی ئەحمەدێ خانی**
**ناڤێ (نۆبەهارا بچووکان) لێ دانی**
**نەژ بۆ صاحب ڕەواجان**
**بەڵکە ژبۆ بچووکێد کورمانجان-جهانی، ل٢٢"**

د.نەجات عەبدوڵڵا ٢٠٠٧ لە ل١٠ی تێکستی کوردی، کە ئەلبێرت فۆنلۆکۆک کۆی کردووەتەوە، کە دەقێکی نەوبەهارا بچویکا بە تێکەڵاوی لەگەڵ (عەقیدا ئیمان) لە کتێبخانەی (ماربۆگ-بەرلین) هەڵگیراوە، هەروەها ئەنوەر سوڵتانی ١٩٩٧ قسە لە سەر ئەوە دەکات کە هەردوو دەستنووس لە کتێبخانەی بەریتانی هەڵگیراون، هەروەها سوڵتانی دەڵێت: هەردوو دەستنووس تەنیا (دە) لاپەڕن.

ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەو دەستنووسەی لە کتێبخانەی بەریتانیا هەیە تەواوی نامیلکەکە نییە، چونکە پەرویز جیهانی لە ١٣٦٧ هەتاوی تەنیا دەقی نەوبەهارا بچویکا لە ٤١ لاپەڕە (٢١-٦٢) بڵاودەکاتەوە.

ئەو (٤١) لاپەڕەی خانی لە سەر وەرگێرانی وتە دژوارەکانی ئیسلام بۆ (شاگرد)ی کورد دەکاتە کوردی هەتا هەر لە سەرەتاوە نەوەیەکی مەعریفی پاک لە منداڵی کورد دروست بکات.

سادق بەهائەددین ١٩٧٩، ل٣١، عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ ١٩٧٩، ل٣٥ و کۆیی ٢٠١٣ باس لەوە دەکەن کە فەرهەنگی دیداکتیکی کوردی لە کۆتایی سەدەی حەڤدەم، بە تایبەتی لە ١٦٨٣ (ساڵی بڵاکردنەوەی نەوبەهارا بچویکان دەسپێکی ئەو بەرهەمەی حوجرەی کوردییە.

ئەو جۆرە شیعرەش وێڕای ئاشناکردنی منداڵی کورد بە فەرمایشتەکانی ئیسلام، ئامانجێکی تری هەبوو، ئەویش ئامانجی نەتەوەیی بوو. لەو ڕوانگەیەوە دکتۆر جەمال نەبەز ١٩٨٤ و کامیل ژیر ٢٠١٠ خانی بە " هزرمەندی ناسیۆنالیزم " دادەنێن، هەرچی دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵە ٢٠٠٨ بە فەیلەسووف و هزرمەندی کوردی دادەنێت.

فەرهاد شاکەلی ١٩٩٧ لە ل١٦ی کتێبی (خانی و بیری نەتەوەیی)دا دوو خاڵی مەزن لە تێکستی خانی هەڵدەهێنجێت، ئەویش بریتین لە:

١- هەرچەندە خانی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی دەزانی، بەڵام کارە ئەدەبییەکانی خۆی بە کوردی نووسی.

٢- خانی لە ڕێگای کارە ئەدەبییەکانەوە توانی هزری خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا تەوزیف بکات.

## ئەنجام

هەردوو بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی ئاییندار و شیعری دیداکتیکی خانی چەند سەدەیەک بەر لە ڕۆژئاواییەکان دروست بوون. لەلایەکی ترەوە، خانی تەنیا دوو ڕێگەی بە دەستەوە بوو، هزری نەتەوەسازی و ئاییندار خۆی بە کورد بگەیەنێت، سەرەتا ئاراستەی گوتاری رووی لە میرانی کورد بوو، هەر کە لێیان بێ ئومێد بوو تەرکی دیوەخانی کردن. ئەم جارە رووی کردە منداڵی کورد لە مزگەوت و ویستی لایەنێکی مەعریفی لای منداڵی کورد دروست بکات، تا ئەوەی بە میرانی کورد نەکرا، ئەوان لە ئاییندەدا بیکەن، لە پاش ئەویش ئەوە لای مەلای کورد لە ئەحمەدی و دوو ڕشتەدا، دووبارە بووەوە.

# وەرزی گرانەتا لەنێوان دوو چیرۆکنووسدا

جەلیل کاکەوەیس

چیـــــرۆکی وەرزی گــــرانەتا لە ڕۆژی ١-١-١٩٧٢ نـووسـراوە، ئەم مـێـژووەش لە گـەرمـەی بانگەواز و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگەدا بوو، هەر ئەو دەمە ئەم بزووتنەوەیە لە نێـــوان یار و نەیاردا بەســـەر چەند بۆچوونێکدا لە هەڵکشان و داکشاندا بوو؛ بۆچوونێکیان پاشـخـان و کـردەی پێش خـۆیان ڕەت دەکـردەوە و دەیانەویست مـێـژوو لەخـۆیانەوە دەست پێ بکات، بۆچوونی دووەم تاڕادەیەک میـانڕەو بوون و دەیانەویست کـۆن و نوێ پێکەوە گـرێ بدەن و پێـیـان وابوو گـەرەکـە کردەی پێشـوونان بەهەناسەیەکی تازە و سەردەمیـیـانە کـاریان لەسـەر بکرێ و دەق و شـاکـاری تازەیان لەسـەر ڕۆبنرێ و ئەدەبی کـوردی لەڕەوتە جـیـهـانـیـیـەکـە دوانەکەوێت، لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەشدا، نەوەی دوای (گـۆران) و هێـڵـەکـەی دوای (گـۆران) بەگـەرمـوگـوڕی لەهزریاندا مـابوو، بۆیە هەڵچـوون و بانگەشـەکـانی ڕوانگەییەکانیان پێ قووت نەدەچوو و هێشتا وابەستەی قوتابخانەکەی گۆران بوون.

تا ئێستا زۆر قسە و باس لەسەر ڕەوتی ڕوانگە کراوە و بەپێـویسـتی نازانم زیاتر بەتانایدا بچم، بۆیە ئەوەی لێرەدا مەبەستە، هەڵوەستەکردنە لەسەر چیرۆکی (وەرزی گرانەتا)، چونکە پێم وایە ئەم چیرۆکە هەر لەژێر تەوژم و کـەفـوکـوڵی بزووتنەی ڕوانگەدا نووسـراوە، بەتایبـەتی لەخانەی بۆچوونی یەکەم دادەنرێ، چونکە چ لەڕووی فۆرم و چ لەڕووی نێـوەرۆکـەوە پەیڕەوی پێـشـوونانی خـۆی نەکردووە.

### دەستپێشخەری

* بەش بەحـاڵی خـۆم بەر لەبڵاوبوونەوەی چیـرۆکی



**لەتیف حامید**

(وەرزی گرانەتا) جگە لە هونەرکارییەکانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، وەک چوارخشتەکی و پێنج خشتەکی کە لەسەر شیعری شاعیرانی تر دەیاننووسی، هیچ دەقێکی ئەدەبیم بەرچاو نەکەوتووە کە دوو نووسەر بەهاوبەشی نووسیبێتیان، واتا دوو نووسەر بەهەمان نەفەس و خولیا و سرووشەوە، یەکەمیان نیوەی دەقەکەی نووسیبێت و بەهەر هۆیەکەوە بێت لەشوێنێکدا وەستا بێت و خاڵێکی دانابێت، ئینجا نووسەری دووەم بەهەمان نەفەس و تەکنیکەوە ئەو دەقە نیوەچڵەی تەواو کردبێت. ئەوەتا دەبینین چیرۆکی وەرزی گرانەتا، مۆری دوو چیرۆکنووسی بەم شێوەیە بەسەرەوەیە:

نووسینی: قادر حسێن.

تەواوکردنی: لەتیف حامید.

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت لەکۆتایی نووسینی هەریەکەیاندا ئەم مێژووە تۆمار کراوە: ١- ١ -١٩٧٢، واتا چیرۆکەکە لە یەک رۆژدا نووسراوە، ئاوهاش ئەگەر مێژووی نووسینی چیرۆکەکە رەچاو بکەین، ئەوە بیرمان بۆ دوو گریمانە دەچێت.

**گریمانەی یەکەم:** خەیاڵ بۆ ئەوە دەچێت کە لەنێوان هەر دوو چیرۆکنووسدا رێککەوتنێکی پێشوەختە هەبووبێت تا پێکەوە بەهاوبەشی پرۆژەیەکی ئەدەبی وەک کارێکی دەستپێشخەری و ناوازە بکەن، ئاوهاش ئەوەمان بەخەیاڵدا دێت کە پێش دەست پێکردن بەهەردووکیان، بیرۆکەی دارشتن و چنینی چیرۆکەکەیان لەرووی شێواز و تیمەوە لەنێوان خۆیاندا گەڵاڵە کردبێت، تەنانەت ئەو شوێنەی کە دەبێت چیرۆکنووسی یەکەم دەست هەڵبگرێت، دیاری کردبێت، ئینجا چیرۆکنووسی دووەم بەهەمان نەفەسەوە پاشماوە و کۆتایی چیرۆکەکە تەواو بکات، بەمەرجێ هەڵوەستەکردن لەسەر رووداو و خەسێتی هەر یەکێ لەکارەکتەرەکانی چیرۆکەکە لای هەردوو چیرۆکنووس هەمان خەسێت و رەفتار و هەڵسوکەوت بێت، لەمەش گرینگتر ئاخۆ پاشماوە و کۆتایی چیرۆکەکە تەواو هاوشان و درێژەپێدەری سەرەتای چیرۆکەکەیە؟

**گریمانەی دووەم:** خەیاڵ بۆ ئەوە دەچێت کە نووسەری یەکەم (قادر حسێن)، بۆیە لەشوێنێکدا وەستاوە، رەنگە سەرەداوەکانی تیمەی چیرۆکەکەی لێ ون بووبێت و نەیتوانیبێت درێژە بە رووداوەکان بدات، بۆیە دواجار چیرۆکنووسی دووەم (لەتیف حامید) درێژەی بەچیرۆکەکە داوە و تەواوی کردووە، بەڵام کە جارێکی تر دیقەتی مێژووی نووسینی چیرۆکەکە دەدەین کە (١-١-١٩٧٢)ە، دەبینین ئەم گریمانەیە لاواز دەبێت و هێزی گریمانەی یەکەم زاڵ دەکات.

## گێڕانەوە لە نێوان هەر دوو چیرۆکنووسدا

لە چیرۆکی وەرزی گرانەتادا، چەند گێڕەرەوەیەک بەتانی رووداوەکانی ئەم چیرۆکەدا دەچن: گێڕەرەوەیەک دەستی بەسەر پانتایی رووداوەکاندا گرتووە و ئاگای لە ورد و درشتی رووداوەکان هەیە و وەک رەخنەگران ناویان لێی ناوە (گێڕەرەوەی هەموو شتزان) دیارە ئەم گێڕەرەوەیەش چیرۆکنووس خۆیەتی (هەر دوو چیرۆکنووس). گێڕەرەوەی دووەم لە رێگەی خۆدواندنەوە خۆیمان پێ دەناسێنێت کە کەسی سێیەم (ئەو)ەو هەندێ جار ناڕاستەوخۆ وەک ئەوەی گێڕەرەوەی یەکەم (هەر دوو چیرۆکنووس) رووداو بگێڕنەوە، خۆ نمایش دەکەن، کەچی راستییەکەی ئەوە (ئەو)ی سێیەم کەسە خۆی دەدوێنێت؛ (ئەم شارەی پێی تێناوە چ شارێکە؟ کێ هاوردییە ئێرە؟ مەبەست چییە لەهاتنی؟ بەڵام ئەبێ خۆی لێیان بکێشێتەوە، چونکە وەڵامیان دەستگیر نابێت).

دەبینین هەر لە رێگەی خۆدواندنەوە (ئەو) راستەوخۆ

دەبێتە گێڕەرەوە و خۆی بەتەواوی دەناسێنێت؛ (من بڕوام نایە ئەم وتەیەم لێ ڕەت بووبێت لەمەوپێش، هەرچەندە خۆم ئەگوشم ناگەمە ئەنجامێک).

لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە لە ڕواڵەتدا چیرۆکێکی ئاساییە، بەڵام کە لەنێوەرۆکەکەی ورد دەبینەوە، دەبینین لێوانلێوە لە هێماکاری و بە تونێژاڵێکی چڕ بەتەمومژ داپۆشراوە، هەر ئەمەش وای کردووە لە ڕۆڵی کارەکتەرەکان و لەنۆرەی قسەکردنیاندا تێکەڵییەک دروست بووە، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەدەنگی چیرۆکبێژی ئاشکرا (هەر دوو چیرۆکنووس) و دەنگی (ئەو)ی سێیەم کەس، هەندێ دەنگی دیکە دەژنەوین، وەک (ئەوان) کە لەمیانەی گێڕانەوەی هەر دوو چیرۆکنووسەوە ناوبەناو دەبیسترێن، وەک لێرەدا دەردەکەوێت؛ (خەڵکی بەشێتی تێ ئەگەیشتن، بەڵام نەیشیان ئەتوانی ڕێز لەکردەوەکانی نەگرن)، یان (دەنگێک تێیانی خوڕی)، دەبینین (ئەوان) ناسنامەیان ئاشکرا نییە و ئەگەر بەدیدی سەردەمی چیرۆکەکە بڕوانینە دەمودووی کارەکتەرەکان، ئەوە ئەو (ئەوان)ە دەبێ هەر بەمیللەت دابنێین، ئەو دوو دەنگەش کە جارێک ڕێزیان دەگرێت و جارێکی دی تێیان دەخوڕێت، گریمانەی دەنگێکی نەیاری بۆ دەکرێ و ڕەنگە دەنگی دادوەر، یان یاساوڵێک بێت، چونکە مێژووی میللەتەکەمان ئەوەی سەلماندووە کە هەمیشە نەیارەکانی بەزمانێکی زبر مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە.

## زمان و کۆتایی چیرۆکەکە

ئەگەر بە دەقی ئەو چیرۆکانەدا بچینەوە کە لەسەردەمی ڕوانگەدا نووسراون، دەبینین زمانی ئەو دەقانە تاڕادەیەکی زۆر لەیەکترەوە نزیکن، چونکە چیرۆکنووسان بەزۆری پەنایان دەبردە بەر هێماکاری و لەئەنجامدا دەقەکە بەکۆمەڵێ تەمومژ دادەپۆشرا، ئەمە لە ئاستی تاکەکەسیدا بەڕوونی پەیڕەو دەکرا، بۆیە دەبینین لە چیرۆکی وەرزی گرانەتادا شێوازی دەربڕین لەلای هەر دوو چیرۆکنووس، بەڕادەیەک پێکەوە جۆشیان خواردووە، ئەگەر مۆری چیرۆکنووسەکانی لێ دابماڵرێ، ئەوە ئەستەمە شێوازی زمانەکەیان لەیەکتر جیابکرێتەوە، بەڵام بڵاوکەرەوەکانی (نێرگز) فۆنتی هەر پشکێک لەپشکی دوو چیرۆکنووسەکەی جیاکردووەتەوە، بەوەی پشکەکەی (لەتیف حامید)یان بەخەتێکی ڕەش نووسیوەو خستوویانەتە نێو کەوانەوە، ئەمەش جیاکردنەوەی ڕواڵەتی زمان و شێوازی هەردوو چیرۆکنووسەکەیە، نەک جیاوازی تەکنیکی.

با بۆ بەراورد کردن بڕوانینە کۆتایی پشکی هەر یەک لە چیرۆکنووسەکان، قادر حسێن کاتێ باسی کەسی سێیەم دەکات و بەم پەرەگرافە کۆتایی بە بەشەکەی خۆی دەهێنێت؛ (وێنەی هۆڵ و دادگای لەبەرچاو ون بوو، کە خۆی ڕاپسکان سەیری کرد دەوری گیراوە، دایکی و خوشکەکانی بەسەریا ئەگرین. تەکانی دایە خۆی، بەگورجی جێگاکەی بەجێ هێشت، دەنگیان لێ بەرز نەبووەوە، پەتاکە پیسی کردووە لێی... گوێتان لە وڕێنەکانی نەبوو؟!).

ئەگەر بەگوێرەی دوا ڕستە (پەتاکە پیسی کردووە لێی... گوێتان لە وڕێنەکانی نەبوو؟!) بێت، ئەوە شاکەسی چیرۆکەکە (ئەو) کۆتایی بەئەرکەکانی هاتووەو ئیدی بەوای پەتاکەیەوە چاوەڕوانی کردەیەکی دیکەی لێ ناکرێ تا بەشداری ڕەوتی ڕووداوەکانی دیکەی چیرۆکەکە بکات، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی ترەوە بەپێی میتودی کۆتایی کراوە و کۆتایی داخراوەی چیرۆک، دەبینین لەکۆتایی کراوەدا چیرۆک ئەوەی بە بەرەوە دەمێنێت کە خوێنەر شتی دیکەی بخاتەسەر، کەچی لەکۆتایی داخراوەدا ڕووداوەکانی چیرۆکەکە کلۆم دەکرێن و ئیدی ئەوەی بەبەرەوە نامێنێت هیچ ڕستەیەکی دیکەی بخرێتە سەر. بەپێی دوا ڕستەی چیرۆکنووسی یەکەم گریمانەی ئەوە دەکرێ کە شاکەسەکە (ئەو) لە پەتاکە بخەلەسێت و درێژە بەڕەوتی ڕووداوەکان بدات، ئاوهاش دەکرێ ئەم چیرۆکە بەکۆتایی کراوە بناسین، بۆیە پێم وایە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە چیرۆکنووسی یەکەم بە ئەنقەست چیرۆکەکەی بەکراوەیی جێ هێشتووە تا بوار بۆ چیرۆکنووسی دووەم (لەتیف حامید) خۆش بکات بیرۆکەی خۆی تێکەڵی دنیاکەی ئەو بکات، بۆیە ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا پشکەکەی لەتیف حامید پتر لە ڕوون کردنەوەیەک دەچێت، لێرەدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر کۆتایی کراوەی ئەم چیرۆکە دەکەمەوە، چونکە چیرۆکنووسی دووەم هەر لە ڕێگەی گریمانەوە شاکەسی چیرۆکەکە (ئەو)ی لەدوای (نەخۆشی و وڕێنەکردن) بەرەو دۆخێکی تەندروست و وەئاگاهاتنەوە دەبات و هەر لە

زمـانی (ئەو)ـەوە دەڵێت؛ (ئەوەی من دیم خـەو نـەبوو، بـەڵکـو دادگــــــایـەکی ڕاست و ڕەوان بـوو). دەبـینـین شاکەسەکە بەجۆرێ وریا دەبێتەوە تا بڵێت؛ (گوێم لێ بگرن لەمەودوا بەدەوری ڕاستەقینەی خۆم هەڵئەسم بۆ ڕاستکردنەوەتان). دەبینین شاکەسی ئەم چیرۆکە نەک هەر لە نەخۆشی و پەتاکە ڕزگاری دەبێت، بەڵکو ڕۆڵی ڕابەرایەتی (ئەوان)یش دەبینێت، کەواتە چیرۆکنووسی دووەم (لەتیف حامید) شاکەسی چیرۆکەکە دەگۆڕێت و لەکەسێکی دەستەوسانەوە دەیکات بەکەسێکی کارا و پێشەنگ، کەواتە مەبەست لە کۆتایی کراوەی چیرۆک ئەگەر لای خوێنەرێکی ئاسایی هەر بەزارەکی هەندێ شتی تازە بخرێتە سەر چیرۆکێک، ئەوە لەتیف حامید بەکارەکی و بەنووسین بیرۆکەی تازەی خۆی بۆ چیرۆکی وەرزی گرانەتا زیاد کردووەو تێکەڵی دەقەکەی کردووە و بووە بەتەواوکەری بیرۆکەکانی چیرۆکنووسی یەکەم.

## دوا هەڵوەستە

چیرۆکی وەرزی گرانەتا وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، چیرۆکێکی هێمایییە و لەپشت وشە و دەربڕینەکانییەوە مەبەستی دیکە هەیە و ڕاستەوخۆ خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا ناکات، بەڵکو خوێنەر خۆی بەپێی دەقی هاوشێوەی سەردەمەکە، مەبەستی چیرۆکەکە لێک دەداتەوە، چونکە ئەو دەقانەی لەسەردەمی ڕوانگە نووسراون، زۆربەیان بە هێما و تەمومژ بارگاوین! ئەوەندە هەیە خوێنەر هەستی دەکرد کە میللەت غەدرلێکراوەو لەبەرانبەریشدا زۆردارێک هەیە، نابێت ئەوەش لەیاد بکرێ کۆدەنگییەک لەسەر ئەو وشانە هەبوو کە بەباڵای میللەتی ستەمدیدە دا دەبڕا، هاوکاتیش کۆمەڵێ وشە بۆ داگیرکار و زۆردار بەکار دەهێنرا. ئیدی ئەو کۆدەنگییە لەنێو نووسەراندا فەرهەنگێکی هاوبەشی دروست کردبوو. هەر بۆ نموونە وشەی گیڤارا و کاسترۆ بۆ کەسی شۆڕشگێڕ بەکار دەهێنرا، بۆ زۆرداریش ئەهریمەن و زوحاک و هێزی تاریکی بەکار دەهێنرا. خۆ ئەگەر بەچاوی سەردەمی ڕوانگەوە بڕوانینە چیرۆکی وەرزی گرانەتا، ئەوە هەر لە هەناوی چیرۆکەکەوە ڕووبەڕووی چەندان وشە و دەربڕینی تازە دەبینەوە کە لەوەوبەر بەکارنەدەهێنران، وەک (شارێکی نەناسراو، کۆمەڵەخەڵکێک لەنێو چواردیوارێکدا، خەڵکەکە وەک مێگەلێکی بێ شوان ڕەوینەوە، زرمەی پۆستاڵ، هۆڵی دادگا، لافیتەکانی دادگا، ئەم هۆڵە هەیە، خۆم هەم، بڕیار، تاوانباریی، پاداشت، چاکە، خراپە، کڕنۆش بردن، سەرۆکی یاساوڵەکان، هەموویان درۆیەکی گەورەن)

ئەگەر بەدیقەتەوە بڕوانینە وشە و دەربڕینەکان، ئەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە: شاکەسی ئەم چیرۆکە لەکاتێکدا باسی شارێکی نەناسراو و کۆمەڵە خەڵکێک لەنێو چواردیوارێک دەکات، ئینجا ئەگەر وشە و دەربڕینەکان بۆ دۆخی ئەزەلی کورد وەربگێڕین، ئەوە شارە نەناسراوەکە دەبێتە (کوردستان) و دادگاکەش دەبێتە (سزای کوردبوون) و لافیتەکانی دادگاکەش هاوکات بانگەشەی قڕکردن، چونکە بەردەوام (خەڵکەکە وەک مێگەلێکی بێ شوان) بەگورگان خواردوو چوون، کەواتە مادام (ئەم هۆڵە هەیە، خۆم هەم) ئیدی کۆمەڵکوژی و قڕکردن لەگوینە لە هەر سەردەمێکدا دووبارە بێتەوە.

پێم وایە هەر دوو چیرۆکنووس ئەزموونی ڕەشبگیری و قڕکردنی میللەتی کوردیان لە دەیەی شەستەکان کردووەتە هەوێنی ئەم چیرۆکە، خۆ ئەگەر چیرۆکەکەش بەخەونێکی (ئەو)ی شاکەسی چیرۆکەکە دابنێین، ئەوە دەبێتە پێشبینییەک بۆ کارەساتەکانی هەردوو دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو، بەم ئاوهایە وشە و دەربڕینەکان لە (درۆیەکی گەورە)دا چڕدەبێتەوە و لەتیف هەڵمەتی شاعیر واتەنی (گەر پشیلە پۆلیس بێت هەموو مشکێک تاوانبارە).

دەبینین دوا هەڵوێستی شاکەسی چیرۆکەکە (ئەو) لای چیرۆکنووسی دووەم (لەتیف حامید) بەم دەربڕینە کۆتایی دێت: (گوێم لێ بگرن لەمەودوا بەدەوری خۆم هەڵئەسم بۆ ڕاست کردنەوەتان) و گەیشتن بەو ئەنجامەی تاقە ڕێگەی ڕزگاربوون و چارەسەر تەنیا هۆشیاربوونەوەیە.

**تێبینی:**

**ئەم چیرۆکە لە چەپکی دووەمی گۆڤاری نێرگز بڵاوکراوەتەوە، کەرکوک، ١٩٨٥.**

# لیۆنی ئەفریقی کێ بوو؟

**هیوا شەمسی بورهان**
**لیل (فەرەنسا)**

ناوە سەرەکییەکەی "حەسەن بن محەمەد وەززان" بووە، چونکە باوکی بە قەپان باری خەڵکی دەکێشا. لە دەوروپشتی ساڵی ١٤٨٩ی زایینیدا لە شاری گرانادا (غرناتە) لەدایک بووە. خاڵی لەنێو عەرەبەکانی ئەندەلووسدا پیاوێکی ناسراو و بەڕێز بووە. کاتێک ساڵی ١٤٩٢ موسوڵمان نەیانتوانی بەرانبەر بە هێرشی ئیسپانیاییەکان بەرگری بکەن و شاری گرانادا تەسلیمی کاتۆلیکەکان بوو، کەسوکاری ناچار بوون ئیسپانیا بەجێ بێڵێن و پەنا بەر وڵاتی مەغریب ببەن، ئینجا لە شاری "فاس" نیشتەجێ بوون و حەسەنیان لەوێ وەبەر خوێندن نا. حەسەن بە هۆی زیرەکی و وشیاری زوو فێری هەموو وانەکانی ئەو سەردەمە لە خوێندنەوەی قورئان و ئەدەبی عەرەبی و ماتماتیک و جوگرافیا و...تاد بوو.

کاتێک تەنیا حەڤدە ساڵ دەبێ شای شاری فاس خاڵی ڕادەسپێرێ تا وەک باڵوێز بچێتە لای ئیمپراتۆری ڕۆژئاوای ئەفریقیا "ئەسکیا محەمەد توورە" کە دەستەڵاتەکەی چەندان وڵاتی ئەمڕۆی وەک سەنیگال و مالی و مۆریتانیای دەگرتەوە. ئەو سەفەرە بۆ حەسەنی لاو بوو بە هەوێنی ژیانێکی پڕ لە گەڕان و ماجەرا. لەو سەفەرەدا فێر بوو کە چۆن وەک پیاوێکی بەوەج و باڵوێزێک بجووڵێتەوە و لە باکووری (مەغریب)ڕا هەتا شاری "تۆمبۆکتوو" (Tombouctou)ی بە نێو شاخوداخ و بیابان و دارستاندا بڕی. هەر لەو سەفەرەشدا بوو کە ئەمیری شارێکی مەغریب (وارزازات) ژنێکی یەخسیری پێشکێش دەکا و دەبێتە یەکەم ژنی. ئەو سەفەرە بە گشتی چاوی حەسەنی بەسەر دنیادا کردەوە و چێژی بازرگانی خستە نێو دڵی.

ئەگەرچی هەم خۆی و هەم خاڵی نێوانیان دەگەڵ

حوکمڕانی فاس خۆش بوو، چەند ساڵ دوای کۆچی دوایی خاڵی دەکەوێتە بەر ڕق و قینی شا و ناچار دەبێ فاس بەجێ بێڵێ، بۆیە ساڵی ١٥١٢ کاتێک فاتمەی خاڵۆزای کە ژنی دووەمی دەبێ و لە کاتی منداڵ بوونیدا دەمرێ، بارگە و بنەی تێکدەنێ و دیسان دەچێتەوە تۆمبۆکتوو، لەوێڕا پەڕەوازەی قاهیرە دەبێ. چەندان ساڵ لە قاهیرە لە ماڵی مەسیحییەکی قیبتیدا بەخۆشی دەژی و بۆ جاری سێیەم ژنێکی چەرکەس بە ناوی "نوور" دەخوازێت. بەداخەوە دیسان ژیانی خۆشییان درێژخایەن نابێ و سوڵتان سەلیمی یەکەم هێرش دەکاتە سەر سووریا و میسر و ساڵی ١٥١٧ "تومان بای" لە قاهیرە لە سێدارە دەدەن و کۆتایی بە دەستەڵاتی "سوڵتانە مەملووکەکانی میسر" دێنن. حەسەن کوڕی محەممەدی وەززان دیسان ناچار دەبێ بەرەو مەغریب بگەڕێتەوە. ئەم جارە بۆ ماوەیەک لە لای خوشک و زاواکەی لە جەزایر دەژی.

ساڵی ١٥١٨ بڕیار دەدات بچێت حەج بکات، ئینجا بە میسر و دەریای ڕەشدا دەچێتە مەکە و مەدینە و لە گەڕانەوەدا کاتێک دەگاتە دوورگەی "جربە" لە وڵاتی توونس، دزێکی دەریایی ئیتاڵی دەیدزێ و دەیباتە ئیتاڵیا و لەوێ بە پاپای ئەو سەردەمەی پێشکەش دەکا، واتە لیۆنی دەیەم (X Leon)، ئیتر حەسەن لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا ژیانێکی تازە دەست پێ دەکا و دەیکەنە مەسیحی و پاپا نازناوی خۆی پێ دەبەخشێ، بەڵام چونکە بە ڕەگەز خەڵکی باکووری ئەفریقیا دەبێ پێی دەڵێن لیۆنی ئەفریقی.

لە ڕۆما فێری زمانی ئیتاڵی و تورکی دەبێ و بۆ خۆیشی قەشە و کاردیناڵان فێری عەرەبی دەکا. دواتر دەزانێ کە هۆی دزین و هێنانەکەی بۆ ڕۆما ئەوە بووە کە کڵێسەی ڤاتیکان بە هۆی ترس لە بزووتنەوەی پرۆتێستانان لە ئەورووپا و پەرەسەندنی دەستەڵاتی عوسمانییەکان لە دنیادا هەستی بە لاوازی کردووە و ویستوویەتی عەرەبێکی خوێندەوار بکاتە پیاو و باڵوێزی خۆی تا بتوانێ خۆی لە سوڵتان سولەیمانی عوسمانی نزیک بکاتەوە.

ئەوەی دەبێتە هۆی مانەوەی ناوی لیۆنی ئەفریقی، بەتایبەتی لە مێژووی ڕۆژئاوادا، ئەوەیە کە لە دەوروبەری ساڵی ١٥٢٥دا لە سەر داوای پاپا، لیۆن کتێبێکی بە نرخ بە شەش بەرگ لەسەر مێژوو و جوگرافیای باکووری ئەفریقیا بە دوو زمانی ئیتاڵی و عەرەبی دەنووسێ. ئەو کتێبە کە چەندان ساڵ لای ڕۆژئاواییەکان سەرچاوەیەکی ناسین و خەیاڵ کردنەوە سەبارەت بە ئەفریقیا بوو، تەنانەت باسی دابونەریتی دانیشتووانی ناوچەکانیش دەکا، بێ ئەوەی هیچ زانیارییەک لەسەر هێز و توانایی سەربازییان بداتە دەست خوێنەر، چونکە لیۆن دەیزانی لەوانەیە نووسراوەکەی بۆ شەڕ و لەشکرکێشی بەکار بهێنرێ و ژیانی خەڵکی تووشی ناخۆشی و دەربەدەری بکا. ئەو لەو ڕۆژەیڕا بە منداڵی ناچار بوو زێدی خۆی لە گرانادا بەجێ بێڵێ، لە هەموو شوێنێک خۆی وەک ڕێبوارێک دەدی، بۆیەش هێندە لە سەفەر کردن و گەڕان بە وڵاتاندا ئازا بوو. ناوی بابەتەکەی "شرۆڤەی ئەفریقیا"، یان "مێژووی تێکەڵ بە جوگرافیای ئەفریقیا"یە.

بەداخەوە ئەو کەسایەتییە زانایە، تەنانەت لای خەڵکی مەغریبیش زۆر کەس نایناسێت. من پێم وایە تەنیا و تەنیا، چونکە موسوڵمان بووە و دوایی بووەتە فەلە، ئەگەرچی قەزاوقەدەر ئەو شتەی بەسەردا سەپاندووە. ئەمین مەعلووف نووسەری فەڕەنسی بیۆگرافییەکەی



تابلۆیەک کە بە ڕواڵەت وێنەی لیۆنی ئەفریقی نیشان دەدات(١)

کــــردووەتـە ڕۆمـــــانێک و بـە قـــــەڵـەمی خـــۆی نەخشاندوویەتی[٢]. لە بەشێک لەو ڕۆمانەدا لیۆن ئاوا تاقـە کـوڕی خـۆی "جـۆزێپێ" (یووسف) بە نووسـراو دەدوێنێت:

«من حەسەن کوڕی محەممەدی وەززان، من ژان- لیـۆنی ئەفریقی کە بە دەستی سەرتاشێک سوننەت کرام و لەسەر دەستی پاپێک کرامە فەلە، پێم دەڵێن ئەفریقی، بەڵام نە خەڵکی ئەفریقیام، نە ئەوروپا و نە عەرەبستان، لە هیچ وڵاتێک و شـارێک و هۆزێک ڕا نایەم. من کـوڕی ڕێگام، کـاروان نیـشـتـمـانە و ژیانم لە کـتـوپڕترین سەفەرەکان پێکهاتووە، لە زاری منەوە گوێت لە عەرەبی، تورکی، ئیـسـپـانی، بەربەر[٣]، عـیـبـری، لاتینی و ئیتاڵی دەبێت، هەموو ئەم زمانانە زمانی منن، بەڵام من هی شـتـاقـیـان* نیم!؟ من تەنیـا هی خودا و عـەرزم و لە ڕۆژێکی داهاتوودا دەگەڕێمەوە باوەشیان.

کوڕم! لە هەر کوێ بژی خەڵکانێک هەن کە دەیانەوێت نێو کەوڵ و دوعـاکانت بپشکنن... چ موسوڵمان بی چ فـەلە، یان جـوولەکـە، ئەوان دەبێت وەک چۆنی هەی وەرتگرن، یان لە دەسـتت دەن. کـاتێک دیتت بیـری خەڵک بۆ تۆ کورت و تەسکە، بە خۆت بڵێ کە عەرزی خوا پان و بەرینە و دڵ و دەستەکانیشی ئاوەڵایە. قەت لە ڕۆیشتن مـەترسێ بۆ ئەوپەڕی دەریاکـان، بۆ ئەو دیوی سنوورەکان، بۆ وڵاتانی جۆر بە جۆر و بۆ نێو بیروباوەڕی جیـاوازدا». بە پێی مـێـژوو لیـۆنی ئەفـریقی لە سـاڵی ١٥٣٥دا لە توونس لای کـەسـوکـاری کـۆچی دوایی کردووە.


**تێبینییەکان:**

**١- سەرچاوەی هەردوو وێنە ماڵپەڕی ویکیپیدیایە.**

**٢- ڕۆمـانی "africain Leon" بە قـەڵەمی ئەمین مـەعلووف، چاپی ١٩٨٦ لە چاپخـانەی ژان-کلۆد لەتێس، فـەرەنسـە. بۆ نووسـینی ئەم وتارە لە ڕۆمـانی ناوبراو کـەڵکم وەرگـرتووە و بۆ زانیـاریی زیاتر لەبارەی نووسـەرەکـەی بڕوانە: گۆڤاری ڕامان، ژ ٤٣٢، لل ٨٨-٩٠.**

**٣- بەربەر (berere): ڕەگەز و زمانی خەڵکی مەغریب بەر لە هاتنی عەرەبان.**

*** شتاق: هیچ کام.**


A GEOGRAPHICAL HISTORIE of AFRICA,
Written in Arabicke and Italian
by Iohn Leo a More, borne in Granada and brought up in Barbarie.

Translated and collected by Iohn Pory, lately of Gonevill and Caius College in Cambridge.

LONDINI,
Impensis Georg. Bishop...
1600

**ڕووبەرگی وەرگێڕراوەی بابەتەکەی لیۆن بە زمانی ئینگلیزی کە ساڵی ١٦٠٠ لە کەمبریج چاپ کراوە**

# تیوری گشتی ڕێژەیی

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- هەرچەندە هەوڵ و کۆششەکانی ئەلبێرت ئاینشتاین، بە ڕەگەز ئەڵمان و بە ئایین جوولەکە لە کایە و پاوانی زانستدا بەگشتی و لە خانەی فیزیکیدا بە تایبەتی کراون، بەڵام ئەنجامە شۆڕش ئامێزەکانیان ئەو چوارچێوەیان بەزاندووە و لەگەڵ فەلسەفەدا بەگشتی بابەتی هاوبەش و ناوکۆییان هەیە، ئەگەرچی لە وردەکارییەکانیاندا هەردوو کایە وەک دوو جیهانی سەربەخۆی لەیەکتری جیاوازیش بێنە بەرچاو، هەمیشە هەست بە بوونی پردی پێوەندی نێوانیان کراوە. دوور نییە لێرەدا چەند پرسیارێک بەبیردا بێن:

- تیوری ڕێژەیی سەروبەندی لەگەڵ ئەو بابەتانە هەیە: کات و خایاندن و بەردەوامییەکەی بە ڕێژەیی کردووە، ساغی کردووەتەوە هیچی تر پابەندی ئەو سیستەمە نییە کە تێیدا دەپێورێ و ڕەهاش نییە.

- بۆچوونی بێ سنووریی و بێ کۆتایی لە ڕادەبەدەری جیهانی لە ڕەگوڕیشە هەڵکێشاوە.

- ئەندازیاری و فیزیکی لەیەک نزیک کردووەتەوە تا ئەو ڕادەیەی جیاوازی نێوانیانی کاڵ کردووەتەوە.

- گریمانەی هەبوونی ئەتیر کە بە هەڵگری تیشک دانرابوو، وەک بوونی گەوهەر پووچەڵ کردووەتەوە.

کەوابوو لەو بەراوەژووکردنەوەی جیهاندیدی زانستی کۆن، فەلسەفە چ سوودێکی پێ دەبڕێ؟ دەکرێ بە چ مەبەستێک سوود لەو شۆڕشەی زانست وەربگرێ و لە چ کایەیەکی خۆیدا کە بەشێکی گرینگی کولتووری شارستانی مرۆڤایەتییە جێبەجێی بکات؟!

ئەگەر مرۆڤ وردتر لە بۆچوونی ئەو تیورییە سەبارەت بە کات و جێگا وردبێتەوە و لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بە مەبەستی شیکردنەوە و سوود لێ وەرگرتنییەوە هەڵی بسەنگێنێ، چەند خاڵێک ڕوون دەبنەوە کە ڕێگای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان خۆش دەکەن. ئاینشتاین پشت

ئەستوور بە داهێنانەکانی زانایانی فیزیکی پێش خۆی، توانی ساغی بکاتەوە، ناکرێ هیچ خەسڵەتێک بە جێگا ببەخشرێ بەبێ بە هەند گرتنی ئەو شمەکەی تێیدایە، هیچی تر کات و جێگا کەرەستەی پێوان نەماون، بەڵکو پێکەوە چوارچێوە و نموونە و فۆرم و سیمبۆلێکی چوارڕەهەندی پێکدەهێنن و بە یارمەتی سەرنجدان و وردبوونەوە و ئەو چوارچێوەیە، دەکرێ زاناکان بابەت و پرۆسەی فیزیک ڕێک بخەن.


٢- لەو توێژینەوەیەی (ئاینشتاین)ەوە دەکرێ لە کایەی لۆجیکدا سوود لە شیکردنەوەی واتا و دەلالەتی دەستەواژەکان دەربارەی کات و جێگا وەربگیرێ، جگە لە پرۆسەی هەنگاونان لە تیوری تایبەتییەوە بۆ بەگشتی کردن (گشتاندنی) تیورییەکە. ئاینشتاین لەو بارەیەوە گوتوویەتی: دوای ئەوەی ڕاستی دارشتنی بنەمای بنەرەتی ڕێژەیی تایبەتی ساغ و پشتڕاست بۆوە، دەبێ لەلای هەمووان ڕوون و ئاشکرا بێت کە کۆششی بەگشتی کردن ئاسان بێتە بەرچاو و ببێتە مایەی ئەوەی بوێری هەنگاو هەڵگرتن بەرەو بەگشتی کردنی تیوری ڕێژەیی هەبێ(١) کەوابوو ئەو هۆکارانە چین و کامانەن کە (ئاینشتاین)یان هان دا ئەو ڕێگایە بگرێتەبەر؟ ئەو بنەما و شارەزاییانە کامانەن کە تیوری ڕێژەیی پشتیان پێ دەبەستێ؟ دەبێ بۆچی ئەو تیورییە گشتییە پشتی کردبێتە گریمانەی ئەندازە لە جێگای ئۆیکلیدس؟!

- گریمانەی بنەڕەتی تیوری گشتی ڕێژەیی، بریتییە لە گریمانەی یەکسانی، ئاینشتاین گوتوویەتی:

تیوری گشتی ڕێژەیی بە پلەی یەکەم لەو کۆششانەوە کەوتووەتەوە کە یەکسانی لەنێوان هەڵگر Trager و قەوارەی کێشەکێدا (Schwere Masse) هەیە(٢).

ئەو یەکسانییەی ئەو دوو قەوارەیە پشت بەو بەڵگە فیزیکییە دەبەستێ کە هەموو بزووتنەوەکان لە هەڵکەوتی ڕیالیستیدا ئەوپەڕی ڕێتێچووە کە خەسڵەتی ڕێژەییان هەبێت، بۆیە یەکسانی هەردوو قەوارەکە بەڵگەی تیوری گشتی ڕێژەییە(٣).

بەلای داهێنەری ئەو تیورییەوە لە هەر جێگا و ناوەند و خاڵێکی ئەم گەردوونەدا، ئەگەر سەرنجی خێرایی لەشێک بدرێ کە لە هەموو کارلێکردنێکەوە دووربێ، لاقەی نەکرابێ، یان ئەوەتا وەک کار و ئەنجامی سستی، یان وەک هێزی کێشەکی دەردەکەوێ، وەک یەکی هەڵگر و قەوارەی کێشەکێکار بنەمایەکی تایبەتی شارەزاییە (خیبرە) کە مافی ئەوە دەستبەر دەبێ ئەو گریمانەیە بکرێ کار و ئەنجامی سیستی کە لە لەشێکدا دەدیترێ و



**ئاینشتاین**

هەست پێ دەکرێ ببرێتەوە سەر ئەو کارلێکردنەی کە لەلایەن لەشی ترەوە لێی دەکرێ. لەلایەکی دیکەوە ئەو گریمانەیە دەکرێ، بە بۆچوونی ئاینشتاین، تیوری گشتی ڕێژەیی بریتییە لە جێگۆڕکێ کردنێک، کایەی کێشەکێ لە جێگای ئەندازەی دەستنیشان کردنی پێوانەیی نائۆیکلیدسی دانراوە.

- بەو پێیە لەو بەشەی ئەو تیورییەدا چەمکی هێزی کێشەکێ بەگشتی کراوە، بەوەی هەروەک چۆن ڕێژەیی بۆ زانستی بزووتنەوەی ڕووت، ئەبستراکت (کینێماتیک) گونجاوە دەبێ، هەروەها ڕێژەیی «بزووتنەوەی خێرابوو» بەسەر دینامیکدا جێبەجێ بکرێت. ئەو تیورییە لەو سۆنگەیەوە بوێرانە تیورییە فیزیکییەکانی کورت و سادە و ساکار و ڕوونن.

٣- تیوری ڕێژەیی هەر لەگەڵ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی، لەلایەن دوو ئاراستەی ڕێبازی فەلسەفەی سەردەمەوە بایەخی پێ دراوە، شی کراوەتەوە و هەڵسەنگێنراوە، بە تایبەتی لەلایەن هەردوو ڕێبازی ئیمپیریزمی لۆجیکی کۆڕی ڤیێننا و کانتیانیزمی نوێ ئەو کۆششە کراوە.

## کۆڕی ڤیێننا

بەلای ئەو کۆڕەوە دەکرێ بایەخی تیوری ڕێژەیی لە سۆنگەی فەلسەفەوە بە چەند خاڵێک دیاری بکرێت:

**یەک:** تیوری ڕێژەیی بە هەردوو بەشیەوە سەرکەوتووانە هەردوو چەمکی کات و جێگای شی کردووەتەوە، ئەمە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی ئەو گەشەکردن و پەرەسەندنەی لە

چوارچێوەی ڕێبازی ئەزموونی (ئیمپریزم)دا کردوویەتی و بە ڕەخنەگرتنەکەی دیڤید هیوم لە چەمکی گەوهەر و بۆچوونی بنەمای هۆیەکی دەستی پێ کردووە و دواتر بەردەوام بووە(٤).

**دوو:** بە پێچەوانەی (کانت)ەوە، ئەو تیورییە پەنای بۆ ئەندازەی نائۆیکلیدسی بردووە، ئەمەش لەخۆیدا هەنگاوێکی زانستییانە بووە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی جیهاندیدێکی نوێ کە لەگەڵ کۆنەکەدا نەهاتووەتەوە.

**سێ:** ئەو تیورییە میتودەی توێژینەوەی ئەزموونی (ئیمپریزمی) بەکاربردووە و بەهۆیەوە توانیویەتی ساغی بکاتەوە کە جێگا لەخۆیدا و بۆ خۆی هیچ خەسڵەتێکی نییە، بەڵکو تەنیا هەر بەهۆی شارەزایی و ئەزموون (تاقیکردنەوە) و سەرنجدانەوە دەتوانێ پێناسە و دیار و دەستنیشان بکرێت.

**چوار:** پرۆسەی بە بیرکاری کردنی فیزیکی پتر پەرەی پێداوە و ڕاستیودروستییەکەی پشت ڕاست کردووەتەوە بەوەی لەتوانایی بیرکاریدا هەیە کە داواکاری و پێداویستییەکانی فیزیک دەستەبەر ببێ.

**پێنج:** پەرەسەندنی فیزیکی بیرکاری کە ئەو تیورییە چووبووە ژێر بارییەوە بریتی بووە لە شرۆڤەکردنی بیرکارییانەی (ماتماتیکیانەی) فاکتە سروشتییەکان، چەند ئەنجامێکی لێکەوتووەتەوە و ئەو تیورییە ئەو ئەنجامانەی بۆ داڕشتنی وێنەی هەستەکی سروشت بەکارهێناوە، جگە لەوەی کە بە دیاردەکانی سروشتی، بەوپەڕی سادە و ساکارییانەوە، سروشت و خەسڵەتی ڕیالیستی- ڕاستەقینەی پێ بەخشیون.

### کانتیانیزمی نوێ

- ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی وردبین و شیکارییانە سەرنجی فەلسەفەی ڕابەرانی ئەو ڕێبازە بدات کە هەموویان جوولەکەی ئەڵمانن و تەنیا هەر بەزمانی ئەڵمانی نووسیویانە و بەرهەمەکانیان بڵاوکردووەتەوە، ڕێبازەکەش لە وڵاتانی دەرەوەی ئەڵمانیا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، هەموو خەسڵەتەکانی هزرمەندی ئەڵمانیان تێدا بەدی دەکات؛ هەر لە وردی و قووڵی و ڕەسەنی تا ئایدیالیستی کە دەبێ هەموو شتێک ئەگەر مافی بوونی هەبێ، دەبێ نموونەیی بێت.

- پرۆفیسۆر ئیرنست کاسیرر دوای ئەوەی لەسەردەمی دووەم جەنگی ئەوروپا لە وڵاتی خۆی ئەڵمانیا تەنگەتاوکرا و ڕووبەڕووی گرتن و کوشتن بووەتەوە، ناچاربووە بەرەو ئەمەریکا کۆچ بکات و لەوێ بە زمانی ئینگلیزی بنووسێ. لە چەند بەرهەمێکیدا کۆشاوە ناکۆکی و پێکەوە نەهاتنەوە و نەگونجانی تیوری ڕێژەیی ئاینشتاین لەگەڵ جیهاندیدی فەلسەفەی (کانت)دا کاڵ بکاتەوە. لە بەرهەمێکدا بەناوونیشانی: دەربارەی تیوری ڕێژەیی ئاینشتاین کە یەکەم جارساڵی (١٩٢١ز) بە ئەڵمانی بڵاوبووەتەوە (لە شاری بەرلین) بە چەند خاڵێک بۆچوونی خۆی و بیروڕای ڕێبازەکەی (کانتیانیزمی نوێ)ی ڕوون کردووەتەوە:

**یەک:** بنەما فەلسەفەییەکانی تیوری ڕێژەیی دەکرێ تەنیا لە کایە و پاوانی ڕەخنەگری، یان وەک بەڵگەیەکی چەمکی هەستەکی شارەزایی بگونجێ و کارابێ، بۆیە بەبۆچوونی ئەو فەیلەسووفە دەکرێ بەپشتڕاست کردنەوەی فەلسەفەی کانت، یان هی کانتیانیزمی نوێ (ڕێبازی ماربورگ) دابنرێ.

**دوو:** دەکرێ ناکۆکی نێوان فەلسەفەی کانت و تیوری ڕێژەیی بەوە کاڵ بکرێتەوە کە ئەو تیورییە چەمکی «سەرنجدانی بێگەردی» کانتی فراوانتر کردووە و پتر گەشەی پێ کردووە و پەرەی پێ داوە.

**سێ:** کانت جێگای سایکۆلۆجی کە هاوردەی هەست و بۆچوونە لە جێگای سەرنجدانی جیاکاری فیزیکی جیای کردووەتەوە و بەلایەوە کات و جێگا لە بۆ هاتنی ئەزموونییەوە دەکەونەوە، ئەو دووانە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوانەی بە ئەزموونی ناخی دەروون هەست بە بوونیان دەکرێ، پێکەوە نایەنەوە و جیان(٦).

### ڕەخنە و هەڵسەنگاندن

١- لەلایەکی ترەوە وەنەبێ ئەو تیورییە لە گازندە و ڕەخنەکردن بە دوور بێ، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە لە ڕوانگەی فیزیک - بیرکارییەوە ڕەخنەکراوە. ڕەخنەکردنەکان بەو ئاراستانەدا هەنگاویان هەڵگرتووە:

**یەک:** لەنێو سیستمی بیرکاری تیورییەکەدا ناکۆکی بدۆزرێتەوە.

**دوو:** چەند ئەنجامێکی لێکەوتبێتەوە کە لەگەڵ ئەزموون و شارەزاییدا (خیبرە) نەگونجێن.

**سێ:** میتودە و ڕێبازەکەی بۆ تاووتوکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی ڕووداوەکانی سروشت ناگونجێن، ئەو ڕەخنەیە پشت بە تێزەکەی کانت دەبەستێ کە گوتوویەتی: ستراکتۆری (بنەڕەتەکانی) جێگا و کات مەرجی ئەوپەڕی گرینگ و ناچاری هەموو شارەزایی و

ئەزموونێکی شیاوەکییە و لە پێش گشت فیزیکێکی پێوانەییەوە دێت.

**چوار:** ئەگەر ئەنجامە دەرکەوتەکانی تیورییەکە دروست بن، ساغ کردنەوەی تیورییەکە دروست نییە و پشت بە میتودەی ڕاستی بیرکاری نابەستێ!

– ئەگەر مرۆڤ لەو ڕەخنە و گازندانە وردبێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە پتر بەلای ئەوەدا تەکان دەدەن کە سروشتێکی بیری (هزریان) هەبێ و تا ڕادەیەک بە هەڵە لە بنەما بنەڕەتییەکانی تیوری ڕێژەیی تێ گەیشتوون و لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی ڕێژەیی بەریەکتری دەکەون و لە یەکتری هەڵدەبەزنەوە و شێوازی بیرکردنەوەی بنەمای ڕێژەیی پێشێل دەکەن. ئەو ڕەخنە جۆربەجۆرانە کە سروشتی چالاکی ئەکادیمیایان پێوە دیارە، لەو ڕاستییە کاڵ ناکەنەوە کە ئەو تیورییە لەسەردەمی خۆیدا و ئێستاش بەردەوام شۆڕشێکی سەرتاپاگیر بووە و تێکڕای جیهاندیدی فەلسەفەی سروشت و وێنەی جیهانی فیزیکی سەراوبن و ئاوەژوو کردووەتەوە و نەمریی بۆ داهێنەرەکەی تۆمار کردووە، ئەوی لێرەدا دەمێنێتەوە و سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشی ئەو ڕەخنە سێ خاڵەیە کە پرۆفیسۆر ئۆسکار کراوس ساڵی (١٩٢١ز) لەو تیورییە گرتوویەتی: کراوس گوتوویەتی:

**یەک:** چەمکی «بزووتنەوەی ڕێژەیی» تەواو نییە و بە باشی دیار و دەستنیشان نەکراوە. بەبۆچوونی پرۆفیسۆر کراوس دەستەواژەی سەرەکی تیوری ڕێژەیی: «دوو ڕووداو کە ڕێژەییانە بەپێی سیستمێکی کۆئۆردیناتی لەیەک کاتدا دەقەومێن، لە سیستمێکدا کە یەک ڕەنگ و ڕوخسار بەرانبەر بە سیستمەکەی تر بجووڵێتەوە، ڕێژەییانە هەمان کاتی نابن» (٧)، لەگەڵ دەستەواژە بنەڕەتییە باوەکانی زانست نایەتەوە و بە پێچەوانەوەیانە. چەمکی بزووتنەوەی ڕێژەیی، بەوپێیە ئەگەر بەسەر چەند لەشێک، یان بەسەر چەند خاڵێکدا جێبەجێ بکرێت، ئەو بۆچوونە بڕیارە ناکەوێتەوە کە ئەو لەشانە، یان یەکێکیان دەچێتە ژێر باری بزووتنەوەی ڕەهاوە.

**دوو:** بەلای (کراوس)ەوە تیوری ڕێژەیی «ئامرازی شرۆڤەکردن»ی لە جێگای «بابەتی شرۆڤەکردن»دا ئەنجامەکەش کە کەوتووەتەوە ئەوە بووە: نابێ و ناکرێ بەڵگەنەویستەکانی جێگا و کات گۆڕانیان بەسەردابێت، ئیتر «ڕێژەیی لەیەک کاتدا ڕوودان» و «کووڕ بوون و هاتنەوەیەکی جێگا» لەنێو ڕاستەقینە (فاکتە) ئەزموونییە (ئیمپیری)یەکاندا جێگایان نییە و نابێتەوە(٨).

**سێ:** تیوری گشتی ڕێژەیی ناکۆکە لەگەڵ تیوری تایبەتی ڕێژەیی، چونکە تایبەتی تەنیا هەر لە کایە و دەڤەری «بچکۆلە بێ کۆتاییەکاندا» دەگونجێ، بۆیە دەکرێ بگوترێ- بەلای کراوس-ەوە ڕەهەندە زەبەللاح و بگرە ئەستڕۆنۆمییەکان (بوونەوەرە گەردوونییەکان) لەلای ئاینشتاین بێ کۆتایی بچووکن، بۆیە گوایە تیورییە گشتییەکە نە بەگشتی کردنی بنەمای یەکسانی کلاسیکییە و نە فراوانکردنی تیوری تایبەتی ڕێژەییە(٩)!

١- ئەگەر ئەو ڕەخنانەی ئەو پرۆفیسۆرەی فەلسەفە لەگەڵ ئەنجامە سەرتاپاگیرەکانی تیوری ڕێژەیی بە هەردوو ڕەهەندییەوە بەراورد بکرێن، نەک هەر کاڵ دەبنەوە، بەڵکو گەرموگوڕی و بایەخی ڕەخنەی زانستی لەدەست دەدەن، ئاینشتاین لە کۆششە زانستییەکەیدا پشتی بە گریمانە بەستووە و پەنای بۆ میتودەی شیکردنەوە و توێژینەوەی زانستی بردووە، هیچ چەمکێکی تێکەڵوپێکەڵ نەکردووە ئەوی ئەمەی کردووە پرۆفیسۆر کراوس خۆیەتی کە جیاوازی لەنێوان گریمانە و ئەندێشەدا نەکردووە و هەردووکیانی تێکەڵ بە یەکتری کردوون. ڕاستە لە تیوری ڕێژەییدا دەستەواژە و هاوکێشە هەیە کە بە پێوەری ئەزموونی (ئیمپیری) پشتڕاست ناکرێنەوە، بەڵام ئەو ڕەوشە نابێتە مایەی ئەوەی ئەو دەستەواژانە سروشت و خەسڵەتی ئەندێشە (فیکشن)یان پێ ببەخشرێ! بەڵکو هەر بە گریمانە دەمێننەوە.

٢- ئایا دەگونجێ و دەشێ تیوری ڕێژەیی ملکەچ و پابەندی یەکلایی کردنەوەی فەلسەفەییانەی کێشەی کات و جێگا بێت؟!

لاری لەوە نییە کە توێژینەوەی زانستی بەگشتی و تیوری ڕێژەیی بە تایبەتی بە بنەما بنەڕەتییەکانی لۆجیک پشت ئەستوور بن و هیچ جۆرە هەڵەیەکی لۆجیکی نەکەن و لە ناکۆکی نێوانیان دڵنیابن. ئەو ئەرکە کەوتووەتە ئەستۆی فەلسەفەی مۆدێرن و ئەو لایەنەی زانست ساغ بکاتەوە، فەلسەفە ئەو ئۆباڵەی لە ئەستۆیە پێشمەرج و گریمانەکانی زانستەکان تاووتو بکات و جارێکی تر لە چوارچێوەی پێکەوە گونجان و هەڵکردن کۆیان بکاتەوە.

کەوابوو تا چەند دەکرێ گریمانەی ڕێژەیی لە تەلاری فەلسەفەدا جێگای ببێتەوە و دەکرێ لەو جیهاندیدە

جەنگاڵەدا چ ڕۆڵێک بگێڕێ؟!

– ئەگەر پشت بکرێتە وردەکارییەکان و بایەخ بە چوارچێوە گشتییەکە بدرێ، دەبینرێ کە فەلسەفە و زانست ئامانجی نیشانکراوی ڕەنگ بۆ ڕێژراویان هەیە و هەوڵی بەدەست هێنانی دەدەن. ئامانجەکە بریتییە لە گەڕان بەدوای ڕاستی (حەقیقەت)دا، بەڵام ئەوەی فەیلەسووف بەڕاستی دادەنێ ئەوە نییە کە زانا سەرگەرمیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان ئەو ئەنجامانەی هەردووک لا لە کایەی چالاکییەکانیاندا پێدەگەن، جۆرە پێوەندی و کارلێکی دەستیاوی هەیە. ئەگەر فەلسەفە توندوتۆڵ بەکاروباری ژیانی مرۆڤەوە بەندبێ و پابەندی توێژینەوەی کێشەکانی بێت، بە تایبەتی ئەوانەی سروشتی هزریان هەیە، زانست (فیزیک) سروشتی دەوروبەری کردووە بە کەرەستەی تاووتو کردن، لە هەردوو کایەدا مەبەست یەک دەگرنەوە، توێژینەوەی سروشت بۆ ئەوەیە کۆنترۆڵ بکرێت و بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ بەکارببرێت، لەلای فەلسەفەش مەبەستەکە کۆششی بەختەوەرکردنی مرۆڤە و چۆن مرۆڤ بە جۆرێک بژی زۆرترین خێروخۆشی دەستگیربێ، بەڵام بە کەمترین ئێش و ئازار و (ژیانی بێ وەی) بەسەربەرێت.

زانست وێنە تاریکەکەی سەدەکانی ناوەڕاستی لە بارەی سروشتی ماددەییەوە لاداوە و ساغی کردووەتەوە هیچی تر سروشت و ماددە سەرچاوەی بەدکاری و بەدبەختی مرۆڤ نەماون و بە پێچەوانەوە دەکرێ لە هەردووکیان ڕەوشێک، دۆخێک دەستەبەر ببێ کە مایەی بەختەوەری مرۆڤ بن، مرۆڤ دۆست و دوژمنی سەروو سروشتی نییە و ئەوەی لە ئارادایە هەر لە بێ دادی و هەژاری و ستەم و نەخۆشی لە دیاردەی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا بەولاوە نین. ئەگەر ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەزم و سیستەمەکە بگۆڕێن، ئەو دیاردانەش لەلای خۆیانەوە لەبەرچاو بزر دەبن و دەبن بە پشکێک لە مێژوو، ڕاستە لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگادا مرۆڤایەتی ئامرازی دیار و دەستنیشانکراوی داهێناوە بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو دیاردە ناڕێ و نالەبارانە، بەڵام هیچ کامێک لەمانە ئەوەندەی زانست کارا و ئەکتیڤ نەبووە بتوانێ بڕیار و چارەسەری سەرتاپاگیر پێشکەش بکات، کەوابوو زانست نەک دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر، دەتوانێ ببێ بە جێگای ئاوات و ئامانجی دێرینەی مرۆڤ.

– تیوری ڕێژەیی سەرکەوتووانە توانیویەتی سنووری قەوارەی زانستی فیزیک ببەزێنی و بەتیشکەکەی تاریکی کەلەبەرەکانی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان و کۆمەڵگا ڕووناک بکاتەوە، هیچ شتێک بە ڕەهایی نەماوەتەوە، بابەتێک نییە هەتا سەر بە ڕەهایی پیرۆز بێ و دەستی مرۆڤ ئیتر بە ڕەخنەکردن بێ، یان بە چاکسازی و پشتیوانی لێ کردن نەیگاتێ، گۆڕان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە سەر مەشقی ژیانە! ئەو ڕێژەییە سیاسەت و ئابووری و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاکار و کاروباری ئایینی گرتووەتەوە.

لەکۆمەڵگای سەردەمدا کە خاوەن کولتوور و شارستانییەتێکە، شایستەی ئەوەیە سەرجەم مرۆڤایەتی شانازی پێوە بکات، تیوری ڕێژەیی بەجۆرێک کاری تێ کردووە کە بە هەموو دیاردە و گۆشە و ڕەهەندەکانییەوە دیارە و هەستی پێ دەکرێ.

٣– هیچی تر بەلای مرۆڤی مۆدێرنەوە شتی شاراوە و نادیار وەک جاران نەماوە، هەر بابەتێک، کێشەیەک، مرۆڤ دەستی پێی بگات، دەکرێ بە شێوازێک لە شێوازەکان یەکلایی بکرێتەوە، گرێ کوێرە و پرسیاری وەڵام نەدراوە لە بەرانبەر چالاکی ماندوونەناسی زانستیدا پاشەکشەیان کردووە. ئەوەی جاران بەسەرووسروشت ناودەبرا، ئێستا ناوەڕۆک و ناوێکی تری هەیە و گشت خەسڵەتەکانی لەدەست داوە. بەرلەوەی بیر لە ڕازی کردنی هێزێکی دەرەکی بکرێتەوە کە جڵەوی چارەنووسی بەدەستەوەیە، چاککردنی هەلومەرجەکانی مرۆڤی سەر زەوی مەبەست و ئامانجە. لەوەش گرینگتر جارێکی دیکە مودێرنانە، ئاوڕ لە بنەماکەی سۆفستاییەکانی یۆنان دراوەتەوە:

**یەک:** هیچ جۆرە پێوەرێکی جێگیر و نەگۆڕ لە ژیاندا نییە کە بۆ هەموو سەردەم و قۆناغێک و بۆ گشت کەس بگونجێ و بکرێ هەمیشە پشتی پێ ببەسترێ و بەکاربهێنرێ، چاکەکاری و بەدکاری، ڕاست و چەوتی پێی لەیەکتری جیا بکرێنەوە.

**دوو:** دوای توێژینەوە زانستییەکان دەربارەی مرۆڤ، دەرکەوتووە کە دیاردە تەمومژاوییەکانی قەدەر و چارەنووس و لێپرسینەوە و سزا و پاداشتی سەروو سروشتی گشت واتا و دەلالەتێکیان لەدەست داوە، مرۆڤی سەردەمی ئەورووپایی پەروەردەی دەستی زانست لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا هیچی تر باوەڕی بەوە نەماوە بوونەوەرێکی سەرووسروشتی دەسەڵات سنووربەزێنی ترانسندێنتالی هەبێ و لێی بپێچێتەوە،

لەسەر چاکەکارییەک کە پێشییانە دیار و دەستنیشان و پێناسەکراوە پاداشت و لەسەر بەدکارییەک سزای بدات. لە کاتێکدا ساغ بووەتەوە کە چالاکییەکانی مرۆڤ لە ژیانیـــدا بەگـــشت ڕەهەندە جـــۆربەجـــۆر و هەمەڕەنگییەکانییەوە لە هەردوو هۆکاری:

– پێداویستی ژیان و ناچارییەوە، ئیتر ناوەکی بێ، یان دەرکی دەکـــەونەوە، بۆیە ناکـــرێ مـــرۆڤ لێی بپێچرێتەوە و نابێ ئۆباڵەکە بچێتە ئەستۆی.

– دەست خستنە ناو کاروباری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، سەپاندنی ڕێوشوێنی دیاریکراو بەسەریدا، ناچار بکرێ پابەندی هەندێک بنەما بێ کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەســەریدا دەســەپێنی، دیاریکردنی ڕەوتی پرۆســەی ڕووداوەکـان بەهیچ بنەمـایەکی لۆجـیک و ژێر پاسـاو نادرێتەوە و لەگەڵ بنەماکانی ئازادی و داد نایەتەوە.

– لە ئەوروپای مـــۆدێرندا، ئایین بە دیاردەیەکی کـــۆمـــەڵایەتی دانراوە، بەڵام لە هەندێک کـــاروبار و ڕەهەندیدا ئەو لایەن و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی کاڵ بووەتەوە و بووە بە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەکردندا، بۆیە وەک ڕێگا چارەســەرێک جــیــاکــردنەوەی ئایین و دەوڵەت (سیاسەت) لە یەکتری سەرکەوتووانە پیادەکراوە و ئەنجامی سەرنج ڕاکێشی لێ کەوتووەتەوە، جگە لەوەی ئەو ئەنجامانە دەریان خستووە کە بەڕاستی ئەو کۆشش و هەوڵانەی هێناوەو دەهێنا کە لە پێناویدا کراون و دراون. ئەو بڕیارە یەکلایی کەرەوەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم دوو بابەتە سەر بە دوو کایەی ئەوپەڕی لەیەکتری جیاوازن، ئایین پێوەندی نێوان ڕەب و مرۆڤ ڕێکدەخات و ژیانی ئێـــســـتـــای ســـەر زەوی بە هەند ناگـرێ، بەڵام سیاسەت بە ڕەهەندە هەمەڕەنگییەکانییەوە بابەتێکی مرۆڤیی- دنیایی سەرزەمینییە، ئەمەیە مەبەست لەو بنەمـایەی کـە کـراوە بە دروشم و ســەرمــەشق و پەیڕەو کراوە:

بیرۆکەی ڕەببانی و ڕەها بن بە بیرۆکەی کۆمەڵایەتی و ڕێژەیی! ئەو دیاردەی گۆڕانە لە ڕەهاییەوە بۆ ڕێژەیی و لە ئاســمــانەوە بۆ ســەر زەوی بە هەمــوو ڕەهەندە ئایینی و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی و زانستییەوە، لە چوارچێوەی فەلسەفەدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە کایەی ئاکار و فەلسەفەی ئاییندا ڕەنگی داوەتەوە.

٤- لەو ڕۆژەوە فــەلســەفــە و زانست لە یەکـــتـــری جیابوونەوە، هەردووکیان هەریەکە بە شێوازی تایبەتی خۆی سەرچاوەیەکی سەرەکی زانین و توێژینەوە بووە، ئەو دوو سەرچاوەیە، ئەگەر جیاواز هاتبنە بەرچاو، لەبەر ئەوە بووە کـــە ئەو ئەنجـــامـــانەی داویانە و دیدەنە دەست، خەسڵەتی دیار و دەستنیشانکراو و تایبەتی خۆیان هەیە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەی فـەلسـەفـە، ئەگـەر بشێ چەمکێکی لۆجیک بەکاربهێنی، وشەی گۆڕاوی بۆ بەکاردەهێنرێ، چونکە بابەتەکانی بە تەواوەتی یەکلایی ناکـرێنەوە و بڕیار و بۆچوون و دەرکـەوتەکـانی جـێگای هەڵوێستی جیاواز و کێشە و بەرەو مشتومڕ و ناکۆکین، بابەت و ئەنجامەکانی فەلسەفە بە درێژایی مێژوو مایەی هێنان و بردن و پەســەندکــردن و ڕەتکردنەوە بوون، بە پێچەوانەوە ئەو دیاردەیە لە زانسـتـەکـاندا سروشت و خەسڵەتی نەگۆڕی هەیە و هەبووە و ئەنجامەکانیش بە جۆرێک یەکلایی کراونەتەوە و دەرفەتی هیچ جۆرە شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی تریان نەداوە، هەر بۆیە لە چوارچێوەی توێژینەوەی ئاکادیمیانەدا ڕاستی (حەقیقەت)ی فەلسەفە لە ڕاستی زانست جیاکراوەتەوە.

– ڕاســتی زانست لە ڕوخســاردا پشت بە ئەزمــوون دەبەســتێ و هەڵکەوتی دەوروبەر کــەرەســتــە و بابەتی چالاکی و توێژینەوەیەتی و هەمیشە ئەو ئەنجامانەی لێی دەکەونەوە سروشتی گشتی- هەمەکی و بابەتییان هەیە و خــودی زانا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان تێــدا ناگــێــڕێ. بە پێچەوانەوە لە فەلسەفەدا ئەو چەمکە بەپێی جیاوازی جیهاندید و بۆچوون و ڕێبازە جیاوازەکانی فەلسەفە جیا دەکــرێتــەوە، خــودی فــەیلەســووف لەو کـایەیەدا ڕۆڵی سەرپشک لە یەکلایی کردنەوەی بابەتەکە دەگێڕێ.

**سەرچاوە:**


1- Einstein, A., Uber die Spezielle und all gemeine Relativitatstheorie. Braunschweig 1954. S.37.
2- Einstein, A., Ebenda. S. 97.
3- Einstein, A., Ebenda. S.40-41.
4- Schlick, M., Raum und Zeit in der gegenwartigen Physik. 4. Auflage. Berlin 1922. S.106.
5- Cassirer, E., Zur Einsteinschen Relativitatstheorie. Berlin 1921. S.21.
6- Cassirer, E., Ebenda. S.114-115.
7- kraus, oskar., Fiktion und Hypothese in der Einsteinschen Relativitatstheorie. In: Annalen der Philosophie. 2 Bd. Leipzig 1921. S.336.
8- kraus, o., Die Ver Wechslungen von “Beschreibungs mittel” und “Beschreibungs objekt”. In: Kantstudien. Bd. 26. Berlin 1921. S.455.
9- Kraus,o., Die Ver Wechslungen... S.476.

# ئەلبێر کامو و پووچیی ژیان

ئەحمەد ع. غەریب
(سلێمانی)

**پێشەکی:**

کــارکــردن لەســەر هزری کــامــو، ناچارمــان دەکــات هەڵوەستە لەسەر کۆمەڵێک چەمک بکەین کە ڕاستەوخۆ بە ناوەرۆکی ژیانی مــرۆڤــەوە پەیوەستن، چونکە ئەو بابەتانەی کامو خستوونیەتە بەر باس، چەمکگەلێکن کە لە پێــوەندی نێــوان مرۆڤ و ژیانکردنەوە سەرهەڵدەدەن، وەک: نامــۆیی، ئازادی، یاخی بوون، خــۆکوشتن، پووچی Absurd...تاد. هۆکــارەکــەی ئەوەیە ئەم بیــرمــەندە، یەکێکە لەو کارەکتەرە دەگمەنانەی کە ژیانی تاکەکەسی خــۆی کــردووەتە بابەتێک بۆ تێــرامــان و ئەزمــوونکردنی هزری فەلسەفی.

لە خــوێندنەوەی کــامــودا دەتوانین درک بەوە بکەین کــە ئەو بابەتانەی ئەو لەبارەیانەوە دەدوێت، پێش ئەوەی بابەتێک بن بۆ توێژینەوەی فــەلســەفی، ئەزمــوون و بابەتێکن لە ژیانی تاکــەکــەسی خــۆیدا ڕەگــیــان هەیە، بۆچوونە فــەلســەفــیــەکــانی، هاوکــات وەڵامن بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە ژیانی خۆیدا گیرۆدەیان بووە، هەربۆیە کــاتێک کــامــو دەخــوێنینەوە هەست بە بیــر و هزرێکی تاکەکەسی و ڕاستگۆیی دەکەین، بیرمەندێک دەبینین کە بە پشت بەستن بە بیری فەلسەفی، دەیەوێت ڕێگایەکی شیاو بۆ تێگەیشتن لە ژیان بخاتەڕوو.

لەم وتارەدا کــە هەوڵــمــان بۆ تێگەیشــتنە لە چیــیــەتی ژیان و خــۆکــوشتن لای کــامــو، ئاراســتــەمــان دەکــات بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە پرسیارگەلی وەک ئەوەی؛ ئایا ژیانی مرۆیی چ مانایەکی هەیە؟ ژیان ئەوەندە دەهێنێ لە پێناویدا بژین؟ ئایا لە ئەگــەری بوونی ژیانێکی پووچدا خــۆکــوشتن دەبێــتــە چارەســەر؟ ئەگــەر خــۆکــوشتن ڕەت بکەینەوە و ژیانیش لە پووچی خــۆی بەردەوام بێت، چۆن لەگــەڵیــدا هەڵبکەین؟ئایا دەشێ بێ ئەوەی مــانایەک بە ژیان بدەین، لە ژیان بەردەوام بین؟ ئایا ژیان بە بێ مــانا و بە بێ ئومێد بەختەوەری تێدایە؟



ئەلبێر کامو

هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەی هزری (کامو)وە وەڵامی ئەو پرسیارانە و هاوشێوەیان بدەینەوە کە هاوکات خودی وەڵامەکان دەبنە دەروازە و پێشمەرج بۆ تێگەیشتن لە مانای ژیان و خۆکوشتن لای کامو.

### ١- پووچی ژیان: (١)

هێنانە کایەی چەمکی پووچی بۆ نێو بازنەی هزری فەلسەفی، بۆ فەیلەسووفی دانیمارکی سۆرێن کیرکگارد دەگەڕێتەوە، دەتوانین بڵێین کامو ئەم چەمکەی لە فەیلەسووفی ناوبراوەوە خواستووە(٢)، بەڵام کامو بە گشتگیرتر ئەم چەمکەی بەکارهێناوە و لەگەڵیدا بەقووڵیدا چووە، دەشێ بڵێین کۆی فەلسەفەی کامو لەسەر ئەم چەمکە داڕێژراوە، بۆیە بەبێ تێگەیشتن لە چەمکی پووچی ناتوانین لە کامو تێ بگەین، تەنانەت ئەم بە کرۆکدانانەی چەمکی پووچی، وای کردووە کامو بە یەکێک لە پەیڕەوانی ڕێبازی پووچگەرایی(٣) ناوزەد بکرێت.

لە ڕوانگەی (کامو)وە ژیانی مرۆیی، ژیانێکی بێ مانایە و ناوەرۆکێکی پووچی هەیە. سەرچاوەی بوونی پووچی، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە جیهان خۆی لە خۆیدا بێ مانایە، یان خودی مرۆڤ خۆی هەڵگری بێ مانایی بێت، نەخێر، بەڵکو سەرچاوەی پووچی، لە پێوەندی ناکۆکی نێوان مرۆڤ و جیهاندا سەرهەڵ دەدات، بەوەی مرۆڤ سروشتێکی عەقڵخوازی هەیە و جیهانیش نامەعقوولە. بە دەربڕینێکی دیکە، مرۆڤ لە ژیاندا بەدوای مانادا دەگەڕێت، دەیەوێت لە جیهان تێبگات، لە بەرانبەردا جیهان بێ دەنگە و ناکەوێتە ناو چوارچێوەی تێگەیشتنی مرۆییەوە، بۆیە جیهان بۆ مرۆڤ بە ناڕوونی و نەزانراوی دەمێنێتەوە، ئەمەش وا دەکات ئەنجامی بەدواداگەڕانی مرۆڤ لە جیهاندا، بێ مانا و پووچ بێت(٤).

کامو بەتەواوی نائومێدە لەوەی مرۆڤ بتوانێت زانینێکی ڕوون و تەواوی دەربارەی جیهان هەبێت، ئەمەش تووشی هەستێکی نیگەرانی قووڵی کردووە. کامو وای بۆ دەچێت کە زانست چەند پێش بکەوێت و چەند زیاتر گەرد و گەردیلە ورد بکاتەوە، هێشتا ناتوانێت لە زانینێکی دڵنیاکەرەوە نزیک بکەوێتەوە، بەلای (کامو)وە تیورە زانستییەکان لە کۆتاییدا ناگەنە زانینێکی دڵنیاکەرەوە دەربارەی بوون و نەبوون، بەڵکو وەک گریمانەیەک دەمێننەوە و زیاتر لە هۆنراوە و وێنەی میتافۆر دەچن، زانینی دڵنیاکەرەوە بۆ کامو ئەوە نییە هۆکاری دیاردەکان بزانین، زانینی هۆکاری دیاردەکان ناتوانێت ئاسوودەمان بکات، لە ڕوانگەی (کامو)وە من کاتێک دەتوانم ئاسوودەبم کە بزانم بۆچی بوونم هەیە و بۆ دەمرم.

کامو پێی وایە هەوڵەکان بۆ زانین چەند زۆربن، هێشتا بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانین ئاسوودەبین و بەخۆمان بڵێین دەزانین، بەردەوام کەلێنێک، بۆشاییەک لە نێوان ئێمە و جیهاندا بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، هەر ئەو کەلێنەش بەسە بۆ ئەوەی بگەین بەوەی کە لە ئەنجامدا پێوەندی مرۆڤ و ژیان، پێوەندییەکی ناودژە، ئەمەش وادەکات ئەنجامی پێوەندییەکە پووچ و بێ مانا بێت، لێرەوە مرۆڤ وەک نەزانێکی نامۆ بە خۆی و بە جیهان دەمێنێتەوە(٥).

پووچی لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات، واتە پووچی پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە و تایبەتە بە مرۆڤ، بەڵام هەستکردن بە پووچی کاتێک دێتە کایەوە کە مرۆڤ دەست دەکات بە بیرکردنەوە لە ژیان، واتە بیرکردنەوە دەستپێکی سەرهەڵدانی پووچییە. هەستکردن بە پووچی بە شێوەی جیاواز بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت، دەتوانین سێ سەرچاوەی هەستکردن بە پووچی دیاری بکەین:

**یەکەم:** دووبارە بوونەوەی ڕۆتیناتی ڕۆژانە، هەموو ڕۆژێکمان دەست پێ دەکات بە لەخەو هەستان، پاشان خواردن، کارکردن، نووستن، دیسانەوە لە خەو هەستان. ئەم دووبارە بوونەوە بەردەوامە؛ هەستکردن بە پووچی و بێ مانایی ژیانی ڕۆژانەمان دەردەخات.

**دووەم:** بێ باکی جیهان بەرانبەر بە بیرکردنەوەی ئێمە، لەوەدا کە جیهان بە بێ دەنگی دەمێنێتەوە و ناکەوێتە

ناو بازنەی تێگەیشتنی مرۆیی، بێ وەڵامی جیهان لە بەرانبەر پرسیارە ئۆنتۆلۆجییەکانی ئێمە، هەموو هەوڵەکانمان بۆ زانین مایەپووچ دەکات، ئەمەش وا دەکات پێوەندی مرۆڤ و جیهان پێوەندییەکی ناکۆک بێت، هەست کردن بە پووچی لەم ڕووبەڕوو بوونەوە ناکۆکەدا بە دیار دەکەوێت.

**سێیەم بریتییە لە مردن:** زانینی ئەوەی کە ژیان کاتییە و لەناکاو بەبێ ویستی خۆت دەمریت و هەموو هەوڵەکانت دەبنە هەڵم و ون دەبن، ئەمە دوا پلەی هەستکردنە بە پووچی(٦).

### ٢-خۆکوشتن

هزری پووچگەرایی کامو ناچارمان دەکات بپرسین، ئایا ئەگەر ژیان ئەوەندە بێ مانا و پووچە، بۆچی بژین؟ ئایا بێ مانایی ژیان ناچارمان دەکات بە خۆکوشتن؟ ئایا خۆکوشتن دەرئەنجامێکی شیاو نییە بۆ ئەم جۆرە تێگەیشتن؟ ئایا دەتوانین بڵێین پووچی، خۆکوشتن دەسەپێنێت؟

کەسێک بە هزری کامو ئاشنا نەبێت، پێشبینی ئەوە دەکات کە وەڵامی پرسیارەکە ئەرێنی بێت، بەڵام تەواو بە پێچەوانەوە، وەڵامی کامو دەربارەی خۆکوشتن، نەرێنییە. ئەو نەک تەنیا پێشنیاری خۆکوشتن ناکات، بەڵکو بە تەواوی دژیەتی.

کتێبی ئەفسانەی سیزیف، یەکێکە لە شاکارەکانی کامو کە ئەم کتێبەی بۆ توێژینەوە لەبارەی پووچی ژیان و خۆکوشتن تەرخان کردووە، لە سەرەتای کتێبەکەدا کامو دەنووسێت: "تەنیا یەک کێشەی ڕاستەقینەی جیددی فەلسەفی هەیە، ئەویش خۆکوشتنە."(٧) لە ڕوانگەی (کامو)وە خۆکوشتن کێشەیەکە دەبێت فەلسەفە پێش هەر پرسێکی دیکە چارەسەری بکات.

سپاردنی کێشەی خۆکوشتن بە فەلسەفە لە لای کامو، سێ خاڵی گرنگی لێ دیاری دەکرێت.

**یەکەم:** بە بایەخ دانانی فەلسەفەیە لە ژیانی مرۆڤدا، بەوەی دەشێ ببێتە کلیلێک بۆ چارەسەر کردنی بابەتێکی ئاڵۆزی وەک خۆکوشتن.

**دووەم:** دیاریکردنی خاسیەتی فەلسەفەی (کامو)، بەوەی فەلسەفە لای کامو، تەنیا بریتی نییە لە تیور، بەڵکو کامو فەلسەفە دەباتە ناو ناخی مرۆڤەوە و بەشداری پێدەکات لە دەرئەنجامی بڕیارەکانی ژیانی.

**سێیەم:** خۆ جیا کردنەوەی (کامو) لە شێوازی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، پێشتر لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئایینییەوە ئەم بابەتە شیکردنەوەی بۆ دەکرا، بەڵام کامو خۆکوشتنی وەک کێشەیەکی فەلسەفی خستەڕوو.

کامو دان بەوەدا دەنێت کە تێگەیشتن لەوەی دنیا پووچە و بێ مانایە؛ بەرەو بیرۆکەی خۆکوشتن دەمانبات، بەڵام بیرۆکەی خۆکوشتن چارەسەر نییە، بەڵکو خۆ بەدەستەوەدانە، خۆدزینەوەیە لە حەقیقەتی بوون. ڕاستە ژیان لە سەرێکەوە وا دەردەکەوێت ئەوەندە ناهێنێت تێیدا بژین، بەڵام ئەوەندەش ناهێنێت خۆمان بکوژین.

کامو پێی وایە ئەگەر مرۆڤێک خۆی بکوژێت، ئەوە لە مانای پووچی تێ نەگەیشتووە و پەیڕەوی لە لۆجیکی پووچی نەکردووە، چونکە پووچی ناچارمان ناکات بە مەرگ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پووچی ژیان دەسەپێنێت، ژیانێکی پووچ و بێ مانا. خۆکوشتن ڕاکردنە لە پووچی، خۆلادانە لێی، ڕازی بوونە بە لاوازی و بەرگە نەگرتنی بێ مانایی. خۆکوشتن ڕێگایەکی ترسنۆکانەیە و هەڵبژاردنی ئاسانترە لە ئەنجام نەدانی. تێگەیشتن لە پووچی بۆ ئەوە نییە خۆمانی لێ بدزینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە لە حەقیقەتی بێ مانایی ژیان تێ بگەین و لەگەڵ بێ ماناییەکەیدا بژین و بەردەوام بین. بەردەوامبوون لە ژیانێکی پووچ، ئەمە هەڵبژاردنە قورسەکەیە کە دەبێ جێبەجێی بکەین(٨).

مرۆڤی پووچگەرا (مرۆڤی ئەبسێرد)، واتە ئەو مرۆڤەی کە لە پووچی تێ دەگات، نابێ خۆی لە پووچی بدزێتەوە، تەنانەت نابێت پووچی ناچاری بکات خۆی بکوژێت، هەروەها نابێت پووچی وای لێ بکات کە ژیانی لەلا قێزەون بێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ پووچیدا بژی و تا دوا ساتی ژیانی لەگەڵیدا بەردەوام بێت.

بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی پووچی، دەبێ سەرنج بدەینە کەسایەتی ناو ئەفسانەی سیزیف. سیزیف فیگەرێکە لە ئەفسانەیەکی یۆنانییدا هاتووە، کەسایەتییەکە لە لایەن خوداکانەوە سزا دراوە، سزاکەشی ئەوەیە کە ناچار کراوە بەردێکی گەورە بەسەر شاخێکدا سەربخات تا بە لووتکەی شاخەکە دەگات، لەوێوە دەبێ بەردەکە خلۆر بکاتەوە، پاشان دەبێت ئەم کارە بۆ هەتاهەتایە دووبارە و دووبارە بکاتەوە.

سیزیف لای کامو نموونەی مرۆڤی پووچگەرایە، سەرەڕای قورسی و بێ مانایی ژیانی کە هیچ ئومێد و مانایەکی تێدا نییە، هێشتا هەر بەردەوامە لە کارەکەی. ئەوەی سیزیف دەیکات کارێکی بێ ئامانجە، بێ مانایە، هەروەها پووچە. سەرەڕای ئەوەی سیزیف وەک کەسێکی نیگەران و لێقەوماو دیارە، بەڵام لە ڕوانگەی (کامو)وە سیزیف کەسێکە بەختەوەرە! بەوەی کە لە ژیان

تێگەیشتووە، دەزانێت ژیانی بێ مانا و بێ ئومێدە، دەزانێت هیچ ئامانجێکی نییە جگە لە دووبارەکردنەوەیەکی بێ مانا، بۆیە ئەگەر پێمان وابێ سیزیف لەو کارەی خۆی پەست و نیگەرانە، ئەوە هەڵەین، بەڵکو لای کامو، سیزیف کاتێک دەگاتە سەر لووتکەی شاخەکە بە زەردەخەنەیەکەوە بەردەکە بەردەداتەوە و چێژ لەو تل بوونەوە بێ مانایەی بەردەکە وەردەگرێت(٩).

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کامو دوو جۆر لە خۆدزینەوە لە پووچی دیاری دەکات، یەکەمیان (خۆکوشتنی جەستەیی)، ئەوانە هەڵیدەبژێرن کە لاوازن و بەرگەی تێگەیشتن لە پووچی ناگرن، دووەمیان (خۆکوشتنی فەلسەفی)یە، کە فەیلەسووفەکان هەڵیدەبژێرن.

### ٣-خۆکوشتنی فەلسەفی:

مرۆڤ کاتێک درک بە پووچی دەکات و بۆی دەردەکەوێت بوونی لە ژیاندا بێ مانایە، ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە تووشی دۆخێکی ئاڵۆز ببێت، پاشان هەوڵی ڕزگاربوون لەم دۆخە دەبێتە ئامانج بۆی، مرۆڤ نایەوێت بە بێ مانایی و بەبێ ئومێد بژی، بۆیە بەدوای مانادا دەگەڕێت، دەیەوێت ئومێد لە ژیانیدا دروست بکات، لێرەدا مرۆڤ پەنا بۆ ئەندێشە دەبات، هەوڵ دەدات بیرۆکەیەک، باوەڕێک، مانایەک بۆخۆی بخوڵقێنێ، بەشێوەیەک بتوانێت خۆی ڕازی بکات کە ژیان پووچ نییە و مرۆڤ دەتوانێت ئومێد و مانا بۆخۆی دروست بکات، هەر ئەمەش لای کامو پێی دەوترێت خۆکوشتنی فەلسەفی. بە دەربڕینێکی دیکە، خۆکوشتنی فەلسەفی لای کامو بریتییە لە باوەڕهێنان بە بیرۆکەیەک، بۆ دروستکردنی مانا و ئومێد بۆ ژیانێک کە خۆی لە بنەڕەتدا پووچ و بێ مانایە(١٠).

لەم ڕوانگەیەوە هەموو ئەو تیور و بیرۆکە و باوەڕانەی کە هەوڵ دەدەن مانا بە ژیان ببەخشن، باوەڕهێنان پێیان دەچێتە چوارچێوەی خۆکوشتنی فەلسەفییەوە. خۆکوشتنی فەلسەفیش قۆناغێکی بەرزتری خۆدزینەوەیە لە پووچی، کامو بەم خۆدزینەوەیە دەڵێت بازدان، لە ڕوانگەی (کامو)وە هەوڵدان بۆ بازدان بەسەر پووچیدا هەوڵێکی بێ هوودەیە، پەردەپۆش کردنی پووچی و دروستکردنی مانا، واتای باوەڕهێنانە بە وەهم و خەیاڵات. لەڕێی باوەڕهێنان بە وەهم، مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە حەقیقەتی بوون بدزێتەوە، بەڵام ئەم خۆدزینەوەیە هەرچەندە وادەربکەوێت کە ژیانی مرۆڤ خۆش دەکات؛ کەچی ڕاستییەکەی زیاتر پووچ و بێ مانای دەکات، لای کامو هیچ شتێک لەوە پووچتر نییە مرۆڤ لە وەهمدا بژیێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت هاوڕابوون لەگەڵ کامودا و جێبەجێ کردنی تیورەکەی سەختە، بەتایبەت بۆ مرۆڤێک کە لە سەرەتای بوونییەوە بە ئایین و دابونەریت پەروەردە کراوە. بیرۆکەکانی کامو دەربارەی چۆنیەتی تێگەیشتن لە ژیان، زۆر ڕەشبین و تاریک دیارن، لەم تیورەدا مرۆڤ بوونێکە فڕێدراوەتە ناو جیهانەوە، هیچ هۆیەک نییە بۆ بوون و نەبوونی، بوونی لەنێو جیهاندا پووچ و بێ مانایە، ئەوەی کامو پێشنیاری دەکات زۆر نامۆ دەردەکەوێت: ژیان بەبێ مانا و بەبێ ئومێد!

کامو دەیەوێت ژیان وەک خۆی ببینرێت، مانا و ئومێدی وەهمی بۆ دروست نەکرێت، دەبێ واز لەو تێگەیشتنە باوە بهێنین کە هەموو شتێک دەبێت مانایەکی هەبێت، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دەبێت لەوە تێبگەین کە دەکرێت شتی بێ ماناش هەبێت، ئەو شتەی کە بێ مانایە، پێویستە وەک خۆی لێی تێبگەین، دروستکردنی مانا بۆی، دەبێتە لادان لە حەقیقەتەکەی، دەبێتە وەهم.

لەم ڕوانگەیەوە کامو ڕەخنە لە فەیلەسووفەکان دەگرێت کە لە پەردەپۆشکردنی حەقیقەتدا دەستێکی باڵایان هەیە، کامو پێی وایە فەیلەسووفەکان درکیان بە پووچی و بێ مانایی ژیان کردووە، بەڵام ئەوان لەگەڵ پووچی بەردەوام نەبوون، بەڵکو بە ئایدیایەک، یان باوەڕێکی فەلسەفی خۆیان لێ دزیوەتەوە و خۆکوشتنی فەلسەفییان جێبەجێ کردووە، دروستکردنی مانا و ئومێد لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە، لادانە لە لۆجیکی پووچی، ئەو ئومێدەی فەیلەسووفەکان دروستی دەکەن ئومێدێکی ساختەیە و بە زۆر دەیخوڵقێنن، لە کۆتاییشدا ئەو ئومێدە دروستکراوە، ئومێدێکی ئایینیی و وەهمییە، خیانەتە لە حەقیقەت، کوشتن و لەناوبردنی عەقڵە. لێرەوە لە ڕوانگەی کامودا، فەیلەسووفەکان بە گشتی و فەیلەسووفە بوونگەرا باوەڕدارەکان بە تایبەتی، خۆکوشتنی فەلسەفییان جێبەجێ کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوان لە جیاتی ئەوەی حەقیقەتی بوون ئاشکرا بکەن، بازیان بەسەردا داوە و پەردە پۆشیان کردووە. لەو فەیلەسووفانەش کە کامو بەتایبەت وەک نموونە وەری گرتوون و ئارگومێنتەکانیان دەخاتەڕوو بریتین لە: چیستۆف، سورێن کیرکەگارد، کارل یاسپرز، ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بۆ سارتر و مارتن هایدیگەریش دەکات(١١).

**ئەنجام:**

مرۆڤ هەبوویەکە فڕێدراوەتە ناو بوونەوە، ناچارکراوە بە ژیانێک کە خۆی هەڵینەبژاردووە، مردنیشی بەهەمان شێوەی هاتنە نێو ژیانی بە ویستی خۆی نییە، سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ بوونەوەرێکە بیردەکاتەوە و بە دوای مانادا دەگەڕێت، دەیەوێت بە ماناوە بژی و لە خۆی و لە جیهان تێ بگات، بەڵام لە بەرانبەردا جیهان بێ دەنگە و ناکەوێتە ناو تێگەیشتنی مرۆییەوە، ئەوەی لەبارەی جیهانەوە دەتوانین بیزانین، تەنیا هۆکاری دیاردەکانە، هۆکاری دیاردەکانیش وەڵامی پرسیارە ئۆنتۆلۆجییەکانمان ناداتەوە، بە تایبەت ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە بوون و نەبوون. بەم مانایە پێوەندی مرۆڤ و جیهان دەبێتە پێوەندییەکی ناکۆک، مرۆڤ لەم جیهانەدا ناگات بە زانینێکی دروست و دڵنیایی کەرەوە، بۆیە ئەنجامی پێوەندییەکە پووچ و بێ مانا دەبێت.

مرۆڤ وا خووی بە ژیانەوە گرتووە کە نەتوانێت ژیانێک بژی کە پووچ و بێ مانا بێت، بۆیە هەوڵی ڕەتکردنەوەی ئەو ژیانە دەدات، دەشێ پەنا بۆ خۆکوشتن ببات و لەم ڕێیەوە کۆتایی بەو پێوەندییە ناکۆکەی لەگەڵ جیهان بهێنێت، یان لەڕێی باوەڕهێنان بە بیرۆکەیەکی تراسندێنتال، مانا و ئومێدێکی دروستکراو بۆ خۆی بخوڵقێنێت، لەم ڕێیەوە باوەڕ بە خۆی بهێنێت کە ژیان پووچ نییە و دەکرێ مانا و ئومێدی تێدا دروست بکەین، بەڵام فەلسەفەی پووچگەرایی کامو هەردوو ڕێگاکە ڕەت دەکاتەوە. خۆکوشتن ڕادەست بوونە نەک چارەسەر، لاوازی و بێ توانایی مرۆڤەکە دەسەلمێنێت، هەروەها باوەڕهێنان بە بیرۆکەی وەهمی و دروستکراو. لای کامو پێی دەگوترێت خۆکوشتنی فەلسەفی کە ئەمەش شێوازێکی بەرزی خۆدزینەوەیە لە پووچی و پەردەپۆشکردنی حەقیقەتە.

لە ڕوانگەی (کامو)وە، مرۆڤ دەبێ واز لەو خووە بهێنێت کە دەبێت ژیان مانای هەبێت، بەڵکو مرۆڤ دەبێت لەوە تێ بگات، کە ژیان پووچە و دەبێ وەک خۆی قبوڵی بکات و لەگەڵیدا بژی، تێگەیشتن لە پووچی بۆ ئەوە نییە ڕەتی بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە لێی تێ بگەین و لەگەڵیدا بەردەوام بین. هەروەک سیزیف دەڵێ ژیان وەک بەردێکی قورسە بەسەر شانمانەوە، دەبێت بێ ماندوو بوون و بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ ئومێدێک بین، بەسەر شاخەکەدا سەری بخەین و دواتر بەری دەینەوە خوارەوە، پاشان تاوەکو مردن ئەم کارە دووبارە بکەینەوە، هەرگیز نابێ لەم کارە بێزار بین و ڕەتی بکەینەوە، تەنانەت نابێت مانا و بەڵگەی مەعقوولی بۆ دروست بکەین، بەڵکو دەبێت وەک خۆی وەری بگرین و بە پووچی و بێ ماناییەکەی قایل بین، تەنانەت چێژ لەو بێ ماناییەی وەربگرین.

**پەراوێزەکان:**

**١- پووچی لە بەرانبەر Absurdی ئینگلیزی بەکارهێنراوە، ئەم چەمکە لە فەلسەفەی کامودا بە واتای بێ مانایی و پووچی بەکارهاتووە.**

**2-Dru, Alexander. The Journals of Soren Kierkegaard, Oxford University Press, 1938.**

**3- Absurdism**

**4- Albert Camus, The Myth Of Sisyphus And Other Essays, P.8-20**

**5- Albert Camus, The Myth Of Sisyphus And Other Essays, P. 15**

**6- Frederick Copleston, AHistoy of Philosophy, Volume IX, P. 392-393.**

**7- Albert Camus, The Myth Of Sisyphus And Other Essays, P. 5**

**8- Frederick Copleston, A History Of Philosophy, Volume IX,P. 393.**

**9- See: Albert Camus, The Myth Of Sisyphus and Other Essays**

**10- Mark Gilbuena, Albert Camus on Suicide: An Exposition, P.11**

**11- Albert Camus, The Myth Of Sisyphus , P 23-32**

**سەرچاوەکان**

**1-Albert Camus, The Myth Of Sisyphus And Other Essays, translated by JustinO,Brein, 1955, PDF version.**

**2-Dru Alexander, The Journals of Soren Kierkegaard, Oxford University Press, 1938.**

**3-Frederick Copleston, A History Of Philosophy, Volume IX, 1974**

**4-Mark Gilbuena, Albert Camus on Suicide: An Exposition, published on www.academia.edu**

# بەیانی شیعریی شاعیرانی پێشڕەو

دلشاد عەبدوللا

لە ســەرەتای حــەفــتــاکــانەوە، بە دیاریکراوی لە ١٩٧٣ـەوە کە تازە دەستم بە نووسین کردبوو، بابەتم لە بڵاوکراوەکانی ئامادەییەکەمان بڵاودەکردوە، دواتر لە چەند کۆڕێکیش بەرهەمی خۆم خوێندەوە، بەڵام سەرەتای ڕاستەقینەی نووسینی شیعر لە لای من لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە دەست پێدەکا، واتە پێنج ساڵێک لەو نێوانەدا هەیە بەرهەمم تێیدا نووسیوە، بەڵام وەک هەموو سەرەتایەک کرچوکاڵ بوون.

قۆناغی ئامادەیی خوێندنم لە ئامادەیی کوردستان لە هەولێر تەواوکرد، دواتر بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس چوومە بەغدا، بەغدا لە ڕووی جموجوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە شارێکی زیندووی ئەو سەردەمەبوو، بۆ منی تینووی خوێندنەوە و پەرۆشی شیعر و ئەدەب گرینگ بوو، بێجگە لەوەی ژیان لەو جۆرە شوێنانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە سەرچاوە بۆ ئەزموونی هەمەجۆری بینین و پێوەندی و کرانەوە.

ساڵی ١٩٧٤ بە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستاندا وازم لە خوێندن هێناو بۆ ماوەی ساڵێک چوومە ناوچەی ئازاد کراو، دواتر کە شۆڕش شکستی خوارد گەڕامەوە سەر خوێندن.

ئەزموونی ئەم ساڵەی ژیانی تەنیایی دوور لە کەسوکار و لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی تۆپ و فڕۆکە و پشت بەستن بە خۆم لە ساتە ناخۆشەکاندا، کاریگەری ئەرێنییان لە دروستکردنی کەسایەتیمدا هەبوو.

کە گەڕامەوە بەغدا وەک هەموو گەڕاوەیەکی نائومێد هەستم بە نامۆیی دەکرد، ئەوکات هێشتا بە تەواوی لە نێوان کاری سیاسی و ئەدەبیدا خۆم ساغ نەکردبووەوە، لە ڕێکخراوێکی چەپ کارم دەکرد، بەڵام هەست و هۆشی ڕاستەقینەم هەردەم لای شیعر بوو، دەمزانی خۆ

خەریککردن بەکاری سیاسییەوە زیان لە ژیانی ئەدەبیم دەدا، نموونەی گۆران و هەردی – یشم لەخەیاڵدا بوو.

هاوینی ١٩٧٧ ئیتر بڕیارم دا بە یەکجاری واز لەکاری سیاسی بێنم و شیعر هەڵبژێرم. هێشتا دوو ساڵی خوێندنم لە بەغدا مابوو.

شکستی ١٩٧٤ شکستی جیهانی دەرەوە بوو، دەرەوەی تەنراو بە تەپکە و داوی خەیانەت و بێ بەرنامەیی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا. ئەو کاتەی دەرەوە هەرەسی هێنا زەمەنی ناوەوە، زەمەنی قوربانی و بێکەسی کەوتە هەڵقوڵین. ئەنجامی ئەو شکستەی دەرەوە باوەڕێکم لەلا دروست بوو کە میللەتانی وەک ئێمە دەتوانن لە ڕێی ئەفراندنەوە درێژە بە بەرگری و مانەوە بدەن. لەم ڕووەوە ئەزموونی ئەدەبی ئێرلەندام لەبەرچاو بوو. ئەدەبی ئێرلەندا لە کڵاوڕۆژنەی بەرهەمەکانی ییتس و جۆیس و بێکیت جیهانی هێنایە ناو ئێرلەنداوە.

ئەو ماوەیە نازانم لە ژێر کاریگەری کام شاعیر بوو کەوتمە نووسینی هەندێک دەق، لە دوای خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدیبانی ترەوە، وەک دەقی (یەکەم چرا لە ماڵی کاترینا هەڵدەکرێ و دوا چراش لە ماڵی کاترینا دەکوژێتەوە)، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی (مەرگ و ئازادی) کازانتزاکی، هەروەها (شەوێکی سارد) و (دکتۆر جیفاکۆ)ی باسترناک و چەند بەرهەمێکی تریش، ئەم بەرهەمانە جۆرێکن لە دەقئاوێزانی، هەروەها خۆ بەستنەوەیشن بە ڕەوتێکی ئەدەبیی جیاواز کە لە شیعری کوردیدا نەبوو.

ساڵی ١٩٧٨ کە دوا ساڵی خوێندنم بوو لەگەڵ ع. ع. یووسف و جەلال بەرزنجی بە سێیان پرۆژەیەکی شیعریمان بە ناوی ژمارە (٣) ئامادەکرد و بڕیارمان وابوو هەر ژمارەیەکی تەرخان بکەین بۆ بەرهەمی سێ شاعیر لەوانەی بەرهەمەکانیان هاوچەرخن، یەکەم ژمارەمان لە خۆمانەوە دەست پێکرد. لە هەولێر لە ماڵی ع. ع. یووسف کۆبووینەوە (گەڕەکی گڵکەندی پشت ئوتێل شێراتۆنی ئێستا، هەر ئەویش لە ناوماندا ژنی هێنابوو).

پاش ئامادەکردنی پرۆژەکە دامان بە دائیرەی ڕەقابەی ئێراقی، ئەوسا شێوازی بڵاوکردنەوە وابوو. دوای ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی ڕەقابەی ئێراق پرۆژەکەی داینەوە و مۆری قەدەغەکردنی لێدابوو، لە ژێر مۆرەکەشدا نووسرابوو ئەم بەرهەمە تێکدەرانەیە و نابێ بڵاوبێتەوە.

ساڵێک دوای دەرچوونم لە زانستگا بێکار مامەوە و زۆربەی کاتم بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخانکرد، قەناعەتێکی سەیرم لا دروست بووبوو، دەموت ئەگەر بەرهەمی من هیچ ئیزافەیەک نەکا بۆ سەر ئەزموونی شاعیرانی جیهان بۆ بڵاویان بکەمەوە! ئەم قەناعەتە لایەنی خراپی ئەوەبوو بەشێکی بەرهەمی ئەوکاتەم دڕاندووە، یان لە بنچینەدا دوام خستووە. یەکێک لەو دەقانەی ئاگری ئەو قەناعەتە گرتییەوە دەقی (کۆلارە)بوو، هەندێک لە برادەران ڕەنگە لە یادیان مابێ، چونکە لە دانیشتنی ئەدیباندا خوێندبوومەوە. ئەم دەقە دوای هەرەسی حەفتا و پێنج نووسیبووم. دەقێکی تر بە ناوی(گورگ) کە ئێستا بەشێک لە دەستنووسەکانیم ماوە و زۆر لە برادەرانیش گوێیان لێی بووە، لەوانەی ئێستا لە خەیاڵمدان شێرکۆ بێکەس کە بە دەستخەتی خۆی بۆی نووسیبومەتەوە، بەڵام ڕیتمی گۆڕیوە، چونکە ئەو پێی وابوو ڕیتمی نییە، لەکاتێکدا من وەک قەسیدەی پەخشان نووسیبووم و ڕیتمی باوی شیعری کوردیم جێهێشتبوو، هەروەها مەحموود زامدار و سەڵاح شوان و محەمەد موکری و جەلال بەرزنجی و قەرەنی جەمیل و فازیل جاف و ئازاد مەولوود....برادەری تریش کە ئێستا نایەنەوە یادم بینویانە.

ساڵی ١٩٨٠ جەنگی ئێراق و ئێران هەڵگیرسا، هەریەکە بە جۆرێک گرفتاری دەستی ئەو جەنگە بووین.

من لە کەڵەکی یاسین ئاغا فەرمانبەر بووم، بینای دائیرەکەمان لەسەر گردێک بوو، جارجارە لەوێ دەمامەوە و لە خوار دائیرەکەمان شوێنێکم بۆ مانەوەی خۆم ڕێکخستبوو. ئێوارە بوو لە چیمەنەکەی بەردەمی ئەو شوێنە دانیشتبووم کە شیعری (کۆتایی)م بۆ هات! بە ڕاستی هاتن بوو، چونکە دەتوت برووسکەیە لێمی دا. دەقەکە لە دوو پەرەگراف پێکدێ، یان دوو کۆپلە، بەداخەوە کاتی خۆی لەکاتی چاپکردنی کتێبی (بەفرنووس)دا لە ناو دەستنووسەکانمدا هەر کۆپلەیەکیانم دۆزیبیەوە، دوای گەڕان و پشکنینی زۆر تەواوی دەقەکەم دۆزیبیەوە.

ئێمە چەند برادەرێک بووین خەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بووبوو بە قەزییەمان، لە تەک ئێمەشدا چەند برادەرێکی تری هونەرمەند و ڕۆشنبیری شارەکەمان هەبوون و بەیەکەوە دانیشتنەکانمان بەگفتوگۆی فیکری و

ئەدەبی بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان گەرم بوو. لەو ماوەیەدا هەندێک وێستگەی جیا لەسەر ئاستی کەس و گشتی هەن کە مایەی لەسەر وەستانن، یەکێک لەو وێستگانە بڕیاری بڵاوکردنەوەی بەیانێکی شیعری بوو، هەرچەند ناوێکی دیاریکراو پێشنیاز نەکرابوو، بەڵام بە ناوی گرووپی پێشڕەو، یان تەلیعییەکانی هەولێر ناوەکە لەرێی مەحموود زامدارەوە ڕۆیشتبوو کە وەک دەزگایەکی ئیعلامی بۆ ئێمە کەوتبووە گەڕ.

ئەو شەوەی کە پێشنیازی نووسینی بەیانەکەمان کرد لە ماڵی ئێمە دانیشتبووین (خانووی ژمارە ٣ لە خانووەکانی کولێجی ئەندازیاریی هەولێر) و ئەوانەی ئامادەی دانیشتنەکەبوون، ع.ع.یووسف و جەلال بەرزنجی و مەحموود زامدار و دڵشاد عەبدوڵلا، بەرێکەوت ژمارەی خانووەکەمان و ناوی پرۆژەکەی کۆمان ژمارە ٣ بوو، پێشنیازیش کرا کە من رەشنووسی بەیانەکە بنووسم.

بۆ مێژوو دەیڵێم جگە لە زامدار کەسمان هێندە بۆ بەیانەکە بە هەڵپە نەبوو، لەبەر ئەوەی باوەڕمان وابوو کە داهێنان کارێکی تاکەکەسییە و ئەو جۆرە گردبوونەوانە بەکاری لاوەکییەوە سەرقاڵمان دەکەن، سەرەڕای ئەوەش پێشتر پێشینەیەکمان لەگەڵ ناوەندەکانی دەسەلاتی ڕۆشنبیری هەبوو، دەمانزانی گرفت و کێشەی گەورەمان بۆ دروست دەکەن، بەتایبەتی هەندێک نووسەری کۆنخوازیش لەگەڵ دژایەتیکردنی ئەو تەوژمە نوێیە هاوسۆزبوون، بە بیانووی ئەوەی ئێمە دژی مێژوو و کەلەپوور و ئایینین، یان لاسایی رۆژئاوا دەکەینەوە، ئەم تۆمەتانە هەردەم بۆ دژایەتی بزاوتە نوێیەکان ئامادەن.

حکوومەتی ئێراق کوردەکانی لەسەربازی عەفووکرد، دواتر مفاوەزاتی لەگەڵ شۆڕش دەست پێکرد، بەو واتایەی گوشاری لەسەر کورد کەم کردبوو. ئێمە بزووتنەوەیەکی شیعری بووین و نەماندەشاردەوە کە پێوەندیمان بە هیچ بارێکەوە نییە، جگە لەوەش ڕوانگەی بینینمان بۆ ڕووداوەکان ڕوانگەیەکی ئەدەبی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارە گشتییە مەینەتیی جەنگی لا سووک کردین.

ئەو شەوەی کە مەزەندە دەکەم پاییز، یان زستانی ساڵی ١٩٨٤ بووبێ، چونکە دەقی (سووتانی رەنگەکان)م لەژمارەی مانگی گولانی گۆڤاری بەیان بڵاوبووبووەوە، بەش بەحاڵی خۆم حەزم دەکرد ئەم دەقەم بڵاوبکەمەوە، ئەوجا باسی گۆڕانکاری لە شیعری کوردیدا بکەم تا قسەکانم نەبێتە قسەی تیوری بێ بنەما، بۆیە دەڵێم دوای ئەو مێژووە بوو کە دانیشتنەکەمان ئەنجام دا و لەوێ هەندێک سەرەقەڵەم وەک ناواخنی بەیانە شیعرییەکە دیاریکرا، لەوانە:

- ناساندنی خۆمان وەک بزووتنەوەیەکی شیعریی رچەشکێن بۆ دەربازکردنی شیعری کوردی لەو ڕیتم و زمان و سنوورە تەسکەی گیری تێدا خواردووە بۆ نووسینی دەقی ترسناک بە مەفهوومی ئیللیەت، ئەو دەقەی خۆی لە هەموو بیرێکی پێشوەخت ڕادەپسکێنێ.

- ڕزگارکردنی شیعری کوردی لەو هەموو زیادە ناشیعرییەی باری قورس کردووە، بیروباوەڕە ئایینی و نیشتمانییەکان و ئەو زەمەنەی دەرەوە کە شیعر بووە بە ئاوێنەی باڵانومای واقیعیکی وەستاو.

- گەڕانەوە و دۆزینەوەی زەمەنی ناوەوە کە زەمەنێکی مرۆییە، بەمەش لە دەسەلاتی ئاسنینی عەقڵ ڕزگاری دەبێ کە دوژمنی شیعرە.

- تەکنیک لەشیعردا گرنگترە لە مانا.

- دەربازکردنی زمان لە هەژمموونی مێژوو.

- جگە لەوەش ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە زەمەنی نوێ زەمەنێکی ترە و زەمەنی نالی نییە، ئەو کاتەی ئاو ئاو بوو، ژەهریش ژەهر.

- هەروەها رەخنە لەو ناوەندە ڕۆشنبیرییانەش بگیرێ کە کار بۆ تێکدانی بنیادی ئەدەبی کوردی دەکەن و تەگەرە دەخەنە بەردەم بزاوتە نوێیەکان.

- ئەدەبی شار دەنووسینەوە، دەبێ لەو زمان و عەقڵییەتە لادێییەی زاڵە ڕزگاربین.

- وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەینەوە کە ئێمە بە کاریۆنکاری ڕۆژئاوا دەزانێ، بۆ ئەم مەبەستە نەیشاربنەوە کە ئەزموونی ئەدیبانی ڕۆژئاوا جێگەی سەرسووڕمانی ئێمەیە، ع.ع. یوسف تەئکیدی دەکردەوە کە بزووتنەوەکانی وەک دادا بۆ ئێمە زۆر گرنگە، بەڵام ئەوەی ئێمە دەستمان پێی کردووە بزووتنەوەیەکی جیهانییە و گۆڕان لەناو ئەدەبی میللەتانی تریش لەئارادایە.

ئەوانە بەگشتی خاڵەکان بوون.

بەداخەوە کەم ئەزموونی لانی کەم هی من و دواتریش هەندێک ڕووداو کە ڕوویان دا، لەوانە هەرەسی مفاوەزات و دەستپێکردنەوەی شەڕ و زیادبوونی گوشاری

بەعس لەسەر ئەدیبانی کورد، بوون بەمایەی دروستبوونی دڵەڕاوکێ و سڵەمینەوە، ئەوەبوو بەیانەکە نەنووسرا.

بەڕای من هەڵەیەکی گەورەمان کرد کە بەیانەکەمان دەرنەکرد، منیش لەو ڕووەوە بەرپرسیاریەتی سەرەکیم لەئەستۆدایە، دەبێ دانی پێدا بنێم کە من چووبوومە بورجی عاجەوە و هێندە بیرم لە دەقی ناوازە دەکردەوە، هێندە بیرم بۆ جوولەی ئەدەبی بەیەکەوە نەدەچوو، ئەگەرچی بەیانەکە نەنووسرا، بەڵام فەزای بزووتنەوەکە لە ناوەندی ئەدەبیدا دەرکەوتبوو، تەنانەت ناوەکەش بە شاعیرانی پێشڕەو بڵاوبووەوە کە تا ئەمڕۆ ڕەنگرێژی شیعری کوردی کردووە و بەشێک لەو توێژینەوە و نامە ئەکادیمییانەی بینیومن بەو ناوە باسی ئەزموونی هەشتاکانیان کردووە، ئەوەی جێگەی وەستانە زۆربەی ئەو لێتوێژەرەوانە خۆیان ماندوو نەکردووە و سۆراخیان نەکردووە جگە لە یەک دووانێکیان نەبێ، بۆیە دەبینین فلان، یان فیسار شاعیریان کردووە بە پێشەنگی ئەو ڕەوتە، زۆربەی ئەوانەی باسیان دەکرێ ماون، نازانم بۆ جورئەتی ئەوە ناکەن بڵێن ئەرێ برا ئەوە من نیم و ڕەنگرێژەرانی ڕاستەقینەی ڕەوتە شیعرییەکە ماون. ئەوانەی دژایەتیشیان دەکردین ئەوانیش ماون و ئەگەر خیانەت لە یادەوەری خۆیان نەکەن دەزانن کێ بوون ئەو شاعیرانەی کە دژایەتییان دەکرا. هەموو بزاوتێکی نوێ ئاوهایە، سەرەتا دژایەتی دەکرێ، دواتر شوێنی خۆی دەکاتەوەو دەبێتە بەشێکی زیندوو لە جەستەی ئەدەبەکە خۆی و لاساییش دەکرێتەوە.

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی جیددی دەتوانێ نەخشە و سیماکانی ئەو ڕەوتە شیعرییە لەبەرهەمی ئەو شاعیرانەدا بدۆزێتەوە کە لە ڕیتم و تامویۆی شیعری شاعیرانی بەر لەخۆیان تەواو ڕزگاریان بووبوو، بەتایبەتی لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو کە فەزای شیعریان تەواو ئاسمانی شیعری کوردی گرتبوو، تاکە شاعیر کە توانیبووی لەدەرەوەی ئەو فەزایە بەرهەمی شیعریی خۆی درێژە پێبدا ئەنوەر قادر محەممەد بوو.

ساڵی ١٩٨٧ چەند دانیشتنێکی میهرەجانی میربەد لە هەولێر بەسترا، شاعیری ئێراقی خەزعەل ئەلماجدی هاتبوو، چەند دانیشتنێکمان بەیەکەوە کرد، ئەوانیش لەهەمان کات و بە هەمان فەزا هەوڵی تازەکردنەوەی شیعری ئێراقییان دەدا، تەوژمێکی نوێ بوون. دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا لەگۆڤاری (ئەلف با) ستوونێکی لەبارەی ئەزموونی ئێمەوە نووسی و بە نەوەی سێیەمی شیعری نوێی کوردی ناوی بردبووین، لەوەش زیاتر هەوڵی ڕێکخستنی کۆڕێکی شیعری بۆ داین کە لە یەکێتیی نووسەرانی ئێراق کە لە ١٩٨٩/٩/٦ بەسترا، ئەوانەی لەوێ شیعریان خوێندەوە بریتیبوون لە هاشم سەراج، محەمەد باوەکر، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، ئازاد مەولوودیش پێناساندن و دەقەکانی کە وەریگێڕابوون بۆ زمانی عارەبی خوێندەوە.

ئەو ٣٣ ساڵەی نێوان بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی بەیانەکە تا ئەمڕۆ هەریەک لەبرادەران بەجۆرێک ئەزموونی خۆیان درێژە پێ داوە و هەمووشمان بەردەوامین. ئەڵقەکانی دەوری ئەو سەرەتایە باش فراوان بووە و ئەزموون و دەنگی جیای لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە.

(دەقی ئەفرێنەر دەبێ بمانترسێنێ) ئەم وتەیەی تی. ئێس. ئیللیەت پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەرستۆیە کە داوادەکات داهێنان ئەو ترسە بڕەوێنێتەوە. لە ئەزموونی خۆمدا سوودم لە هەردوو ئاراستەی بیرکردنەوە وەرگرتووە، دەقی (سووتانی ڕەنگەکان) کە ساڵی ١٩٨٤ بڵاوم کردەوە لەڕووی تەکنیکی نووسین و فیکرەی شیعرییەوە شکاندنی ڕیتمی باو و تێکەڵکردنی سنعەتی شیعری و خەوندیدەییە (ڕوئیا). بیرم دێتەوە یەکەم ڕەشنووسی ئەم شیعرەم کە نووسی هەموو گیانم لەگەڵ وشە و ڕستەکانیدا دەلەرزی، چارەنووسی ئادەمیزادم وەک ئەو کەشتییە دەدی کە شەپۆلی شێت بەرەو نادیار دەیبەن، یان وەک ئەو گوندەی هەرەسی بەفر بزری دەکات و دەیسڕێتەوە، دواتر لە ١٩٧٩ـەوە تا ١٩٨٤ دەیان جار نووسیمەوە و دەستکاریم کرد تا قەناعەتی شیعریم پێی هات، ئەو حاڵەتە لە دیوانی (شەوەکانی ئامیتا بەدرێژایی بابل)دا ساڵی ٢٠٠٦ پاتەبووەوە و ماوەی یەک هەفتە هەستم دەکرد لە بێ هۆشیدام تا شیعرەکەم تەواوکرد.

یەکەم جار کە شیعری وێرانەخاکی ئیللیەتیشم، لە ساڵی ١٩٧٥ لەگۆڤاری ئادابی ئەجنەبی دیمەشقیدا خوێندەوە، بەبیرم دێتەوە لەژوورێکی حەیدەرخانەی بەغدا بووم، ئەو گەڕەکە میللییەم لێ بوو بە بەهەشت، شەوبوو دوای لێ بوونەوە لەخوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە بەکۆڵانەکانی ئەو گەڕەکەدا دەسووڕامەوە و لەناو زبلەبەردینەکاندا بەدوای ڕەگە بەیەکدا چووەکانی نەوەی

ئینسـاندا دەگـەڕام، کـە لە دەمـوچاوی هاتوچۆکـەران ڕادەمـــام، بەدوای ئـەو ژنە فـــاڵگرەوە و دەریـاوانە فـینیقـییـەدا دەگەڕام، ئەوجا تێگەیشتم دەقی ترسناک ئەوهایە، واقیعت لێ دەگۆڕێ بە دنیای شیعری.

ئیللیەت لەبارەی یۆلیسیسی جێمس جۆیسەوە دەڵێ جـۆیس بە نووسینی یۆلیـسـیس ڕەخنەی لە شـێـوەکـانی نووسینی ڕۆمان گرت کە پێش ئەو نووسرابوون. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ بەرهەمی نووسـەران و گەڕانەوە بۆ دەق و دۆزینەوەی ســەردەم لەناو بەرهەمی ئەدەبیــدا نەک بە پێـچـەوانەوە لەڕێی سـەردەمـەوە خـوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەم ڕسـتـەیەی ئیللیـەتەوە فـێـربووم، هەر ئەوەش بوو وای کـــرد ئـەو دەقـــانەی دەیاننووسم دەقی یەک ڕەهەندی نەبن، مـاوەیەک بەم شـاعـیـرە و بیـروبۆچوونە ئەدەبییەکانی زۆر سەرسام بووم.

لە ئەزمـوونی دواتردا سـەبارەت ئارامـبـوونەوە لەڕێی شیعرەوە، پەیڕەوی قەناعـەتی ئەرستۆم کردووە، گەڕانەوە بۆ شـتـە پەراوێزخـراوەکـان و هەندێک جـار شـیـعـر وەک یاری بـووە، ئەگـەرچی یاریش نیـیــە، چونکە لەیاریدا خەڵک خۆی لەیاد دەچێ، بەڵام لەشیعردا بەپێچەوانەوە، هەموو هەستەکان لەدەوری ئەفراندندا گرد دەبنەوە و خود بەئاگادێ.

نوێبـوونەوە لەشـیـعـری کـوردیدا ئەگـەر بەکـاریگەری ئەدەبی بیـانیـش بووبێ، بەڵام لە بنچـینەدا پێـویسـتـیی شــیــعــری بووە، لەنەوەی یەکـەمــدا بۆ دەربازبوون لە هەیمەنەی کلاسیک شیعری نوێی تورک ئەو کاریگەرییەی کـردووە، لای نەوەی دووەم، شـیـعـری نوێی عـەرەب و دەربازبوون لە هەیمەنەی ئایدیۆلۆجیا. لای نەوەی سێیەم شیعری ئەمەریکایی و ئەوروپایی و پاککردنەوەی شیعر لە زیادە ناشیعرییەکان، زەروورەتی نوێبوونەوە بنچینە بووە، بۆیە سێ ڕیتمی جیـاواز بەدرێژایی ئەو سی ساڵە دەبینین، ڕیتـمی دەرەوەی داخـراو و ناوەوەی نیـمـچـە کراوە، ئەوەی تر ڕیتمی دەرەوەی نیمچەکراوە و ناوەوەی یاخی لەبەرانبەریدا، سێیەمیان ڕیتمی ناوەوەی کراوە.

دەرەوە ئەو بارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە باوە بوو کە چۆکی خستبووە سەر خەیاڵ و بیر و زمانی شاعیر، گیانێکی ڕۆمانسی دەیویست لەپەنجەرەی ئەو دیوارەوە بڕوانێ. لە حەفتاکان دەنگی بلـندی یاخییانە ڕازی نەبوو بەو دیمەنانەی لەپەنجەرەوە دەیبینی و دەرگای کردەوە و هاتە چەقی شـەقام، شـیـعـری ئەو دەیەیە بەو دەنگە بەرزەوە گوێمانی زرنگاندەوە. هەشتاکان پرۆسەکە پێچەوانە بووەوە، دەرەوە لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و کارەساتەی جەنگ دروستی کرد، کەچی تۆفانی ناوەوە هەمووی داپۆشی، بەو مانایەی شیعرییەت بوو بە پێوانە، چۆنی دەنووسی بوو بەئەرکی شاعیری تازەگەر، نەک چی دەنووسی، بەمەش شاعیر لە زمانحاڵی هۆزەوە بوو بە زمـانحـاڵی سـاتێکی خـودی خـۆی. ئەم وەرچەرخـانە گـەورەیە و ئامـادەنەبوونی ڕەخنە و نەبوونی فـیکر و دژایەتی توندی ناوەندی ئەدەبی و ڕەسـمی، حـاڵەتێکی ناتەندروستی هێنایە کایەوە کە ئەزموونی شیعریی زیاتر بەرەو بورجی عاج برد و ناوەندی ئەدەبیشی لە دۆگمای ڕەسەنایەتی هێشتەوە.

زۆر غـەدر لە شـاعـیـرانی پێشـڕەو کراوە، لەهەندێک نووسین و دیداری ئەدەبی، ناوی کـەسـانی تر کـراوە بەخاوەنی ئەو ڕەوتە شـیـعـرییـە، لەکاتێکدا ئەوانەی لە کەشتییەکەدا بووین زۆربەی زۆریان ماون و هەمووشیان دڵنیان ڕاستی مەسەلەکە چۆن بووە، ئەوانەی دژی ئێمەش دەیاننووسی ئەوانیش زۆربەیان مـاون، ئەوانیش دەزانن کێ داینەمۆی ئەو ڕەوتە بوو!

زامداری زیندوو زۆر قسـەی خۆشی هەبوو، هەمووجار دەیوت، سێکوچکەی حەداسە ! مەبەستی لە ئێمە بوو، شاعیرانی ڕەوتی پێشڕەو. ئەو سێ کوچکەیە هەندێک جار بەگـوێرەی ویسـتـی خـۆی دەگـۆڕا، دووانیـان هەر کێ بووایە، بەڵام یەکێکیان هەر من بووم، لە دانیشتنەکاندا هەمووجار دەیوت لای ڕاستم دانیشە، چونکە گوێی چەپم کەڕە!

دواجار دەمەوێ ئەو قەناعەتە کۆنەی خۆم پاتە بکەمەوە کە شیعر پرۆسەیەکی زاتییە، شاعیرەکان دەتوانن گرووپ پێکبێنن، بەڵام لەکۆتاییدا هەر خۆیان بەتەنیا ڕووبەڕووی جەبەرووتی کاغەزی سپی دەبنەوە.

**ئایاری ٢٠١٧**

# گیروگرفت و دیاردە جیاوازەکانی ڕێنووس لە نووسینی کوردیدا

کازم عەباس عەلی(زەندی)

(٢ - ٢)

## شێوە نووسینی کوردی

بەبەراوردکردنی شێـوە نووسـینەکـانی کوردی هەر لە دەسـتنووسـەوە تا چاپەمـەنیـیـەکـان بە هەردوو ئەلفـوبێی عــەرەبی و لاتـینی دەردەکــەوێت کــە نووســینی کــوردی نووســینێـکی فــۆنەتیـکیــیــە، بە تێکەڵکردنی شــێــوەی فـۆنیـمی و بڕگـەیی، چونکە هەر لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوە دراوە، کە بەرانبەر هەر دەنگێک (فۆنیـمێک) پیـتێک، یان نیــشــانەیەک هەبێت(٢٢)، بەڵام ڕاسـتـیــیــەکـەی نووسـینی کوردی بە ئەلفـوبێی عـەرەبی لە پلەی یەکـەمدا فـۆنیـمـیـیـە، ئینجا لە هەندێک حاڵەتدا بڕگـەیی تێکەڵ دەکرێت، کـەچی لە لاتینیـدا، لەپلەی یەکـەمدا بڕگـەییە، ئینجا فۆنیمی، ئەم پێچەوانەییەیش بنەمای بەکارهێنانە لە هەردوو ئەلفــوبێــدا، بۆیە بە هۆکــاری زۆرینەی ئەو جــیــاوازیـیــانە دادەنرێت کــە لە بەراوردکــردنی هەردوو ئەلفوبێدا دەردەکەوێت.

لە ئەلفــوبێی عــەرەبیــدا بۆ هەر دەنگێـک پیــتــێـکی سـەربـەخـۆ دانراوە بـەبێ ئەوەی هەبوونی بزوێن لە وشـە و بڕگـەکـان ڕەچاو بکرێت وەک (پرشنگ - کردن -مردن - مــشـک...تاد، بەڵام لە هەندێک حــاڵـەتدا کــە پیــتــە کۆنسـتـانتەکان کەوتوونەتە سەرەتا و کۆتایی بڕگە لەیەک کاتدا ناچارین شێوەی بڕگەیی تێکەڵ بە فۆنیـمی بکەین هەروەک (کەل/لە (کەللە) - ماد/دە (مادده)- مەک/ کــە (مــەککە)...تاد، بەڵام بۆ هەردوو پیــتــی (و-ی) شــێــوەی بڕگــەیی فــەرامـۆش کـراوە، چونکە کــە ئەم دوو دەنگە کـەوتنە پاڵ یەکـتر هەست بە جیـاوازی دەربڕینیـان ناکرێت، لە هەمان کاتدا یەک نیگار بۆ بزوێن و نەبزوێنی ئەم دوو دەنـگە کــێــشــراوە، بۆیـە هەردەم یـەکــێـکیــان لە نووسـیندا سوێنراوە وەک (شو/ وان = شـوان) (پی/یاو = پیـاو)(نی/ یە(نیـیـە) نیـە...تاد، بەڵام لە ئەلفـوبێی

لاتینیدا شێوەی بڕگەیی پێش فۆنیمی دەخرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بنەمایەدا ڕێک بکەوێت کە دەڵێت، دەبێت لە هەموو وشە و بڕگەیەکدا بزوێنێک هەبێت، ئینجا ئەگەر بزوێنەکە پیت و دەنگ و فۆنیمێکی سەربەخۆ بێت، یان بە شێوەی بزرۆکە بێت وەک (پرشنگ
gir/(گــر/ یان) kir/ din -(کــر/ دن) pir/ ş̭ing/)
pi/yaw- (پی/ یاو) ş̭u/ wan (شـــو/ وان) yan -
(نی/ یە –Ni/ ye)...تاد

## هەڵبژاردنی ئەلفوبێکان

هەروەک دەزانین نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی مێژوویەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام بە وردبوونەوە و هەڵهێنجان و بەراوردکردن، لە دوای ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی، دەردەکەوێت کە هیچ کامەیان لە ئەلفوبێکان بە تایبەتمەندی زمانی کوردی نووسینی پێ نەکراوە، بەڵکو زیاتر ناچارکراوە و بەسەریدا سەپێنراوە، تا لاسایی عەرەبی و فارسی و تورکی و فەرەنسی و ئینگلیزی بکاتەوە، بەڵام هەروەک دەرکەوتووە ئێستا بیرکردنەوەی بیرمەندانی کورد لە هەڵبژاردنی ئەلفوبێدا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوونە:

**بەرەی یەکەم:** بەرەی هێشتنەوەی نووسین و ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی.

**بەرەی دووەم:** بەرەی گۆڕینی نووسین و ڕێنووسی کوردی بۆ ئەلفوبێی لاتینی.

هەر بەرەیەکیش لەم دوو بەرەیەدا بۆ بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکان لایەنگر و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە(٢٣)، هەر لایەنگرێکیش پاساوی بۆ بە پەسندتر زانینی ئەو بەرەیە هەیە کە ڕێنووسەکەی بە ڕاستتر دەزانێت، چونکە بەرژەوەندی زمان و نەتەوەی کورد لەم ئەلفوبێیەدا دەبینێتەوە، پاساوەکانیش لەم خاڵانەدا کۆدەکەینەوە:

**یەکەم:** بەرەی هێشتنەوەی نووسین و ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەڵێن:

ا- پیتەکانی ئەلفوبێی عەرەبی دەربڕی ڕاستەقینەی دەنگە کوردییەکانن، چونکە هەر دەنگێک نوێنەری خۆی هەیە لە شێوەی وێنە و پیتدا دەردەکەوێت، بە پێچەوانەی لاتینی کە هەندێک دەنگ پیتی تایبەتی بۆ نییە، دەبێت بەدەنگی جیاواز، یان بەلێکدانی دوو پیت و دانانی نیشانە دروست بکرێت وەک (ژ) Ẑ -j- Zh– –



**تۆفیق وەهبی**

ش( ŝ/ -sh- ŝ، ج = /c/ غ = gh خ =x...تاد.

ب- لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بزرۆکە نانووسرێت و ناخوێنرێتەوە، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا دەنووسرێت و ناخوێنرێتەوە، کەچی ئەو پیتەی کە نوێنەرایەتی بزرۆکە دەکات هەمان ئەو پیتەیە کە نوێنەرایەتی دەنگی (ی) دەکات، بۆیە لە هەندێک حاڵەتدا ئەگەر دەنگەکە بخوێنرێتەوە دەبێتە هۆی داهێنانی وشەیەکی تازە بە واتایەکی جیاواز وەک (دل –DiL) دیل)/ مل –MiL (میل)... تاد.

ج- ئەلفوبێی عەرەبی مێژوویەکی کۆنتری لە لاتینی هەیە، ئەم مێژووەش وای کردووە کە هەموو سامانی ئەدەبی و دەق و نووسراوە کوردییەکان بە هەموو شێوەزارێکیانەوە ئەگەر لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بێت بەم ئەلفوبێیە نووسرابێت، بۆیە وادادەنێن کە ئەگەر ئەلفوبێیەکە بگۆڕرێت دەبێتە هۆی دابڕان لەو سامانە کولتوورییەی کە بە درێژایی مێژوو پێکەوەمان ناوە.

د- کارکردن لەسەر گونجاندن و هەموارکردنی ئەلفوبێی عەرەبی بە تایبەتمەندی زمانی کوردی مێژوویەکی درێژتری هەیە، بۆیە تا ڕادەیەک توانراوە گیروگرفتەکانی ڕێنووس لەم ئەلفوبێیەدا چارەسەربکرێت.

هـ- ئیسلامبوونمان وا دەخوازێت کە ئەلفوبێی عەرەبی بمێنێنەوە تا لە زمانی قورئان دوور نەکەوینەوە.

و- بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە بە بەردەوامی لە

پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا قۆناغێکی نەپچڕاوەی هەیە بە حوکمی ئەوەی وڵاتە داگیرکەرەکانی ئێران و ئێراق و سووریا و (تورکی عوسمانی) ئەم ئەلفوبێیە بەکاردەهێنن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە قۆناغێکی زۆری پێشکەوتن و ڕاهاتنی زۆربەی نووسەر و خوێندەوارانی کوردی لەسەر دروست ببێت، بۆیە وا بە پەسند دەزانن کە ئەلفوبێی عەرەبی بمێنێتەوە.

**دووەم:** بەرەی گۆڕینی نووسین و ڕێنووسی کوردی بۆ ئەلفوبێی لاتینی دەڵێن:

ا- هەر زمانێک دەتوانێ بە تایبەتمەندی خۆی ئەم ئەلفوبێیە بەکار بهێنێت بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی زمانێکی تری بەسەردا بسەپێنرێت، بە پێچەوانەی ئەلفوبێی عەرەبی کە ئەگەر هەرچەند گۆڕانکاری و هەمواری تێدا بکەیت، تایبەتمەندی زمانی عەرەبی هەر بەزەقی بەسەر ڕێنووسدا دەردەکەوێت.

ب- ئەلفوبێی لاتینی لەگەڵ بنەماکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت، چونکە دەتوانرێت تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی لەگەڵدا ڕێک بخرێت.

ج- حەزکردن بە گۆڕان و تاقیکردنەوەی ئەلفوبێیەکی تر.

د- نزیککەوتنەوە لە ڕێنووسی زمان و نەتەوە ئەورووپاییەکان.

هـ- پەروەردەکردنی تاکی کورد بە بیرکردنەوەیەکی نوێ کە لە خزمەتی بیری نەتەوەییدا بێت، چونکە ئەلفوبێی لاتینی دەبێتە هۆی دابڕینی خوێنەری کورد: لەو مێژووەی کە نووسینی بە دەستوخەتی مێژوونووس و دوژمنانی کورد بووە، هەروەها لەو ڕابوردووەش کە هەڵبژاردنی هیچ شتێکی تێدا بەویست و حەز و ئارەزووی خۆی نەبووە، بۆیە وا بە پەسند دەزانن کە ئەلفوبێی عەرەبی بگۆڕن بۆ لاتینی.

و- دەبێتە هۆی نەمانی هەندێک گرفت کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەیە و لە لاتینیدا نامێنێت، وەک جیابوونەوەی بزوێنی (ی -i) (و - u) لە نەبزوێنی (ی y)(w -و) دەرخستنی بزرۆکە (i).

ڕاستییەکەی هەروەک دەرکەوتووە، بەکارهێنانی هەردوو ئەلفوبێ پڕ بە پێستی تایبەتمەندییەکانی دەنگ و دەربڕینی زمانی کوردی نین، بەڵکو نووسینی کوردی بە ئەلفبای عەرەبی زیاتر بە تایبەتمەندی ڕێنووسی عەرەبی و لاسایی فارسییە، ئەلفوبێی لاتینیش بە تایبەتمەندی فەرەنسی و ئینگلیزییە، یان تورکییە لە هەمان کاتدا هەڵبژاردنی هیچ یەکێک لەم دوو ئەلفوبێیەش بۆ ڕێنووسی کوردی لە سەرەتاوە تا ئێستا بە بڕیار و پاڵپشتی دەسەڵات و بیروبۆچوونی بیرمەندانی کورد نەبووە، بەڵکو داگیرکەران چ ئەلفوبێیەکیان بەکارهێنابێت، بەسەر ئێمەیاندا سەپاندووە، ئینجا ئێمە هەندێک هەمواری ڕووکەشیمان لە ئەلفوبێیەکاندا کردووە، بۆیە لە جێگەی خۆیدا نییە بیرمەندان و شارەزایانی زمانی کوردی شەڕ لەسەر مانەوە و نەمانەوەی ئەم دوو ئەلفوبێیە بکەن، بەم شێوەیەی کە ئێستاکە هەیە، بیکەنە خاڵێکی جیاوازی کە دوورکەوتنەوە و دڵساردی لە نێوان پارچەکاندا دروست بکات، بەڵکو پێویستە ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی ئەلفوبێیەک بکرێت کە بەرژەوەندی بەرز و باڵای نەتەوەی کورد و زمانەکەی تێدا ڕەچاوبکرێت، بۆیە بە باوەڕی ئێمە ئەو ئەلفوبێیەی کە پێویستە بۆ نووسینی کوردی بەکار بهێنرێت دەبێت:

١- لاتینییەک بێت بەتایبەتمەندی زمانی کوردی بێت نەوەک بە لاسایی تورکی و فەرەنسی، یان ئینگلیزی.

٢- دەنگە کوردییەکان بەپێی ئەم دەنگانە دەستنیشان بکرێن کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەیە، چونکە وشە کوردییەکان هەموو ئەو دەنگانەیان تێدایە کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەن، ئینجا پیتە لاتینییەکانیان بەرانبەر بکرێن.

٣- سەپێنراوی داگیرکەران نەبێت، بەڵکو هەڵبژێرراوی بیرمەندانی زمانی کوردی بێت.

٤- لەگەڵ بنەما بنچینەییەکانی زمانی کوردی ڕێک بکەوێت و بگونجێت.

### دەستنیشانکردنی دەنگ و فۆنیم و ئەلۆفۆنەکان

هەروەک دەزانین هەموو فۆنیمێک دەنگە، بەڵام هەموو دەنگێک فۆنیم نییە(٢٤)، بۆیە لە زماندا دوو جۆر دەنگ هەیە، جۆری یەکەم پیت و دەنگێکی سەربەخۆیە، بە فۆنیم ناو دەبرێت، مەرجی بەفۆنیم بوونیش ئەوەیە کە بە ئاڵوگۆڕکردنی دەنگێک بە دەنگێکی تر واتای وشە بگۆڕێت، جۆری دووەم بە ئەلۆفۆن ناودەبرێت، مەرجی بە ئەلۆفۆن بوونیش ئەوەیە کە دەنگێکی گۆڕاو لەسەر دەنگی فۆنیمێک دروست ببێت بەبێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێت،

**فۆنیمەکان:** ئەگەر پیتێک بۆ دەنگێکی سەربەخۆ(فۆنیم) لە هەردوو ئەلفوبێدا نەبێت، دەبێت بە دانانی کڵاوەی ژمارە هەشت((٨)) نیگاری پیتێکە دروست بکرێت وەک (ش - ڤ -چ- پ- ژ) - (ÂÎêĉĥŝx̂Ẑ)

**ئەلۆفۆنەکان:** لە ئەلفوبێی عەرەبیدا - (ڕ- ڵ) بەهەڵگەڕاوەی ژمارە حەوت((٧)) دروست دەبێت - (ص -ط) وەک پیتی تایبەت -(ک - گ) بە کاریگەری پیتە بزوێنەکانی بەدواداهاتووی ئەم دەنگانە دەردەخرێت، بەڵام لە ئەلفوبێی لاتینیدا هەموویان بە هەڵگەڕاوە دروست دەکرێن (ڕ = r̂/ ڵ=L̂/ص=Ŝ/ ط= t̂/ ک = K̂/ گ = Ĝ)

١-ب = Bb = فۆنیم

٢- پ = Pp = فۆنیم

٣- ت = T t = فۆنیم

٤- ط =t = ئەلۆفۆن

٥- ج=C = فۆنیم

٦- چ = ĉ = فۆنیم

٧- هـ= H = فۆنیم

٨- ح= Ĥĥ = فۆنیم

٩- ع = Âa = فۆنیم

١٠-خ =x = فۆنیم

١١-غ = x̂ = فۆنیم

١٢- د=Dd = فۆنیم

١٣- ز= z = فۆنیم

١٤- ژ= zẐ= فۆنیم

١٥- س =s = فۆنیم

١٦- ص = S = ئەلۆفۆن

١٧-ش = ŝ = فۆنیم

١٨- ف= f = فۆنیم

١٩- ڤ= v = فۆنیم

٢٠- ق= Q q = فۆنیم

٢١- ک= K = فۆنیم

٢٢- ک =K̂ = ئەلۆفۆن

٢٣- گ= G g = فۆنیم

٢٤- گ = gĜ = ئەلۆفۆن

٢٥- م= m = فۆنیم

٢٦- ۆ= o = فۆنیم

٢٧- ن= N = فۆنیم

٢٨- ر= Rr = فۆنیم

٢٩- ڕ = R̂r̂ = ئەلۆفۆن

٣٠- ل =L = فۆنیم

٣١- ڵ =L̂ = ئەلۆفۆن

٣٢ - (ە) = Ee= فۆنیم

٣٣-(ا) = Aa= فۆنیم

٣٤- (و) بزوێن = u = فۆنیم

٣٥-(و) نەبزوێن = w= فۆنیم

٣٦- (ی) بزوێن = î = فۆنیم

٣٧- (ی) نەبزوێن = y = فۆنیم

٣٨-(ێ)= Êê = فۆنیم

٣٩-(بزرۆکە)(i)

بزرۆکە نیمچە دەنگێگە، یان ئەو دەنگە کورتەیە کە وەک بزوێنەک لە وشە و لەبڕگەدا لە نێوان دوو پیتی نەبزوێندا هەست بەبوونی دەکرێت، ئەم نیمچە دەنگەش مەرج نییە تەنیا کورتە دەنگی (ی) بێت، بەڵکو لەوانەیە دەنگی بزوێنەکانی تریش بێت.

**٤٠-(ئـ) هاوبزرۆکە**

دەنگی (ئـ) لە زمانی کوردیدا چاو بەستییەکی وامان لێ دەکات کە بە چەند بیروبۆچوونێکی دژ بە یەک پێناسەی بکەین، چونکە دەنگێکی تایبەتە لە دەربڕین و لە نووسیندا، بەڵام ئەوەی جێگای گومان نییە لە هەردوو ئەلفوبێدا وەک پێداویستییەکی دەربڕین و دەنگێکی یاریدەدەر بۆ پیتە بزوێنەکانی سەرەتا خۆی دەردەخات، بەڵام هەرگیز نابێتە پێکهێنەری وشەی کوردی ڕەسەن لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، بەڵکو تەنیا لە کاتێکدا دەکەوێتە ناوەڕاستی وشە کە وشەیەکی دروستبوو بەم دەنگە دەبێتە پاشگر بۆ دروستکردنی وشەیەکی لێکدراو، لەم کاتەشدا دەبێتە دەنگێکی تواوە وەک (ئەندام - گوڵ ئەندام = گوڵەندام)(ئاو - ماست ئاو= ماستاو)(ئێستا - هەر ئێستا= هەرێستا)(ئارام - دڵ ئارام = دلارام) لە کۆتایی وشەشدا (نەئـ (نەء) تاکە وشەیە لە زمانی کوردیدا کە ئەم دەنگەی بکەوێتە کۆتایی، بەڵام هەروەک دەزانین بناغەی ئەم وشەیە ئامرازی نەرێنی (نا -نە) یە، وشەی (نەخێر)یشی لەبەرانبەردا هەیە، بە باوەڕی ئێمە گۆکردنی ئەم دەستەواژەیە گونجانە، یان بە لاسایی کردنەوەی زمانی عەرەبییە، چونکە بەهەمان شێوە عەرەبیش کە ئامرازی نەرێنی (لا) بەکار دەهێنن هەمان دەنگ لە کۆتایی

وشەکەدا دەردەخەن کە (لا) دەکەن بە (لاء) لە وشەی خـــوازراویشــــدا دەتوانرێت ئەم دەنگە بگۆڕرێت، یان بتوێنرێتەوە وەک (مسألە – مەسەلە – مەسئەلە/ مسئول – مسؤل – مەسوول – مەسئوول/ نائب = نایب) (ڕائول – RauL– ڕاوول)

ڕاستییەکەی لێکدانەوەی ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا بە هۆی ئەو سروشتە تایبەتەی کە هەیەتی لە نێوان بیروبۆچوونی جیاوازی زمانەوانان و تایبەتمەندی ئەلفوبێکان و لاساییکردنەوەی زمانە باڵا دەستەکاندا ماوەتەوە لە هەژمارکردنی بە دەنگێکی خاوەن پیت و فۆنیمێکی سەربەخۆ و بزوێن و نەبزوێن، یان دەنگێکی بێ فۆنیم، بەڵام بە گوێرەی دوا بڕیاری ئەنجوومەنی کۆڕی زانیاری کورد وەک پیتێکی سەربەخۆ دیاری کراوە(٢٥)، لە دوا چاپی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردیش لەژێر لیستی پیتە نەبزوێنەکاندا نووسراوە(٢٦)، هەروەها بەپێی دوا بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی لەگەڵ پیتە وەستاوەکان دانراوە (٢٧)، بەڵام محەمەد ئەمین هەورامی دەڵێت دەنگی (ئـ) لە زمانی کوردیدا بەر پێناسەی فۆنیم ناکەوێت کە پێناسەکەی بۆ ساغکردنەوەی دەنگە زمانییەکان پەیڕەو دەکرێت، کەچی دەنگی هەمزە لە زمانی عەرەبیدا بەر پێناسەی فۆنیم دەکەوێت وەک لە جێی (سأل– سجل) چونکە لە پێناسەی فۆنیمدا وتراوە، فۆنیم ئەو دانە دەنگەیە کە دەوری واتا گۆڕین لە وشەدا دەبینێت(٢٨)، هەروەها دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت لە زمانی کوردیدا (ئـ) فۆنیم نییە، بەڵکو دەنگێکی یاریدەدەرەو لە سەرەتای ئەو وشانەوە، یان ئەو بڕگانەوە پەیدا دەبێت کە بە بزوێن دەست پێ دەکەن – ئیبراهیم ئەمین باڵدار وەک پیتێکی سەربەخۆی هەژمارکردووە– شاکر فەتاح ئەحمەد بەلکاوی لەگەڵ بزوێنی درێژی (ا)ی بەم شێوەیە(ئا) وەک پیتێکی سەربەخۆ هەژماری کردووە– عومەر عەبدولڕەحیم دەنگی (ئـ)ی لەژێر ناوی پیتە بێ دەنگەکان داناوە کە دەڵێت کوتوپڕ لەدەنگ، یان لەناو قورگدا دێنەدەرەوە(٢٩)، هەروەها محەمەد مەعرووف دەڵێت زۆر ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە ئەم دەنگە لە پلەی فۆنیمدا نییە و شوێنەکانی بە ئاسانی بە یاسایەکی فۆنەتیکی دیاری دەکرێت (٣٠).

**بەراوردکردنی بزرۆکە و هاوبزرۆکە**

دەنگی (ئـ) ئەو دەنگەیە کە لە نێوان بیروبۆچوونی زمانەوانان و سروشتی تایبەتی خۆیدا بەبێ ناو و هەژمارکردنی بە فۆنیم، یان دەنگێکی بێ فۆنیم ماوەتەوە هەروەها بەکارهێنانیشی لە نێوان هەردوو ئەلفوبێدا بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک بنەما و لێکدانەوە ئاوەژوو بکاتەوە، بۆیە بەباوەڕی ئێمە دەنگی (ئـ) بە (هاوبزرۆکە) بناسرێت گونجاوترە، چونکە لە هەندێک سیفەتدا هاوشێوەی بزرۆکەیە، لە هەندێکی تردا پێچەوانەیە.

**بزرۆکە «i»**

١–کورتە دەنگێکی بزوێنە.

٢–هەرگیز ناکەوێتە سەرەتای وشە.

٣– لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا هەست بەبوونی دەکرێت.

٤– هەردەم دەکەوێتە نێوان پیتە نەبزوێنەکانەوە.

٥– لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نانووسرێت و ناخوێنرێتەوە.

٦– لە ئەلفوبێی لاتینیدا دەنووسرێت و ناخوێنرێتەوە.

٧– لەگەڵ دەنگە بزوێنەکان ئاڵوگۆڕ دەبێت وەک (وەڵات = wiLat//و(ی)ڵات/

(کوردوستان=Kurdistan/ کورد(ی) ستان/

(نزیک = nizik/ن(ێ) زیک...تاد

**هاوبزرۆکە «ئـ»**

١– دەنگێکی وەستاوی نەبزوێنە.

٢–هەردەم دەکەوێتە سەرەتای وشەوە.

٣– لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دەتوێتەوەو هەست بەبوونی ناکرێت.

٤–هەردەم دەکەوێتە پێش پیتە بزوێنەکانەوە.

٥–لە ئەلفوبێی عەرەبیدا دەنووسرێت و دەخوێنرێتەوە.

٦– لە ئەلفوبێی لاتینیدا نانووسرێت و دەخوێنرێتەوە

٧– لەگەڵ دەنگ و پیتە نەبزوێنەکان ئاڵوگۆڕدەبێت وەک (ئێسک – هێسک/ ئاسان =هاسان/ ئانین = هانین/ ئینان – هینان/ ئاسمان = عاسمان/ قورئان – قورعان...تاد

**ژمارەی دەنگ و فۆنیم و ئەلۆفۆنەکان**

– ژمارەی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا (٣٨) دەنگە، ئینجا لەم دەنگانەدا فۆنیم و ئەلۆفۆنەکان جیا دەبێتەوە، لە فۆنیمەکانیش پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان دەردەهێنرێت.

– ژمارەی فۆنیمەکان لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بریتییە لە سی(٣٠) دەنگ و پیتی سەربەخۆ، لەلاتینیدا بریتییە لە (٣٢) پیت و نیگاری سەربەخۆ، چونکە هەردوو دەنگی (و–ی) بزوێن و نەبزوێنی بە دوو نیگاری جیاواز دەردەخرێت بە پێچەوانەی ئەلفوبێی عەرەبی کە بۆ هەردوو دەنگ یەک شێوە نیگار دادەنرێت (ب bB/ پ Pp/ ت Tt/ ج C/ چ ĉ/ ع Ââ/ خ X/ غ x̂/ د Dd/ ه Hh/ ح Ĥĥ/ ز z/ ژ Ẑ/س s/ش ŝ/فFf/ڤـــ v/قQq//کK/گ Gg/ مMm/ن Nn/ل L/ر Rr/ێ Êê/ە Ee/ ی –یـ y -Î/و- u w/ۆo/ ا A)

– ژمارەی ئەلۆفۆنەکان لە هەردوو ئەلفوبێدا بریتییە لە شەش (٦) دەنگی جیاواز کە لەسەر دەنگە بنەڕەتییەکە، یان فۆنیمە سەربەخۆیەکە دروست دەبێت، بە نیگاری سەربەخۆ، یان بە نیشانەی هەڵگەڕاوە پیشان دەدرێت، بەم شێوەیە (ط t̂/ ڕ R̂r̂/ص Ŝ/ک K̂/گ Ĝĝ/ڵ L̂).

**تێبینی:**

لە هەندێک وشەدا هەست بەوە دەکرێت کە دەنگی (چ) یش وەک (ک)ی ئەلۆفۆن دەنگەکەی ئەستوور دەبێت وەک (چاو ĉaw) دەخوێنرێتەوە K̂aw/ چیمەن ĉîmen دەخوێنرێتەوە K̂îmen...تاد، بەڵام بە ئەلۆفۆن هەژمار ناکرێت، چونکە دەربڕینێکی تایبەتە و لە زار و ئاخاوتنی ئەو کەسانە زیاتر هەست پێ دەکرێت کە زمانی عەرەبی دەزانن، نەوەک بە شێوەیەکی گشتی لە بواری دەنگسازیدا کاریگەری لەسەر زمانی کوردی هەبێت.

–ژمارەی پیتە نەبزوێنەکان (کۆنسنانت) بریتییە لە بیست و شەش(٢٦+ هاوبزرۆکە) دەنگ (ب bB/ پ Pp/ ت Tt/ ج C/ چ c/ ع Ââ/ خ X/ غ x̂/ د Dd/ ه Hh/ ح Ĥĥ/ ز z/ ژ Ẑ/ س s/ ش ŝ/ ف Ff/ ڤـ v/ ق Qq/ ک K/ گ Gg/ م Mm/ ن Nn/ ل L/ ر Rr/ ی –یـ y/ و w/+هاوبزرۆکە

– پیتە بزوێنەکان (ڤاول) بریتییە لە شەش (٦ بزوێنی تەواو + بزرۆکە) کە ئەمانەن/ (ا) a/ (ە) Ee/) ی – یـــــــ Î/ (ێ) Êê/ (و) -u/ (ۆ) o+ بزرۆکە.

**تێبینی:**

دەستنیشانکردنی بزوێنەکان یەکێکە لەو گرفتانەی کە تا ئێستا یەکلا نەبووەتەوە، چونکە هەندێک لە زمانەوانان لە ئەلفوبێی عەرەبیدا حەوت پیتی بزوێن دەستنیشان دەکەن کە بریتین لە (ا- ە - ی - ێ - و - ۆ + (وو)ی درێژ، لەئەلفوبێی لاتینیشدا هەشت پیت دیاری دەکەن کە بریتین لە (uw+u-e-i-o-e-a) درێژ +بزرۆکە (i)، بەڵام بە باوەڕی ئێمە پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردی و لە هەردوو ئەلفوبێدا شەش بزوێنی تەواو و بزرۆکەی کورت و ناتەواوە، (وو)ی درێژ بە بزوێنی درێژ لەتەک بزوێنەکان هەژمار نەکرێت، چونکە پێکهاتووە لە دوو دەنگ، ئەم دوو دەنگەش، یان بزوێن و نەبزوێنە، یان بزوێنێکی تەواو و بزرۆکەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بزوێن و نەبزوێنی (و–ی) یەک نیگاریان هەیە، هەروەها نیگاریش بۆ بزرۆکە نییە، بۆیە کە دوو پیتی وەک یەکی (وو) دەنووسرێت، وادەردەکەوێت کە یەک پیتە نەوەک دوو دەنگ، ئەمەش وای کردووە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا هەست بەو جیاوازییە نەکرێت و بە هەند وەرنەگیرێت، بەڵام لە لاتینیدا لەبەر ئەوەی بزوێن و نەبزوێنی (و) لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، هەروەها نیگاری بزرۆکەش هەیە، بۆیە دەتوانین هەردوو دەنگ لەیەکتر جیا بکەینەوە و لە ڕێنووسدا دەریبخەین بەم شێوەیە (wu - wi - ui)

**تێبینی:**

ا- هەردوو دەنگی (ۆ- ێ) لە زمانی کوردیدا دوو پیتی سەربەخۆن و دەکەونە بەر پێناسەی دەنگە فۆنیمەکان، چونکە واتاگۆڕی بە وشەکان دەکەن، بەڵام لە ئەلفوبێی عەرەبیدا پیتی تایبەتیان بۆ نییە، بۆیە لەسەر نیگاری دەنگ و پیتی (و - ی) بەدانانی هەڵگەڕاوەی ((٧)) دروست دەبن، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە دەڵێین دەبێت فۆنیمەکان بە کڵاوەی ((٨)) دروست بن، بۆیە پێویستە نیشانەی هەردوو پیتەکە بگۆڕدرێت و بە کڵاوەی ژمارە هەشت دروست بکرێت بەم شێوەیە (و- ی) تا شێوەی نیشانە و هێمای دروستبوونی هەموو پیتەکان لە هەردوو ئەلفوبێدا وەک یەکتری لێبێت، بە مەرجێک سێ خاڵی سەر پیتەکانی (ش- ژ- ڤ - چ - پ)یش بەکڵاوە دابنرێت، کە ڕاستییەکەی هەروایە، چونکە نووسەرانی کورد لە دەستنووسدا هەرگیز سێ خاڵ نانووسن، بەڵکو وەک ژمارە هەشت وێنای دەکەن، چونکە ئاسانترەو دەست هەڵگرتنی تێدا نییە.

ب- ئەگەر وێنەی پیتەکان بەکلاوە و هەڵگەڕاوە دروست بکرێن، بۆ فێربوون ئاسان دەبێت لە هەمان کاتدا بۆ بەرانبەرکردنی پیتە هاودەنگەکان لە هەردوو ئەلفوبێ و لە دوگمەکانی کۆمپیووتەردا گونجاوترە.

## هۆکارەکانی گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی

**هۆکاری یەکەم:** نەبوونی دەسەڵات و مانەوەمان بە ژێردەستی. ئەم هۆکارە وای کردووە کە هەرگیز پاڵپشتی دەسەڵات بۆ یەکخستنی ڕێنووسی کوردی دروست نەبێت.

**هۆکاری دووەم:** پارچە پارچەبوونی خاکەکەمان و دابەشبوونمان بەسەر چەند وڵاتێکی داگیرکەردا، ئەم هۆکارە وای کردووە کە زمانی کوردی بەگشتی، هەرچەند شێوەزارێکی لە هەر پارچەیەکدا بکەوێتە ژێر کاریگەری زمانێکی باڵادەست - جیابوونەوەی ڕێنووس و ئەلفوبێی نووسینی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خوێندەواری کورد لەیەکتر دابپڕێن و نەتوانن دەستنووسی یەکتر بخوێننەوە - ڕۆشنبیری و توێژینەوە زمانەوانییەکان لەهەر پارچەیەکدا لەیەکتر جیاببێتەوە و ڕێگەچارەی گرفتەکان بەیەک ئاراستە پێش نەکەوێت.

**هۆکاری سێیەم:** نەبوونی زمانی ستاندارده، ئەم هۆکارەش وای کردووە کە نەتوانرێت بەیەک یاسا ڕێنووسی کوردی یەک بخرێت، چونکە هەر شێوەزارێک لەهەر پارچەیەکدا، هەر نووسەر و زمانەوانێک لە ئەلفوبێیەکدا بەپێی تایبەتمەندی شێوەزار و ئەلفوبێیەکە پێشنیار و ڕێنمایی دادەنێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی بیروبۆچوونی دژبەیەک نەوەک یەک ئاراستەی ڕێکوپێک.

**هۆکاری چوارەم:** پەیڕەونەکردنی یاسای ڕێنووس و بەهەند وەرنەگرتنی بنەما و پێوەرەکان بە تایبەتمەندی زمانی کوردی، ئەم هۆکارەش وای کرد: دیاردەی جیاوازی لە ڕێنووسی دەستەواژەکاندا دەربکەوێت - شێوەی تێکەڵ و هەڕەمەکی پەرە بستێنێت- هەموو شێوە ڕێنووسێک بە ڕاست بزانرێت.

**هۆکاری پێنجەم:** بیرۆکەی شیان و نەشیان لە ڕێنووسدا کراوەتە پاساو بۆ ئەوەی دەستەواژەیەک بە دوو شێوە و زیاتر بنووسرێت، وەک لە نووسین و نەنووسینی پیتی نیشانەی کاری داخوازی (ب) (هەڵبگرە - هەڵگرە)- پیتی (ت)ی کۆتایی کاری ڕانەبوردوو (دەفرۆشێت- دەفرۆشێ/ دەکا - دەکات)گۆڕین و کلۆرکردن وەک لە (تێداچوون -تیاچوون...تاد)

**هۆکاری شەشەم:** کورتکردنەوە و درێژکردنەوەی دەنگەکان لە کاتی دەربڕیندا هۆکارێکی ترە کە جیاوازی ڕێنووسی لێ پەیدا دەبێت، چونکە ڕاستییەکەی هەرچی بزوێنی تەواوە دەشێت بە قەدەر توانایی ئاخێوەر درێژ ببێتەوە، بەشی هەرە زۆری کۆنستانتەکانیش درێژکردنەوە هەڵ دەگرن، دەنگەکانی (خ - ر - ڕ - ز - ژ - س- ش - غ - ف - ڤ - ل - ڵ - م - ن، دەنگی ح - ه، جێی دەمەتەقەن) دەشێت بە ئارەزووی ئاخێوەر درێژ ببێتەوە، دەنگەکانی (ب - پ - ت - ج - د - ع - ئـ - ک - گ) هیچیان ناشێ درێژ بکرێنەوە(٣١)، ئەم خاسیەتەش وادەکات کە گرفتەکان چارەسەر نەبن، چونکە هەندێ کەس دەربڕینی دەنگەکان دەکاتە پێوەر و نیگاری پیتەکانی بەرانبەر دەکات، بەواتای ئەوەی بە دوای شێوەی کورتکردنەوە و درێژکردنەوەی دەنگەکاندا دەچێت لەکاتی نووسیندا وەک (نووسین - نوسین/ کاوڕ - کاوڕ/ پییاز - پیاز، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم درێژی و کورتییە جیاوازی واتای لێ دروست نابێت، مەگەر لە چەند حاڵەت و دەستەواژەیەکی دەگمەندا نەبێت وەک (کوڕ - کووڕ/ماین - مایین)، بۆیە تا ئێستا ڕایەکی یەکلاکەرەوە بە پەسند نازانرێت بۆ ڕێنووسی ئەم دەستەواژانە.

**هۆکاری حەوتەم:** زمانی کوردی زمانێکی لێکدراوە، بە لێکدانی دوو وشە و پاشگر و پێشگر و زیاتر زۆرینەی دەستەواژەکان دروست دەبن، ئەمەش هۆکارێکی ترە کە گرفتی زیاتری بۆ دروست کردووین و بووە بە دیاردەیەکی جیاواز لە ڕێنووسدا، چونکە لکاندن و نەلکاندن و دووری و نزیکی دەستەواژەکان لە نووسیندا بووە بە هۆکارێک کە ناتوانرێت بەیەک شێواز و شێوە وشەکان بنووسرێن وەک لە(دەستنیشانکردن - دەست نیشان کردن - دەستنیشان کردن - دەستنیشانمانکرد - دەستنیشانمان کرد - دەست نیشانمانکرد- دەستنیشاندەکەم - دەست نیشان دەکەم - دەستنیشان دەکەم...تاد

**هۆکاری هەشتەم:** لاساییکردنەوەی ڕێنووسی زمانە باڵادەستەکان، ئەم هۆکارەش وای کردووە، کە نووسینی کوردی زیاتر ماک و مۆری زمانە داگیرکەرەکانی پێوە بلکێت - خوێندەواری کورد زیاتر شارەزای نووسین و

ڕێنووسی زمانە باڵادەستەکان ببێت نەوەک تایبەتمەندییەکانی زمانە زگماکەکەی خۆی.

ئەم هۆکارانە و چەندان هۆکاری تر بەیەکەوە وایان کردووە کە تاکی کورد خۆی بەقەرزاری ئەو زمانە بزانێت کە خوێندنی پێ فێربووە، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی زمانی کوردی بەگشتی و ڕێنووسەکەی بەزەحمەت بزانێت، چونکە وا پەروەردەبووە کە بە تایبەتمەندی زمانی کوردی بیر نەکاتەوە، بەڵکو وەک بەراوردکارێکی زمانەوانی لە نێوان شێوەزارە کوردییەکان، یان شێوەزارێکی کوردی و زمانێکی ستانداردی داگیرکەرێک، یان بیانییەک، یان وەک زمانناسێکی جیهانی بیر لە زمانە زگماکەکەی خۆیان بکاتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕێڕەوە مێژووییە دروست بووە کە تاکی کورد هەردەم زمانە زگماکەکەی خۆی بە لاواز زانیوە و بە هاوتای زمانە داگیرکەرەکانی نەزانیوە.

## هەنگاوەکانی یەکخستنی ڕێنووسی کوردی

**هەنگاوی یەکەم:** دانانی یاسای نووسین و ڕێسای ڕێنووس

ئەم هەنگاوە دەستپێکی ئەو قۆناغەیە کە بۆ ڕێکخستنی نووسین و یەکخستنی ڕێنووس هەڵدەهێنرێت، دەبێت بە هەڵبژاردنی ئەو شێوە نووسینە دەست پێ بکات کە دەبێت لە ڕێنووسدا پەیڕەو بکرێت، چونکە نووسین گەلێک جۆری هەیە، فۆنەتیکی، فۆنۆلۆجی، سیلابیکی، ئەرتۆگرافی و تێکەڵ.. هەریەکە لەمانە لە دەنگسازیدا بواری خۆی هەیە، هەندێک لەزمانەوانان هەست بەجیاوازی نێوان ئەمانە ناکەن، هەیە لەڕوانگەی فۆنەتیکەوە، هەیشە لەڕوانگەی فۆنۆلۆجییەوە، هەیشە لەڕوانگەی هەردوو ئاستەوە بەتێکەڵی بیر لە ڕێنووس دەکاتەوە(٣٢)، بەڵام ئەم هەنگاوە بەو مانایە نایەت کە هەموو گرفت و جیاوازییەکانی ڕێنووسی پێ چارەسەر دەبێت، چونکە هیچ یاسایەک لە هیچ بابەتێکدا نییە پڕاوپڕ کێشەکان چارەسەر بکات.

**هەنگاوی دووەم:** ڕێککەوتنی نێوان زمانەوانان

لەدوای دانانی یاسا و ڕێسا، ڕێککەوتنی نێوان بیرمەندان و زمانەوانان و شارەزایانی زمان لەسەر پێشنیار و ڕێنماییەکان بەگرنگترین هەنگاو دادەنرێت بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێنووس، چونکە ئەگەر بەنیوە چڵیش بێت لە هەندێک باردا هەموولا ڕێک دەکەون کە چۆن بنووسن(٣٣)، لەم حاڵەتەشدا تا ڕادەیەک شێوە ڕێنووسێکی یەکگرتوو، یان ڕێکخراو دەردەکەوێت لە جیاتی شێوەی تێکەڵ و هەڕەمەکی.

**هەنگاوی سێیەم:** سەپاندن بە بڕیاری دەسەڵات

هەنگاوی یەکەم و دووەم دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵات زەمینەی ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێنووس بڕەخسێنێت، چونکە کە یاسا بۆ نووسین دانرا و ڕێچکەی ڕێنووسیش دیاری کرا، زمانەوانانیش گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بەرژەوەندی بەرز و باڵای نەتەوەیی لەوەدایە کە لەسەر چەند پێشنیار و ڕێنماییەک ڕێک بکەون، لەم کاتەدا دەبێت دەسەڵات ڕۆڵی خۆی ببینێت کە لەسەریەتی، ئەویش دەبێت ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیە بدات بۆ: جێبەجێکردنی پێشنیار و ڕێنماییەکان، هەڵبژاردنی ئەلفوبێیەک، پەیڕەوکردنی شێوە ڕێنووسێک، سەپاندن و ناچارکردنی قوتابی و خوێندکاران لە پرۆسەی خوێندندا تا لە دەرئەنجامدا شێوە ڕێنووسێکی یەکگرتوو لە دەست و پەنجەی خوێندەواراندا بەرهەم بێت.

## ئەنجام: فێربوون و دەست ڕاهاتن

ئەم سێ هەنگاوەی سەرەوە پەیوەست و تەواوکەری یەکترن، چونکە جێبەجێکردنیان بەیەکەوە دەبێتە هۆی فێربوون و دەست ڕاهاتنی خوێندەواران، دەبێتە ئاوێنەی ڕێنووس لە دەستنووسی نووسەران و دامودەزگا فەرمییەکانی دەسەڵاتدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتێپەڕینی کات دەبێتە پرۆسەیەکی ڕاهاتوو بەلای نووسەر و خوێندەوارانی ئاساییەوە، بەڵام ئەگەر هەنگاوێک، یان دوو هەنگاو جێبەجێ بکرێت و ئەوەکەی تریان فەرامۆش بکرێت، گومان لەوەدا نابێت کە هەرگیز ئەو ئەنجام و ئامانجەی لێ دەست ناکەوێت کە دەمانەوێت، چونکە وەک ئەوە وایە کە هاوکێشەیەک بە لاسەنگی هەوڵی هاوسەنگی بۆ بدرێت، وەک دەزانین کە ئەمەش نابێت، بە لێکدانەوەیەکی تر ئەم سێ هەنگاوە وەک سوڕی ژیانی بوونەوەرێکە کە دەبێت هەموو پێداویستییەکانی بۆ سازبکرێت ئینجا پێ دەگات.

ئەگەر سەیربکەین دەبینین لەبەر ئەوەی ڕێڕەوی ڕێکخستن و هەوڵی یەکخستنی ڕێنووسی کوردی هەرگیز ئەم سێ هەنگاوەی لەیەک کاتدا بۆ دەستەبەر نەبووە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەگەڵ ئەوەی

دڵسۆزانی زمانی کوردی ڕێگەچارەو پێشنیاری زۆریشیان بۆی کردووە، بەڵام هەرگیز ئەو ئامانجەی نەپێکاوە کە هەوڵیان بۆ داوە، ئەو مەبەستەشی بەدی نەهێناوە کە ویستراوە، بۆیە پێویستە ئەم سێ هەنگاوە لەگەڵ یەکتردا جێبەجێ بکرێن تا ئەنجامەکەی بەشێوەیەک دەربکەوێت، کە فێربوون و دەست ڕاهاتنی خوێندەوارانی لێ بەرهەم بێت.

لە دوای ڕاپەڕینەوە(١٩٩١ز) لەگەڵ ئەوەی لە کوردستانی باشوور پرۆسەی خوێندن بە کوردییە، بەڵام زۆرترین ڕەخنە لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەگیرێت، چونکە دەسەڵات نەیتوانیوە ڕێنووسێکی یەکگرتوو لە پرۆگرامەکانی خوێندندا پەیڕەو بکات تا دەست و پەنجەی قوتابیانی لەسەر ڕابێت، گرنگترین هۆکاریش لەمەدا ئەوەیە کە دەسەڵات بە ئەرکی سەرشانی خۆی نەبینیوە، بەڵکو بە خەمساردی و بە بێ بایەخی سەیری زمانی کوردی بەگشتی و ڕێنووسەکەی کردووە، هەوڵ و دەستپێشخەری بۆ ڕێککەوتنی نێوان زمانەوانان نەکردووە، زەمینەی خزمەتکردنی بەشێوەیەکی زانستی و سیستماتیکی نەڕەخساندووە، ئەمەش وای کردووە یاسا و پێشنیارەکانی کۆن و نوێ وەک ڕای تاکەکەسی بمێنێتەوە و نەتوانرێت پێشنیارەکان جێبەجێ بکرێن، بیروبۆچوونی شێوەزار پەرستان و بەرنامەی چۆن هاتووە با هەروابێت پەرە بستێنێت، ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی کە گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی چارەسەر نەبن و قوتابی و خوێندەوارانی کورد بە دەستووری جاران بە شێوەی هەڕەمەکی فێرە نووسین بن.

## پوختەی باس

١- پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەشادەمار و گرنگترین زەمینە دادەنرێت بۆ پەیڕەوکردنی ئەو پێشنیار و ڕێنماییانەی کە بۆ خزمەتکردنی ڕێنووس دادەنرێن، چونکە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕێنووسی لێ جێبەجێ دەکرێت و دەتوانرێت هەموو ئەو مەبەستانەی تێدا دەربخرێت کە بەرنامەی یەکخستنی ڕێنووس ئاسان دەکات، بۆیە پێویستە ڕێنووسی کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن بکرێتە خاڵی یەکلاکەرەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر فێربوونی قوتابیان هەبێت تا لە دەرئەنجامدا ڕاهاتنی دەستی نووسەران و تایبەتمەندی نووسینی کوردی و ئاشنایەتی یاسا و ڕۆشنبیری ڕێنووس لە توێژینەوەی توێژیاران و بیرکردنەوەی زمانەوانان و فێربوونی خوێندەواراندا پەیدا ببێت.

٢- نووسین و ئاخاوتن ئاوێنەی زمانن، ڕێنووس و ڕێزمانیش دوو زانستی پەیوەستی یەکترن لە نووسین و ئاخاوتن هەڵ دەهێنجێنرێن، ئەم دوو زانستەش وا دەکەن هەموو وردەکارییەکی زمان لەبوارەکانی وشەسازی و دەنگسازی لە ڕێزمان و ڕێنووسەکەیدا دەربکەوێت، بۆیە کە زمانی کوردی پێشکەوت و لەقۆناغی ئاخاوتن و ئەدەب و هونەرەوە گۆڕا بۆ قۆناغی زانست ڕێزمان، ئینجا بیر لەوە کرایەوە کە نووسینەکەشی لەشێوەی لاسایی و تێکەڵ و هەڕەمەکی نەمێنێتەوە، هەوڵ درا شێوە ڕێنووسێکی یەکگرتووی تێدا پەیڕەو بکرێت.

٣- بەشێک، یان هەندێک لە گرفت و جیاوازییەکانی ڕێنووس بە یاسای دروستکراو و بە لێکدانەوەی لۆژیکی و هەندێکی بە ڕێککەوتنی نێوان زمانەوانان و هەندێکی بە مێژووی ڕاهاتنی دەست و پەنجەی خوێندەوار و نووسەرانی و هەندێکی بە سەپاندن بەبڕیاری دەسەڵات یەکلایی دەکرێتەوە و ڕێنووسی پێ ڕێک دەخرێت.

٤- هەروەک ئاشکرایە کە هەرگیز ڕێنووسی کوردی زەمینەی چارەسەری گرفتەکانی بۆ نەڕەخساوە، ئەمەش وای کردووە کە بەبەردەوامی بیروبۆچوونی جیاواز لە ڕێنووسەکەیدا دەربکەوێت، بۆیە هەندێک کەس ڕێنووسی کەسانی تر بە هەڵە دەزانن بە بێ ئەوەی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەشیان لەبەر دەستدا بێت کە بەڵگەی تری لە بەرانبەردا نەبێت، بەڵکو زیاتر بەڵگەکان بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی، یان کەسێک، یان بیروبۆچوونی سەرچاوەیەکی کۆنە، یان بۆ دژایەتیکردن و خۆ دەرخستن دەکاتە پاساوی بڕیاردان لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ڕێنووسی دەستەواژەیەک، ئەمەش بووەتە هۆکاری قووڵبوونەوەی گرفتەکان و پەیدابوون و زیادبوونی بیروڕای زیاتر و دژ بەیەک، چونکە هەروەک دەزانین دەتوانرێت لەیەک کاتدا چەند شێوە ڕێنووسێک لە نووسینی دەستەواژەیەک بە ڕاست بزانرێت.

٥- زمانی عەرەبی بە هۆی ئایینی ئیسلام و دەقی قورئانەوە کاریگەری لەسەر زمانی کورد و فارس و تورک هەبووە، داگیرکردنی کوردستانیش لەلایەن تورک و فارسەکانەوە کاریگەرییەکانی زیاتر و چارەسەرییەکانی ئاڵۆزتر کردووە، چونکە وای کردووە کە هەردەم نووسینی کوردی لەنێوان دوو زمانی جیاواز و دوو تایبەتمەندی و

ئەلفوبێیەکی سەپێنراودا تایبەتمەندییەکانی نووسینی کوردی ون ببێت، یان بەهەند وەرنەگیرێت و تا درەنگانێکیش هەستی پێ نەکرێت، ئەم هۆکارانەش بەیەکەوە بە تێپەڕینی سەردەمەکان کاریگەریان لەسەر تێگەیشتن و ڕاهاتنی ئێمەی کورد کردووە، خوێندەوارانی کۆنی وا لێ کردووە کە وا بزانن ئەوەی لە ڕێنووسی عەرەبی، یان فارسی، یان لە تورکیدا هەیە، دەبێت لە نووسینی کوردیشدا هەمان شتی بۆ بدۆزرێتەوە.

٦- دانانی یاسا بۆ نووسین وەک چوارچێوەیە کە ئەگەر ڕێنووسی دەستەواژەیەک نەکەوتە سنووری ئەم چوارچێوەیە بەلادەر و ناوازە هەژماربکرێت ئەوەی بشکەوێتە چوارچێوەی یاساکە بە ئاسایی بزانرێت، ئینجا ڕێنووسی دەستەواژەکانی لەسەر ڕێک بخرێت. ڕێسای ڕێنووسیش بەو ڕێچکەیە دەچووێنرێت کە بەپێی ئەو بنەما جێگیرانەی کە لە زماندا هەن و پێوەرەکانیان لێ هەڵدەهێنجێنرێت، ئینجا پێشنیار و ڕێنماییەکانی لەسەر دادەڕێژرێت.

٧- نەبوونی یاسای نووسین و ڕێککەوتنی نێوان زمانەوانان، کرداری ڕێنووس وەک هونەرێکی خۆڕسک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و تێکەڵوپێکەڵ دەهێڵێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ دەسەڵاتێک توانایی بڕیاردانی لەسەر سەپاندنی شێوە ڕێنووسێک نەبێت، چونکە لەم حاڵەتەدا ناتوانرێت هیچ شێوە ڕێنووسێک پەیڕەو بکرێت، کە پەیڕەوکردنیش نەبوو، فێربوون نابێت، کە فێربوونیش نەبوو، هەرگیز ڕاهاتن لەسەر شێوە ڕێنووسێکی یەکگرتوو دروست نابێت، بۆیە بیرمەندانی وڵات، ئینجا ئەگەر دەسەڵاتدار بن، یان زمانەوان گیروگرفتەکانی زمان و هەندێک لە جیاوازی نووسین و زۆربەی گرفتی ڕێنووسیان بە ڕێککەوتن چارەسەر دەکەن، چونکە ڕێککەوتن لەنێوان زمانەوان و شارەزایان کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی پێشنیار و ڕێنماییەکان دەکات، بۆیە پێویستە یاسا و ڕێککەوتن بەر لە هەر هەنگاوێکی تر بێتە دی.

٨- کەمکردنەوەی جیاوازی و نزیکبوونەوە و یەکخستنی نووسین بەوە دەبێت کە لە ڕێنووسدا چەند یاسا و ڕێسایەک پەیڕەو بکرێت و لەڕێنووسی تێکەڵ و هەڕەمەکی جیای بکاتەوە، چونکە ڕێنووسی هەڕەمەکی پابەندی هیچ یاسا و ڕێنماییەک نابێت، بەڵکو بە شێوەیەکی تێکەڵ، دەستەواژەیەک لە کتێبێکدا، لە نووسراوێکدا، لەلاپەڕەیەکدا، لە دێڕێکدا بەچەند شێوە ڕێنووسێک دەنووسێت، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی واتای نووسینەکە ناگۆڕێت، بەڵام بێ گومان لە جوانی نووسینەکە کەم دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسین لە قۆناغە سەرەتاییەکەیەوە هەرگیز بۆ قۆناغی زانست نەپەڕێتەوە، چونکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و پەیڕەوکردنی شێوە ڕێنووسی تایبەت بە کۆمەڵەیەک، یان شێوەزارێک بەپێی بیروبۆچوونی زمانەوانێک، یان نووسەرێک... لەم حاڵەتەشدا گومان لە بیروبۆچوونی دژ بەیەک و هاوتای یەکتر پەیدا دەبێت، لە دەرئەنجامدا هیچ کەسێک، یان لایەنێک ئامادەیی ڕێککەوتن و سازانی لێ بەدی ناکرێت.

٩- هەروەک دەزانین تا ئێستا هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەوەی گرفتەکانی نووسینی کوردی چارەسەر بکرێن، جیاوازی لە ڕێنووسی دەستەواژەکاندا کەم بکرێتەوە و ڕێک بخرێت، بەڵام هەرگیز هەوڵی یەکخستنی نەدراوە بە واتا ڕاستەقینەییەکەی تا ڕێنووسەکەی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا وەک یەکی لێ بکرێت، چونکە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکی داگیرکەر و کاریگەری زمانەکانیان لەگەڵ بەکارهێنانی ئەلفوبێیە جیاوازەکان ئەو ڕێگەیە ئاسان ناکات بۆ ئەوەی هەوڵەکان یەک بخرێن و ڕێگە چارەکان بەیەک ڕێباز و ئاراستە پێش بکەون، بەڵام بێ گومان هەر لە زووەوە شارەزایان و خوێندەواران و نووسەران و زمانەوانانی کورد، بەپێی گونجان هەوڵیان داوە تا نووسینی کوردی لە لاساییکردنەوەی ڕێنووسی ئەو زمانانە دووربخەنەوە کە دەسەڵاتیان بەسەریدا هەبووە بۆ ئەوەی بە تایبەتمەندییەکانی خۆی ڕێچکە و ڕێڕەوێکی تایبەتی بۆ دەستنیشان بکەن، بەڵام هەروەک دیارە کە نەتوانراوە، چونکە خوێندنی پێ نەکراوە، هەرگیز خاوەن دەسەڵات و باڵادەستیش نەبووە تا پاڵپشتی ئەو پێشنیار و ڕێنماییانە بکرێت کە بەتایبەتمەندی زمانی کوردی داڕێژراوە، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسێنراوە کە لاسایی زمانە باڵادەستەکان بکاتەوە، بۆیە بە بەردەوامی بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان کاری لێکراوە، لە ڕێی ئایین و پەروەردە و ئەدەب و خوێندن و دەسەڵاتەوە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ڕووسی و ئینگلیزی...تاد بەسەردا سەپێنراوە و تایبەتمەندی ئەو زمانانەی بەبەرداکراوە.

١٠-یەک نەخستنی ڕێنووس لە کتێبەکانی خوێندندا دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە نەوەیەک پەروەردە بیت، دەست و پەنجەی لەسەر جیاوازییەکان ڕابێت کە دواتر نەتوانێت واز لەم ڕاهاتنە بهێنێت، ئەم پەروەردە بوونەش وادەکات کە جیاوازییەکان لە نووسینی نووسەران و ڕاگەیانکارە بینراو و نووسراوەکان و لە بڵاوکراوەکاندا دەربکەوێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا هەر بڵاوکراوەیەک لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و تایتڵی تەلەڤزیۆن و...تاد سیاسەتێکی ڕێنووسی تایبەتی خۆی هەیە کە سەرنووسەر و تایپیست و هەڵەچنەکان پەیڕەوی دەکەن کە لەگەڵ بڵاوکراوەیەکی تردا جیاوازی هەیە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەم پەروەردە بوونەیە کە کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی ڕێنووس دروست کردووە، بۆیە پێویستە لە دەستپێکدا ڕێنووس لە کتێبەکانی خوێندن و پەروەردەدا یەک بخرێت تا قوتابییان فێربن و لە دوارۆژدا نووسەرانی لەسەر ڕابێت، پاشان دەستکاری و هەمواربکرێت، چونکە ئەگەر وانەبێت، ڕێنووسی کوردی لەجیاتی لێک نزیکبوونەوە، دوورکەوتنەوەی زیاتر بەخۆوە دەبینێت، لەجیاتی کەمکردنەوە، یان نەهێشتنی جیاوازییەکان دیاردەی جیاوازی لە ڕێنووسی کوردیدا زیاتر دەبێت.

بەداخەوە لە کوردستانی باشوور لەدوای ڕاپەڕینیش هەروەک بەر لەڕاپەڕین ئەم شێوە بەرنامەیە لە ڕێنووسی کتێبەکاندا وەک پرۆسەیەکی ڕاهاتوو بەردەوامی هەیە و کراوە بەڕێڕەوی فێرکردن، ئەمەش وای کردووە کە قوتابیان و خوێندەواران بەشێوەیەکی تێکەڵ و هەڕەمەکی فێرە نووسینی کوردی بن و ببێتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر دەست ڕاهاتنی خوێندەواراندا هەبێت کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆشنبیری ڕێنووس و دەستنووسی نووسەران و لێکدانەوە و توێژینەوەی زمانەوانان و ڕێنووسی کتێبەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردەدا هەبێت، بەردەوامی ئەم شێوە فێربوونەش وای کرد کە بەرنامەی چارەسەری و یەکخستنی ڕێنووس و پەیڕەوکردنی شێوەکانی بکەوێتە دەست بیروبۆچوونی تایبەتی نووسەر و بیژەر و ڕاگەیانکار و سەرنووسەرانی دامودەزگاکانی پەخش و چاپ و بڵاوکراوەکان لە جیاتی بیروبۆچوونی زمانەوان و شارەزایان و جێبەجێکردنی پێشنیارەکانیان.

١١- بەباوەڕی ئێمە پێویستە قوتابی لە قۆناغی سەرەتایی ئەگەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکیش فێرە نووسین بێت ئاساییە، چونکە گرنگترین مەبەست لەم قۆناغەدا ناسینی پیت و فێربوونی نووسین و خوێندنەوەیە بە هەر شێوەیەک بێت، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا دەبێت خوێندکار ڕێنووسی بۆ بکرێتە بابەتێک وەک زانستێک بە پێی یاسا و بنەما و پێوەر و ڕێنمایی ڕێک بخرێت تا لە دەرئەنجامدا فێرە ڕێنووسێکی یەکگرتوو ببێت و لە ڕێنووسی هەڕەمەکی دووربکەوێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

٢٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕێنووسی کوردی لەڕوانگەی فۆنەتیکەوە، محەمەد مەعرووف فەتاح - گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق - دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، ل٢٣٩.

٢٣- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

- فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئەستانەی سەردەمێکی تازەدا، چاپی دووەم، (٢٠١١).

- د. ڕەفیق سابیر، بە ستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپی دووەم، (٢٠١٤).

- ئەمیر حەسەن پوور، سەدەیەک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، (٢٠١٥).

٢٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، بەرگی دەهەم، ١٩٨٣، لە پەراوێزدا، ل٩٩.

٢٥-ڕێنووسی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل٧.

٢٦-ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی نۆیەم، ٢٠١٦، ل ١٨.

٢٧- ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی دووەم، ٢٠١٣.

٢٨- فۆنەتیکی زمانی کوردی، محەمەد ئەمین هەورامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٧٤، ل ١١.

٢٩- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق - دەستەی کورد، بەرگی دەهەم، ١٩٨٣.

- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ل١٠٠.

- ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ل١٠٣.

-شاکر فەتاح ئەحمەد، ل١٣٣.

- عومەر عەبدولڕەحیم، ل١٧٦.

٣٠-محەمەد مەعرووف فەتاح، گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق- دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢، ل٢٥٥.

٣١- مـەسعـوود محـەمـەد، هەندێ بابەتی زمـان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، ٢٠١١، چاپخانەی ئاراس، ل٤٠٨٧).
٣٢-ڕێنووسی کـوردی بە پێی بنەما زانستـییـەکانی ڕێنووسی گشـتی، بڵاوکـراوەی ئەکـادیمیـای کـوردی - هەولێـر، چاپخـانەی حاجی هاشم، چاپی دووەم، ٢٠١٣.
٣٣-بەدران ئەحـمـەد حـەبیب، ڕێنووسی یەکگرتووی کـوردی، کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.

**سەرچاوەکان:**

١- هەندێک بیـروباوەڕی هەڵە لە بارەی زمـان و مـێـژووی کوردەوە، پرۆفیسۆر، قەناتی کوردۆ، وەرگێڕانی، د. ئەورەحمـانی حاجی مارف، پێداچوونەوەی، د. کەمال مەزهەر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٣.
٢- فۆنەتیکی زمانی کوردی، محەممەد ئەمین هەورامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٧٤.
٣- ڕێنووسی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦.
٤- ڕێنووسی کوردی لەسەدەیەکدا، حامید فەرەج، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٦.
٥- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، ١٩٧٦.
٦- گـۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری ئێـراق، دەسـتـەی کـورد، بەرگی حەوتەم، ١٩٨٠.
٧- گـۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری ئێـراق، دەسـتـەی کـورد، بەرگی هەشتەم، ١٩٨١.
٨- گۆڤاری کۆڕی زانیاری ئێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، ١٩٨٢.
٩- گـۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری ئێـراق، دەسـتـەی کـورد، بەرگی دەهەم، ١٩٨٣.
١٠- پوختـەیەک لە بیـروباوەڕی زەردەشـتی یان فـیـرکـاری مـووغـەکـان، پرۆفـیـسـۆر، رس زیهنەر، وەرگـێـڕانی، ئازاد حەمـە شەریف، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، ٢٠٠٠.
١١-ناسیونالیزم و کولتووری کورد، بابەتی ڕووناکبیری(٣)، د. ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٥.
١٢- ڕێنووسی یەکگرتووی کـوردی، بەدران ئەحـمـەد حـەبیب، کـۆڕی زانیـاری کـوردسـتـان، چاپی دووەم، ٢٠٠٥ هەولێـر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
١٣- هەندێ بابەتی زمـان و ڕێنووسی کـوردی، مـەسـعـوود محەمەد، چاپی یەکەم، ٢٠١١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٤- زمانی کوردی لە ئەستانەی سەردەمێکی تازەدا، فەرهاد شاکەلی، چاپی دووەم، ٢٠١١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٥- گۆڤاری چریکەی کوردستان، بەرگی یەکەم، ٢٠١١.
١٦-پیتۆکەکانی زمانەوانی، پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین، چاپی یەکەم، ٢٠١١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٧- بەدەم ڕێگاوە گـوڵچنین، نەوشـێـروان مـسـتـەفا ئەمین، کـتـێـبی یەکـەم، چاپی دووەم، ٢٠١٢، الدار العـربيـة للعلوم، ناشرون، بیروت، لبنان.
١٨- ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانسـتیـیـەکانی ڕێنووسی کـوردی، بڵاوکـراوەی ئەکـادیمیـای کوردی، چاپی دووەم، ٢٠١٣، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
١٩- ناسـینالیـزمی شـوانکارەیی، نووسـینی، فـەریدە کـوهی کەمالی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، د، یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
٢٠- مـێـژووی مـیـسـۆپۆتامـیـا و زاگـرۆس پێش مـاد تا ساسانییەکان، ماریژان مۆلە، هێزتز فێلد، گێرشمەن، وەرگێڕانی ئەردەڵان مـــام وســـوو دزەیی، چ١، بەرگی دووەم، ٢٠١٤، چاپخانەی هەولێر.
٢١- بە سـتـانداردکردنی زمـان و ئەلفـوبێی کـوردی، د. ڕەفـیق سابیر، چاپی دووەم، ٢٠١٤، لەبڵاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانە، تاران.
٢٢- سـەدەیەک خـەبات لە پێناوی زمـانی کـوردیدا: تیـۆری، سـیـاسـەت و ئـیـدە ئۆلۆژی، ئەمـیـر حەسـەن پوور، چاپی یەکـەم، ٢٠١٥، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.
٢٣- ڕێزمـان و خوێندنەوەی کوردی، پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپی نۆیەم، ٢٠١٦ زایینی.
سەرچاوە بە عەرەبی
٢٤- ذخـائر التـراث الكوردي في خـزائن بطرسبـورغ، جـودت هوشيار ٢٠١١، مطبعة كاروان، اربيل.

# ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ڕۆشنبیریی مەهاباد و مزگەوت و مەدرەسەی بداغ سوڵتان

محەمەد ئەحمەدیان
(مەهاباد)

**پێشەکی**

مـێـژوو پێـمـان دەڵێ دوای ئاوەدان کـردنەوەی شـاری مەهاباد و دابین کردنی کـاروباری ئابووری و ڕامـیـاری و هێـمنایەتی ئەو مـەڵبـەندە، سـاڵی (١٠٨٩ک) لە لایەن بداغ سولـتان مزگەوتی سوور و مەدرەسەیەکی ئایینی لە تەنیشت ئەومزگەوتە ئاوەدان کراوەتەوە، لەو کاتەوە پتر لە سێ سـەدەونیـو تێـدەپەڕێ، شـوێنی ئەو مـزگـەوتە و شوێنەواری ئەو مـەدرەسـە ئایینیـیـە لەسـەر فـەرهەنگ و ڕۆشنبـیـری ناوچەی مـوکـریان تا ئەمـڕۆ بەرچاو و دیارە، جـیـا لەوە ئەو مـزگـەوتە جـێی تاعـەت و عـیـبـادەت و پاڕانەوە و لالانەوەی گـەرمـوگـوڕی خـەڵکی سـابلاغ و پەسـیـوی لێـقـەومـاو و هەژار و دامـاوان بووە، هەروا حوجرەکانی مەکۆی دەرس دادان و دەرس خوێندنی سەدان مەلای زانا و بەتوان و مەند و مـاقـووڵ و دەیان شاعـیر و هەستیار و گەورە پیاوی ڕووناکبیری کورد بووە.

لەبەر ئەوەی بداغ سولـتان دامەزرێنەری یەکەم مزگەوت و یەکـەم مەدرەسەی سـابلاغ بووە، پێـویسـتـە ئاوڕێک لە بداغ سـولـتـان بدەینەوە و یادێک لەو مـەدرەسـە و لەو کـەسـایەتیـیـانە بکەین کـەوا لەو مـاوەیەدا تـا ئەمـڕۆ لەو حوجـرانە تێکۆشـان و چالاکـیـان نواندووە و مـێـژووی کـولـتـوور و ڕۆشنبـیـری ئەو شـارەیان نەخـشـانـدووە و کەشـوهەوایەکی زانسـتـیـان لە مەڵبـەندی موکـریان زاڵ کردووە.

* * *

دوای ئەوەی لە سەردەمی شاعەبباسی سەفەوی هێرش کرایە سەر مـوکریان، سـاڵی (١٠١٧) بە سـاڵی قـڕان و قـڕکردن لە مێـژووی مـوکـریان تۆمـار کـرا، شـارە -گـوندی (دریـاس )و ئـەو نـاوچـە بـوو بـە شــــــارێـکی وێـران و مـەڵبـەندێکی تێکدراو و قـڕکـراو، ئاداری لەسـەر پاداری نەمـا، دوای ئـەو کـارەسـاتە بداغ سـولـتـان کوڕی شێـرخـان (١٠١٧-١١٠١) بوو بە یەکـەمین مـیـری مـوکـریان،



**مەسعوود محەممەد**

سابلاغی ئاوەدان کردەوە (١٠٣٨) (مهاباد، دیروز و امروز، ٧/ رۆژبەیانی، فەرمانڕەوایی موکریان، ٩٨) دوای دابینکردنی ئەرکی ئابووری و ڕامیاری و هێمنایەتی موکریان، ئاوڕی دایەوە سەر کاروباری ئایینی و دینداری، لەو بەرزاییەی کە دەیڕوانییە چۆمی گەورە، مزگەوتێکی بەنێوی مزگەوتی سوور و چەند حوجرەی ساز کرد (١٠٨٩ک) (ئەحمەدیان، عەبدوڵڵا، خەزێنە، ٨)

مامۆستا مەسعوود محەممەد تێبینییەکی بایەخداری مامۆستا هێمن سەبارەت بە دامەزراندنی مزگەوتی سوور دەخاتە بەرچاو بەو شێوەیە: "بە لای مامۆستا هێمنەوە ئەو قەتڵ وعامەی شاعەبباسی سەفەوی بەسەر ناوچەی موکریانیدا هێنا، تا ئەو ڕادەی ناوچەکەی چۆڵ و هۆڵ کرد و کەسی تێدا نەهێشت، بوو بە هۆی ئەوەی دانیشتووانی موکریان ئەوەی ڕزگاری بوو لە کوشتن، بڵاوبوونەوە بە ناوچەکانی تری کوردستانی دەرەوەی ئێران و ژمارەیەکی زۆریان لە باڵەکایەتی دانیشتەجێ بوون."

موکریان کە وڵاتێکی پڕ مەلا و مەدرەسە بوو، تاقە مزگەوتێکی تێدا نەمایەوە، تەنانەت یەکەم مزگەوتێکی دوای ئەو کارەساتە لە موکریان دروست کرابێتەوە "مزگەوتی سوور" بووە لە سابلاغ، ئەویش لە ساڵی (١٠٨٩)ی کۆچیدا، وا پێ دەچێ زۆربەی مەلا و مودەڕیسەکانی ئەوسای موکریان ڕوویان کردبێتە باڵەکایەتی و بەناچاری لەوێ مابنەوە، لە بەراوردی ساڵی قران (١٠١٧) لەگەڵ ساڵی دروستکردنەوەی یەکەم مزگەوت کە(١٠٨٩)یە، دەردەکەوێ بۆ ماوەی (٦٠) ساڵ موکریان بێ مزگەوت بووە و بێ مەلا ماوەتەوە، ئەو مەلایانەی چوونەتە باڵەکایەتی لە هەموو تەمەنی دوای ئاوارەبوونیان ڕێیان نەبووە بێنەوە موکریان و هەر لە باڵەکایەتی ماونەتەوە و مردوون." (مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ج٢، ٨٠٢)

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوە زۆربەی مەلاکانی سابلاغ لە ئاکامی هێرشی شاعەبباس ڕوویان کردۆتە باڵەکایەتی و نەگەڕاونەتەوە و دوابڕاو بوون، واتە ئەو کاتەی بداغ سوڵتان مزگەوتی سووری لە سابلاغ ساز کردووە، مەلایەکی گەورە و ئاییزان و خۆ پارێزی تێدا نەبووە ببێتە دەرسوێژی ئەو مزگەوتە، هەرلەبەر ئەوە ساڵی (١٠٨٩ک) بداغ سوڵتان بیری لەوە کردۆتەوە و لە هەوڵی ئەوە دابووە لەناوچەکانی تری کوردستان مەلایەکی مەند و ماقووڵ و شەرعزان پەیدا بکا بۆ ئەرکی دەرس دادان و مەلایەتی ئەو مزگەوتە، ئەوە بوو زانای هەڵکەوتە "مەلا جامی چۆڕی" لە مەریوان ڕا بۆ سابلاغ بانگهێشت کرد، ئەو ساڵە، واتە ساڵی هاتنی مەلا جامی بۆ سابلاغ (١٠٨٩ک) بە هەوەڵین ساڵ و سەرەتا و دەستپێکی خوێندن لە شاری سابلاغ دەژمێردرێ، هەر لەو کاتەوە تا ماوەیەک لەمەوبەر مزگەوتی سوور و حوجرەکانی بنکەی سەرەکی خوێندن و خوێندەواری بووە، هەوەڵین مامۆستا و مەلای دەرسوێژی مزگەوتی سوور "مەلاجامی چۆڕی" بووە. (صمدی، تاریخ مهاباد، ١٣٧)

بەڵگەیەکی مێژوویی سەبارەت بە بداغ سوڵتان و مەلاجامی و مزگەوتی سوور، ئەو وەسیەتنامەیە کە پێوەندی بە بنەماڵەی مەلا جامی هەیە، لە لاپەڕەی ٥ و ٦ی نامیلکەی "گۆڕستانی مەلاجامی" بڵاو کراوەتەوە، ئەو بەڵگەیە ڕادەی عیلم دۆستی بداغ سوڵتان و ماندوو بوون و شەکەتی مەلاجامی بۆ تێگەیاندنی فەقێکان و پەرەپێدانی زانست لە موکریان دەستنیشان دەکا، ئەوە دەقی بەشێک لەو وەسیەتنامەیە: "جناب مستطاب مغفور، فردوس مکان خلد اشتیان، بوداق سلطان، نظر به استیلای محبت باطنی و غلو میل قلبی و مودت

ظاهری که فی نفس الامر نسبت به عموم ارباب علم و کمال و اصحاب فهم و افضال داشت"مدرسەی مقدسەی جامعه" را محض نشر علوم جهت قطب الاقطاب زبده العلماء "مولانا سیدجامی" المشهور به ضوری رحمه الله بنا طذاشت، که اوقات شبانروزی خود را صرف انتشار علوم و بذل تعلیم طلاب و مستفیدین نماید، الحق اطرضه بانی در بنای مدرسەی مبارکەی مزبور زحمتها کشید و مبالغها به مصرف رسانید، حچرت معزی الیه نیز در انتشار علم و ترویج دین مبین، صرف همت و بذل مقدرت مادام الحیاه به عمل اورد و هنوز علمای دریادل و فضلای کامل از اطراف و اقطار و اقطاع و امصار از تالیفات و تصنیفات ان مرحوم مستفید و مستنفعند." (فتاح قاچی، گورستان ملاجامی، ٥و٦)

سەبارەت بە شوێندانانی مزگەوتی سووری بداغ سوڵتان و بەربڵاوی تێکۆشانی حوجرەکانی، مامۆستا ئەحمەدیان لە بابەتێکی فارسیدا نووسیویەتی: "ان مسجد و مدرسه به صورت دانشگاهی سترگ، باشکوه و اعتبار جهانی فعالیت را ادامه داد، نه تنها از شهرها و روستاهای ایران، بلکه از شهرها و روستاهای عراق و ترکیه و ققفاز تحصیلکردگان علوم و معارف اسلامی به سوی ان سرازیر شدند، دیری نپایید که علما و دانشمندان نامـوری همچون "ملای زکی"، "علامه ابن ادم"، "ملای یایی"، "علامه ملا علی قزلجی" و "ملای پیرەباب" و به واسطه انها نیز دانشمندانی همچون "مفتی زهاوی، "مولانا خالد"، "سیدچوری" و "علامه ملامحمد قزلجی" و فرزانگانی همچون "استاد ملاحسین مجدی" و "استاد ملا عبدالکریم شهریکندی" از حوزەی علمیەی مهاباد "مسجد سرخ" به پایەهای رفیعی از علوم و معارف اسلامی نایل امدند." (احمدیان، عبدالله، نگاهی به سرزمین مهاباد، سیروان، شماره ٧٤٢، ٢٨٣١)

مەلای زانا و مودەریسی بەتوان و مزگەوتی ئاوەدان بوو بە هۆی جمینی فەقێکانی گەرمێن و کوێستان بەرەو حوجرەکانی سابڵاغ بۆ خوێندنی ئەو دوازدە عیلمەی کەسێکی پێ دەبوو بە مەلا، واتە: "نەحو، سەرف، بەلاغە، فیقھ، ئوسوڵی فیقھ، مەنتیق، ئاداب، کەلام، فەلسەفە، هەیئەت و فەلەک، ریازیات و هەندەسە، فیقهوللوغە" (قەرەداغی، مێژووی زانایانی کورد، ٧٦)

ئەوە ڕەوتی ئاسایی خوێندن بوو تا نیو سەدە پێش ئێستا لە موکریان، واتە لە مزگەوتی سووری سابڵاغ هەر ئەو دەرسانە دەخوێنران کە فەقێکانی ئەستەمبووڵ و قاهیرە و بەغدا دەیانخوێندن، جیا لە زانستە ئیسلامییەکان، زۆربەیان زانستی عەقڵی بوون وەک فەلسەفەی ئەفلاتوون و مەنتیقی ئەرەستۆ و هەندەسەی ئیقلیدۆس و فەلەکی بەتلەمیووس (بەتلیمووس).

لە مێژووی سابڵاغ نووسراوە: "پێش شەڕی هەوەڵی دنیا لە شاری سابڵاغ حەوت سەت فەقێ لە حوجرەکان دەرسیان دەخوێند، حەوانەوە و بەڕێچوونیان لە داهاتی مەوقووفاتی سابڵاغ دابین دەبوو"(صمدی، تاریخ مهاباد، ٧٣١) حوسێن حوزنی موکریانی نووسیویەتی: "شاری سابڵاغ سەبارەت بە خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان لەسەردەمی پێشوو بە یەکێک لە مەڵبەندە ناودارەکانی عیلم و زانست لە کوردستان ناسراوە" (حوزنی موکریانی، کوردستانی موکریان، ٩٢) "واسیلی نیکیتین" لە کتێبی "کورد و کوردستان" ئاماژە بە حوجرەکانی کوردستان دەکا، ناوی (٩٤) بنکەی ئایینی دێنێ کە لە شار و دێیەکانی کوردستان تێکۆشانیان هەبووە، لەو بنکە ئایینییانە پێنج ناوەندی بەهێزی ئایینی سابڵاغ نێو دەبا وەک: "مەدرەسەی مزگەوتی سوور، مەدرەسەی قازییەکان، مەدرەسەی ڕۆستەم بەگ، مەدرەسەی هەباساغا، مەدرەسەی مزگەوتی بازاڕ، ئەوانە هەموو لقی مەدرەسەی مزگەوتی سوور بوون (نیکیتین، کرد و کردستان، ٨٨٥)

ئەگەر کەسێک پرسیار بکا و بپرسێ بەرهەمی ئەو حوجرانەی بداغ سوڵتان لە پتر لەو سێ سەدەو نیوەدا چ بووە و چ ئەرکێکیان بەجێ هێناوە و چ خزمەتێکیان کردووە و چ کەسانێکیان پەروەردە کردووە؟ دەڵێین لە سێ بواردا تێکۆشان و چالاکییان هەبووە:

١- پەروەردەکردن و ڕاهێنانی فەقێ بۆ ئەوەی ببنە مەلای مودەریس.

٢- پەروەردەکردن و بارهێنانی چەند کەسایەتی گەورەی بواری ئەدەب و شیعر.

٣- تێکۆشان و چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بۆ مەبەستی بووژاندنەوەی بیری نەتەوایەتی و شوناسی نەتەوەیی.

**١: پەروەردەکردن و بارهێنانی فەقێ:**

ئاوڕدانەوە لە ئایین جیا لەوە پێویستییەکی فیکری و ڕوحی و میتۆلۆژییە، ڕەگەزێکی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەییە، کولتووری کورد زۆر لەمێژە ڕەنگی ئایینی ئیسلامی گرتووە، هەر لەبەر ئەوەی پەروەردە کردنی پیاوی ئایینی، واتە مەلا و فەقێ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەگشتی وەک پێویستییەک هاتۆتە بەرچاو لەبەر ئەو پێویستییە حاکمانی موکری، بەتایبەت بداغ سوڵتان و بداغ خان و عەبدوڵلاخان یەک لە دوای یەک بواریان خۆش کردووە و بنکەی ئایینییان پەرەپێداوە، بداغ سوڵتان هەر بۆ ئەو مەبەستە گرینگە مەدرەسەی سابلاغی ئاوەدان کردەوە.

ساڵی (١٠٨٩ک) وەک سەرەتا و دەستپێک بداغ سوڵتان مزگەوتی سوور و حوجرەکانی دادەمەزرێنێ، بۆ ئەرکی دەرس دادان لەو حوجرانە و مەلایەتی ئەو مزگەوتە، زانای هەڵکەوتە "عەللامە مەلا جامی چۆڕی" لە مەریوان ڕا بۆ سابلاغ بانگهێشت دەکا، مەلا محەمەدی قزڵجی لە کتێبی "التعریف" بەو چەشنە باسی مەلا جامی دەکا: "العلامة جامي الچوري ذو التعليقات الشهيرة، بنى له بوداق سلطان حاكم ولايت المكري مدرسة الجامع الاحمر بساوجبلاغ في سنة الف و تسع و ثمانين و كانت مدرسة عامرة و توفى رحمه‌الله في اوايل القرن الثاني عشرالهجري" (قزلجی، التعریف، ٢٥)

مەلا جامی ئەو کاتەی هاتۆتە سابلاغ تەمەنی نزیک سی ساڵ بووە، چل ساڵ لە مزگەوتی سوور و حوجرەکانی خەریکی دەرس دادان و پەراوێز نووسین و ڕێنوێنی خەڵک بووە، سەرئەنجام ساڵی (١١٣٠ک)، واتە (٣٠٨) ساڵ بەر لە ئێستا ژیانی بەبای مەرگ لەو دنیایە کۆژاوەتەوە، بەڵام ناووناوبانگی لەنێو دڵی خەڵکی ئەو شارەدا هەرماوە و گڵکۆی لەو مەیدانە گەورە و بە شکۆیەی وا لە ناوەڕاست و ناوەندی شاری مەهاباد بەنێوی کراوە نەزەرگەی خەڵکی هەناسە سارد و داماوە.

ساڵنامەی فەرهەنگی مەهاباد نووسیویەتی: "دوای مەلا جامی، چەند کەس لە وەچەی بنەماڵەی "مەلای زەکی" ئەرکی دەرسوێژی مزگەوتی سووریان لە ئەستۆ بووە. (ساڵنامە فرهنگ مهاباد، ج ١، ٩١) یەکێک لەو هەڵکەوتانەی ڕۆژگار مەلا محەمەد ناسراو بە "ئیبنوڕەسووڵ" سەر بە بنەماڵەی زانا پەروەر و ناسراوی (زەکی )دوای مەلا جامی لە مزگەوتی سوور مودەڕیس بووە، یەکێک لەو فەقێیانەی لە مزگەوتی سوور لە لای "مەلا محەمەدی ئیبنوڕەسووڵ" ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە "مفتی زەهاوی" بووە. (مودەریس، علماوئا، ٨١٥) ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ "ئیبنوڕەسووڵ" شاگردی لەو چەشنەی پەروەردە کردووە، هەروا شانازییەکی گەورەیە بۆ شاری سابلاغ هەڵکەوتەی وەک "مفتی زەهاوی" لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردووە و لەو شارە خوێندوویەتی و ئیجازەی وەرگرتووە، ئەوانەی مفتی زەهاوی دەناسن، دەزانن کە ئەو مەلا کوردە ماوەی پەنجا ساڵ مفتی بەغدا و سەرۆکی زانایانی ئێراق بووە، گەورە مەلای وەک عەللامە مەلا عەلی قزڵجی و مەلا عەبدوڵلای پیرەباب فەقێی بوون. "شێخ ڕەزا" لە ڕادەی زانایی مفتی زەهاوی سەری سوڕماوە و دەڵێ:

**"ئیمکانی نییە دەرکی حەقایق بە تەواوی**
**ئیمکانی نییە دەرکی نەکا زینهی زەهاوی"**

سەرئەنجام مەلا محەمەدی ئیبنوڕەسووڵ ساڵی (١٢٤٦ک) لە سابلاغ بە نەخۆشی تاعوون، واتە چاو قووڵکە بەداخەوە ماڵاوایی لەو دنیایە کردووە و لە سابلاغ نێژراوە. (قزلجی، التعریف، ٧٢).

دوای کۆچی مەلا محەمەدی ئیبنوڕەسووڵ، واتە ساڵی (١٢٤٦ک) مەلا محەمەدی بانی (بانەیی) دێتە سابلاغ، لە جێی ئەو زانایە دەبێتە مەلا و مودەڕیسی مزگەوتی سوور و جێی ئەو پڕ دەکاتەوە، لەو سەردەمەدا ئاژاوە و شەڕ و کێشەی حاکمی سابلاغ "عەبدوڵلاخانی موکری" لەگەڵ عێل و عەشایەری دێبوکری و مەنگوڕ و مامەش پەرە دەستێنێ، لە ئاکامدا هەباساغا سەرۆکی عێلی دێبوکری ساڵی (١٢٥٦ک) لە لایەن عەبدوڵلاخان دەکوژرێ، لەو کەشوهەوایەدا مەلا محەمەدی بانی مەلا و مودەڕیسی مزگەوتی سوور بووە، ئەو زانایە تا کاتی لە دنیا دەرچوونی، واتە ساڵی (١٢٦٠ک) لە سابلاغ سەرقاڵی دەرس گوتنەوە بووە، مەلا محەمەدی بانی یەکێک لە مامۆستاکانی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی بووە. (توکلی، جغرافیا و تاریخ بانه، ٩٧١/ سالنامه فرهنگ مهاباد، ج٢، ٧٣-٨٣ / روحانی، مشاهیر، ج ١، ٠٧٣)

هاوکات لەگەڵ "ئیبنوڕەسووڵ" شوێنی گەورە مەلایەکی

تر لە سابلاغ بەرچاوە، واتە "مەلا محەمەدی ئیبنو ئادەم "( ١١٦٤-١٢٦٠ک). بەشێکی زۆر لە ژیانی پڕ لە شانازی ئیبنو ئادەم- واتە (٥٣) سال -لە سابلاغ تێپەڕیوە، نێو و نێوبانگی مزگەوت و حوجرەکانی سابلاغ سالّی (١١٩٢ک) ئەو زانایە بەرەو موکریان ڕادەکێشێ، لەو کاتەدا بداغ خان ( ١٢١-٨٣٢١ک) حاکمی سابلاغ بووە - سەد ساڵ دوای بداغ سولّتان - مەلا محەمەدی ئیبنوئادەم لەسەر ویستی "بداغ خانی موکری" سالّی (١٢٢٧ک) بەشێک لە "فتاوی کبری"ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، ئیبنوئادەم لە سەرەتای ئەو وەرگێڕانەدا ئاماژە بەو بابەتە دەکا و دەڵێ: "اما بعد حقیر ارزومند، بندەی پناهندەی درگاه منان، محمد بن ادم، ماندە از کاروان، در اواسط شهر رمضان المبارک سال هزار و دوصد و بیست وهفت هجرت سرور کائنات علیه و علی اله صلوات و التحیات، در اسعد ساعات شرف ملاقات با ابوالمعالی سیف الدین والدنیا بداغ خان مکری حماه الله من العسر الی یسری اتفاق افتاد، چون ان خاقان کبیر و امیر عدالت دستگیر اعتقاد داشته بود [نسبت] به این داعی صمیمی و دولتخواه قدیمی فرمودند کەخاتمەی فتاوی کبری که از اعظم مصنفات امام انام شیخ مشایخ (احمد بن حجرتهامی) است به زبان پارسی شکر در رشتەی ترجمه کشیده، حقیر تعلل و تسویف روا ننمود..." (صمدی، تاریخ مهاباد، ٨٣٥-٩٣٥/ افخمی، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان مهاباد، ٤٣١)

دوای (٥٣) ساڵ ئیبنوئادەم گەڕاوەتەوە بۆ ڕەواندز، ئەو زانایە بیری نەتەوە پەروەری زۆر بەهێز بووە، ئەوکاتەی دەسەڵاتی میری سۆران لەناو دەچێ، واتە ساڵی (١٨٣٦) بەو چەند بەیتە کوردییە مەراقی خۆی هەڵدەڕێژێ - سەد و هەشتا ساڵ بەر لە ئێستا دەڵێ:

**"هەوران کردە گالّە گالّ - میکائیلا ئەتۆش دەی**
**تووتن و ماشان برشێنە- دەبا نۆش بێتە سەر دەی**
**ڕۆمی ئەوا پەیا بوون - کتێبخانان دەکەن تەی**
**میری سۆران و بۆتان - لەناو چوون بە دەسیسەی**
**کوردستانمان چی لێهات - کوردان بۆ ماتن تاکەی"**

(مەسعوود محەمەد، حاجی قادر کۆیی، ج ٢، ٧٧/ گۆڤاری هەولێر، ١٩)

دوای ئیبنوئادەم، بنەماڵەی یایی، دوو سەدە مەلا و مودەڕیسی مزگەوتی سوور بوون، لە هەموویان زاناتر مەلا محەمەدی یایی بووە، ئەو زانایە نەوەی گەورە مەلای کورد "مەلا محەمەدی گلۆلانی" بووە کە لە نیوەی سەدەی دوازدەی کۆچی لە قەلاچوالان ڕا هاتۆتە سابلاغ، لە مزگەوتی سوور مودەڕیس بووە، نادرشای هەوشار (١١٤٨-١١٦٠ک) ئەو مەلایەی بۆ ڕاوێژ سەبارەت بەکێشەی ئایینی لە سابلاغ ڕا بۆ "موغان" بانگهێشت کردووە. (صمدی، تاریخ مهاباد، ٧٤٣)

مەلا محەمەدی یایی کە لەو وتارەدا مەبەستی ئێمەیە، نەوەی ئەو گەورە مەلایە بووە کە لە لای زانای گەورەی کورد "مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی" ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، لە سەردەمی "عەبدوڵلاخانی موکری" بۆتە مودەڕیسی مزگەوتی سووری سابلاغ، گەورەترین عالم و مودەڕیسی موکریان، واتە زانای هەڵکەوتە عەللامە مەلا عەلی قزلّجی سالّی (١٢٤٨ک) لە سابلاغ لە مزگەوتی سوور ئیجازەی مەلایەتی لە مەلا محەمەدی یایی وەرگرتووە. (ئەحمەدیان، عەبدوڵلا، خەزێنە، ٠٣/ دەقی ئیجازەنامەی مەلا عەبدوڵلا وەلّزی) ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ شاری سابلاغ هەڵکەوتەی وەک قزلّجی لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردووە.

وەچەی مەلا محەمەدی یایی لە سابلاغ پەرەیان ئەستاندووە و ئەمڕۆ بە بنەماڵەی گلۆلانی و فازیلی و مفتی و مفتی زادە و قازی زادە و تەوحیدی دەناسرێن، پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێ نەتیژەی مەلا محەمەدی یایی دواتر بوو بە مەلا و مودەڕیسی مزگەوتی سوور بە ناوی "مەلا عەبدولڕەحمانی سابلاغی" ـ باپیری بنەماڵەی فازیلی، زۆربەی تەمەنی لە مزگەوتی سوور مودەڕیس بووە، یەکێک لە فەقێکانی ئەو زانایە "مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی" بووە.

لەدوای بنەماڵەی یایی گەورە، مەلایەک لە نیوەی سەدەی سێزدەی کۆچی لە ناوچەی موکریان لە حوجرەکانی سابلاغ سەر هەڵدەدا بە نێوی "مەلا عەبدوڵلا پیرەباب" یان"مەلا عەبدوڵلای دێبوکر". لە ئیجازەنامەیەکدا بەو چەشنە خۆی دەناسێنێ: " اما بعد فاني عبدالله الدهبوكري المعروفي بن احمد..." دەقی ئیجازەنامەی مەلا عەبدوڵلا وەلّزی) مەلا عەبدوڵلا لە "دێبوکر"ی ڕۆژئاوای سابلاغ هاتە دنیا، دوای تێپەڕاندنی قۆناغی

سەرەتایی خوێندن بەرەوگەرمێن ڕۆیشتووە، لە لای مەلا محەمەدی خەتێ و مفتی زەهاوی درێژەی بە خوێندن داوە. (روحانی، ج ٢، ٤٤)، پاشان بەرەو موکریان گەڕاوەتەوە، لە تورجان لە خزمەت عەللامە مەلا عەلی قزڵجی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ڕادەی زانایی مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب گەییوەتە ئەو دیوی مەلایەکی ئاسایی، تەنانەت بە یەکێک لە "فقهای اربعە" ناسراوە. (ترجانی زادە، سالنامە فرهنگ مهاباد، ج ٢، ٦٤) سەرەتا لە دەوروبەری سابلاغ لە "وەتەمیش" و "ئیندرقاش" مودەڕیس بووە، دوایە هاتۆتە سابلاغ تا دوایین کاتی تەمەنی، واتە ساڵی (١٣٠٩ک) لە مزگەوتی هەباساغا سەرقاڵی دەرس گوتنەوە و لێکۆڵینەوە بووە.

سەبارەت بە ڕادەی زانایی و سەردەرچوویی مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب، مامۆستا مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە نووسیویەتی: "مرحوم پیرەباب بر اکثر مشکلات علوم ریاضی چە در جبر و مقابلە، چە در هندسە، چە در علم اکر و مرایا و مناظر و علم هیئت و نجوم تحریرات و تعلیقات شگفت انگیز دارد. اگر در اطراف حواشی و تعلیقات و ابکار افکار او تحقیقات کافی بعمل بیاید، روشن خواهد شد کە ان بزرگوار نە تنها از دانشمندان ریاضی، بلکە از حکمای این فن باید بشمار اید، ولی افسوس کە ان تحقیقات نفیس و نادر در زوایای نسیان و گوشەهای خمول و گمنامی افتادە و هر قسمتی از ان در جائیست..." (ترجانی زادە، سالنامە فرهنگ مهاباد، ج ٢، ١٤)

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان سەبارەت بەو زانا هەڵکەوتەی سابلاغ دەڵێ: "پیرەباب، باپیری حەواناسی، تەختە ڕوبعەکەی و ئوستورلابەکەی بە دەستەوە دەگرت و بە پشوو سواری وەسەر "داشامەجید" دەکەوت، لەسەر ئەو گردەڕا بەهۆی وەکار خستنی ئەو ئامراز و کەرەستە قەدیمیانە ڕادەی تێک بەزینی جوغزی سووڕانەوەی مانگ و ئەستێرە گەڕۆکەکان، هەروا پلەی کەوانەی گواستنەوەی مانگ و ڕۆژ بۆ نێو دوازدە بورج و قەڵاتەکان و ڕادەی هێڵ و میلی جووڵە و ڕێچکەی خزینی ئەستێرە گەڕۆکەکان و کاکێشان لە چوار وەرزی ساڵدا، هەروا دەیان مەبەستی دیکەی حەواناسی، بەرژەوەندی دەدانێ و لەگەڵ یەکتر بەراوردی دەکردن، ئاکامی هەموویانی دەنووسی و چەند یاسایەکی لێ هەڵدەکراندن. دوای سەدەیەک کە دنیا لەباری حەواناسین ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات، پایەگاکانی حەوایی بەهۆی ڕەسەدخانە و ئەو دەسگا ئەلکترۆنیک و کۆمپیووتەرە بەهێزانە وەکار کەوتن، هەر بەو ئاکامە گەیشتن کە مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب لەباری حەواناسی نەزەری پێی گەیشتبوو کە لە شەرحی کتێبی "جەواد" و پەراوێزی "چەخمینی" و کتێبی "عامەلی "دا نووسیبووی" (ئەحمەدیان، عەبدوڵڵا، تۆمار کراو بە دەنگ).

پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێ چەند گەورە مەلای کورد لە لای مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە وەک: مەلا حەمە حوسێنی قزڵجی، مەلا عەبدوڵڵای وەڵزی، مەلا عەبدولڕەحمانی سابلاغی (فازیلی)، قازی عەلی، شێخ بابای بەرزەنجی (شێخی شەهید)، مەلا محەمەدی مەحوی شاعیری هەرە ناسراو، مەلا سەلیمی سنەیی (سالم) شاعیری ناودار، ئەوانە تێکڕا لە لای مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە، سەرئەنجام مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب ساڵی (١٣٠٩ک) ـ سەد و بیست و نۆ ساڵ بەر لە ئێستا – لە سابلاغ کۆچی دوایی کردووە.

بۆ ئەوەی ئەو بابەتە زۆر درێژ نەبێتەوە، بە تالۆکە ئاوڕ لەو کەسایەتییانە دەدەینەوە کە لە سەدەی ڕابوردوو لە مزگەوتی سوور و حوجرەکانی تر لە سابلاغ ئەرکی مەلایەتییان وەئەستۆ گرتووە و مودەڕیس بوون.

بنەماڵەی قازی چەند مەلا و کەسایەتی ئایینی زۆر گەورە و زانا و بەشکۆیان لێ هەڵکەوتووە. لە هەمووان زاناتر لە بواری زانستی ئایینی و شەرعزانییەوە قازی عەلی (١٢٧٩-١٣٥٠ک) بووە کە جیا لە پلەی مەلایەتی و مودەڕیسی، قازی سابلاغ بووە و لە لای زانای هەڵکەوتە مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

"مەلاوەسیمی سەردەشتی" ئەو گەورە مەلایەی تا دوا هەناسەی ژیان لە مزگەوتی قازی مودەڕیس بوو و کەسایەتی وەک مەلا خەلیلی گۆڕومەری و (سەدرولعولەما) و مەلا عەبدولعەزیز مفتی سەقز و شێخ محەمەدی خانەقای ئیجازە دابوو. مامۆستا حەریق بۆ کۆچی دوایی ئەو مەلایە کە ساڵی (١٣٢٦ک) بووە دەڵێ:

**ای دریغا چشم علم از دوریت بی نور شد**
**ای دریغا گنج علمت در نظر مستور شد**
**خانه دین از فوات علم می گردد خراب**
**خانه جهل از وفات عالمان معمور شد**

(سپهرالدین، زندگینامه شمس الدین برهانی، ۲۰۳ - ۲۰٤/ حەریق، ۱۷۹) بنەماڵەی قزڵجییەکانی سابڵاغ، سێ گەورە مەلای زۆر زانا و خاوەن بەتوانستیان لێ هەڵکەوتووە مەلا حەمە حوسێنی تورجانی - قزڵجی - (۱۲۷۸-۱۳۳۳ک) کوڕی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی بووە، لە لای مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، ڤاسیلی نیکیتین لە کتێبی "کورد و کوردستان"دا نووسیویەتی: "دەرسوێژی مزگەوتی بازاڕی سابڵاغ مەلا حوسێنی تورجانی - قزڵجی- بووە. (نیکیتین، کرد و کردستان ۵۸۸).

مەلا محەمەدی قزڵجی (۱۲۷۵-۱۳۳۸ هەتاوی) کوڕی مەلا حەمە حوسێن، یەکێک لەو هەڵکەوتانە بووە مێژووی موکریان تا ئەمڕۆ ڕۆڵەی لەو چەشنەی بەخۆیەوە نەدیوە، جیا لەوە مەلایەکی مودەڕیسی بێ وێنە بووە و لە ئەلئەزهەری میسر خوێندوویەتی، زیاتر لە سی ساڵ لە بەغدا مودەڕیس بووە، لەوە گرینگتر هەوەڵین ڕۆژنامە نووسی کورد بووە لە ئێران، .ساڵی (۱۳۰۰ی هەتاوی) لە سەردەمی سمایل ئاغای سمکۆ ئەو مەلایە ڕۆژنامەی "کورد"ی بڵاو کردۆتەوە. (ئەحمەدیان، محەمەد، مەهاباد ۱٤۱، ۲٤۱)، چەند مەلا و مامۆستای گەورە فەقێی مەلا محەمەدی قزڵجی بوون وەک: قازی محەمەدی خزری (قازی شنۆ)، مامۆستا مەلاهادی ئەفخەم زادە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە(قزڵجی)، عەلائەددین سەجادی، مامۆستا شوکر مستەفا و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، ئەوانە هەموویان فەقێی مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی بوون.

هەر لەو بنەماڵەیە، مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە - قزڵجی- (۱۲۸۰-۱۳۵۹ی هەتاوی) برای مەلا محەمەدی قزڵجی، چەند ساڵ لە مزگەوتی سوور مودەڕیس بووە، دوایە لە تاران بووە بە مامۆستای "دارالفنون"، پاشان (۲۵) ساڵ لە تەورێز مامۆستای زانکۆی ئازەر ئابادەگان بووە. مەلایەکی تر "قازی شێخ موحسین (۱۲٦۳-۱۳۳۳ی هەتاوی) نەوەی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی بووە لە لایەن دایکەوە - (مەلا ئایشێ دایکی قازی شێخ موحسین کچی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی بووە) ـ ئەو مەلا زانایە ماوەی (۷۲) ساڵ لە مزگەوتی سوور مودەڕیس بووە. زانایەکی تر کە زیاتر لە پەنجا ساڵ مەلا و مفتی سابڵاغ بووە، چەند کەسایەتی گەورەی پەروەردە کردووە، مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی بوو ـ باوکی شاعیر و مامۆستای ناوداری زانکۆ دکتۆر محەمەدی مەجدی، لەو پەنجا ساڵەی دواییدا دوو کەسایەتی بیرمەند و زانا و ماقووڵ و ڕووناکبیر و نەتەوە پەروەر کە دوایین بەرهەمی حوجرەکانی موکریان بوون هاتنە ڕیزی مەلا هەرە ناودارەکانی مێژووی سابڵاغ و موکریان، ئەو کەسایەتییانە بریتی بوون لە مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی (۱۳۰۵ - ۱۳٦۱ی هەتاوی) و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان (۱۳۱۲ - ۱۳۸۳ی هەتاوی).

## ۲- پەروەردە کردن و بارهێنانی چەند کەسایەتی بواری ئەدەب و شیعر:

ڕەنگە ئەو بابەتە بۆ هەندێک کەس تازە بێ کە جیا لە شاعیرانی موکریان و سابڵاغ کە لە حوجرەکانی ئەو شارە پەروەردە بوون، گەلێک لە شاعیرانی ناوچەکانی تری کوردستان وەک "نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، سالم، ناری، قانع "لە گۆشە و قوژبنی مزگەوت و حوجرەکانی سابڵاغ دەرسیان خوێندووە و بەشێک لەبیر و هزری خۆیان لەو بنکە ئایینییانە پەروەردە کردووە و لە ناو فەقێ و مەلا و موستەعید و ڕۆشنبیری موکریاندا پەروەردە بوون و سکڵی دڵیان لەو حوجرانەدا گەشاوەتەوە، جۆشوخرۆشی خوێندن و فێربوون لە حوجرەکانی سابڵاغ تا ئەو ڕادە ڕەمێن و برەوی هەبووە، زۆربەی شاعیرانی کوردی بەرەو موکریان و سابڵاغ ڕاکێشاوە.

مەلا خدری شارەزووری (نالی) لە حوجرەکانی سابڵاغ دەرسی خوێندووە، لە سەرەتای دیوانی نالی دا نووسراوە "لە پێناو وەرگرتنی زانستە ئیسلامییەکان شار و دێهاتەکانی بەشێکی کوردستان گەڕاوە، ئەو شوێنانەی کە زۆر تێیاندا مابووبێتەوە، سنە و سابڵاغ و قەرەداغ و هەڵەبجە و سلێمانین" (فاتیح، عەبدولکەریم، دیوانی نالی، ٤۲)

ناو و ناوبانگی حوجره و مەلاکانی سابلاغ دەبێتە هۆی ئەوەی حاجی قادری کۆیی زۆر بەتاسە و ئاوات، بێ ئیختیار بەرەو موکریان و سابلاغ ڕاکێشێ و سەردەمێک لەو ناوچەیە بمێنێتەوە، مەسعوود محەمەد نووسیویەتی: "حاجی قادر سەردەمێک لە سابلاغ ماوەتەوە: بەپێیەک لە مزگەوتی ڕۆستەم بەگ لەلای "مەلا حوسێن"ی خوێندووە، چەند دێرە شیعرێکی لە دیوارێکی مزگەوتەکە نووسیبوو. زەبیحی دەیگوت: ئەم نووسینە تا ئەو دواییانە هەر مابۆوە، لەو ساڵانەی دواییدا ژێر سواغی سپیکاری کەوت، گوتی هەزار و دووسەد و حەفتا و نۆی لێ نووسرابوو، هی حاجی قادر بە خەتتی خۆی بوو، بێ گومان کەمتەرخەمی و بێ پەرۆشی نەبا، دەبوو نووسینەکە وەک خۆی بمابایەوە، وەک میراتێکی مێژوویی و ئەدەبی و نەتەوایەتی زۆر نرخدار ئاگاداری لێکرابا. (محەمەد، مەسعوود، حاجی قادری کۆیی، ج ٢، ١٥٠/ ئاغایی، مارف، وتووێژ لەگەڵ مەسعوود محەمەد، سروە، ١٧٣١)

مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیویەتی: "مەلا محەمەدی مەحوی" (١٢٦٤-١٣٢٢ک) بە فەقێیەتی چووە بۆ سابلاغ بۆ لای مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب، سێ ساڵ لەوێ ماوەتەوە" (سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ٨٢٣/ مەحوی، دیوان، ٥)

د.مارف خەزنەدار نووسیویەتی: "سالمی سنە (١٨٤٨-١٩١١) بە دوای ناوبانگی مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب لە ساڵی (١٢٨٦ک) دەچێ بۆ سابلاغ، دوای دوو ساڵ دەرسی مەلا عەبدوڵڵای پیرەبابی بەردەکەوێ، ساڵی (١٢٩١ک) لە سابلاغ لە لای ئەو زانا گەورەیە ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێ (خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ج ٤، ٧٣٦) هەروا مەلا کاکە حەمەی (ناری) لە سابلاغ لە مەدرەسەی تورجانی زادەکان خوێندوویەتی. (سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ٦٥٤)، تەنانەت مامۆستا (قانع)یش لە حوجرەی مزگەوتەکانی سابلاغ فەقێ بووە. (خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ج ٦، ٢٦٤).

جیا لەو گەورە شاعیرانەی بۆ خوێندن هاتوونەتە سابلاغ، شاعیران و هەستیارانی موکریان وەک: وەفایی و سەیف و حەریق و میسباح و مەلا مارف و مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و خاڵە مین و حەقیقی بەشێک لە ژیان و خوێندنیان پێوەندی بە حوجرە و مەلا و مزگەوتەکانی سابلاغ هەبووە.

### ٣- تێکۆشان و چالاکی "کۆمەلایەتی - ڕووناکبیری" لە حوجرەکانی سابلاغ:

ڕەنگە ئەو خاڵە هەندێک جێی سەرنجی خەڵکی ئەو سەردەمەی ئێمە بێ، چونکە ئەو مەلایانە و فەقێی ئەو حوجرانە لە ژێر ڕەهێڵەی بیر و فەلسەفەی ئیسلامدا بوون وەک پێویست نەپەرژاونەتە سەر بابەتی ڕووناکبیری و بیری نەتەوایەتی، بەڵام ئەوە بۆ زۆر کەس ئاشکرایە لەو سەد ساڵەی دواییدا کە بیری ناسیونالیستی برەوی پەیدا کردووە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لە سابلاغ زیاتر لە هەر بەشێکی تری کوردستان، مەلا و فەقێ بەشداری بزاڤی ناسیونالیستی کوردییان کردووە، ڕەنگە جێگای سەرنج بێت کە بەشێکی گرینگی دامەزرێنەرانی ئەو بزاڤ و بزووتنەوانە مەلا و خوێندکاری مزگەوت و ناوەندە ئایینییەکان و حوجرەکان بوون، سەرەڕای ئیمان و باوەڕ بە ئیسلام، سەرەڕای پەروەردەی ئایینی و زانیاری ئیسلامییان، یەکەمین ڕێکخراوی ناسیونالیستیان - نەک ئیسلامییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراندووە (سابیر، ڕەفیق، کولتوور و ناسیونالیسم، ٣٥١)

ڕەنگە بەلای هەندێک کەس سەیر بێ بڵێین هەوەڵین ڕۆژنامەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەقێیەکی حوجرەکانی سابلاغ بووە، واتە "مەلا محەمەدی قزڵجی" ئەو کەسایەتییە( ٩٦ )ساڵ بەر لە ئێستا وەک سەرنووسەر بەرپرس ڕۆژنامەی "کورد"ی سەردەمی سمایل ئاغای سمکۆی بەڕێوە دەبرد و وتاری تێدا بڵاو دەکردەوە. مەلا محەمەدی قزڵجی جیا لەوە ڕووناکبیرێکی بواری ئایین بووە، گەلدۆست و نەتەوە پەروەر بووە، بڕوانە ساڵی (١٣٠٠ی هەتاوی = ١٩٢١ز) سەبارەت بە گەلدۆستی دەڵێ چی:

**هەی تازە جەوان، هەستە لە غەفڵەت ببە بێدار**
**دەستێ بدەرە دەستەیی شمشیری شەڕەردار**
**ئەو مەوتەنی والایە، کە چاتر لە بەهەشتە**
**قوربانی بکە ڕوح و حەیات و زەر و دینار..**
(گیو، کەشکۆڵی گیو، ١٧٦-١٧٧)

## دەرەنجام

لە دواییدا پێویستە بڵێین دوای تێپەڕینی پتر لە سێ سەد و پەنجا ساڵ لە دامەزراندنی مزگەوتی سوور و حوجرەکانی ئەمڕۆ "هەر خاوەن دڵێکی ئاگا بڕوانێتە زارکی بێ زمانی ئەو حوجرە بێدەنگانە، دەزانێ کە دڵیان چەند پڕە لە خۆزگە و بریا، ئەگەر بڕوانینە حەساری مزگەوتی سوور، بێ گومان ڕۆژگاری "مەلا جامی" و "بداغ سوڵتان"مان وەبیر دێتەوە، ئەو ڕۆژانەی ئیبنو ڕەسووڵ و ئیبنوئادەم و مەلای یایی مەلای ئەو حوجرانە بوون و مفتی زەهاوی و قزڵجی و پیرەباب فەقێی ئەو حوجرانە بوون، مەولانا خالید و سەیدی چۆڕی و پێنجوێنی فەقێی ئەو حوجرانە بوون (ئەحمەدیان، عەبدوڵڵا، خەزێنە، ٨٧)

بەڵام ئەمڕۆ دوای پتر لە سێ سەدە و نیو چرای ئەو حوجرانە کوژاونەتەوە و باغی زانست و ئەدەب بەرەو پاییزی تەمەن ڕۆیشتووە و شەختەی نەزانی لێی داوە، جێی خۆیەتی ماتەم دامانگرێ و بپرسین بۆ ئەو باخە بێ بەر بووە، بۆ سەردەمی زێڕینی ئەو حوجرانە لە کزی داوە، شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی گوێمان دەزرینگەێنێتەوە:

**مەسجید و میحراب و مینبەر بێ کەسە**
**هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە**


**سەرچاوەکان:**

**١- ئەحمەدیان، عەبدوڵڵا، ١٣٧٨، خەزێنە، نشر احسان.**

**٢- ــــــــــ، ١٣٨٣، نگاهی به سرزمین مهاباد، سیروان، ٢٤٧.**

**٣- افخمی، ابراهیم، ١٨٧٣، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، ج٢، نشر محمدی سقز.**

**٤- باباطاهری، حسن، ١٣٥١، مهاباد، دیروز امروز، نشریەداخلی شهرداری مهاباد.**

**٥- توکلی، محمد رئوف، ١٣٨٧، جغرافیا و تاریخ بانه، انتشارات توکلی.**

**٦- حەریق، مەلا ساڵح، ١٣٦٩، دیوانی حەریق، ناشر محمدی سقز.**

**٧- حوزنی موکریانی، حوسێن، ٢٠٠٩، کردستانی موکریان، وەرگیراو لە: سەرچاوەی ژمارە ٩.**

**٨- خەزنەدار، مارف، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، ج ٤ و ٦، چاپی دووەم، ئاراس.**

**٩- دەشتی، عوسمان، ٢٠٠٩، شیعری ناوچەی موکریان، مەڵبەندی کوردۆلۆژی.**

**١٠- ڕۆژبەیانی، محەمەد جەمیل، ١٩٩٢، فەرمانڕەوایی موکریان، ڕۆشنبیری.**

**١١- ڕوحانی، بابامردوخ، ١٣٨٢، تاریخ مشاهیر کرد، انتشارات سروش، چاپی دووەم.**

**١٢- سابیر، ڕەفیق، ٢٠٠٣، کولتوور و ناسیونالیسم، سەردەم، چاپی دووەم.**

**١٣- سەجادی، عەلائەددین، ١٩٥٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، معارف.**

**١٤- سپهرالدین، ابوبکر ١٣٦٨، زندگینامه شیخ شمس الدین برهانی، انتشارات صلاح الدین ایوبی.**

**١٥- صمدی، سیدمحمد، ١٣٧٣، تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو.**

**١٦- فتاحی قاضی، قادر، ١٣٥٩، گورستان ملاجامی در مهاباد.**

**١٧- قزلجی، محمد، ١٩٣٨، التعریف بمساجد السلیمانیة، مطبعة النجاح.**

**١٨- قەرەداغی، محەمەد عەلی، ١٤١٩، مێژووی زانایانی کورد، بەغدا.**

**١٩- موکریانی، گیو، کەشکۆڵی گیو.**

**٢٠- مەسعوود، محەمەد، ٢٠١٠، حاجی قادری کۆیی، ئاراس، چاپی دووەم.**

**٢١- مجدی، محمد، ١٣٣٤، سالنامه فرهنگ مهاباد، ج٢، چاپخانه شفق.**

**٢٢- نیکیتین، ڤاسیلی، ١٣٧٨، کردوکردستان، ترجمه محمد قاضی، کانون فرهنگی انتشارات درایت، چاپ سوم.**

# حەسەن زیرەک؛ لەنێوان عەشق و نیشتماندا

سەلاح نیساری
(بۆکان)

ئەگەر بە سەرنجەوە گوێ بۆ گۆرانی و مۆسیقای ئێران بەگشتی ڕابگرین، بەدڵنیاییەوە هەست بە چێژ و ڕوحێکی کوردی دەکەین. ئەوە بێجگە لەوەی کە ئێرانی غەیرە کورد جگە لە فارس، کەڵکیان لە ئاواز و مووزیکی کوردی وەرگرتووە و بە ئاشکرا زۆر ئاوازی کوردی لەلایەن کوردەکانەوە دزراوە و بۆ خۆشخزمەتی بە نەتەوەی فارس، شیعری فارسی لەسەر دانراوە و بە مۆسیقای ڕێکوپێک لەلایەن دەنگخۆشانی فارس، یان تەنانەت کوردە فارسی وێژەکانیشەوە بە گۆرانی گوتراوەتەوە. نموونەش گۆرانی و مەقامەکانی مامۆستا عەلی مەردان، سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی و حەسەن زیرەکن.

کورد بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆری چیانشینەو لە پێدەشتەکاندا گیرساوەتەوە و پێشینەیەکی دوورودرێژی لە ژیانی نێو شار، یان باشتر ئەوەیە بڵێم لە شاری گەورەدا نەژیاوە، دەنگ و ئاواز و خدە و ڕەسەنایەتی خۆی وەک سروشتی وڵاتەکەی پاراستووە؛ ئەمەش لە گۆرانی و مقام و ئاوازە کوردییەکاندا بەدەنگی مامۆستایانی بەرێ، وەک سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی و عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و...تاد دەردەکەوێت. بەدڵنیاییەوە کەمتر گۆرانی کوردی هەیە وەختێ بەگوێی دڵ دەیبیستی هەست بە ڕەسەنایەتی کورد بوونی خۆت نەکەیت و پێتوا نەبێ کە تۆش میللەتێکی و خاوەن ناسنامە و وڵات و کەلەپووری خۆتی. سەرلەبەری گۆرانی کوردی باوەکو فۆلکلۆرە و وەک میراتییەک بۆمان ماوەتەوە؛ دەلالەت لە کورد بوونمان بە زمان و کولتوور و جلوبەرگ و پیشە دەستییەکان دەکات. حەسەن زیرەک لە گۆرانییەکانیدا مێژوو دەگێڕێتەوە، باسی چیرۆکی



**حەسەن زیرەک**

ئەویندارى دەکات. پەردە لەسەر ڕاستییەکانی ژیان هەڵدەداتەوە، لەگەڵ خەڵکەکەی ژیاوە و گۆرانییەکانی هەڵقوڵاوی ناخی میللەتەکەیەتی، باسی ڕووبار و چیا و کوێستان و هەوارەکان دەکات. هونەرمەندێکی داهێنەرە و خۆی لە خەڵکەکەی جیانەکردۆتەوە، ئەوەی حەسەن زیرەک لەو خەڵکە هاوێر دەکات، هونەرەکەیەتی. ڕوحی لەگەڵ کوردستانەکەی بووە و ئەگەر هەڵەیەکیشی کردبێ، وەک دەڵێن بەشەر شیری خاوی خواردووە، ئەوەش هیچ لە هونەری زیرەک کەم ناکاتەوە. باس لەنزا و مرازی ئەویندارن و چوون بۆ سەر چاک و پیران دەکات. زمانحاڵی دڵدۆڕاوانەو بە عەشقەوە لە مەرگ دەدوێ. بەدەسکرد و کێڵگە و مەڕداری و هەوار، تەنانەت بە چیا سەرکەشەکانیشەوە. ئەگەر بە وردبینییەوە؛ بە ڕوحێکی بەبێ پێداهەڵدان و دوور لە دەمارگرژی و خۆ هەڵاواردن، بچینە نێو شیعر و بەستە و هەڵبەستە فۆلکلۆرییەکان، یان ئەوانەی کە «شایەر»ەکان خۆیان دایانناوە و بە گۆرانی گوتوویانە، بەبێ زیاد و کەم، باس لە ژیانی کوردەواری و چۆم و ڕووبار و لێر و چیا و بەندەن و باغ و جوگرافیای وڵاتی کوردەواریان کردووە؛ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، پێکەوە ژیان و هەرەوەز و دەستەوا و جۆماڵ و جووت و گا و بەرخ تێبەردان و زاوەماک و هاوێر، ڕنە و گیا دروون و مەڵەغانگێڕ و قەرەقۆڵ، کەرخ و مەڵۆ و تەرمەک و دروێنە و سواڵە، باقەبێن و باقە و تایە و شەغرە، کێشە و خێشک و گێرە و شەنوکەو، خەرمانی سوور و کوێزەر کوتان و خۆیان هەڵدانەوە و خەرمان هەڵگرتن، کاکێشان و بارەنداز و سەربان سواخدان و قیسپە تێکردنەوە و گڵەجان و قوڕشێلان، هەوڕگەر و دیزە و گۆزە کردن و هەنگڵ و دەستک لێنان و سووربوونەوەی گڵ و دەفر و ئامان لە گڵ دەرهاتن و ئەوسا، گۆزە بە شان شیرن خەرامانان بە گۆزەی سوور بەرەو کانی و خێزەرە بەستن؛ ئیتر خۆ ئاوی گۆزەی سووریش هەر باسی ناکرێت، ئەوانە و بە هەزارانی دیکەش گۆرانیبێژی کورد بە زمانی پاقژی دایکی، گۆرانی پێدا هەڵگوتوون و ئێمەش وەک تەواوی گەلانی دنیا بووین بە خاوەنی کولتوور و کەلەپووری خۆمان. هەروەک بەرینان گوتوویانە: ئەگەر ئاواز و مۆسیقایەک کاری تێکردی، ئەوە بزانە دڵۆپ دڵۆپ ڕەسەنایەتی لێدەچۆڕێ. سترانبێژانیش هەروەک شاعیرەکان ئەو عەشق و مەراقەی کەوا لە دڵیاندا بووە، تێکەڵ بەرامەی بسک و کەزیی ناسک و نازدارانیان کردووە و تێکەڵ بە ئارەقەی نێو سنگ و مەمکۆڵان و ڕەوتی ئاسک ئاسای لێو نەبات و چاو کەژاڵان کراوە و ئاوێتە بە ڕوحێکی کوردی ئاراستە و داویانە بە گوێی بەردەنگ و بیسەراندا. ئاشقانی دەنگ و ئاواز و مۆسیقایان پێ سەرمەست کردووە و خەفەتی ژیان و بوون و نەبوون و مەراقیان لێ سڕیونەتەوە. ئازاریان تۆراندوون و خەمیان لێ سەندوونەتەوە، ئەمەش حاشای لێ ناکرێت کە ئافرەت لە گوڵ ناسکترە، بۆ ئەوەی نەژاکێ گۆرانیبێژان لە چەشنی شنە لەگەڵیان نەرمونیان بوون، چونکە ئافرەت بە پێچەوانەی ڕەگەزی نێرینە زۆرتر حەزی لەدەنگی خۆشە. لەلایەکی دیکەشەوە پیاوی دەنگ خۆش زوو سەرنجی ئافرەت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بەڵام دەنگ خۆشان هەموویان جوانچاک نین.

**لێکدانەوەی گۆرانییەکان:**

گۆرانی:

**«ئێران، ئێران، ئێران، بووی بە مەسکەنی شێران**

**چاوت وەک گەلاوێژە/ جلەوکێشی ئەستێران»**

مەسکەن: ماڵ، جێگە.

حەسەن زیرەک، لەو گۆرانییەدا خۆشەویستی وڵات و نازدارەکەی ئاوێتەی یەکدی دەکات. ئێران بە وڵاتی شێران دەزانێت و ئەستێرەی گەلاوێژ بە جلەوکێشی ئەستێران کە فەرهەنگ و جوانییەکانی ئەو وڵاتە بە نموونەی باشی دەژمێرێت و وەک ئۆلگۆیەک دەسنیشانی دەکات. دوای ئەوەی لە وەسفی وڵاتی ئێران ڕادەچێ، ئازاری دەروونی تەشەنە دەستێنێ و وەبیری دێتەوە کە وڵاتی ئەو کوردستانە، هەر بۆیە دەڵێ: هەموو جەرگم لەت لەتە، برینداری خەنجەرە. داوا دەکات جوانێ دەستی دەستۆ بکات و لێوئاڵەکەی بچێتە ژوور سەری. هەست بە سەفەری مەرگ دەکات، هەر بۆیە دەڵێ: بە جووت دەستم لە ملی بکەن، دەرۆات و بارگەی سەفەری پێچاوەتەوە. هونەرمەندە ئاشقەکە نیشانی دەدات کە لەسەر باڵای خۆشەویستەکەی بە دەبانی پڕ جەوهەر جەرگی هەڵدڕن و لەو سۆنگەیەوە لە دنیا دەربەدەر بووە.

گۆرانی:

**«باران بارانە، هەور و بارانە**

**یار خودا حافیز دەست لێک بەردانە**

**بمدەیە ماچێ بە مەحرەمانە**

مەحرەمانە: نهێنی.

**ئەورۆ لە کوێستان دەبارێ باران**

**دەدا لە گۆنای ناسک و نازداران**

گۆنا: کوڵمە، ڕوومەت.

**خەڵکی غەم دەکڕێ من خەم دەفرۆشم**

**وێنەی سەماوەری چاک لە کوڵ و لە جۆشم**

**هەستە بێ بۆ لام وەک جاری جاران**

**بە کوێری دوژمن بە دیدەی یاران**

**وەک کەو دەخوێنی شەو لە نزاران**

**باران بارانە دەباری تەرزە /**

**مەمکی شەمامەی دێراو و تەرزە».**

نزار: نسار، خۆر نەگر. شەمامە: گندۆرەی گچکە، شەمام. دێراو: جۆگە، بۆ شەتڵ لێدانی بێستان و تەرەکاری. تەرز: بڕکەی بێستان.

باران خۆی نیشانەی ژیانەوە و سەر هەڵدانە، دەست پێکردنەوەی دۆخێکی تازەیە و ئاشتبوونەوەی سروشتە لەگەڵ وەرزەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکەدا دەڵێ: یار خودا حافیز دەست لێکبەردانە، بە دزی و پەنامەکی داوای ماچێک دەکات کەوا لێک نزیک بوونەوە و ئاشتی پێوەدیارە. تاقەتی دووری یارەکەی ناهێنێت و وەک دێوانە خۆی وێڵ و ئاوارە دەبینێ، یان لە چەشنی سەماوەری چاک لە دەروونەوە دەکوڵێ و دەجۆشێ، خەڵک وەختێ بۆ هەوێنی خۆشییەکانی بە شوێن خەم و خەفەتدا وێڵە، ئەو خەرمانی خەمەکانی دەفرۆشێت. دیسان ناسۆری هەناوی بە ماچێک سارێژ دەکات و فەرامۆشی دێت، خولیای نازدارەکەیەتی بۆ لای بێت و دوژمن کوێرایی دابێ و دیدەی یارانیش ڕوون بێتەوە. ئەویندار شێتانە نزا دەکات، تەنانەت لەباتی باران، حەز بە بارینی تەرزەش دەکات، بەو مەرجەی شۆخی باڵا بەرزی بە نسیب بێ، مەمکی دلبەرەکەی بە شەمامەی سەر دێراو و تەرز، واتە بڕکەی بێستان دەشووبهێنێ.

گۆرانی:

**«کانی و سەر کانی، سەر چەشمەی گوڵ بێ**

**نەعلەت لەو کیژەی شووی نابەدڵ بێ**

سەر چەشمە: سەرچاوە. نەعلەت: نەفرین.

**نەخۆش و مەستی دوو چاوی کاڵم**

**حەقم بەدەستە ئەگەر بناڵم**

**بۆ دوو چاوی جوان ئەوجار عەوداڵم**

عەوداڵ: ڕەبەن، هەڵوەدا.

**(نە درغربت دلم شاد و نە روی در وطن دارم**

**الهی بخت من برگرد از ان طالع کە من دارم)**

مانا بەگشتی: نە لە غەریبی دڵم شادە و نە دەتوانم بگەڕێمەوە نیشتمانی خۆم، خودایە چارەنووسم ڕێک بخەوە، ئەوە بەخت و بەشی من نییە.

**هەر سەر زەمینێ بۆی تۆی لێ نایە**

**ئاوری تێبەربێ هەر شەو لەلایە**

**با (زاهید) پێ بزانێ دڵ بە تەنیایە».**

زاهید: تەرکە دنیا، پارسا.

ئاشقێکی سەودا سەری چاوکەژاڵان، لە نیشتمانی چاوی جوانی دلبەرەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، لەسەر زەوی دەژی و چاوی زەویش کانی و زەریا و باغ و سەوزاییە؛ هەناسە هەڵدەکێشێت و سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە کە ئاسمانیش بە بێ خۆر و مانگ و ئەستێرە، کووژەکەیەکی شینە و بەو میچەوە قەتیس ماوە. بازاهید پێ بزانێ دڵ

بەتەنیایە، یان بەزەیی پێیدا بێ دڵ بەتەنیایە؛ ئەوە دەست لێنەدانی سروشتە و نەژاکاندنی جوانییەکانە. دڵ بە تەنیا ناژی، چونکە خولقێنەر هەموو گیاندارێکی بە جووت دروست کردووە، ئەگەر بێتو دەستی لێ بدرێ جوانییەکان وەک خۆیان نامێنن و دەشێوێن. زیرەک لە دڵی ئەویندارانەوە ئاشقە و ویست و ڕازی ئەوان بە جوانترین ستران دەردەبڕێ. بوێژی ئەو بەستە و ئاوازە ڕەسەنانە کوێستان نشینە و لە گەرمای بەغدا هەڵناکا، خۆی لە غەریبییە و دڵخوازەکەی لە ئێرانە. هەر بۆیە ئاوری دەروونی تەشەنە دەستێنێ و شیعرێکی فارسی دەکاتە هەوێنی گۆرانییەکە و بە مقامێک کانی و سەرکانی گوڵ باران دەکا. هەر وەک لە مانای شیعرە فارسییەکەدا دەردەکەوێ: نە لە غەریبی دڵی خۆشە و توانایی گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی هەیە؛ لە خوا دەپاڕێتەوە بەختی وەگێڕێ لەو تالع و بەشەی کە پێی براوە. لێرەدا پەنا دەباتەوە بەر دیوانی بەستەی فۆلکلۆر و دەڵێ: یان وەڵامێکی بەخێرم بدەوە، یان دڵنیام بکە و با ئەوەندە دەستەو داوێنی شێخ و مەلا و نووشتە نووسان نەبم.

گۆرانی:

**«باغەوان گیان من غەریبم/ ڕێگای باغت لە کوێیە**
**تاوهەڵات و ڕۆژهەڵات/ دای لە پردی مەهاباد**
**بۆ تۆ نەمایم تووران گیان/ گەردن قوورینگ و لێو نەبات**
**تۆ بەقسەی بابت نەکەی/ ئەو ڕەنجەم نەدەی بەباد**
**باغەوان گیان من غەریبم/ ڕێگای باغت لە کوێیە**
**عاشقی چاوی تووڕانم/ ماڵیان لەسەر خرێیە**

خرێ: گەڕەکێکە لە مەهاباد.

مامۆستا زیرەک، هەر لە یەکەم بەیت، یان یەکەم کۆپلەدا باس لە غەریبی دەکات و ڕێگای باغی لە باغەوان دەپرسێ؛ کە ئاماژە چوونە نێو ئاوەدانی و بەهەشتێکە. ڕوحی لە لای زێدی ڕاپەڕین و هەڵکرانی ئاڵای کۆماری کوردستانە؛ بە ڕۆژهەڵات و تاو هەڵاتی نێو دەبات کە ڕووناکایی داوە لە پردی مەهاباد، کە دیارە پردیش نیشانەی پەڕینەوەیە لە ڕووبەرێک بۆ ڕووبەرێکی دیکە. لەوێدا باسی گەڕەکی خرێی شاری مەهاباد دەکا. خۆشەویستی ئەو شارە لە جوانی تووراندا دەتوێنێتەوە و بەهانەی ئەو شاری چوار چرا و سێدارەیە و بە ناچاری بە تووران دەری دەبڕێ کە ئەو شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکە شیعرییەکانی شانامەی فەردەوسی وەختێ باسی ئێران و تووران دەکات. جارێک بە سەر تۆپی کوردستانی دادەنێ و ئۆباڵی بۆ دەکێشێ.

گۆرانی:

**«باوابێ باوابێ/ دەستم لە مەمکی دابێ**
**ئەگەر مەمکان عەزیەت کەم / سەر پەنجەم کوڵەوار بێ**
**هیچ عەزیەتیان ناکەم/ نەبا لێم تەوەلابێ»**

تەوەلا: دوور کەوتنەوە. عەزیەت: زەحمەت، ئازار.

**نەعەیبە و نە شکۆیە/ مەمکت نارنجی خۆیە، کوڵمت گوڵی لیمۆیە**
**دەسماڵی شیلەی ئاڵە/ قەدی دەڵێی شمشاڵە**
**عرووسم، جووم، ئەرمەنیم/ دینم بۆ تۆ بە تاڵە**

شکۆ: شەرم. نارنج: میوەیەک لە بنەماڵەی پرتەقاڵ. خۆیی: شاری خۆیی لە نزیک ورمێ. شیلە: پارچەی تەنک زۆرتر بۆ دەسماڵی خانمان دەکرێ. عرووس: خەڵکی ڕووسیا. جوو: جوولەکە. ئەرمەنی: هەرمەنی، خەڵکی ئەرمەنستان.

**هەی ماڵی بابم کاڵێ/ کەزێت بەندی ڕەشماڵێ، سێ گەز بە گەزی قەدیم**
**باسکم لەو گەردنەت هاڵێ، تۆ بچوو بابت ڕازی بکە**
**دایکت بۆ من هیچ ناڵێ**
**پێم عەیبە و پێم ئێرادە/ لەبۆت بکەم ماڵەوماڵێ**

کەزی: پرچ. بەند: ئەو پەت و گوریسەی چادری پێدەبەستنەوە. ڕەشماڵ: تاوڵ، خێوەتی ڕەش.

هونەرمەندە ئاشقەکە، لاولاو ئاسا بە بەژن و باڵای توورانـدا هەڵدەچێ؛ نەعەیبە و نەشکۆیە؛ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عازەب بوون، کچ سەر سنگی هەڵدەستێ و کوڵمەکانی سوور هەڵدەگەڕێن، لەو عەینەدا کیژۆڵە شەرمێون دەبێت و زۆرتر خۆی لە نیگاکان دەدزێتەوە، دیمەن و ڕوخساری لە چەشنی داری بەر، وەک تارای سوور لە گوڵ دەنیشێ. شۆخە کچ سرک و سڵۆک و بازرە دەبێت. دیسان تاسەیە و پاڕانەوە، بێ ڕوحمییە و دڵدۆڕاندن، هەڵچۆقانە و توانەوەیە لە بۆتەی عەشقدا؛ دڵ ئەستێن بە دەسماڵی ناسکی شیلەی ئاڵەوە کەمبەری لە گوێن داری شمشاڵە و دڵدۆڕاو شێخی سەنعان ئاسا

له دین بێبەری دەکا. لەو سەردەمەدا، ئافرەتی کورد بەر لەوەی بسکی بە مۆدی تازە هەڵپاچێ، بە پەلکە و پرچی درێژەوە جوان بوو؛ ئەگەر کەسێک ئافرەتێکی ناخۆش ویستبایە پێی دەگوت: پرچت بە برین چێ! کەزێی بەژن زراڤەکەی کە خۆی ڕاگری خێوەتیماڵە، بە کەزێی چوار ئەستوونی ڕەشماڵی ماڵی ڕاگرتووە؛ هەر وەک لە پەندی کوردیدا دەڵێن: «ژن و ماڵ» ئاشقی ڕاستەقینە لەبەر ئابڕووی دلبەرەکەی ماڵەو ماڵ کردنی پێ شوورەیییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حورمەتی دڵخوازەکەی ڕابگرێت و ئەو ئیزنە بە خۆی نادات، یار و ئەغیار گاڵتە بە نازدارەکەی بکەن و شان و شکۆی دابەزێنێ. بە عرووس و جوو و ئەرمەنی. دەڵێ: ئەگەر مەروێ و پشدەر موڵکی من بێت، بۆ تۆی دەفرۆشم، ئاشقان سەر لە ڕێی دلبەردا دادەنێن مەروێ و پشدەر هیچ نییە. هەر لەو گۆرانییەدا باس لە باغی بەی دەکات و ئاواتی ئەوەیە دەستی بگاتە داری بەژنی و دەستێک لە مەمکان بدات. دەشڵێ مەمکان عەزیەت ناکەم، نەوەک لێم بتۆرێن و تەوەلا بن، بەڵێن دەدات ئەگەر عەزیەتیان بکا سەر پەنجەی کوڵەواربێ. لە ڕوانگەی ئەو هونەرمەندەوە مەمکان وەک ساوایەکی سڵۆک دەبینێت و ترسی ئەوەی لە دڵدایە ئازاریان بدات و جارێکی دیکە دەستی پێیان نەگات.

گۆرانی:

**«لێم زیز بووە چاو کەژاڵم/ زولف شۆڕ و گەردن بەخاڵم**

**کراسی چیتی نەمسەیە/ ئەو ژنە جیرانی مەیە**

**بۆخۆی زۆر شۆخوشەنگە/ قەد باریک دەڵێی نەیە»**

زیز: زویر. کەژاڵ: ئاسک. چیتی نەمسە: جۆرێک پارچە بوو لە کاتی خۆیدا خانمان دەیان کردە کراس. نەی: قامیش.

مامۆستای گۆرانی و مقاماتی کوردی، حەسەن زیرەک، هەر وەک زۆربەی زۆری گۆرانییەکانی کە بە دوو شێوە گوتوونی، باڵای جوانەکەی بە کاڵای چیتی نەمسا دەڕازێنێتەوە. دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی خۆی لە خۆیدا شۆخوشەنگە، قەدی باریکی هەروەک نەی وایە کە نەی وشەیەکی فارسییە و بە قامیش دەگوترێ. چیتی ئاڵ و کرێشە لەو سەردەمەدا تازەباو بووە و پێشیان گوتووە کراسی بەری تەنکە هەروەک پەڕی مێش. گوڵی بە گوڵ پەرژین کردووە و پێی دەڵێ: بەو پشتێنە چیتی ڕەشەوە لە مێردە گولەکەت مەترسێ و وەرە بەردەرکێی حەوشە، ئەمەش بۆ ئافرەتێک گونجاوە کە باوک و برا بەزۆری دار و تێلا لە مل زلحۆرتێکیان بەستووە؛ ئەگینا ئافرەتی کورد حەیا بەخۆیە و ناپاکی بە ناموس و مێردی خۆی ناکات، بەڵام وەختێ نازدار حەیران دڵی لەلای دڵ ئەستێنەکەی بەجێ هێشتووە لە چەشنی پەیکەرەیەکە لە ماڵی گولە مێردیدا.

# ڕۆژگار لە چایخانەی شەعب دا

گارا
(ئەڵمانیا)

ڕۆژگار مەحموود لە ڕۆژانی ٢٦ و ٢٧ی مانگی ١١ی پار ساڵ، فەزای چایخانەی شەعبی بۆ فەزایەکی دیکە گۆڕی کە ئەم جارەیان تێکەڵاوییەک بوو لە هونەر و فەزا ئاساییەکەی خۆی کە چایخانەیەکە تەنیا پیاوی لێ دادەنیشێ و دۆمینە و تاوڵەی لی دەکرێ و جگەرە دەکێشرێ و غەڵبەغەڵب و دەمەتەقێی لێ دەکرێ و ساڵەهای ساڵە بەم شێوەیە ڕۆیشتووە، مەگەر بە دەگمەن ساڵی جارێک ژن ڕووی تێ بکات.

بۆ ڕۆژگار ئەمە یەکەم جار نییە کە فەزای چایخانەی شەعب (ئیختراق) بکات، بەڵکو ئەو چەند جارێکی دیکە چ وەک هونەرمەندێک کە بەشێکی زۆری کارەکانی پێکهاتووە لە کاری ڕاستەوخۆ لە ناو شوێنە گشتییەکاندا live public work و چ وەک ژنێک.

ئەو لە هەردوو حاڵەتەکەدا مەبەستی شکاندنی سنوورەکان بووە و لەم کارەیشیدا لای ڕۆژگار، ژنبوون و ئادەمیزادبوون و هونەرمەندبوون یەک دەگرنەوە.

ئەم جارە واتا لە ڕۆژانی ٢٦ و ٢٧ی مانگی ١١ ڕۆژگار دوو لە کارە ڤیدیۆ پێرفۆرمانسەکانی خۆی لە ناو فەزای چایخانەکەدا بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە ڕۆژێکدا نمایش کرد، کارەکان یەکێکیان ڤیدیۆی (من لە باوکم دەچم) بوو کە ماوەکەی دوو خولەک و بیست چرکە بوو، ئەوی دیکەیش ڤیدیۆی (بەقوربانت بم) بوو کە ماوەکەی پێنج خولەک بوو. ئەو ئەم دوو کارەی لە دوو دیواری چایخانەکە بە گۆشەی (٩٠) لە سەر دوو سکرینی گەورە لە ڕێگەی داتاشۆوە نیشان دا.

**کارە ڤیدیۆ پێرفۆرمانسەکان:**

*** بە قوربانت بم**

ئەم کارە پێکهاتووە لە تێکدانی چایەک لە ناو

پیاڵەیەک و پیاڵەکەش لەسەر ئەو ڕۆژنامەیەیە کە هەواڵی کوشتنی کچێکی تێدا بڵاوبووەتەوە. ئەم کارە لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ یەکەم جار جێبەجێ کراوە، پاشان هونەرمەند لە ساڵی ٢٠١٦ دووبارەی کردووەتەوە، ئەم جارە هونەرمەند چەکوشێکی تێدا بەکار هێناوە، ڕۆژگار لەگەڵ تێکدانی چایەکەدا، هەمیشە وشەی بە قوربانت بم دووپات دەکاتەوە وەک دەربڕینێ بۆ هەست و سۆزی خۆی بۆ ئەو کچەی کە کوژراوە.


**گارا:** بۆچی ئەو پێرفۆرمانسەت هەڵبژارد بۆ دەربڕین لەو ڕووداوە؟

**ڕۆژگار:** لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی چاتێکدانەوە لەسەر ڕۆژنامەیەک کە هەواڵی کوشتنی کچێکی بڵاوکردووەتەوە تا بتوانم ئەو تووڕە بوون و هەڵچوونەی خۆم نیشان بدەم سەبارەت بە هەواڵی ناو ڕۆژنامەکە، لەم پێرفۆرمانسەدا دوو ڕووداو لە ناو یەکدا ئیش دەکەن یەکێکیان ڕووداوە واقیعییەکەیە کە کچەکەی تێدا کوژراوە، ئەوی دیکەیش ئەو پێرفۆرمانسەیە کە من بە چای تێکدانەکە جێبەجێی دەکەم.

هەرچەندە من نائارامی و شڵەژاوی ڕۆژگار بە ئاشکرا لە ڕەفتاری لەم پێرفۆرمانسەیدا دەبینم، بەڵام ئەم پرسیارەی لێ دەکەم:

**گارا:** تۆ ئەم کارەت بۆ ڕووداوێکی زۆر تراجیدی کردووە، بەڵام بە ئارامی و هێمنی چایەک تێک دەدەی بۆ ئەوەی بیخۆیتەوە؟

**ڕۆژگار:** نەخێر من لە کاتی تێکدانی چایەکەدا بە هیچ جۆرێ هەستم بە ئارامی و هێمنی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، من ئەو کات زۆر تووڕە و شڵەژاوبووم تا ئەو ڕادەیەی چایەکە دەڕژێ.





ڕۆژگار مەحموود

*** من لە باوکم دەچم.**

هونەرمەند بۆ ئەم کارەی نۆ ڤیدیۆی جیاوازی لە یەک سکریندا بەکارهێناوە کە تێیاندا وێنەی دەموچاوی خۆی نیشان داوە.

ئەو بە بەردەوامی چەند وشەیەک و دەستەواژەیەک بە زمانی کوردی و ئینگلیزی دووپات دەکاتەوە، لە یەکەمیاندا بە دەستەواژەی گوڵەکەی سەما و وێنەکێشان دەست پێ دەکات و دوایی بە چەند وشەیەک وەسفی جوگرافیای کوردستان دەکات، پاشان لە یەکێ لە ڤیدیۆکان دەڵێ: من زۆر لە باوکم دەچم. لە دووەم ڤیدیۆیشدا هونەرمەند بە زمانی کوردی گۆرانی دەڵێت و لە ڤیدیۆیەکی دیکەیشدا دەڵێت: من ژنم و لە یەکێکیانیشدا دەڵێ: من باشم، من زۆر باشم، لە یەکێکی دیکەیشیاندا دەڵێت: خۆشحاڵم بە ناسینت و لە دوا ڤیدیۆیشدا دەڵێت: ئەو تەنیا ١٧ ساڵ بوو من تەنیا ١٤ ساڵ بووم، لەم ڤیدیۆیەدا هونەرمەند دەگرێت و بە تەریبی گشت ئەم ڤیدیۆیانە، ڤیدیۆی گوڵەکەی سەما بە بەردەوامی ئیش دەکات تا کۆتایی کارەکە. هونەرمەند لەم ڤیدیۆیانەدا بە حاڵەتی دەروونی جیاوازەوە دەبینرێت، لە حاڵەتێکی ئارامییەوە تا حاڵەتی نائارامی و هەڵچوون و گریان.

هونەرمەند ئەم ئیشەی لە ساڵی ٢٠١٣ و لە چوارچێوەی پڕۆژەی هونەری بڕوانامەی ماستەر لە -Chel



sea College لە لەندەن نمایش کردووە، پاشان ئەمساڵ لەچایخانەی شەعب.

ئەم کارەی ڕۆژگار لە چایخانەی شەعب، تەنیا پیشانگا نەبوو، بە مانا تەقلیدییەکەی، بەڵکو کارێکی هونەری بوو کە چەندان ڕەهەند لە خۆ دەگرێ، وەک کاری ڕاستەوخۆ لەناو شوێنە گشتییەکان و کاری ئەکشن و هەپینینگ Happening و (اختراق) و بڕینی سنوورەکان، ئینجا خودی کارە هونەرییەکە وەک نیشاندانی دوو ڤیدیۆ پێرفۆرمانس بەگشت ماناکانی مەتریاڵ و تەکنیک و ناوەڕۆکی کارە ڤیدیۆ پیرفۆرمانسەکانەوە، ئەمە نەک تەنیا کارێ بوو بۆ بینین، بەڵکو بۆ گۆڕینی فەزای چایخانەکە و شکاندنی سنوورەکان کە ئەمانە لەخۆیاندا ناوەڕۆکی داهێنان لە هونەری شێوەکاری لەخۆ دەگرێ، بەتایبەت هونەری هاوچەرخ و بەشێ لە ناوەڕۆکی سەرجەم ئەم کارەی ڕۆژگار.


ڕەنگدانەوەی ئەم کارە هونەرییە فرەڕەهەندەی ڕۆژگار بوو بە شۆک بۆ هەندێ لە میوانەکانی چایخانەکە و سەرسوڕمان بۆ هەندێکی دیکە و تووڕەیی بۆ ژمارەیەکی تریش و بووە مایەی خۆشی و ئازادی بۆ ژمارەیەکی



دیکەش، بەتایبەت بۆ ئەو بینەرانەی کە خۆشییان بە ژیانی مۆدێرنە دێت و پشتگیری لێ دەکەن. بەم جۆرە تەنیا نیشاندانی ڤیدیۆپیرفۆرمانسەکان نەبوون کە ڕووداوە هونەرییەکەی ناو چایخانەکەیان دروست کرد، بەڵکو کۆی گشتی ڕووداوەکان بوون لە سەرەتاوە کە خاوەنی کارە هونەرییەکە خۆی ژنە و بە جلێکی مۆدێرنەوە لە تەک ڤیدیۆپرۆجێکتەرەکانەوە و لە چایخانەی شەعب و لە ناو پیاوەکاندا و بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوون وەستابوو، پاشان هاتنە ناوەوەی ژمارەیەک لە خوشک و هاوڕێ و بینەری ژنی هونەرمەندەکە بۆ ناو چایخانەکە تا ئەو ڕادەی کە دوای تەواوبوونی کاتی نمایشەکە، لە جیاتی پیاو، ئینجا کچ و ژن لە سەر مێزەکان دۆمینەیان دەکرد، وەکو بەردەوامییەک بۆ گۆڕینی ئەتمۆسفیری چایخانەکە و



گۆڕینی فەزاکەی لە ئەنجامی سەرجەم کارە هونەرییەکانی ڕۆژگار مەحموود لەو کاتەی کە دەچێتە ناو چایخانەکە و دەست دەکات بە جیاکردنەوەی جێگایەک بۆ نیشاندانی هەردوو ڤیدیۆپیرفۆرمانسەکان تا کۆتایی نیشاندانیان، پاشان بەردەوامبوون بە دۆمینەکردنی کچ و ژنەکان لە ناو چایخانەکە وەک بەردەوامبوون بە گۆڕینی فەزای چایخانەکە.




# نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی و خولیاکانی خوێندنەوە

هاشم سەڕاج

«نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی» ڕۆمانێکی نووسەری ئەفغانی «عەتیق ڕەحیمی»یە، «ئازاد بەرزنجی» لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پێشەکییەکی جوانیشی بۆ نووسیوە. سەرەتا دەمەوێت هەندێک زانیاری لە پێشەکییەکە هەڵێنجم، عەتیق ڕەحیمی ئەم ڕۆمانەی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوە و ساڵی ٢٠١٢ بڵاوی کردووەتەوە، وەرگێڕی کوردی دەڵێ: دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە سێبەری ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤسکی، بەسەر تەواوی فەزای ڕۆمانەکەدا زاڵە...تاد، ڕەسووڵ وێنەیەکی تری ڕاسکۆلینکۆڤە و سۆفیا وێنەیەکی تری سۆنیا و پیرێژنە سووخۆرەکەش بە هەمان شێوە و...تاد.

ڕەحیمی دەڵێت: ئۆسکار وایلد وتوویەتی شتێک نەماوە بیخەینە سەر ئەو قسانەی کە دۆستۆیڤسکی لەسەر ئادەمیزاد کردوونی، بە تایبەتی لایەنە تاریکەکەی، دۆستۆیڤسکی لە «برایانی کارامازۆڤ»دا و لە زمانی ئیڤان کارامازۆڤەوە دەڵێت: [ئەگەر خودا نەبووایە، مرۆڤ هەموو تاوانێکی دەکرد].

منیش لای خۆمەوە دەپرسم لە ئەفغانستاندا، کە هەموو باوەڕیان بە خوا هەیە، ئەم هەموو کوشتنە بۆ لە ئارادایە؟ ئەگەر سەرنجی زمانی ڕۆمانەکەش بدەین، دەبینین زمانێکی سادە و شاعیرانە بەسەریدا زاڵە، ئەمە بەشێک بوو لەو زانیارییانەی پێشەکییەکەی وەرگێڕی کوردی، سەرەتا بەر لەوەی ڕوو لە جیهانی ڕۆمانی نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی بکەم، حەز دەکەم ئەوە بدرکێنم زۆربەی ئەو ڕۆمان و نۆڤڵێتە فارسی و ئەفغانی و تورکییانەی «بە تایبەتی ڕۆمانەکانی ئۆرهان پامووک» کە لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا دەنووسرێن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕووی تێمە و دنیابینییەوە کاریگەری ڕۆمانەکانی «دۆستۆیڤسکی»یان پێوە دیارە.

عەتیق ڕەحیمی سەرەڕای کارکردنی لەسەر دەقی ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤسکی، بە تایبەتی کەسایەتی ڕاسکۆلینکۆڤ و سۆنیا و دیمەنی ڕووداوی کوشتنی پیرێژنە سووخۆرەکە، لە هەمان کاتدا سوودی لە بیرکردنەوە ئۆنتۆلۆجی و زەردەخەنەکانی ئیڤان کارامازۆڤ و خەسڵەتی بێ موبالاتی ئەمیر مشکین وەرگرتووە،

سەرجەم ئەم حاڵەت و نیشانانە هێدی هێدی لە کەسایەتی ڕەسووڵ ئیبراهیمی پاڵەوانی دەقەکەدا بەرجەستە دەبن، هەروەها لە ڕوانگەی ڕۆمانی «شەیتانەکان»ەوە کوشتارگەی واقیعی ئەفغانستان و ڕووبینی سەرکردە سیاسییەکان شی دەکرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانەکە لە هەندێک شوێندا سوود لە فەزا و ڕوانینی ڕۆمانی «دادگایی کردن»ی کافکا و چەمکی بێهوودەیی «میرسۆ»ی ڕۆمانی «غەریب»ی کامۆ وەردەگرێت، وێڕای مامەڵەکردنی لەگەڵ سوورەتێکی قورئانی پیرۆز و چەند چوارینێکی عومەر خەیام و حیکایەتەکانی مەلا نەسرەددین و چەند وتە و گوفتارێکی گاندی.

ڕەسووڵ لە سەرەتاوە خووی بە خوێندنەوەی کتێب گرتووە، بە تایبەتی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی، هەڵبەتە وەک لە دووتوێی ڕۆمانەکەش ئەوە دەگوترێت کە کۆمۆنیستەکان حەز بە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی ناکەن، ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەم کێشەیە بۆ کرۆکی ڕۆمانی «شەیتانەکان» بگەڕێتەوە، کە تێیدا دیسەمبەرییەکان بە شەیتان و دووڕوو و دۆگما دەچوێنێت، دوای کوشتنی «شانۆف» و ناشتنی تەرمەکەی و تابیعەکەی بەیەکەوە، شانۆف کەسایەتییەکی نەتەوەییە، دواتر دیسەمبەرییەکان هەریەک بەشێوەیەک لەنێو دەچن، یەکیان ئەوی تر دەکوژێت، هەروەها ستافرۆجین خۆی دەکوژێت...تاد.

دۆستۆیڤسکی لەم ڕۆمانەدا لە خەسڵەتە ژەهراوییەکانی ئایدیۆلۆژیا دەدوێت و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدات، ئەم کەش و ئەتمۆسفیرەی ڕۆمانی شەیتانەکان و هەندێک چرکەی ژیانی تایبەتی «دۆستۆیڤسکی»یش، لە پانتایی ڕۆمانی «نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی «عەتیق ڕەحیمی»دا ڕەنگی داوەتەوە و زۆربەی حاڵەتەکانیش لە کەسایەتی «ڕەسووڵ»دا بەرجەستە کراوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی دۆستۆیڤسکی لەگەڵ (ئانا)ی هاوسەری گەشتێک دەکەن دەچنە یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا، لەوێ سەرجەم خشڵ و زێڕ و زەمبەری ئانا لە قوماردا دەدۆڕێنێت دواتر دەگەڕێتەوە و لە هوتێل کڕنووشی بۆ دەبات و خۆی دەدات بەسەر قاچەکانیدا، ئەم دیمەنە لە «تاوان و سزا»ش لەنێوان ڕاسکۆلینکۆڤ و سۆنیاشدا دووبارە دەبێتەوە (من بۆ تۆ دانانەویمەوە)، بەڵکو بۆ هەموو ئازارەکانی مرۆڤایەتی دادەنەویمەوە.. یان ئەو شەوەی کە دۆستۆیڤسکی زمانی لێ دەدەن و دەگیرێت و کاتێک لە ماشێنی پۆلیسی ڕووسیدایە و سەرما و دانەچۆقەیەتی و چاوی دەبڕێتە گڵۆپە داگیرساوەکانی خانووەکانی دەوروبەری هەستێکی سەیر دڵ و دەروونی دادەگرێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: ئێستا من لەم تەنیایی و سەرما و سۆڵەیەدا دەژیم، کێ ئاگای لە منە و کێ هەست بە ئازارەکانم دەکات!..

عەتیق ڕەحیمی سەرجەم ئەو هەست و دنیابینییانەی بۆ جیهانی بیرکردنەوەی ڕەسووڵ گواستووەتەوە، بەڵام ڕەسووڵ لەسەرەتاوە بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی ڕاهاتووە و دەستی نووسینیشی هەیە، ڕەسووڵ چێژ و خۆشییەکانی ژیان زۆرتر لە وەهم و خولیاکانی خوێندنەوەدا دەدۆزێتەوە، ئەوە هێزی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێڕامانە بەرەو عیشقی سۆفیا و ساقیخانە و حەشیش کێشان و وەهمی کوشتنی نەنە عالییەی پیرەژنی سووخۆری دەبات، ڕەسووڵ چەشنی دۆستۆیڤسکی لە خەیاڵ و نائاگاییەوە بڕیاری کوشتنی نەنە عالیە دەدات، دۆستۆیڤسکی چۆن لە نائاگاییەوە بڕیاری کوشتنی باوکی خۆی دا، بەڵام دواتر کاتێک بەدەست جووتیارەکان کوژرا. ڕقێکی ئەستووری لە جووتیارەکان هەڵگرت و بکوژەکانی بە ڕشانەوە چواند، ماڵی ڕسووڵ لە مەزار شەریفە، باوکی کۆمۆنیستە، حەزی دەکرد ڕەسووڵ لە یەکێتیی سۆڤێت خوێندنەکەی تەواو بکات، بە گەڕانەوەی تووشی شۆک بوو، ڕەسووڵ چەشنی ڕاسکۆلینکۆڤ زانکۆی تەواو نەکرد و خێزان و خانەوادەکەی جێهێشت و گەڕایەوە «کابوول»، ڕسووڵ لە کابوول فەرمانبەری کتێبخانەی زانکۆیە، کچێک دێت و داوای کتێبێک دەکات و شێوەی ڕوخسار و زەردەخەنە ناوازەکەی سەرنجی ڕادەکێشێت و عاشقی دەبێت، ئەو کچە سۆفیایە، ڕەسووڵ لە خانووەکەی یار محەمەد لە نهۆمی سەرێ ژوورێکی بەکرێ گرتووە و جار جارە چاو چاوانێ لەگەڵ «ڕۆنا»ی ژنی یار محەمەد دەکات و هەندێک جاریش دەسپەڕی لەسەر لێ دەدات، شەڕی خۆکوژی باڵی بەسەر کابوولدا کێشاوە، گرووپە موجاهیدەکان و تەقینەوەی بۆمب و دەنگی مووشەک بەردەوامە، ئەوکاتەی ڕەسووڵ چاوی بە «موهارا مەولا»ی باوکی سۆفیا دەکەوێت، هەست بە خۆشییەکی بێپایان دەکات، بەیەکەوە دەچنە ساقیخانە و لەوێ نەرگەلە و

حەشیشە دەکێشن، «داود»ی برای سۆفیا لە ماڵەوە خەریکی کۆترەکانی باوکیەتی، ڕۆژانە هەڵیان دەفڕێنێت، موهارا مەولا قاچێکی نەماوە، دارشەقێکی لەبن باڵی توند کردووە، ڕەسووڵ گەنجێکی تەمەن بیست و حەوت ساڵە، ڕەسووڵ دوای ئەوەی لەگەڵ موهارا مەولا حەشیشە دەکێشن، بە یەکەوە دەچنە ماڵی موهارا مەولا، ڕازمۆدین ئامۆزای ڕەسووڵە و موجاهیدە، ڕەسووڵ بەوە تاوانبار کراوە کتێبی ڕووسی دەخوێنێتەوە و گوایە کۆمۆنیستە، لەگەڵ پەروێزی بەرپرسی ئاسایش لە بارەی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی دیالۆگ دەکەن، دەزانێت ڕەسووڵ لە سۆڤێت یاسای خوێندووە و باوکی بە زۆری ناردوویەتی، جانۆ چەکداری پەروێزە، موئمین لە فیرقەی موقەددەم نەورۆزە، شێردڵ موجاهیدە و لەبەردەم کوڕی لووسکەدا لاوازە، لە هێرشەکاندا حەز دەکات کوڕێکی لووسکەی ڕووسی بە دیل بگرێت، بۆیە ناویان ناوە کێردڵ، نازەگوڵ کچ نەنە عالیەیە، سەرکردە عامر سەلام لە ماڵی نەنە عالیە ڕادەبوێرێ، سەرکردە ڕۆستەم داوای دنیای خوشکی ڕەسووڵ دەکات، کاکە سەروەت و گێڕانەوەیەکی سەربوردە و حیکایەتەکان لە ساقیخانە، ئوتێلی میترۆپۆل کە هەندێک لەسەرکردە سیاسییەکانی ئەفغانستان لەوێ دادەبەزن، حەکیم خاوەنی حەشیشە کێشانەکەیە.

حەزم کرد وەک زانیارییەکی گشتی هەندێک خەسڵەتی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە بخەمەڕوو، بەڵام ئەوەی گرنگە ڕەسووڵ لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی و بیرکردنەوە و تێڕامانەوە هەمیشە لەگەڵ وەهم و خەیاڵ و خولیاکانی خۆیدا دەژیت، دوای ئەنجامدانی تاوانە وەهمییەکەی، کوشتنی نەنە عالیەی سووخۆر و گەوادە، بە هەمان شێوازی ڕاسکۆلینکۆڤ تەورەکە ئاراستەی سەری نەنە عالیە دەکات و مێشکی دەپژێنێت، لێرەدا دەق بابەتێکی تارمایی ئامێز دەخوڵقێنێت، چونکە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، نە تەرمی نەنە عالیە دیارە و نە زێڕ و زیو و ئەو پارانەی کە بە ڕەهن لە خەڵکی وەری دەگرت، بەڵام ڕەسووڵ بەردەوام لەگەڵ تارمایی ئافرەتە چارشێوشینەکە دەژیت، ئەو ئافرەتە چارشێوشینە ئاسمانییەی دوای کوژرانی نەنە عالیە سەردانی ژوورەکەی کرد، ئەی کێ ئەو زێڕ و زیو و پارانەی دزیوە، ڕەسووڵ لە ناخرا هەست بە گوناه دەکات و دەیەوێ خۆی ڕادەستی دادگا بکات، هەمیشە کۆمەڵێک پرسیار گەمارۆی مێشکی دەدەن، ئەی بۆ لەم وڵاتەدا خەڵکی بڕوایان بە خودا هەیە و یەکدی دەکوژن، کەچی هەست بە گوناه ناکەن، بیر لەو ڕستەیەی دۆستۆیڤسکی دەکاتەوە کە دەڵێت: «بۆیە خودا هەیە تا مرۆڤ خۆی نەکوژێت»، بەڵام دواجار پەروێز بەهۆی هەستکردن بە نادادپەروەرییەوە خۆی دەکوژێت.

ڕەسووڵ تا دێت لە ڕێگەی چێژی خوێندنەوە و تێڕامان و بیرکردنەوەوە دەگاتە حاڵەتە بوونگەراو نیهلستییەکانی ئیڤان کارامازۆڤ و زەردەخەنە شێتئامێزەکان لەسەر لێوەکانی دەنیشن و کاتێک باوکی دەکوژرێت ناچێت بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی، ئەم دیمەنەش ڕەفتاری «مێرسۆ»ی ڕۆمانی «غەریب»ی «کامۆ»مان بیردەخاتەوە، بەو سەفتە پارەیەی کە «ڕازمۆدیف»ی ئامۆزای داویەتی «دەزانێ نرخی فرۆشتنی دنیای خوشکیەتی بە سەرکردە ڕۆستەم» بەشێکی لە ساقیخانەدا بەسەر برادەرەکانیدا دابەش دەکات، بە ئەوەی ماوەتەوەش دەمانچەیەکی جۆری کۆڵت لە داوودی برای سۆفیا دەکڕێت و دەچێت و دەیەوێ زێوانی مەزاری «شای شمشێرە وەلی» بکوژێت بەهۆی ئەوەی سۆفیای لە مەزارەکە دەرکردووە و بەچارشێوشینێکی سۆزانی لە قەڵەمی داوە، چۆن دەبێ سۆزانی سەردانی مەزار و مەرقەدی پیاوچاکان بکەن، ڕەسووڵ لە تۆڵەی ئەمەدا دەمانچەکەی ئاراستەی دەم و چاوی زێوانەکە دەکات چی وا نامێنێت بیکوژێت، لەلایەکی دیکەوە لە ئەفغانستان گرووپە سیاسییەکان بەگشتی هەر هەموویان هەڵپەی دەسەڵاتیانە و ئەم وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی ئوسوڵییە توندڕۆکاندا بووەتە گۆڕستان و وێرانە، کوشت و کوشتار شوێنی کولتووری ڕاستەقینەکەی گرتووەتەوە، سەروەتی حیکایەتخوان لە ساقیخانەکەدا دەکوژرێت، «جانۆ»ی چەکداری پەروێز، کە وەک کوڕی خۆی بەخێوی کردووە دەکوژرێت، ڕەسووڵ تا دوا چرکەکانی ڕۆمانەکە چێژ لە کێشانی ئەو جگەرە مارلبۆرۆیانە وەردەگرێت کە چەند پاکەتێکی لە ماڵی نەنە عالیە هێنابوو، ماڵی نەنە عالیە هەم سووخانەیە، هەم سۆزانی خانە، عامر سەلام پیاوەکانی بەردەوام ڕووی تێ دەکەن، ڕەسووڵ بەردەوام نوقمی وەهم و خەیاڵە، کابووسە ترسناکەکان وازی لێناهێنن، یار محەمەد ئافرەتە چارشێو شینەکەی لە ماڵەکەیدا بەدرەختێکەوە

هەڵواسیوە. خەریکە بە چەقۆیەکی گەورە مەمکەکانی دەبڕێت، ڕەسووڵ هەمیشە تاوانەکە ئازاری ویژدانی دەدات و دەیەوێت خۆی ڕادەستی دادگا بکات. قازی ساحیب لەسەر کورسییەک دانیشتووە و قاژێک شووتی دەخوات و ڕەسووڵ دادگایی دەکات و دەنکە تۆیەکی شووتییەکە لەنێوان ددانەکانیدا گیری خواردووە و هەوڵی دەرهێنانی دەدات، لەولاوە لە بازاڕ و چایخانەکانی کابوولدا تەقینەوەی لەناکاو ڕوودەدات، توندڕۆکان لە مەیدانەکاندا گۆشتی کاوڕ و ڕەشەوڵاخ بەسەر خەڵکیدا دەبەشنەوە، کێ ناڵێ گۆشتی مرۆیشی لەگەڵدا تێکەڵ نییە، سەمای مەرگ شێوازێکی تازەی کوشتنە، دوای سەربڕینی مرۆڤەکە، تاوەیەک ڕۆنی قرچاو بەسەر لاشەکەیدا دەکەن و دەکەوێتە سەما.

کێشەی سەرەکی ڕەسووڵ لەوەدایە هەمیشە کردە و چێژی خوێندنەوەی قووڵ، بەرەو تێڕامان و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی سەیر سەیری ڕادەماڵێت و دەگاتە ئەو چرکانە تێیدا هەست دەکات وەهم لە واقیع جوانترە، ئاخر هەمیشە لە چرکەکانی تێڕاماندا وەهم لە حەقیقەت و واقیع جوانترە و واتای ژیان لەم چرکانەدا دەدرەوشێتەوە و مرۆڤ هەست بە ئازادییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات، لە ڕوویەکی دیکەوە ڕۆمانی «نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی» چەشنی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی بە شێوازێکی پۆلیفۆنی «فرەدەنگی» نووسراوە، سەرەتا دەنگێک لە تۆڕی ئالۆسکاوی کردەی گێڕانەوەوە ڕووداوەکان دەخاتە بزاڤ و جووڵە، دواتر هێدی هێدی تەکنیکی دیالۆگ پراکتیزە دەکرێت و کەسایەتییەکان بەشداری لە گفتوگۆکان دەکەن و کۆمەڵێک پرسیار و گوفتاری نەگوتراو بۆ خودی وەرگر و ڕاڤە و لێکدانەوەکانی بەجێ دەهێڵرێت، لەوانە دیارنەمانی تەرمی پیرێژنە سووخۆرەکە، کەسایەتی ئافرەتە چارشێو شینەکە، چارەنووسی زێڕ و زیو و پارە دزراوەکان، دەق هەوڵ دەدات گوتاری ڕاستییە جێگیرەکانی مۆدێرنیتە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەو هەقیقەتە چەسپاو و جێگیرانەی کە حیکایەتە گەورەکان سەپاندوویانەتە سەر واقیع و چارەنووسی مرۆڤایەتییان بەرەو مەینەتی و تراژیدیا بردووە، ئەفغانستان قوربانی هەژموونی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی گێڕانەوە گەورەکانە، زەبروزەنگی ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەکی بەردەوام ئەم وڵاتەی کردووەتە کوشتارگە، لە دەسەڵاتی سۆڤێتەوە تا هەژموونی گرووپە جۆراوجۆرەکانی موجاهیدەکان، بۆیە لەم وڵاتەدا نە ژیان بەهای ماوە نە مەرگ، مردن بووەتە شوناس و کولتوور، لەبەر ئەوەیە ڕەسووڵ بەردەوام نوقمی بێ هوودەیی و ڕاڕایی و کابوسەکانی خۆیەتی، لە ژوورێکدا دەژیت هیچی تێدا نییە، جگە لە چەند کتێبێکی پەرشوبڵاو و دۆشەکێکی چڵکن و هەندێک جلوبەرگی شڕ، ڕەسووڵ هەمیشە چێژ لەم ڕستە ڕاسکولینکۆڤییە وەردەگرێت، دەست دەبات و لەناو کتێبەکاندا دەفتەرێکی بچووک دەردەهێنێت.. لەسەر یەکێک لە لاپەڕەکانی دەنووسێت «ئەمرۆ نەنە عالیەم کوشت» ، پاشان فڕێی دەداتە ناو کۆمەڵە کتێبێکەوە لە گۆشەیەکدا.

ڕەسووڵ خوێنەرێکی قووڵی کارەکانی «دۆستۆیڤسکی»یە، لە هەمان کاتدا شیعر و چیرۆکیش دەنووسێت، شیعرەکانی ئاراستەی جوانییە ناوازەکەی سۆفیا دەکات و کاتێک دەچێتە ساقیخانە، لە نهۆمی خوارەوە و لە گۆشەیەک دادەنیشێت، ئەو نهۆمە تایبەتە بە تلیاک کێشەکان. لەوێ بیر لە شیعر و جوانی سۆفیا و گوناهوسزاو نادادپەروەری نێو کۆمەڵگای ئەفغانی دەکاتەوە، کەشی ساقیخانە بەشێکی زۆری لە پانتایی ڕۆمانەکەی داگیرکردووە، لە ڕوویەکی دیکەوە ڕەسووڵ مرۆڤێکی نیگەرانە هەست دەکات ئەو ڕاستی و پاکییەی بەدوایدا وێڵە لە هیچ شوێنێک و لای هیچ کەسێک بوونی نییە، ئەوەتا موهارا مەولای باوکی سۆفیا کاتێک بەڕێوەبەرە تازە دەوڵەمەندەکە شەشسەد ئەفغانی دەداتێ بچێ بوتڵێک وێسکی بۆ بکڕێت، پارەکە دەخاتە گیرفانی و لە جیاتی بوتڵە وێسکییەکە تێکەڵەیەکی بۆ دەگرێتەوە و پێی دەدات، پاش چەند مانگێک بەڕێوەبەرەکە جەرگی دادەڕزێت و دەمرێت.. کەواتە موهارا مەولاش تۆوی کارامازۆڤیەتی تێدا ڕسکاوە، هەروەها ناوونیشانی ڕۆمانەکە دەستەواژەیەکی ئایرۆنییە. [نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی] لە هێز و دەربڕینێکی پۆزەتیڤەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاماژەیە بۆ ڕوانینە قووڵەکانی دۆستۆیڤسکی، عەتیق ڕەحیمی، یان ڕاستتر ڕەسووڵی پاڵەوانی نیگەرانی ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێت: چۆن تراژیدیای بوونی مرۆڤ و لایەنە دەروونییەکانیت بۆ شی کردمەوە و لە کێشەی دوالیزمی خێرگەرایی و شەڕگەرایی ڕزگارت کردم، سەیری ئەفغانستان بکە، چۆن کۆمپانیا ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵات

مرۆڤی توندڕۆ و وەحشیگەر و بەربەری بەرهەم دەهێنن، لەم جیهانەدا چەمکی یەکسانی و دادپەروەری جگە لە وەهمێک شتێکی تر نییە، نەفرەت لە «تاوان و سزا» کە ژیانی قلێپ کردمەوە، ڕەسووڵ بڕوای وا بوو ئەگەر ئەم کتێبە لە ئەفغاستان بخوێنرێت، ڕێژەی تاوان بەو زۆرییە نابێت، ڕەسووڵ هەمان کردە و ڕووداوی ڕاسکۆلینکۆڤ دووبارە دەکاتەوە، ڕەسووڵ تایەکی گەرمی هەیە و دوو ڕۆژە دەمی لە زاد نەداوە، نەنە عالیە سەعاتە دەستییەکەی لێ بە ڕەهن وەرنەدەگرت، دواجار چەند مەرجێکی بۆ دانا، پێویستە واز لە سۆفیای دەزگیرانی بێنێت و ڕێی ئەوەی لێ نەگرێت کە لای ئەم ئیش بکات، ئەگینا هەر سبەینێ پارەکەی لێ دەسێنێتەوە، جگە لەوەش خۆیان و شڕوشیتاڵیان لە خانووەکە فڕێ دەداتە دەرەوە، پیرێژنەکە پێی وت لە ڕاڕەوەکە چاوەڕێی بکات، ڕەسووڵ گوێ بە دەرگاکەوە دەنێت و دەنگی کردنەوە و داخستنی سندووقەکان دەبیستێت، شاڵاو بۆ «نەنە عالیە» دەبات کە لەبەردەمی پەنجەرەکەدا خەریکی ژماردنی سەفتەیەک پارەی کاغەزە، ڕەسووڵ تەورەکە بەرز دەکاتەوە تا بیکێشێت بەسەری پیرێژنەکەدا، ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دێتەوە یاد، ڕادەچەنێت..... تەورەکە لە دەستی دەردەچێت و کەللەسەری ژنەکە شەق دەکات و تێیدا دەچەقێت... ڕەسووڵ هەمیشە لەگەڵ کابووسەکانی کوشتن و تاواندا دەژیت، ماڵی نەنە عالیەی سووخۆر لە بنەڕەتدا سۆزانیخانەیەکی نهێنییە، ئەوەتا عامر سەلام لە هەمان ئێوارەی ئەنجامدانی تاوانەکەدا بە ڕەسووڵ دەڵێت ئاگاداری نەنە عالیە بکات کە ئەم ئێوارەیە خۆی و میوانەکانی دێن بۆ لای، میوانەکانی حەوت کەسن، لەسەروو شانی ڕەسووڵەوەش چاو بۆ سۆفیا دەگێڕێت، بەڵام ڕەسووڵ نوقمی وەهم و خولیاکانی خوێندنەوەیە و لەگەڵ کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانی (دۆستۆیڤسکی)دا دەژیت و ماوەیەکە دەنگی نووساوە و نیگەران و ڕاڕا بە شەقامەکانی (کابوول)دا دەخولێتەوە و گوێ بۆ دەنگی فیشەکەکان و تەقینەوەی مووشەکە دوورەکان هەڵدەخات، ئەگەر دەنگی دەربچووایە بە دەزگیرانەکەی دەگوت «سۆفیا مەگری، ئەو سۆزانییە پیسە، تەواو کوشتم، هێمن بەرەوە»، بەڵام نە تەرم دیارە، نە تەور و زێڕ و زیو و پارە و پوولەکانی نەنە عالیە. ڕەسووڵ لە نائاگاییەوە تاوانەکەی ئەنجام داوە، لە هەمان کاتدا هەستێکی نامۆ داگیری کردووە، هەستێک بەوەی کەسێک لەودیو ڕاڕەوەکەوە چاودێری دەکات، ڕەسووڵ لە گومان و نیگەرانییەکی قووڵدا دەژیت، گومانێک زۆرتر حاڵەتەکانی «شۆپنهاوەر»مان بیردەخاتەوە، هەمیشە هەستی بەوە دەکرد یەکێک لەدواوە چاودێری دەکات و لە پڕێکدا دەمانچەکەی لەبەر باخەڵی ڕادەکێشا و ئاراستەی تارماییی و کەسە نادیارەکەی دەکرد، ڕەسووڵ لەگەڵ وەهم و خولیا جوان و ترسناکەکانیدا دەژیت، بە خەیاڵ دۆخەکانی «ڕۆنا»ی ژنی یار محەمەد دەهێنێتە بەرچاوی و تاوێک لەگەڵ جەستەی ڕووت و قووتی ڕۆنادا دەژیت، دەسپەڕی پێوە لێ دەدات، ئەمڕۆ ئەو دۆخەی هەڵدەبژارد کە تێیدا ڕۆنا بە ڕووت و قووتی لەسەر جۆلانەی منداڵەکانی دانیشتووە و قاچەکانی کردوونەتەوە و بەدەستیش یاری بە ئەندامە مێینەکەی دەکات، یان ئەوکاتەی سەرکردە ڕۆستەم لەمەزار شەریفەوە دێتە لای ڕەسووڵ و لە ڕێگەی ڕازمۆدینی ئامۆزایەوە دێت و نامەیەکی لەلای دایکی ڕەسووڵەوە هێناوە و سەرکردە داوای خوازبێنی «دنیا»ی خوشکی دەکات، ڕەسووڵ لە ژوورەکەیدا و بەوپەڕی بێ دەربەستییەوە مێشکوژێک هەڵدەگرێت و ئەو مێشانەی پێ دەردەکات کە دەوری سینییە کشمیشەکەیان داوە، ئەو سینییەی کە «ڕۆنا» بۆی هێنابوو، بەم شێوازە هێماییینە سەرکردە ڕۆستەم لە ژوورەکەی دەردەکات، هەندێک جار لە حاڵەتە بێهوودەییەکانی «میرسۆ»ی ڕۆمانی «غەریب»ی کامودا دەژیت.. «باوکم زیندوو بێت، یان مردوو، بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە»..

ڕەسووڵ ماوەیەکی زۆرە دەنگی نووساوە، ئەگەرنا لەبەردەم سەرکردە ڕۆستەمدا جنێوی بە هەموو ئەوانە دەدا کە بەناوی دابونەریت و ئایین و شەرەفەوە، هانی خەڵک دەدەن بۆ یەکتر کوشتن و تۆڵەسەندنەوە و خۆشکردنی ئاگری شەڕ، ڕەسووڵ بەلایەوە گرنگ نییە کێ باوکی کوشتووە، ئەوەی کوشتوویەتی کابرایەکی دز و خوێنڕێژە، لەپێناوی پارەدا کوشتوویەتی، چونکە باوکم خۆی کابرایەکی کۆمۆنیست بوو، بەناوی دادپەروەرییەوە بۆ هەژاران و برسییەکان دەجەنگی، دەوڵەمەندەکانی دەکوشت تا هەژارەکان ڕزگار بکات وانییە؟

ڕەسووڵ زۆرتر لە ساقیخانەدا هەست بە ئارامی دەکات لە

چرکەکانی تلیاک و حەشیشکێشاندا خەیاڵی دەڕوات و شەپۆلێک لە خۆشنوودی دڵ و دەروونی دادەگرێت، «من جگە لە کوڕێکی گومڕاو دەزگیرانێکی ون و تاوانبارێکی شکستخواردوو، هیچی تر نیم.. جگە لەمانە هیچی تر نیم، کەواتە توخوا با بچم مەست بم بابچم لە خەرەندی شاعیرانەی حەشیشەدا مەلە بکەم، لە ساقیخانەدا خولیاکانی خوێندنەوە لەگەڵ «حەکیم» بەرەو گفتوگۆی دەبات، لە بارەی جەهلی مورەکەبەوە، دەستەواژەیەکی قووڵی «سوکرات» دەردەبڕێت «باشە، تۆ دەزانیت کە نازانیت».

ئەمە وەک سەرەتا شتێکی گەورەیە.. کاتێکیش کە هۆی ئەم شەڕە تێدەگەیت، خۆزگە دەخوازیت هیچت نەزانیایە، ئادەی ئەو «نێرگەلەیەم بدەرێ» دواتر لە بارەی چەمکی بوون و نەبوون و ئەبەدییەت و عیشق و سەرسامبوون لە کتێبی «منطق الطير»ی «فريدالدين العطار» دەکۆڵێتەوە و لە پارەکەی ڕۆستەم پەنجا ئەفغانی دەدات بە حەکیم و پەنجاش بە جەلال تا کەبابی پێ بخۆن، سەفتەیەک پارەش بەداوود دەدات لە جیاتی نرخی دەمانچەکە، ئێستا ڕەسووڵ خاوەن دەمانچەیەکی جۆری «کۆڵت»ـە، ڕەسووڵ هەمیشە لەگەڵ خەیاڵ و خولیاکانیدا دەژیت و زۆرجار ئەو دەنگەی لە تۆڕی ئالۆسکاوی گێڕانەوە هەڵدەقوڵێت، دەیخاتە گفتوگۆ، هەندێک جاریش لە ڕێگەی خۆدواندن و وڕێنەوە گوزارە لە بیروبۆچوون و دنیابینییەکانی دەکات، ڕەسووڵ لە نیگەرانی و گومڕاییەکی قووڵدا دەژیت خەریکە بڕیاری کردەی خۆکوژی دەدات، دەیەوێت بە دەمانچە کۆڵتەکەی فیشەکێک بە بەینی چاوەکانییەوە بنێت و خۆی بکوژێت. «لێرەدا (لە ژوورەکەمدا) لاشەکەم دەمێنێتەوە و بۆگەن دەکات و مێش تێی دەدات..» ئەم دەربڕینە ئاماژە بۆ فەزای دوو ڕۆمان دەدات یەکەمیان ڕۆمانی «برایانی کارامازۆڤ»ـی (دۆستۆیڤسکی)یە، مەبەست لە مەرگی «زوسیما»یە، زوسیما پیاوێکی لەڕ و لاوازی ئایینپەروەری نوورانی بوو، خەڵکی بە کۆمەڵ سەردانیان دەکرد و بە مرۆڤێکی پیرۆزیان لە قەڵەم دەدا، ئەویش نزای بۆ دەکردن و نەخۆشەکانی چارەسەر دەکرد، لە ناکاو زوسیما مرد و لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا لەشە لاوازەکەی بۆگەنی کرد، ئیڤان کارامازۆڤ سەری لەم حاڵەتە دەسووڕمێت، ئاخر ئەم پیاوە پیرۆزە تا دوێنێ خەڵکی بە کۆمەڵ سەردانیان دەکرد و نزای بۆ دەکردن، چۆن دەبێت ئەم لەشە لاواز و بنێسە لە ماوەی چەند کاتژمێردا بۆن دەر بکات و بۆگەن بێت، لێرەوە دەگاتە ئەوپەڕی نیهلیستییەت، ڕەسووڵ ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم ڕووداوە دەدات، هەروەها تێدانی مێش و لاشەکە، یان ڕاستتر تەرمەکە، ئاماژەیە بۆ ڕۆمانی «دۆزەخ»ی باربۆس..

کۆمەڵێک مێش و مەگەزی ڕەنگاوڕەنگ هەمیشە لە ئامادەباشیدان، لە ڕێگەی بۆنەوە ڕووە و تەرمەکە دێن، دواجاریش جەستەی مرۆڤ لە ڕێگەی ڕیتمی جۆراوجۆرەوە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام تەرم هەمان جەستەی مرۆڤ نییە، مرۆڤ لە حاڵەتی زیندوویەتیدا کەسێکی ترە، ڕەسووڵ لە بڕیاردانی خۆکوژییەکەدا دەکەوێتە نێو وەهم و خەیاڵێکی نیهلیستییەوە، بەڵام ڕاڕا و نیگەران و گومڕایە و دەڵێت [پێش هەموو شتێک بۆ ئەوەی خۆمان بکوژین، دەبێت باوەڕمان بە ژیان و بەهای ژیان هەبێت، هەروەها دەبێت ئەو مردنە شایانی ئەو ژیانە بێت، لەم وڵاتەدا و ئێستا ژیان هیچ بەهایەکی نەماوە، هەر چۆن خۆکوشتنیش بەهای نەماوە] و «خۆکوشتن تەسلیمکردنی ڕوحە، بەبێ سوپاسگوزاری و پێزانین» دواتر بۆیان دەردەکەوێت کە تۆ نەنە عالیەت کوشتووە و دەڵێن [ویژدانە گەندەڵەکەت تۆی بەوە گەیاندووە» ڕەسووڵ لە ڕێگەی خۆ دواندن و وڕێنەوە دەگاتە ئەو بڕوایە کە کەس پەی بەوە نابات کە بەهۆی سەرسامبوون و هەستکردنی بە پووچێتی ژیان و واتای بوون ئەم کاری خۆکوژییەی ئەنجام داوە، ڕەسووڵ هێدی هێدی زەردەخەنە شێتئامێزەکانی «ئیڤان کارامازۆڤ» دەنیشێتە سەر لێوەکانی و بەرانبەر بە سەیر و ورەی بێ بڕانەوەی گەردوون و جیهان و پووچێتی واتای بوون زەردەخەنە و پێکەنین دایدەگرێت و زۆرجار لە ناخڕا بەخۆی دەڵێت باشە من چیم کردووە-ئافرەتێکی گەوادەم کوشتووە. ئازادی خۆکوشتنیشم نییە، ئەوە نییە دۆستۆیڤسکی دەڵێت: «بۆیە خوا هەیە تا مرۆڤ خۆی نەکوژێت؟».

ڕەسووڵ لە حاڵەتێکی بوونگەرایی و خودگەرایی سەیردا دەژیت، بە سۆفیا دەڵێت «من خۆشم دەوێیت، بەڵام ناتوانم لەگەڵتدا بژیم، یان بابڵێین تۆ ناتوانیت لەگەڵمدا بژیت، ڕەسووڵ هەمیشە لەڕێگەی خولیاکانی خوێندنەوەوە هەست بەوەهمەکانی بوون و پەیدابوون دەکات و تا دێ بەدنیابینییەکی

قووڵ لە جیهان و بوون و دووفاقیەتی دەروونی مرۆڤ ڕادەمێنێت، بیر لە دیارنەمانی تەرمی نەنە عالیە دەکاتەوە و بەخۆی دەڵێت: ئەو سۆزانییە چەپەڵەی کە هەر بە تەنیا سووخۆر نەبوو، بەڵکو گەوادیشی بەو کچانەوە دەکرد کە بەرووکەش بۆ خزمەتگوزاری ماڵەکە ڕایگرتبوون، بەڵام ڕاستییەکەی بۆ ڕابواردنی میوانەکانی بەکاری دەهێنان.. سۆفیایش لەبەر خۆیەوە دەڵێت: نا ناتوانیت تۆ ناتوانیت کەس بکوژیت، ئەم بەسەرهاتەی تۆ هیچ نییە جگە لە گێڕانەوەیەکی ڕۆمانی (تاوان و سزا) کە زیاتر لە سەد جار بۆت گێڕاومەتەوە، بەڵام ڕەسووڵ سوورە لەسەر ئەوەی خۆی ڕادەستی دادگا بکات، چونکە لە ناخەوە وەک بکوژێک هەست بە تاوان و گوناه دەکات، «من یەکێکم کوشتووە».. لێرەدا نووسینگەی ئەرشیڤی دادگا و سەرقاڵی کەسایەتی فەرمی کاتبەکە و ڕێکخستنی فایل و لیستەکان کەشی ڕۆمانی «دادگایی کردن»ی «فرانز کافکا»مان بیر دەخاتەوە، دەقی دادگایی کردنی کافکا بریتییە لە ژیان، مرۆڤ لەم جیهانەدا بەدوای کۆدی بووندا دەگەڕێت، «جوزیف.ک»ی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە سیمبۆلییە مرۆڤێکی یاخی و نیگەرانە، ڕەسووڵ لە زۆر ڕووەوە سیفات و خەسڵەتی ئەم کەسایەتییەی هەڵگرتووە، کەواتە کەسایەتی ڕەسووڵ تێکەڵەیەکە لە خەسڵەتەکانی ڕاسکۆلینکۆڤ و ئیڤان کارامازۆڤ و مێرسۆ و جوزیف، ک...تاد.

ڕەسووڵ سوورە لەسەر هەڵوێستی خۆی بە کاتبە پیرەکەی دادگا دەڵێت هاتووم خۆم ڕادەستی عەدالەت بکەم، من یەکێکم کوشتووە، کاتبەکە دەست دەداتە فانۆسەکە و بەرەو ڕەفەکان بەدوای فایلی باوکی (فەرزان)دا دەگەڕێت، باوکی لە سەردەمی پاشایەتیدا پسپۆڕی ژمێریاری بوو، بەڵام لەسەردەمی کۆمۆنیستەکاندا هاتن گرتیان و فڕێیان دایە زیندانەوە، ئیتر بێ سەروشوێن کرا، کاتبەکە دەڵێت سەرۆکی حاکمەکان داوای لیستی ناوی ئەو موجاهیدانەی لێ کردووم کە لەسەردەمی کۆمۆنیستەکاندا زیندانی کرابوون...تاد. کاتبەکە پێی دەڵێت: [کوشتنی ئەو کەسانەی گەوادی دەکەن، لەناو یاساکانی پیرۆزی یەزدانیماندا بەتاوان لە قەڵەم نادرێت، لەبەر ئەوە، لەوە دەچێت تۆ کێشەیەکی ترت هەبێت..» هەمیسان کاتبەکە پێی دەڵێت، پێشتر تاوانێکی بێهوودەترم لەم تاوانەی تۆ دیوە، سەرنجی ئەوەشم داوە کە کوشتنی گەوادێک نابێتە هۆی نەمانی خراپە لەسەر زەوی» . ڕەسووڵ بەکاتبەکە دەڵێت دۆستۆیڤسکی دەناسیت؟

– نەخێر، ڕووسە.

بەڵێ، نووسەرێکی ڕووسە، بەڵام کۆمۆنیست نییە، دەیگوت.. ئەگەر خودا بوونی نەبووایە، ئەوە مرۆڤ دەیتوانی هەموو شتێک بکات.

کاتبەکە دەڵێت کەواتە ئەم نووسەرە چۆن دەتوانێ ئەوەمان بۆ لێکبداتەوە، ئەمڕۆ لەم وڵاتە شیرینەی خۆماندا ڕوودەدات، هەموو باوەڕیان بەخودای بەخشندە و میهرەبان هەیە، کەچی ئەم هەموو کوشتار و دڕندایەتییەش ئەنجام دەدەن؟

ڕەسووڵ لە زیندانی تاکەکەسیدا بەردەوام لەگەڵ چرکەکانی نیگەرانی و بێهوودەییەکانیدا دەژیت، مێشێک بە دیوارەکەدا دێت و دەچێت، تات، تا، تا... توام، توام... تازی

ئەم وشانە کە هیچ مانایەک نابەخشن لە کوێوە دێن؟ چارەنووسی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە زۆر لە چارەنووسی ڕۆمانی «شەیتانەکان» دەکات، سەرەوەت لە ساقیخانەکەدا دەکوژرێت، نازەگوڵی کچی نەنە عالیە لەگەڵ عامر سەلام دەڕوات، جانۆ دەکوژرێت، پەروێز خۆی هەڵدەواسێت، ڕەسووڵ خەریکە دەگاتە چرکە ئۆنتۆلۆجی و نیهلیستییەکانی ئیڤان کارامازۆڤ، چەشنی «ڕاسکۆلینکۆڤ»یش خۆی فڕێ دەداتە بەر پێیەکانی سۆفیا و پێی دەڵێت لەبەردەمی پێیەکانتدا بەچۆکدا دێم، بە تەنیا لە پێناوی جوانی پاک و بێگەردتدا نا، بەڵکو لەپێناوی ئازارەکانیشتدا، دواجار بەرانبەر ئاژاوە و جەنجاڵی حەشاماتی نێو دادگاکە زەردەخەنەیەک لەسەر لێوەکانی دەنیشێت و دەگاتە دوایین حاڵەتە زەینییەکانی ئیڤان کارامازۆڤ!..

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی**

**نووسینی: عەتیق ڕەحیمی**

**وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی**

**بابەت: ڕۆمان**

**چاپی یەکەم: چاپخانەی «سەردەم»، ساڵی ٢٠١٣**

**کوردستان – سلێمانی**

# دکتۆر حەمید عەزیز تاکە پرۆفیسۆری فەلسەفە لە کوردستانی ئازاد دا

عەبدولقادر عەزیز سەعید

ئەوەی من لە یادم بێت، قوتابی قۆناغی ناوەندی بووم، کاک حەمیدی برام لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٠) لە ڕۆژنامەی هەفتانەی هاوکاری وەک نووسەر بە گرێبەست دامەزرا، تازە بەکالۆریۆسی لە فەلسەفە وەرگرتبوو، وتارێکی لەژێر ناونیشانی (فەلسەفە چییە و چی لە خوێنەر دەوێ) لە سەرانسەری لاپەڕە سێی ئەو ڕۆژنامەیەی بەغدا بڵاوکرایەوە.

لەو نووسینەدا بە شێوەیەکی سڵ و پارێزکردنەوە دوو مەبەست و ئاماجی ئەوسا و دوارۆژی خۆی دەربڕیبوو، فەلسەفە چییەو لە چ قۆناغ و جێگایەکدا سەری هەڵداوە، دەکرێ بە کوردی بنووسرێ و ببێ بە پشکێکی سەرەکی کولتوور و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی کوردی، یان نا؟

ئیتر لەو نووسینەوە بەردەوام بوو، ئینجا زانکۆی سلێمانی ئەوسا یەکەم کتێبی فەلسەفەی ئەوی بە زمانی کوردی لە ژێر ناونیشانی (سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان)دا بڵاوکردەوە. لە پێشەکییەکەدا نووسەر ڕوونتر مەبەست و ئاواتی خۆی دەربڕیبوو، لەوەدا کە بەنیازی تەواوکردنی خوێندن بووە بەو هیوایەی دواتر لە بەشی فەلسەفەی زانکۆیەکی کوردستان بە زمانی کوردی وانە بڵێتەوەو کادیری پسپۆڕی فەلسەفە (ماستەر و دکتۆرا) پێ بگەیەنێ!.

ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) لە زانکۆی مۆنستەری ئەڵمانیا (ڕۆژئاوا) نازناوی (دکتۆر)ی وەرگرت. لە ساڵی (١٩٨٨) لە زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر، لە بەشی سۆسیۆلۆجی وەک مامۆستا دامەزرا.

ئیتر بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر تێپەڕیوە، ئینجا بووە بە پرۆفیسۆر. لە ساڵی (٢٠٠٧) کە لە زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر بەشی فەلسەفە کراوەتەوە، یەکەم

دکتۆری کورد بووە کە وانەی فەلسەفەی تێدا گوتۆتەوە. ئەو دەرفەتەی بە هەل زانیوەو بۆ هەر چوار قۆناغی بەشەکە بە کوردی کتێبی فەلسەفەی داناوە و چاپ کردووە:

- فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان بۆ قۆناغی یەک و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ قۆناغی دوو، فەلسەفەی نوێ بۆ قۆناغی سێ و فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا بۆ قۆناغی چوار.

دەربارەی لقە سەرەکییەکانی فەلسەفە سێ کتێبی چاپ کردووە:

- لۆجیک دوێنێ و ئەمڕۆ.
- تیوری زانینی زانستییانە.
- میتافیزیک ڕەهەند و ئاسۆ.

ژمارەی کتێبەکانی لە سی کتێب بە (کوردی) تێپەڕی کردووە، جگە لەو توێژینەوانەی کە بەکوردی و جاروبار بە عەرەبی لە گۆڤارەکاندا بڵاویان دەکاتەوە.

- ئەوەندەی من ئاگاداربم، دوای کۆششێکی زۆر و زەبەند، ماستەر لە بەشی فەلسەفە کراوەتەوەو دکتۆری دڵخۆش و شادمان کردووە. ئەو شکۆمەندییەشی پێ براوە کە یەکەم مامۆستا بووە ئەو خولەی کردۆتەوەو یەکەم وانەی فەلسەفەی تێدا گوتۆتەوە.

هەر ئەویش سەرپەرشتی هەردوو قوتابی ماستەری (هیمداد محەمەد مستەفا) و (هاوکار حەمەد خدر)ی کردووەو بۆ یەکەم جار لە کوردستانی ئازاد بە زمانی پاکی کوردی تێزی ئەو دوو قوتابییەی دکتۆر حەمید عەزیز کە سەرپەرشتیاریان بووە لە (٧-١١ و ١٥-١١-٢٠١٦) لە بەشی فەلسەفەی کۆلێجی ئەدەبیات گفتوگۆیان لە سەرکراوە و پلەی زانستی ماستەر-فەلسەفەیان پێ بەخشراوە.

ئەمە یەکەم بەڵێنی دکتۆر بووە کە چووەتە سەر و بۆ یەکەم جار توانی سەرکەوتووانە دوو مامۆستای هەڵگری بڕوانامەی ماستەری فەلسەفە بۆ کوردستان پێ بگەیەنێ.

- ئەو ساڵیش پێنج قوتابی ماستەر و سێ قوتابی دکتۆرا لەو بەشە وەردەگیرێن و ئیتر دەکرێ بڵێم: بە تەواوی ئاواتەکەی دکتۆر هاتەدی!

- دکتۆر حەمید لە کایەی فەلسەفەدا لەو باوەڕەدایە کە فەلسەفە نەمامێکە لە سێبەری کەشوهەوای ئازادیدا شین دەبێ و گەشە دەکات و دێتەبەر، فەلسەفەش



**د. حەمید عەزیز**

لەخۆیدا داهێنانێکی بێ وێنەی گەلی یۆنان بووە لەسەدەی شەشی پێش زاییندا.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیرمدا دێ و ئاراستەی ئەوی دەکەم: ئایا تۆ گەشبینی بەوەی فەلسەفەش شان بە شانی چیرۆک و شیعر دەبێ بە پشکێکی سەرەکی کولتووری کوردی؟!

ئەگەر مرۆڤ گەشتێک بە نێو کتێب و بڵاوکراوەو توێژینەوەکانی دکتۆردا بکات کە لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی کە دوای ساڵی (٢٠٠٧) کە ساڵی کردنەوەی بەشی فەلسەفە بووە لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر، بۆچوونێک لە مێشکیدا دەنەخشێ و پرسیارێک بە بیریدا دێت:

- بۆ چوونەکە ئەوەیە ئەو پسپۆڕەی فەلسەفە لەو ڕۆژەوە لە بەشی فەلسەفەی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دەرچووە تا ئەمڕۆ لە چوارچێوە گشتییەکەیدا هەر پابەندی ئەو بیر و بۆچوونە بووە کە لە سەرەتای خوێندنی فەلسەفەوە لە مێشکیدا نەخشاوە، ئەگەر گۆڕانێکیش هەست پێ بکرێ لە وردەکارییەکاندا بووە، نەک لە چوارچێوە گشتییەکەدا، فەلسەفە چییە، لە چ کات و جێگایەکدا پەیدا بووە، بۆ لە دەڤەرێکی دیکەدا نەبووە، فەلسەفە چی دەوێ و دەتوانێ چی بکات، پێوەندی بە دیاردەکانی تری ژیانەوە: ئەفسانە، ئایین، سیاسەت، زانست چییە؟

- پرسیارەکەش ئەمەیە: ئایا دەکرێ قسە لە جیهاندیدی فەلسەفەی دکتۆر حەمید بکرێ کە وا پتر لە چل ساڵە خەریکی خوێندنەوەو وەرگێڕان و نووسینی بابەتی فەلسەفەیەو کتێبەکانی خۆیان لە (٣٠) کتێب نزیک کردۆتەوە؟! لێرەدا هەوڵ دەدەم بە پێی توانایی خۆم و ئەوەندەی من لە خوێندنەوەی کتێبەکانی تێگەیشتبم و سوودم وەرگرتبێ، تیشکێک بخەمە سەر ئەو لایەنەو ئەوەندەی بۆم بکرێ وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە.

- ئەوەی پێوەندی بە ئایین و لاهووت و فەلسەفەی ئایینەوە هەیە، ئەو وای بۆ چووە کە:

**یەک:** ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە پەیوەست بووە بە کات و جێگای دیاریکراو و ئەرکێکی دیاری کۆمەڵایەتی کەوتۆتە ئەستۆ.

**دوو:** هاتنی ئایین ناچارییەکی (حەتمییەتێکی) مێژوویی بووەو هەر دەبوو هاتبایە. بۆ نموونە ئایینی ئیسلام وەک ئەو ناچارییە هات و نەزمی بەندە و کۆیلایەتی هەڵوەشایەوە و نەزمی دەرەبەگی - فیودالی - دامەزرا و لە سەردەمی عەبباسییەکاندا گەیشتە ترۆپکی پەرەسەندنی.

**سێ:** ئایین بەهیچ جۆرێک چارەسەر نییە و چارەسەریشی پێ نییە، بەڵکو دڵنیایی بەخشە. دڵخۆشکەرە، ترس و نیگەرانی ڕەوێنە، بەو واتایە کە چارەنووسی ژیانی مرۆڤ تەمومژاوییەو ئایین ئەو تەمومژە بەوە دەرەوێنێتەوە کە بەڵێنی ژیانێکی ئەفسانەوی دوای مردن بە مرۆڤ دەدات کە لە هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەدا (جوولەکە، مەسیحی، ئیسلام) بە بەهەشت ناوبراوە.

**چوار:** ئایین بە هەردوو بەشی لۆکاڵی (زەردەشتی، بوودا، کۆنفشیوس)و ئاسمانییەکەیەوە بایەخێکی کردەکی پراگماتییان هەیە، مرۆڤ لە کاری بەد دووردەخاتەوە بەوەی لە جیهانێکی تر سزا دەدرێ و بە پاداشت دڵخۆشی دەکات. ئەگەر مرۆڤی سەردەمی خۆی بە دۆزەخ نەترسێنرابایەو بە بەهەشت دڵخۆش نەکرابایە، دەستی لە بەدکاری نەدەپاراست!

**پێنج:** ئەوەی لەو بارەیەوە سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بۆچوونێکی دکتۆر حەمیدە دەربارەی ئایین و ئاکار و ڕەوشت!

لێرەدا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئایا پێوەندییەکی دەستیاوی و پابەندیی لە نێوان ئایین و ئاکاردا هەیە؟ دەڵێ: ((من بەش بە حاڵی خۆم هیچ جۆرە پاکانەیەک بۆ هەبوونی پێوەندی نێوان ئایین و ئاکار ناکەم، بگرە هیچ جۆرە بنچینەیەکی ژیر و لۆجیک پاساودانی ئەم جۆرە پێوەندییە نابینم و ناتوانم بڵێم ئەم پێوەندییە شتێکی ناچارەکییە، بەڵام ناکرێ وا بە ئاسانی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە:

بۆچی دەبێ بڕوا بوون (ئیمان هێنان) بە ئایین و هێزێکی دەسەڵات بێ سنووری ترانسندێنتالی سروشت بەزێن کە دنیای داهێناوە، جۆرە داب و دەستوور و ڕێوشوێنێکی لێ بکەوێتەوە کە دەبێ مرۆڤ بە پێی ئەم جۆرە ڕێوشوێنەی لەو بڕواهێنانە کەوتۆتەوە کردار بکات و بجووڵێتەوە. (١)

دکتۆر دەیەوێ بڵێ، بڕواهێنان بە ئایینێکی دیاری کراو، هیچ مەرج نییە ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە پەیڕەوی ڕێنماییە ئاکارییەکانی بکرێت!؟

**شەش:** ئایین داکۆکی لە ستەم لێکراوان ناکات و بە گژ زۆردار و ستەمکاردا ناچێتەوە، بەڵکو داوای نەفەس درێژی و دان بە خۆدا گرتن و (سەبر گرتن) دەکات، مرۆڤی ستەم لێکراو و هەژار لەو دنیای تر (گوایە) پاداشتی تایبەتیان دەبێ.

**حەوت:** بەلای دکتۆر حەمیدەوە ئەوپەڕی دزێو و ناحەز و بەدکارییە ئەگەر بێتو مرۆڤ بە تۆبزی ناچار بکرێت بە پێی خواست و ئارەزووی یەکێکی تر، ئیتر هەر کەسێک بێ، کردار و ڕەفتار بکات.

**هەشت:** لە کێشەی نێوان غەزالی و ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی، تای تەرازوو بەلای ئەندەلووسیدا لاسەنگ دەکات و پشتگیری ئیبن ڕوشد دەکات. غەزالی دژی فەلسەفە و لۆجیک هیچی نەگوتووە، بەڵکو بە گژ فەلسەفەی ئەرستۆدا چۆتەوەو پلەوپایەی فەلسەفەی ئەفلاتوونی لە ڕۆژهەڵاتدا جێگیر کردووە. ئەو بەڵگانەی هێناونییەوە، هەموویان فەلسەفەن و لە فەلسەفەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەو ماوەیەی لە ئۆرشەلیم (قودس)دا ژیاوە، سوودی زۆری لە فەلسەفەی فەیلەسووفی مەسیحی یەحیای نەحوی وەرگرتووە کە بە جۆن فیلیپۆنس ناسراوە. ئیبن عەرەبی (متكلم) گوتوویەتی: (دخل الغزالي في بطون الفلاسفة ولم يخرج منها). غەزالی خۆی فەیلەسووفە، بەڵام هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرانبەر بە فەلسەفەی مامۆستای یەکەم و پەیڕەوکاران هەبووە.

– لە چەند بەرهەمێکدا دکتۆر فەلسەفەی بە پشکێکی سەرەکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی داناوە کە لە قۆناغێکی دیاری کراوی پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە ((کات و شوێنی دیاریکراودا)) پەیدا بووە و سەری هەڵداوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا جیهانبینییەکی سەرتاپاگیری ژیرەکییە، چالاکییەکی تورییانییە بە رێگای پشت ئەستوور بە بیرکردنەوەی رێکوپێک و سەرنجدانی هۆشیارانەی رێبازەکی (مەنهەجی) هەوڵ دەدات گەوهەر و ڕاستی شت، نەک ڕواڵەت، دوا هۆکار نەک هۆکاری نزیکی قەومان و ڕوودانی شت بزانێ و پەی پێ بەرێ. وەڵامی پرسیاری ئەو کێشە ئامێزانە بدۆزێتەوە کە لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیان دەکەونەوەو وەک گرێ کوێرە و کۆسپ دێنە بەرچاو و سەرئاو دەکەون، یان هەر نەبێ بە پاساودانەوە و پاکانەکردن لێکیان بداتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش فەلسەفە ڕووبەڕووی دوو ئەرکی شیکاریی سەخت دەبێتەوە.

– بیر و مێشک لە کۆت و پێوەندی دابونەریت، لە پاشماوەی بۆ ماوەی بیروبۆچوونی ڕابوردوو–پێشتر– لە ڕێوشوێنی بە زۆر بەسەردا سەپێنراوی ئەفسانە و لاهووت ڕزگار بکات.

– سەربەخۆیی خۆی لە بەرانبەر ئایین و زانست پشتڕاست بکاتەوە، بۆیە بەلای دکتۆرەوە فەلسەفە دوو ڕەهەندی هەیە: لە یەکەمیاندا هۆکار و فاکتەر و دەست پێشخەرەو لە دووەمیاندا ئەنجامە.

بەلای دکتۆرەوە، ئایین، مێژوو، فەلسەفە، زانست ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلوجییان هەیە و بە هیچ جۆرێک سنووری پەرەسەندنی چینایەتی کۆمەڵگا نابەزێنن، بۆ پتر ڕوونکردنەوە، لەو باوەڕەدایە کە:

– هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ژیانەوە مرۆڤ، پێش ئەوەی کۆمەڵگا و چین و توێژەکان خەتوخاڵ بدەن، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سروشتی دەوروبەرەوە هەبووە، بە پێی پەرەسەندنی ژیانی ئەو سەردەمە دووچاری کێشەی سەخت بووە، تاکە ئامرازێک کە لە توانایدا بووبێ بۆ پاساودان و وەڵامدانەوەی پرسیار و لێکدانەوەی کێشەکان، پەنای بردۆتە بەر ئامرازی ئەفسانە و داستان. لەو ئەفسانەو داستانانە بە پێی ناوەرۆکەکەیان دوو بابەتی لێکەوتوونەتەوە:

ئەو داستانانەی دەربارەی هەواڵ و دەنگوباس بوون، وردە وردە مێژوویان لێ پەیدا بووە.

بەڵام ئەو ئەفسانە و داستانانەی ڕووداو و کارەساتەکانی سەرووسروشتیان تۆمار کردووەو کێشەکانی ژیان و سروشتیان وروژاندووە ئایینی ناوچەییان (لۆکاڵی) لێ پەیدا بووە.

– لە قۆناغێکی تر بە هۆی تۆمارکردنی ناوەرۆکی ئەفسانەکان بە وێنە، هونەر کەوتۆتەوە. ئایین لە قۆناغێکی دواتردا بەدوای ئامرازدا گەڕاوە بۆ داکۆکی کردن لەخۆ، لە سەرەتا لە فەلسەفەدا ئەو مەبەستەی پێکاوە و زانست لە فەلسەفە کەوتۆتەوە.(٢)

بەو پێیەو پشت ئەستوور بەو گریمانەیە کە پتر بەلای میتودەی مێژووییدا تەکان دەدات، هونەر (جوانی) ئایین (بڕوا، چاکەکاری و بەدکاری)، فەلسەفە (بوون و نابوون)، زانست (ڕاستی و ڕاستەقینە)، سیاسەت (ئایدیۆلۆجی و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا). ئەو پێنج دیاردە کارکردووە، فاکتەرە بوون کە هەریەکە بە جیا، یان پێکەوە لە سەردەم و شوێنێکدا، بە بێ دیار و دەستنیشان کردن مایەی گۆڕان و بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بوون. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیاردە، فاکتەرێک کە ئایین بووە کۆمەڵگای بە جۆرێک گۆڕیوە کە داروپەردووی بەسەر هیچەوە نەهێشتووە و ڕاست و چەپی بەسەر هەموو شتێکدا هێناوەو ئەوەی لەگەڵ بۆچوونی خۆیدا نەگونجابێ، تۆمەتی تواناییکاری داوەتەپاڵ و ناو و ناتۆرەی کوشندەی خستۆتە پارسەنگەوە، بۆیە دکتۆر حەمید بۆچوونێکی فەیلەسووفی جوولەکەی ئەڵمان ئیرنست کاسیرر دەهێنێتەوە کە گوتوویەتی: مێژووی جیهان و ژیان و مرۆڤایەتی بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بەتاڵ و ترشییەوە، بە سەرکەوتن و تێشکان و هەستانەوەو بەرەوپێشچوونییەوە لە شەڕی دەستەویەخە و کێشەی نێوان باوەڕ و بێ باوەڕیی (ئیمان و بێ ئیمانی) بەولاوە شتێکی دیکە نەبووە. هەر لەوکاتەیەدا خاڵێکی تر بە وردی سەرنج ڕادەکێشێ کە دکتۆر بە کورتی ئاماژەی پێداوە: شەیتان و بەدکاری!

ئەو لەو باوەڕەدایە کە شەیتان ئەوەندە ئەفسانەوی کراوە، بووە بە هێزێکی سنووری کات و جێگا بەزێن، هەر لە سەرەتاوە وەک لە سفر (ئایەتی پەیدا بوونی تەورات)دا هاتووەو دکتۆر ئاماژەی پێداوە، ڕۆڵی ڕکابەریی گێڕاوە. ڕکابەرییش بە واتای ئۆپۆزسیۆن لە زۆر

سەردەم و شوێندا ناحەز و دزێوە! شەیتان کە گوایە حەوا و ئادەمی تەفرەداوە لە بەری داری زانین بخۆن، هەردووکیان چاویان کراوەتەوەو هەستیان بە رووت و قووتی خۆیان کردووەو بە گەڵا هەنجیر لەشی خۆیانیان داپۆشیوە، ئینجا هەر ئەو شەیتانە، بە باوەڕی دکتۆر، قۆناغی ژیان لە بەهەشتدا کە قۆناغی بێکاری بووە، گۆڕیوە بە ژیان لە سەر زەوی و ئیش و کار و پێش پەیدا بوون و قۆناغێکی پێشکەوتووتر هاتۆتە کایەوەو لە قابیل و هابیلەوە، دامەزراندنی خێزان و چاکەکاری و بەدکاری کەوتوونەتەوە!. بێ ئاگایی و هەست و سۆز و بێکاری پاشەکشەیان کردووەو هۆشیار و کاروپیشە و پەنابردنە بەر ژێر بە واتای ئەو سەردەمە سەرئاو کەوتوون و وردە وردە ڕەنگی ڕوخسار و ناوەرۆکی ژیان و مرۆڤ و دەوروبەریان ڕشتووە.

– ئەگەر ئەو بۆچوونانەی دکتۆر بەلای هەندێ نووسەرەوە پەسند نەبن و جێگای گازندەو ڕەخنەکردن بن، ئەوە ورووژاندنی ئەو بابەتە بە زمانی کوردی و لە بەرهەمێکی فەلسەفەدا بۆ یەکەم جار دەستپێشخەرییەکەی بۆ دکتۆر حەمید تۆمار دەکرێ.

– لە چەند بەرهەمێکدا دکتۆر پابەندبوونی خۆی بە فەلسەفەی ڕێبازی ئەزموونی لۆجیکی دووپات کردۆتەوە. ئەو ڕێبازە تای تەرازووی بەلای زانست بە گشتی و فەلسەفەی زانست بە تایبەتی دادەشکێنێ و هەڵوێستی روون و ئاشکرای دەربارەی فەلسەفەی نوێی سەردەم هەیە، ئیتر بە ڕوخسار و ناوەرۆکەوە،(٣) بۆیە ئەویش بەلایەوە دەبێ چاو بە فەلسەفەدا بخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرەسەندنی ژیان و زانست و تەکنۆلۆجیای سەردەمدا بێتەوە.

بەو پێیە ڕوخسار–میتودەی فەلسەفە دەبێ شیکاری–بەراوردکاری بێ و ناوەڕۆکەکەی تەنیا لە لۆجیک و تیوری زانین پێکبێت و میتافیزیک لە ڕوانگەیەکی مێژوویی سەرنج بدرێ، کە ڕۆڵی بەسەرچووە، ئاکار و ئیستێتیکا تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوون و پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە فەلسەفەوە نەماوە.

لۆجیک لە فەلسەفەدا– بە بۆچوونی دکتۆر– ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و دەبێ ببێ بە مەکۆی توێژینەوەی فەلسەفەییانە.

بۆ نموونە چۆن بیرکاری لە سەردەمی (گالیلۆ و نیوتن)ـەوە بووە بە میتودەو ئامرازی توێژینەوەی زانستی سروشتی (فیزیک)، بەو شێوەیە لۆجیکیش بووە بە میتودەی لێکۆڵینەوە و تاووتو و شیکردنەوەی بابەت و پرسیار و کێشە هەمەجۆرەکانی فەلسەفە.

بە پێی زانیاری من، لە دکتۆر حەمید بەولاوە کە پلەی پرۆفیسۆری فەلسەفەی هەیە، هیچ پرۆفیسۆرێکی کورد تاکە وشەیەکی فەلسەفەی بە کوردی نەنووسیوە!.

بۆیە دکتۆر یەکەم پرۆفیسۆری فەلسەفەیە بە کوردی لە کوردستاندا نووسیبێتی.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**١– ئەو هەشت خاڵەی بۆچوونەکانی دکتۆر حەمید عەزیز لەو کتێبانەدا بە تێروتەسەلی باس کراون:**

**– فەلسەفە و لاهووت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (چاپی دووەم)**

**– بنەڕەتی فەلسەفە (چاپی دووەم)**

**– فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا**

**– آفاق المعرفة الفلسفية – مجلة زانكو، جامعة صلاح الدين، أربيل، ملحق العدد ٢٧، لسنة ٢٠٠٦.**

**٢– ئەو بۆچوونانە لەو بەرهەمانەدا شی کراونەتەوە:**

**– بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی.**

**– فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا.**

**– تیوری زانینی زانستییانە.**

**– میتافیزیک ڕەهەندو ئاسۆ.**

**٣– بڕوانە ئەم بەرهەمانە کە ئەو هەڵوێستەیان تێدا تۆمارکراوە:**

**– بنەماکانی فەلسەفەی شیکردنەوەی مەنتیقی.**

**– دەربارەی فەلسەفەی کۆڕی ڤیێننا.**

**– میتافیزیک ڕەهەند و ئاسۆ.**

**– لۆجیک دوێنێ و ئەمڕۆ.**

**– كارناپ خلال مؤلفاته المبكرة، جامعة صلاح الدين، أربيل.**

**– رد الاعتبار للفلسفة، مجلة گەرميان، جامعة كلار.**

**– لۆجیک لە نێوان زمان و هزردا، گۆڤاری کۆلێجی زمان، هەولێر.**

**– نقطة تحول في الفلسفة أم ماذا؟ مجلة جامعة راپەرین، رانيه.**

# نامەیەک لە (جەلال بەرزنجی)یەوە بۆ نەوزاد ڕەفعەت (*)

**ئا: ڕامان**

هاوڕێی خۆشەویست نەوزاد
سڵاو و ماچمان هەیە بۆت
هیوام بەختەوەریتە

ئەو شەوە لە کۆیەم و چەند سەعاتێکە پاییزی ساردی سکتانم(١) جێ هێشتووە... لە فندق سەفینم، تەنیام هەمیشە وەک تەنیاییەکەی سکتان. لەو شارە کەس ناناسم.. لەو فندقە کەس ناناسم.. تاییسی (ئەناتۆلی فرانس)م لایە، نەمتوانی هیچی لێ بخوێنمەوە.. کاتژمێر ١١یە، نەخەوتوومە. نازانم.. تۆ چۆنی... من هەرچەندە لە زۆنگاوی هەولێر دوورتر ئەکەومەوە لە زاتیەت و ئینغلاقی نەفسی ڕزگار ئەبم و تێکەڵاو ئەبم بە شتەکان، بەڵام هەستیش ئەکەم دابڕاوم لە هەندێ سیما و شتی شارستانیەتی، چونکە لە بارێکی وەستاو ئەژیم.... چۆنی لەگەڵ شەقامەکان.. شیعر... خوێندنەوە، هیوادارم باش بیت. من لە خۆم ڕازی نیم، بەڵام هەندێک لە هەولێر چاکتر، چونکە ماندووم... لە تەنیاییەکی بێ تام ئەژیم.... ئەو ماوەیە سەفەری زۆرم کردووە بۆ دەرەوەی دەورووپشتی خۆم... بۆ قەڵادزێ بۆ ڕانیە بۆ چوارقوڕنە، سەنگەسەر... نازەنین.. کاموسک... چی بکەم... ئەمەوێ زاڵ بم بەسەر تەنیاییەکەم...

نازانم عیراق(٢) دەرچووە یان نەء.. وابزانم بە مرۆڤێکی زاتی درامە قەڵەم لاتان لەسەر ئەوەی باسی شیعرەکەم نەکردبوو(٣)... ڕەنگە زاتی بووبم ئەویش زاتیەتی ئەو زۆنگاوەی شارە، بەڵام ئێستا هەست بە (انا) ناکەم لە خۆم... هەست بە خۆشەویستییەکی گەورە ئەکەم.. بەرامبەر... ئەو شتانەی (انا)یان تیا نەماوە... لەو ڕۆژانە بە (برید).. (کورتە چیرۆک)ێکم نارد بۆ هاوکاری هەر بەناوی ڕۆژنامەکە، نازانم چی بەسەردێ، ڕەنگە هەر بڵاویش نەبێتەوە....(٤).

برای ئازیز! بەڕاستی لە هەولێر... لە شاعیرەکان بیری تۆ ئەکەم و بەس، بۆیە ڕەنگە تۆش و منیش هەست بە جیهانی یەکتر بکەین.

ئەوجا با هەندەک فشە بکەین(٥).....

هاوڕێ


ئەگەر توانیت... (جەریدەی عیراقی کوردی)م بە بەرید بۆ ڕەوانە بکەیت مەرکەز تەوزیع سوپاست ئەکەم.

وابزانم زۆر لەوغەم کردییە... چی بکەین ئەوا چەند ڕۆژە قسەمان نەکردووە هەر تەنیاین.

ئیتر هیوادارم بەختیار بیت

سڵاو لە موحسین ئاوارە ئەکەم

لە دڵدارێ ئەگەر پەیات کردبێ



جەلال بەرزنجی

فندق سەفین

کۆیە

١٩٧٧/١٠/٢٥

(*) نامەشی وەکو دەقەکانی، چونکە لە موعاناتی ڕاستەقینە و لە خودێکی پاکەوە هەڵقوڵاوە، چۆن ڕاستگۆیی پێوە دیارە.

١- سکتان: ئەو گوندە بوو کە جەلال بەرزنجی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٩) تێیدا مامۆستا بوو.

٢- مەبەستی ڕۆژنامەی عێراقی کوردییە.

٣- مەبەستی هەمان شیعرە کە بۆ ڕۆژنامەی ناوبراوی ناردووە و لای من و (دڵشاد عەبدوڵڵا)ی باس نەکردووە، چونکە ئێمە لێک نزیک بووین و ئاگاداری یەکتریمان دەکردەوە.

٤- پاش ئەم ڕستەیە، بە خواستی هەردووکمان، چەند ڕستەیەکمان لابرد کە بە باکردنەوەی کای کۆن بوون!

٥- دوای ئەم ڕستەیەش، هەندێک فشقیاتی نێوان خۆمان نووسراون، چونکە تایبەتین، لامبردن.

(ن.ڕ)

بە بۆنەی بیست و دوو ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان کوردستانی لەکۆڵ گرتووە

**حەکیم مەلا ساڵح**
**(هەڵەبجە)**

ئەم گۆڤارە سەنگینە بە نەفەسێکی درێژەوە (٢٤١) ژمارەی کردە دیارییەکی نازەنین بۆ نێو ئەرشیڤ و کتێبخانەی کوردی، سەرنووسەر و ستافەکەی خۆش بن درێژە بەتەمەنی خۆی دەدات تا دەبێتە براوەی گرەوی یەکەم.

ڕامان گۆڤارێکی تۆکمە و پۆشتە و پەرداخە، بۆیە بۆتە (جیلوەدەری حوسن و جلەوکێشی تەماشا)، چونکە هەموو جوانکارییەکانی گۆڤارێکی بەڕمێنی تێدایە و دوورە لە هەر بابەتێکی ئەدەبی و هونەری کە چێژ و سەلیقە بەخوێنەر نەبەخشن، ئەمەش وا لەخوێنەر دەکات هەموو بابەتەکانی بخوێنێتەوە، شایانی باس و پێزانینە کە لەگەڵ خوێندنەوەی بابەتەکاندا هونەرە بەرجەستەکەی هەر سێ کاکەکان(سەرکەوت وەلی)، (قەرەنی جەمیل) و (باسم ڕەسام)یش دەستەمڵانی خەون و خولیای سەرنووسەرەکەی دەبن.

ئەز بە ئاوارەیی کە لەناو شاری (سنە)دا بوومە خانەخوێ، ئەم گۆڤارەم دیت و ڕایچڵەکاندم. دەمدی لەناو ڕۆشنبیراندا دەستاودەست دەکات، چونکە هێندە بەلایانەوە خۆش بوو کە لە بەرانبەر گۆڤارە فارسییەکاندا، بەتایبەتی گۆڤارە دەوڵەمەندەکان، دەیانوت ئێمەی کوردیش ئەم گۆڤارەمان هەیە و ململانێ لەگەڵ گۆڤارێکی وەکو (تکاپو) دا دەکات، بەکورتی و بەکوردی حەزدەکەم بۆچوونی خۆم لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەمەڕوو.

**یەکەم:** گۆڤاری ڕامان ڕۆژانێک کەوتە بەردیدی خوێنەر کە هەرێمەکەمان بووبووە گۆڕەپانی تیر و شیر لەیەک سووین و دوو کەرت بوون بەسەر دووڕەنگدا، بەڵام سەرنووسەری ئەم گۆڤارە ئەو هێڵەی بەزاند و چەندی بابەتی نووسەرانی سنووری زەردی بڵاودەکردەوە، هێندەش بگرە زیاتر بەرهەمی سنووری سەوزی لە ئامێز دەگرت. ئەی سەرنووسەرەکەی بۆ ناوی شیرینی (ڕامان)ی لێناوە؟ دڵنیام لەوەی کە ڕامانی خۆی هەبووە لە دابەشکردنی هەرێمەکەماندا بەسەر دوو ڕەنگی گۆڕاو بەباری سیاسیدا.

**دووەم:** لەوەش زیاتر - سنووری بەزاند - کە باسمان کرد، سنووری پڕ لەوە زەحمەتتری تێپەڕاند، ئەوەش

بەبۆنەی ئەوەوە کە نووسەرانی سێ پارچەکەی دیکەی کوردستانی لەخۆ گرت، واتە کوردستانی بوونی خۆی سەلماند و سەپاند، هەروەها بەرهەمی ژمارەیەکی زۆری کوردانی هەندەرانی لە هەگبەی خۆی گرت.

**سێیەم:** هەڤپەیڤین لەگەڵ بەهرەوەراندا ژمارە لەدوای ژمارە بوونی خۆی هەیەو گەلێ مایەی سوود و بەهرەبەخشینن بەخوێنەران، چونکە بەوردی دەچێتە ناو بنجوبناوانی پرسیارەکانەوە، هەروەها وەڵامی چاکمان دێتە دەست، لەمەوە ئەزموونی تەواوی ئەدەبی – هونەری کەسایەتییەکانمان دەکەوێتە دەست و گەلێ جاریش ڕووی کردۆتە شارەزایانی بواری مێژوو، زمانەوانی، هزر و فەلسەفە، وەرگێڕان و کەلەپوور، ئەمەش بەم شێوە بەرنامە بۆ دارێژراوە لە هیچ گۆڤارێکی دیکەماندا نەبووە، ئەگەر هەشبێت ناگەنە سنووری جوگرافیای ڕامان.

**چوارەم:** بابەتی کرچوکاڵ و هەڕەمە بڵاوناکاتەوە کە لە ئاستی گۆڤارەکە کەم بکاتەوە، واتە خاتر و خۆتری تێدا نییە. گۆڤارێک دابەزێ بۆ خوارەوەی هەڕەمەنووسان، ئەوە هەر نەبوونی چاکترە. بەپێچەوانەی ئەوە، گۆڤاری ڕامان ئاستی خۆی بەرز ڕاگرتووە، کە ئەمەش ڕێگای ڕاستەقینەیە بۆ بەرەوپێش بردنی کاروانی ئەدەبی و هونەریمان، هەرئەمەش وادەکات ئاستی هۆشیاری خوێنەران بەرز و بەرزتر بکاتەوە، واتە لەم ڕووەوە بووەتە فێرگەیەک ئاستی کرچوکاڵ نووسان بەرز دەکاتەوە.

**پێنجەم:** خۆشی لەوەدایە کە ئەم گۆڤارە خۆی زۆر ماندوو دەکات بەهەڵەچنییەوە، واتە گۆڤارێکی پوختەی دوور لە هەڵەوپەڵەیە، چونکە باش ئەوەی لەلا بەرجەستە بووە کە زمانەکەمان زمانێکی ناسکەو هەندێ جار بەبوون، یان نەبوونی حەوتێک وشەیەک لەواتاکەیەوە دەگۆڕێ بەواتایەکی دیکە. نموونەش وەکو (براـ بڕا) (کەڕ–کەر ـ)، یان (گوڵ) ئەگەر حەوتەکەی لابەریت دەبێتە (گول)، یان ئەگەر حەوتێک بخەیتە سەر پیتی واوەکەی، ئەوە دەگۆڕێ بە (گۆڵ)، یان ئەگەر دواپیت نەبێ، ئەوە دەبێتە (گۆل) و نموونەی دیکە هەیە، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لە خوێندنەوەی ئەم گۆڤارەدا دیقەتکاری هەیە و زۆرباش هەڵەبڕی تێدادەکەن، دەستیان خۆش وماڵیان ئاوا.

**شەشەم:** کاشکێ هەندێ جار بابەتی برا کوردەکانی باکوور و ڕۆژئاوا بەتایبەتی بڵاودەکاتەوە، هەوڵ بدرایە لەپەراوێزیاندا فەرهەنگۆک دابنرایە، چونکە بەڕاستی زارەکەیان قورس و گرانە، بۆ یەکەسانی وەک ئێمە باش تێی ناگەین، بەڵام ئەگەر بێتو ئەو فەرهەنگۆکە هەبێت ئەوا لەبەردەمماندا دەبێتە ڕێنوێنێکی چاک و بابەتەکە بەئاسانی وەردەگرین.

**حەوتەم:** خۆزگەم ئەوەیە گۆڤاری ڕامان بەو کوردستانی بوونەی خۆی هەوڵی بدایە ئاوڕێکی جیددیش لە جوگرافیا بداتەوە، مەبەست ئەوەیە کە نووسەرانی هەرچوار پارچەکە بەشداری تێدا بکەن، داوایان لێ بکرێت بابەتێک لەسەر شار، یان شارۆچکەکانیان بنووسن و ئەم بابەتانە لەخۆبگرێت (کورتە مێژوو، ژمارەی دانیشتوان، کاروپیشەی خەڵکەکەی و دەوروبەری، ئاستی ڕۆشنبیری، کەلەپوور، کۆمەڵایەتی، وەرزش، تیپی شانۆ و مۆسیقا و باس لەسەر کەسایەتییە دیارەکانی لە هەموو بارێکەوە...تاد)، چونکە لە شوێنانی وەک (لوڕستان، لەکستان، کرماشان، ورمێ، نەغەدە، میاندواو، کەرکووک، دوزخورماتوو، گولاڵە و مەندەلی و...تاد) باری جوگرافی تێیاندا ڕووی لە گۆڕان کردووە و شارەکانی دیکەشمان بەهەمان شێوە، بۆ نموونە من لە شارەکەی خۆمەوە ئەگەر هیچ نەڵێم، ناتوانم نەڵێم لەسایەی حکوومەتی هەرێمەوە بووینەتە پارێزگا، زانکۆ و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تێداکراوەتەوە وەک دوو سەرچاوەی گەشەی شارستانی و...تاد، بەڵام نازانین لە (ئامەد، وان، بایەزید، قامشلۆ، حەسەکەو تێکڕای شارە کوردییەکانی هەرچوار پارچەکە) چ خەبەرە، زمانی جوگرافیاش چشتێکی دیکەمان فێردەکات. خۆ ئەگەر باس لەسەر شار و شارۆچکەکان وێنەیان لەگەڵدابێت، ئەوە خەرمان بەرەکەت.






# یەکتر نەخوێندنەوە لە پێناوی یەکتر نەخوێندنەوە

حەمە عەباس

لە ئەدەبدا، کەس ئەوی دی ناسڕێتەوە، بەڵام کاری جوانی هەرکەسێک وەک ئەزموون سوود بە خۆی و ئەوانی دیکەش دەگەیەنێ، ئەگەر ئەوەی گوتم ڕاست بێ، دەبێ ستایشی هەموو کارێکی جوانی ئەدەبی بکەین، بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ پێوانەیەکی داسەپاو.

خوێنەری جددی کە کارێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە، هەقی بەسەر ئەوەوە نییە تەمەنی نووسەرەکەی چەندە، سەر بە کام ڕێباز و ئاراستەیە، خەڵکی کوێیەو لەکوێ دەژی، تەنانەت ئەگەر ئەزموونداربێ، کاری باش، یان کارە کرچوکاڵەکانی پێشووش لەبەرچاو ناگرێ، ئەوەی خوێنەری جددی لە نووسەری دەوێت، تەنیا کاری جوانەو هیچیدی. ئەگەر تۆی خوێنەری ئەم چەند دێڕە تا ئێرە لەگەڵ من هاوڕای با بەیەکەوە بپرسین:

– بۆچی نەوەکان لەیەکتر مرومۆچن و زۆربەی کاتەکان یەکتریان قبووڵ نییە و کاری جوانی ئەدیبێکی لاو لای ئەدیبانی ساڵمەند بەبیانووی کەم ئەزموونییەوە لە بایەخی خۆی دادەماڵرێ، لەکاتێکدا چەندان کاری ئەدیبانی ساڵمەند هەن بەکەڵکی خوێندنەوە نایەن، لەبەرانبەریشدا زۆرێک لە ئەدیبە لاوەکان پێیان وایە ئەم، یان ئەو ئەدیبی ساڵمەند بەهۆی تەمەنەوە هیچی پێ نەماوە و ئیتر باشترە نەنووسێ، لەکاتێکدا زۆر لە ئەدیبانی جیهان و کوردیش لە دوادواییەکانی تەمەنیان داهێنانی گەورەیان کردووە.

– بۆچی بەشێک لە ئەدیبانی ئەم شار و ئەو دەڤەر پێیانوایە چەقی داهێنان لای ئەوانە؟ خۆ ئەدەب جۆرێک لە ڕووەک نییە، تا لە خاک و ئاووهەوایەکدا گەشە بکات و لە شوێنێکی دیکە نا، ئەدەب وەرگرتن و دانەوەیە، دەکرێ لە هەموو شوێنێک پەراوە بکرێ.

– بۆچی زۆربەمان دەتوانین ناوی دەیان و سەدان ئەدیبی جواننووسی جیهانی ڕیزبکەین، بەڵام ناتوانین شتێکی وەها سەبارەت بە ئەدیبانی کورد بکەین، لەکاتێکدا لە نزیکی هەر یەکێکمانەوە چەندان ئەدیبی باش هەن کە ڕەنگە سوودیشمان لە کارەکانیان وەرگرتبێ.

# Raman

A Monthly General Cultural Magazine
Issued by Raman Information Directorate

242

July
2017

